راهنما
۱۹۳

تابلوی هنرمند: سامان تجویدگر
(کلاژ کوچک)

- **خاوەن ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرترێت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبوڵ مەرکەزی
ئەدریسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 07504494662 - 2228506
(دەرەوە)/ 009647504494662
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

ناوەرۆکی

دەق

- دوور لە کۆماری ئەفلاتوون/ چنوور نامیق/ 3
- دوو کورتە شیعر/ محەمەد ئەحمەدی (سامالّ)/ 5
- مایسترۆ/ کوردۆ کاروان/ 7
- هێ ژی د پاغلا من دەیە سوورەتێ تە/ ئەحمەت تەللی/ 8
- «هاتە، جەوهەری ڕووداو»/ لە فارسییەوە: ئەنوەر عەڕەب/ 9
- ژەهری خۆمان/ کاروان کاکە سوور/ 12
- تالّگە/ حوسێن شێربەگی/ 39
- سندووقە بۆراقەکەی دایکم/فوئاد محەمەدئەمین سەڕاج/ 43
- هیڤیێن زیلداری/ ئەڤین کاکی/ 47
- ئەفسانەی مەڕ/ لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە/ 49
- نسکۆی بێدەنگی/مۆفەق عارف لهۆنی/ 52

هەڤپەیڤین

- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەلّ (جەلال جۆبار)ی شاعیر/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 59

مێزگرد

- تەنگژەی شانۆ، ڕەنگدانەوەی تەنگژەی شانۆکارە/ ئا: فەخرەددین تاهیر/ 74

ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- ئاسۆکانی ڕۆمان/ فازلّ قەرەداغی/ 92
- پێشەکییەک لەبارەی ڕۆمانی تورکییەوە/ لە فارسییەوە: حەمەکەریم عارف/ 103

وتار

- ڕۆڵی میدیای نوێ لە بەهێزکردنی زمان بۆ چێکردنی ناسنامەی نەتەوەیی/ د. جەعفەر شێخولیسلامی/ 115

هزر و فەلسەفە

- لۆدڤیگ فیۆرباخ: ناچاریی گۆڕانکارییەک/ د. حەمید عەزیز/ 120

گەشت

- لەعنەتی جیۆرجیا/ خوسرەو جاف/ 128

بیرەوەری

- بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم/ کەریم شارەزا/ 134

مێژوو

- ڕاگوزارێک سەبارەت بە دۆکیومێنت و مێژوو و تێگەی مێژوو/ ئەحمەد باوەڕ/ 140

هونەر

- شانۆی کوردی بەرەو کوێ؟/ خەلیل یابە کەریم/ 145

خوێندنەوەی کتێب

- خۆشەویستێکی ترسناک و دەقێکی نیگەران/ هاشم سەڕاج/ 149
- چێژ وەرگرتن لە سەفەری فیکر، بۆ سەرەتای شیعر/ بلّند باجەلّان/ 153

نرخاندن

- ڕامان لە ڕامانەکانی کولتووریی ڕۆژهەلّاتی کوردستاندا/ ئازاد کەریمی/ 158

سووکە لەنگەر

- پاشاگەردانی.../ د. شوکریە ڕەسوولّ/ 160

دوور لە کۆماری ئەفلاتوون

چنوور نامیق



ئێستا من وەرزێکی ترم
نادیارە ئاوابوونم
مێشێک تیامدا وشک هەڵدێ
پاسارییەک دوودڵانە لەسەر چڵی خەم لێنیشتووی
پرچم
لانە ئەکا.
زستان ئاوم پێدا ئەکا و
سپی سپی ئەچێتەوە
هاوین کلی چاوەڕوانیم بەبا ئەکا و
چاوانم کاڵ ئەبێتەوە.
پاییز بە عەبایەکی زەردەوە
بەتەنیشتما تێئەپەڕێ
بەهار ئیرەییم پێ ئەبا
گورجێک تۆقەکانی سەرم بە خشپە لی ئەکاتەوە و
خۆی ئەوەرێ.

* * *

ئێستا حەوایەکی ترم
لە دەرگای بەهەشتەکاندا کلی گومان
چاوەڕوانیم لێڵتر ئەکا!
ئێستا نەخشەیەکی چۆڵم
ئادەمەکان قەت نامگەنێ
ڕێی هەواران پێچاوپێچە و
من لە تەنیایی ناکەوم.

* * *

ئێستا دەریایەکی ترم
باران ڕەنگاوڕەنگم ئەکا و
قەوزەی ژیان ئەمخواتەوە.
ئێستا درەختێکی ترم
هەنگێک ماچێکم لێ ئەبا و تۆزێ لەولاتر ئەکەوێ
مێرووڵەیەک بەدەنکە گەنمێکی قورس
مێژووی زەوی ئەسرێتەوە
قەڵەڕەشێک ماڵی خەیاڵم تێک ئەدا و
دیسانەوە هەنگێکی تر
ماچێکم لێ ئەکاتەوە و لەولاترەوە ئەکەوێ.
ئێستا پڕم لە زەنگەزۆرەی ئاڵۆسکاو

بە مێرووڵەی بارگران و
بە پاساریی خەو لێنێکچوو

* * *

ئێستا کاتێکی جیاوازم
مارمێلکەیەک هەر بە بەر چاوی خۆمەوە
زمان لە شیعرێکم ئەدا
پەپوولەیەک بە هەر شەش پێی کۆنە ماچی ئادەمییەک
لە ڕوومەتم ئەسڕێتەوە
تارماییەک کفنێکی تازە دووراوم بەبەر چاوەوە هەڵئەخا.
جووتێ پەری لەنەسڵی خۆر جەدەلیانە لەسەر بوونم
هاوین ئاگرم پیا ئەکا و
زستان ڕەقم ئەکاتەوە
بەهار بە لافیتەیەکی ڕەشەوە پێش تەرمی ماندووم
کەوتووە
پاییز بە عەبایەکی سپییەوە حەشرم ئەکا.

کات درەنگە و شپرزەییم دوایی نایەت
جووتێ پەری خەریکی سڕینەوەمن
لەسەر چۆڕانی بەختی من گرەو ئەکەن!
سپایدەرێک
وەکو جارانی پەنجەی تۆ پرچەکانم بۆ ئەدۆزێ
کرمێک جێ هەنگاوەکانم لێ وێڵ ئەکا
ئەوەندەی تر بەجێت دێڵم و
دیسانەوە خۆم ون ئەکەم

* * *

بەپێچەوانەی دووکەڵی تاسێنەری جگەرەکەت
تریفەیەک هەواڵی مەرگی بڕووسکەم لەبۆ دێنێ
درەختەکان هێندە تیامدا سەما ئەکەن
لەرز ئەمگرێ
ئای خودایە بۆ بوومەتە ژنێکی ناتەبای وێران؟
ئینجانەکان هەموو دەمەو ئێوارانێ خۆیان لە بۆنم پڕ
ئەکەن
ڕێبوارەکان بەسەبەتە هیواکانم ئەبەنەوە بۆ ناو ژیان...
ئا ئەوەتا
سیسرکەیەک بە ئەمری خەو
لەولای حەزێکی خەولێنیشتوومەوە وشک هەڵدێ.
ساتی ئاوابووغە ئێستا
پاساریەک دییەم ئەبا
هەنگێک لێوم
مێرووڵەیەک لەناو زەینما نوقم ئەبێ
تۆش لە مێژوومدا ون ئەبی!

دوو کورتە شیعر

محەمەد ئەحمەدی (سامان)
(بۆکان)

بناغە (١)

بناغە لەسەر بناغە، بناغەی بن بن
بناغەی بن، بناغەی وەکو بن
بناغەی بناغە، بناغەی ڕێک، بناغەی تەنراو
بناغەی ڕێک و تەنراو، ڕێک و تەنراوی بناغە
بناغەی نووسین، نووسینی وەکو بناغە
بناغەی وەکو نووسین، وەکو بناغەی نووسین

بناغە.. دیوار نییە
بناغە.. بان نییە
بناغەی هەموو شتێک، هەموو شتێکی بناغە
بناغەی سەرەتا، سەرەتای بناغە
بناغەی گەشە، گەشەی بناغە
بناغەی بەرین، بەرینایی بناغە
ڕێگای بەرینی بناغە، بناغەی بەرینی ڕێگا، بەرینایی
بناغەی ڕێگا
هەرچی بناغەی...
بناغەی هەرچی...

بناغە لەژێر زەوی، بناغە لەسەر زەوی
زەوی لەسەر بناغەی، بناغەی لەسەر زەوی
بناغەی بەرهەم، بەرهەمی بناغە
بناغەی هیوای بەرهەم
هیوای بەرهەمی بناغە
بەرهەمی بناغەی هیوا
بەرهەمی هیوای بناغە
بناغەی بەرهەمی هیوا

٢٠١٢/١٠/٢١

بناغە (٢)

بەردەوامیی بناغە

هرووژمی بان
دیوار دەپوێنە بیناوە
بەرزایی بینا
گەرووی بناغە
مرۆڤ دەڵێ:
لەناکاو ژیان
بنجی لە منداا
داکوتا، دیتم
لەناکاو بوو
هەر خۆی ناکاو بوو مردنیش
نەک بان
هرووژمی ناکاو بوو
دەنا مەگین کات هەبوایە
بە نێوەرۆکی عیشق و ڕقەوە
دەبوومە ڕەز
دەگوشرام
چۆڕە
چۆڕ
مەست
نەک پواوی نێو بینا
دیوار بم و تەواو
چ نیازم بە پێکهاتەیەک بنجی لە چاڵدا

پوانەوە
لەخۆی زیاتر
مەرگی لێ کردم بە مردن
بناغەی لێ کردم بە جوانییەکی دیناوی
کە ترس دەڕازێنێتەوە
ترس
گەڕانی هەراوی درزێک
هەتا بان
بە پوانەوەی دیواردا

٢٠١٢/١٢/٤ – هەولێر

مایسترۆ

کوردۆ کاروان
(سلێمانی)

لەنێوان دوو گەڵای
عاشقدا
ئەستێرەیەکی ئاوی
چەشنی هەورێکی
دووگیان
بانگی کردم..
خۆم و کیشوەری
هەناسەکانم
وەک دوو ڕووباری
غەمگین..
باڵی عەشقمان
گرت..
من بۆ هێلانەی دڵە
گوڵ گوڵییەکەم
هەڵوەریم
هەناسەکانیشم بوون
بە دەریای ئەو شەبەنگەی
پەخجەرەی (خۆر)م
تیا ماچ کرد..
لەو ئێوارە هەناریییەوە
چاوەکانم لەبەر دەرگای
ورشەی شەپۆلە
مەستەکاندا
جێیان هێشتم..
ئەی هەورە دوو گیانەکە
وەک پرتەقاڵێکی نوستوو
هاتوومە نێو تەلاری
هەناسەکانتەوە..
بەم ئێوارە ئاوێنەییە
خۆر دەبینم
ئەی هەورە دوو گیانەکە
من بێ ماچی ئەو پرتەقاڵە
ئاسمانێکی بێ ئاسمان و
شەبەنگێکی
لەدایک نەبووم..
ئاھ ئەو ئێوارە پڕ بادەیە
(خۆر) هاتە نێو ڕووناکی
باخچەی قەسیدەکانمەوە
لە کیشوەری لەززەتی
ئەو عەشقەوە
(خۆر)م گرتە باوەش و
هەرچی شەپۆلی
ئێوارە هەناریییەکانی
مەستیم هەیە
بوون بە (مایسترۆ)ی
هەورێکی پەمەیی و
سرووودەکانی بادەیان
پێشکەش کرد.

* (مایسترۆ) ڕابەری (نۆرکسترا)یە.

سلێمانی
٢٠١٢/٩/٢٧

هێ ژی د پاغلا من ده یه سوورەتێ تە

ئەحمەت تەللی
ڤەگواستن ژ ترکی: لال لالەش
(دیاربەکر)



گافا دپەیڤی تو گێیگەرم دپەیڤیی
مینا ڕۆبارێ مینا بێ دپەیڤی
تە دگۆت ڤەی کولیکێن بێهنزۆزانی دبشکڤن
پیڤۆنگ گولبنەفشێن مۆر ڤەدبوون
گافا دپەیڤی تو گێیگەرم دپەیڤیی
هێ ژی د پاغلا من دە یە سوورەتێ تە

تە چیا ڤەدگۆتن و دۆستانی
مینا غەزالەکێ چڤ ددا خوە بێژەیان
هەکە من نەبهیستا دەنگێ تە وێ دنیا ببوویا چۆل
چیا وێ بقەلشیانا ڕۆبار وێ بمچقیانا
ئەور دادکەتن سەر دلێ من
هێ ژی د پاغلا من دە یە سوورەتێ تە

ڕۆژ دبە ئێڤار د دەستێ تە دە پرتووک
و ڤەڤتەک کولیلک تەلێ دخست و تو دهاتی
من جارەکی ژی ژ بیرا نەکر ببێژم "مەرحەبا"
و تە سترانێن هەری دلشەوات چاوا دگۆت
ڕۆژا کو بەرا دابوون دۆستەکی
هێ ژی د پاغلا من دە یە سوورەتێ تە

چەند وەرزان ئەم دەرکەتن بەیاران
و مە کولیلک دان هەڤ ژ بۆ گۆڕان
بەلکی مە ترساندن کاکۆل
بەلکی مە بەندەڕوح تەڤ ترساندن
لێ مە ترساندن ئەڤین قەت
هێ ژی د پاغلا من دە یە سوورەتێ تە
و هێ ژی گێگەرمن بیرانین
گێگەرم و هنەکی ژی ستوخوار
چ هەبە هاتیە ژیین و پارێکرن
مینا پرتووکەکە قەدەغە دسەکنە
و وەک ئەڤینەکە فرار
نها ب دیوێر ڤە یە سوورەتێ تە

ئەڤ هەلبەستە ژ پرتووکا (گولە ڕۆژهلاتا ڕوویێ تە) هاتیە وەرگرتن کو ل سالا (٢٠٠٥)ێ ژ لایێ وەشانخانا لیس هاتبوو چاپ و بەلاڤکرن. هەژی گۆتنێ یە کو بێژین شاعر ژ دایکبوویێ سالا ١٩٤٦ و دەرچوویێ ئەنستیتویا پەروەردەیێ بوویەو چەندین سالان مامۆستاتیا زمان و ئەدەبێ ترکی کریە. هەلبەستێن خوە د کۆڤاران دە بەلاڤ دکرن و وەکە پرتووک ژی ئامادەکرینە کو ژ ئەوانا: سالێن شەواتێ ١٩٧٩، حوزنا تە دبە سەرهلدان ١٩٧٩، بلا شەرکەر ڤەبێژە ١٩٨٠، یا ڤەشارێایی ١٩٨١، ئاڤ ڕزیا ١٩٨٢، بەلکی ئەز دیسا وەرم ١٩٨٤، زارۆکی تۆ ١٩٨٤... هەلبەستێن خوە ب کاسێت ژی بەلاڤ دکرن وەکە بلا نەمینە ١٩٩٣، ئاری و گل ١٩٩٧.. هەوەسا نڤیسینێن دی ژی هەنە.

«ڕامان»

"هاتە، جەوهەری ڕووداو"

یەدوولّلا ڕۆئیایی
لە فارسییەوە: ئەنوەر عەرەب
(بۆکان)

تەختەی ڕەش لە هاتە

"تەختەی ڕەش لە هاتەی- ١"
لە ساتی درێژی هەڵکۆچ
دییەم لە سڵ دەقووچێنم و
ڕیگا پەراوێز لەگەڵ خۆی دەبا
ئەو دەمەی هێڵ ڕووداو دەگرێ
ئێرە ئەوێ دەگرێ و
لای دەق ئەوەی دەمێنێتەوە
لای سارا دەمێنێتەوە.

شوێن پێی ون، ڕۆییوی پێ، هێماکان
بە مەڵبەندێکەوە جێ دەمێنێ و
مەڵبەندێک مەڵبەند دەخوا

هەڵکۆچ نەبوونە
هەڵکۆچ شوێنێکە
هەڵکۆچ شوێنێک کاتێکە
وەلانانی ئامانج، گەیشتنی نەگەیشتن
لە ساتی درێژی هەڵکۆچ هیچ کات
کاتژمێر هەرمان نییە
هەرمان کاتژمێر نییە
هەرمان کات نییە
تەبای درێژی سات مەبەست بێ خوست دەمێنێ
مەبەست هەمیشە مەبەست دەمێنێ و
پەراوێز دایمە لەیلان.

"تەختەی ڕەش لە هاتەی- ٢"
لە لەونی مەندی هەڵکۆچ، چاو
هەڵوەدا دەکا تاس

لاپەڕە پاڵپشتی لە کیس دەدا،

چەشنی ژێر نەخشێک ژێر نەخش
چەشنی زەوییەک زەوی
ئەو دەمەی کە بەرانبەر پشتەو،
ڕوو دەکا
لە نیگایەکی خایەن
کە دیتنم نەدیتنم لێمی دەستێنێ
کاتی تێپەڕینی سیلە لە سنوور
شەڵەشەڵ، شکاو، نالەبار
کە هەر چی دیتنییە من
بە نەدیتن دەیبینم
حەیرانی زەینی خۆم.
تەبای خود بمێنە، تەبای خودی ون بوو لە خود، تەبای ئەو خودە دوورە،
لە وێرانی چاوی ئەوی ترت بمێنە
سڵ لە چاو کە
بەرپرسی نەدیتنی خود، کوێر
بە دییەت خەیانەت کە
سەعات بکە!
بڕێک لە بڕێکی خۆت
بۆ پەراوێز دانێ
قەراغی دەق
نیگای تۆ تەواوی تۆ نییە.

"تەختەی ڕەش لە هاتەی-٣"

چاو لێدەکەم
بینین دەنووسم
ڕووداو دەنووسم

خەیاڵ، کاڵ نییە
خەیاڵی کاڵ دەنووسم
شکەست دەنووسم
وڕی و هەراسی دۆست،
دوژمن لەگەڵ من دێ
جنێو و نێو لەگەڵ یەک دێن
هەڵاتن دەنووسم
ڕاوی ڕوون
گیر
و
دار دەنووسم

هەڵاتن لە هەڵاتن دەنووسم
لە نێوان کۆڵان ئەو منە
لە نێوان کۆڵان من نێچیری ئێمە و من
کۆڵان تەرحی ئاڵۆزی هەڵاتن
ڕاوی ڕوخسار، ڕوخساری ڕاو

"تەختەی ڕەش لە هاتەی-٤"

هەڵدێم
پێشتر لە خود
پێشتر لە لەش
من و لەش هەر دوو هەڵدێین
هەردوو برق هەردوو با
هەردوو برق و با
هەردوو گەردەلوولی چەو
هەڵدێین
لە لای یەک
پێشتر لە خود و پێشتر لە لەش
وەک بیر لە پاڵی بیر

دانووام
لەسەر نیمکەت
نەبوونی پیت، عەزابی من
نیمکەت شوناسی عەزاب دەبێ
تاوی لەش
بێ تاوی لەش
قسە ڕووتم ناکاتەوە

نێوانی مست وەشان
نێوانی وەشان مست

جنێو و نێو لەگەڵ یەک دێن
تانە و تا لەگەڵ یەک
تا دەمەوە جووت پێڵوو
لە دەنگی وەشان دەنگ دەبم دوو پیت دوو وانا

دەستی ڕەت
لە لێو کە تێپەڕ بێ
بینای پیت
بەسەر لێو وێران دەبێ
ددان نووسراو دەس نووس

لەسەر تەختە پیتێکی ناوانا دەخوێنمەوە
نیمکەت
وانا
نیمکەت
ناوانا
نێوان مست تۆز خۆر دەبێ

وەک وتوویانە هاتەنووسی، هزرین نییە. ئەرێ، لە پاش هزرێک نایەت، بەڵام ئەوەی وا لەگەڵ خۆی دەیهێنێت چ نییە، بێجگە لە هزر. هاتە چەمکی "لەپڕی" لە خۆدەگرێ، بەڵام زۆربش لەپڕ نییە، چونکە، لەپڕ وێژی بەمانای ناهزر وێژی نییە. بەم پێیە ئەوان، هاتە -کان، ئەو قسانەی کە دەیکەن، یان لەگەڵ خۆیان دەیهێنن، یان ئێمە تێیاندا دەیدۆزینەوە، هاتە-ن، بەڵام هەمیشە خوویا نین. هاتە لە خوویا دەسڵەمێتەوە، لەگەڵ چاوەڕوانی ناکۆکە، خۆی لە کتوپڕدا دەوێ، ڕەنگە لەو سۆنگەیەوەیە کە ئەم هاتانە، بەرلەوەی بخرێنە پاڵ ئاشکراکانەوە، ویستوویانە دژواز بن (وێڕای ئەوەی لەگەڵ خۆیان دەیهێنن، یان ئێمە پێیان دەدەین) و لە دەقدا نما-یەک بگرن، جارێک نەخوێندراو جارێک ناخوێندراو. هەرچەند بە بانگهێشتی من هاتوون، هەرچەند من لەوانم گێڕاوەتەوە. ئەوان وەڵامی بانگهێشتی منیان داوەتەوە، بە لەزتر لە بانگهێشتی من. بەو حاڵەش دەڵێی شتێک، نەڵێین لە چاوەڕوانی، بەڵکو لە ئارەزوویان تێدابووە، هێزێک کە ئەوانی بەرەو شانۆ و پێش شانۆ ڕاو ناوە، لە هاتەدا ئارەزوو هەیە.

بە هەموو ئەوانەشەوە هاتە-م هێشتا نەناسیوە. نە ئەو و نە ئارەزوو. بەر لەوەش لەگەڵ هاوڕێیانی شاعیرم تاوتاو هاتە-م ئەزموون دەکرد، لەو شیعرە هاوبەشانەی وا لەگەڵ یەک و لای یەک دەماننووسی: لەگەڵ فروغ، شاملوو، شاهرودی، بادیەنشین، ئیسلامپوور، ئیلاهی، ئەحمەد ڕەزا ئەحمەدی و...، جەوهەرەکەیمان، بەڵام لە پێرفۆرمانسی پازدەی تشرینی یەکەمی ١٩٩٤ لە موزەی بێرنە ناسی: جەوهەری ڕووداو.

هەوێنی دروست بوونی ئەم هاتانە، ئەم هەوێنە بێ شکڵانە، لە ساڵی ١٩٩٤ و زۆرینەیان دواتر لە ساڵەکانی ٢٠٠٠، گاگا سەریان هەڵدێنا و پاژێکی تریان دەدۆزییەوە. لە کوێ؟ شوێنێک لە زەیندا: سێوێک دەکەوێ. گۆیەکی بێ قەرار کە لە گەردوونە دەکەوێتە دەر.

لە کاتی هاتە-دا ئەوەی بە زەین دەگا بە بانگهێشتی هەر ئەو شتەیە وا بە زەین گەیشتووە، یان گەیشتبوو، هاتە نووسی، بڕێ جار، گەیشتن بەو گەیشتوانەیە کە بانگهێشت لە نەهاتووان دەکەن. بەڕێوەبردنێکە. هاتە، بەڕێوەبردنی نفیسینە. خۆگەڕی دەست نییە، بەڵام خۆگەڕی دەستێکە کە دەست بۆ پاشکەوتەکانی زەین دەبا، بە تایبەت ئەگەر لە بەرانبەری خەڵک و لە ژێر نیگای دووربینداببێ.

فەرهەنگۆک:

هاتە: لەناکاو، وتنی شیعر، یان وتەیەک لە پڕدا.
هەڵکۆچ: ڕۆیشتن.
وانا: خەتێ کە باش دەخوێندرێتەوە.
نیمکەت: چوارپایەیەکی درێژە بۆ لەسەر دانیشتنی دوو، یان چەند کەس.

سەرچاوە:
مالپەڕی فەرمی نووسەر
http://royai.malakut.org/



ژەهری خۆمان

کاروان کاکەسوور
(دانیمارک)

«ئەرێ ئەوە چەند بڵێێی سەیر نییە لە ناخی دڵەوە حەز بکەیت ئەو شتە نەدۆزیتەوە، کە زۆر بە پەرۆشەوە بە دوایدا دەگەڕێیت؟!»

سەرەتا لە ڕووم نەدەهات باسی هۆکاری مردنەکەمیان بۆ بکەم، بەڵام دوای ئەوەی زانیم هۆکاری مەرگی هەر یەکێکیان بگریت لەوەی من پووچترە، ئینجا زمانم کرایەوە و هەموو سەربردەی ژیانم لە نووکەوە گێڕایەوە... ڕاستییەکەی سەرتاپێی ئەو شتانەی بە زیندوویی پێتوایە گرنگن و شایەنی ئەوەن لەپێناویاندا بژیت، ئەوە کاتێ دەمریت و بە وردی بیریان لێ دەکەیتەوە، بۆت دەردەکەوێت هیچن و قاقایان بۆ لێ دەدەیت... ئەوەی مردوو لە زیندوو جیا دەکاتەوە، قاقایە... بێ گومان زیندوویش جار جار قاقا لێ دەدات، بەڵام قاقای مردوو دوورونزیک لە هی زیندوو ناچێت... من خۆم کاتێ ئەم دنیایەم جێ هێشت، ئینجا زانیم لە هەموو ژیانمدا قاقام لێ نەداوە، ڕاستتر قاقام بۆ ئەو شتانە لێ نەداوە، کە شایانی ئەوەن قاقایان بۆ لێ بدرێت، نەک لەبەر سروشتی پیشەکەم، کە ئەفسەرێکی پایەبەرزی سەردەمی پاشایەتی بووم، بەڵکو بە پلەی یەکەم لەبەر ئەوەی دوو جۆر شتم لە ژیاندا دەبینی، ئەوانەی شایانی ئەوە بوون هیوایان لەسەر هەڵبچنم و ئەوانەی نەدەکرا بە جێی هیوایان بزانم... ئەو گۆرانییە پاڵی پێوە نام ڕێگای سێیەم تاقی بکەمەوە، کە دەڵێت:

هەنار هەنار هەنارە
دەرد و دەرمانم یارە

ئەو جەژنە بەبێ تۆ بکەم
تاڵە وەک ژەهری مارە

گۆرانیبێژەکە، (سیامەند لاوکزاد)ی کوڕی گەڕەکمە... هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە ئەو گۆرانییەی بە دەمەوە گرتووە و نایبڕێتەوە... لە هەموو بۆنەیەکدا دەیڵێتەوە... ئێمە بەوە ناسراوین دژایەتی یەکتر دەکەین... لێی دەپرسم ئایا یەک بەڵگەت هەیە بیستەمێنێت ژەهری مار تاڵە... ئەو پێم دەڵێت ئەوەی پێویستە بەڵگە بهێنێتەوە ژەهری مار تاڵ نییە، تۆبت، چونکە هەموو دنیا پشتگیریی من دەکەن، بەڵام تۆ شایەتێکت دەست ناکەوێت ئەو گوتەیە بە درۆ بخاتەوە... بەوە ڕقم هەڵدەستێنێت و هێندەی تر دەمکاتە دوژمنی گۆرانییەکە... سەیر ئەوەیە لە ناوەڕاستی پەنجاکان کاتێ لە کۆلێژی سەربازی دەردەچم و دەمەوێت لەگەڵ (دڵشان)ی دەستگیرانم ژیانی هاوسەرگیری پێکەوە بنێم، وا ڕێک دەکەوێت ئەو گۆرانیبێژە ئاهەنگەکە بگێڕێت... ڕاستییەکەی (دڵشان) بە حوکمی ئەوەی کچی گەڕەکی خۆمانە، (سیامەند لاوکزاد) بە چاکی دەناسێت و زۆر حەز لە دەنگی دەکات، بۆیە لەو زیاتر یەک گۆرانیبێژی تر هەڵنابژێرێت... دەبێت ئەوەیش بڵێم (سیامەند لاوکزاد) تەنیا لە ئاهەنگی خانەوادە بەناوبانگەکاندا گۆرانی دەچڕێت و عوود دەژەنێت... چ خانەوادەی (دڵشان) و چ هی منیش دەکەونە ناو ئەو بازنەیەوە، بەوەی باوکمان، کە (ئاوەڵزاوا!)ن، ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی شارن و دەستیان بە هەموو لایەکدا دەڕوات... ناکرێت دڵی (دڵشان) بشکێنم، بەڵام پێی دەڵێم بە مەرجێ ئەو گۆرانییە نەڵێت، چونکە نامەوێت ڕۆژەکەم لێ تێک بچێت... چەمۆڵەیەکم لێ دەنێت و دەڵێت:

– پف لەو زەوقەی تۆ هەتە، دڵشاد..!! دەسا لەبەر ئەو گۆرانییەیە من هێندە ئەوم بە دڵە.

بەوەیش ناوەستێت و دەڵێت:

– ئەمە بەڵگەیەکی تڕە، کە کوڕێکی وشکیت و هەمیشە دەتەوێت دەسەڵاتی خۆت بەسەر کەسانی دەوروبەرتدا بسەپێنیت.

لەمەوە (دڵشان) ئەو گۆرانییە بە دەمەوە دەگرێت و زوو زوو دەیڵێتەوە... ئیتر من (سیامەند لاوکزاد)ی گۆرانیبێژم لە بیر نامێنێت و بەردەوام شەڕ لەگەڵ ئەو دەکەم... لێی دەپرسم ئایا یەک بەڵگەت هەیە بیستەمێنێت ژەهری مار تاڵە... ئەویش وەک گۆرانیبێژەکە پێم دەڵێت ئەوەی پێویستە بەڵگە بهێنێتەوە ژەهری مار تاڵ نییە، تۆبت، چونکە هەموو دنیا پشتگیریی من دەکەن، بەڵام تۆ شایەتێکت دەست ناکەوێت ئەو گوتەیە بە درۆ بخاتەوە.....

کاتێ (دانا)ی کوڕمان دێتە دنیاوە، ئەو گۆرانییە زیاتر لە مااڵ برەو پەیدا دەکات، بەوەی دایکی بەردەوام بۆی دەڵێتەوە... ئینجا لەبەر ئەوەی ڕێتمەکەیشی خێرایە، هەر زوو خۆشی دەوێت... ئیتر زمانی بەو وشانە دەپژێت و ڕۆژ بە ڕۆژ چاکتر دەریاندەبڕێت... لەمەوە زیاتر لە دڵم دەچەسپێت، ئەو گۆرانییە بە ژیانمەوە بەستراوەتەوە و لێم جیا نابێتەوە، بێ ئەوەی بزانم بۆچی هێندە ڕقم هەڵدەستێنێت و تا ئەو ڕادەیە دژایەتی دەکەم... ڕۆژێکیان گوێم لێیە وا پاسەوانە تایبەتەکەم لەودیو چام بۆ تێدەکات و لە بەرخۆیەوە ئەو وشانە دەڵێتەوە... کاتێ دەگاتە ژەهری مارەکە، خۆم پێ ناگیرێت و دەچم دارکارییەکی خەستی دەکەم... پێشتریش چەند جارێک سزای قورسیم داوە، بە تایبەتی ئەگەر ڕیشی بە چاکی نەتاشیبێت... جارێکیان لە خۆم دەپرسم ئەرێ بۆیە ئاوا دڵڕەقانە تێی دەکەوم، چونکە خۆم لووسکەم و دەموچاوم لە هی مێیینە دەچێت، بەڵام هەست دەکەم پرسیارێکی ئاوا بۆ من ترسناکە و نامەوێت بە دوای وەاڵمیدا بگەڕێم، بەوەی دەزانم ئەنجامەکەی لە ناخەوە هەڵمدەتەکێنێت... ئەوە یەکەم جارە لەسەر شتێکی جیاواز لە ڕیشتاشین سزای بدەم... ئەوەتا خوێن لە دەمولوتییەوە فیچقە دەکات و جلە سەربازییەکانی سوور هەڵدەگەڕێن... لەسەر دەم دەکەوێت و ناتوانێت هەستێتەوە... هەر زوو زوو دەڵێت:

– ببووڕە، گەورەم... ئیتر تا ماوم گۆرانی نااڵێم.

لێی دەپرسم:

– تۆ ژەهری مارت خواردووە...؟

بە پەنجە خوێنی دەمی دەسڕێت و بە ترسەوە وەاڵم دەداتەوە:

– نەخێر، گەورەم، نەمخواردووە.

– ئەی چۆن دەزانیت تاڵە...؟

– گەورەم، بەندەکان خۆیان ئاوا ڕێک خراون، بەاڵم ئەگەر جارێکی تر گوێت لە من بێت گۆرانی بڵێم، ئەوە بەڵێن بێت بچم ژەهری مار بخۆم، بۆ ئەوەی گیانم دەربچێت.

چەند داریکی تری لێ دەدەم:
– تۆ هێشتا پێتوایە ژەهری مار تاڵە...؟
– نەخێر، گەورەم، بەڵام گومانم نییە خەڵک دەکوژێت.
ماوەیەک بیر لەو گوتەیە دەکەمەوە و دوایی لێی دەپرسم:
– ئەو گۆرانییە لە کێ فێر بوویت...؟
ناوێرێت وەڵام بداتەوە، بەڵام دوای ئەوەی چەند داریکی تر لە سمت و قەپرغەی دەدەم، ناچار دەڵێت:
– لە دانای کوڕت، گەورەم، خوا تەمەنی درێژ بکات و خۆی و دایک و باوکی لە ژەهری مار بە دوور بگرێت.
هێندەی تر ڕقم هەڵدەستێنێت... هەرچەند بەپێی یاسا ئەفسەر بۆی هەیە تەنیا بە دار و کێبڵ لە سەرباز بدات، بەڵام هەست دەکەم ئەگەر ڕاستەوخۆ بە شەق و بۆکس تێی نەکەوم، کۆڵی دڵم دانامرکێتەوە، بۆیە دارەکەم لەسەر میز دادەنێم و ئەو لەشە پتەو و تێکسمراوەی بەر لەقە دەدەم... ئێسقانەکانی لەژێر پێڵاوە تۆکمەکانمدا کرتەکرتیان پێ دەکەوێت... ڕاستیش دەکات، ئەو گۆرانییە لە (دانا) فێر بووە، بەوەی زۆر جار بۆ ماڵەوەی دەنێرم، تاکو یارمەتی (دڵشان) بدات... جلەکان بشوات، لەسەر تەنافیان هەڵبخات، تەنەکەی زبڵ بڕێژێت، دان و ئاو لە بەردەم بلبلەکانی ناو قەفەزەکە دابنێت، باخەکە ڕێک بخات و (دانا) ژێر بکاتەوە... لەبەر ئەوەی سەری لە هەموو ئێشێک دەردەچێت و زۆریش گوێڕایەڵە، (دڵشان) لێی ڕازیبە... ڕاستە هەندێک تێبینی لەبارەیەوە هەیە، بە تایبەتی شەرمنییە بێ ئەندازەکەی بە دڵی ئەو نییە، بەڵام دەڵێت (خەڵۆ) بۆ ئەوە کراوە خزمەتی ماڵە خانەدانەکانی شار بکات... (دڵشان) پێی خۆشە کاتێ فەرمانێکی پێ دەدات، ئەو بە دەنگی بەرز و بە خۆشحاڵییەوە بڵێت بەسەر چاو، خانمە بەڕێزەکەم، نەوەک ئاوا شەرم ڕێی لێ بگرێت و زمانی تەتەڵە بکات... ناوی خۆی (سیامەند)ـە، هەمان ناوی گۆرانیبێژەکەیە... ئەگەر لە ماڵەوە بە (خەڵۆ) بانگی دەکەین، ئەوە تەنیا بەو مەبەستەیە بزانێت کارەکەرێکە و دەبێت لەوە تێبگات ئێمە خاوەنی هەموو شتێکی ئەوین... (دڵشان) ئەو ناوەی لێ ناوە، بەڵام نە بەسەریدا دەقیژێنێت و نە لێی دەدات... من ڕێ بە خۆم دەدەم لەتوکوتی بکەم، بە تایبەتی لەسەر گوتنی ئەم گۆرانییە... ئەوەتا تا هێزم تێدایە بۆکسێکی دیکە لە سنگی دەدەم و پێی دەڵێم:
– ئەوە دانای کوڕم منداڵە و وا دەزانێت ژەهری مار تاڵە، خۆ تۆ گەورەیت و چوار ساڵە سەربازیت.
– گەورەم، پێم گوتیت نازانم تاڵە، یان شیرینە، بەڵام لام ڕوونە خەڵک دەکوژێت... هەر لە گوندەکەمان چەند کەس بە ژەهری مار مردوون، گەورەم... هاوینی ڕابردوو ئامۆزایەکمی کوشت، گەورەم، کە تازە ژنی دووەمی هێنابوو.
بێ دەنگییەکەی من دەقۆزێتەوە و ئەمەیشی دەخاتە سەر:
– ناوچەی ئێمە چونکە لە چاو ناوچەکانی تر وشکە، گەورەم، بۆیە ماریشی ترسناکترە... بە هەر کەسێکەوە بدات، ناهێڵێت هەناسە هەڵکێشێت، گەورەم.
وازی لێ دەهێنم و بۆ ژووڕەکەم دەگەڕێمەوە... بیر لە ژەهری مار دەکەمەوە... دەمەوێت بۆ هەتاهەتایە لە خەیاڵمی بە دەر بنێم، بەڵام یاخەم بەر نادات... چەند زیاتر لێکی دەدەمەوە، پتر قێزم لە خۆم دێتەوە و هێندەی دیکە هەست بە پووچیی ژیان دەکەم... کاتێک دەزانم وا چوومەتەوە ئەودیو و لای وەستاوم، کە هێشتا وەک بزمژ لەسەر زەوی دەخشێت و خوێنی لێ دەچۆڕێتەوە... بە تووڕەیی پێی دەڵێم:
– هەستە سەر پێ...!!
هەر چۆنێک بێت هەڵدەستێتەوە و سڵاوی سەربازیم بۆ دەکات... خۆی پێ ڕاگیر ناکرێت... بە لادا دێت، بەڵام ناوێرێت پشت بە دیوارەوە بدات... پێی دەڵێم:
– حەفتەیەک مۆڵەتت دەدەمێ و بڕۆڕەوە بۆ گوندەکەت.
ڕەنگوڕووی دەگەشێتەوە... هێندەی پێ ناچێت بە گوتەیەک ترسەکە بۆ دەروونی دەگەڕێنمەوە:
– بەبێ ژەهری مار بێیتەوە، لێرە هەڵتدەواسم.
هەموو گیانی دەلەرزێت... لێم دەپارێتەوە:
– گەورەم، هەر ئێستا هەڵمبواسە... بە دار بمکوژە... بە شەق ورگم هەڵبدڕە، بەڵام ژەهری مارم دەرخوارد مەدە، گەورەم، چونکە من نامەوێت.....
ناهێڵم قسەکەی تەواو بکات... یەک دوو لەقەی دیکەی لێ دەدەم:
– ژەهری مار چییەتی، ولاغ...!! تاڵە...؟!
– نەخێر، گەورەم، بەڵام.....
لە ترسان زمانی گۆ ناکات... پێی دەڵێم:
– بۆ تۆم نییە، بۆ خۆمە... شووشەیەکی پڕم بۆ

دەهێنیتەوە... باش...؟!

بە شـێـوەیەک دەحـەپەسـێت، دەمی بسـتـێک دەکرێتەوە... نازانێت چ وەڵامێکم بداتەوە... بە ترسەوە دەپرسێت:

– ژەهری مار، گەورەم...؟

دوو سێ زللەی وای لێ دەدەم، سەری گێژ دەخوات و دەکەوێتە ژێر پێم... هێندەی ئاگا لە خۆی ماوە چاوێکم تێ ببـڕێت، تاکـو بزانێت چەند شـەقی دیکەی بەر دەکەوێت:

– ئا، ژەهری مار...!! بۆ ژەهری مار هێندە تاڵە...؟!

– نااڵێم تاڵە، گـەورەم، بەڵام دەتوانێت گـیـانلەبەر بکوژێت... ئەم بەهارەی ڕابردوو ژنە دووگـیـانەکـەمی کوشت، کە پێرێ سـاڵێک بەسەر مردنەکەیدا تێپەڕی، گەورەم... لە ڕووم نەدەهات پێتی بڵێم، گـەورەم، هەر لەبەر ئەوە داوای مۆڵەتیشم نەکرد.

لە دڵەوە پێم خۆشە بزانم بۆچی بە لایەوە شەرمە مار بە ژنیـەوە بدات، بەڵام نامـەوێت لێی بپـرسم، نـەبادا وا تێ بگـات بایـەخ بە ژیانـی دەدەم... هێـنـدەم لا ڕوونـە ئەو لادێیـیانە بۆچوونی سەیر سەیریان هەیە، کە هەندێکیان بە ڕاستی سەرنجڕاکێشن... دیسان بێ دەنگییەکەی من بە هەل دەزانێت و دەڵێت:

– گـەورەم، ژنەکـەم ڕقی دنیـای لە شـیـرینی و تا سـەر ئێسقان شێتی شتی تاڵ بوو... ڕووەکێک هەیە گۆزاڵرکی پێ دەگـوترێت و هاوینان لە دەشت دەڕوێت، گـەورەم... وەک لە نـاوەکـەیدا دیارە گـۆیەکـە و یەک پارچە ژەهرە، گـەورەم... هێنـدە تاڵە، گـەورەم، هەر کـەسێ بە ئاسـتـەم بیخاتە سەر زمانی، شێتوهار دەبێت... خۆ ئەگەر قووتی بدات، گـەورەم، ئەوە گـومـانم نـیـیـە دەیکوژێت... دەسـا لەبەر ئەوەیە عـەرەبە بیابانـنشـینـەکان ناوی ئەو ڕووەکە لە کـوڕیان دەنێن، گـەورەم، تاکـو ئازا و شـەڕانی دەربچن... بێ گـومـان تۆ زۆر جـار ناوی (حنظل)ت بیـسـتـووە، گـەورەم، کـە هەر لەم ئۆردووگـایەی خـۆمـان چەند سـەربازێکمـان بەو نـاوە هەن... ژنەکـەم وەک سـێـو گۆزاڵرکی دەکرماند و هیچی بەسەر نەدەهات، گەورەم، بە تایبـەتی کـاتێ سکی هەبوو، کەچی بە ژەهری مار مـرد، گەورەم... دەیگوت من بە هیچ شتێکی تاڵ نـامرم، هەتا ئەگـەر ئەو شـتـە ژەهریش بێت، گـەورەم، بەڵام دەیگوت ئەوەی دەمکوژێت شیرینییە، گەورەم.

زۆر سـەیرە...!! خۆ هەر دەڵێی پێـشـتـر ئەم چیـرۆکـەم بیستووە... شەقێکی دیکەی قایمی لێ دەدەم و دەپرسم:

– مەبەستت چییە...؟!

– مـەبەسـتـم ئەوەیە، گـەورەم، ژەهری مـار نابێت تاڵ بێت، بەڵام هەر تامێکی تریش بدات، مرۆڤ دەکـوژێت، گەورەم.

بەسەریدا هاوار دەکەم:

– هەستە سەر پێ...!

بە هەزار حـاڵ هەڵدەسـتـێـتـەوە و سـاڵاوی سـەربازیم بۆ دەکات... پێی دەڵێم:

– هەر ئێستا لە بەرچاوم گوم دەبیت و حەفتـەیەکی تر بە ژەهری مارەوە دەگەڕێیتەوە لام.

* * *

دەوروبەری یەکی شـەوە و نزیکەی شـەست سـەعـات بەسـەر ڕۆیشتنی پاسەوانە تایبەتەکەمدا تێپەڕیوە... وا هانکەهانکی (دڵشـان) لەژێر مـن و جیـرەجیـرِی تەختی نووسـتنەکـە لەژێر ئەودا بەرز دەبێـتـەوە... (دانا) لەو ژووڕەی تەنیشـتـمـان لە قـووڵایی خـەودایە... مـاوەیەکی زۆرە هەڵی ئاوامـان بۆ نـەڕەخسـاوە... لەناکـاو تەقـەی لێدانی دەرگا دەبیستین... هەر بە خێرایی جلی مـاڵەوە لە بەر دەکەم و دەمانچەکە بە دەستەوە دەگرم... دەچم بە ئەسپایی دەیکەمەوە... دەبینم (خەڵۆ)یە گەڕاوەتەوە... دەمەوێت پێش هەموو شتێک لەسەر ئەوە لێی تووڕە ببم، کە زووتر لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا هاتووەتەوە، بەڵام بوارم نادات و دەڵێت:

– گەورەم، بمبووڕە ئەگەر.....

قسەی پێ دەبڕم:

– لەبـەر هەر هـۆکـاڕێک ئـاوا زووتر لە کـاتی دیاریکراوی خـۆت هاتوویتـەوە، دەبێ سـزایەکی قـورست بدەم، بەڵام جارێ واز لەوە بهێنە و کوا ژەهری مار...؟

دەمی تێک دەئاڵێت:

– ژەهری مار، گەورەم...؟!

دوور لە خواستی خۆم دەستم بەرز دەکەمـەوە، تاکو بە زلله تێی بکەوم، بەڵام خێرا ببیرم دەکەوێتـە ئەو مۆڵەتی وەرگرتووە و منیش لە دەوام نیم، کە بەپێی یاسا ناتوانم سزای بدەم... هاوکات بۆم دەردەکەوێت هەر ناوی ژەهری مار بێت، من پەنا بۆ لێدان دەبەم:

– ئا، ژەهری مار... کوا هێناوتە...؟

– نەخێر، گەورەم، بەڵام لەوەتەی تۆم جێ هێشـتـووە، لەو گـوندانە دەگـەڕێم و یەک دەقـەیش پشـووم نەداوە...

خۆشبەختانە کەسێکم دۆزیوەتەوە، زۆر شارەزای گرتنی مارە و دەزانێت کامەیان ژەهری کوشندەی هەیە.

هێندەی تر تووڕە دەبم و حەز دەکەم هەزار شەقی لێ بدەم:

– ژەهری کوشندە چییە...؟! مەبەستت ژەهری تاڵە...؟!

– نەخێر، گەورەم، بەڵام ژەهر مرۆڤ دەکوژێت، با تاڵیش نەبێت... ئینجا گەورەم، ئەگەر ڕێم بدەیت، ئەوە دەمەوێت پێت بڵێم ئەو کەسەی دۆزیومەتەوە دەڵێت ژەهری مار تاکو لە گوندەوە دەگاتە شار، گۆڕانی بەسەردا دێت، گەورەم... نە ڕەنگی و نە تامی وەک خۆی دەمێنێت، گەورەم، بۆیە دوو ڕێت لە بەردەمدایە، یان دەبێت خۆت بفەرموویت و بێیتە ئەوێ، گەورەم، یان فەرمان بدەیت مارەکان لەگەڵ خۆمدا بهێنم، گەورەم، کە ئەو پیاوە شارەزایە ڕێی یەکەمیان بە چاکتر دەزانیت، گەورەم، چونکە پێی وایە مار کاتێ دەگاتە ناو شار، کەمێک گۆڕان بەسەر ژەهرەکەیدا دێت، گەورەم.

قێزم لە خۆم و لەو بیرۆکە بێ تامانەم دێتەوە... هێڵنج دەدەم و خەریکە دەڕشێمەوە... هێندەی تر هەست بە پووچیی بوونم و بێ مانایی ژیان دەکەم، کەچی ناتوانم دەست لەو خەیاڵە پیسەم هەڵبگرم... دەزانم ئەمڕۆیش واز بهێنم، ئەوە سبەینێ دوور لە خواستی خۆم بۆی دەگەڕێمەوە... نەخێر، هەر ئێستا لەگەڵی دەچم... نامەوێت بۆ ژوورەوە بگەڕێمەوە، هیچ نەبێت بۆ ئەوەی جلەکانم بگۆڕم و سویچی ئۆتۆمبێلەکەم بهێنم، نەبادا (دڵشاد) لێم بپرسێت چی ڕووی داوە و ئەو بڕیارە ناکاوەم بۆ داوە... بەرگەی پرسیاری لەم شێوەیە ناگرم... بەم بیجامە تەنکەوە دەکەومە ڕێ... ئەگەرچی ناوەڕاستی مانگی نیسانە، بەڵام دنیا سارەدە... سێ چوار سەعات بە پێ دەڕۆین و (خەلۆ) بەردەوام لەبارەی مارەوە چیرۆکی سەیروسەمەرەم بۆ دەگێڕێتەوە... دەڵێت ئێستا ئەو دەعبایە لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر بە خەڵکەوە دەدات، چونکە تازە لەژێر زەوی هاتووەتە دەرێ و هێشتا فێری تەکنیکەکانی خۆشاردنەوە نەبووە... بێ گومان کاریگەریی ژەهرەکەیشی خێراترە... بەو قسانە تووڕەترم دەکات، بەڵام دەبێت ددان بە خۆمدا بگرم، چونکە وەک گوتم مۆڵەتی وەرگرتووە و بۆم نییە هیچ سزایەکی بدەم... هەستیش دەکەم وردە وردە ئارەزووی دەستوەشاندنم کەم دەبێتەوە، تەنانەت پێش ئەوەی خۆم فرێ بدەمە سەر ئەو عەرەبانەیەی (خەلۆ) بە کرێی گرتووە و ئێسترێکی بەهێز ڕایدەکێشێت، دەمانچەکەیشم دەخەمە ناو شیوێکەوە... بەو جلانەوە دێمەنەکەم زۆر سەیر و بێ تام دێتە بەرچاو... ئاگام لێیە هەتا زیاتر لە شار دوور دەکەوینەوە، (خەلۆ) پتر ڕێ بە خۆی دەدات قسە لە قسەمدا بکات، بگرە دەگاتە ئەوەی وشەی (گەورەم)یش بە کار نەهێنێت، بەڵام گوێی پێ نادەم، مادام بیرۆکەیەکی هێندە پووچم خستووەتە خەیاڵم و چارەنووسمم داوەتە دەست ئەو... لەوەیش سەیرتر ئەوەیە بە (دڵشان) بانگم دەکات... سەرەتا وا دەزانم شتەکە پێوەندی بە خلیسکانی زمانەوە هەیە، بەڵام دوایی بۆم دەردەکەوێت ئەمە بێ مەبەست نییە... ڕاستییەکەیشی ناوی من و هاوسەرم، کە تەنیا لە یەک پیتدا جیاوازن، هەمیشە کێشەی بۆ دروست کردووم... ئەگەر بڵێم هەردووکمان یەک ناومان هەیە، ڕەنگە کەس باوەڕ نەکات، بەڵام ئەوە ڕاستییە... (دڵشاد) نازناوی شاعیرێکە و هاوڕێی نزیکی باوکمانە... ئەوانە سێکوچکەیەکی سەیرن... هەمیشە پێکەوەن، بێ ئەوەی هیچیان لە یەکتر بچێت... باوکمان دەچنە ڕواندز، بەو مەبەستەی لەگەڵ (گیوی موکریانی) ڕێک بکەون هەموو شیعرەکانی (دڵشاد) چاپ بکەن... ڕاستە دیوانەکەیان پێ نییە، بەڵام بە حیسابی خۆیان سەرجەم شیعرەکانیان لە بەرە... کەس نازانێت بۆچی ئەو شاعیرە زۆر لەناکاو پێش ئەوەی خۆی بە پەت هەڵبواسێت، تێکڕای بەرهەمەکانی دەسووتێنێت... کاتێ دەگەڕێنەوە، دەبینن وا لەو گۆڕستانەی خواروی شار نێژراوە... هێشتا دەست لەو پڕۆژەیە هەڵناگرن و دەیانەوێت جارێکی تر تەواوی بەرهەمەکانی بنووسنەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی جیاوازییەکی زۆر لەنێوان هەر یەک لەو شیعرانەدا هەیە، کە ئەوان لە بەریانە، بۆیە ڕێک ناکەون... بەوەدا ژنەکانیان دووگیانن، بڕیار دەدەن ناوی ئەو هاوڕێیەیان لە منداڵەکانیان بنێن، کە لەوەتەی پێکەوەن یەکەم جارە بە ڕاستی لەسەر شتێک ڕێک بکەون... ئێرە بە دەرفەتێکی چاک دەزانم، تاکو چیرۆکی بنەماڵەی (دڵشان) و هی خۆم بگێڕمەوە... ڕاستییەکەی باوکمان لە قاهیرە لە دایک دەبن، بەوەی باپیرمان لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەم بە هۆی کاروباری بازرگانییەوە دەگەنە ئەو شارە و لە زەمالیک دادەنیشن... ئەو دوو پیاوە بازرگانە، ئەگەرچی هەمیشە پێکەوەن، بەڵام لە هەموو

شتێکدا جیاوازن، تەنیا لەوەدا نەبێت شێتی ئاون، ڕاستتر شەیدای ڕووبارن و (دەلتای نیل)یش گەورەترین دڵنیاییان پێ دەبەخشێت، بۆیە دەتوانن لەو شارە هەڵبکەن... باوکمان بە هەمان شێوە هاوڕێن و هیچیشیان لە یەکتر ناچێت... هەر لە زەمالیک هامشۆی مالێک دەکەن، کە ئەوانیش لەو کوردانەن لە زووەوە هاتوونەتە میسر... خەڵک کاتێک دەزانن وا هەر یەکیان بووەتە هاوسەری تاکێ لەو دوو کچە جمکە جوانەی هەیانە... (پەرهەنگ) باوکم هەڵدەبژێرێت و (ئەتلەس)یش باوکی (دڵشان)... دوای ماوەیەک جیا دەبنەوە، بەڵام زۆری پێ ناچێت ئێکس (X)یک لەنێوان خۆیاندا دروست دەکەن... واتە (پەرهەنگ) و باوکی (دڵشان) دەبنە هاوسەر و (ئەتلەس) و باوکیشم یەک دەگرن، کە بەرهەمەکەیان من و (سامان)ی خوشکمین... هەر ئەوسا بڕیار دەدەن بۆ ئێرە بگەڕێنەوە...

تاکو ئەو ڕۆژەی دەبمە میردی (دڵشان)، هەمیشە بیر لەوە دەکەمەوە، کە ئێمە چی یەکترین... ئایا تەنیا پووزاین، یان پێوەندییەکی دیکەیشمان هەیە...؟! ئەو پێوەندییە چییە و چۆنە...؟! ڕاستییەکەی ئەو حەڤدە ڕۆژ لەپێش منەوە دێتە دنیاوە... باوکی هەندێک دوودڵ دەبێت، ئەو ناوەی لێ بنێت، گوایە بۆ کچ ناشێت، بەڵام (پەرهەنگ)ی دایکی پێی دەڵێت هەر وشەیەک بە (دڵ) دەست پێ بکات، بۆ هەردوو ڕەگەزەکە دەست دەدات... من خۆم لە یەکەم نامەمدا، کە لە تەمەنی شازدەسالّی بۆی دەنووسم، پیتی (ن) دەخەمە شوێنی پیتی (د)ی کۆتاییەوە، بۆ ئەوەی زیاتر سیمای مێیینەی پێ بدەم، کە دواتر دەزانم (دڵشان) بە کەسێک دەگوترێت دڵێکی جوان و ناسکی هەبێت... ئیتر لەمەوە زمانم لەسەر ئەو ناوە ڕا دێت، بەڵام بۆچی (خەڵۆ) من بە (دڵشان) بانگ دەکات...؟! لێرەدا شتێکی تر هەیە ناکرێت ئاماژەی پێ نەدەم، ئەویش ئەوەیە هەردووکمان قژزەردین، تەنانەت زۆر جار (دڵشان) هەر بۆ گاڵتە پێی گوتووم (دڵشاد)ی شاعیر بە نۆرە لەگەڵ دایکمان خەوتووە، بۆیە ئاوا دەرچووین، کە وەک بیستوومانە قژی ئەو پیاوە زەردێکی کاڵ بووە... لە خۆم دەپرسم تۆ بڵێی ئەمە هۆکاری ئەوە نەبێت ئەو سەربازە لادێیەیە دەیەوێت منی پێ بشکێنێت... خۆ کاتێ دەگەینە سنووری ئەو گوندە بە عەرەبانچی دەڵێت لە دووری ئاوەدانیمان فڕێ بدات، چونکە نابێت خەڵک من بەم شێوەیە ببینن... هەر ئەوەندە کابرا جێمان دەهێڵێت، پەلامارم دەدات و ڕووتم دەکاتەوە... جلەکانم لەگەڵ خۆی دەبات... ڕێی گوندەکەی دەگرێت و من لەوێ جێ دەهێڵێت... دەمەوێت دوای بکەوم، بەڵام هەنگاوم بۆ ناهاوێشترێت، ڕێک وەک ئەوەی لە خەوندا ڕوو دەدات... کاتێ دەزانم زمانیشم شکاوە... ناتوانم دەنگ هەڵبڕم، ئینجا بە مەبەستی پاڕانەوە بێت، یان بۆ ئەوەی هەڕەشەی لێ بکەم جلەکانم بداتەوە... ئەشکەوتێک دەدۆزمەوە و دەچمە ناوی... لێرەوە چیرۆکە ڕاستەقینەکە دەست پێ دەکات... ئەگەرچی بە درێژایی ژیانم لە ڕووتی ترساوم، بەڵام ئەمەیان لە ڕادەبەدەر تۆقێنەرە... سەیر ئەوەیە زۆر جار ویستوومە لەوە تێ بگەم ئاخۆ ڕووتی تەنیا پێوەندی بە شوێنێکی دیاریکراوی جەستەمەوە هەیە، یان بە سەرتاپێی گیانم، کەچی هەرگیز تێیدا سەرکەوتوو نەبووم... ئێستا دەپرسم، ئایا من هاوکات لەگەڵ ڕووتکردنەوەمدا زمانم لە دەست دا، یان نەخێر، زمانم نەما، بۆیە (خەڵۆ) بەو دەستە بەهێزانەی یەک یەک جلەکانی لە بەر داکەندم... ئای لەم پرسیارە ترسناکە و لەو هاوکێشە شەڕانگێزە...! بە ڕۆژ لە ئەشکەوت خۆم دەشارمەوە، بەڵام شەوان دێمە دەرێ و بە دوای ماردا دەگەڕێم... ئەوەی دەستم دەکەوێت تەنیا زیندەوەری درێژکۆڵە و باریکن و لەگەڵ گیا دەیانخۆم... بەردیان تێدەگرم و دەیانکوژم... ئاژەڵێکیش هەیە لە بزمژ دەچێت... ئەوانیش زۆر ڕاو دەکەم و گۆشتیان دەخۆم... نەمزانیوە نیشانم هێنندە ڕاستە...! چێژی بێ ئەندازە لەو کارە دەبینم...

بۆم دەرکەوتووە بۆیە دەمەوێت بەردەوام بەرد بهاوێژم، تاکو بیرم نەچێتەوە مرۆڤم، بەوەی ئەو خەسڵەتە تایبەتە بە مرۆڤ... مارمێلکەکان لە دەمارە شینەکانی مەمکی (دڵشان) دەچن، کە لەژێر ئەو پێستە سپی و تەنکەیدا دەردەکەوتن... زمانم پێدا دەهێنان و گازی سووک سووکم لێ دەگرتن... لەو کاتەدا هەستم دەکرد منداڵم و چێژێکی سەیرم لەو یارییە دەبینی، بە ڕادەیەک پێکەنینم بە ئەقڵی ساویلکانەی خۆم دەهات... ئێستایش لە دەوروبەری ئەشکەوتەکەم بە هەمان گیانی منداڵی لە مارەکان دەگەڕێم، بەڵام نایاندۆزمەوە... سوورم لەسەر ئەوەی بە ژەهری ئەو دەعبایە بمرم، ئەگینا زۆر ڕێی لەوە ئاسانترم لە بەردەمدایە... کێ دەڵێت دەشمەوێت بمرم...؟! یان کێ دەڵێت ژەهری مار کوشندەیە...؟!

ماوەیەک ئەو ئارەزووە بێ تامە لە خەیاڵم دەردەکەم و پلانی گەڕانەوە بۆ شار دادەنێم... ڕۆژێکیان گوێم لە دەنگی شوانێکە گۆرانی دەڵێت، کە تێکەڵی باعەباعی مێگەلەکەی دەبێت... دەمەوێت یەک دوو سەر مەڕ بدزم و بیانهێنمە ئەشکەوتەکەم، بەو مەبەستەی گۆشتی کاڵیان بخۆم و بە پێستەکەیان گیانم دابپۆشم، تاکو لە ڕووم بێت بچمەوە ئاوەدانی... کاتێ دێمە دەرەوە و لەو دەوروبەرە دەڕوانم، نە شوان دەبینم و نە سەرێ مەڕ، بەڵام دەنگیان چاکتر دەبیستم... بۆم دەردەکەوێت من ئەگەر زمانم لە دەست داوە، ئەوە هەستی بیستنم بە هێزتر بووە... بۆیە دەڵێم بە هێزتر بووە، چونکە لەوەتەی هەم بەوە ناسراوم، کە گوێم سووکە و لە دووری دوور دووڕەوە دەنگ دەبیستم... ئەمەیش بۆ ڕووتێکی وەک من نەهامەتییەکی گەورەیە، مادام تاکو ئەم ساتەیش لێکدانەوەی سەربازییانە بۆ شتەکان دەکەم... بە پێوەری سەربازی کاتێ تۆ دەنگی ئەوان دەبیستیت وەک ئەوە وایە لێیان دابیت... قامچی و قسە هەمان ئەرکیان هەیە، ئەمیان دەست بە کاری دەهێنێت و ئەویان دەم... من بەوەدا هەر دەبیستم و ناتوانم یەک وشە بڵێم، لە کۆیلەیەکی بەولاوە شتێکی تر نیم... ئەوەندە هەیە کۆیلەیەکی دابڕاوم و کەس ناتوانێت هاوکات لەگەڵ ئاراستەکردنی قسەوە بۆم، جەستەی نابووت و شێوەی زەلیلم ببینێت، تاکو هەست بە بوونی ئەو پێوەندییە بکات... ئەمە ساردم دەکاتەوە بۆ ئاوەدانی بگەڕێمەوە، بەڵام نازانم بۆچی دەمەوێت بە دوای سەرچاوەی دەنگی شوانەکەدا بڕۆم، کە بەردەوام گۆرانی دەچڕێت و باعەباعی مەڕەکانیشی زیاتر تەفرەم دەدەن، بەڵام هەر ئەوەندە دەمبینێت، زەندەقی دەڕژێت و بەو دەشتەدا ڕا دەکات... مەڕەکانی جێ دەهێڵێت... هێندەی پێ ناچێت کۆمەڵێک پیاو لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، کە هەر یەکەی داریکی درێژی پێیە... ناهێڵم ببینن... بە ئەسپایی دەچمەوە ئەشکەوتەکەم... گوێم لێیە وەسفی منیان بۆ دەکات و زوو زوو سوێند بە ئاسمان دەخوات دەعبایەکی زۆر سەیری دیوە... تووکی زەرد و درێژە... ئازەڵێکە لەنێوان مەیموون و ورچدا و لەسەر دوو پێ دەڕوات، بەڵام دەنگی لێوە نایەت... یەکێکیان دەپرسێت:

– نێرە یان مێیە...؟

ئەو دەڵێت:

– نازانم، چونکە نەمبینراوە بە چاکی لێی بڕوانم... ئینجا من یەکەم جاریشە دەعبای وا دەبینم، بۆیە ناتوانم نێر و مێیان لە یەکتر جیا بکەمەوە.

پیاوێکی تر خۆی دەخزێنێتە ناو گفتوگۆکەوە، کە وا دێتە بەرچاوم چوارشانەیەکی گەنمڕەنگە و لووتێکی پانی هەیە... بە دیالێکتێکی جیاواز لە هی خەڵکی ئەم دەڤەرە دەدوێت:

– ئێوە بە شێوەیەک باسی دەکەن، وەک ئەوەی تەنیا نەبێت و ژمارەیان زۆر بێت...!!

– بەڵێ، ژمارەیان زۆرە و لە ئەشکەوتی ژەهری شیرین دەژین... خۆ باوک و باپیرانمان بە خۆڕایی نەیانگوتووە لێی نزیک مەبنەوە.

کاتێ گوێم لە ناوی (ئەشکەوتی ژەهری شیرین) دەبێت، هەست دەکەم (خەڵۆ) زانیویەتی بۆچی بە ڕووتی لێرەی فڕێ داوم... ویستوویەتی چیرۆکەکەم هەم تراژیدی بێت و هەم کۆمیدی... هەر ئەمە دەمخاتە سەر ئەو باوەڕەی ڕۆژێک دێتەوە لام، تاکو بزانێت چارەنووسم بە کوێ گەیشتووە... ئەمە یارییەکە و ناتوانێت گوێ بە ئەنجامەکەی نەدات... لە خۆم دەپرسم ئەرێ تۆ دڵنیایت دێتەوە...؟! بە (بەڵێ) وەڵام دەدەمەوە و چەند جارێک دەڵێم لام ڕوونە ڕۆژێک بۆ ئێرە دەگەڕێتەوە... کابرا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت ژمارەیان، ڕاستتر ژمارەمان زۆرە... ئەو گوتەیە ترسناکە... ئەگەرچی بە درێژایی ئەم ماوەیە لە خۆم زیاتر یەک دەعبای دیکەم لێرە هەست پێ نەکردووە، بەڵام دەست دەکوتم و گوێ هەڵدەخەم، تاکو بزانم ئەو کەسە دروست بۆی چووە... نەخێر، من لێرە تەنیام... هاوکات بۆم دەردەکەوێت ئەو پیاوانە لە ئەشکەوتەکەم دوورن و ناوێرن بێنە پێشەوە، ئەگەرچی من بۆ بەدبەختی دەنگیان دەبیستم... نازانم ئاخۆ پێم خۆشە دەرم بهێنن و لەتوکوتم بکەن، یان هیوا دەخوازم نەمدۆزنەوە... هەر ئەو پیاوەی من وای دەهێنمە بەرچاو چوارشانەیەکی گەنمڕەنگە و لووتێکی پانی هەیە، دەڵێت:

– بەپێی ئەو قسانە بێت، ئەوە پێشتریش خەڵک ئەم جۆرە دەعبایەیان دیوە و بۆیان دەرکەوتووە ژەهراوین، بەڵام تێناگەم بۆچی ناوی ژەهری شیرینیان لەو ئەشکەوتە ناوە... ئایا ژەهری شیرین هەیە...؟!

هەموویان بێ دەنگ دەبن و تەنیا یەکێکیان وەڵام دەداتەوە:

– خەڵکی ئەم ناوچەیە لە کۆنەوە بەوە ناسراون ناوی

چاک لەو شتانە دەنێن، کە ترسناک و زیانبەخشن، بۆیە من لام سەیر نییە ئەگەر سوور زانیبێتیان ژەهری دەعبایەکی ئاوا کوشندەیە و خەسڵەتی شیرینیشیان خستبێتە پاڵی... دوایی ژەهر هەر ژەهرە، ئینجا چ تاڵ بێت، یان شیرین... ئایا ژەهر هەر تامێکی هەبێت کوشندە نییە...؟!

ئەم جارە هەموویان بێ دەنگ دەبن و کەس نایەوێت، یان ناوێرێت وەڵامی پرسیارەکەی بداتەوە... ترسم هەیە خۆم بۆ نەگیرێت و بچمە دەرێ، تاکو لەبارەی ژەهرەوە گفتوگۆیان لەگەڵ بکەم، چونکە تەواو ڕقیان هەستاندووم، بەڵام ئەوە دەخەمە بەرچاوم، کە مادام پێیان وایە من دەعبایەکی ژەهربەخشم، ئەوە مافی گفتوگۆم نییە، بەڵکو تەنیا دەتوانم پێیان بڵێم ئێوە بە هەڵەدا چوونە... من نە دەعبام و نە ژەهریشم هەیە... نەخێر، ئەمەیش ئەستەمە... ئەگەر دەرکەوتنم لای ئەوان ترسێکی گەورە بهێنێتە دی، کەواتە هەر وشەیەکم لە دەم دەربچێت، ڕادەی ترسەکە گەورەتر دەکات و وا لێک دەدرێتەوە دەعبایەکی ژەهراوی زمانی لێ ڕواوە... ئینجا خۆ من هەر لە بیرم نییە، کە زمانم لە دەست داوە... ئەوەی لە هەر شتێکی تر پتر ئازارم دەدات، ئەوەیە، ئەوان دوای ئەوەی دنیا تاریک دادێت و بۆ ئاوەدانی دەگەڕێنەوە، ئیتر جارێکی تر ڕوو لێرە ناکەنەوە... تەنیا ئەوانەی زمانیان نییە بە چاکی هەست دەکەن چ نەهامەتییەکە بە لاوەت بنێن... هەر ئەوان دەزانن ئەمە چۆن ئازارێکە... ئێستا تۆ لەوە تێگەیشتیت کەس ناوێرێت لەم دەوروبەرە نزیک ببێتەوە... مانای وایە دەتوانیت بە ڕۆژیش بێیتە دەرێ... ئەگەر لەم لایەوە لێی بڕوانیت، ئەوە دەبێت بڵێیت قازانجتە، بەوەی دۆزینەوەی مار لە ڕووناکی ئاسانترە وەک لە تاریکی... لە قەراغی ئەو گۆمە دەوەستیت، کە پێشتر تەنیا شەوان ئاوت لێی خواردووەتەوە... بەم قژە درێژەتەوە ڕێک لە (دڵشان) دەچیت... نازانیت بۆچی مەمکەکانیشت هێندەی ئەوانەی ئەو زل بوون... ئایا خواردنی زیندەوەر و گژوگیا لە لایەک و ژیانی ئەشکەوت لە لایەکی ترەوە کاریگەرییان لەسەر ئەوە هەیە شێوەت ئاوا بگۆڕێت...؟! دەسا خەریکە خۆت نەناسیتەوە... ڕاستتر، وات لێ هاتووە گومان بکەیت (دڵشاد)یت و (دڵشان) نیت... نەخێر، پرسیارەکە کۆمەڵێک ڕووی جیاوازی هەیە: تۆ (دڵشاد)یت، یان (دڵشان)...؟! هەردووکیانیت بە جارێ، یان هیچ یەکێکیان نیت...؟! ئەرێ کام لەمانەیت: خۆتیت...؟! خۆت نیت...؟! ژنی خۆتیت...؟! مێردی خۆتیت...؟! ژن و مێردی خۆتیت...؟! هیچی خۆت نیت...؟! ئەو پرسیارە بێ تامانە هێندەی دیکە پاڵت پێوە دەنێن قێز لە بوونت بکەیتەوە... خەریکە بڵێیت: ((ئۆخەی زمانم نییە، بەڵام چۆن ئەو زمانەی ناوەوەم ببڕم...؟!))... تاکو ئەو ساتەی ئەم زمانەت هەبێت، ئەو پرسیارە بێ تامانەیش دەتوانن پەلامارت بدەن... قاچەکانت دەخەیتە ناو گۆمەکەوە، تاکو نێوان ڕانەکانت لەسەر ڕووی ئاوەکەدا ببینیت... ئەمە هیچ دڵنیاییەکت پێ نابەخشێت، بگرە ترس و نیگەرانییەکی گەورەتر هەست پێ دەکەیت... لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر پێویستت بەوەیە بە ژەهری مار بگەیت، بەڵام ئایا بۆ ئەوەتە پێی بمریت...؟! ئەمە ئەو پرسیارەیە زوو زوو بە خەیاڵتدا دێت و خۆتی لێ دەدزیتەوە... وا بۆی دەچیت مانگی ئۆکتۆبەرە، نەک لەبەر ئەوەی سەرماتە، نەخێر، هەست بە سەرما ناکەیت، کە ئەمەیان هەر خۆی پرسیارێکی ترسناکە لات، بەڵکو لە جوواڵەی خۆر و ڕەنگی ئاسماندا ئەوە دەخوێنیتەوە... گژوگیا زەرد هەڵگەڕاون و زیندەوەر کەم بوونەتەوە... کەواتە (شەش حەوت!!) مانگە لێرەیت... وات لێ هاتووە ڕۆژانە دێیتە لای ئەو گۆمە و دەچیتە ناوی، تاکو سەرنج لە گیانت بدەیت... ئاگات لێیە وا ورده ورده چێژ لە بینینی خۆت دەبینیت، بە ڕادەیەک زۆربەی کاتت لەوێ بە سەر دەبەیت... گۆڕانێکی سەیر لە تۆدا ڕووی داوە، کە دەتەوێت هەردەم جەستەی خۆتت لێ دیار بێت، بە تایبەتی قژە درێژ و مەمکە قوتەکانت... کاتێ سەرمای سەخت گۆمەکە دەبەستێت، تۆ پەنا بۆ هەر شتێک دەبەیت، کە لە شکاندنی ئەو شەختە ئەستوورەدا یارمەتیت بدات... ئەمەیش چێژێکی سەیری تێدایە... ئایا لەبەر ئەوەیە کردەوەیەکی لەم شێوەیە لە هەر دەعبایەکی تری ئەو چۆڵەوانییەت جیا دەکاتەوە...؟! ماوەیەکە بە ڕاستی هەست دەکەیت یەکێکی دیکەت لەگەڵدایە... بە مانایەکی تر وا دەزانیت بە جارێ (دڵشاد) و (دڵشان)یت... شەوانی درێژی زستان لەو ئەشکەوتە تاریکە بۆ تۆ سەختە، بۆیە بیر لە ئاگر دەکەیتەوە... لە بیرتە باوکت بەهاران بە ئۆتۆمبێلەکەی، کە ئەوسا تەنیا چوار پێنج دانەی دیکەی ئاوا لە شار هەبوون، ئێوەی بۆ ئەو دەشتانە دەهێنا... لەگەڵ

(سامالڵ)ی خوشکت دەچووبت بەردە سپییەکانت کۆ دەکردەوە، کە لادێییەکان بەردەئەستێی پێ دەڵێن... کاتێ دەگەڕانەوە، لە ژوورە تاریکەکەی پشتەوە بە یەکتان دادەدان و گڕیان لێ هەڵدەستا... ئەگەر بڵێیت تۆ بە مەبەستی چێشت لێنان و خۆگەرم کردنەوە ئاگرت هێنایە ئەشکەوت، ئەوە ڕاست ناکەیت، بەڵکو ئەوەی پاڵی پێوە ناویت پەنای بۆ ببەیت، هەر ئەوەیە ویستووتە گیانتت لێ دیار بێت و چێژ لە وردەکارییەکانی ببینیت... ئەم ماوەیە شتێکی یەکجار سەیرتر لەوانەی پێشوو لە خۆتدا هەست پێ دەکەیت... وا دەزانیت ڕۆژێک (دڵشان) و ڕۆژێک (دڵشاد)یت...

ئەمە سەرەتا چەند بڵێی ترسناکە، کە تۆ لە هاوسەرە ئازیزەکەت جیا دەبیتەوە، بەوەی پێت خۆشە هەردەم پێکەوە بن، بەڵام تا یارییەکە دریژە دەکێشێت، چێژی ترسەکە گەورەتر دەبێت... هێشتا دەستت لەوە هەڵنەگرتووە شەوان لە ئەشکەوت بە بەرد ئاگر بکەیتەوە، چ ئەو ڕۆژانەی (دڵشان)یت و چ ئەو ڕۆژانەی (دڵشاد)یت، بەو مەبەستەی جەستەی خۆتت لێ دیار بێت، کە نازانیت بۆچی تاکو دێت زیاتر پێی سەرسام دەبیت... ئەو ڕۆژانەی (دڵشاد)یت بە قەدەر دوو ڕۆژ دار کۆ دەکەیتەوە، بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژانەی (دڵشان)یت زۆر ماندوو نەبیت... خۆ ئەو هاوسەرەت لە سەردەمی شار هەمیشە گلەیی لێ کردووبت، گوایە تۆ خۆپەرستیت و ئەوت بە خەیاڵدا نایەت، بەڵام لێرە زۆر گۆڕاویت و بە دەستت بێت گیانی خۆتی بە قوربان دەکەیت... شەوێکیان، کاتێ (دڵشاد)یت، چوار بێچووەگورگ دەبینیت، یەک لە دوای یەک دێنە ئەشکەوتەکەتەوە... چاوەڕێیت دایکیان بێت و پەلامارت بدات... بە کەڵبەی تیژی ونجڕ ونجڕت بکات... ئەو ترسە گەورەیەی هەستی پێ دەکەیت هی ئەوە نییە دەمریت، بەڵکو لەبەر دوو شتی دیکەیە: یەکەمیان، تەمەن ڕێ نادات بزانیت ژەهری مار چ تامێکی هەیە و دووەم، بە تەنیا وەک (دڵشان) لەم چۆڵەوانییە دەمێنیتەوە... بێچووەگورگەکان دێنە لای ئاگرەکە و خۆیانت تێهەڵدەسوون... دەسا شتەکان لێرە سەیرن...!! لە شار دەڵێن گورگ و هەر ئاژەڵێکی درندەی تر لە ئاگر دەترسن، کەچی ئەوانە حەزی لێ دەکەن... بە زمانی تەڕ و گەرمیان ڕان و مەمکەکانت دەلسنەوە... تەزوو بە سەرتاپێی گیانتدا دێنن... بۆت دەردەکەوێت، بۆیە حیسابی مرۆڤت بۆ ناکەن و لێت ناترسن، چونکە ڕووتیت... بەیانی کاتێ (دڵشان)یت، هەستت بە شێوەیەکی تر دەگۆڕێت... وای بۆ دەچیت ئەوەی گورگ پەلاماری دەدات، (دڵشان)ەو تەنیا وەک (دڵشاد) دەمێنیتەوە... دەڵێیت دایکیان بە شەو چووە لەو دەشتانە مەڕی شوانەکان بخوات، تاکو لەگەڵ خۆرهەڵات بە گوانی پڕ لە شیرەوە بگەڕێتەوە... ئەو وەک بێچووەکان نییە... مرۆڤ دەناسێت، چ ڕووت بێت و چ پۆشراو... هەرچوار قاچی لە یەک نزیک دەخاتەوە و بە خێرایییەکی سەرسوورهێنەر خۆی هەڵدەداتە سەر جەستەت... لە چاوترووکانێکدا گۆشتت دەخوات و ئێسقانت دەکرۆڕێت... خوێنت لەسەر ئەو خۆڵە دەڕێژێت، بەڵام زۆری پێ دەچێت و هەر نایەتەوە... هەست دەکەیت بێچووەکان برسییانە... بەردەوام گیانی ڕووتت دەلسنەوە... دەگەیتە ئەو باوەڕەی دایکیان کوژراوە... دەبێت کێ کوشتبێتی...؟! ئایا کەس دەوێرێت لەم دەوروبەرە نزیک بکەوێتەوە...؟! ئەو پرسیارانە ڕاتدەچڵەکێنن... تەفرەت دەدەن... دڵت پێت دەڵێت ئەوەی گەیشتووەتە ئێرە و دەڵەگورگەکەی کوشتووە، لە ڕەگەزی نێرینەیە... کەسێکی جەربەزە و چاونەترسیشە... هەڵدەستییە سەر پێ... دەچییە دەرێ... دەتەوێت شوێنپێی هەڵبگریت... هەر دەبێت بیدۆزیتەوە، بەڵام بۆچی...؟! کچێ، (ست دڵشان) چیت لێی دەوێت...؟! ئەرێ تۆ بەزەییت بەو بێچووانەدا دێتەوە، یان بۆنی پیاوێک تەفرەت دەدات...؟! دوای ئەوەی نە لاشەی گورگەکە و نە شوێنەواری کەسێک بە دی دەکەیت، بەرەو ئاوەدانی دەچیت...

هێشتا لات ڕوون نییە ئاخۆ دەتەوێت هەندێک خۆراک بۆ بێچووە برسییەکان پەیدا بکەیت، یان شەیدای بینینی ئەو جەربەزەیەیت... لە نزیک ئەو گوندە دوو سێ شوان چاویان پێت دەکەوێت... زیرەیان لێ هەڵدەستێت و مەڕ و بزنەکانیان جێ دەهێڵن... هەوالّی دەرکەوتنی دەعبا بە جووتیارەکان دەگەیەنن، کە لەناو کێڵگەکان خەریکی کارن و ئەوانیش لەگەڵیان ڕا دەکەن... تاکو تۆ دەگەیتە ناو گوند، یەک مرۆڤ، چ نێر و چ مێ نامێنێت، بێجگە لەو یەک دوو کەسەی لەگەڵ بیستنی هەوالّەکە گیانیان دەرچووە... ئێستا لەوە ئاسانتر نییە بەو هەموو جلوبەرگە جێماوەی خەڵک خۆت بپۆشیت و بۆ شار بگەڕێیتەوە، بەڵام نازانیت چی ڕێت لێ دەگرێت...

ئەرێ لەبەر ئەوەیە دەبێت فریای بێچووە برسییەکان بکەویت...؟! ئایا ناتەوێت بە جلەوە خۆتیان پێشان بدەیت، نەبادا وەک مرۆڤ بێیتە بەرچاویان و لێت بترسن...؟! یان نازانیت لەمەودوا جلی کام ڕەگەزە بپۆشیت...؟! ((جیاوازیی یەکێکی ڕووت و یەکێکی پۆشراو چییە، کە ئەوەیان هەزاران گومانی چ لە جەستەی، چ لە گیانی و چ لە جلەکانیشی هەیە...؟!))

ئەمە پرسیاری (دڵشاد)ی شاعیرە و لەو دانەیەدا هەیە، کە باوکت پێی وایە ڕاستە و دوای مەرگی نووسیویەتییەوە...

ئەگەر تۆ ڕۆژێک ژن بیت و ڕۆژێک پیاو، دەتوانیت بۆ شار بگەڕێیتەوە و وەک جاران بە جلی سەربازییەوە بچیتە دەوام...؟! دەی، باشە، ئەوە مەقەست و ئەوەیش گوێزان...!! ئاخۆ دەستت تێدەچێت قژی درێژت ببڕیت، یان سەرت بتاشیت...؟! ڕاستیت دەوێت، (ست دڵشان)، تۆ بێچووە برسییەکان دەکەیتە بیانوو... ئاخر ئەگەر خەمی ئەوانتە، بۆچی بەسەر ئەو هەموو مەڕ و بزنەدا بازت هەڵدا و یەک دووانێکیانت لەگەڵ خۆت بۆ نەبردنەوە...؟! نەخێر، تۆ شتی دیکەت دەوێت، بۆیە هاتییە ناو گوند، بەڵام ناتوانیت ڕاستەوخۆ بیڵێیت... ئێستا مانگ بە مانگ بە دوای ئاوێنەدا دەگەڕێیت... تینووی ئەوەی لە بەرانبەر دانەیەکی گەورەدا بوەستیت و سەرنج لە گیانی ڕووتت بدەیت، بەڵام هاوکات ترسێک شاڵاوت بۆ دەهێنێت... ئەرێ تۆ لەوە دەترسیت ئەو وێنەیەی دەیبینیت، هەمان ئەو وێنەیە نەبێت، کە ڕووی گۆمەکە پێشانت دەدات...؟! ((هەمیشە وێنە تەڵخەکان لە وێنە ڕوونەکان ڕاستەقینەترن و کەمتر دڵەڕاوکێ دەهێنن))... ئەمەیشت لە دیوانە چاپ نەکراوەکەی (دڵشاد)ی شاعیردا خوێندووەتەوە، کە باوکت بە دەستی خۆی نووسیویەتییەوە... ئایا تۆ پێت خۆشە لەم گوندەدا هەموو شتێک هەیە، بێجگە لە ئاوێنە، چ هی گەورە و چ هی بچووک...؟! ئەرێ ئەوە چەند بڵێی سەیر نییە لە ناخی دڵەوە حەز بکەیت ئەو شتە نەدۆزیتەوە، کە زۆر بە پەرۆشەوە بە دوایدا دەگەڕێیت...؟! ئەمە چ هەستێکی دووفاقیانەیە لە تۆدا، (ست دڵشان)...؟! ئەو خانووەی ئەوبەر لە سەرجەم خانووەکانی دیکەی گوند جیاوازە و تەنیا ئەوە ماوە سەری پێدا بگریت، کە لەوە دەچێت خوێندنگا بێت، بەوەی لە بەرد دروست کراوە... نازانیت بۆچی لە هەموویان زیاتر لەو دەترسیت، بەڵام ناشتوانیت پشتی تێبکەیت... بوەستە...!! بوەستە، (ست دڵشان)...!! دەمەوێت پێش ئەوەی بچیتە ناوی، لێت بپرسم ئاخۆ تۆ هەر لە سەرەتاوە نەتدەزانی ئەم شوێنە ئاوێنەی تێدایە...؟! ئەدی بۆچی یەکسەر نەهاتیتە ئێرە...؟! دەوێریت لە بەرانبەری بوەستیت...؟! ئەوەتا لە قەدی دیوار دراوە و بڕۆ خۆتی تێدا ببینە...!! دەچیت...؟! نەخێر، هەر دەمزانی بیانووێک دەدۆزیتەوە، تاکو نەهێڵێت من ئەو ئەنجامە بزانم... بیانووەکەیشت ئەوەیە دەترسیت وێنەی خۆت بە ڕوونی ببینیت و زمانت بۆ بگەڕێتەوە، لە کاتێکدا دەتەوێت زمانی ناوەوەیشت نەهێڵێت... دەفتەرێکی گەورە لەسەر مێزە پەڕپووتەکە دەبینیت و سەرنجت ڕادەکێشێت... هەڵیدەگریت و چەند لاپەڕەیەکی لێ دەخوێنیتەوە... بۆت دەردەکەوێت مامۆستاکە مێژووی خەڵکی ئەم دەوروبەرەی نووسیوەتەوە... لە خوێندنەوەی بەردەوام دەبیت و دەگەیتە باسی (سیامەند)ی پاسەوانە تایبەتەکەت، کە بە کوشتنی ئەفسەرێکی گەورەی سەر بە یەکێ لە خانەوادە بەناوبانگەکان تۆمەتبار کراوە و بڕیاری گرتنی دەرچووە...

خۆی بە دەستەوە نەداوە و لەو کێوانە چەکی هەڵگرتووە... سەرباز و پۆلیس بە دوایدا دەگەڕێن... جار جار دەردەکەوێت و یەک دووانێکیان لێ دەکوژێت... خۆی دەشارێتەوە و نادۆزرێتەوە... لە شار وەک پاڵەوان ناوی دەرکردووە و خەڵک چیرۆکەکانی بۆ یەکتر دەگێڕنەوە... لەوە دەچێت تاکو ئەم ساتەیش پێوەندیی بەو مامۆستایەوە مابێت و بەردەوام بەسەرهاتی خۆی بۆ بگێڕێتەوە، چونکە نووسیویەتی: ((شەوێکیان وای پێ گوتم))، ((لێیم پرسی و بەم شێوەیە وەڵامی دامەوە)) و شتی لەم بابەتە... هەست دەکەیت هەموو ئەو قسانەی بە تۆی گوتوون، ڕاستن، وەک مردنی ژن و ئامۆزاکەی بە ژەهری مار، بەڵام ئەوەی زۆر سەیرە، ئەوەیە، نکوولی لە کوشتنی ئەفسەرەکەی نەکردووە... ناهەقت نییە ئەگەر بە سەرسوڕمانەوە لە خۆت بپرسیت: ((ئەرێ من ماوم و نەمردووم...؟! ئایا مرۆڤی زیندوو ئاوا دوای شتی هێندە پووچ دەکەوێت...؟!))... باسی ئەوەیش دەکات چەند بڵێی حەزی لە (دڵشان)ی هاوسەری ئەفسەرەکەیەتی... هەمیشە خەون و زیندەخەونی پێوە دیوە... چەند جارێک بە ڕووتی دیویەتی و ویستوویەتی پەلاماری بدات، بەڵام ترساوە لە

دەستی بچێت، لە کاتێکدا دڵنیایە ڕۆژێک ڕێیەکی چاکتر دەدۆزێتەوە و دەیکاتە ژنی خۆی... قەڵەمەکە دەخەیتە نێوان پەنجەکانت و دەتەوێت لەسەر بەرگی کتێبەکە بنووسیت: ((من دڵشا.....م))... نەخێر، نازانیت بڵێیت تۆ کێیت... ڕاستە ئەمڕۆ (دڵشان)یت، بەڵام بەیانی دەبیتەوە (دڵشاد)... ئایا کاتێ دەیخوێننەوە، لەو مەتەڵە تێدەگەن...؟! لەگەڵ ئەوەیشدا هەر دەتەوێت چەند وشەیەک بنووسیت، بەڵام بۆت دەردەکەوێت ناتوانیت... کەواتە توانایی نووسینیشت لە دەستداوە... ئایا ئەمە نەهامەتییە، یان خۆشبەختی...؟! پرسیارێکی لەم شێوەیە بۆ ئەوە چاکە بە شێنەیی لەو ئەشکەوتە بیری لێ بکەیتەوە... ئێستا کاتێ بۆ ئەوێ دەگەڕێیتەوە، پێویستە لەگەڵ دەستی خۆت چەند پارچەیەک گۆشتی نەرمەی مەڕ بۆ بێچووەکان ببەیتەوە... ئەوان ڕۆژ بە ڕۆژ هەراش دەبن... وایان لێ هاتووە چاویان لە دەستی تۆ نییە، بەڵکو خۆیان خۆراکی خۆیان پەیدا دەکەن، بەڵام چەند دوور بڕۆن، ئەنجام هەر بۆ لات دەگەڕێنەوە... بە شێوەیەکی سەیر هۆگرتن، بە تایبەتی ئەو ڕۆژانەی (دڵشان)یت... کاتێ (دڵشاد)یت کەمتر حەوسەڵەت هەیە یارییان لەگەڵ بکەیت و ئەوانیش شێتی ئەوەن دوای هەر ژەمێک، لەو بەردەمە دوات بکەون و قەڵەمباز هەڵبدەن... قاچیان بخەنە سەر شانت و گیانی ڕووتت بلێسنەوە...

دیسان هەرسێ وەرزی بەهار، هاوین و پاییز تێدەپەڕن و زستان دێتەوە، بێ ئەوەی تاقە جارێک ڕێککەوتی مار بکەیت... ئایا بوونی گورگەکان ڕێگرە لەوەی ئەو دەعبایە دەربکەوێت...؟! بە منداڵی لە دەمی (ئەتڵەس)ی دایکتەوە بیستووتە مار ڕوو لە شوێنێک ناکات گورگی لێ بێت، بەڵام خۆ (ئەتەی جانانە)، وەک ژنانی گەڕەک ناویان ناوە، هەر کاتێ ویستبێتی تۆ لە کارێ دوور بخاتەوە، دەمودەست چیرۆکێکی هەڵبەستووە، بۆیە کێ دەڵێت ئەوەیش ڕاستە...؟! تەمەنت پێنج شەش ساڵانە و شێتی شیرینیت، کەچی بۆ ئەوەی نەهێڵێت بیخۆیت، کۆمەڵێک چیرۆکت بۆ دەگێڕێتەوە و هەموویان باس لە خراپی شیرینی دەکەن... مەنجەڵێکی بچووک دەخاتە سەر ئاگرێکی کز... چوار کەوچکی چێشت شەکر، یەک گلاس ئاو و دوو کووپ شەربەتی لیمۆی تێدەکات... بەردەوام تێکی دەدات، تاکو خەست دەبێتەوە... ئەمە شیرینییەکە و پێی دەڵێن شیرە... دەسا وەرە دەمت ئاو نەکات و هەر بە گەرمی پەنجەی تێنەخەیت...!! ناوەکەی، (ش، ی، ر، ە)، بە تەنیا بەسە لێک بە لێوتدا بێنێتە خوارێ، کەچی ناهێڵێت تامی بکەیت، بەڵکو دەیباتە حەمام... سەرەتا نازانیت بۆ چییەتی... دوایی بۆت دەردەکەوێت تووکی لەشی پێ لا دەبات... کاتێ دێتە دەرێ و لە ژوورەوە خۆی بە خاولییەکی لاکێشەیی وشک دەکاتەوە، بۆنی شیرە لە گیانییەوە دێت و حەز دەکەیت بە زمان ڕان و سکی بلێسیتەوە... مەمکەکانی دەبریسکێنەوە... خۆتیان بۆ هەڵدەدەیت، تاکو بە پەنجە بیانلەرێنیتەوە، وەک بڵێی بتەوێت شیرەیان لێ بچۆرێنیتەوە... دەمارە شینەکان لەژێر ئەو پێستە تەنک و شەفافەیاندا وەک کرم دەردەکەون... دەمیان بۆ گۆکان دەکەنەوە... هێندەی دیکە تەفرەت دەدەن... بە قژی ڕەش و درێژی دایاندەپۆشێت... لەسەر نووکی پێ دەوەستێت، نەبادا دەستت پێیان بگات... دەیەوێت یاریت لەگەڵ بکات، بەڵام تۆ بە دڵت نییە... نازانیت پێت ناخۆشە ئەو هێندە درێژە، یان خۆت ئاوا کورتیت... جلەکانی لە بەر دەکات... دەرفەت دەهێنیت و دەچیتە حەمام... قاپەکە هێشتا هەندێکی تێدا ماوە... پەنجەی دۆشاوەژەتی تێدا نقووم دەکەیت و دەیخەیتە دەمتەوە... بە زمان تووکەکان لەنێوان لچولێوتدا فرێ دەدەیتە دەرێ، بەڵام چێژێکی سەیر لەو شیرینییە دەبینیت... دەگاتە لات و لێت دەستێنێت... لەسەر تاقەکەی دادەنێت... دوای نیوەڕۆ وەک ڕاهاتووە لە باوەشی باوکت دەخەوێت... دیسان دەرفەت دەهێنیت و بە ئەسپایی دەرگای حەمام دەکەیتەوە... مەنجەڵە گەورەکە هەڵدەگێڕیتەوە... دەچیتە سەر پشتی... ئێستا دەستت دەگاتە قاپەکە، بەڵام دیسان پەیدا دەبێتەوە... لێتی دەستێنێت... ئەم جارەیان بە دوو پەنجە گوێچکەت قایم ڕادەکێشێت... باوکت ئاگادار دەکاتەوە... ئەو دەچێت دارتاشێک دەهێنێت، کە چەرمی دەستەکانی هێندە ئەستوورن، کتومت لە مافووری کۆن و پەڕپووت دەچن... ددانەکانی هەڵوەربون و دەمی وەک تەڵەی مشک دێتە بەرچاو... قێزی لێ دەکەیتەوە... چەکوشێکی کلک درێژ، تەختەیەکی پان، دوو براکێتی ئاسن و مشتێ بزماری پێیە... لەو بەرزاییەی حەمام ڕەفێک دروست دەکات... لەمەوە دایکت هەر لەوێ قاپی شیرە دادەنێت... بۆنی زۆر خۆشە... تەفرەت دەدات... لێک

بە لێـوتدا دێتـە خـوارێ... جـارێکیـان دەرفـەت دەهێنیت... مـەنجـەلّە گـەورەکـە هەلّدەگـێـرێتـەوە... بچووکەکەی لەسەر دادەنێیت... دیمەنێکی فریودەرانەی هەیە... گیانت مێرووڵە دەکات... پەلەی ئەوەتە قاپی (شیرە)کە دابگریت... دەتەوێت لە مـەنجـەلّی یەکەمـەوە بگـەیتـە مـەنجـەلّی دووەم و لەوێوە دەسـتـێتی بۆ درێژ بکەیت... دەکەوێتە خوارێ... کاتێ چاوت هەلّدێنیت، وا لە نەخۆشخانەیت... دکتۆرە جووەکە (چوار تەقەلّ!) گـونتی دووریوەتەوە... لە مـاڵەوە بۆت دەردەکـەوێت بە سەر سێکوچکەی پرایمسدا کەوتوویت... ماکسـیـیـەکی سـووری (دلّشـان!)ی پوورزات لە بەر دەکـەن... ڕاسـتـە هەندێک کـورتە، بەڵام بۆ حـاڵەتێکی ئاوا گـونجـاوە... کاتێ هەنگاو دەنێیت، برینەکە دەتریوێنێت... خۆ ئەگەر بتـەوێت دیسـان مـەنجـەلّە بچـووکـەکـە بخـەیتـە سـەر گەورەکەوە و بچیتە سەری، ئەوە لە تاوی ئازار ناتوانیت قاچت بەرز بکەیتەوە... هەر چۆنێ بێت ئەو ماکسـیـیـەی (دلّشـان!!) زۆر لە بـیـجـامـەی خـۆت باشـتـرە، بەوەی دەتوانیت بە ئاسانی چمکی پێشەوەی هەلّبکەیت و لەو قەناغەیە بڕوانیت، کە نازانیت بۆچی دیمەنەکەی چێژت پێ دەبەخشێت... ئەگەر دەخوڕێت و زوو زوو بە نینۆک دەیکڕێنیت، ئەوە نیـشـانەی چاکـبـوونەوەیە..... مـاوەیەکـە تا ڕۆژێک (دلّشـاد)یت، ئەوە دە ڕۆژ (دلّشـان)یت... گـورگـەکانیش زیاتر بەوە ئاسـوودەن... خۆ لە منداڵییەوە ئاواتت خواستووە سەگێکت هەبێت و بۆ هەر شـوێنێ بڕۆیت، دوات بکەوێت... ئێـسـتـا نەک سەگ، بەڵکو چوار گورگی نێرت هەن و لە هەموو جوولّە و ئامـاژەیەکت تێـدەگـەن... جـوانـتـرین یاریت لەگـەڵ دەکـەن، کـە هەر کەسێ بتـانبـینێت، سـەرسـام دەبێت... دەسـا وایە، خـۆشـیی ئەو یاریـیـە لـەوەدایە لە بەرچاوی ئەوانی تردا بکرێت، بۆیە زۆر جار دەترسیت خـۆتت پێ نەگـیـرێت و بۆ شـار بگـەڕێیـتـەوە... ئەرێ چی ڕوو دەدات...؟! سـاتێ بەم شـێـوەیە دەتبـیـنن، چ کاردانەوەیەکیان دەبێت...؟! ئەو سالّەت لە بیـرە چۆن کاتێ دەچیتە ئەو گونده، یەک گورگت لەگـەڵ نیـیـە و کەسی تێدا نامێنێت، بێجگە لەوانەی لەگەڵ بیستنی هەواڵەکە دەمـودەست گیـانیـان دەردەچێت، ئەی ئاخۆ بە چوار گورگەوە بتبینن، سەرتاپێی شار چۆڵ نابێت...؟! شێوەیشت لە چاو ئەوسا زۆر گۆڕاوە... ناخیشت کەم و زۆر لەوەی جاران ناچێت... بەردەوامیش دەگـۆڕێیت... تاکو دێت قژت درێژتر، مەمکەکانت گەورەتر و سمتت پانتـتـر دەبێت... هەر دەڵێی لەوتەی هەیت ژنیت... شـوێنەواری (دلّشـاد) لە گـیـانتـدا نەمـاوە و تەنیـا (دلّشـان)یت... گـورگـەکـانیش ئەو گـۆڕانکاریـیـە بە دی دەکەن و لە سیما و هەڵسوکەوتیاندا دیارە، بەڵام هەرگیز تووشی مار نابیت... کاتێ ئەو دۆخە دێنیتە بەرچاوت، هەست بەبێ مـانایی و سـاردیی دنیـا دەکـەیت... کـوا ترس...؟! کوا ڕاچڵەکین و کوا دڵەڕاوکێ...؟! لەوەتەی گـورگـەکـان بوونەتە پاسـەوانت مـەترسی لەسـەر ژیانتـدا نەمـاوە، یان کـەم بووەتەوە... بەو هۆیەوە چێـژی ترس و تۆقینیشت لە دەست داوە... بە شێوەیەکی سەیریش بیر لە (سیامەند)ی پاسەوان دەکەیتەوە... هەمیشە دووڵّی لەوەی جارێکی تر بچیتـەوە ئەو گونده، تاکو هەواڵّی لە دەفتـەری بیـرەوەرییـەکانی مامۆستاکەدا بخوێنیتـەوە... کێ دەڵێت ئاوەدانیش کـراوەتەوە...!! هیـوا دەخـوازیت ڕۆژێک لێرە بیبینیتەوە، بەڵام لە ترسی گورگەکان کەس دەوێرێت بێـــرەدا بێت...؟! هەست دەکـــەیت کـــاتێ پاسەوانت هەیە، ئینجا ئەو پاسەوانە مرۆڤە، یان ئاژەڵ، قـورسـاییـەکی گـەورەت لەسـەر شـانە... ئێـسـتـا لە هەر کـاتێکی دیکە زیاتر بێـزوو بە شـتی تاڵەوە دەکـەیت... گیا، پووش، بەرد و خۆڵ نەماوە لەم دەوروبەرە نەیخەیتە دەمـتـەوە، بەڵام بۆ نەگـبـەتی هەمـوویان وەک (شـیـرە)ی سەردەمی منداڵی هەر شیرینن...

ئایا ژەهری مـار تاڵە...؟! بیـرۆکـەیەکی سـەیر بە خەیاڵتدا دێت... سەرەتا ناوێریت ڕووبەڕووی ببیتەوە، بۆیە بە لاوەی دەنێیت... هێندەی پێ ناچێت، دێتـەوە و یەخەت دەگرێتەوە... ئاسان نییە چوار گورگ بکوژیت، کـە بە دایکی خـۆیانت دەزانن، هەر بۆ ئەوەی چانسی بینینی مارت زیاتر ببێت، لە کاتێکدا نازانیت ئاخۆ حەز دەکەیت پێی بگەیت و ژەهرەکەی بچێتە لەشتەوە، یان نا... لەوە زیاتر ناتەوێت پاڵ بەو بیرۆکەیەوە بنێیت و لە خۆتی دوور بخەیتەوە، لەبەر هیچ نا، بەڵکو لەبەر ئەوەی بە نەکـردنی، هەست دەکـەیت ژیانت مـانای هەیە، لە کـاتێکدا تۆ لە مـاوەی ئەو چەند سـاڵەدا لەگـەڵ بێ مانایيدا ڕاهاتوویت... ئەگەر لە چیرۆکێکی ئەفسانەییدا بگوترێت ژنێک بە تەنیا چوار گورگ دەخنکێنێت، کەس باوەڕ ناکات، یان لە چوارچێوەی گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا دەیهـێـنن بەرچاو، بەڵام ئەوەتا بۆن بۆگـەنیـان دنیـای هەڵگرتووە و هیچ سەرێکیش سووڕ ناهێنێت... هەموو

ئەوانە بێ هوودەن، ئەگەر تۆ نە ڕێککەوتی مار بکەیت و نە (سیامەند) ببینیتەوە... ڕاستییەکەیشی لات ڕوون نییە ئاخۆ تۆ گورگەکانت کوشت، تاکو ژەهری مارت دەست بکەوێت، یان لە مرۆڤ نزیک بکەویتەوە... وای لێ هاتووە خەڵک بێ ترس دێنە لای ئەشکەوتەکەت... بەوەدا گۆرانییەکەی (سیامەند لاوکزاد) دەڵێنەوە، دەزانیت پاسەوانە تایبەتەکەت پێی گوتوون دەعبایەکی بەستەزمانی ئاوا زەندەقی لەو بەندانە دەچێت و ناوێرێت لە کونەکەی بێتە دەرەوە... ئەمەیش مانای وایە ئاگای لە هەموو شتێکتە.....

* * *

(ئەوە جاری دووەمیەتی سواری فڕۆکە دەبێت).

وێستم بڵێم ئەوە جاری دووەمیەتی بە فڕۆکە سەفەر دەکات، بەڵام زوو فریای زمانم کەوتم و گۆڕیم... ئایا چ ئەمەیان و چ ئەوەی پێشووی، کە زیاتر لە پازدە ساڵێ بەسەردا تێپەڕیوە، پێیان دەگوترێت سەفەر...؟! هاوینی نەوەدودوو بە قاچاغ لە تورکیاوە سەر دەکەوێت و کاتێک دەزانێت خۆی لەم وڵاتە دەبینێتەوە... ناتوانێت هیچ شتێک لەبارەی گەشتەکەیەوە بۆ خۆیشی بگێڕێتەوە، چ جای بۆ ئەو پۆلیسانەی لە فڕۆکەخانە بەردەوام پرسیاری لێ دەکەن و دەیانەوێت زانیارییەکان لای خۆیان تۆمار بکەن... چۆن هاتووە و کێ ناردوویەتی...؟! لە فڕۆکەخانەی چ شارێک بە ڕێ کەوتووە و لە هی کام شار ترانزێتی هەبووە...؟! ئەمانە و زۆری دیکە... هێندەی لە بیر ماوە بەپێی ڕێنوێنی قاچاغچی پاسپۆرتە ساختەکەی لە تەوالێتی فڕۆکەکە دڕاندووە و کردوویەتییە پارچەی ورد ورد، بەو مەبەستەی کاتێ سیفۆنەکە ڕادەکێشێت، ئاوەکە بە خوڕ بیانخاتە کونەکەوە و شوێنەواریان نەهێڵێت، نەبادا بزانن لە کوێ هاتووە و بۆ ئەوێی بگەڕێننەوە... دەنگێکی هێندە بەرز و ناکاوی لێ هەڵدەستێت، کە هەرگیز چاوەڕێی شتی وای نەکردووە... تەوالێتەکانی سەر زەوی زۆر بەبێ دەنگی ئەرکی خۆیان ڕادەپەڕێنن، بەڵام ئەوانەی ئاسمان بۆچی هێندە ترسناکن و وەک هەورەتریشقە دەهارێنن...؟! بەوە زیاتر زەندەقی دەچێت... دوور لە خواستی خۆی هەردوو دەستی دەخاتە ناو ئاوەکەوە، گوایە دەیەوێت کپی بکات... ئاخر لەو کاتەوە پێی ناوەتە فڕۆکەخانە و دواتر سواری فڕۆکە بووە، لەو ژاوەژاوە ترساوە... وەک بڵێی هەموو ئەو دەنگانە لە ناخی ئەو بێنە دەرێ، بەردەوام بە پەنجە دەمولووتی دەگرێت... خۆ گوێچکەکانی زۆر لەوان زیاتر جێگای پەرێشانین، بەڵام دەبێت بە پلەی یەکەم متمانە بکاتە سەر ئەوان، تاکو بەپێی ئەو وشانەی لە دەمی کاپتنەوە دەردەچن، بجوولێتەوە... ئەگەر بە دەستی بێت ناهێڵێت هەناسەیش بدات... بەڵێ، ئەمانە هەموو ئەو شتانەن، کە لە ماوەی سەفەرەکەیدا بیری دەکەونەوە، بەڵام ناکرێت بە پۆلیسیان بڵێت، بە تایبەتی دڕاندنی پاسپۆرتە ساختەکەی، کە قاچاغچی پێی گوتووە بە هیچ شێوەیەک نابێت بە لایدا بچێت... خۆ ئەو پیاوە کەتەیە کاتێ یەکەم جار دەیبینێت و سەرنج لە ڕوخساری دەدات، لەژێر سمێڵی زلی پێدەکەنێت و پێی دەڵێت:

– پێویست بە ترس و دڵەڕاوکێ ناکات... تۆ قژت زەردە و چاوەکانت شینن... لە ئەوروپی دەچیت... خۆ ئەگەر لە ماوەی ئەم چەند مانگەی لێرە دەمێنیتەوە، قژت درێژ بکەیتەوە، ئەوە شێوەت زیاتر لە هی ئەوان نزیک دەبێتەوە... مادام ئینگلیزییش بە چاکی دەزانیت، دەسا وا بزانە بە پاسپۆرتی خۆت سەفەر دەکەیت.

هەر ئەو ڕستەیە (وا بزانە بە پاسپۆرتی خۆت سەفەر دەکەیت)، زیاتر هێزی لێ دەبڕێت، بەڵام دەیەوێت بەسەر ئەو ترسەیدا زاڵ ببێت، نەبادا پەشیمان ببێتەوە و ئیشەکەی بۆ نەکات... هێندە نابات بە گوتەیەکی دیکە پتر ئەژنۆکانی دەلەرزێنێت:

– ناوێکی ئەوروپییشت بۆ هەڵدەبژێرم، کە لە هیچ کۆنترۆڵێک ڕاتنەگرن.

هەر لەوەتەی هەیە ترسی لە ڕەنگی قژ و چاویەتی، بێ ئەوەی هۆکارەکەی زانیبێت... ڕاستییەکەی چ دایک و چ باوکیشی قژیان زەرد بوو، کە بە حاڵ بیری دەکەونەوە... وێنەکانیان ئەگەرچی ڕەش و سپین، بەڵام دیارە هەمان ڕەنگیان هەیە... هەردووکیشیان ناویان (دڵشاد)ـە... ڕاستە دایکی بە (دڵشان) بانگ کراوە، بەڵام لە دۆکیومێنتەکاندا هەر (دڵشاد)ـە... بەو هۆیەوە لە قوتابخانەیش زۆر گاڵتەیان پێ کردووە و ئازاری دنیای بە دەست هاوپۆلەکانییەوە چەشتووە... بەیانییەک کاتێ چاو دەکاتەوە، نەماون... دواتر تاوانی کوشتنی باوکی دەخرێتە پاڵ پاسەوانەکەی، بێ ئەوەی تەرمەکەی بدۆزنەوە، بەڵام خۆ کەس نازانێت دایکی چی بەسەر هاتووە... ئایا پێکەوە کوژراون...؟! نازانێت... ئەوەندەی لا ڕوونە لە یەک کاتدا دیار نەماون... زۆر جار لە خۆی پرسیوە ئایا ئەو چارەنووسە هاوبەشەیان هیچ

پێـــوەندییـــەکی بە ناویانەوە هەیە...؟! ئەو ڕۆژەی قـاچاغـچی پاسـپۆرتە سـاختـەکـەی بۆ دەهێنێت و پێی دەڵێت ناوی (دانی دانیـــەڵ Danny Daniel)ی بۆ هەڵبژاردووە، ئەو خێرا نزیکییەکەی نێوان ناوی (دڵشان و دڵشـاد) و (.... و ....)ی بیر دەکـەوێتـەوە و زیاتر دڵی دادەخورێت... دەسا (دانا و دانی) تەنیا لە پێتی کۆتاییاندا جیاوازییەکی کەمیان هەیە، بەڵام ناتوانێت پێی بگۆڕێت و ناچارە بەم ناوە شـوومـەوە بچـێـتـە فرۆکەخانەی ئیستەنبوڵ... خۆ هەر ناوێکی تریش بێت، ئەو بە هەمان ئەندازە لێی دەترسێت... سەیرەکە ئەوەیە، کـاتێ پۆلیس لەم وڵاتە لێی دەپرسن ناوی چیـیـە، لە شپرزەییان هەر ئەوەیان پێ دەڵێت، کە لەسەر پاسپۆرتە ساختەکـەدا نووسراوە، ئەوەی پارچە پارچە کـرا و ئاوی تەوالێـتـەکـەی فـرۆکـە قـووتی دا... بەو مـەبەسـتـەی ئەو هەڵەیە چارەسەر بکات، دەڵێت خـەڵکی عـەنکاوەیە... لەمـەوە دەبێتە (دانی دانیـەڵ) و لە هەمـوو شوێنێک ئاوا بانگ دەکـرێت... دۆکـیـومـێنتەکـانیشی هەر بەم ناوە بۆ دەردەکـەن... بەڵام مێژووی لەدایکبوونەکە هی خۆیەتی، ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی پەنجاوشەش... تەمەنی سی و پێنج سـاڵە... درێژیی (۱۸۸) سانتیمـەترە... کێشی هەشتاودوو کیلۆیە... ڕاستییەکەی زیاتر بوو، بەڵام ئەو چەند مـانگە لە تورکیـا حـەوت کـیلۆ دابەزی... قـژی بە پێـچـەوانـەوە کـورت بوو و بەپێی ڕێنوێنی قـاچاغـچی درێژی کـردەوە، بۆ ئەوەی نەزانن پەنابەرە... لە دواوە بە لاستیکی ڕەش دەیبەستێت... ئێستا هەر بە ڕاستی لە (سـتـیـڤ پێـری Steve Perry)ی گـۆرانـیـبـێـژی ڕۆک دەچێت... ئەو ڕۆژەی شـــەڕی عـــێـــراق و ئێـــران هەڵدەگیرسێت (دانە)ی کچی (د. نیهاد ئەلەناری) پێی دەڵێت چەند دەیبـیـنێت، ئەو هونەرمـەندەی بیـــر دەکـەوێتەوە... خۆ ئەگـەر قژی درێژ بکاتەوە، یان پاروک لە سـەری بنێت، ئەوە هێندەی تر شـێـوەی لەو نزیک دەبێتەوە... زۆر بەو قسـەیە تێک دەچێت، کەچی هەوڵ دەدات ڤیدیۆی سەرجەم گۆرانییەکانی دەست بکەوێت...

پێـشـتـر لە سـەردەمی زانکۆ لە تەلەڤزیۆن دیویەتی و هیچ سەرنجی ڕانەکێشاوە، بەڵام ئێستا بە شێوەیەکی تر لێی دەڕوانێت و گوێی لێ دەگرێت... ڕاستییەکەیشی لە ڕۆژگارێکی ئاوادا، کە بەشداریی لە سەربازی نەکردووە و زۆربەی کـات لە کـونجی ژوورەوەیە، مـوزیکی ڕۆک بە گـشـتی و باندی (جـۆرنی Journey)، واتە باندەکـەی (ستیڤ پێری) بە تایبەتی دەتوانێت کەمێک بێ دەنگیی ماڵە چۆڵەکەیان بشـڵەقێنێت، کە خۆیشی نازانێت بۆچی لەوەتەی زانکۆی تەواو کـردووە هێندە ڕقی لە ئارامی و شـێـتی ژاوەژاوە... دەنگی بەیسگیـتـار، گـیـتـاری کـارەبایی، درەمکیت و ئۆرگن نەبن چی دەتوانێت ئەو دۆخە بشێوێنێت...؟! ڕاستیتان دەوێت چێژی موزیکی ڕۆک لەوەدایە بەرز بێت، بەڵێ، هەر زۆر زۆر بەرز بێت، کە ئەمە گرفتی بۆ دروست دەکات، بەوەی ڕۆژانە تەرمی سەربازەکـان لە بەرەکـانی شـەڕەوە بۆ شـار دەهێننەوە... هەر ئەم گـەڕەکـەی ئەوان زیاتر لە دە تەرمی ئەفـسـەر و سـەربازی بۆ هاتووەتەوە... نەچوونی ئەم بۆ سـەربازی، دوورونزیک پێـــوەندی بە هەڵوێســـتـی نەتەوەیی، شۆڕشگێڕی، کوردایەتی و شتی دیکەی لەم بابەتەوە نییە وەک ئەوەی لای تۆێژی ڕۆشنبـیـراندا باوە، بەڵکو بە کـــورتی ڕقی لە هەر شـــوێنێکە قـــەرەبالّغ بێت... قـەرەبالّغی بۆ ئەو پێـچـەوانەی چۆڵی نیـیـە، بەڵکو مانایەکی زۆر تایبەتی هەیە... ئۆردووگای سەربازی بە قـەرەبالّغـتـرین شـوێن دەزانێت، بەوەی دەبێت هەمـوو جوولّەیەکی لەشی لەگەڵ هی ئەوانی تردا ڕێک بخات... پێوبستە دەستی چەپ و قاچی ڕاستی پێکەوە و قاچی چەپ و دەستی ڕاستیشی پێکەوە بجوولێنێت و هاوکات نەهێـلّێت هارمۆنیی خۆی و ئەوان بشـێـوێنێت... ئەمـە پێی دەگـوترێت قـەرەبالّغی و خـۆی تێدا نابینێـتـەوە... ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەیش بێت هێندە بە دەســـتـــپـــەڕ ئاسوودەیە و تا ئەم ساتە، کە تەمـەنی لە بیست و سێ تێدەپەڕێت، نەیتوانیوە بە ویستی خۆی جەستەی ڕووتی لە جـەسـتـەیەکی تر (نزیک!) بخـاتەوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو لەو چوار سـاڵەی زانکۆدا یەک جـاریش نەچووەتە ناو هیچ هەڵپـەڕکێییەکەوە... ئەوەی نایزانێت و نایەوێت فێریشی ببێت، هەڵپەڕکێییە بە هەمـوو جۆرەکـانییـەوە... لە موزیکی ڕۆکدا کەم و زۆر قەرەبالّغی بەدی ناکات... هیچ یەکێ لە ئەندامـانی ئەو بانده بە جـوولّەی ئەوانی تردە پێبەند نییە، بەڵکو هەر یەکـەی ئازادە چۆن لەشی دەبزووێنێت... تەقـلّـــە لێ دەدات، لەســـەر دەم پاڵ دەکەوێت، جلەکانی لە بەر خۆی دادەڕێت، جوێن دەدات، قژی درێژی وەک قـومـاشی ئاوریشم بە شێـوەی بازنەیی ڕادەوەشـێنێت و هەرچی دەکـات، ئارەزووی خـۆیەتی... سـەیر ئەوەیە، نە سـەری لە مـوزیک دەردەچێت و نە ڕۆژگـارێکیش ویسـتـوویەتی فـێـری ژەنینی ئامـێـرێک

ببێت، بەڵکو وەک خۆی بەردەوام دەڵێت لەناو هەموو ئامێرەکانی موزیکدا تەنیا دەزانێت دەستپەڕ لێ بدات، بێ ئەوەی وێنەی دیاریکراوی کەسێک بهێنێتە بەرچاوی، لە کاتێکدا کەم کوڕ هەیە وەک ئەو دەرفەتی باشی بۆ ڕەخسا بێت... جارێ ئەوە (دانە)ی کچی (د. نیهاد ئەلەناری) هەر لە منداڵییەوە بە ئاشکرا شەڕی پێ فرۆشتووە، کەچی ئەم خۆی لێ لا داوە... ئەوان ئەگەر ناویان بە شێوەیەک لە شێوەکان لە یەکتر دەچێت، ئەوە چیرۆکی خۆی هەیە... (د. سامان)ی پووری لە کۆلێژی پزیشکیی بەغدا ئەو پیاوە دەناسێت، کە پێکەوە دەخوێنن... وەک دەڵێن یەکتریشیان خۆش ویستووە، بەڵام چەند هۆکارێک نەیانهێشتووە (د. سامان) بەردەوام ببێت... یەکێ لەوانە پێوەندیی بە (دانا)وە هەیە... نەنکەکانی، (پەرهەنگ) و (ئەتڵەس) دوای ونبوونی لەناکاوی کچ و کوڕیان ئەرکی بەخێوکردنی لە ئەستۆ دەگرن، بەڵام هەر ئەوسا بڕیار دەدەن بۆ قاهیرە بگەڕێنەوە، ئەو شارەی لێی لە دایک بوون، چونکە دەڵێن وا ئاسانترە دوای ئەو کۆستە گەورەیە ژیانیان لە شارێکدا بەسەر ببەن ڕووباری پیدا بڕوات، بە تایبەتی ئەوان تەمەنی گەنجییان بڕیوە و وردە وردە لە پیری نزیک دەبنەوە... میردیشیان ڕازی دەکەن، بەڵام (سامان)، کە تازە کۆلێژی تەواو کردووە و بووەتە دکتۆر، پێ لەسەر مانەوە دادەگرێت و ناهێڵێت (دانا)یش لەم شارە دوور بخەنەوە... ئەوان هەرچواریان بە تووڕەیی دەڕۆن و بڕیار دەدەن نەک هەر نەگەڕێنەوە، بەڵکو نەهێڵن (سامان) هیچ هەواڵێکیان بزانێت، بۆ ئەوەی بەرگەی ئەو بارە قورسە نەگرێت و مانگی بۆ لای ئەوان بگوازێتەوە، لە کاتێکدا چاک دەزانن ئەو کچە چ کەللەڕەقێکە و هەر لە منداڵییەوە بەو خەسڵەتەی دەناسرێتەوە... لەمەوە (سامان) جێگای دایک بۆ (دانا) دەگرێتەوە و دەست لە خۆشەویستەکەی هەڵدەگرێت... (نیهاد) ئەوسا لەگەڵ دکتۆرێکی چاو، ژیانی هاوسەرگیری پێکدەهێنێت... ئەو کچەیان دەبێت و ناوی لێ دەنێن (دانا)، بەڵام لە زمانی عەرەبی لەجیاتی (ا) دەنووسن (ـە)... هەر جارێ (دانە) پێی دەڵێت هەمان ناویان هەیە، ئەم بێ ئەوەی لە هۆکارەکەی تێبگات، تووڕە دەبێت و بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوە:

– وا نییە...! دانە بە زمانی خۆتان واتە مرواری، بەڵام ناوی من بە کوردی مانایەکی تەواو جیاوازی هەیە.

ئەو قاقا لێ دەدات و پێی دەڵێت:

– کام جیاوازییە...؟! دڵت بەوە خۆشە ناوی تۆ بە دریژێک تەواو دەبێت و هی من بە بازنەیەک، بەڵام کێ دەڵێت وایە...؟!

ئەگەرچی چوار ساڵ دوای ئەم هاتووەتە دنیاوە، بەڵام زمانی لە هی ئەو ڕەوانترە و دەتوانێت هەمیشە تووڕەی بکات... (دانا) ئاگای لێیە چۆن پاش ئەوەی دایکی (دانە) بە شێرپەنجەی مەمک دەمرێت، باوکی هەوڵ دەدات خۆشەویستییەکەی لەگەڵ پووری نوێ بکاتەوە، بەڵام ڕوون نییە ئەو بۆچی بەردەوام دەست بە ڕوویەوە دەنێت... ئایا وەک برازاکەی لە قەرەبالّغی دەترسێت...؟! ئەوەندە هەیە پێوەندییەکەیان ناپچڕێنن... زۆر جار (دانە) بە تایبەتی لە پشووی هاوینان لە بەغداوە هاتووە و مانگێ لایان ماوەتەوە... پووری بە حوکمی پیشەکەی زۆر کەم دەکەوێتە ماڵەوە... کاتێکیش دێتەوە، هێندە ماندووە زوو خەو دەیباتەوە، یان سەری بەسەر ئەو کتێبە قەبانەدا دەژەنێتەوە و لەناویاندا گوم دەبێت، کە ناوی هەزاران حەب و دەرمانیان تێدایە و هێڵکاریی سەیر سەیر و ئاڵۆزیان بۆ کراوە... (دانە) بە هەموو شێوەیەک دەیەوێت (دانا) تەفرە بدات، بەڵام دڵی بە لایدا ناچێت... جوانییەکەی بێ وێنەیە... لە پۆشینی جلوبەرگ و خۆڕازاندنەوەدا خاوەنی وردبینییەکی سەیرە... ئەو کاتانەی لایان دەمێنێتەوە، هەرزەکار و گەنجی شار، بە تایبەتی ئەوانەی گەڕەکەکانی خوارێ، بە پێ، بە پایسیکیل و بە ئۆتۆمبێل دانیشتووی ئەم کۆڵانە هەراسان دەکەن و دەستیان لەسەر هۆرن هەڵناگرن... بۆ هەر لایەک دەڕۆن، دوایان دەکەون... (دانا)یش بەو قەرەبالّغییە تێک دەچێت... بەردەوام لەژێر لێوەوە دەبۆڵێنێت... ئەوان توانجیان تێدەگرن... گۆرانیی (دانە دانە)یان بۆ دەڵێنەوە و قاقا لێ دەدەن... جارێکیان لە خۆی دەپرسێت ئەوە هیچ پێوەندی بە ناویانەوە هەیە، کە سەرەڕای ئەو هەموو جوانی و ناسکییەی دڵی بۆی نابزوێت...؟! بەڵام خۆ لەگەڵ (سۆزان)یش وایە، ئەو کچە گەنمڕەنگەی ئێواران لە کلینیکی (د. سامان)ی پووری ناوی نەخۆشەکان لە فایلی بەردەمی دەنووسێت و ژمارەیان دەداتێ... پاڵتۆی سوور دەپۆشێت و دەنگی تۆنێکی زۆر خۆشی تێدایە... بە هۆی ئەوەی لە هونەری ئامادەکردنی چێشت و زەڵاتەدا شارەزایە، جار جار لەسەر داوای (د. سامان) دێت و

مـێـزی ناندینیـان بۆ دەڕازێنێـتـەوە... ڕۆژێکیـان بە ئەسـپـایی خـۆی دەگـەیەنێـتـە ژووری (دانا) و زۆر ڕووقـایمانە دەمی دەخـاتـە ناو دەمی، لە کـاتێکدا ئەو لەسەر پشت خەوتووە... خۆی هەڵداتە سەری و تەکانی پێ دەدات، بە ڕادەیەک جیـرەجیـرێ تەختەکەی دەگـاتە کـــۆڵان... ئەم چاوی دەکـــاتەوە و وا دەزانێت خـــەون دەبینێت... پاڵی پێـــوە دەنێت و دووری دەخـاتـەوە... (سۆزان) لە کاتێکدا قژ و جلەکانی ڕێک دەخاتەوە، پێی دەڵێت:

– ئەوە دەڕۆم، خـوێنساردی لووتبەرز، بەڵام بزانە چۆن ڕۆژێک پەشیمانم دەبیتەوە و دێیت لێم دەپارێیتەوە...!

لە دڵی خۆیدا دەڵێت: ((تۆ بڵێی وا بێت...؟!))... هەست دەکـــــات نە (دانـە) خـــــۆشی دەوێت و نـە (ســـۆزان)یش، بەڵکو ئەوە بە تاکـە ڕێگا دەزانـن بچنە ناخی و نهێنییـەکانی ئاشکرا بکەن... بە هەرحاڵ ئەوەتا تەمـەنی دەبێتـە بیست و پێنج پاییـز و یەکەم جـارە ئاوا دەمی بەر دەمی کچێک دەکەوێت... بە دەست خۆی نییە قاقایەکی بەرز لێ دەدات، کە بە دەگمەن قاقای ئاوای لە ژیانیدا لێ داوە... پووری دەرگای ژوورەکەی دەکاتەوە و بە ســەرسـوڕمـانـەوە لێی دەڕوانێت، بێ ئەوەی هیـچی لەگـەڵ بڵـێت... ساڵێکە شـەڕ هەڵگیرساوە و زۆر کـەم دەرەوەی دیوە... دەترسێت بیگرن و بیـخـەنە زیندانەوە، کە یەکێکە لە شوێنە هەرە قـەرەبـاڵغـەکـان... لە مـاڵەوە بەردەوام خەریکی گوێگرتنی موزیکی ڕۆکە... جار جار کـتـێـبـێک بە دەسـتـەوە دەگـرێت، بەڵام زوو لێی بێـزار دەبێت و فـڕێی دەدات... هەر بە گـشـتی چارەی پیـتـی ناوێت... پووری نەبووایە نەک زانکۆ، ســەرەتـاییـــشی نەدەخوێند... ئەو لە منداڵییەوە شێتی یاریی فوتبۆڵە و بە چاکـتـرین یاریکەری گـەڕەک و قـوتابخانە ناسراوە، بەڵام سەرەڕای سەرسامبوونی مامۆستا و ڕاهێنەرەکانی بـەو بەهـرەیـەی هەیـەتـی، هـیـچ کـــــاتـێ ئـەوەیان لـێ نەشـاردووەتەوە مـادام ئەو هەرگـیـز پێناکـەنێت و ڕووی گرژە، ئەوە ناچێتە دڵی جەماوەرەوە و سـوودی نییـە... یاریکەری ڕاســتـــەقـــینـە ئەوەیە بزەی ســەر لێـــوی ناکوژێتەوە... زوو زوو فیکە لێ دەدات و دەقیژێنێت... بە هەرحـاڵ ئەو لە ناخـەوە حـەزی لەو یاریـیـەیە و بەو قـســانە ســارد نابێـتـەوە، بۆیە لە کـۆلێـژی پەروەردەی وەرزشـیی بەغـدایش دەخـوێنێت... ســەیر ئەوەیە، بۆی دەردەکـــەوێت ئەو یاریـیـــە یەکـێکە لە شـــتـــە هەرە قـەرەبـاڵغـەکـان... ڕاسـتـە لە ڕوانگەوە جـوولەی هەر یاریکەرێک لەوەی دیکەیان جـیـاوازە، بەڵام کـاتێ بە چاکی لە پرۆسێسەکە ورد دەبیتەوە، ئینجا دەزانیت وا نییـە... مـادام هەر یازدەیان لەپێناو ئەوەدا دەجوولێن تۆپەکـە بە ناو ئەو چوارچێوەیەدا تێبـپـەڕێنن، کـە ناوی گـۆڵە، ئەوە لەو کـاتەدا هەمـوویان دەبنە یەک... ئەوەی جوولەی تێکڕایان ڕێک دەخات، نەشئەی گۆڵکردنە لە کـــاتی بردنەوەدا و چەشـــتـنی ناســـۆرە لە ســـاتی گۆڵخواردندا... چ نەهامەتییەکی گەورەیە، نەخێر، تۆ بڵێ چ نائومێدییەکی دڵتەزێنە دوای چوار ساڵی خوێندن بەو ئەنجامە بگەیت...! ئەم جارەیان ڕوو لە یاریی تێنس دەکات، کە پێشتریش کەم و زۆر خەریکی بووە و تێیدا شارەزایە، گوایە تاقە یاریـیە قەرەبـاڵغ نەبێت، بەڵام هەر زوو دەگاتە ئەو باوەڕەی یاریی تێنس و جووتبوون لەگەڵ هاوسەردا بە شێوەیەک لە شێوەکان وەک یەک وان و پڕن لە قەرەبـاڵغی، بەوەی لە هەردووکیاندا دژەکان ناتوانن بە تەنیـا بیکەن و هەر یەکـەیشی ئامـانجی ئەوەیە بەسـەر تەختەکەدا زاڵ ببێت... لە ئەنجامیـشدا ئەوەی مـانای نامـێـنێت خـودی تەخـتـەکـەیە... ئەمـە گـەورەترین قەرەبـاڵغـیـیـە... موزیکی ڕۆک فریای دەکەوێت، ئەگینا ئاسـان نـیـیـە هەست بکات یەک بەهرەی نەمـاوە و ناخی هێندە چۆڵە وەک ئەشکەوت دەنگ دەداتەوە.....

(د. نیهاد) لەپاڵ پیشەکەیدا بەهرەی عوودژەنینی هەیە و دەنگیـشی خـۆشـە... ئەم دەڵێت خـۆشـە، ئەگـینا بە شـایەتیی (مـونیر بەشـیر)ی هونەرمەند دەگـمـەنە، بەڵام نایەوێت بناسـرێت، بەڵکو تەنیـا لە شـوێنی تایبـەت گۆرانی دەڵێت... هەر جارێ بێتە سەردانیان عوودەکەی لەگەڵ خۆی دەهێنێت... حەزیشی لێیە کەمێک، زۆر نا، وێسکی لە جـۆری (جـاک دانیلز)، یان ڕەم لە جـۆری (کـاپتن مـۆرگـان) بخواتەوە و نەشئەیەک وەربگرێت... کاتێ دەگاتە ئەو ئاوازانەی ڕیتمی خێرایان هەیە، پووری و (دانە) هەڵدەستن و سەمـای بۆ دەکـەن... ئەم دەست و ئەو دەستی ئەویش ڕادەکێشن، بەڵام قـاچی لەگەڵ زەوی جـووت دەکـات و نایەوێت بەشـدار ببـێت... ئەم و ســەمـایان نەگـوتـووە... نازانێت، یان باشـتـرە بڵـێین ناتوانێت جەسـتـەی خۆی لەگـەڵ جەسـتـەیەکی دیکەدا بجـوولێنێت، ئینجـا ئەو جـوولـەیە بۆ هەر مـەبەسـتـێک بێت... تەنیا لەم کاتانە دەزانێت پووری تاکو ئەو ڕادەیە جوانە... ڕاسـتـە تەمـەنی وا لە پەنجـا نزیک دەبێتـەوە،

بەڵام بەو جلانەوە چەند بڵێی گەنج دەردەکەوێت... ئەو تەنکە سووراوەیشی زۆر لێ دێت... هەست دەکات پیشەکەی ڕێگرە لەوەی دەست بە خۆیدا بهێنێت، بۆیە ڕۆژانی ئاسایی جوانییەکانی وەک پێویست دەرناکەون... دەبێت ئەوەیش بگوترێت کاتێ سەفەر دەکات، بە شێوەیەکی سەیر خۆی دەڕازێنێتەوە... ئێستا بە دەم سەماوە سمتی لە هەر ئەندامێکی دیکەی جەستەی دڵگیرتر دەجوڵێنێت... قژی خاوی، کە بە ستایلی فەڕەنسی بڕیویەتی، لەسەر پێستی سپیی دەموچاو و ملیدا هەڵدەبەزێتەوە و هێندەی دیکە دیمەنی سەرنجڕاکێش دێنێتە بەرچاو... جار جار شانی ڕووتی لە شانی بڕۆنزیی (دانە) دەخشێنێت و قژی تێکەڵی قژی ئەو دەبێت... بەڵام هەموو ئەو شتانە چ مانایەکیان هەیە، بێجگە لە شاردنەوەی بێزاری...؟! ئەگەر بۆ ئەوە سەما بکەیت بێزاری لە بیری خۆت ببەیتەوە، دەبیتە قەشمەر و لەپێش هەر کەسێکی تڕەوە خۆت گاڵتەت لە خۆت دێت... ئەوان لەوەتەی شەڕ هەڵگیرساوە زوو زوو دێن و ئاهەنگ دەگێڕن... گەرمترینیان ئەوەیە، کە بە بۆنەی دەرچوونی (دانە) لە بەشی ئینگلیزیی کۆلێژی ئادابەوە دەکرێت، بەڵام ئەم وازی لەوە هێناوە لایان دابنیشێت... یەکەم جارە (دانە) بە ڕاستی دڵی لێی بشکێت و نەیەوێت قسەی لەگەڵ بکات... زۆر بە بێ دەنگی بۆ بەغدا دەگەڕێتەوە... (دانا) پێی وایە ئیتر چاوی پێی ناکەوێتەوە، بەڵام دوای شەش مانگ دیسان لەگەڵ باوکی دێتەوە... عوودەکەیشیان پێیە... سەرجەم ئاماژەکان وای دەردەخەن ئەوەی ئەم جارەیان دوا سەفەرە و ئیتر نایانبینێتەوە... شەڕیش پێی دەخاتە سااڵی سێیەمەوە... لەوەیش تێناگات (داده کەژێ) لە کاتێکی ئاوادا بۆ لێرەیە... چ ئیشێکیان پێیەتی...؟! لەمێژە ئەو ژنە نەهاتووەتە ماڵیان... ڕاستییەکەیشی دڵی لە (دانا) شکاوە... خۆ وەکو دایکی وایە... (د. سامان) پێویستی بە ژنێکە ئەو کاتانەی لە دەوامە برازا چوارساڵانییەکەی بە خێو بکات و لەو چاکتر نادۆزێتەوە... تازە مێردی کۆژراوە و کۆڕێکی هاوتەمەنی ئەوی هەیە... نازانێت ئەوە ژنی (ئادەمی بەگمە ڕەش)ـە... یەکەم دزی شارە و دزیی لە سەدان کەس کردووە... دوو خەسڵەتی هەن و لە هەموو هاوپیشەکانی جیای دەکەنەوە، یەکەمیان، تەنیا بە ڕۆژ هەڵدەکوتێتە سەر ماڵان و بە فێڵی سەیر سەیر دەرباز دەبێت... دووەم، (کەژێ)ی ژنیشی لەگەڵ خۆی دەبات، بەوەی لەو کەمتر لە هونەرەکانی دزی شارەزا نییە... ڕاستییەکەیشی هەر لەو ڕێیەوە ناسیویەتی... ئەمەیش هێندەی دیکە ناوبانگی بە شاردا بڵاو کردووەتەوە، بەوەی پیاوێکی بێباکە و شەرەفی خۆی دەخاتە مەترسییەوە، بەڵام جارێکیان کابرایەکی دەوڵەمەندی نیشانشکێن دوو گوللەی لێ دەدات و لەسەر دیوارێکی بەرزەوە فڕێی دەداتە خوارێ... هاوڕێیەکی گوتوویەتی ژنی ئەو پیاوە دەنکی بووە و ناپاکی لێ کردووە... (ئادەمی بەگمە ڕەش) ویستوویەتی لە ماڵەکەی ئەودا خۆی بە کوشتن بدات، بۆ ئەوەی ژنەکە تا ماوە بەو ئازارەوە بتلێتەوە، ئەگینا نەدەپێکرا... بەڵگەیشی ئەوەیە یەکەم جارە لە کاتی دزیدا هاوسەری لەگەڵ نەبێت... (د. سامان) کاتێ ئەو چیرۆکانە لەبارەی ئەو ماڵەوە دەبیستێت، خێرا (داده کەژێ) دەردەکات، بەڵام (دانا) بە شێوەیەک هۆگری ئەم و (بەرزۆ)ی کوڕی بووە، مەحاڵە بتوانێت لە بیر خۆبانیان بباتەوە... بەردەوام دەگرێ و ژیر نابێتەوە، بۆیە ناچار دەیانهێنێتەوە... خەڵک پێی دەڵێن چاوەڕێ نەکەیت ئەو برازایەت دایەنێک پەروەردەی بکات، کە نەک هەر خۆی دزە، بەڵکو ژنی گەورەترین دزی شاریشە و سبەینێ بە دڵی تۆ دەربچێت، بەڵکو لات ڕوون بێت وەک یەکێک لە تاوانباره ناقۆاڵکان دەناسرێت، بەڵام ئەو تازە هیچی لە دەست نایەت... هەر لە زووەوە جیاوازییەکی ڕوون لەنێوان (دانا) و (بەرزۆ)دا دەردەکەوێت، کە ئەو کوڕە زۆر لێزانانە بەو دیوارانەدا هەڵدەگەڕێت و لەسەریان ڕا دەکات... خەڵکی گەڕەک کاتێ دەیبینن، لە ترسان چاویان دەگرن... ئەمە بۆ (د. سامان) جێگای نیگەرانییە، کە بە هۆی پیشەکەیەوە زۆری لەبارەی کاریگەریی جینەکانەوە خوێندووەتەوە، چۆن لە دایک و باوکەوە بۆ منداڵ جێ دەمێنن... ڕێێ تێدەچێت هەر لە ئێستاوە وەک ئەوان ببێتە دزێکی لێهاتوو، بەڵام هیوا دەخوازێت کاتێ هەراش دەبێت، واز لەو خووە بهێنێت... نەخێر، واز ناهێنێت و زۆر کەم لەسەر زەوی دەبینرێت... وەک پشیلە و سمۆرە لەم سەربانەوە بۆ ئەوی دیکەیان باز هەڵدەدات و بە قەدی درەختە بەرزەکاندا هەڵدەگەڕێت... گەڕەکی هەراسان کردووە... جار جار دێتەوە لای دایکی پارووێک دەبات و بۆ سەر دیوارەکان دەگەڕێتەوە... (دانا) زۆر پێی سەرسامە، بەڵام بەوە باشە چاوی لێ

ناکات... ڕاستتر، ناتوانێت چاوی لێ بکات... کاتێ لای ئەوان کاریان تەواو دەبێت و بۆ مالّی خۆیان دەگەڕێنەوە، ئەو هێشتا لەسەر دیوارەکان نایەتە خوارێ، بەڵکو تا دەگاتەوە، لەمیانەوە بۆ ئەویان باز هەڵدەدات... هەر بەم شێوەیە دەچێتە قوتابخانەیش... سەرەتایی و ناوەندی ئاوا دەبڕێت و بۆ ئامادەییش دەپەڕێتەوە... هێندە شارەزای ئەو دیوارانە بووە، دەتوانێت بە چاوی نووقاوەوە بەسەریاندا بڕوات... بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر بە قەدی ئەو درەختە بەرزانەدا هەڵدەگەڕێت... ڕۆژ بە ڕۆژ ئارەزووی ڕۆیشتن بە شوێنی بەرزتر لە کەللەی دەدات، بۆیە بەسەر دیواری گەڕەکە دەوڵەمەندەکاندا بۆ قوتابخانە دەچێت... لەو ڕێگایەوە ئەو ئەرکانەی جێبەجێ دەکات، کە مامۆستاکانی پێیان سپاردووە... خەڵک وازیان لەوە هێناوە دوای بکەون، یان پۆلیسی بۆ بانگ بکەن، چونکە بۆیان دەرکەوتووە پێیان ناگیرێت... بەوەدا کەس نەیدیوە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەستی بۆ شتێک بردبێت، ناتوانن بە دزی بزانن، بەڵام خۆ کوڕێکی هەرزەکار، تۆ بڵێ گەنجێکی ئاوا لەو سەرەوە بە ئارەزووی خۆی لە مالّیان بڕوانێت، بە هەموو مانایەک جێگای نیگەرانییە... ئینجا چونکە هەر لە منداڵییەوە چلێسییەکەی بێ وێنەیە، بۆیە زۆر جار بۆنی چێشتی مالّان تەفرەی دەدات و خۆی هەڵدەداتە حەوشەی یەکێکیانەوە، تاکو بە چەند هەنگاوێک بچێتە ژوورەوە و پارووێکیان لا بهێنێت، بە تایبەتی ئەگەر بیانناسێت... ئاخر وای لێ هاتووە ناوبانگی بە سەرتاپێی شاردا بلاّو بووەتەوە... کاتێ لە قوتابخانە لەبارەی شتێکی شارەوە قسە بکرێت، دەڵێت:

– ئێوە لە خوارەوەن و ئاگاتان لێ نییە، هەر من بەم سەرەوە دەزانم ئەوە چۆنە.

زوو زوو بە (دانا) دەڵێت:

– نهێنیی وام لەم شارە دۆزیوەتەوە، کە ئەگەر بۆتیان باس بکەم، سەرت سوڕ دەمێنێت... شتی وا پێوەندی بە شتی واوە هەیە، ئاسان نییە مرۆڤ لە خوارەوە هەستی پێ بکات، یان بتوانێت بیهێنێتە بەرچاو... دەسا ئەم شارە لەسەر زەوی ئاوا سادە دیارە، ئەگینا لە سەرەوە لێی بڕوانیت، زۆر ئاڵۆزە... تێکڕای ئەو بابەتانەی لە کتێبی قوتابخانە لەبارەی شارەوە نووسراون، کاتێ لەسەرەوە دەیانخوێنیتەوە، دەزانیت چەند ڕووکەشن... بۆ نایەیت ماوەیەک لەگەڵ خۆمت ببەم، دانا، تاکو بە چاوی خۆت هەموو شتێک ببینیت...؟!

– من کاری وا ناکەم، بەرزۆ، بەڵام لێت ناشارمەوە تاکە شتێک لەم شارە دڵم پێی بکرێتەوە، هەر تۆیت بەسەر ئەو دیوارانەوە.

هاوپۆلەکانی لێی دەپرسن:

– ئەوە چۆن ناکەویت...؟!

دەڵێت:

– ڕاستییەکەی بۆیە وا دەکەم، تاکو بکەوم.

– ئەگەر وایە بۆ خۆت هەڵنادەیتە خوارێ...؟!

– ئاخر دەمەوێت خۆم بکەوم.

– جیاوازییان چییە...؟!

– نازانم، ئەوەندەم لا ڕوونە دەمەوێت خۆم بکەوم و ڕۆژێکیش هەر دەکەوم.

هاوپۆلێکی دەڵێت:

– من دەزانم مەبەستی چییە... ڕۆژێک ڕووداوێکی سەیر لەسەر زەوی ڕوو دەدات... ئیتر ئەو خۆی بۆ ناگیرێت و.....

هەر یەکەی لای خۆیەوە پێشبینی ئەو ڕووداوە دەکات... زۆربەیان لەسەر ئەوە کۆکن بینینی کچێکی جوانە، چاوێکی لێ دەنووقێنێت و بەو نازە دڵفڕێنە فڕێی دەداتە خوارێ... وەک بزمڕ لەسەر زەوی دەخشێنێت و تا ماوە ناتوانێت هەستێتەوە.....

نیوەڕۆیەکی سەرەتای مارتی حەفتاوچوار، کاتێ تەمەنی لە هەژدە نزیک بووەتەوە، لە ڕێگای قوتابخانە خەریکی خوێندنی کتێبی کۆمەڵناسییە و باسی ئەمریکایە، کە دانیشتووانی لە ئاپارتمانی بەرز بەرزدا دەژین... ئەمەیش کاری کردووەتە سەر ستایلی بیرکردنەوە و ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتییان... خێرا ئەوەی بە خەیاڵدا دێت بە هەر شێوەیەک بێت بۆ ئەوێ سەفەر بکات... ئەو دیوارە بەرزانەی وا بەسەریاندا دەڕوات، زۆر لەناکاو لە بەرچاویدا هێندە نزم دەبنەوە، هەر دەڵێی ئەوانەی ڕۆژانی پێشوو نین... سات لە دوای سات بیرۆکەی گەیشتن بە ئەمریکا زیاتر یەخەی پێ دەگرێت، بگرە خەیاڵێکی ئاوا ناهێڵێت ئاگای لە شتێکی دیکە بمێنێت، بەڵام هاوکات شۆڕش دەست پێ دەکاتەوە و ژیانی ئاراستەیەکی دیکە وەردەگرێت... خەڵک بە لێشاو ڕوو لە شاخ دەکەن... شار چۆڵ دەبێت و هیچ شتێک تامی نامێنێت... لە ڕێی چەند هاوپۆلێکییەوە پێوەندی بە شۆڕشەوە دەکات... بە کورتی لەمەودوا

لەجیاتی کتێب چەکێک بە دەستەوە دەگرێت، بێ ئەوەی لەسەر ئەو دیوارانە دابەزێت... لە بەهاری حەفتاوچوارەوە بۆ بەهاری حەفتاوپێنج بەشداری لە زنجیرەیەک شەڕی ناو شاردا دەکات و بە ڕوونی هەست بە ڕۆڵی ئەو لە بردنەوەیاندا دەکەرێت، بۆیە لە سەرکردایەتی شۆڕشەوە کۆمەڵێک ئافەرینی پێ دەگات و ئێستگەکەیش بایەخێکی بەرچاو بە چالاکییەکانی دەدات، لە کاتێکدا بۆ ساتێک شاخی نەدیوە... دوای ساڵێک، شۆڕش هەرەس دێنێت و خەڵک کز و تێکشکاو بۆ شار دەگەڕێنەوە... ئەویش دەمودەست بۆ سەر زەوی دادەبەزێت و واز لەو خووەی دەهێنێت... ماوەیەک لە مالّی (د. سامان)دا دەمێنێتەوە و ڕۆژانە ئەزموونی خۆی بۆ (دانا) دەگێڕێتەوە... ئەو هەست دەکات مرۆڤ دەتوانێت ئیلهام لە ژیانی ئەو کوڕە وەربگرێت و لە ڕۆماندا بە کاری بهێنێت، چۆن کەسێک هەموو تەمەنی خۆی لەسەر لقی درەخت و دیوارەکاندا بەسەر دەبات و لەناکاو بۆ سەر زەوی دەگەڕێتەوە، بەو مەبەستەی چیرۆکە نهێنییەکانی شارێک بگێڕێتەوە، بەڵام لای ئەم شتێک نییە هێندەی نووسین بێ مانا، بۆیە ئەو بیرۆکەیە بە لاوە دەنێت... (بەرزۆ) واز لە قوتابخانە دێنێت، کەچی سەیر ئەوەیە بە شێوەیەکی سەیر ڕوو لە خوێندنەوە دەکات... ڕۆژانە لە کتێبخانەی (مامۆستا فەرهاد دۆستی)ی دراوسێی مالّی (د. سامان) بە باوەش کتێب دەهێنێت و تا درەنگی شەو سەریان لەسەر هەڵناگرێت... هەر کتێبێک دەخوێنێتەوە، بە خەتی ورد و نارۆشن کۆمەڵێک سەرنج لە قەراغەکانیدا دەنووسێت... (مامۆستا دۆستی)، کە لە بواری شیفرەناسی و پێشبینیدا شارەزاییەکی بێ وێنەی هەیە، دەڵێت:

– ئەو کوڕە هێشتا نەهاتووەتە خوارێ... هەندێک پلانی وای خستووەتە مێشکییەوە، کە مەحاڵە لەسەر زەوی جێبەجێ بکرێن... ئەگەر جوان لە هەنگاوەکانی ورد ببنەوە، بۆتان دەردەکەوێت هی ئەوەن مرۆڤ لە شوێنی بەرزدا بیانبینێت، نەوەک لەسەر زەوی.

هەر کەسێ ئەو پیاوەی ناسیبێت، دەزانێت بە خۆڕایی ئەو گوتانەی لە دەم نایەنە دەرێ، بەڵکو ناخی خوێندووەتەوە و پێشبینی چارەنووسێکی کەس نەدیوی بۆ کردووە... ئەو کاتەی (دانا) لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشیی بەغدا دەخوێنێت، هەواڵی گیرانی (بەرزۆ)ی پێ دەگات و پاش دوو ساڵ بە هۆی لێبوردنی گشتییەوە بەر دەبێت... لە شار نامێنێتەوە و دەمودەست دەچێتە شاخ... لەمەوە (دانا) پێوەندی بەم و بە (کەژێ)ی دایکییەوە دەپچڕێت، بەڵام وا دیسان ئەو ژنە پەیدا بووەتەوە... وردە وردە بۆی دەردەکەوێت نیازیان وایە (د. نیهاد) و (دانە) بۆ لای ئەو ببەن، کە ئێستا بەرپرسێکی گەورەیە لە شۆڕشی نوێدا و ناوێکی دیکەی لە خۆی ناوە، تاکو یارمەتییان بدات، ئینجا چ لەوێ بمێننەوە و چ بۆ دەرەوەی وڵاتیان بە ڕێ بکات... (د. سامان) چەند ڕۆژێک دیار نامێنێت، بەڵام کاتێ دەگەڕێتەوە، (دانا) دەزانێت چووەتە لای (بەرزۆ) و پلانی دەربازکردنیانی بۆ داناوە... ئاهەنگی ئەو شەوە هەر زۆر گەرمە... (د. نیهاد) تاکو درەنگ بە دەم گوتنی گۆرانییەوە عوود دەژەنێت... پووری و (دانە)یش سەمای بۆ دەکەن، بە ڕادەیەک هێندە ماندوو دەبن، لە شوێنی خۆیان لێ دەکەوێت... بەیانی (دانا) لەگەڵ زریکوهۆڕی (دانە) چاوی هەڵدێنێت و گوێی هەڵدەخات... کاتێک دەزانێت باوکی بە ژەهر خۆی کوشتووە... (د. سامان) لێی دەپرسێت:

– ئەو ژەهرەی لە کوێ هێنا...؟!

– نازانم، بەڵام دەمێکە ئەو شووشەیەی لە گیرفانە... من چی بزانم ئەوە ژەهرە...!! ئا، بە ڕاست جارێکیان گوتی ئەوە ژەهری مارە و هاورێیەکم بە دیاری بۆی ناردووم، بەڵام وام زانی گاڵتە دەکات... خۆت دەزانیت ئەو جۆرە گاڵتانەی زۆر دەکرد.

– نا، باوەڕ ناکەم ژەهری مار بێت... ژەهری مار لەناو شووشە چی دەکات...؟! بەڵام بێ گومان ژەهرە، ئینجا هی هەر شتێک بێت... ئێستا واز لەوە بێنە و پێم بڵێ چی بکەین...؟!

لێرەدا گرفتی سەرەکی شاردنەوەی تەرمەکەیە، چونکە کاتێ پۆلیس و دواتر دەزگای ئەمن لێی دەکۆڵنەوە، هەموو شتەکان لە بار یەک دەچن... پووری هەر زوو پێی دەڵێت با ئەو خێرا بڕوات و لێرە نەمێنێت... ئێوارە بڕیارە مەفرەزەیەک بێن، گوایە (د. نیهاد) و (دانە) دەبەن، بەڵام تازە وا ئەو پیاوە خۆی کوشتووە و (دانە)یش تەرمەکەی جێ ناهێڵێت، بۆیە پلانەکە گۆڕانی بەسەردا دێت و دەکرێت ئەو بخەنە شوێنیان... واتە بچێتە لای (بەرزۆ) و چەک هەڵبگرێت، کە یەکێکە لە شوێنە قەرەبالّغەکان... نەخێر، ئەوە بەو ناکرێت...

ڕاستە نەک هەر مالّ، بەڵکو شاریش جێ دەهێڵێت و ڕوو لەو شاخانە دەکات، بەڵام ئەم و ناو قەرەبالّغیی شۆڕشیان نەگوتووە... ئەشکەوتێک دەدۆزێتەوە و دەچێتە ناوی... دەزانێت مرۆڤ کەسێکی خۆش بوێت و لەناکاو جێی بهێڵێت، چۆنە... ڕەنگە بۆی بگڕێ... شیعر و گۆرانی پێدا هەڵبڵێت... دەسا ئاسان نییە لەوە تێبگات ئەگەر ئەو کەسەی خۆش نەویستبێت، بەڵام بە درێژایی تەمەنی لە ژیانیدا بوونی هەبووبێت و لەپڕ لێی دابڕێت، چ هەستێک دایدەگرێت... مەبەستی لە (دانە)یە... هەر لە سەرەتاوە ڕووبەڕووی گرفتی بێ دەنگی دەبێتەوە، لە کاتێکدا ئەو لەگەڵ موزیکی ڕۆک ڕاهاتووە... لەوە دەچێت ئەشکەوتەکە پێشتر خەڵکی دیکەی جیاواز جیاوازی لێ بووبێت، چونکە شتی سەیر سەیریان لەسەر ئەو دیوارانە هەڵکۆڵیوە... هەست دەکات نووسین لەسەر دیوار وەکو گووکردن وایە... لە هەردووکیاندا دەبێت خۆت لە چاوی خەڵک بشاریتەوە و ناخت بەتاڵ بکەیت... بەردەوام دەیانخوێنێتەوە و قاقایان بۆ لێ دەدات، بە تایبەتی بۆ ئەمەیان: ((ئایا مەرگ لەناو زەمەندایە، یان هەر خۆی خودی زەمەنە...؟!))... ئاخۆ ئەوە گووی چ پیاوێکی کەتەی ورگ زل بێت...!! لە ئەشکەوتێکی ئاوادا چێژی قاقا لە دەنگدانەوەکەیدایە و خۆشبەختانە ئەو هەموو گووەیش بەشی سالّێک قاقالێدان دەکات... ((خۆشەویستی پێچەوانەی سەرجەم شتەکانی تڕە، تا تێیدا شکست نەهێنیت، لێی تێناگەیت... هەر کەسێکت بینی چیرۆکەکانی خۆشەویستی خۆی دەگێڕێتەوە، ئینجا ئەو چیرۆکانە ڕاست بن، یان درۆ و شێوازی گێڕانەوەیان هەر چۆن بێت، ئەوە چاک بزانە شکستی هێناوە))... ئەمەیان گووی کێیە، ئاسمان، هێندە زلە...؟! ((دەزانم ڕووبار جوانە، ئەوەیش دەزانم ڕۆژ و مانگ چەند دڵگیرن، بەڵام تا کەی ئەمانە لەسەر دەستی من بن و نیشتمانێکم نەبێت لەناویان دابنێم...؟!)) ئەمەیان لە گووی بەراز و کەمتیار دەچێت، یان دوور نییە یەکێ تووشی پەلەفیرە بووبێت و لێرە خۆی بەتاڵ کردبێت... لەو دەوروبەرە تکەتکی ئاوی باران و بەفری تواوە دەیان بەردی گەورە و بچووکیان کون کردووە... هەندێکیان بۆ گواڕە و ملوانکە باشن، بەڵام لەپێناوی ڕازاندنەوە نا، بەڵکو بۆ زرینگانەوە... کاتێ لەشی ببزووێنێت، ئەوان بەر یەک دەکەون و لەو ئەشکەوتە دەنگ دەدەنەوە... ئەمەیش هۆکارێکی چاکە، تاکو هێندە پێویستی بە قاقالێدان نەبێت و پارێزگاری لە دەنگی خۆی بکات، کە نازانێت بۆچی بە پلەی یەکەم ترسی لەوەیە ڕۆژێک بێت لەم شوێنە زمانی بپووکێتەوە و قسەی بۆ نەکرێت، بەڵام خۆ دەبێت شتێکی نووک تیژ بدۆزێتەوە و گوێی پێ بسمێت... ئاسانە دەیان بەرد لە قەیتانی پێڵاوەکانی هەڵبکێشێت و ملوانکە دروست بکات... بە ڕاستیش دانەیەکی نایابی چێ کردووە، کە توانایی بەرپاکردنی دەنگی گەورەی هەیە... ئەگەرچی قورسە و هەڵگرتنی وزەی زۆری گەرەکە، بەڵام پێویستە ئەوە لە بەرچاو بگرێت ئارامیی ئەشکەوتێکی لەم شێوەیە بە شتێکی ئاوا نەبێت ناشکێت... ئەی بۆ گواڕە چی باشە...؟! بەرد... بەڵێ، هەندێک لەو بەردانە دەڵێی لە ئەزەلەوە بۆ ئەوە خوڵقاون... ئێستا نەک هەر گوێچکەی، بەڵکو زۆربەی لەشیشی سمیوە و لێرە و لەوێ بەردی پێوە هەڵواسیوە... سەرتاپێی جلەکانی لە شێوەی شریتی باریک باریک بڕیوە و بۆ ئەو مەبەستەی بە کار هێناون... کاتێ قاچەکانی دەخاتە گۆمێکەوە و لە گیانی دەڕوانێت، دێمەنی خۆی هێندە سەیر دێتە بەرچاو، واقی وڕ دەمێنێت... لەسەر دیواری ئەشکەوت ئەم وشانە هەڵدەکۆڵێت: ((جیاوازی نێوان ڕووتی و پۆشین چییە...؟! من ڕووتم یان پۆشراو...؟!)) قاقایەکی بەرز لێ دەدات و دەڵێت: ((بێ ئەدەب، کەس بە گووی خۆی پێدەکەنێت...؟!)) هیچ شتێک وەک سمینی جەستە بە بەرد ئازار ناخاتە دڵەوە، بەڵام ئەو ئازارە دوو سوودی هەیە... یەکەم، دڵنیای دەکات ئەوە خەون نییە... ئاخر چی لە نەهامەتی ئاوا گەورەتر هەیە تۆ لە ناسۆردا غەرق بووبیت و دواییش دەربکەوێت خەونت دیوە...؟! ئەگەر ئازار هەر ئازار بێت، چ لە ئاگایی و چ لە خەوندا، بۆچی بە ڕاستی نەیچێژیت...؟! سوودی دووەمی ئەوەیە بیری دەخاتەوە لە قەرەبالّغی دووەو و جوولّەکانی لەگەڵ جوولّەی کەسدا هاوڕێکی پێکناهێنن... کەواتە ئەو ئازارە چێژێکی سەیر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.....

ئێستا کاتێ بۆ جاری دووەم خۆی لەناو فڕۆکەدا دەبینێتەوە، وەک ئەشکەوت دێتە بەرچاوی... بەردەوام قاقا لێ دەدات و پاسنجەرەکان، کە زۆربەیان هاوزمانی خۆین، (ئەوە ئەگەر زمانی مابێت، یان وەک خۆی مابێت)، حەیران و سەراسیمە لێی دەڕوانن، بەڵام بە خەیاڵیدا نایەت مادام ئەوەی بۆ گرنگ نییە ئاخۆ

جوولەکانی جەستەی لەگەڵ هی ئەوانی تردا هاوڕێکی پێکدەهێنن، یان نا... دەسا لە سەردەمی ژیانی ئەشکەوتدا گەیشتە ئەو باوەڕەی ئەمە لەو گوتانە دەچێت، کە لەسەر دیوارەکان هەڵکۆڵراون... هەر چۆنێ بێت ئەم جارەیان لە هەموو ڕوویەکەوە لە جاری یەکەم جیاوازە... شتێک نییە لێی بترسێت وەک ئەوەی ئەوسا زەندەقی لە ورد و درشت دەچوو، بە تایبەتی لەو تەوالێتەی وێنەی هەورەتریشقە دەیهاڕاند... لەنێوان هەردوو پۆلیسەکە دانیشتووە و واز لە قاقالێدان ناهێنێت... ئەوان بەپێی بڕیارەکە لەسەریانە تاکو دەیگەیەننە فڕۆکەخانەی ئەوێ و دەیدەنە دەست بەرپرسان، ئاگایان لێی بێت... هەر لە چەند دەقەی سەرەتادا، کە هێندە نابێت فڕۆکە لە ئاسمان لەنگەری گرتووە، هەست بە گۆڕانی دۆخی هەناوی دەکات... کاتێک هەڵدەستێتەوە، ئەوەی چەپی دەزانێت نیازی وایە بچێتە تەوالێت... خێرا لە شوێنی خۆی بڵند دەبێت... دەستی دەگرێت و دەیبات... هاوپیشەکەیشی دوایان دەکەوێت... ئەگەرچی باوەڕ ناکەن لە تەوالێتێکی داخراودا هیچ کردەوەیەکی نایاسایی لێ بوەشێتەوە، بەڵام ئەوە تەنیا ڕۆتینە و فەرمانەکە وایە بۆ ساتێ لێی دانەبڕێن... شوێنێکی هێندە تەسکە لە یەک کەس زیاتر ناگرێت، بۆیە دەبێت لە دەرەوە چاوەڕێی بکەن... ئێستا دانیشتن لە تەوالێت نەک هەر لە چاو جاری پێشوو، بەڵکو بە بەراورد لەگەڵ تەوالێتەکانی سەر زەویش چێژێکی جیاوازی هەیە... بە خۆڕایی ناوی (ژووری پشوو Restroom)ی لێ نەنراوە... زۆر دەمێکە پێویستی بە دۆخێکی ئاوا ئارام هەیە، تاکو بەو ڕابردووەی خۆیدا بچێتەوە، لەبەر ئەوە نا خۆزگەی پێ بخوازێت، بەڵکو بۆ ئەوەی قاقا لێ بدات... ڕاستییەکەی ئەم هەمیشە لەو شوێنە هەستی کردووە منداڵە، بۆیە تاکو ئەو ڕۆژەی ناچار دەبێت ماڵ جێ بهێڵێت و لە ئەشکەوت بگیرسێتەوە، بووکێکی پەڕۆیین لەگەڵ خۆی دەبات... پێویستە هەڵیبپەڕێنێت، بەو مەبەستەی بتوانێت دوور لە گرفت ڕیخۆڵەی بجوولێنێت و داهاتی هەناوی بۆ دەرەوە پاڵ پێوە بنێت... چەند بیەوێت نکوڵی لێ بکات، لە ناخەوە بەو یاریە ئاسوودەیە و چێژی بێ سنووری لێ دەبینێت... هەتا بووکەکە بە هێزی گەورەترەوە هەڵبدات، جوولەی ڕیخۆڵە خێراتر دەبێت و ئەنجام پرۆسێسەکە چاکتر بەڕێوە دەچێت... کاتێ لە زانکۆی بەغدایش وەردەگیرێت، لەگەڵ خۆیی دەبات... ئەمەیش سەرکێشییەکی کەس نەکردەیە، بە تایبەتی ئەو بە حوکمی خوێندنەکەی زۆربەی کات لە تیشێرت و شۆرتێک زیاتر ناپۆشێت، تاکو بتوانێت لەژێر جلەکانیدا بیشارێتەوە... یەک جاریشی لە بیر نییە لە دەوام، چ لە کاتی خوێندنی تیوری و چ لە کاتی پراکتیکدا، سەری بەو تەوالێتانەدا گرتبێت، ئەگەرچی سک و میزەڵدانی ئازاریان داوە، بەڵکو تاکو بۆ ماڵ گەڕاوەتەوە، ددانی بە خۆیدا گرتووە... گرفتی ئەوان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چینە هەژارەکانن، خواردنە، لە کاتێکدا هی ئەم فڕێدانی داهاتی هەناویەتی... بە مانایەکی تر هی ئەوان لە دەمیان و هی ئەم لە کۆمیەتی... هەر لەبەر ئەوەیشە نەیویستووە وەک ئەوان لەو دێپەرقانەی بە (قیسم داخیلی) ناسراوە، شوێنێک بە خۆڕایی وەربگرێت، بەڵکو لە نزیک ئەوێ خانوویەکی سەربەخۆی گرتووە و بە تەنیا ژیاوە... لەوێش بووکەکەی لە جێگایەکی چاک شاردووەتەوە، نەبادا ڕۆژێک یەکێ ڕێی بکەوێتە لای و بیبینێت، ئەگەرچی دوورونزیک پێوەندی بە کەسەوە نییە... تەنیا کاتێ بۆ تەوالێت چووە، بە ئەسپایی دەریهێناوە و لەگەڵ خۆی بردووە... هەر چۆنێ بێت ئەو مااڵە بۆ ئەو چاکترە... گوێی نەداوەتە توانجی ئەو خوێندکارانەی ئارەزووی شۆڕشگێڕییان هەیە و حەزیان لە گوتەی ڕەونەقدار و بۆمباستیکە... ئەوان زوو زوو دەڵێن بۆرجواکان لە هەموو شوێنێک هەر خۆیان جیا دەکەنەوە... نابێت خۆراک و شوێنی حەوانەوەیان لە هی خەڵکی ئاسایی بچن... ناکرێت پێیان بڵێت ئەوەی ئەم پێوەندی بە شتێکەوە هەیە، کە مەحاڵە لە خەونیشدا لێی نزیک ببنەوە... (د. نیهاد ئەلمەناری) و (دانە) بەردەوام هەوڵی لەگەڵ دەدەن بیبەنە لای خۆیان و بێ سوودە... خۆ ئەو هەر لەبەر ئەو هۆیە لە ژیانیدا سەری لێ نەداون، بەڵکو (د. سامال) هەموو جارێ بە تەنیا چووە... ماوەیەک دەیەوێت بزانێت بۆچی هێندە حەزی لەوەیە ئەو پیاوە ببینێت... ڕۆژێ پێش سەفەر خەریکی ڕازاندنەوەی خۆی دەبێت... نیوەڕۆ دەچێتە سالۆن و ئێوارە دەگەڕێتەوە... قژی بە ستایلی فەرەنسی بڕیوە... برۆکانی باریک باریک کردووەتەوە... گەندەموو بە دەموچاوییەوە نەماوە... شان و ملی ڕووتی دەبریسکێنەوە... لە ماڵیشەوە نینۆکی پەنجەکانی دەست

و پێی بە بڕیەند دەکرێنێت و بە سوورێکی تۆخ بۆیەیان دەکات... تا درەنگی شەو لە بەرانبەر ئاوێنە دەوەستێت و شوێنە هەرە شاراوەکانی جەستەی دەپشکنێت، نەبادا خاڵێکی نەشازی پێوە بێت... بۆ بەیانییەکەی جوانترین جل دەپۆشێت و پێڵاوی سەرنجڕاکیش لە پێ دەکات... ئەمیش دەیەوێت لەگەڵی بچێت، بەڵام ئەوەی ڕێی لێ دەگرێت هەر ئەو حاڵەتە نەفرەتییەیە... ناکرێت بووکەکەی بۆ هیچ لایەک ببات... لەوەتەی فامی کردووەتەوە نەیهێشتووە لە پووری زیاتر کەس بەو نهێنییەی بزانێت... خۆ هەمیشە ترساوە ئەویش ڕۆژێک لە ڕۆژان لە دەمی دەربچێت، ئینجا بە ئەنقەست بێت، یان زمانی بخلیسکێت، بە تایبەتی لای (د. نیهاد)، چونکە زۆر متمانەی پێی هەیە و نایەوێت هیچی لێ بشارێتەوە... ئەرێ چ پێوەندییەک لەنێوان تەختی نووستن و تەختی شانۆدا هەیە، کە هەر هێندە دوو کەس لەسەریان کەوتنە بەرانبەر یەکتر، دەتەقنەوە و دەیانەوێت هەموو ناخی خۆیان هەڵبڕێژن...؟! دەسا تەختی نووستن لە هی شانۆ زیاتر مرۆڤ بۆ دەربڕینی ناخی تەفرە دەدات، چونکە کاتێ خۆیان و یەکتر بە ڕووتی دەبینن، وا دەزانن سنوورەکانی نێوان جەستە و ڕوحیان سڕاونەتەوە و ئەمیان ئەویان بە خۆی تێدەگات... بەم شێوەیە زۆربەی نهێنییەکان لەو حاڵەتە دەردەکەون... ڕوون نییە ئەمانەی لە کوێ هێناوە، بەڵام خەیاڵێکی لەم شێوەیە ترسناکە... ڕاستییەکەی ترسی لەوە گەورەتری لە (دادە کەژێ) و (بەرزۆ)یە، کە نازانێت ئەوەیان لە بیر ماوە، چۆن بە بووکێکی پەڕۆیینەوە چووەتە تەوالێت، یان نا... ئەوەندە هەیە لەو کاتەوە هەراش بووە، لێی شاردوونەتەوە... ئەو بووکەپەڕۆیینە تاقە شتی منداڵییەتی لای ماوەتەوە... لە بیریەتی زۆر جار لەگەڵ (دڵشان)ی دایکی چ لە ژووری نووستن و چ لە حەمام هەڵیانپەڕاندووە و گۆرانییەکی خۆشیان بۆ گوتووە، کە هەرچەند دەکات نە وشەکان و نە ئاوازەکەی بیر دەکەونەوە... هاوکات دێمەنی پیاوێکیشی دێتە بەرچاو، کە دواتر دەزانێت پاسەوانە تایبەتەکەی باوکی بووە... قژێکی سووری هەیە و کاتێ بە خێرایی هەڵیدەدات، وەک پریشکی ئاگر دێتە بەرچاوی، بە تایبەتی شەوان لە تاریکیدا... چاوەکانیشی، کە لە دوو موروویی لووسی شین دروست کراون، بە شێوەیەکی سەیر دەلەرێنەوە و ڕەونەق دەدەن... دیارە ئەمانە کاریگەرییان لەسەر جوواڵاندنی ڕیخۆڵەیدا هەبووە و بە ئاسانی لەو گرفتەیان ڕزگار کردووە... ئەو ڕۆژەی بە یەکجاری مااڵ جێ دەهێڵێت و ڕوو لەو ئەشکەوتە دەکات، نازانێت لە بیری چووە بیبات، یان خۆی لە بیری خۆی بردووەتەوە، بەڵام بەوە باشە ئەو بەردانەی بە لەشییەوە هەڵواسراون هەمان ڕۆڵی ئەویان بینیوە... کاتێکیش سەربازەکان لەوێی دەردەهێنن و دواتر خۆی لە زیندانی پارتیزانەکاندا دەبینێتەوە، گەورەترین کێشەی جوواڵاندنی ڕیخۆڵەیەتی، بەڵام کاتێ دەگاتە ئەم وڵاتە بەرەو باشی دەچێت... ئێستا لەناو ئەو فڕۆکەیە هەست دەکات خەتای ئەو خەیاڵانەیە دیسان ئەو حاڵەتەی بۆ هاتووەتەوە... لەوساوە لەوێ گیری خواردووە... سەرەتا پۆلیسەکان لە دەرگا دەدەن و بانگی دەکەن، بەڵام کاتێ ئەو گوێیان لێ ناگرێت، بە لەقە تێیدەکەون... بەوە باشە هێندە مکۆم دروست کراوە، بە ئاسانی ناشکێت... گەیشتووەتە دەمی کاپتن و بەردەوام دەڵێت:

– مستەر دانا دڵشاد مەلەوان، تکایە لە تەوالێت وەرە دەرەوە، چونکە خەڵکێکی زۆر پێویستیان پێیەتی.

کاتێ دەگاتە ئەم وڵاتە بە ناوی (دانی دانیەڵ Danny Daniel) دەناسرێت، بەڵام ڕۆژێکیان هاوزمانێکی دەچێتە سێنتەری پۆلیس و پێیان ڕادەگەیەنێت هەر زانیارییەکی بە ئەوان داوە، درۆیە و ڕاستییەکانیان دەخاتە بەردەم... ئەو کەسە لە هەر ڕێگایەکەوە بێت، نهێنی وای لەبارەی ژیانییەوە دەست کەوتووە و ئاشکرایان دەکات، کە لای خۆی شاراوەن... بەو هۆیەوە مافی ئەوەی نادەنێ ببێتە هاووڵاتی ئەم وڵاتە، بەڵام هەر لە کەمپ دەیهێڵنەوە، تاکو ڕۆژێک ئارامی بۆ نیشتمانی دایکی دەگەڕێتەوە... لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە ئێستا لەوێ گرفتی برسییەتی نەماوە و ئاسایش بەرقەراوە، بۆیە دوای پازدە ساڵ بە زۆر دەینێرنەوە... ئەو کەسە مادام زانیویەتی (مەلەوان) نازناوی بنەماڵەکەیانە، مانای وایە شارەزاییەکی بێ وێنەی لەبارەی مێژووی خانەوادەکەیانەوە هەیە... لە بیریەتی پووری بە منداڵی پێی گوتووە باپیرەگەورەی پیاوێکە بەوە ناسراوە ناهێڵێت هیچ کەسێک بچووکترین نهێنی بزانێت... تاکو ئێستایش لایان ڕوون نییە ئاخۆ ئەو پیاوە مەلەی بە چاکی زانیوە، یان مەلی بە خێو کردووە، بۆیە ئەو نازناوەی پێوە لکاوە... بەڵام ئەوە هەر زارەکی بووە و لە دۆکیومێنتەکاندا تۆمار نەکراوە... بۆ ئەوەی زیاتریش

خەڵک بە لارێدا ببات، بەردەوام کۆمەڵێک مەلی جۆراوجۆری ڕاگرتووە و ڕۆژانە لەو گۆمانە مەلەی کردووە... ئەم سەردەمە جیاوازە و نهێنییەکان بە ئاسانی و بە زۆر ڕێگا ئاشکرا دەکرێن:

– مستەر مەلەوان، تکایە بە خێرایی تەوالێت چۆڵ بکە، ئەگینا تۆ بەرپرسیار دەبیت لە هەر شتێک لەناو ئەم فڕۆکەیەدا ڕوو بدات... هەموو تەنگاون، بە تایبەتی منداڵەکان لە باریکی خراپدان.

لە کلینێکسی سڕین و هی وشک کردنەوە بووکێک دروست دەکات و بەردەوام هەڵیدەپەڕێنێت، بەو هیوایەی ڕیخۆڵەی بجووڵێت و ئەو دەرامەتە فڕێ بدات، بەڵام سوودی نییە... پێویستە بووکی ڕاستەقینە بێت... لەبەر پۆلیسەکان ناوێرێت دەرگا بکاتەوە و بە پاسنجەرەکان بڵێت دانەیەکی بۆ پەیدا بکەن، ئەگینا دڵنیایە منداڵان بووکی لەم شێوەیە لەگەڵ خۆیان بۆ سەفەر دەهێنن، بەوەی چێژی گەورەیان پێ دەبەخشن... ئەستەمە پۆلیس لەو گرفتەیش تێبگەن، لە کاتێکدا ڕاپۆرتەکە تەنیا باس لە نەمانی برسییەتی و هاتنی ئارامی دەکات و کەم و زۆر بە لای کێشەی فڕێدانی داهاتی هەناودا ناچێت... کێ دەڵێت بە هەموو بووکێکیش ئەو لەو حاڵەتە ڕزگاری دەبێت...؟! کەواتە ئەو تەنگوچەڵەمەیە زۆر لەوە گەورەترە، کە ئەم هێناویەتییە بەرچاوی... ئەگەر ئەوەی منداڵیی خۆی دەست نەکەوێتەوە، ژیانی لە مەترسیدایە... هیوا دەخوازێت پووری تاکو ئێستا نەمردبێت و ئەوەی خۆی بۆ پاراستبێت، بەڵام ئەوەی لەو مااڵە ڕووی داوە، گاڵتەیە...؟! پیاوێک لە بەغداوە بێت و لەوێ بە ژەهر بمرێت، چۆن لێک دەدرێتەوە، چۆن...؟! کێ دەڵێت باوەڕی پێ دەکەن ئەم نەیکوشتووە، کێ...؟! کاتێ دەزانن دەنکی بووە، گومانیان بۆی دەچێت، یان ناچێت...؟! نەڵێی ناچێت، ها...!! خۆ زۆربەی ئەوانەی بەم شێوەیە دەکوژرێن، دوای لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکان، لەسەر خۆشەویستەکانیان ساغ دەبنەوە... ئاخر بەوەدا تەختی نووستن شوێنی دەرخستنی نهێنییەکانە، زۆربەی کات تاوانی لەم شێوەیەی لەسەر دەکرێت... ئەرێ هەر ئەوەندە لە ڕێی دراوسێکانەوە دەزانن برازاکەی هاوکاتی (تاوان!)ـەکە مااڵی جێ هێشتووە، باوەڕی تەواو ناهێنن دەستی ئەوی تێدایە...؟! چی...؟! چی...؟! نایهێنن...؟! دەیهێنن و زیاتریش...! ئەی ئەگەر بۆیان دەرکەوت، بێ گومان بۆیشیان دەردەکەوێت، کە ئەو برازایەی بەشداری لە سەربازیدا نەکردووە...؟! باشە، ئەوە هێندەی دی قورەکە خەست ناکاتەوە...؟! دە بڵێ نایکاتەوە، دەی...! واز لە هەموو ئەوانە بهێنە و لە خۆت بپرسە ئەو ژنە بە مەبەستی ڕزگارکردنی (د. نیهاد) و کچەکەی پێوەندی بە شۆڕشەوە کردووە، یان نا...؟! کردوویەتی... وایە...؟! ئەرێ ئەمەیان بە تەنیا بەس نییە جارێکی تر دەرەوە نەبینێتەوە و بووکەکەی ئەویش بفەوتێت...؟! کەواتە ئەمە گرفتێکی گەورەیە... نەخێر، گەورەترین گرفتە... ئاخر لەمەودوا چۆن و بە چ شێوەیەک لە دەرامەتی هەناوی ڕزگاری ببێت، ئەگەر ئەو بووکەی نەمابێت، هەڵیبپەڕێنێت...؟! دەگاتە ئەو باوەڕەی کێشەی مرۆی کۆن خۆراک بوو، بەڵام هی ئەمڕۆ فڕێدانی داهاتی هەناوە... وا بیست و سێ ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێدەپەڕێت و یەکەم جارە بەو شێوەیە بیری لێ بکاتەوە... ڕاستییەکەی یەکەم جاریشە ئەو حاڵەتە بەم قورسییە یەخەی دەگرێتەوە... سەرەتا لە ئەشکەوت ئەو بەردانەی بە جەستەیەوە هەڵواسراون، شوێنی بووکی بۆ دەگرنەوە و دواتریش لە زیندانی پارتیزانەکان ڕۆژی سێ کەڕەت دەیبەنە دۆڵێک، کە لەوێ هەر چۆنێک بێت..... کاتێکیش دەگاتە.....، بەڵام لە..... چەند ساڵێک دوای ئەوە.....:

– مستەر مەلەوان، کێشەیەکی گەورەت لەناو فڕۆکەدا ناوەتەوە... ئەو تەوالێتە چۆڵ نەکەیت، ڕووبەڕووی سزای گەورە دەبیتەوە.

بەردەوام لە مایکرۆفۆن ئەو وشانە دەگوترێنەوە، بەڵام ئەگەر بووکی دەست نەکەوێت هەناوی پێ بەتاڵ بکات، ناکرێت لێی دەربچێت... دەڕەوە، ڕاستتر ناو فڕۆکە دەهێنێتە بەرچاوی، چۆن پۆلیسەکان بە شەق لەو دەرگایە دەدەن و خەڵکیش شپرزە و تووڕە سەرەیان بۆ تەوالێت گرتووە... دەستیان بە سکیانەوەیە و ئاخ هەڵدەکێشن... جووڵەی فڕۆکەکەیش لەو بەرزاییە بەردەوام وەک منداڵی ناو بێشکە ڕایاندەهەژێنێت، کە ئەمە هێندەی دی لەنگەریان تێک دەدات... هیچ ئامێرێکی دی وەک فڕۆکە لە تواناییدا نییە دۆخی گەدە بشێوێنێت و جووڵەی ڕیخۆڵە خێرا بکات... ئەوسا فڕێدانی داهاتی هەناو دەبێتە ئەرکێکی قورس و ترسێکی بێ ئەندازە... هەر پاسنجەرێک دەگریت، بە

چاوپۆشین لە ڕەگـەز، پایەی کـۆمـەڵایەتی و تەمـەنی، خـەیاڵی لای هەناویەتی... پێی وایە ئەگـەر نەچێـتـە تەوالێت و پانتـەڵۆن و دەرپێی دانەکـەنێت، ئەوە بێ گـومـان ورگی دەتەقـێت... هەمـوو ئەوانەی لە دوورەوە فڕۆکەیان دیوە و هێشتا نەچوونەتە ناویەوە، کاتێ بلیت دەبڕن، ترسی هەرە گـەورەیان لەوەیە ئەو ئامێـرە زەبەلاحە شـتـێکی لێ بێت و لەو بەرزاییـە بکەونە خـوارێ، بەڵام کـاتێ سـەر دەکـەون، لە ترسی ڕژانی ڕیخـۆڵەیان، ئەو ترسـەیان لە بیـر دەچێـتـەوە، بگرە هەر هەست ناکـەن لە ئاسـمـانن، بەوەی هێندە خـەیاڵیـان لای ئەو دۆڵە بێ مانایەیە، کە ناوی ورگە... هیچ شتێک وەک دەرچوونی داهاتی هەناو لە بەرچاوان و بە شێوەی نائاسایی نهێنیی مـرۆڤ دەرناخات و ڕیسـوای ناکات... ئەوانە بە چاکی هەست بەوە دەکـەن، کـە لە ئەشکەوتەوە هاتوون، با لە جـارێک زیاتریش سـواری ئەو دەعـبـایە نەبووبێتن... زانست هۆکاری مردنی مرۆڤ بۆ خۆراک دەگەڕێنێتەوە و دکـتـۆرەکـان بەردەوام دەڵێن لە ڕێی خـواردنەوە نەخـۆش دەکەوین، بەڵام ڕاستـیـیـەکەی مرۆڤ بە داهاتی هەناوی خۆی دەمرێت... هەر یەکەمان بەو ژەهرەی خۆمان گیانمان دەردەچێت... ئەوانەی لە ئەشکەوت ژیاون دەزانن ژەهر تەنیـا لە ناو ورگـدایە... هەر کـاتێ هاتە دەرێ، کـاریگەریی نامـێنێت... پووری لە نەخـۆشـیـیـەکـانی هەناودا پسـپـۆڕە و بە یەکێ لە دکـتـۆرە زیرەکـەکـان ناسـراوە... زوو زوو بەو ئامـێـرە دەیپـشکنێت... پێی دەڵێت کـۆئەندامی هەرسی باش کـار دەکـات و هیچ نیـشـانەیەکی کـۆنسـتـیـپـەیشنی پێوە دیار نیـیـە... نە ڕەنگی زەردە و نە سەری دێشێت... نە پێسـتی گـونی شـۆڕ بووەتەوە و نە زمـانی چینێک بەڵغی گـرتووە... ئێـسـتـا بە دووری نازانێت ئەویش بە شـێـوەیەک لە شێوەکان کێشەی فرێدانی داهاتی هەناوی هەبێت، بۆیە وازی لە (د. نیهاد)ی خۆشەویستی هێناوە، بەڵام ئەمی کـردووەتە بیـانوو، گـوایە دەیەوێت شـوێنی دایکی بۆ بگرێتـەوە... ئەو خـەڵکەیش لە دەرەوە، ڕاسـتـتـر لە بۆردەکـە تاکـو دێت زیاتر گرفـتی فـرێدانی داهاتی هەناو تەنگیان پێ هەڵدەچنێت... بەوە باشە ئەو لە تەوالێتە، ئەگینا ئەو بۆنە ناخۆشـە مـێشکی دەتەقێنێت... قاقا لەسـەر قـاقـا لێ دەدات و گـوێ لەو دەنگە ناگرێت، کـە بەردەوام لەو مایکرۆفۆنە هەڵدەستێت.....

ڕاستـیـیـەکەی (دانا دڵشاد مەلەوان) لە زیندان فێری ئەوە دەبێت ئاوا دەرەوە بهـێـنێـتـە بەرچاوی، ئەگـینا لە ئەشکەوت بە پێـویسـتی نەزانیـوە، هەر بۆیە کـاتێ سـەربازەکان دەگـەنە سـەری و بە پێش خـۆیانی دەدەن، بە خەونی تێدەگات... تووممەز لەمێژە بە دووربین چاودێریی دەکەن و ئاگایان لە هەموو جوولّەیەکی هەیە، بە تایبـەتی کاتێ دێتە دەرێ، ئینجا بە مەبەستی پەیداکردنی خۆراک بـێـت، یـان بـۆ ڕزگـــــاربـوون لە داهـاتـی هـەنـاو... کـۆپـتـەرەکـانیش چەندین وێنەیان گرتووە... بێ گـومـان زۆربەیان لەو کاتانەن، کە خەریکی جوولّاندنی ڕیخۆڵە و فـرێدانی داهاتی هەناوە... نازانرێت ئەمـەیان تا چ ڕادەیەک ڕاسـتـە، بەڵام لە دەمی ئەفـسـەرێکیـانـەوە بیـسـتـوویەتی... بە ڕێککەوت دەکـەونە ناو بۆسـەی پارتیـزانەکـان و تێکڕایان دەکـوژرێن... ئەم بە زیندوویی دەمـێنێـتـەوە... دەگـەنە لای و وەک دەعـبـایەکی سـەیر دەیبـەن... یەک یەک بەردەکـان لە گـیـانی دادەمـاڵن... ئینجا لەبەر ئەوەی ئەو قوماشە نایلۆنە لە گۆشتی چووەتە خوارێ و وەک سیکۆتین پێوەی لکاوە، کاتێ بە دەستی بەهێزیان ڕایاندەکێشن، پێستەکەیان لەگەڵ دێت و خوێن بە سـەرتاپێی جـەسـتـەیدا دەچۆڕێتـەوە... هەرچەند پرسـیـاری لێ دەکـەن، ئەم وەڵامـیـان ناداتەوە، بۆیە وا دەزانن لاڵە... ئەگەر بە کـۆپتـەر وێنەی گـیـرا بێت، لەو کاتانەی خۆی لە داهاتی هەناو ڕزگار دەکات، ئیتر زمان چ مانایەکی هەیە و قسە بە کەڵکی چی دێت...! زیاتر لە جـارێ ئەمـە لە دڵی خـۆیدا دەڵێت... لە ژووریک دایدەنێن و ئەرکی چارەسـەرکـردنی بە دکـتـۆرێکی کـۆری دەسپێرن، کە لایان دەستبەسەرە، تاکو ڕۆژێک بە هەندێ مەرجی خۆیان بۆ حکوومەتی دەگەڕێننەوە... لەوە دەچێت دوای چاکبوونەوەی یەکێ لە پارتیزانەکان ناسیبێتییەوە، چونکە بە ناوی خۆی بانگی دەکـەن و بۆ زیندانی دەبەن، کـە دوو کـەسی دیکەیشی لێیـە... بۆی دەردەکـەوێت یەکـێکـیـان (بەرزۆ)یە... هێندەیان لێ داوە، ئاگـای لە دنیا بڕاوە... چاوەکانی بە حاڵ هەڵدەهێنێت... گومانی نامـێنێت ناسـیـوبانەتەوە، بۆیە بۆ لای ئەمـیـان هێناوە، بەڵام لەسـەر چی گـیـراوە...؟! نایەوێت نە لە خۆی و نە لەو پیـاوەی دیکەیش بپرسـێت، ئەگەرچی بشـپـرسـێت، ڕەنگە وەڵامی نەدەنەوە... هەر ئەو شـەوە دوو پارتیـزانی کـەتە دێن و لەوێی لا دەبەن... بۆ شـوێنێکی دیکەی دەگـوازنەوە... تاکـو ئەو ڕۆژەی ناوچەکـە لە لایەن حکوومـەتەوە دەدرێتـە بەر تۆپی قـورس، لەوێ

دەمێنێتەوە... لەو پاشاگەردانییەدا، کە پارتیزانەکان ناچارن بنکە سەرەکییەکانیان جێ بهێڵن، دەرفەت دەهێنێت و خۆی ڕزگار دەکات... زیندانە گەورەکەیش دەشکێت و زۆربەی زیندانییەکان بەرەڵلا دەبن... یەکێکیان وێنەگرێکە و ئەم دەناسێتەوە... لە ستادیۆم دیویەتی، کاتێ یاریی کردووە... دایکیشی بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی هەر بۆ کلینیکی پووری ئەم چووە... بەو تۆمەتە گیراوە، گوایە وێنەی لە شوێنە ئازادکراوەکان گرتووە... ئەو هەر قسەی بۆ دەکات، بێ ئەوەی ئەم وەڵامی بداتەوە، یان وای پێشان بدات بە بایەخەوە گوێی لێ دەگرێت... ئەو دوو ساڵ و چەند مانگێک لەوێ ماوەتەوە و ڕەنگی مرۆڤی پێوە نەماوە، بەڵام (دانا) بە پێچەوانەوە بە شکاوی چووە و دوای ئەو هەموو ساڵە بە ساغی هاتووەتە دەرێ... هەر لە یەکەم ڕۆژەوە پاسەوانەکانی پێی دەڵێن چاوەڕێی لیژنەیەکن، ئەندامانی لە بواری دەرخستنی نهێنیی تۆمەتباراندا پسپۆڕن، تاکو لە کەیسەکەی بکۆڵنەوە، کەچی ئەو لیژنەیە هەر ناگات و ئەو لەو مەراقەدا دەمێنێتەوە... نە لێی دەدەن و نە دەهێڵن لە هیچی کەم بێت... ئەوەندە هەیە کاتێ بەردەکانی لە جەستەی دادەمالّن، لە تاوی ئازار، دنیایەکی دی بە چاوی خۆی دەبینێت... وێنەگرەکە پێی دەڵێت لەم پاشاگەردانییەدا پارەیەکی زۆری دزیوە و دەیەوێت پێی بچێتە تورکیا، بەو مەبەستەی لەوێوە بگاتە ئەمریکا و لە بواری سینەمادا بخوێنێت... پێشنیار دەکات ئەویش لەگەڵ خۆی ببات... وا دیارە چاک دەیناسێت، بۆیە دەزانێت (بەرزۆ)یش پێوەندی بەمەوە هەیە... پێی دەڵێت لە زیندان بیستوویەتی، کە سێ تۆمەتی دراوەتە پاڵ... یەکەم، دزی کردووە... ئەوسا (دانا) بە حەپەساوییە لێی دەڕوانێت... ئەو بزەیەکی بۆ دەکات و دەڵێت دزی شتی فیزیکی نا، وەک ئەوەی دایک و باوکی کردوویانە، بەڵکو چووەتە ناو خەیاڵی ڕووناکبیرێکی گەورەی شۆڕش و بیرۆکەی کتێبێکی لێ دزیوە... دووەم، ویستوویەتی چەک دابنێت و بۆ ئەمریکا بچێت، کە وەک دەرکەوتووە بۆ ڕەوشتەکەی مندالّی و هەرزەکاریی گەڕاوەتەوە... ڕۆیشتن بەسەر شوێنی بەرزدا...، ئینجا دەڵێت سێیەمیان پێ نەگوتووە، بەڵام لەوە دەچێت ئەمەیان لە دووەکەی تر قورستر بێت... ئەوەی لێرەدا ڕۆشن نییە، ئەوەیە، ئاخۆ (بەرزۆ) لە زیندان گیانی لە دەست داوە، یان وەک ئەوانی تر ڕزگاری بووە... وێنەگرەکە لە ڕێگا کاتێ دەیەوێت لە پەنایەکدا ڕیخۆڵەی بجووڵێنێت و داهاتی هەناوی فڕێ بداتە دەرێ، جانتاکە دەداتە (دانا)، کە پڕە لە پارە... مینێک لەژێر قاچیدا دەتەقێتەوە و پارچە پارچە دەبێت... ئەم جانتاکە دەبات و.....، لەوێ پێش هەموو شتێک..... ئەوان کاتێ دەزانن ئەم خەریکی..... هەر چۆنێ بێت دەگاتە.....، بەڵام نزیکەی سێ ساڵ لەو شوێنە..... دواتر بڕیار دەدات.....، ئەگەرچی قاچاغچی.....:

– بە پاسنجەرە بەڕێزەکان ڕادەگەیەنین زیاتر ددان بە خۆیاندا بگرن... بڕیار دراوە فڕۆکەکەمان لە فڕۆکەخانەی (.....) بنیشێنینەوە... هەروەها پێویستە ئەوەیش بزانن ئەوان لەوێوە بە فڕۆکەیەکی دی درێژە بە گەشتەکەیان دەدەن... هیوای ڕۆژێکی خۆش بۆ هەمووان دەخوازین.

ئەمەیان دەنگی ژنێکە... تۆنێکی سەیری تێدایە... نازانێت بۆچی هەر کاتێ گوێی لە دەنگێکی مێینە دەبێت و شێوەی لێ دیار نییە، وا دەزانێت دایکیەتی... هیوادارە پیاوەکە مایکەکەی لێ وەربگرێت و ئەم بەو دەنگەی تەفرەی نەدات، نەبادا خۆی بۆ نەگیرێت و بێتە دەرێ... بە دوای سەرچاوەی دەنگەکەدا بڕوات و پێی بگات، کە هیچ ترسێک لەوە گەورەتر نییە... (دانێلا)یش هەر بە دەنگی تەفرەی دەدات... ڕۆژێکیان وەک پێی ڕاهاتووە لەسەر بێنچێکی قەراغی باخەکەی کەمپ دانیشتووە و گوێی لێیە وا ژنێک لەو هۆڵە چیرۆک بۆ منداڵان دەخوێنێتەوە... هەست دەکات پێشتر ئەو دەنگەی بیستووە، بگرە وا دەزانێت دایکیەتی... دوور لە خواستی خۆی بە پایەکانی قادرمەدا سەر دەکەوێت و پاڵێک بە دەرگای هۆڵەکەوە دەنێت، لە کاتێکدا قێز لەو هەڵسوکەوتە بێ مانایەی دەکاتەوە... سەرنجی لێ دەدات... ئەوە یەکەم جار دەیبینێت... تەمەنی نزیکەی سی ساڵ دەبێت... تیشێرتێکی هەناری و پانتەڵۆنێکی جینزی ڕەشی پۆشیوە... ئەویش بە تیلەی چاو لێی دەڕوانێت، بێ ئەوەی واز لە خوێندنەوەی چیرۆکەکە بهێنێت... منداڵەکان ئاگایان لە مامۆستایان دەبڕێت و تێکڕا لەو ڕادەمێنن... ئەوسا (دانێلا) لێی دەپرسێت:

– ئەگەر حەز دەکەیت گوێ بگریت، وەرە لەسەر ئەم

کورسییەی تەنیشتم دابنیشە.

تەریق دەبێتەوە... بۆ ناو باخەکە دەگەڕێتەوە... دوایی دێتە لای و لێی دەپرسێت:

– بۆ نەهاتیت...؟!

ناتوانێت وەڵام بداتەوە، بەڵام ئەو پرسیارێکی تری لێ دەکات:

– من جوان چیرۆک دەخوێنمەوە... وایە...؟!

سەری بۆ دەلەقێنێتەوە... ئەو پێی دەڵێت:

– کاتێ بەو شێوەیە دەرگات کردەوە و لێم ڕامایت، ئەوەم بۆ دەرکەوت.

ماوەیەک هەردووکیان بێ دەنگ دەبن... دوایی (دانیلا) لێی دەپرسێت:

– دەتوانم ڕۆژێک بێمە ژوورەکەت و چیرۆکێکت بۆ بخوێنمەوە...؟!

هاوکات بەو چاوە شینانەی سەرنجی لێ دەدات، تاکو بزانێت چ کاریگەرییەکی لەو کورە شەرمن و گۆشەگیرە کردووە... (دانا) سەری دادەخات و بە حاڵ دەنگێک لە دەمی دەردەچێت:

– ئممم...!!

ڕۆژانە (دانیلا) دێتە ژوورەکەی و چیرۆکی منداڵانی بۆ دەخوێنێتەوە... دەگاتە ئەوەی سەری بخاتە سەر ڕانی و چاوەکانی تێببڕێت، کاتێ پێتەکان ئەو لێوە پەمەییانەی دەلەرێننەوە... نازانێت بۆچی تاکو دێت شێوەی (دانە)ی تێدا دەبینێت، بەڵام هەڵسوکەوتی، بە تایبەتی کاتێ لە بەرانبەر ئاوێنە دەوەستێت و سەرنج لە خۆی دەدات، (د. سامال)ی پووری بیر دەخاتەوە... ئەمە هەم ئازاری دەدات و هەم خۆشیی پێ دەبەخشێت، ڕێک وەک ئەوەی کاتێ بە دەم هەڵپەڕاندنی بووکەپەڕۆیینەکەیەوە دەرامەتی هەناوی فڕێ دەداتە دەرێ... جارێکیان لێی دەپرسێت:

– دانیلا مانای چییە...؟!

ئەو دەڵێت:

– نازانم، چونکە لە ژیانمدا ئەوەم بۆ گرنگ نەبووە.

کەمێک بێ دەنگ دەبێت و پێی دەڵێت:

– بەڵام هەرچوار پێتەکەی ناوی تۆ لە ناوی منداڵ هەن... ئەمەت بە دڵە...؟!

ئێستایش لێرە، لەناو ئەو تەوالێتەی فڕۆکە دەیەوێت بزانێت چ وەڵامێکی داوەتەوە، بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نابێت... هەروەها ئاسان نییە بیری بکەوێتەوە چۆن یەکەم جار دەمیان گەیشتە دەمی یەکتر و ..... نا، ئەستەمە ئەو گرێیەی تەمەنی بۆ بدۆزرێتەوە... کاتێک دەزانێت بووەتە (بۆی فرێند Boyfriend)ی... شتەکان بە خێرایییەکی سەرسوڕهێن دێن و دەڕۆن... (بەرزۆ)ی بیر دەکەوێتەوە... ئەو کاتەی لە مانگیان خەریکی خوێندنەوەیە، پێی دەڵێت ئەوانەی لە ئاپارتمانە بەرزەکانن بە شێوەی ستوونی و ئەوانەی لە خانووی نزمیشن بە شێوەی ئاسۆیی بیر دەکەنەوە، بۆیە ئەوان بە خێرایی بە شت دەگەن و بە خێراییش لێی تێدەپەڕن... کاتێک دەزانێت باوکی کچێکە... دایکی ناوی (دانیکا Dan-ica)ی لێ دەنێت، گوایە لە ناوی هەردووکیانەوە نزیکە... (دانا) هەر دەبێت بزانێت ئەو وشەیە مانای چییە... لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا بۆی دەگەڕێت، تاکو ڕۆژێک دەیدۆزێتەوە... بەڵێ، سلاڤییە و واتای (ئەستێرەی بەیان) دەگەیەنێت، بەڵام (دانیلا) دەڵێت:

– ئەوەی گرنگە ڕیتمەکەیەتی، کە زۆر خێرایە.

(دانیکا) هەر بەو ڕیتمە خێرایەیش گەورە دەبێت... زەحمەتە لەوە تێبگات چۆن ئاوا زوو دوازدە ساڵ لە تەمەنی تێپەڕی... هەر جارێ دەیبینێت، هەست دەکات شتێکی لێ گۆڕاوە... لە ئێستاوە وەک کچێکی گەورە دەدوێت و زمانی زۆر ڕەوانە... برایەکیشی هەیە چوار بەهار لە خۆی منداڵترە، کە باوکی ئەو بە ڕەچەڵەک ئەفریکانە... چەند ساڵێکە هاتووە و بووەتە هاوڕاتی ئەم وڵاتە... ئێستاوەیەکیان (دانیکا) ڕەخنەی لێ دەگرێت، بەوەی ئەو جارانەی دێتە سەردانی، تەنیا دیاری بۆ ئەم دەهێنێت و گوێ بە براکەی نادات، لە کاتێکدا (ڕۆبێرت)ی باوکی (سیمۆن) ڕاستە درەنگ درەنگ دەیانبینێت، بەوەی (گێرڵفرێند Girlfriend)ی دیکەی گرتووە و سەری قاڵە، بەڵام هیچ کەڕەتێ نییە هەردووکیان بە دیاریی جوان جوان سەرسام نەکات، بگرە ناوە ناوە چەپکێ گوڵیش بۆ دایکیان دەهێنێت، کە چەند ساڵێکە لە کتێبخانەی نزیک ماڵی خۆیان ئیشێکی دیکەی دۆزیوەتەوە... بەمەیش زۆر ئاسوودەیە، بەوەی لەوێ بۆیفرێندێکی نوێی گرتووە... ڕۆژێک (دانا) لە بازاڕێکی تایبەت بە فرۆشتنی لەیستۆکی منداڵان ورچەپەڕۆیینە (Teddy Bear) یەک دەکڕێت و بۆی دەبات... (دانیکا) بە گوێچکەیدا دەچڕێنێت:

– ئەوە چییە، باوکە...؟! سیمۆن وا دەبێتە حەوت ساڵ...!! پێم نالێیت چی لە ورچەپەڕۆیینە بکات...؟!

ئینجا بەو مەبەستەی نەهێڵێت لێی دڵگران ببێت، قسەکەی بە ئاراستەی گاڵتەدا دەبات:

– تۆ خـــۆت لەو تەمـــەنە بە ورچەپەڕۆیینە ڕازی دەبووبیت، باوکە...؟!

ئێستا فڕۆکەکە بە ناچاری لە فڕۆکەخانەی ئەو شارە نیشـتووەتەوە و پاسنجەرەکـان دابەزیون... تەنیـا دوو پۆلیسـەکە مـاون و بەردەوام هەوڵی لەگەڵ دەدەن بێتـە دەرێ، بەڵام ئەو هەر ترسی لە دەنگی ئەو ژنەیە، کـــە هێشتا لە مایکرۆفۆن تکای لێ دەکات لەوە زیاتر ڕایان نەگرێت... تۆزێکی سەیری تێدایە و تەزوو بە سەرتاپێی گـیـانیـدا دەهێنێت... ئەرێ بە ڕاست، ئەو فـڕۆکـەیەی یەکـــەم جـار بۆ ئەو وڵاتەی هێنا، لە هیچ شـوێنێک نیـشـتـەوە...؟! نازانێت، چونکە کـتـومت لە خـەون دەچێت... تەنیا تەوالێتەکەی بە چاکی لە بیرە... وەک هەورەتریشـقـەی بەهاران دەیگرمـاند و گـیـانی دەهەژاندەوە... خـــــەیاڵـیـــــشی هەر لای ئەو ورچەپەڕۆیینەیەیە، کە بۆ (سیـمـۆن)ی کڕیوە و لەسەر ئەوە (دانیکا) بەو زمانە ڕەوانەی ڕەخنەی لێ گرتووە... بیـری نەمـاوە پێی داوە، یان لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە... خۆزگە ئێستا لای دەبوو...!! نەخێر، تەنیا ئەو بووکەی خـــۆی دەتوانێت فـــریای بکەوێت، بەڵام بە ڕاســـتی نەهامەتییەکی بێ وێنەیە، ئەگەر دەستی نەکەوێتەوە... تۆ بڵێی پووری لەو گرفتە گەورەیە ڕزگاری بووبێت و ئەو قژسوورە چاوزیتەی بۆ پاراستبێت...؟!

وا فـڕۆکەکە هەڵدەستێتەوە و درێژە بە گەشتەکەی دەداتەوە... دەنگی ژنەکەیە وای پێ دەڵێت... لەوەتەی ئەو شـارەیان جێ هێشـتـووە، خـەریکی خـوێندنەوەی چیـرۆکی منداڵانە بۆی... ئەمـە مـانای وایە پێـوەندییـان نـەک هەر بـە دامـــــودەزگـــــای پـۆلیـس، بەڵـکـو بـە (دانیـلا)یشـەوە کـردووە.. ئەو (Ex Girlfriend)ـەی پێی گوتوون بە چ ڕێگایەک لەو تەوالێتـە دێتە دەرێ... ناکـرێت نکوولی لەوە بکات ئەو ژنەیش وەک (دانیـلا) بە شێوەی سەرنجڕاکێش چیرۆک دەخوێنێتەوە و بەردەوام تەفـرەی دەدات، بەڵام ددان بە خـۆیدا دەگـرێت و دەرگـا ناکاتەوە... تاکو ئێستا کۆمەڵێکی بۆ خوێندووەتەوە، کە ڕەنگە لەوەتەی فـڕۆکـە بە ئاسـمـاندا دەفـڕێت و خـەڵک گەشتی پێ دەکەن، شتی وا ڕووی نەدابێت، لە کاتێکدا ئەو منداڵ نیـیـە، بەڵکو تەمـەنی پەنجا سـاڵی ڕێکە... مـــاوەیەکی زۆر دەنگی دەبڕێت، بەڵام دیســـان پەیدا دەبێـــتـــەوە... ئەم جـــارەیان پێی دەڵێت پێش ئەوەی مژدەیەکی خۆشی بداتێ، با گوێ لەم چیرۆکە بگرێت:

بەیانییـەک کوڕێکی بژێو بە داربڕکی ئەستوورەوە ڕاوی پشـیلەیەکی سپیی تووک نەرم دەنێت و دەیەوێت ئازاری بدات، چونکە کـووپێک شـیـری ئەمی خـواردووەتەوە... پشـیلەکـە بە قـەدی درەختـێکدا هەڵدەگـەڕێت... دەگـاتە بەرزترین لقی... لەوێ پاڵ دەکەوێت... کوڕەکە بەردەوام بەردی تێـدەگـرێت، بۆ ئەوەی بیـخـاتە خـوارێ، بەڵام شـوێنەکـەی بەرزە و سـوودی نیـیـە... پشـیلە هیچ خـۆی شـپـرزە ناکات... شـەو دادێت... کوڕەکە هەر چاوەڕێیە بێـتـە خـوارێ... ئەو ناجـوولێت و ناجـوولێت، بەڵام پێـویسـتە وای لێ بکات دابەزێت... ئارەزووی لێدانی نامێنێت، بەڵکو تەنیا دابەزینی لێ دەبێـتـە مـەراقـێکی گـەورە... پارچەیەک گۆشـتی نەرمـەی بۆ دادەنێت، بەڵام ئەو بە خـەیاڵیدا نایەت... کوڕە ماندوو دەبێت... خـەو دەیبـاتـەوە... بـەیانی کـاتێ هەڵدەسـتێـتـەوە، دەبینێت پشـیلە گـۆشـتـەکـەی خـواردووە و لەوێ نەمـاوە... ئەم جـــــارەیان دەچێت.....، بـەڵام کـــــــاتێ..... دەبینێت.....،.....

دوای گـێـڕانەوەی ئەو چیـرۆکـە فـڕۆکـەکـەیش دەنیشێتەوە... ژنە پێی دەڵێت:

– مژدە، مسـتـەر مـەلەوان، مژدە، تۆ بەپێی یاسا مافی ئەوەت پێ درا بۆ (.....) بگەڕێیـتـەوە و لەوێ بژیت... تۆ ئیـتـر هاوڵاتی ئەو وڵاتەیت... هەر ئەمڕۆ دەگەیتەوە ئەوێ.

بە حاڵ دەتوانێت لەسەر تەوالێت هەڵبستێت... هەموو گـیـانی سـڕ بووە... هەندێک خـۆی دەجـوولێنێت، تاکـو خـوێن بە دەمـارەکـانیـدا بگەڕێت... دەرگـا دەکـاتەوە... بۆنی ناو فڕۆکە بەرگەی ناگیرێت... پۆلیسەکان شڵپەیان دێت... لە دەسـتـیـان ڕا دەکـات و دوای دەکـەون... یاسـاکـە وایە و دەبێت بیـبـەنەوە... دەیەوێت لەم وڵاتە بمێنێـتـەوە، بەو مـەبەسـتـەی لە بووکـەکـەی بگەڕێت و بیـدۆزێتـەوە، بەڵام ئەوان ڕێی نادەن... ئەرکی سـەر شانیانە بیگەیەننەوە نیشتمانی خۆی.



تالّگە

حوسێن شێربەگی
(بۆکان)

ئەلۆ؛ مالّی شێوەکاری کورد...؟
بەلّێ، فەرموون...
ئێمە بەتەماین سەردانێکتان بکەین... لە شارێکی دوورەوە هاتووین.. یانی... درۆ نەبێ؛ هەر لە بەر ئێوە نا... چۆنی بلّـێم؟ لە کـارێک و ڕێگایەک دەگـەڕێینەوە. ڕێمـان کـەوتە ئەم شـارە، وتمان دەرفـەتە، دەبا سـەردانێکی مامۆستاشمان کردبێ...
– بەڕێز گیان، کە لەوای دەروێشیی من مالّە خۆتانە، بەم ئادرێسە...
ئەوەتانێ هاتوون.
دە پازدە کەسێک دەبن. قەرار و بڕیار وا نەبوو. کە زەنگی دەرگـایان لێدا و چووم کردمەوە، یەکـیان زوو هاتە ئەم دیوی حـەسار و بە پەلە و نـهـێنی کـاغـەزێکی نایە نێـو دەسـتـمـەوە. ئەوەتانێ لە ژوورێداین. من پێم وا بوو سێ چوار کەس دەبن، کەچی پڕ مینی پاسێک دەبن، پازدە شازدە کەسێک! لە دەرفەتێکدا چاوێکم بە کاغەزەکەدا خشاند:
«تاقـە هەر من لایەنگری جـەنابتـان و شێـوەکـاریم، ڕەنگە بە زەحـمـەت کـەسێک دووانـی دیکەش بڕێک! سـەرباقی خوێندەوار، قـاچاغـچی و مـایەپـووچ و ... شـەرمەزارم... دەمـبـووری... دەبێ ئاگـادارتان کەم ڕەنگە چەند کەسێک لەمانە... شەرمەزارم... ڕەنگە بە تەمای ڕابواردنیش بن... بواریان نەدەی...»

– برایان بەخێر بێن بۆ مالّی خۆتان... شارێکی گچکەی وەکو ئەو شارەی ئێوە... کابرایەکی پەراوێزی وەک ئەم برا گچکەیەتان، ئەمەندەی لایەنگر هەبێ... جێگەی ڕێز و شانازی و سوپاسە...

لە ناکاو یەکیان قسەکەی لە زارم ڕفاند: نەوەڵڵا، ئێمەش هەموومان لایەنگر نین...

دەی باشە کاکی برا، هەر بەخێر بێن. من هەموو ڕۆژێک لەم کاتانەدا... کار کردنم هەیە، ڕەنگە ئێوەش پێتان ناخۆش نەبێ لە نەقشی تابلۆیەکی شێوەکاریدا بەشداریتان کردبێ...

هەموو کەوتنە چپەچپ و زیتەزیت. قسەکەم گۆڕی و ڕووم کردە یەکەم کەس:

– ئەڕێ دەبا لە پێشدا یەکدی بناسین؛ ناوی جەنابت؟

– قوربان... من؟... حەمەی ئابجۆ

لەم ناوە کەوتمە گومانەوە، نەکا بۆ ڕابواردن ئەم ناوە بڵێ، دەیجا وتم:

– حەتمەن پشتاوپشت ئابجۆساز بوون.. ، یان ئابجۆتان پێ خۆش بووە، یان ئابجۆ فرۆش و شتی وا... پیرۆزە.. گەنج دوعای بەخێرتان بۆ دەکەن.

ئەم وەڵامەی من غەڵبەغەڵبێکی ساز کرد. خوێنەری خۆشەویستی ئەم چیرۆکە، جارێ من و مامۆستا لە ژووری شێوەکاری و لە لای میوان دەچینە دەر و دوو قسەتان بۆ دەکەم...؛ یانی ڕا و تەگبیرێکی سەرپێیی.

شێوەکار:

– ئەوان ئاوایان وت و من ئاوهام وەڵام دانەوە! دا توخوا پێم بڵێن بزانم، ئەم یەکەم کەرتەتان پێ چۆن بوو؟

– وەڵڵا وام نەدەزانی پیاوێکی ئەوندە کەم حەوسەڵە بی... بە کەوچکێک ئاو کەوتییە مەلێ...

– زۆر قۆڕ بوو... لە خۆڕا دوژمنت بۆ خۆت ساز کرد...

– دەستت خۆش بێ... بە گۆڕی بابی خۆیتدا ڕیاند! جا بزانم چی بە سەر ئەوانی دیکە دێنی؟

– دەست خۆش... مەترسە ئێمەش هەر لێرەوە لەگەڵتاین.

بۆ شوێنەگومکێ شەربە و گلاّسێک ئاو بە دەستەوە، دەچمەوە ژوورەکە... حەمەی ئابجۆ متەقی لێوە نایە، هەر خێسە و مۆڕەیەتی و.. هیچ نالّێم. ڕووم کردە کەسێکی دیکە:

– کاکی برا... ئەی ناو و نازناوی بەڕێزی جەنابتان؟

– قوربان... نۆکەری ئێوە بڵحەسەنی ئەول ئاگرتر...

زۆربەیان لە قاقایان دا و پێکەوە: قوربان بڵحە، بڵح. بابیشی هەر بڵح بوو تا مرد. بۆ خۆشی زۆر بڵحە، ئەگەر ئیزن بدەن بڕێکی تێهەڵدەین. نازناوەکەشی ئاگرتر نییە... ئاگرتڕڕڕ تڕە.

– دۆستان.. خۆشەویستان تکایە ڕێزی یەکدی و ڕێزی شوێنەکە بپارێزن...

بڵحەسەن تووڕە بوو، دوو سێ جنێوی بە خۆی و بە هەڤاڵەکانی دا و دەرگای پێکدادا و لێیدا و ڕۆیی.

– دۆستان و برایان، ئەمە بڵحەسەن نییە، ئەبولحەسەنە. نازناوەکەشی.. ئەول ئاگر... فلاّن نییە، ئەووەڵ ئاگرە؛ یانی سەرەتا هەر ئاگر بووە، یان یانی یەکەم ئاگر و ئاژاوە و شەڕانی... بەڵام ئێوە گوێ گرن. لەم ناو و نازناوەدا عارەبی و فارسی و تورکی و کوردی هەموو تێکەڵ و پێکەڵ، تێک پێچراون. تەماشا کەن ئێمە دەتوانین لیسانس و دکتۆرا و بەکالۆریۆس و ماستەر وەرگرین، بەڵام ناتوانین کاتێ ناوەکەمان ئاوا شپرزەیە بیگۆڕین. دەتوانین ببینە دکتۆر و ئەندازیار و میلیۆنێر و میلیاردێر، بەڵام گۆڕانکاری ناوەکەمان کە پێوەندی بە کەسایەتیمانەوە هەیە ناتوانین... وەشوێنی ناکەوین... بۆ؟

یەکیان هەر لە ناو خۆیاندا بە بێ ئیزن و هەروا بە چەکمەوە پەڕییە نێو قسەکەم: مامۆستا تۆ ئامۆژگاریمان دەکەی؛ ئەرکی هونەر و هونەرمەند ئامۆژگاری نییە...

– ڕاستە برام... بەڵام ئەمە کاری داهێنان نییە. ئەمە گوتوبێژە... ئەوە تۆ خۆت ناوت چییە؟ ئەڕێ بەڕاست بۆ شەڕ نەهاتووی؟

– بۆ خێر یا بۆ شەڕ، بۆ خۆم دەزانم، ناویشم "زیکۆ"ی ڕاستەفڕی...

هەڤاڵەکانی لە قاقایان دا، دوایە دەستیان پێ کرد. هیچ گوێم نەدانێ و کوتم تکایە خولەکێکم ئیزن دەن، ئەم تابلۆیە بێتو هەر ئێستا...

خوێنەری بەڕێز و خۆشەویست، من کردم ئێوە نەیکەن، هەرگیز ئەم چەشنە لایەنگرانە ڕێگای مالّتان نەدەن، ئەم هەتیوگەلە هاتوون ڕابوێرن، هەر هەموشیان خاوەن دۆسیەن.... چ کردەن بم؟

مامۆستا... ئەوەی پێ ناوێ، بڕۆ ژوورەوە و وەدەریان

نێ با بڕۆن. هەر هەمووماڵان بە کاکی چیرۆکنووسیش دەڵێین هەر لە چیرۆکەکەشی دەربان هاوێ. ئەمانە تڕوتەوێڵەی دووپشکن... بە خوا هەم بە خۆیانەوە دەدەن و هەم بە بەرانبەرەکەیانەوە... بە خوا بێ ئابڕوویی دەکەن، تا زووە...

– مامۆستا بە شەرەف هەر ئەم یەکەم کەسەی ئاخری، ئەوە باوکی لایەنگری هەندەرانی و بیانی بووە، بۆیە کوڕەکەشی نێو ناوە زیکۆ. من دەیانناسم، دایکیشی لەگەڵ کەسێکدا ڕای کرد و ڕەدوو کەوت و ڕۆیی بۆ هەندەران. ئەودەم دایکی تازە ڕەدوو کەوتبوو؛ خەڵک لە یەکتریان دەپرسی: (ڕاستە فڕی؟) ئەمەش بووە نازناوی بنەماڵەیان...

چوومەوە ناو ژوورەکە. شەڕ و هەرایەک بوو سەگ خاوەنی خۆی و کوڕ و باب یەکدییان نەدەناسییەوە.

– ئەرێ کاکە... برایان... دۆستان... ئەم مااڵ و مەنزڵەتان لەگەڵ کوێ لێ گۆڕاوە؟ ئەم شەڕەتان لە چییە؟ بۆ لێرە؟

بێ دەنگییەکی کورت بە سەردا هات و تێهەڵچوومەوە:

– کاکە، دیوناس بوون و خۆناساندنی ناوێ. من لە خزمەتی ئێوەدام، ئادەی فەرموون؛ شیرینی، میوە، دەی فەرموون.

لە ناکاو یەکیان هەڵیدایە: مامۆستا، ئا ئەم ئاغەش پێی دەڵێن قاڵەی کوونجانی، بۆ خۆشم پەیامی هومایوون... دەی چی دەڵێی؟

– وەاڵ بابم هیچ نااڵێم، دەڵێم بەخێر بێن. دەڵێم ڕێزی خۆشتان و ڕێزی یەکدیش بپارێزن!

کاکی خوێنەر لە خۆڕا هەڵمەدەیە، جارێ کارم بە تۆ نییە، بۆیە لە چیرۆکەکە، یان لە ژووری شێوەکاری و میواندارى نەهاتووینە دەرێ و هەر لە ناو چیرۆکەکەدام. ئەی کە وایە تۆی خوێنەر لە خۆڕا و بەبێ ئیزنی نووسەر و شێوەکار بۆچی هاتوویەتە ناو چیرۆک؟ چیت دەوێ؟ کوانێ جێگای خوێنەر ناو چیرۆکە؟ لە قەدیماو قەدیم و لە جانی بنی جانەوە، شوێنی خوێنەر دەرەوەی چیرۆک بووە...

– کوڕە مامۆستای شێوەکار، دەستم بە داوێنت، ئەم نێوە زۆر سەیرە، زۆر بابەتی گەمە و گاڵتە و گەپە، کوڕە لە دەستی نەدەی... ئەوە بە حورمەتی تۆ لە چیرۆکەکە دەچمە دەرێ... بەاڵم تۆغا لە کیسی نەدەی، بە خوا لە پاش ڕۆشتنی ئەم سەگەلە دێمەوە ناو چیرۆک و قسەی خۆم دەکەم...

– کاکە پەیامی هومایوون... پێت وا نەبێ ماقوواڵ بوون و نەبوون هەر لە ڕووی ناو و نازناوڕا دەردەکەوێ، من سااڵێک لە شاری تاران بانگهێشتی کۆلێژی پزیشکی بووم. ئەڵبەت ئی دەورەی باڵای پزیشکی، بۆ ڕاهێنانی پزیشکی تایبەتی نەشتەرگەری گورچیلە و ئەمانە. پێت وایە لەم خولەدا چەند پزیشکێکی مامۆستا ناو و نازناویان چ بوو؟ بە گیانەکەتان یەکیان ناوی ئەمە بوو "گورگەلی فابریک دوو". دووەمیان "بەرات عەلی حەمماڵی"، یەکێکی دیکەیان "چەنگیز کوون جان" و... دەی باشە کاکی خۆم، لەمانە پیاو ماقوواڵتر و زاناتر؟ ئەی بۆ ئەم ناوانەیان هەیە؟ وەرن با لەمانە بینەوە، وەرن با لەم ناو و ناونوکتەیە گەڕێین...

یەکێکیان لە سووچێکی دیکەی ژوورەکەوە نەڕاندی: هەیهوو، هەیهوو.. مامۆستا پێی وایە تاقمێ بێکار و نەخوێندەواری لێ میوانە! کاکە زانکۆشمان بینیوە، لە کۆلێژیش خوێندووومانە. خوێندنەوەی تریشمان هەیە، بەاڵم کاکی نووسەر کە لەو بانەوە دانیشتووی و زۆر بەرز دەفڕی و زۆریش بەرزەدەماخی! بەڵێ با ئەوەش بە کاکی نووسەر بڵێم. کاکە دەگەڵ تیوری (مەرگی نووسەر)یشدا دیوناسیمان هەیە، بەاڵم... چ سوود؟ ئەوەتانێ تۆی نووسەر، یان ئەم تیورە نازانی، یان ئەم تیورە ناپارێزی و یاسا دەشکێنی! دەنا تۆ بۆچی ئەم قسە و باسەت هێناوەتە گۆڕێ؟ بەرگری لە خۆت و بیروبڕواکانی خۆت دەکەی؟

تەماشایەکی دەکەم و هیچ نااڵێم. دووان سیانێک لە خوێنەران کە لە پشت دەرگاکەن و گوێیان بە دەرگاوە ناوە، دەرگاکە دەکەنەوە و خۆ بە ناو چیرۆکەکەدا دەکەن. چیرۆک، یان ژووری شێوەکاری؟...

یەکەم خوێنەر: بۆ ئەمە چیرۆکە، چیرۆکنووس مافی قسە کردنی نەبێ؟

دووەم خوێنەر: ئەوەی تۆ دەیڵێی نووسەر مافی خۆیەتی بیپارێزێ، یان نا!

سێیەم خوێنەر: جا، یان ئەم دیمەنە ڕاستی و ڕاستەقینەیە، یان چیرۆکێکە و ئێمە کەسێتی ناو چیرۆکین، یان نووسەر بە کەیفی پێنووسی خۆیەتی، یان

ئێوەش مافی ئەم گشتە ڕوونداری و لە سەر ڕۆیشتنەتان نییە!

میوان لە بەرێک و خوێنەر لە بەرێک، لێیان دەبێتە مشتومڕ و منیش بە بێدەنگ لە ژوورەکە دەچمە دەر، بەڵام ئەی تاقمێکی دیکەی خوێنەران کە بە کۆڵانەکەدا دێن و دەڕۆن و تەماشای پەنجەرەی ماڵەکەم دەکەن و دەزانن ئەمە ماڵی فلانە نووسەرە و لە خۆتان دەپرسن: دەبێ ئەم هەرایەی ناو ئەو ژوورە چ بێ؟ بەڵام خۆ شەڕەکە لە ماڵە من نەبوو، لە ماڵە شێوەکار بوو...

بەڵێ ڕاستە لە هەردوو ماڵەکە ئەم هەڵڵایە ساز بووە. هەردووکیشمان ئەوا دۆش داماوین و لە ئێوەی ڕێبوار و خوێنەر دەپرسین: چ کردن بین؟ منی نووسەر لە هەمبەر ئەو خوێنەرانەی بە زۆر هاتوونەتە ناو چیرۆک و شێوەکار لە هەمبەر ئەم میوان و بینەرانەی؟

خوێندکارێک: ئەم شێوازەی چیرۆک و شێوەکارییانەی ئێوە هەر لایەنگری ئاوای دەبێ!

سەبزی فرۆشی گەڕۆکی بەردەرگای ماڵی نووسەر: دەفەرمووی برۆمە ژوور و بە شەق وەدەریان نێم!

دووکانداری بەردەرگای ماڵی شێوەکار: کوڕە بێ بەڵا بی، برۆ هۆو چایخانەیە، دانیشە دەست بکە بە چای خواردن و قلیان کێشان و تا دوایین کەسیان وەدەرنەکەون و نەڕۆن، مەڕۆرەوە. ئیدی شێوەکاریش مەکەن، چیرۆکیش مەنووسن.

بڕێک لە حەوشەی ماڵەوەدا دێم و دەچم... دەچمەوە ژووری میوانەکانی شێوەکار. وا دیارە منداڵی ماڵی شێوەکار میوەیەکی زۆر زۆری بۆ بردوون، دیانی لە کار وەرداون و زبانی لە کار خستوون. بە خوا قسەکەی بەڕێز چیخەف ڕاستە. بۆ ئەم بەڕێزانە، وەک هەموو خەڵکی ڕەشۆکی و خوێنەواری ڕەشۆکی و زانست و فامستی ڕەشۆکی، زگ لەوەڕاندن مەبەستی یەکەم و ئاخرە، خوا بتانحەسێنێتەوە...

خۆم گەیاندە لای ئەو برادەرە گەنجەی داوای دیداری کردبوو، ئەمانەشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو،

– ئەرێ خۆشەویست، ئەمانە چ بوون ناتن بە گۆچیلی ئەم شێوەکارە ئازیزەوە؟

سوور هەڵگەڕا و قوت بۆوە: بۆ؟ چی بووە؟ ئەمانەش خوێندەوار و هونەرمەند و لایەنگری هونەرن، سەردانی هەرکەسیش بکەین، ئەم دیالۆگە هەر ساز دەبێ...

– جا کە وایە پیلان بوو نابووتانەوە، بەڵام پیلانی یاران یا ئی نەیاران؟

پشتم تێ کرد و لەوسەری ژوورەکە دەستم کرد بە کتێب خوێندنەوە. هاکا ئەوی لە شیرینی و میوە لە ژوورەکەدا بوو، هەمووی خورا و هیچ نەما. شێوەکار زۆر بە فەرمی وتی:

دۆستان بە دیوناسی و ناسینتان بەختەوەرم، شاڵڵا لە داهاتوودا زیاتر یەکدی ببینین!

منی چیرۆکنووسیش هەستامە سەر پێ و چووم لە شانی شێوەکار ڕاوەستام و وتم: منیش هەر وا!

دەگەڵ هەموویان تەوقەمان کرد، دەم و گوپی یەکدیمان تەڕ کرد و ماڵئاوا..

ئیدی چ نالێم، با نەڵێن نووسەری بەسالاچووی خاوەن ئەزموون، تیوری (مەرگی نووسەر) نازانێ، با نەڵێن دەیزانێ و نایپارێزێ. مامۆستای شێوەکاریش بۆ خۆی دەزانێ چۆنی نەقش دەکات!



سندووقه بۆراقەکەی دایکم

فوئاد محەمەدئەمین سەراج
(سلێمانی)

– ئەیەرۆ .. ئەمە چەندەمین جارە، ئەرێ دەزانن چی لەم بوخچەیە کراوە؟ هەمووی پیس و ڕەشایی و ژاکاوە، بۆ خۆم هەموویم سەفتە کردبوو، لەسەریەک دامنابوو، ئەوەندەش نابێ شتوومن خۆ هێشتا یەک لە منالّەکانیش لەبەریان نەکردووە... ئەی بۆ؟

سەیرێکی دایکم کرد و بینیم بوخچە گەورەکەی لە سندووقە بۆراقەکە دەرهێناوە، هەرچی جلوبەرگی خوشک و برا بچکۆلەکانمە بلاّوی کردوونەتەوە و بەدەستەکانی تاوتوێیان دەکات و تەواویش واقی وڕماوە و سەرسام بووە و سەری لەم کارەش دەرناچێت، بۆیە تا دەهات بۆلّەبۆلّەکەی و شێتگیرییەکەی تووڕە و کەللەیی دەکرد... بێ دەنگ و بەسەرنجێکی قوولّەوە لە جلوبەرگەکان، پارچە پارچە لێم دەڕوانین. کە زۆر پیس و خۆلاّوی جێگا دەستی چەوری پێیانەوە دیاربوو، بەمەش جۆرێک لە ڕامان و دۆشدامان و سەرلێدەرنەچوون یەخەی دەگرتم، بە عەقلّمدا نەدەچوو و لەجێی خۆم بێ جوولّەبووم.

بۆ ساتێکیش ئاوڕم دایەوە، بینیم پشیلەی نێو مالّەکەمان لە سووچی دەرگای کەلەگییەکەمان هەلّتووتاوە و ناوبەناویش دەستەکانی بەسەر چاویدا دەهێنێت.

دایکم هاواری لێ بەرزبووەوە و وتی:

– ئەمە بێ مەلاّمەت نییە، دەبێ شتێ لەم مالّەدا هەبێ ئاخر خوایە...

بەدوای بیرکردنەوەیەک، دەنگم لە دایکم کرد:

– دایە ... تۆ کۆیان بکەرەوە و بیانهێنە لە (سوێنە)کەدا بیانشۆرەوە، دواجار کە هەلّتخستن لەتەنافی بکەرەوە و

بیخەرەوە نێو بوخچەکە و تەواو تەواو شەتەک و گرێی بدە و دواتر بیخەرەوە ناو سندووقەکەوە .. تۆند دایبخە.

دایکم بە حەپەساوییەکەوە وتی:

– ئێ .. بۆ کوڕم هەروام نەکردووە؟ ئەمە کارێکی سەیرە، من سەرم لێی دەرناچێ و بەخوا تێناگەم !

وتم : دەی دایە هەر وابکە !

دایکم وتی : ئێ بەمە چارەسەر دەبێ و دووبارە نابێتەوە؟

وتم : بەشکم!

دایکم بەجێهێشت و خۆم گەیاندە لای کەسێکی شارەزا کە لە زۆر شتی نهێنی شارەزایی هەبوو، پێم خۆش نییە ناوی بهێنم.. دوای سڵاو لای دانیشتم.

هەر لە سەرەتاوە نهێنی و باسی سندووقە بۆراقەکە و بوخچەکەم بۆ ئەو حاڵەتەی کە ڕوو ئەدات چەند جارێکیش دووبارە بۆتەوە بۆ کرد، ئەو زۆر بەوردی گوێی قوڵاخ کردبوو ... تادوا ڕستەم هیچی نەوت، ئینجا هەستایە سەرپێ، لەسەرتاقەکەی ژوور سەری کتێبێکی کۆنی دەرهێنا و دەستی بەپەڕە پەڕەکردنی کتێبەکە کرد و دوایی چەند هێمایەکی لێو جووڵاندن و سەر ڕاوەشاندن، کتێبەکەی خستەوە جێگای خۆی، چەند کتێبێکی دیکەشی تاووتو کرد و بەژوورەکەدا دەهات و دەچوو خۆی زۆر تەنگەتاو کردبوو، تا دواجار بە ئارامی دانیشتەوە بێ ئەوەی جارێ هیچ بڵێت، دەستی برد بۆ ئەو قۆریەی کە لەسەر مەقەڵییە پڕ لە خەڵوزەکەی دانابوو، دوو پیاڵە چای ئامادەکرد و دوو دیژلەمەی تێکرد و دانەیەکی لەبەردەم من دانا و قومێکی لە چاکەی خۆی دا و کڵۆ شەکرەکەی نایە دەمی، ڕووی تێکردم و پرسیارێکیش بەدوایا هات.

– پشیلەتان هەیە!؟

کەمێ بێ دەنگ بووم و تەزوویەک بە مێشکما ڕەت بوو، ڕێک وێنەی پشیلەکەمان هاتە بەرچاوم و وتم:

– بەڵێ !

– دەمێکە هەتانە ؟

– ئەوە چەند ساڵێکە .

ئەم دید و بۆچوونە منی خستە دالغەیەک و خەیاڵاتێکی قوول و سەرسوڕهێنەرەوە و نەمدەزانی باڵ بەکوێوە بگرم تابزانم بۆچی ڕاپێچی ئەم پرسیارەی کردم:

ئەو بەکاوەخۆوە، بەهێدییەوە، چاوەکانی لەچاوما چەسپ کرد و وتی :

– چیت پێدەڵێم هەروا دەکەیت، بەڵام نابێ لەلای کەس بیدرکێنیت، چونکە کە درکا، ئەوە ڕیسەکەمان دەبێتەوە بە خوری، تێگەیشتی !؟.

– بەخۆما هاتمەوە بەقیت و قنجێکەوە،کە جێی بڕوابم وتم:

– بەسەرچاو... تۆ چی دەفەرمووی من ئەوە جێبەجێ دەکەم.

هەستایە سەرپێ و منیش لەگەڵیا هەستام ئامادەبوونێکی جەستەیی و ڕوحی لەناخەوە پیشاندام، کەمێ هاتوچوو، ڕاست و چەپێکی کرد و ڕووەو قیبلە چەند سووتێکی لەژێر لێوەوە دەخوێند و ڕووی تێکردم....

– ئەمشەو لە نزیک ژوورەکەوە لەسەعات یەک بەدواوە،جێی خۆت ڕادەخەیت، شەو بە فێڵ خۆت دەکەی بەخەوتوو، بەڵام دەبێ چاوت لە سندووقە بۆراقەکە بێ، لەکات و ساتێکدا (پشیلەکە)تان دێت و دەچێتە لای سندووقەکەوە، سندووقەکە دەکاتەوە و بوخچەی پڕ لە جلوبەرگ دەردەهێنێت، هێواش هێواش دەرگاکەی دادەخاتەوە و بەکۆڵانەکەدا ڕەت دەبێت!.

لەشم لەسەر ئارەق دادەچۆڕا، ددانەچۆقەم پێکەوت و دڵم ترپە ترپی پێکەوت و بەدەم لێوە لەرزەوە دەموت:

– پشیلە! .... پشیلەکەمان؟

دەستی خستە سەرشانم و پێی وتمەوە:

– مەترسە خۆگر بە .. قسە مەکە .. گوێ بگرە...

ئاهێکم بەخۆما هێنایەوە تا شتێ پیشانی ئەو بدەم.. کە ئەو چی دەڵێ من گوێڕایەڵی بم.

ئەو زانی دەمەوێت، ئەو چی پلانێ دائەنێ من بەگوێی بکەم وتییەوە:

– لەجێگاکەت دێیتە دەرێ و هەڵدەستی، ورد ورد بەئاگایانە بەشوێنی دەکەوی.. تاتەواو دوور دەکەوێتەوە، ئەوکات تۆ لە هەموو شتێ دەزانیت و بەچاوی خۆت دەبینی و تێدەگەی، بەڵام کە گەڕایتەوە، دەبێ هەرزوو خۆت بکەیتەوە بە جێگاکەدا و فزەت لەخۆت بڕیبێت... ئەوە قسەی من تەواو، فەرموو برۆ و هیچ مەڵێ ... تا دێیتەوە.

هەر ئەوەندەی هاتمە دەرێ، قاچم لەگەڵا نەئەهات، مێشکم ژاوەژاوی پێکەوت و جەنجاڵی هەستی

داگیرکردبووم، ناخم بەجارێ شپرزە و چاوەکانم هەزار وێنەی ترسناکی لێهەڵدەوەری، نەمدەزانی لەکوێم ئەگری و لەکوێم دائەنێیت، دەشترسام شتێکم لەدەم دەربچێ و هەموو کارەکە لەگرێژنە بەرم، بەڵام هەرچۆنی بوو، وردم دایەوە خۆم، هێزم دایەوە خۆم و خوا خوام بوو شەوبێت و لەو نهێنییە بگەم و بگەمە ڕاستی و هەقیقەتەکە.. ئەمە ئەفسانەیە.. خەیاڵە .. ڕاستییە.. شتی وائەبێت، هیچم لای دایکم نەدرکاند و بێ دەنگ ڕۆیشتمەوە. شەوهات،باش بوو دایکم و منداڵەکان لەژووری ئەودیوی بەرهەیوانەکە خەوتن و منیش بەرانبەر ژوورەکە ڕێک بەئاراستەی سندووقە بۆراقەکە جێم داخست و پاڵ کەوتم، شەو بەرەو درەنگی دەچوو، ساتە ناستێکیش خەمی ئەوەم بوو نەکو خەو بەرۆکم بگرێ و بێ ئاگابم، پشیلە بۆریش کەتنی خۆی بکات، وەلێ شەو باڵی خامۆشی و بێ دەنگی دا، بێجگە لە جریوەی ئەستێرەکان و ورشەی مانگ هیچی کە دیارنەبوو، کاتێکم زانی پشیلەکە هێمن هێمن لەسەرەخۆ بەرەو ژوورەکە دەهات، نزیکی دەرگاکە بۆوە و دەرگاکەی کردەوە، خۆی کرد بەژوورا هەنێکیش نزیکی سندووقەکە بۆوە و ئەڵقە بچووکەکەی ترازاند و کردییەوە، بوخچەکەی دەرهێنا و دای بەکۆڵیا و بەوریایی و زیتەڵییەوە هێواش هێواش هاتە دەرەوە و بەرەو کۆڵان ملی نا. ساتێ ڕاپەڕیم هەنگاو بەهەنگاو دووڕە و پەرێز بەدوایدا دەڕۆیشتم، زۆریش هەوڵم ئەدا هەستم پێنەکات و نەمبینێ، کۆمەڵێ شت لەناخەوە دەیجووڵاندم، بەڵام من بەئارەزووشەوە دەمویست لەم نهێنییە بگەم، تا لەشار دوورکەوتینەوە. نزیکی چوار گردی گەورە بوومەوە کە لە هەر چوار لاوە بەدەوری دۆڵێکی گەورەدا قووت ببوونەوە، پشیلەکە لەباریکە ڕێگایەکەوە ون بوو، منیش لە قەدپاڵی گردێکەوە سەرکەوتم تا سەر لووتکە، زۆر جاریش بە سنگە خشکێ، بەڵام هەتا نزیک دەبوومەوە ئەو بێ دەنگی و خامۆشییە نەما! بەڵکو گوێم بەدەنگی دەهۆڵ و زورنا و گۆرانی و قاوقیژ ئاشنا ئەبوو، کە تەواو چوومە سەرگردەکە پشیلەکەم بینی چووە ناو حەشاماتێکی زۆرەوە کە سەرقاڵی هەڵپەڕکێ و گۆرانی و خواردن و خواردنەوە بوون، پشیلەکە بەچکەکانی بانگ کرد و ئەوانیش بە دەنگییەوە هاتن و خێرا پیرە بوخچەی بۆ والاکردن و دەستی کرد بەلەبەرکردنی جلەکان. هەتا بەشداری ئاهەنگەکەی پێبکەن بەجلی ئاڵووالا و جوان و ڕەنگین و پاکەوە، بۆیە یەک یەک منداڵەکانی ماچ ئەکرد و هانی ئەدان بچنە ناو ئەو خۆشییەوە، خۆشی لە دووڕەوە لێی ئەڕوانین و چێژی لێ ئەبینین. ئەمانە لەبەرچاوی منا هەموو گۆڕان، مەخلوقێکی سەیربوون لەناو دنیایەکی ئەفسوناویا کە بۆخۆشم تەواو سەرسام ڕامابووم، دەموت خودایە ئەمە چییە و ئەمانە چین ؟! ئێرە شاری پشیلەیە، یان شاری مەخلووقی دیکەن، ئەمانە چۆن لەگەڵ ئێمەدا تێکەڵن. ؟!.

گرمەی هەڵپەڕکێ و گۆرانی و قریشک و هۆڕ و کەیفسازیی ئەوان، کە لەوە دەچوو (ئاهەنگی بووک گواستنەوەی یەکێک بێت لە عەشیرەتەکەیان)، بۆیە وا سەرقاڵ و بە جۆشوخرۆشن. لەمەدابوو ئاهەنگ بەرەو کۆتایی بڕوات، هەستم کرد لەدوورەوە پشیلە دەنگی لە بێچووەکانی کرد کە پەلە بکەن و خێرابێن تا جلەکان دابکەنن، چونکە کات درەنگی کردبوو. لەوە گەیشتم دەبێت پەلەی گەڕانەوە بکەم، تا هەست بەشتێک نەکات و ئەوەی مەبەست بوو بینیم، جا تا زووە بگەڕێمەوە ناو جێگاکەم، چاوەڕوانی هاتنەوەی پیرەپشیلە بم، بەدوای چەند وەختێک پشیلەکە خۆی کرد بەژووردا و بوخچەکەی لە کۆڵنابوو، بە زیتەڵی و فێڵبازانە بەرەو سندووقەکە دەهات و دەرگای سندووقەکەی کردەوە و بوخچەکەی خستەوە جێگای خۆی، بەپەلە هاتە دەرێ و بەسەربانا تێی تەقاند، چاوەکانم چووبوونە خەو جەستەم ماندوو و کەنەفت ببوو، لەتاو دەنگەدەنگی دایکم بەخەبەر هاتم هەمان هاوار و نالە و دادوبێدادی بوو، تومەس هەر کە بەیانی بەخەبەر هاتووە دڵی لەلای پیرە بوخچە بووە، دەرگای کردۆتەوە و دەستی بۆ بوخچەکە بردووە و جارێکی کە گومانی لەلا دروست بووە کە هەمان حاڵەت ڕووی دابێتەوە.

چووم بەلای دایکمەوە، بوخچەکەم پێ خستەوە جێی خۆیی و نەمهێشت بیکاتەوە، هەربەچاو تێم گەیاند دەستی بۆ نەبات تا دوای نیوەڕۆ دێمەوە، دایکم لە هەڵوێستم زۆر حەپەسا، وەک لەگرفتێک بگات، لێوی نەبزووت و تەنیا چەند نزا و پارانەوەیەکی ڕووەو ئاسمان کرد و چیم بە ئیشارەت پێ وت بەقسەی کردم.

مانەوەم جێ هێشت بەرەو ئەو زاتەی کە ئەو ڕێگایەی بۆ دانابووم ڕۆیشتم، گەیشتمە لای بەخێرهاتنی کردم و

لای دانیشتم سەراپای سەرگوزشتەکەم بۆ گێڕایەوە، ئەویش هەر سەری بۆ ئەلەقاندم، ئینجا عەباکەی لەسەرشانی تەکاند و سەیرێکی تاقە پڕ لە کتێبە تۆز لێ نیشتووەکانی کردەوە، ڕوانیینە من، هەمدیسانەوە وەک جاری پێشوو دوو چای دیژلەمەی تێکرد و دەستمان بە خواردنەوەی کرد.

وتی:

– کوڕی باش تۆش سەرکەوتووبوویت، بەس ئەمە لای کەس نادرکێنی، تەنیا کە گەڕایتەوە بۆ ماڵەوە ئەمە دوا قسەی تۆ دەبێت .

زۆر ستایشم کرد و وتم:

– تۆ چی دەفەرمووی بەندە لە خزمەتدایە.

یەک دوو کۆکەی کرد و چاوەکانی تێبڕیم و وتی:

– کە ڕۆشتیتەوە دەبێت چاو بگێڕیت تابزانی پشیلەکە لە ماڵەوەیە، یان نزیکی سندووقە بۆراقەکەیە، یان...

وتم :

– بەڵێ

– ئەگەر لەوێ بوو بەدایکت بڵێ بوخچەکە دەربهێنێ وەک جاری پێشوو پەرشوبڵاویان بکاتەوە، پشیلەکە لێتان دەڕوانێ، بەدایکت بڵێرەوە نزای خۆی بکاتەوە ڕاست و ڕەوان ڕووبکاتە پشیلەکە و بڵێت: باشە پشیلە بۆر بۆ وامان لێدەکەی؟ بڕۆ لەم حەوشە و ماڵ و بانە مەمێنە، ئەمە حاڵ نییە بەدەست تۆوە.

سەرجەم قسەکانم لە گوێ گرتبوو بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێک، دەنگی لێکردم تا بڕۆم، چونکە کات درەنگە، چیتر خۆم دوانەخەم.

لەدواییدا بەپەلە جێم هێشت و یەک هەنگاوم کردە دە هەنگاو تا گەیشتمە ماڵەوە، چاوەکانم گێڕا هەندێک ئەم لاو ئەولای دەرگا و بانم کرد کە پشیلەکە دیارنەبێ تا دایکم بانگ بکەم و لە هەموو کەینوبەینێکی تێبگەینم، بەڵێ پشیلە دیارنەبوو، بەخێرایی هەموو نهێنییەکەم لەدایکم گەیاند . ئەویش واقی ورما و هەستیشم دەکرد ترسێک ئاودامانی بالای گرتەوە و وەک شۆڕەبی دەلەرزی، بەڵام پێداگیریم کرد کە خۆی تێک نەدا و نەشلەژێ، چیم پێ وتووە ئەوە بڵێ.

تەقەیەک هات، تومەس پیرەپشیلە لەسەربانەوە قەڵەمبازی دایە گوێسەبانە و لەوێشەوە بۆ ناو حەوشە و وردەوردەش بەرەو لای کەلەگییەکە و هەر لە هەمان شوێنی پێشووی چەند ڕۆژەی، چیچکەی کرد و دەستەکانی بەدەم و چاویدا دەهێنا. دایکیشم بەدەم تەسبیحە درێژەکەیەوە کە لەملی نابوو دەنک دەنکی دەکرد، بەرەو سندووقەکە بەنییەتی دەرگاکردنەوە دەچوو تا بوخچەکەی لێدەربهێنێ، منیش لە دوورەوە سەرنجی تیژم ئەدا و بزانم چی ڕووئەدا، دایکم بوخچەکەی دەرهێنا و بەشێوەیەکی نائاسایی بوخچەکەی کردەوە، جلەکانی هەڵڕشت دیقەتی پشیلەبۆرم دا و هەردوو دەستی درێژکرد و ملی لەسەر دانا وەک وێنەی بگرێت، یان لەشتێک تێبگات. دایکم دەستی بە پرتەوبۆڵە کرد و جلە پیسەکانی وەک ناڕەزاییەک بەرزەکردەوە، پشیلەکەش زیاتر گوێکانی دەجوواڵاندن و قوتی دەکردنەوە، چاوەکانی لەدایکم گیرکرد، ئیتر دایکم حەوسەڵەی لەبەربڕا .. ڕووی تێکرد و وتی:

– پشیلە بۆر بۆ وامان بەسەردێنی؟ بۆ وامان پێ ئەکەی، بڕۆ بەرۆکمان بەردە و وازمان لێ بێنە، ئیتر لەم ماڵە مەمێنە، ئەمەمان پێ قبووڵ نییە.

پشیلەکە کە گوێی لەم قسانە بوو، زانی و تێگەیشت کە لەهەموو نهێنییەکی بەئاگابووین، خۆی قووت کردەوە، بەپەلە لەجێی خۆی زیت بووەوە. هێشتا قسەکانی دایکم کۆتایی نەهاتبوو قەڵەمبازێکی گەورەی هاویشت, بەشێوەیەکی بروسکەیی و تیژڕەو ماڵەکەمانی بەجێ هێشت و تێی تەقاند.. ببڕای ببڕ چیتر نەماندییەوە.

۲۰۱۳/۱/۲۰

هێڤیێن زیلدای

ئەڤین شکاکی
(عەفرین)

پەیزا پێشی بوو ئێڤارکی بێ دل و بێ رووموەت بوو، دارا هناری خوە ژ گونەها دوەشاند پەیمانەکە نوو ب بهارێ رە گرێ ددا، د چاڤێ گولێ دە نەچاری و بەلەنگازی خوویا دکر، بسکێن پۆرا وێ یا ب حەنێ سۆرکری ژ بەر کەفکا وێ یا سپیرەنگ دەرکەت بوو، خەم د دلێ خوە دە درستن و زیق ل کورێ خوە فەرهاد دنەهێرت، کڕینی ژ کەزەبا وێ دهات تە دگوّت قەی ئەڤ جارا ئەولی یە کورێ خوە دبینە یان ژی ئەڤ جارا داوی یە وێ ببینە. د دلێ خوە دە دکەلی.. دفۆری.. و دپژقی، کەسی هەست پێ نەدکر، دخوەست کو گیانێ خوە ژ دیمەنێن وی یێ لەڤهاتی تژی بکە دزانی بوو کوو کورێ وێ رێوی یە ژ خوە رە د گوّت ما چقاس ژیان بێ واتەیە لێێێ.

ئۆدەیا مالێ یا هەری مەزن ژ دۆست .. هەڤال.. و مالباتێ مشت ببوو یێن کوو هاتی بوون خاتر ژ فەرهاد بستینن، هەر یەکی ژ وان چارەی رێز دکرن و ژ ئاش و باژار تانین، مامێ فەرهاد یێ هەری مەزن ب تەمەنێ خوە ماقوول و ئاغا خوە ددیت و گەلەکی ژ خوە رازی بوو چلکێ ل بەر بەژنا وی هەر دەم ئیتووکری بوون. تزبەیەکە رەش د دەستێ خوە دە دبر و تانی پشتی چایا خوە ڤەخوار و بهنا خوە ڤەدا، ئاخڤی و گوّت: د نەرنا من دە برازی هەگەر تو مالا خوە ببە پایتەختێ و ل ور ژیانا خوە بەردەوام بکی د بە کو پاشتر بە، هەڤالەکی فەرهاد مامۆستە بوو زانستا دەروونی خوەندی بوو، بەژن درێژ بوو، قەمسکی رەشێ بتبتی ل بەژنا وی بوو، هزر و رامانا وی دخوارن سەرێ خوە هلدا و ب هەموو ئاقلمەندیا خوە و زانەبوونا خوە ریا ئاخفتنێ ژ بەر مامێ هەڤالێ خوە بری، ل فەرهاد نەری و گوّت: بڕیارا باش ئەوە یا کو تە ستاندی، کەسەک ئیدی نکارە ل وەلاتی بمینە و بژی، نەخاسم کو سەدەما رێویتیا تە چارەسەکرنا نەخوەشیا کورێ تەیە، کارێ خەلکێ بوویە رەڤا ژ ڤی وەلاتی هەژاریێ و بێچاریێ و بێبەختیێ و بێباوەریە ملەتێ مە هەمی کۆچبەر کرن.

فەرهاد بهنەکی ما بێ دەنگ، دەستێ خوە ل سەر چۆکێ خوە رە دبر و تانی نیشانا خەمگرتنێ و متالیێی بوو، پاشی ب دلەکی شکەستی و سەد بریندار وها گۆت: دزانم کو ژانا هەری گران رەویتیە لێ چارەتی ننە و بێجارەتی ژی گەلەک ب زەهمەتە دزانم کو دووربنا من ژ دێ و باش... دۆست.. هەڤال گەلەکی زۆرە، لێ دبە ئەڤ قەدەرا من بە ،هەتا کو ئەز ل ڤی وەلاتی مە جارەسەریە نەخوەشیا کوریّ من ئەلەند وێ نەبە ئەز مەجبوورم کو ژ وەلاتی باربکم، و ل وەلاتەکی دی بخەبتم، ئەز ب گۆمانم و ب هێڤیمە درەگەهێن خوشیێ و جارەسەریێ ل پێش من و کوریّ من وێ ڤەبن فەرهاد وسا ژ کەس و کارێ خوە رە گۆت.

خویشکا فەرهاد ئاڤژەنیەکە بێ هەدان د ناڤ هێسرێن خوە دکر، و ژ ئاگرە هڤاڤێ خوە تەباتی پێ نەد کەت ئێش و کەسەر ل دلێ وێ ببوونە میڤان، و د دلێ خوە دە وەکە تاڤیکی بهارێ دباری، باش دزانی بوو کو ژیان وێ ببە رەنگەک، ژیانا سینەم ب هەبوونا فەرهاد خوەنەکە گولگولی بوو و ب واتە بوو لێ چ بکە مالا قەرێ وێران ببە، زارۆک ب ئەیوانێ و حەوشێ کەتبوون ئەتلایی ب ئاڤا مەزن دکەت و ب وان زارۆکا نەدکەت نە د وەستیان و نەژی د ئودەیا مالێ درونشتن، زارۆکەک ب تەمەنێ خوە سێ سالی، ب لستکێ خوە مژوول د بوو بلەز خوە ئاڤێتە هەمبێزا فەرهاد و گۆت:

بابۆ تە باترۆنێ خوە ل خوە کریە تویێ ب کوڤە هەری ئەژی وەرم من نەهێلە، چاڤێن فەرهاد مشت هێسر بوون و گوت: نا بەرخێ من توو یێ پاشی وەری دلێ دایکا خوە خەمکین نەکە باشە جانێ من، ئەلەند گۆت بلا بابۆ، ئەلەند هەر کو ددیت بابێ وی پاترۆنێ خوە ل خوە کریە دزانی بوو کوو بابێ وی وێ ژ مالێ دەرکەڤە هەما ئێکسەر ژ دایکا خوە رە د گۆت: دادێ پاترۆنێ من ژی ل من بکە دا ئەژی هەرم.

لەهیەکی بێ سینۆر ژ بیرانا ئەو ل بەر خوە دبر ل دۆرا خوە دنەری ددیت کو شۆڤایا فەرهاد ل هەر جهی د پەیڤە و نیشان دده د ئودەیا مالێ یا رۆنشتنێ ل رەخە راستێ ئوودێ ماسیە رەنگە رەنگ بوو ئەو ماسیێ کو فەرهاد هەڤالتیەکە درەژ و بەیانا هەزکرنێ ب وان رە گرێدا بوو ماسیێن سۆر..رەش..پرتاقلی و هەر وسا ب هەمی رەنگان ئەو هەودێ ئاڤێ خەملەندی بوون هەر دو رۆژا فەرهاد خوارنەکی تایبەت ددا وان ژێ رە سەما دکرن و کەیفخوەشیا خوە دیار دکرن، لێ مخابن پشتی فەرهاد چوو سینەم خویشکا وی ب نازی و دلۆڤانیا خوە ئەو ماسی مینە مرۆڤا دیتن و هەر رۆژ سێ جارا خوارن ددا وان هەتانی زکێ وان وەرمی و مرن.

شۆڤایا فەرهاد وەکە ئەرشیفەکی سینەمایی ل بەر چاڤێن هەمیا نە د چو د هوەشا مالێ دە و ل سەر دیواری وێ ب پینۆسەکی رەش نڤیسانی بو /بابێ ئەلەند ۲۰/۲۰/۲۷.... ، د بن میۆەیا تری نەرجلا فەرهاد یا کو رۆژێ سێ چار جارا دکشان ب د ناڤ هناڤێ خوە، تەنا خوە و ب هەڤالێ خوە رە، تشتا هەری بالگێش یا کو فەرهاد ل شون خوە هێلایی کومپوترەکی بارگرن تە دگۆت قەی مرۆڤەکی هەفتی سالیە ئێ ب ئێشا زراف کەتیێ ل وسا ژی ب سودە بوو.

د دەرباسبوونا دەمژمێرێ دە هەر جارێ ئێش و ژانەکە دژوارتر ددا دایکا ئەلەند گەلۆ وێ چاوە بکاربە دەمژمێرێ و خوولا راوەستینە وێ چاوە ژیانا خوە بێ فەرهاد ب قەدینە؟ وێ چاوە بارێ کورەکی نەخوەش ل سەر ملێ خوە هلگرە و وی ب پاریێزێ؟ ب هەزاران پرس دهاتن و دچوون بەر چاڤێ وێ، بێ باوەری دما و هەڤیێ وێ دهاتن سێدارەدان، لێ دیسا ژ خوە رە د گۆت: دڤێ ئەز ب هێزبم ژ ڤێ مەستر ژی هەیە د ژیانێ دە.

دەمێ خاتر خوەستنێ هات لەرزێ دایکا فەرهاد دگرت و دل ل سەر پیێ خوە راوەستیان ئوترمبەلەکی سۆرێتاری ل بەر دەرگەهی سەکنی لەمپێ جادێ مەلول بوون خەمگینیا خوە ژ فەرهاد رە دیار دکرن.

گەلۆ چەند هەبێزێ گەرم ژ فەرهاد رە دڤن دا وی ژ سر و سەقەما خەربیێ بپاریێزە، چەند چاڤێن ب رۆنی دڤن دا ریا ژ تۆزا خەمگینیێ بمالە، چەند دل ژێرە دڤن دا سەرێ وی ب دوایا بێ شوشتن، چەند هێڤیی وێ ئاڤس بن و چەند وێ بەراڤێتی بن هاتنی ژیانا فەرهاد رەنگین ببە، خاتر ژ هەمیا خوەست، دلێ دایکا وی خوە ئاڤێت هوندرێ ئوترمبێلێ دە، لێ دلێ وی خوە ژ سنگا وی ئاڤێتە هوندرێ مالێ د ناڤ لستکێن ئەلەند، و ئەلەند ل بەندا هێڤیێن کو زیلبدن دمینە.

ئەفسانەی مەڕ

سەباحەددین عەلی
لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە
(کەرکووک)

سەردەمانێک درەختی زل، لەناو چیمەنزاری کەناری دارستانێکی ئێجگار گەورەدا هەبوو، ڕانە مەڕێک کە شوان و سەگگەلی بەسەرەوە بوو دەژیا.

گیای چیمەنەکە هەمیشە زۆر و تازە بوو، ئاوی بەستی لە کەنارەوە ڕۆیی و فرە و خاوێن بوو، بۆ خەوی بەر سێبەری هاوینان چەند دارێکی بەفەڕی گەلاچڕ، بۆ لە سەرمای زستان هەلاتن و پەنا بۆ بردن ئەشکەوتێکی چۆڵ و چەپەک، حەسانەوەی مێگەلەکەیان دابین دەکرد، بەڵام مەڕەکان کەیفیان لە جێی خۆیدا نەبوو، سکالایان لە شوانەکە هەبوو. ئەم پیاوەی خۆڵەکەوە دەستی بە کەوتنە ناو ڕیشی کردبوو، بەیانی تا ئێوارە لە بناردا ڕادەکشا و خەوی لێ دەکەوت، لەوێوە فوویەکی لە بلوێرەکەی دەکرد، هاوارێک لە سەگەکان دەکا، دیسانەوە خەوی لێ دەکەوتەوە، مەڕەکانی دەدۆشی و ئەو شیرەی پێی دەکرا بیخواتەوە دەیخواردەوە، ئەوەی نەیدەخواردەوە دەیفرۆشت، کە ئارەزووی لێ دەبوو بەرخێکی سەردەبڕی و دەیکردە کەباب، یانیش مەڕێکی دەکوشتەوە و قاورمەی بۆ زمستان ئامادە دەکرد، بە دونگترین مەڕ و بەرخەیلی بەو جەڵەبە دەفرۆشت کە دوو سێ حەفتە جارێک دەهات، ئینجا خەریکی خەوەکەی دەبووەوە... هەموو ئەمانە بەلایەک، ئەم مەڕانەی دەیانزانی ئەوانەی دەکەوتنە دەست جەڵەب زوو بێ، یان درەنگ دەدرێنە دەس قەساب، هەر کە کابرای چاوبەخوێن دەردەکەوت لە ترسان لەرزیان لێ دەکەوت، دەخزانە پاڵ یەکدی، ئاوەزیان بە بەرگری کردن نەدەشکا. چی بکەن؟ ڕێسای ئەم جیهانە وەها بوو.

بەڵام ئەمیان لە نێو مەڕەکاندا کە هیچیان بە ئاوەزی نەدەگەیشتن، ڕۆژێک لە ڕۆژان، بە ژیانی لەترسی نووستنی ژێر کێردەوە بێ، داواکاری لە بنەڕەتەوە چارەسەری ئەم دۆزە پێگەیی بوون. ڕۆژ بە ڕۆژیش ژمارەی ئەمان پتر دەبوو، بۆ نموونە، هەموو ڕانەکە لەو بارودۆخەی خۆیدا کە گیا دەبینرا لە نێویانەوە قۆچێکی چاوسوور دەردەپەڕی، شاخێک بە گۆشتە ئەستوورەکەی شوانەدا گیر دەکرد، شوانە بە دووی بکەوتبا و بە یارمەتیی سەگەکان بیگرتایە، تووند بە

داریکەوەی ببەستبا، تەنانەت ئەم گیانلەبەرەی بدایەتە دەست یەکەم جەڵەبیشەوە، ئەم بارودۆخە بۆ چاوترسێنی ئەوانی دیکە بەس نەدەبوو. دەیانگوت: - دوای ئەوەی کۆتایی هەر چوونە لای قەساب بێ، ئەمڕۆش هەر یەکە و سبەینێش هەر یەکە - ژمارەی بە قۆچ بەرگرییان دەکرد ڕۆژ بە ڕۆژ پتر دەبوو.

ئێ، با نەڵێین مەڕن و بەلایانەوە ڕەت بین، لە ناو ئەوانیشدا چ قۆچەیلێک، چ ئازایەلێک هەبوو. لەوەتی جیهان دامەزراوە، ئەی هەموو مەڕگەل لەگەڵ شواندا، لەگەڵ سەگدا نە ژیاون! ئەوانیش سەردەمانێک بە بێ ئاگاداریی قەساب و جەڵەب و شوان و سەگ بە خۆیان بە دوای خۆراکی خۆیان گەڕاون و دۆزیویانەتەوە، بە خۆیان، بە قۆچە تیژەکانیان دوژمنانیان تۆقاندووە و بەزاندووە.

بەڵام ئەوانەی چاویان بڕیوەتە گۆشتە چەورەکەیان، ڕۆن و پەنیریان لە شیرەکەی و کورک و کەوشیان لە پێستەکەی دروست کردووە، بەر لە هەموو شتێک مەڕەکانیان، ئەگەر بێ شوان بمێننەوە، دەبنە شکار و نێچیری گورگ و مەل، بڕوایان پێ هێنان کە بە تەنیا بن لە برسان دەمرن. ئەمە بەم جۆرە درێژەی هەبووە، تا هاتووە مەڕگەلیش بڕوایان بە خۆیان نەماوە، پشت ئەستووربیان بەهێزی خۆیان نەماوە، وایان زانی کە شوان ئەوانی لە گیانەوەران پاراستووە، فڕێدانی دەسکە گیایەک بۆ بەردەمیان، بۆ گۆشتە نەرمەکەیان نییە، بۆ چاوە ڕەشەکانیەتی.

بەڵام وەک گوتمان، تۆزە تۆزە ئاوەزیان دەستیان بە هاتنەوە ناو سەریان کرد، شوانەکانیش ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر بوون. خۆ ئەمەی دواییان ئەوەندە ساختەچی بوو، لە کەیف و حەسانەوەی خۆی بەولاوە بیری لە هیچ نەدەکردەوە. گیانەوەرانی دی کە پەلاماری مێگەلەکەیان دەدا، ئەم وەک شوانە کۆنەکان تێڵاکەی بەدەستەوە دەگرت و سەگەکانی بە دووی خۆیدا دەخست و لە جیاتی ئەوەی بەرەو ڕوویان بێتەوە، چەند مەڕێک و چەند بەرخێکی فڕێ دەدا و بیری لە لێ ڕزگار بوونیان دەکردەوە. ڕۆژێکیان لە دارستانی تەنیشتەوە ئاژەڵە کێوی، گیانەوەران بە یەکدا چوون، چونکە ئەو سالە زستانەکەی تووش بوو، کە گورگەکان، ورچەکان خۆراکیان نەدۆزییەوە هار بوون. کاتێک کە لووەر و نەڕەی ئەوان گەیشتە ئەو چیمەنەی مێگەلەکەی لێ بوو پێکەوە لەگەڵ مەڕەکان، شوانەکەش کەوتە لەرزین. لەم نێوەدا ئەوەی لە شەڕدا زامدار بووە و ڕای کردووە، یان چەند گورگێکی لەڕ و لاواز تێکەڵی شەڕ نەبوو لەبەر برسێتی پەرێشان کەوتبوون، پەنایان بردبووە بەر کەناری دارستان.

کە مەڕە لە ترسان تۆقیوەکانیان بینی گوتیان: " ئەوە دوژمنی بە گوێرەی دانەکانمان! " بەرە و پێشەوە تەکانیان دا، بەڵام مەڕەکان کە دەمە سوورسوورە کراوەکانی گیانەوەرەکانیان بینی تێگەیشتن کارەکە گەمە نییە. سەگەکانیش کە مەڕەکان لە دەست چوون بیریان بە برسێتی مانەوەی خۆیان کردەوە و ئازایەتی گرتیانی، هەموو پێکەوە بەسەر ئەم گورگە چرچانەیاندا دا. قۆچەکان سەریان بەرەو خوارەوە دانەواند و کە بە شاخە درشتەکانیان بەرەو گیانەوەرەکان بەڕێ کەوتن، سەگەکانیش بە حەپەپەکی زۆر هەرایەکیان نایەوە. بەم جۆرە چەند گورگێکی لەبەر بێ دەرمانی بە زەحمەت لەسەر چوار پێیاندا دەوەستان پاشەوپاش بەرەو دارستان هەڵاتن. ئەوانی دی بەبێ گیان بەسەر زەویدا ڕاخران. شوانەی لەو جێیەوە دەرچوو کە لەم ماوەیەدا خۆی تێدا شاردبووەوە، بە ڕاوەشاندنەوەی تێڵاکەی کە ویستی بێتەوە سەر مێگەلەکە، مەڕەکان ئاوەزیان لە سەری خۆیاندا خڕ کردەوە، قەساب و جەڵەبیان بەبیردا هاتەوە.

سەگەکانیش بڕیاری لە تێڵای ئەو ڕزگار بوون و کاتی هاتنی مانەوەی شان بە شان لەگەڵ مەڕەکانیان دا. هەموو پێکەوە چوونە سەر شوانەکە. شوانی ترسنۆک ڕایکرد و بە زەحمەت گیانی خۆی ڕزگار کرد، جارێکی دیکەش لەو ناوانەدا دیار نەبووەوە.

ئەوەی لەم شەڕەدا زۆرترین قازانجی دەسکەوت سەگەکان بوون. کەلاکی ئەو گورگانەی سەر چیمەنەکەش و ئەو هەشت نۆ(*) مەڕەشیان خوارد کە لە شەڕی ئەواندا کوژرابوون و چاک تێر بوون. کلکەکانیان بە کەیفخۆشی دەلەقاندەوە و بە زمانە درێژ و سوورەکانیان و خۆ لێستنەوەوە لەو ناوەدا دەگەڕان و دەیانگوت بەسەر مەڕەکاندا دەستیان بە خۆ نواندن کرد. تا کاتی بەسەردا دەچوو لووتیان بەرزتر دەبوو، مەگەر ئەوەی سەگەکانی بە سەگ کردبوو ترسی شوان بووە، کە بەبێ شوان مانەوە لەو بەدتر دەرچوون. تا دەوەڕین حەیرانی دەنگی خۆیان دەبوون، بەوەی کە - ئەوەی مەڕەکانی هێنایە خرۆش، گورگەکانی تۆقاند ئەم دەنگە بوو! - بایی بوونیان تا دەهات بەرزتر دەکرد. سەرەڕای ئەوەش کرمی گەورەییان تێ کەوتبوو: چونکە پێیان وابوو بە وەڕین چەند گیانەوەرێکی زامدار و سەقەتیان ڕاوناوە، بڕوایان وابوو، هەروەها لەو سەگە ئاساییانە نین، بەوەی کە - سەگ یانی چی؟ ئێمەش بنچینەمان گورگ نییە؟ - شانازییان دەکرد. وردە وردە ئەم ئەندێشەیە زەینی گشتیانی پێچایەوە، ئینجا لە بەرزییەوە سەیری

مەڕەکانیان دەکرد. لەبەر ئەوەی ئەو گۆشتەی ئەوانیان لە بیر نەدەچوو کە جارێکیان تام کردبوو. ئەو بەرخانەی لە گۆشە و کەنارەکاندا دەکەوتنە بەر دەستیان، لەتوپەت دەکرد و دەخوارد، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی ئەو مەڕە درشتانەی لە مێگەل دوور دەکەوتنەوە، هێرشیان دەکردە سەریان و دەیانگوت: - ئەوەی وەک ئێمە ڕەسەنیان فەرمانڕەوایی دارستان کردووە، یانی چی ئێمە پاسیان بکەین؟ - لە نێو خۆیاندا بە مخابنیان دەزانی، دووبارە دەیانوبست بگەڕێنەوە ڕۆژانی بە سەلتەنەتەی ناودارستانی کێوبیانە.

تا لە چاوی خۆیاندا گەورەتر دەبوون، مەڕەکانیان بە بچووکتر دەبینی. ئەوان ئافەریدەی وەهان کە تەنیا گۆشتیان دەخوڕێ، شیریان دەدۆشڕێ، دەیانگوت:

- ئەگەر ئێمە بە وەڕین ئەوانمان بە جوولّە نەخستایە، تەنانەت قۆچەکانیشیان بە کار نەدەهێنا.

- لەم دارستانە گەورەیەی سەر سەرماندا ئەو گورگانەی لە ڕەسەنی ئێمەن، تەنانەت ئەم چەقەلّە sukirtipilانە فەرمانڕەوایی دەکەن، ناوەندەکە بەرتەسک دەکەن و دەسووتێنن، بۆ ئێمە عەیبە لەم چیمەنزارەدا وەک بەرخ بژین، زۆر عەیبە... -

لە سەگ ڕزگار بوون ئەوەندەی لە شوان ڕزگار بوون ئاسان نییە، ئەمانە ژمارەشیان زۆرە، دانیشیان تیژە. سەرباریش ئەگەر کێشەیەک پەیدا بێ بە هەلی دەزانن سێ چوار مەڕ پارەپارە دەکەن. لەبەر ئەمە مەڕەکان، بەوەی کە ئەم کارە دەگاتە کوێ؟ لە ناو پەژارەدا چاوەڕوان بوون. وەک شوانەیان دەرکرد، پاڵ بە سەگەکانەوە نانەکەشیان لەبەر چاویانەوە پێ لانەدەبرا، بەڵام سەگەکان لە کۆتاییدا سەری خۆشیان و سەری مەڕەکانیشیان خستە ناو ئاگرەوە. ڕۆژێک، زیاتر خۆیان پێ نەگیرا، بڕیاریان دا دەست بەسەر دارستاندا بگرن، لەبەر ئەوەی دەیانزانی ئەم کارە تەنیا بەمان ئەنجام نادرێ، مەڕەکانیشیان خستە پێشیانەوە، - گوتیان: ئێوە بە قۆچەکانتان ڕێ دەکەنەوە، ئەوانەی دێنە پێشتان دەخەنە ژێر پێلەقە، ئێمەش لە دەوروبەرتاندا دەیکەینە هاتوهاوار. ئازایەتی بە ئێوە دەدا. دوژمنان ببەزێننەوە! - ئەوەی چونکە لەو بڕوایەدا بوو ئەم کارەی ئەم جارە ئەنجامی باشی نابێ و نەیدەویست بەشداری بکا، پێیان گوت، نامەرد، ترسنۆک، بەستەزمان، ناپاک! تۆ وەک ئێمەمانان شایەنی ژیانی ناو سەگگەلێک نیت لە ناو دەمارەکانیاندا خوێنی گورگانیان هەلّگرتووە! - و پارچە پارچەیان دەکرد و بە ئیشتیهاوە خواردیان.

بەڵام لە دەوەنەکانی کەنارە دوورەکانی دارستانەوە، ئەو گورگ و ورچ و بەور و تەنانەت کەمتیارەکان و چەقەڵانەی لە چوار لاوە هێرشیان کردە سەریان، لە ماوەیەکی کەمدا پەرێشان کرد. وەڕینی سەگەکان بەر لەوەی بگاتە چلّەپۆپەی دارەکان خنکان. خۆینی گەرمی مەڕەکان لە نێو گەلّا وشکەکانی سەر زەویدا زوو بزر بوو.

چوار پێنج مەڕ کە لەبەر نەخۆشی، یان پیری بەشداربیان لەم شەڕە نەکردبوو لەگەلّ بەرخەیلێکی ساوای زۆر، لە ئەشکەوتەکەی تەک چیمەنەکەدا چووبوونە پاڵ یەک، ئەو دەنگە ناخۆشانە، باعەی جەرگ پارچە پارچە کەرەوە، سەگوەڕە بێ ئومێدییەکانیان دەبیست کە لە دارستانەوە دەهاتن، لە ترسان هەلّدەلەرزین، کە دەنگەکان بڕانەوە، سەیری ڕووی یەکدییان کرد، ئەوە تێگەیشتن کە بەسەر ئەو سەگانە و ئەو مەڕانەدا هاتبوو کە بە زۆر بە کێشیان هێنا بوون بۆ ئەوەی دەست بەسەر دارستانەکەدا بگرن. دوو پیرۆ قۆچی نێوانیان هێدی هێدی بەرەو دەرگەی ئەشکەوتەکە ڕۆیشتن. کە گەیشتنە نزیکی ئەو دوو سەگە سەقەتەی بۆ چاودێریی ئەمان هێلّرابوونەوە، ئەو قۆچانەیان کە هێشتا هەر هەموو هێزیان لە دەست نەدابوو، وەک بە زگی ئەو سەگانەدا کرد، لە بەردەمیاندا بە سەرسامی لووڕە لووریان بوو، فڕێیاندانە ناو ئەو شیوەی ئەولاترەوە. ئینجا ڕوویان لە بەرخەکانی ناو ئەشکەوتەکە کرد و گوتیان:

- لەم جیهانەدا، دەکرێ بەبێ شوانیش و بەبێ سەگیش ژیان ببڕێتە سەر، بەڵام بۆ تێگەیشتنی ئەمە، ئەگەر هەر جارە و ئەمەندە قوربانیی خۆیناوییە بدەین زۆر زوو نەوەمان وشک دەکاتەوە. دەسا ئێوە چاوتان بکەنەوە، ئەگەر سەر لەنوێ سەگتان بە سەردا بسەپێن، بە تایبەتی ئەو ساختەچییانەی خۆیان بە گورگ دەزانن، بەر لەوەی مێگەل بە گیانەوەران پارچە پارچە بکەن، لە وەدەرنانی ئەوان بڕوانن! -.

(١٩٤٦)

پەراوێز:

(*) لە تورکیدا بۆ ئەوە (پێنج دە) بەکارهاتووە.

سەرچاوە:

http://www.yazimhane.com/modules.php?name=Forums&file=viewtopic&t=123.

نسکۆی بێدەنگی

دارشتنی دەق:
مۆفەق عارف لهۆنی
(سلێمانی)

کارەکتەرەکان:
* کچە سەماکەر
* گەشتیار
* کچە شۆخ
* نیگارکێش
* شاعیر
* کچە شاعیر
* کچە سۆزانی

تابلۆی یەکەم:

١- شانۆ چۆڵ و ڕووتە و هیچی لێ نییە و تاریکی و بێ دەنگی تەواو..... لە ناوەڕاستی سەرەوەی شانۆوە چەند ڕووناکییەکی ڕەنگاوڕەنگ بە دوای یەکدا، یەک یەک دادەگیرسێن، هەریەکەیان لە ناوچەیەکی شانۆ دەدەن، پاشان ئەم پرۆسەیە دووبارە دەبێتەوە، لەگەڵیدا وردە پووڵەکە و دووکەڵ هەیە....

٢- کچە سەماکەر / بە چەند جووڵەیەکی سەمائامێزی جوان دێتە ژوورەوە..سەمازانی بالێیە..پاشان دەوەستێت:

(بارانە....ئەرێ ئەم هەوری عاتیفەیە بۆ پەڵە نادات؟).

بەردەوام دەبێتەوە لە سەما و بە چەند جووڵەیەکی بازنەیی خێراتر و لە هەمان کاتدا گرژ دەبێت و بە تۆندی جووڵە دەکات.

٣- هەمان کات نیگارکێش بەرانبەر تابلۆکەیەتی و خەریکی وێنەکێشانە، لە وێنە کێشان تەواو بێزار دەبێ، بە دارمانەوە بەردەبێتە تابلۆکەی بە پێ لەقە و جنێو بە هاوارەوە:

بڕۆ با لە تەنیاییدا بمرم..بڕۆ
تۆ لە تەک شەپۆلی زەریای عاتیفەی مندا پێت ناکرێت بفڕی...

ڕووناکییەکی وەنەوشەیی دەچێتە سەری وردە وردە

خامۆش دەبێت شێوەی مەڵێک وەردەگرێت لە پەلوپۆ دەکەوێت.

٤- کچە هاوڕێی نیگارکێش کە هەردەم خەریکی خۆ ڕازاندنەوە و خۆ ئارایشت کردنە، بە شێوەی نەورەس هەڵتروشکاوە و گاڵتە بەم بارە دەرونییەی نیگارکێش دەکات:

بڕۆ..بڕۆ بە مەنفا و چۆڵەوانیت دەسپێرم

٥- کوڕە شاعیر و هاوڕێ سۆزانییەکەی پێکەوەن، کچەکە دەست بە دەموچاو و قژیدا دێنێ، پاشان دەڕوات.

٦- کچە سەماکەر وردە وردە دەست بە ڕاهێنان دەکاتەوە خۆی بۆ چەند جوواڵە و گۆرانییەکی نوێ ڕادەهێنێ:

وەرەوە بە سەر ڕوحی سپیما پێ دانێ
بەم ئۆقیانووسی خەیاڵ و سەرابا
سەوڵی کریستاڵ لێ بدە.....

بە جوواڵەی زۆر خێرا دووبارەی دەکاتەوە

٧- کوڕە گەشتیار (خۆشەویستی کچە سەماکەر بووە ئێستا لە کۆچێکدایە و خۆشی نازانێ بۆ کوێ دەڕوات) لەسەر کورسییەکی بزۆک (هزاز) دانیشتووە و جگەرە دەکێشێت، هەردەم چاوەڕێی دەرچوونە لەم دەڤەرە و هەردەم جانتای سەفەری پێیە:

ئەمە کۆچێکی بێ گۆرانییە
بێ چەپکە گوڵە بێ کەڕاوەیە
هێجگار بێ دەنگە ئەمە مەرگێکی وەنەوشەییە
ئەمەش تەرمێکی بێ گۆڕستانە

(دووبارە غەڵبەغەڵب دەست پێ دەکاتەوە....)

٨- کوڕە شاعیر کە لە سەرەتاوە ئامادەیە لەسەر تەختەی شانۆ هەمیشە بێ دەنگە، بەڵام وردە وردە خەو بە شیعرەوە دەبینێت و لەتەک ئازار و ژانی لە دایکبوونی شیعرێکی نوێدا دەکەوێتە ژانەوە و لە ئاکامدا شیعرێک دێتە کایەوە کە پاشتر هەموویان لە سۆزەدا دەبن بۆ گریانی شاعیر:

باران چ بە خوڕ دەبارێ
بیابانی ئەم گیانە وشک و سووتاوەم
قەت تەڕ نابێ...
کێ وەک من و ئاسمان حەز دەکات بە گریان
گریان بە دڵ...گریان بە چاو... گریان بە گیان

(دووبارە گرمۆڵە دەبێ...سرووتی پاکژبوونەوەی ئامادەبووان.. پێکەنین.. دووکەڵ.. نوێژ.. هۆرەی جافی)

٩- کچە سەماکەر خەریکی ڕاڤەی گۆرانییەکی نوێیە.. لە سەرەتاوە دەست پێ دەکاتەوە:

بۆ کوێ دەفڕی... هۆ کۆترە باریکەی حەزم

١٠- لەم کاتەدا کچە شۆخەکە وەک تووتی دەبێتە فێرخوازی مامۆستایەکی داهۆڵ و گەمژە کە کچە سۆزانییەکەیە و مامۆستا دەیەوێ بە قیژەو هاتوهاوار و تووڕە بوون و بێ مێشکی خۆی تێی بگەیەنێت، بەڵام تێناگات، بۆیە لێی دەدات....کچە سەماکەرەکە دەست دەکاتەوە بە گەڕان بە دوای خۆشەویستەکەیدا:

کۆچی ئەبەدیت نەبڕایەوە.. لەچی ئەگەڕێی... لەچی ئەگەڕێی؟

لەگەڵ گرژبوونی کچە سەماکەردا.. نیگارکێش هەمان شێوە بە خێرایی دەکەوێتە وێنە کێشان، زۆر هیلاک دەبێت، پاشان بە بێزاری و ناڕەزایی خۆی بە تابلۆکەیدا دەکێشێت، وردە وردە دەکەوێت:

کات ڕەت ئەبێت و گەنجێتیشمان سەفەر دەکات
گەر وا بڕوا دەبێ گۆڕێ بۆ دڵمان هەڵکەنین...ئای لەم جەنگە...

(دووبارەی دەکاتەوە)

هەموو کەسەکان لە جمە کەوتن، بەڵام هەریەکەیان بۆخۆی غەڵبە غەڵب دەکات...

١١- شاعیر بە دەفێکەوە سرووتێکی ڕوحی بەرپا دەکات، بەنەرمە ڕیتمێکەوە دێتە ژوورەوە، کەسێتییەکان منداڵ دەبنەوە، نیگارکێش جانتای گەشتیار دەڕفێنێ و دەیکا بە هەرای منداڵانە، ئەوانی دیکە بەشداری دەکەن، کچە هەڕاج دێتە ژوورەوە، بە چەند جوواڵەیەکی سەمائامێز ئەوانەی دیکە دەکەونە یاری کردن بە جانتاکە کە لە کەسێکەوە بۆ ئەوی دیکە یاری پێ دەکەن و هەڵی دەدەن تا تەواو هیلاک دەبن و لە جمە دەکەون و خامۆش دەبن... دوا کەس گەشتیار خۆیەتی بە شەرمەزاریەوە کڕ دەبێت....

کچە شاعیر و کوڕە شاعیر بە دەف لێدان و جوواڵەی سەمایی وردە وردە دەچنە دەرەوە و کەسەکانی دیکە لەسەر شانۆ کپ بوون و خامۆشی سەر شانۆ دەگرێتەوە... بێ دەنگییەکی کوشندە....(تاریکی)

تابلۆی دووەم:

١- سەر شانۆ کپ و بێدەنگە... ڕووناکی دەچێتە سەر

کچە سەماکەر لە گۆشەیەکدا هیلاک و ئیفلیج بووە و لە وتنی گۆرانییەکەیدا دەنگی نووساوە و تێکچووە:

وەرەوە بە سەر ڕوحی سپیما پێ دانێ
بەم ئۆقیانووسی خەیاڵ و سەرابا
سەوڵی کریستاڵ لێ بدە.....

بە درێژایی ئەم تابلۆیە بەردەوامە لەم کارەی..

٢- شاعیر و کچە شاعیر...شاعیر پەیژەیەکی پڕتەقاڵی بە کۆڵەوەیە و کچی شاعیر بە پێچەوانەوە سەر بەرەوخوار لە سەر پەیژەکە ڕاکشاوە، بە نەرمی دێنە ژوورەوە، پاشان دەوەستێ دووبارە دەکەونە ڕۆشتن:

کوڕە شاعیر: کەسێ نییە ئەم تەرمە قورسەم لەگەڵ هەڵبگرێ
کچە شاعیر: تەرمەکەم وا بەسەر شانمەوە، منیش نە ڕۆژم لێ هەڵدێ، نە ئاوا ئەبێ

پاشان بەرەوە قووڵایی شانۆ دەبنەوە، پەیژەکە بە دیوارەکەوە دەنێ، ئینجا کچەکە بۆ سەرەوە کوڕەکە بۆ خوارەوە دەکەونە خۆ پاک کردنەوە بەبێ بەیەک گەیشتن...خامۆشی...

٣- کچە شۆخوشەنگ خۆی ڕازاندۆتەوە و لە ژواندایە، بەڵام کەس نایەت..کچە سەماکەر بەردەوامە..

٤- کچە سۆزانییەکە دێتە ژوورەوە و بە هەڵەداوان دەکەوێتە هەڕاج کردنی شمەک و بەم لاو ئەولادا بە جۆرەها شێوە هەڕاج دەکات بەرانبەر بە کوڕە گەشتیارەکە خۆی ڕووت دەکاتەوە، (٥-٦) جۆر جلوبەرگ دەپۆشێ و دادەکەنێ. کچە هەڕاجەکە کە هیلاک دەبێت دەنگی نامێنێ و بە ئاماژەی دەست و قاچ جووڵە دەکات، هیلاک و خامۆش دەبێت. کوڕە گەشتیار پاش تەواو خۆ ڕووت کردنەوە دەکەوێتە گاڵتە پێ کردن بە تەوسەوە:

شەپۆلیان لە زەریا زەوت کرد...

کچە سەما بەردەوامە لە سەما و گۆرانی..

٥- کچە سۆزانییەکە دەبێتە مامۆستایەکی شەل و ئیفلج و و دەیەوێ بە زۆری زۆرداری خۆی (کچە شۆخەکە) فێری زمانی ئینگلیزی بکات، بەڵام خۆی ئیفلیجە و بێ مێشکە..تا تەواو تووڕە دەبێ بە تف و لێدان لە کچە شۆخەکە دەدات....

٦- کچە سەماکەر هەردەم بەردەوامە...کوڕی گەشتیار دەبێتە مامۆستای وەرزش و بە چاوچنۆکی و چاوبازی و برسێتی ڕوو دەکاتە فێرخوازەکە (کچە شۆخ) لە ئاکامدا بە نواندنی ڕەوشتی ناشیرین کچە شۆخ تووڕە دەبێت و لێی دەدات و دەقیژێنێت..نا..نا..نا..نا کچە سەماکەر بەردەوامە.

٧- نیگارکێش (لە شێوەی فانکوخ) بەستاند و بۆرد و بەدڵەی نیگارکێشانەوە دێتە ژوورەوە، لە جێگەیەکدا دەوەستێ و ستاندەکەی دادەنێ وێنە بکێشێ، پاش تاوێ ماندوو و بێزار دەبێت، دەچێتە شوێنێکی دیکە و لەوێش بێزار دەبێت. ئەم جارە لە سووچێکی شانۆوە دەوەستێ و دەست پێ دەکاتەوە، بەڵام ئەم جارەش زۆر بە هیلاکی بێزار دەبێت و بە دەستەوەستانی ئەوق و ئەبڵەق دەبێت.

هەموو سیحرێکم خستە گەڕ تەلیسمێکی تۆم بۆ نەشکایەوە
بڕۆ با لە تەنیاییدا بمرم

(بێ دەنگی)

٨-بێ دەنگی سەر شانۆی تەنیوە، تەنیا فیگەیەک دەبیستریت کوڕە شاعیر و کچە شاعیر بە هێمنی

کچە شاعیر: بۆ بێ دەنگی
کوڕە شاعیر: چۆن بێ دەنگم ئاخۆ سووتان دەنگی نییە!

لەگەڵ دووبارەبوونەوەی ئەم دیالۆگەدا (دەنگی بانگ دەبیستریێ بە ئاهات) ئەم جارە دووبارە دەکرێتەوە، کوڕەکە پرسیارەکە دەکات و کچیش وەڵام دەداتەوە و بەرەو خامۆشی دەبنەوە...

٩- کچە سۆزانییەکە لە ناوەڕاستی شانۆ دەکەوێتە سەماکردن بە جەستە و دەنگ لە تەک گۆرانییەکی ئینگلیزیدا، سەرەتا بە دەنگی خۆی و دەست دەجووڵێنێت، پاشان خێرای دەکات و سەرنجی هەموو کەسەکانی دیکە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و نیگارکێش پێی سەرسام دەبێت، لەولاوە شاعیر بە هەمان شێوە وردە وردە لێی نزیک دەبنەوە تاوەکو هەردووکیان بەر یەک دەکەون، دەکەونە ململانێ و شەڕی جەستەیی لەگەڵ یەکدا دەکەن، ئینجا نیگارکێش سەر بەرەوخوار دەچێتە باوەشی شاعیر و بە تەقڵەلێدان دەکەون، دەچنە دەرەوە کەسەکان بە ئەبڵەقی دوایان دەکەون، کچە سۆزانییەکە بە پێکەنینەوە سەماکەی تەواو دەکات بە چێژەوە پشوو دەدات...

١٠- کچە شاعیر لە سەر پەیژەکە وردە وردە دەکەوێتە قسە و جاری دووەم وەک وتاربێژی لێدێت:

لە بارودۆخی ئەڤیندام قەت لێی چاک نابمەوە
لە ناو جەستەم چۆکم پێدراوە من دەمار گرژم

من ئافرەتێکی شێتم لە بەهەشتی ئەقڵەوە
ڕام کردووە من سەر بە ئەڤینم

١١- کوڕە گەشتیار پشتی بە ستاندەکەوەیە، کچی سەماکەر لە بەردەم ستاندەکە بە نەرمی دەجوولێ و مندالانە دەکەوێتە قسە:

کچە سەماکەر: بۆ کوێ ئەفڕی هۆ کۆترە باریکەکەی حەزم...بۆ کوێ...
کوڕە گەشتیار: خۆشەویستی تابووتێکە زۆر کەسی تیا پاڵ کەوتووە...

(بێ دەنگی)

١٢- نیگارکێش و شاعیر بە تەقڵەیەکی دوو کەسی دێنە ژوورەوە و جیا دەبنەوە، هەر یەکەیان بە ئەوی دیکەیان پێ دەکەنێت، پاشان شاعیر بە ئاگا دێ و ڕوو دەکاتە کچە شاعیرەکە و سەرزەنشتی خۆی دەکات...ببووە...ببووە دەچێتەوە بۆ لای، ئەم جارە کچەکە دادەبەزێ و ئەم سەر دەکەوێ، کچەکە پەیژەکە هەڵ دەگرێت، دەکەونە جوولە:

کچە شاعیر: کەس نییە ئەم تەرمە قورسەم لەگەڵ هەڵبگرێ
کوڕە شاعیر: تەرمەکەم وا بە سەر شانەوە....

پاشان کچە شاعیر بە تووڕەیی دەچێتە دەرەوە، شاعیر بە تەنیا سەر بەرەو خوار دەمێنێتەوە و بێزارە:

کوڕە شاعیر: چی لە تەرمە بێ نازەکەی تۆ بکەم
ئەوەتانێ تەرمی هەزاران ئەوین وا بەسەر شانەوە...

١٣- نیگارکێش وردە وردە هەڵدەسێتەوە و بە ترسەوە بەرەو لای کچی هەڕاج دەچێت، کە خەریکی سەمایە، پاشان پاکژ بوونەوە، کچەکە دەست دەکات بە شۆردنی نیگارکێش و تا تەواو نوقمی دەکات و خامۆشی.....

١٤- کچی سەماکەر بە تەنیا خۆی لە نێوەندی تاریکیدایە و خەریکی سەما و گۆرانییە...

١٥- کوڕە گەشتیار جانتاکەی پێیە و لە سەر کورسییە بزۆکەکەی بە خۆی و جانتاکەیەوە فیکە فیکیەتی، چاوەڕێی چارەنووسە دەکەوێتە ڕۆشتن و دواندنی خۆی..خامۆشی تەواو.....

گەشتیار: ئەڕۆم هەرچەندە ئەشزانم کوختێ نییە
دەرگا بۆ تەرمی ڕەشبا بکاتەوە
ئەوسا سەرێکم شک ئەبرد
ئەویش نێستا خەنجەر سەمای تیا ئەکا

(تاریکی)

تابلۆی سێیەم

١- بێ دەنگی...تیشکێکی سوور لە سەر کچە شۆخەکە لە سەر کورسییە بزۆکەکە وەک مۆدێل بۆ نیگارکێش دانیشتووە، ئەویش لەسەر ستاندەکە خەریکی کێشانی مۆدێلە، ئەم مۆنۆلۆجە دەڵێتەوە:

نیگارکێش: گریان سەری لێداوم... ئێوارەیە و بێ تۆیی دەمگریەنێ،
هەرچەند دەکەم ڕەنگت ونە... کەچی تۆ هەزار ڕەنگی
ئۆف ئەی کچە مەزنەکەی بەر دڵم تۆ لە کوێی لە کوێ...
من کەی هێزی ئەوەم هەیە دەنگ هەڵبڕم...
ئەم شەو چ پەیکەرێکی خەم بۆ تۆ بتاشم،
چ وشەیەک بدۆزمەوە... ڕوو لە کوێ کەم...هۆ کچە دڵ بەردەکە... دە وەرەوە.....

کچە شۆخەکە جلێکی ڕەش و چاویلکە و شەبقەی لەسەرە و چەند چەقۆیەکی پێیە، یاری چەقۆ چەقاندن دەکات، چەقۆ دەگرێتە تابلۆکەی نیگارکێش لە تەک دیالۆژەکانیدا:

ئەمە سەرەتای بارینی وشەکانە
کۆژانەوەی هەموو چراکانە
ڕووخاندنی گشت پەردەکانی نێوانمانە (بە هێمنی)
برۆ بە مەنفا و چۆڵەوانیت ئەسپێرم

(وردە وردە لە شوێنی خۆی چەق دەبێت).

٢- شاعیر پەیژەکەی بە شێوەی عەرەبانەی دەستی پێش خۆی داوە و شین دەکات و جلەکانی کچە شاعیری داوە بەسەر پەیژەکەدا و دێتە ژوورەوە:

چی ئەم شەو ئەمنوێنێت
ئەم شەو کە ئەوم لێ تۆزاوە
بە هەموو شاعیرانی ئەم دنیایە بڵێن
شینێکی گەورەم بۆ بگێڕن...

لەو لاشەوە نیگارکێش ستولی دانیشتنەکەی خۆی دێنێ لە ناوەڕاست دایدەنێت و یارییەک بەرپا دەکەن لەگەڵ شاعیر پەیژەکە دەخەنە سەر ستولەکە و بە شێوەی تەرازوو دایدەنێن و هەریەکەیان دەچنە سەر لایەکی و لەو کاتەشدا کچی هەڕاج بە ڕاکردن بە فیکەیەکەوە بە باز دەچێتە سەر ستولەکە کە ناوەڕاستی تەرازووەکەیە، دەبێ بە دادوەر، لە کاتی یاری کردنەکەیاندا فیکە لێدەدا، بۆ هەر جوولەیەکیان پاش سێ جوولە باز دەداتە خوارەوە،

ئینجا شاعیر و نیگارکێش پەیژەکە بەرز دەکەنەوە هەندێ جوولّە دەکەن دژ بە یەک، پاشان زۆر بە خێرایی پەیژەکە دەسووڕێننەوە و خۆشیان دەسووڕێنەوە....لەم کاتەشدا کچی سەماکەر بە ئامێری(کلارنێت) دێتە ژوورەوە، بە ئارەزووی خۆی دەگەڕێ، لەگەلّ جوولّەکانی خۆی موزیک دەژەنێت...

٣- کچە سەماکەر دەچێتە سەر پەیژەکە و خەریکی موزیک ژەنینە، گەشتیار بە خۆی و جانتاکەیەوە دێتە بەردەمی

ئاواهی سەما مەکە
ئاواهی پێ لە زەوی مەکوتە
ئەترسم بالّ بگریت و...
ئیتر تا ئەبەد بفڕیت و بگەیتە
شانیشینی یەکێک لە ئەستێرەکان
سەماکەر: هەموو شتێ لە دوای کۆچت نامۆ بووە
ئەو جێگایەی هەتا دوێنێ جێی ژوانمان بوو
ئەوە ئەمڕۆ بە ناچاری خامۆش بووە...
بۆ ڕۆیشتی.... بۆ تەنیاییت بۆ من جێهێشت؟؟
بۆ جێت هێشتم؟.. بۆ کۆچت کرد...

کۆڕە گەشتیار دەیەوێت بڕوات و سەماکەر بە دوایەوەیە و تەحەدای دەکات، پاشان جانتا پڕ لە نهێنییەکەی دەفڕێنێ، گەشتیار ئیفلیج دەبێت، کچە سەماکەر یاری بە جانتاکە دەکات و لەو کاتەدا دەکرێتەوە... (پەساپۆرتێک) دەکەوێ و سەماکەر پێ دەکەنێ و گەشتیار زۆر تووڕە دەبێت و دەقیژێنێت:

گەشتیار: بڕۆن دەرگاکان پێوەدەن
من کلیلی..هەموو دەرگاکانی نامۆییم

(ورده ورده دەڕوات بۆ لای جانتاکەی)

٥- کچە سەماکەر بە نەرمە پێکەنین دەچێتەوە بۆ لای کلارنێتەکەی، دەست دەکاتەوە بە ژەنینی خۆی، کچە شۆخەکەش لەسەر کورسییە بزۆکەکە بەردەوامە، شاعیر بێدەنگە، لەگەلّ کچە هەڕاج دانیشتوون (ساتێک بێ دەنگی) کچە شۆخەکە لای ستاندەکەوە وەستاوە و قۆلّی لەسەر ستاندەکە داناوە و نیگارکێش هەمان شێوەیە و سەیری یەکدی دەکەن و کچەکە پالّ بە ستاندەکەوە دەنێت و دەیخات بەسەر وێنەکێشدا...

کچ: تکا ئەکەم با کۆتایی بەم عەشقە بێ
نیگارکێش: بەجێم بێلّە با گوێم لە وشەی وا نەبێ

شلۆقییەک ڕوودەدات، کچەکە دەڕواتەوە سەر کورسییە بزۆکەکە و نیگارکێش ستاندەکەی چاک دەکاتەوە و بە شێوە شێتییەکەوە دەچێتە ژێر ستاندەکەی دادەنیشێت، بە پەنجە یاری بە زەوییەکە دەکات.

نیگارکێش: مادام قسەی ناو فەرهەنگەکان مردن
دەمەوێ ڕێگایەکی نوێ بۆ عەشق بدۆزمەوە....
ڕێگایەکی بێ وشە کە تێدا یەکدیان خۆش بوێت...!

(دەچێتە خەلّوەتەوە)

٦- گەشتیار پەیژەکە وەک خاچ هەلّدەگرێت. جانتاکەی کردووەتە ملی:

(کێ ئەم تەرمە قورسەم لەگەلّ هەلّدەگرێ)

شاعیر ڕادەچلّەکێ (چی..ئەم شەو ئەمنوێنێ..؟؟) و دێت و پەیژەکەی لێ دەستێنێ، ئەو نایداتێ و بەم جۆرە چەند جوولّەیەکی خێرا و توند بە پەیژەکە دەکەن، هەر یەکەیان دەیەوێ زەوتی بکات، دواجار گەشتیار وازی لێ دێنێ بۆ شاعیر وەک سەرەتا دەست پێدەکاتەوە (دیالۆگی پێشووی دەلّێتەوە..) لە سووچێکدا هەلّدەتروشکێ... شاعیر بە پەیژەکەوە وەک هاتنە ژوورەوەکەی پالّی پێوە دەنێت و دەڕوات:

(چی ئەم شەو ئەمنوێنێ.....تاد)

٧- کچە شاعیر دەمێکە تەنیایە و خەریکی بیرکردنەوە و نووسینە بە دیار مۆمێکەوە دەسووتێ. دواجار قسەی هەیە:

هەموو ژیانم تێپەڕی
من کیژۆلّەیەک بووم ناسک، تۆ مردبووی
ئای.. ئەی ئێستا بۆ هاتیتەوە ناو ئەو خەونەی
سالّەهایە لە بیر خۆتت بردووەتەوە..؟.....!

(بە نەرمی دەگری)

٨- سەماکەر بەردەوام خەریکی ژەنینە، پاشان بەرەو ناوەڕاست چەق دەگرێت و هەست بە تەنیایی و بێزاری دەکات، گەشتیار بە بەردەوامی بە پانتایی شانۆ بە دەوریدا و بە بازنەیی دەسووڕێتەوە.

گەشتیار: لەگەلّ سووڕانەوەکەیدا بە هاوارەوە دەلّێ:

ئەوە ئێستاکە بارانە و منیش وەکو ئەو ئاسمانە
خوڕ خوڕ فرمێسکی بێ تۆیی هەلّئەڕێژم
بڕوا بکە لەو کاتەوەی لە تۆ دوورم
دەردی تەنیایی ئەچێژم...

(چەند بارەی دەکاتەوە)

ئەم دیمەنە مـــاوەیەکی زۆر تا ڕووناکی نامـــێنێ بەردەوامە...

سەماکەر: دەڕۆیت..منیش هەڵوەدای بەرزایی پڕ نهێنییەکانی تەنیایی دەکەیت
چی بکەم تەنیای تەنیام.. دەڤەرێکی چۆڵ... وێنەیەکی قەرەبالّغ لە وەهم..

(سووڕانەوەی بەردەوامە، وێنەکێش لە خەڵوەتەوە، کچە شاعیر لە سووچەکەی خۆیەتی، کچە شۆخ بەردەوامە، کچە هەڕاج بە بێدەنگی بەسەر هەموویان دەسووڕێتەوە).

تابلۆی چوارەم و کۆتایی:

١- نیگارکێش لە ناوەڕاستی شانۆ لە هەمان شوێنی تابلۆی یەکەم لە خەڵوەتدایە، بۆیە و فلّچە و کاغەز بەو ناوەدا بلاّو بووەتەوە، گەشتیار لە بەشی پێشەوەی شانۆ ورتە ورتیەتی و کچە هەڕاج کورسییە بزۆکەکەی وەک عەرەبانەی دەستی پاڵ دەنێت، لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەڵێت، گەشتیار بە دەنگێکی گڕ و ناخۆش دێتە قسە:

گەشتیار: سەفەرە.. سەفەرە..
سەفەر سەفەری بێ گەڕانەوە
ئێستا لە نێوان تەم و زریانا
باڵندەیەکی هێجگار تەریوم
بۆ کوێ بڕۆم... کوێ پەناگام بێ... سەفەرە....

(دووبارەی دەکاتەوە)

٢- کچە شاعیر: کە هەردەم لە هەموو تابلۆکاندا بەدەم جگەرە کێشانەوە، دەفتەرێکی بچووکی بەدەستەوەیە، لە گۆشەیەکدا وەستاوە و بەردەوام دەنووسێت، سەرنجی کەسیەتییەکان دەدات، بێزار دەبێت و شوێنەکەی دەگۆڕێت، کچە هەڕاج لە پشتەوە لە گۆشەیەکدا بەردەوام دەجوولّێت و پشتی کردووەتە بینەران بە نەرمی گۆرانی دەڵێت.

٣-شاعیر زۆر بە ئیفلیجی و تێکشکاوی پەیژەکەی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت، بەلاّم شکاوە و هەندێک وێنە و بەرگی کتێبی پێوەیە، شیعر و کتێبەکانی بە هەڕاج هەرزان فرۆش دەکات:

شاعیر: کێ لەم زریانەم ئەشارێتەوە
کێ کێ خۆی ئەکا بە چەتری سەرم
کەسێ نابینم سیمای لەو بچێ
بەر لە مردنم هانای بۆ بەرم؟؟

٤-کچە شۆخ لە گۆشەیەکی تاریکەوە مۆمێکی بەدەستەوەیە و چاو بە فرمێسک بەم دیالۆژەوە دێتە دەرەوە:

بە مردوویی لە دایک بووم
وام لە گۆڕی بێدەنگیدا

بەرەو ناوەڕاستی شانۆ دێت و لەگەڵ ئەمیشدا کچە سەماکەر بە سەماکردنەوە گۆرانی دەڵێت:

کچە سەماکەر: باران بە لێزمە ئەبارێ و لەسەر شەقامی خەم
هەر وەکو شێت ڕائەکەم و بانگت ئەکەم... بانگت ئەکەم و چاوم بڕیوەتە خۆر

٥- کچە شۆخ بەرانبەر کوڕە شاعیرەکە وەستاوە، نیگای خۆشەویستی دەگۆڕنەوە، بەلاّم کچە هەڕاج بەخێرایی دێتە نێوانیانەوە، دەستی هەردووکیان دەگرێت و یارییەک لە نێوانیاندا بەرپا دەکات (دەرهێنەر سەربەستە لە دانانی یارییەکی منداڵانە بۆ ئەم مەبەستە) یارییەکە خێرا دەبێت. کچە شۆخەکە کۆمەڵێک میزەڵانی پێیە و یەک یەک فووبان تێدەکات، تا دەتەقێن، لەو لاشەوە کوڕە شاعیر کۆمەڵێک کتێبی پێیە و یەک یەک فڕێیان دەدات، لەگەڵ ئەم کارەدا کچە هەڕاج هاوار دەکات و بەسەر شانۆدا ڕادەکات، چەند جارێک ئەم کردەیە دووبارە دەکەنەوە، پاشان کچە هەڕاج دەگاتە لای کچە شۆخ و تۆند دەیگرێت و ڕایدەوەشێنێت و بارۆکەی سەری و جلەکانی لەبەر دادەکەنێت و ئارایشتی دەموچاوی دەسڕێت و ڕووی ڕاستەقینەی دەردەخات، دەردەکەوێ کە مرۆڤێکی ساختە بووە، بەدەم ئەم دیالۆژەوە:

کچە هەڕاج: ئێمە کۆیلەی لەدایک بوونی خۆمانین
پەپوولەین هەرگیز جوانیمان نەبینیوە
مردووی ناو قۆزاخەی زەمەن ئێمەین

٦- پاشان کچەشۆخ بەقیژە و هاوار دەکەوێتە هەڕاج کردنی خۆی و جلەکانی و شتەکانی، بەم جۆرە بەردەوام دەبێ تا تەواو ڕسوا دەبێ و دەست بە گریانێکی قوڵ دەکات...

کچە شۆخ: کاتی توانەوەی بەفرە
لەسەربەردی جەستەما
کاتی هەڵگیرسانی ئاگری خۆرە
ئیدی کاتی توانەوەی خۆرە لەسەر بەردی جەستەما
کاتی هەڵگیرسانی بەفرە.....

(دەگری و ڕیسوا دەبێت، دەچێتە دەرەوە)

٧-کەشێکی پاکژبوونەوە.....کچە سەماکەر

بەجەستەی خۆی چەند جوولّەیەکی بە ڕیتم دەکات، پاشان هەموو کەسایەتییەکان دەگرێتەوە، بە بەردەوامی دەنگی دەف لێدان دێت و جوولّەیان خێرا دەبێت... وردە وردە خامۆش دەبن، کچە شاعیر بە هێمنی و دەنگێکی ڕۆمانسییانەوە ئەم دیالۆگە دەلّێت و بەلایاندا تێپەڕ دەبێت تا ئەویش خامۆش دەبێت.

کچە شاعیر: کە دەریای ئەشکی تەزیوت دەخوێنمەوە
هەناسەیەک بەربینی ڕقم لێ دەگرێت
ناچار هانام بە عیشقی پیرۆزی شیعرێک سڕ ئەکەم
و ڕووبارێک فرمێسک ئەنووسم
دواییش ساتێک لەبەر بەرۆچکەی ئاواتە شینەکانما
بەرمالّێ تەمەن ڕائەخەم....

٨- کۆڕە شاعیر بەردەوامە لە هەڕاج کردنی شیعرەکانی و تەواو شەکەت بووە..

هێشتا بارانە بە لێزمەیە
ئەگەر تۆ نەبیتە چەتری ڕوحم
دە پێم بڵێ لەتۆ زیاتر من کێم هەیە...

(تا کۆتایی بەردەوام دەبێت)

لەم کاتەدا کۆڕە گەشتیار بەردەوامە لەسەر دیالۆگی سەرەتای ئەم تابلۆیە (سەفەرە...سەفەر...تاد) تا کۆتایی.

٩- کچە شۆخ دێتەوە سەرشانۆ، بەڵام زۆر گۆڕاوە و سەری لێ شێواوە و بەم دیالۆگەوە سەمای مەرگ دەکات..

ژووڕەکەم بۆتە ئەشکەوتێ
هەموو شەوێ سەدایەکی تۆزی بە ترس و بە لەزەت
لەسەر ئیقاعێکی ناسک
دەست ئەخاتە دەستی مەرگ و سەما دەکات.

پاشان سەمای مەرگ دەکات و پرۆسەی خۆکوشتنی جەستەیی بەرپا دەکات، لەهەمان کاتدا کچە هەڕاج گۆرانی دەڵێ و کچە شاعیر دیالۆگەکەی پێشتری کچە هەڕاج دەلّێتەوە (ئێمە کۆیلەی لەدایکبوونی خۆمانین... تاد) نیگارکێش لەهەمان شوێنی خۆی لە خەڵوەتگەدایە، کۆڕە گەشتیار بەردەوامە لە دیالۆگی (سەفەرە سەفەر...)

١٠-نیگارکێش بە وتنەوەی ئەم دیالۆگەوە ستاندەکەی وەک ئەشکەوت لێ دەکات و یەکێک لە تابلۆکانی لەسەر ستاندەکە دادەنێت بەرەو کۆتایی دەبێتەوە..

نیگارکێش: ئەچمەوە نێو ئەشکەوتی ڕوح
تاریک و شێدار چون ڕەحمی دایکم
عومرێکە گێژە سەرم
لەتاو هەرای نێو چایخانە و مەیخانە و قوتابخانە و تیاترۆخانەکان
جێی دێڵم بۆ ئێوەی بێ هەتاو و
بەسکە خشێ دەخزێمەوە نێو ئەشکەوتی ڕوح

پرۆسەی خۆکوژی خۆی لەنێو هەموو ڕەنگەکاندا نقوم دەکات.

١١- بێدەنگی تەواو، ئنجا کچە سەماکەر دێتە ژوورەوە و بەدەم سەما و گۆرانییەوە...

کچە سەماکەر: بارانە... دیسان بارانە...لەبەر بارانەکە ئەوەستین بەبێ چەتر
هەتا لەشمان دەخووسێت و جلەکانمان بە پێستمانەوە دادەمرکێ
بارانەکە بەردەوامە ئێمەش لەناو یەکتریدا گرمۆڵەین
گوناهەکانمان دەشواتەوە و هەردەوەستین
وا لاشەمان لەناو یەکتریدا توایەوە و بووین بە یەک....

١٢- لەتەک دووبارە بوونەوەی ئەم دیالۆگە کچە سەماکەر بەناسکی و بە نەرمی سەما دەکات، کۆڕە گەشتیار بەردەوامە و بەخێرایی پشتاوپشت دەڕوات و کۆڕە شاعیر پەیژەکە ڕادەکێشێت و کچە شاعیر بەدوای کەوتووە، کچە هەڕاج لەسەر کورسییە بزۆکەکە دانیشتووە و جوولّەی پێدەکات و وێنەکێش لە ئەشکەوتەکەیدایە، هەموو کەسیەتییەکان جوولّەیان بەردەوامە و ڕیتمەکە خێرا دەبێت، پاشان یەک لەدوای یەک ڕووناکییەکان خامۆش دەبێت و وەستانی تەواو...بێ دەنگی....

کۆتایی

سلێمانی بەهاری ١٩٩٥

تێبینی: لە دارشتنی ئەم دەقە بەسوپاسەوە سوود لە هۆنراوەی ئەم شاعیرانە وەرگیراوە:

(شیرزاد حەسەن، بورهان غەفوور، دڵشاد مستەفا، فازل شەورێ، سوعاد سەباح، ئاری قادر دەرویش، نزار قەبانی، سەلاح محەمەد، ئارام سالح، محەمەد عومەر عوسمان، کەژاڵ ئەحمەد، پازۆلینی، سەعدوللا پەرۆش، مەهاباد قەرەداغی، مەریوان وریا قانع، هیدایەت عەبدوللا حەیران، محەمەد ڕەنجاو).

جەلال جۆبار:
بۆم نەکرا بە تەواوی خۆم بۆ شیعر و ئەدەبیات تەرخان بکەم.. ئەوەی ئێستاش بە ناوی پێشخستنی زمانەوە دەکرێ لە کاروان بەجێ مانە

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(١ - ٢)

جەلال جۆبار کە لە دایکبووی ساڵی ١٩٢٩ی شاری کۆیەیە، کەسێکی ناسراو و بەرجەستەی شارەکەیە کە بەبێ پسانەوە لە بزاڤی نەتەوەیی و نیشتمانی، هەروەها لە بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا بەشداریکی چالاک بووە. دۆست و هاوڕێی نزیکی زۆربەی هەرە زۆری نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان بووە کە بە زۆری لە دوکانەکەیدا لێی خڕ بوونەتەوە، زۆر جاریش ئێوارە کۆڕ و شەوانە کۆڕیان گێڕاوە.

کەسێکی باخەبەر و ئاگاداری سەرجەم ڕووداوەکانی شارەکەیە و یادەوەرییەکەی بووەتە ئەرشیڤێکی دەوڵەمەند و پڕ لە زانیاری. لە دوو دانیشتندا لە شاری کۆیە توانیمان گفتوگۆیەکی کراوەی هەمەلایەنی لەگەڵدا ساز بدەین، جاری یەکەم لە مالّی مامۆستا جەواد حەمەدبەگ و جاری دووەم لە ماڵەکەی خۆیدا هێنامانە دواندن و لاپەڕەکانی ئەزموون و ژیانی خۆی و شارەکەمان لەگەڵ هەڵدایەوە، ئەنجام ئەم هەڤپەیڤینەی لای خوارەوەی لێ کەوتەوە.

ڕامان: لە سەرەتاوە بەخێرهاتنێکی گەرمت دەکەین بۆ ئەو دیدارەمان، دەمێک بوو لە بەرنامەماندا بوو سەردانت بکەین و لە گفتوگۆیەکی فراواندا بەسەرت بکەینەوە.. پێم باشە سەرەتای دەست پێکردنی گفتوگۆیەکەمان بەو پرسیارە دەست پێ بکەین کە تۆ لە خانەوادەی خۆتان کاریگەری باب و باپیرانت، خاڵوانت، مامەکانت لەسەر دروست بوونی کەسێتی تۆ چەند و چۆن بووە تا ڕووبکەیتە دنیای نووسینی شیعر و خولیاو مەیلی ئەدەبیات و شیعرت لەلا ببزوێ، باسێکی ئەو کاریگەریانەمان بۆ بکە؟

جەلال جۆبار: لە تەمەنی چوار مانگیدا باوکم کۆچی دوایی کردووە، بۆیە باوکی خۆم نەدیوە تا بزانم چۆن بووە، تەنانەت وێنەیەکیشی لە پاش بەجێ نەماوە تا ببینم و بزانم چۆن بووە، لەدوای ئەویش دایکم پەروەردەی کردووم، بەڵام لە منداڵییەوە هەستم دەکرد دەستی شاعیریم هەیە.

ڕامان: ئەو هەستەت لە تەمەنی چەند ساڵییەوە هەست پێکردووە؟

جەلال جۆبار: لە تەمەنی دوازدە ساڵی و سێزدە ساڵییەوە هەستم کردووە ئەو بەهرەیەم هەیە، لەگەڵ منداڵان هەندێ شتم ڕێک دەخست، من شیعرەکەم دەگوت و لەناو منداڵان لەکۆیە بڵاو دەبووەوە، ئیتر بەو جۆرە تا ساڵی (١٩٤٩) بەردەوام بووم.

ڕامان: ئەو کاتە تۆ لاوێک بوویت.. باشە خوێندەواریت لە چ ئاستێکدا بوو و لە چ قۆناغێکدا بوویت وا وردە وردە شیعرت نووسیوە؟

جەلال جۆبار: ئەو وەختە خوێندەواریم کەم بوو، بەڵام نووسین و خوێندنەوەم هەر هەبوو.

ڕامان: چیت دەخوێندەوە؟

جەلال جۆبار: هەرچی کتێبێکی هەبوو و بەردەستم بکەوتبایە دەمخوێندەوە، مەراقم خوێندنەوە بوو.

ڕامان: حەز دەکەم ناوی ئەو کتێبانە بهێنیت کە لەو قۆناغەدا دەیانتخوێندەوە؟

جەلال جۆبار: بەزۆری دیوانی شاعیرە دێرینەکان بوون، بە تایبەتی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی و مستەفا بەگی کوردی و نالی و...تاد، ئیتر هەموو ئەوانەم دەخوێندەوە.

ڕامان: بەخۆت ئەو کتێبانەت دەکڕین، یان یەکێک لە کەسە نزیک و خزمەکانت بۆی دەکڕیت؟

جەلال جۆبار: خۆم دەمکڕین، هەندێک جار

ئازاد عەبدولواحید - جەلال جۆبار

دەمکڕین، هەندێک جار لە خەڵکی دیم وەردەگرتن و دەمخوێندنەوە و دەمدانەوە خاوەنەکەیان.

ڕامان: دەتوانی پێم بڵێی ئەوانەی کتێبت لێ وەردەگرتن کێ بوون؟ کتێبخانەی گشتی بوو، یان ئەوانیش وەک تۆ شیعر و نووسینیان هەبوو، یان ئەوانە بوون کە حەزیان بە خوێندنەوە بوو؟

جەلال جۆبار: لێرە کتێبخانەی گشتی بەناوی حاجی قادری کۆیی هەبوو، هەر تەنیا ئەو کتێبخانەیە لە کۆیە هەبوو، بەزۆری لەوێ کتێبم وەردەگرت، کەسێکی دیش ئەگەر ئەو دیوانە شیعرانەی لەکن بوایە، داوام لێ دەکرد تا دوو سێ ڕۆژ بمداتێ، ئیتر وەرم دەگرت و دەمخوێندەوە و دەمدایەوە.

ڕامان: ئەو شاعیرانەی شیعرەکانت دەخوێندنەوە بە زۆری شاعیرانی کلاسیک بوون، ئەوانە تێگەیشتن لە شیعریان قورسە، بە تایبەتی نالی و مستەفا بەگی کوردی و سالم و تاد.. ئایا کەس هەبوو هاوکاریت بکات بۆ ئەوەی باشتر لەو شیعرانە تێ بگەیت؟

جەلال جۆبار: من هەر لە خۆمەوە هەستم بەچاک و خراپی شیعرەکان دەکرد، هەستم بە شیعری چاک و بە شیعری فەلسەفەدار دەکرد و دەمزانی کامەیە..

ڕامان: کەواتە کە دەتخوێندەوە بایی خۆت لێیان حاڵی دەبوویت؟

جەلال جۆبار: من بەزۆری تەماشای ئەو شتانەم دەکرد، دوای ئەوە کتێبی چیرۆک هەبوو، چیرۆکەکان بە تایبەتی فارسییەکان کە بە موتاڵەعە فێرە خوێندنەوە و نووسینی فارسی بووم، کتێبە فارسییەکانم دەخوێندەوە، ئەوانەی حیکایەتی کۆنی تێدا بوو وەک ئەمیر ئەرسەلان

و شێـرۆ و ئەسکەندەرنامـە، ئیـتـر بەو جـۆرە فـێـری خـوێندنەوەی فـارسـیش بووم، دوای ئەوە مـوتالّـەعـەی کتێبی عەرەبیم دەکرد و سوودێکی زۆرم لەویش وەرگرت.

ڕامان: تۆ لە حوجرە و لەلای مەلاو زانایانی ئایینی، یان لە قوتابخانە خوێندووتە؟

جەلال جۆبار: نەخێر لەلای مـەلایان نەمـخـوێندووە، هەر لەقوتابخانەی ئاسایی خوێندوومە، ئیـتر بەو شێوەیە لەسـەری ڕۆیشـتم و شـتەکـانیـشم زوو وەردەگرت، ئەگەر یەکێک شـتێکی بۆ خـوێندبامـەوە، خێـرا وەرم دەگـرت، چونکە مەیلم لێ بوو.

ڕامان: مەیلەکەت هەر خۆڕسک بوو، یان کاریگەریی دەوروبەری لەسەر بوو؟

جـەلال جـۆبار: هەر خـۆڕسک بـوو، ئیـتـر بەو جـۆرە بەڕێمان کرد و بردمانە سەر.

ڕامان: لە قوتابخانە مامۆستا هەبوون بۆ نووسین و خوێندنەوە هانت بدەن، یان بڵێین بەرەو نووسینی ئەدەبی ئاراستەت بکەن؟

جەلال جۆبار: بەڵێ مامۆستام هەبوو، سابیر ئیسماعیل ڕەحمەتی خوای لێ بێ، ئینسـانێکی زۆر باش بوو، کـەسـێکی جگەرسـۆز بوو، ئاگـادار بووم چەندین قـوتابی پێگەیاندو هەمـوو مـانگێک مـووچەی بۆ دەنارد‌ن، چونکە ئەوان فـەقیـر بوون، دەچوون لە بەغـدایە دەیانخـوێند. سـابیـرەفـەندی ئینسانێکی ئەوها بوو.

ڕامان: مامۆستای چ وانەیەکتان بوو؟

جەلال جۆبار: بەڕێوەبەری قوتابخـانەی ئولای کـۆیە بوو.

ڕامان: هەر ئەو مامۆستایە وەها بوو، یان مامۆستای دیکەشتان هەبوو هاندەرتان بن؟

جـەلال جـۆبار: ئی دیکەش هەبوون هاندەرم بن، تا گەیشتینە سالّی ١٩٤٩، لەو سالّەدا شیعرێکم بەناوی (چووک شیرین) نووسی کە شیعرێکی دڵداری بوو.

ڕامان: تەمـەنت چەند بوو وا کـەوتبـوویە کـەڵکەڵەی نووسینی شیعری دڵداری؟

جەلال جۆبار: نزیکەی بیست سالّ دەبووم.

ڕامان: واتە لە دایک بووی سالّی ١٩٢٩یت؟

جـەلال جـۆبار: بەڵێ من لە دایک بووی سـالّی ١٩٢٩م.

ڕامـان: پێش ئەوەی باسی ئەو شـیـعـرەت بکەین، بیربکەرەوە و بیـهـێنەرەوە یادت، بێجگە لە مـامـۆسـتـا سابیر ئیسماعیل، کێی دیکە هەبوو هاندەرت بووبێ؟

جەلال جۆبار: مـامـۆسـتـایان: مەجـیدی شـێخ نووری جـەلیـزادە و تایەر سـەعـیـد و زەکی ئەحـمـەد هەناری و حـەمـەدەمین مـەعـرووف بوون، یان شـتـێکم نەزانیـبـا لە تەلەبەکانم دەپرسی، ئەوانەی خوێندەواربیان لە من باشتر بوو، ئەگەر شتێک هەبوایە لەوانم دەپرسی.

ڕامـان: ئەی قـوتابیـیـەکـان ئەوانەی وەک تۆ مـەیلی نووسین و ئەدەبیاتیان هەبوو کێ بوون؟

جەلال جۆبار: مامۆستایان: کەریم شارەزاو جەباری مەلا کەریم (ئاشنا) ئەمانە و کەسانی دیکەش هەبوون.

ڕامان: سالّی چەند کتێبخانەی گشتی لە شاری کۆیە کرایەوە؟

جەلال جۆبار: یەکەم جار کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی لە کۆیە کرایەوە کە بەرانبەر مزگەوتی گەورەی کۆیە بوو، دیوی دەرەوەی، نەک دیوی ناو بازاڕی، یەکـێک لەوێ کـتـێـبـخـانەکـەی بەڕێوە دەبرد، ناوی زاهیـر سـەعـیـد بوو، بـرای تـاهیـر سـەعـیـد، پێیان دەگوت سەعیدی گارفێن، چونکە لە کۆیە ئەو نازناوانە هەبوون و خەڵکیان پێ دەناسرا، تا ئێوارە بمگوتبایە مام سەعید، یان کاک سەعـید نەیاندەزانی تا گـارفێنی لەگـەڵ نەبوایە نەدەناسـرا. هەمـوو کـەس وابوو، ئەم کتێبخانەیە ئەهلی بوو، (هی پارتی بووە) لە سالّی (١٩٤٨) کراوەتەوە، ئەمە جیایە لە کتێبخانەی گشتیی کۆیە کە لە سالّی (١٩٥٧) کراوەتەوە.

شەو و ڕۆژشیعرم لە خەیاڵدابوو، قەریحەی شیعریشم بە دڵداری کراوەتەوە.

ڕامان: دەمەوێ بزانم کە کتێبخانەی گشتی لەکۆیە کرایەوە، تۆ چۆن هاتوچۆی ئەو کتێبخانەیەت کردووە و کتێبت وەرگرتووە، باسێکی ئەو کتێبخانەیەمان بۆ بکە.

جەلال جۆبار: هاتوچۆم کـردووە و بەردەوام کـتـێـبم لێ وەرگرتووە، یەکـەم جار ناوی کـتـێـبخـانەی حـاجی قـادری کۆیی بوو، ئەو کتێبخانەیەی ئێستاکە هەیە، کتێبخانەی گەورە، بەو شێوەیە نەبوو، دوایی گـەورە بوو، ئێستـا لە بینایەکی گەورەدایە.

ڕامان: ئینجا من دەمەوێ باسی ئەو کتێبخانەیەم بۆ بکەیت، قۆناغەکانی گەشەکردنی، ئەو سالّەی کە دروست بوو سالّی چەند بوو؟ کێ یەکـەم جار بوو بە بەڕێوەبەری ئەو کتێبخانەیە؟ سوودی ئەو کـتـێبخانەیە بۆ کەسانی وەک ئێـوە کـە حـەزتان لە خـوێندنەوە بوو چەند بوو، باسێکی ئەوەمان بۆ بکە؟

جەلال جۆبار: ئەو کتێبخانەیە کە کرایەوە رێک لەبیرم نییە ساڵی چەند بوو.

ڕامان: دەڵێن ساڵی ١٩٥٧ بووە.

جەلال جۆبار: دەبێ وابێ، بەڵام لەبیرم نەمابوو، دەزانم ئەوکاتە کرایەوە، ئێستاکە کچێکی لێیە بەڕێوەبەرە، کچی کاکە حەمەی مەلا حەمەد ئاغایە، ناوی (نیشتمان)ـە.

ڕامان: بەڕێوەبەری ئێستای زۆر جێی باسمان نییە، ئێمە دەمانەوێ زیاتر مێژوو بە بیر خوێنەران بێنینەوە، بە تایبەتی بۆ نەوەی نوێ.. نەتزانی یەکەم کەس کێ بەڕێوەبەری ئەو کتێبخانەیە بوو؟

جەلال جۆبار: یەکەم بەڕێوەبەری ئەو کتێبخانەیە مامۆستا (سەمەدی حاجی تەها)یە.

ڕامان: دەوری شاری کۆیە لە بزاڤی ڕووناکبیری و هونەری بۆ خۆی گرنگە، هەر کە دەڵێی کۆیە، یەکسەر حاجی قادری کۆیی و کەیفی جوانڕۆیی و قاسید و ئەختەر و کۆمەڵێک شاعیری گەورەت بەبیردا دێن، ئەوە هەر بۆ خۆی لە یادەوەری ئینسانی کۆیی شانازی و سەروەرییەک دروست دەکات کە پاشخان و کەلەپوورێکی هەیە، بە تایبەتی کەلەپوورێکی شیعریی دەوڵەمەندی لە ڕابردوودا هەیە، کۆمەڵێک شاعیری باش و بەناوبانگ لەو شارەدا شیعریان نووسیوە، باشە پێت وا نییە ئەو کەلەپوورە بۆ ئەو کەسانەی لە شاری کۆیە شیعریان نووسیوە گرنگ بێت؟

جەلال جۆبار: بێ گومان کاریگەرییان زۆرە، وەختی خۆی شاعیرە کۆنەکان، ئەوانەی تۆ ناوت هێنان، ئەوانە هەبوون، ئێمە نەماندیون، بەڵام ناویانمان بیستووە، دوای ئەوان شاعیری دیکە پەیدابوون کە لەمن گەورەتر بوون، ئەوان گەنج بوون و تازە پێ دەگەیشتن، یەک لەوانە عەونی شاعیر بوو، دوای ئەو ڕۆستەم و ئەحمەد دڵزار بوو، مەلا مستەفای عاسی، دڵدار، کامیل بەهجەت کە نازناوەکەی شێرکۆ بوو، مەلا محەمەدی دلاوەر، ئەوانە شیعریان دەنووسی و من زۆرجار شیعرەکانیانم دەخوێندنەوە، پاش ئەوانە شاعیری تریش پەیدا بوون، لەوانە سامی عەوداڵ و مەجید حەداد...

ڕامان: لەبیرمە ئەمینی هەبوو کە ئەویش دوکانەکەی لە تەنیشت دوکانی سامی عەوداڵ بوو لەلای فولکەی حاجی قادری کۆیی، دوکانەکەی بەرانبەر چایخانەی باواجی بوو، کاتی خۆی وتارێکیشم لەبارەیەوە نووسیوە، تۆ ئەوەت لەبیرە؟

جەلال جۆبار: شاعیر و شیعر دۆست بوو، حیکایەتخوان بوو، شارەزاییەکی قوواڵی لە مێژووی کوردستان و ناوچەکە هەبوو، شیعری زۆری بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی ئەزبەر بوو، زۆر هاموشۆی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی دەکرد، ژنی دووەمیشی هەر لەوێ هێنابوو، لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە گۆڕەپانی چوارچرا بەشدار بوو.

ڕامان: تۆ ساڵی ١٩٤٩ یەکەم شیعرت نووسی، ئەو شیعرەت ناوی چ بوو؟

جەلال جۆبار: شیعرەکە بەناوی (چووک شیرین) بوو، بەڕاستی من قەریحەی شیعریم بەدڵداری کراوەتەوە، یەکەمین شیعر کە نووسیم برادەرێکم هەبوو گۆرانیبێژ بوو ناوی حەمەدەمین عەباس بوو، شیعرەکەم دایێ، ئاوازێکیشم دایێ، شەوێ لە مەجلیسێکی بووک گواستنەوەدا گوتی.

ڕامان: ئاوازەکەی تۆ داتێ، هی خۆت بوو؟

جەلال جۆبار: ئەوەی من دامێ، ئاوازێکی کۆنی عەرەبی بوو کە ئەمەیە: (أني ماني رائدة).

ڕامان: ئەو ئاوازە کۆنە لە ناوچەی کۆیە باو بوو؟

جەلال جۆبار: بەڵێ، ئیتر ئەو شیعرەکەی لێم وەرگرت، ڕامسپارد و پێم گوت ناوی من مەهێنە، نەوەک لە شیعرەکەدا سەرکەوتوو نەبم، لەوە دەترسام سەرکەوتوو نەبم. لە مەجلیسەکە دانیشتبووین، ئیتر حەمەدەمین عەباس گۆرانییەکەی گوت، کە تەواو بوو مەجلیسەکە داوایان لێ کرد دووبارە بۆیان بڵێتەوە، ئەو دووبارە داواکردنەوەیە بۆ من بووە هاندەرێک تا لەسەر شیعر نووسین بەردەوام بم.

ڕامان: مەجلیسەکە لە چ مانێک سازکرا بوو؟

جەلال جۆبار: ئاهەنگی بووک گواستنەوە بوو، کابرا ناوی مام ئەحمەد بوو ژنی دەگواستەوە.

ڕامان: مام ئەحمەد کێ؟

جەلال جۆبار: مام ئەحمەدی سەری مەیدانیان بێ دەگوت، کە دووبارە داوایان لێ کردەوە، ئەوە بووە هاندەرم و لەسەر شیعر نووسین بەردەوام بووم، دوای ئەوە شیعری دیکەشم بەناوی جۆبار نووسی، چونکە نەمدەویرا ناوی خۆم ئاشکرا بکەم. شەوێ لە حەمەدەمین عەباس-یان پرسی و گوتیان ئەو شیعرە هی کێیە؟ وتی ئەوە هی شاعیرێکی سلێمانییە، ئیتر لەسەر شیعر نووسین بەردەوام بووم.

ڕامان: ئەو جۆبارەت چۆن بۆ خۆت داناو بە چ

مەبەستێک بوو؟

جەلال جۆبار: جۆبار خۆی بەواتای کۆی جۆگەلەکان.

ڕامان: بەم کارەت ویستت وەک شاعیرانی کلاسیک نازناوێک (تخلص)یکت هەبێ؟

جەلال جۆبار: بەڵێ، دەمویست ناوم ئاشکرا نەبێ، دوایی کە وتراو وترایەوە، فەقێ ئەحمەد هەبوو حافز بوو، ئەویش شیعرەکانی لێ وەردەگرتم و دەیگوتن، ئاخری بەبەر فەقێ ئەحمەد دەکەون و دەڵێن ئەم شاعیرە کێیە؟ پێیان دەڵێ ئەوە شیعری فەلانە کەسە، ئیتر لەوەوە ناوبانگی جۆبارم بەسەردا برا، وای لێهات ناوی جەلالەکەیان تەرک کرد و هەر پێیان دەگوتم جۆبار، دوا بەدوای ئەوە شیعری سیاسی و دڵداری و کۆمەڵایەتی و ئایینی-م دەنووسی.

ڕامان: ئەگەر شیعری یەکەمت لەبیر ماوە لێرە هەندێکمان بۆ بخوێنیتەوە؟

جەلال جۆبار: هەموویم لەبیر نەماوە، بەڵام ڕەنگە دوو سێ دێڕم لەبیر مابێ.

وەکو یارەکەت مەیلەو گچکە بی
چووک شیرینی ڕەنگ ئەسمەر
ئەی ئاسکەکەی دەشتو دەر
زۆر بە تەواوی لەبیرم نییە.

ڕامان: ئەوە لەهیچ جێیەک بڵاونەبووەتەوە؟

جەلال جۆبار: لە دیوانەکەمدا هەیە.

ڕامان: باشە.. دواتر شیعری ئایینیت بۆ کەباری مزگەوتەکان نووسیوە.

جەلال جۆبار: دوای ئەوە شیعرێکم بۆ پیاوانی ئایینی نووسی، کاتێ مزگەوتەکان کەباریان دەکرد، دەمبینی بە شیعری فارسی، یان بە شیعری عەرەبی دەیان کرد، منیش بەوە نیگەران بووم و چووم شیعرێکم بەناوی (زەمانە) نووسی، ئیتر ئەو شیعرەم دایە فەقێ ئەحمەدی حافز و کەباری پێدەکرد، لەوێوە خەڵک زۆر پێشوازییان لێ کرد و وەریانگرت، دواتر لە مزگەوتەکان هەموو پیاوانی ئایینی کۆیە کەباریان پێ دەکرد، تا دواجار پەڕییەوە شاری هەولێر و لە هەولێریش لە مزگەوتەکان کەباریان پێ دەکرد.

ڕامان: ئەو شیعرەت هی ساڵانی پەنجاکان بەدواوەیە؟

جەلال جۆبار: بەڵێ، ئیتر بەو شێوەیە ئەو شیعرە بڵاوبووەوە، دوایی چەند کەسێکم دەدی و هەر ڕۆژەی بۆیاغێکیان لەخۆیان دەداو هەر ڕۆژەی لەسەر پەتێک یارییان دەکرد، بەوە پەست بووم و شیعرێکم لەسەر ئەو دیاردەیەش نووسی و لە گۆڤاری هیوا کە لە بەغدا دەردەچوو بڵاوکرایەوە.

ڕامان: ناوونیشانی شیعرەکەت چ بوو؟

جەلال جۆبار: بەناوی (کوڕی ڕۆژ) بڵاوکرایەوە، لەسەر شیعر بەردەوام بووم و بە زۆری شیعرەکانیشم دەدایە حەمەدەمین عەباس و باقی حەلاق، ئەو دوانە لە کۆیە گۆرانییبێژ بوون، سوودیان لێ وەردەگرت.

ڕامان: بێجگە لەو دوو کەسە کێی دیکە لە هونەرمەندەکان شیعریان لی وەردەگرتی و دەیان کردە گۆرانی؟

جەلال جۆبار: مەلا ئەسعەدی خوا لێخۆشبوو، فەقێ ئەحمەدی حافیزیش، ئەوانە شیعریان لێ وەردەگرتم و بە گۆرانی و مەقام دەیانگوت.

ڕامان: دوای ئەوەی بەرگوێت کەوتەوە شیعرەکانت سەرکەوتوون و بەگۆرانی دەگوترێن، هەستت بە چ خۆشییەک دەکرد و چ ئیحساسێک لەناختدا دروست دەبوو؟

کە ڕەفیق چالاک لە ئێزگە بوو، ئەوکاتە بابەتم دەنووسی و لەوێ دەخوێنرایەوە.

جەلال جۆبار: زۆر هەستم بەخۆشی دەکرد، بۆیە شەو و ڕۆژ شیعرم لە خەیاڵدا بوو، هەر بۆنەیەک هەبایە، بەو بۆنەیەوە شیعرم دەنووسی، تەنانەت ئەو وەختە کۆیە شەقام و کارەبای نەبوو، ئەو شارە ڕێگەوبانی نەبوو، ڕێگەی هەیبەت سوڵتان نەبوو، ڕێگەی کۆیە- هەولێر هەبوو، ئەویش ئەگەر چووبایە هەولێر دەبوو لە سبەینێوە تا ئێوارە، ئینجا ئۆتۆمبێل دەگەیشتە هەولێر، نەفەرەکان ئۆتۆمبێلەکەیان دەگەیاندە جێ، نەک ئۆتۆمبێلەکە ئەوان بگەیەنێ، چونکە هەر پاڵیان پێوە دەنا، ئیتر بەو جۆرە بوو. لە بارەی کۆیە شتێکم نووسی لەژێر ناوی (نوقسانی کۆیە.. پێویستیی کۆیە).

ڕامان: ئەوەت لە ڕۆژنامە بڵاو نەکردەوە؟

جەلال جۆبار: ڕۆژنامەی هەولێر هەبوو، ناردم بۆ ڕۆژنامەی هەولێر، ئیتر شەڕ شتێکی زۆر نالەبارە، لەبارەی شەڕ شتێکم نووسی و ناردم بۆ ڕۆژنامەی (ژین)ی سلێمانی، ئەو وەختە مامۆستا گۆران سەرپەرشتیی دەکرد، ئەوان لە سلێمانی بڵاویان کردەوە، گۆڤارێکی دیکە بە ناوی (شەفەق) هەبوو، لەویش شیعرێکم لە بارەی ئەو کەسانەوە نووسی کە فیزیان گەورەیە و لەخۆبایین، ئیتر بەو جۆرە لەسەر ئەو شتانەم

دەنووسی، پێشتریش وەک گوتم لە بارەی دڵدارییەوە شیعرم دەنووسی.

ڕامان: باسی گۆڤاری گەلاوێژت نەکرد، کە گۆڤارێکی بەناوبانگی ئەو سەردەمە بوو، شیعرت بۆ بڵاوکردنەوە بۆ نەناردن؟

جەلال جۆبار: گۆڤارەکە لە ئاخە لێوەکەی بوو کە شیعرێکم نووسی و بۆم ناردن، کەمال سادق هەبوو، ئەو لە بەغداوە هات گوتی شیعرەکەت لە گەلاوێژ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام من ئەو ژمارەیەم بە دەست نەکەوت، نازانم لە کام ژمارەیدا بڵاوکراوەتەوە، بۆیە دەڵێم وابزانم شیعرێکم لە گۆڤاری گەلاوێژ بڵاوبووەتەوە.

ڕامان: ئێستا گۆڤاری گەلاوێژ هەموو ژمارەکانی لەبەردەستدان، دەتوانیت دڵنیا بیت کە بڵاوبووەتەوە، یان نا؟ تۆ کە بە شیعری دڵداری دەستت پێ کردووە، بەڵام شاری کۆیە یەکێک بووە لەو شارانەی بەردەوام بزاڤ و جموجوولّی سیاسیی تێدا بووە، خۆپیشاندانی تێدا بووە، بەردەوام بەرانبەر بە حکوومەت ڕاپەڕین هەبووە، تۆ وەک شاعیرێک هەڵوێستت بەرانبەر بەو خۆپیشاندانانە چ بووە، ئایا شیعری حەماسیت بۆیان نەنووسیوە؟ حەز دەکەین باسی ئەو لایەنەشمان بۆ بکەیت؟

جەلال جۆبار: بۆ ئەو مەبەستەش شیعرم نووسیوە، شیعری سیاسیم بەناوی کوردستان دەخوێندەوە.

ڕامان: پێمان بڵێ ئەوە لە چ خۆپیشاندانێک بووە و ساڵی چەند بووە؟

جەلال جۆبار: لە ساڵی ١٩٤٨-١٩٤٩ بوو، دوای ئەوە شەڕێک لەنێوان غەفووریەکان و ئاغایەکانی پشدەر کرا، ئەوکاتە خۆیان ئامادە دەکرد بچن بۆ شەڕێ، ئەوەیان ساڵی ١٩٤٥-١٩٤٦ بوو.

ڕامان: ئەو شەڕە لەسەرچی بوو؟

جەلال جۆبار: هەر لەسەر لووت بەرزی و ئاغایەتی بوو، ڕەحمەتی خودای لێ بێ کاکە زیاد شەڕەکەی نەدەکرد، مەلا حەوێز دەیکرد، ئاخیری مەلا حەوێزیش مایەپووچ بوو، ئیتر بەو شێوەیە بۆی نەچووە سەر، گەنجەکانی کۆیە زۆر بە کاکە زیادیان دەگوت کە نەکا بە دوو ئەو شەڕە بکەوێ، کاکە زیادیش بەخۆی گیانێکی کوردایەتی تێدابوو.

ڕامان: بەڵێ لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد بووە سکرتێری دووەمی بارزانی نەمر.

جەلال جۆبار: کاکە زیاد دوو جاران لەگەڵ من گیرا، جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٥٤ ئێمە گیراین، کە هەر لەسەر هەڵبژاردن بوو، وابوو هەڵبژاردن کرا، ئێمە ئەو وەختی هەموو پارتی بووین، هەموومان پشتگیری مەسعوودی مەلای گەورەمان دەکرد، ئەو خۆی بەناوی پارتی هەڵبژاردبوو، ئەنجام هەر ئەو دەرچوو، کە دەرچوو هێندەی پێنەچوو نووری سەعید ئەنجوومەنی نوێنەرانی هەڵوەشاندەوە، ئەوانەی کە جوولّەیان هەبوو هەموویان گرتن، لە کۆیە سی و حەوت کەسیان گرت، منیان بەشەو لە مالّی خۆم گرت.

ڕامان: ناوی هەندێک لەوانەی کە بەدەرەوەن و گیرابوون پێ بڵێ؟

جەلال جۆبار: ئاخر ئەو وەختە جیاوازی لەنێوان شیووعی و پارتی نەبوو، هەمووی هەر خەباتیان دەکرد.

ڕامان: لەو سی و حەوت کەسە کە گیران، ناوی چەندیانت لەبیر ماوە؟

جەلال جۆبار: ئەوانەی لەگەڵ من بوون، مام جەلال، عەلی عەبدوڵڵا، وەستا تەهای خەیات کە خەزووری ئەحمەد دڵزارە، کاکەی خەیات، حیسامەددین تەیب، عومەر عەبدوڵڵا، لەتیفاغا، فاتیح ڕەسوڵ، غەفووری مام یەحیا، ئێمە سی و حەوت کەس بووین، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٤ـەوە تا ئێستا ماوەیەکی گەلێک زۆرە، منیش گەلێک شتم لەبیر نەماوە. ئەوانەی لەبیرم ماون هەر ئەمانەن، لە هەولێریش پارێزەرەکان گیران، ئەوانیشیان هێنایە لای ئێمە.

ڕامان: لە چ بەندیخانەیەک بەند کرابوون؟

جەلال جۆبار: لە چوار جێیان دایاننابن، لەبەر ئەوەی زۆر بووین، لە هەولێر هەندێکیان بردنە خانەقا، هەندێکیان بردنە بەندیخانەی مەڵبەندی قەزا، هەندێکی دیکەیان بردە تەعجیل، هەندێکیان بردە مەرکەزی سەرای هەولێر، ئەوانە هەموویان وردە وردە بەربوون، کە بەربوون ئێمە عەریزەیەکمان دا تا بۆ مەرکەزی سەرا بمانگوێزنەوە، چونکە لەوێ کەم کەسی تێدا مابوو، ئەوە بوو ئێمەیان گواستەوە و بردیانینە ئەوێ، ماوەیەک لەوێ بووین تا ئەوان هەڵبژاردنیان کرد و مەبەستی خۆیان گەیاندە جێ، ئینجا ئێمەیان بەردا.

ڕامان: ماوەی چەند مانگ لە بەندیخانە مانەوە؟

جەلال جۆبار: نزیکەی یەک دوو مانگێک ماینەوە.

ڕامان: ئەوە جاری یەکەم، ئەی جاری دی ئەگەر بەندکراوی، ئەوانەشمان بۆ باس بکە؟

جەلال جۆبار: من لە ساڵی ١٩٦١ بۆ ماوەی شەش

مانگان بەندکرام، پاش ئەوە ئێمەیان بۆ قەزای شامییە گوێزایەوە کە لە خوار دیوانییەیە، لەوێ گیرام.

ڕامان: ئەم جارەیان بە تۆمەتی چی گیرابوویت؟

جەلال جۆبار: بە تۆمەتی سیاسی بوو، وەک نەفی کردن لەوێ دایاننایەن، بەڵام ڕۆژی دووجار دەچوویەن ئیمزامان دەکرد.

ڕامان: کەوابوو ئێوە لەوێ دەست بەسەربوون؟

جەلال جۆبار: بەڵێ دەست بەسەر بووین، هەموو دەمێ سیخوڕمان بەدواوە بوو تا لە شار دەرنەچین، تەنانەت سبەینێیەکی زوو کە بردیانینە بەندیخانەوە لەوێ مامەوە، شەوێکی معاونەکە هات، من و کورێکی دیکەی لێ بوو، ئەویش کورد بوو، لە کاوانییەکان بوو ناوی سابیر کاوانی بوو، هەر ئەوی لێ بوو، ئێمە لە هەولێر لە بەندیخانەکە زۆر لە ناخۆشی و تەنگانەدا بووین، ژووڕێک جێی سی کەس بوو، چوارسەد کەسی تێدا بوو، جێی ڕاوەستانمان نەبوو، کە بردیانینە بەندیخانەی شامییە، ئەو بەندیخانە گەورەیەم زۆر لەلا خۆش بوو، لەوێ جێ نەبوو لێی دڕێزم، بەڵام لێرە بە ئیستراحەت پەلم لێ هاوێشتبوو، هەر ئەو کابرایەی لێ بوو کە پێم گوتی، شەوێکی معاونەکە هات بەوێدا تێپەڕی، ئاوڕی دایەوە منی دی و گەڕایەوە، (بە عەرەبی) گوتی تۆ بۆ لێرەی؟ گوتم من چوزانم بۆ لێرەم؟ منیان گرتووە و هێناویانم بۆ ئێرە. بانگی مەئموور مەرکەزەکەی کرد و پێی گوت ئەوە بۆ لێرەیە؟ گوتی بە حەقیقەت ئەوە دوورخراوەیە، بەڵام هێناویەتیانە ئێرەوە، گوتی ئێستا دەری بێنن و ئازادی بکەن. ئەو شەوە منیان دەرهێنا، بەڵام چ جێ نەبوو بۆی بچم، شارەزای ئەوێ نەبووم، گوتم ئەو شەو ڕێگەم بدەن لە ژووری پۆلیسەکان بنووم، تا سبەینێ جێیەکی پەیدا دەکەم، ئەوە بوو تا سبەینێ لەوێ نووستم. ڕۆژێکی چوومە مەرکەز ئیمزا بکەم کە ئەوکاتە دەبوایە ڕۆژی دووجار ئیمزا بکەم، یەکێک پێی گوتم مەعاون سالّح ڕوشدی بەدواتدا دەگەڕێ، خوایە سالّح ڕوشدی کێیە من ناینناسم. ئیتر ڕۆژێکی دیش چوومەوە دیسان گوتیان هاتووە و لێی پرسیوی، دوو سێ جار ڕێکەوتم نەکرد، پاش چوارەمین جار تووشی مەعاون سالّح ڕوشدی بووم، کە سالّحی تایەرە کەڕمان پێ دەگوت، لێرە سالّح تاهیر کۆیی بوو، مەعاونی پۆلیس بوو، گوتی ئەوە منیان بە وەزیفە بۆ ئێرە نەفی کردووە، گوتی وەرە با بچین بۆ لای قائیمقام، قائیمقامەکە کورد بوو، ئەکرەم چاوەشلی ناو بوو، برای هادی چاوەشلی بوو، کە چووین زۆر ڕێزی لێ گرتین، سالّح ڕوشدی پێی گوت ئەو برایە لێرەیە، سەری ئەستوور بووە (ئاوساوە) هێندەی بگەڕێ، ئەگەر ئیشێکی بۆ بدۆزیتەوە باشە. تەلەفۆنی بۆ بازرگانێک کرد، بازرگانەکە ناوی سەید ئەحمەد ئەلکوفی بوو، کە هات تەوقەی لەگەڵ هەموومان کرد و دانیشت، قائیمقام پێی گوت ئیشێک بۆ ئەو برا کوردەمان ببینەوە. گوتی خوێندەواری هەیە؟ گوتم بەڵێ. کاغەزێکی دایە دەستم و ڕستەیەکی پێ گوتم و گوتی بنووسە، نووسیم و دامە دەستی قائیمقام و تەماشای کرد، ڕای لە خەتەکەم بوو، مەعاون سالّح ڕوشدی گوتی مانگێ چەندی دەدەیتێ؟ گوتی مانگی هەشت دیناری دەدەمێ، کە من بە دوو دیناریش بوایە کارەکەم دەکرد، چونکە لە گەڕان و سوورڕان پێم باشتر بوو.

ڕامان: باشە کە تۆیان لە بەندیخانە دەرهێنا بۆ نەگەڕایتەوە شاری کۆیە؟

جەلال جۆبار: دەست بەسەر بووم و نەمدەتوانی، مندالّەکانم هاتنە لام، بۆ سەردانم هاتن، شامییە دوو بەر بوو، ڕووبار بەناوەندیدا دەڕوا، لەبەرەکەی دیکە سەیارە دەڕۆیی، چووم بەڕێیان بکەم، خێزانەکەم گوتی ئەو دوو کەسە بە پایسکیلەوە بەدواتەوەن، کە ئاوڕم دایەوە ئەمنەکان بوون چاودێرییان دەکردم، ئیتر ئەوانم بەڕێ کرد و گەڕامەوە.

ڕامان: ئەوە هەر سالّی ١٩٦١؟

جەلال جۆبار: بەڵێ سالّی ١٩٦١ بوو.

ڕامان: ئەو سالّح ڕوشدی-یە نووسەر بوو؟ چونکە نووسەرێک هەیە ناوی سالّح ڕوشدی-یە؟

جەلال جۆبار: وایان دەگوت، بەڵام ئەو سالّح ڕوشدی نییە، سالّح تاهیرە، ئەوانە وایان پێ دەگوت و لێیان تێکدابووم.

ڕامان: ئەوە جاری دووەم بوو کە گیرایت، ئەی جاری سێیەم کەی بوو گیرایت؟

جەلال جۆبار: جاری سێیەمی بەند کردنەکەم سالّی ١٩٦٧ بوو.

ڕامان: باشە تۆ بۆچی نەچوویتە شاخ؟

جەلال جۆبار: نەچوومە شاخ، گیرام و لەوێ ماوەی دوو مانگان مامەوە، دوایی بەربووم، دوو جارانیش دەربەدەر بووین، لە سالّی حەفتاوچوار چوومە ئێران و دەربەدەربووین، ئەوە بوو بەمالّەوە چووینە سەردەشت، جارێکی دیکەش چووینە دەشتێ (لادێ).

ڕامان: تۆ باسی ساڵی (١٩٦٧)ت کرد، هەر ئەو سێ جارە گیراویت؟

جەلال جۆبار: بەڵێ هەر ئەو سێ جارە گیراوم، بەڵام دواجار شەش مانگ لە بەندیخانە مامەوە.

ڕامان: بەهۆی ئەو ڕووداوانەی باست کردن کە بەندیخانە و دەربەدەریت دیوە، ئەو ڕووداوانە چەند شیعریان پێ نووسیویت؟

جەلال جۆبار: زۆر شیعرم نووسیوە و لە دیوانەکەمدا هەیە.

ڕامان: ئەی تۆ بۆچی بەرهەمەکانت قۆناغ بە قۆناغ چاپ نەکردووە؟

جەلال جۆبار: ساڵانی زوو هەموو بەرهەمەکانم بەڕێکوپێکی لە دەفتەرێکی گەورەدا نووسیبووەوە، کە ساڵی شەست و سێ دەربەدەر بووین، گوتم خوایە ئەوە لە کوێ دانێم؟ زاوایەکم ئەحمەدی مام عەلی باخچەوان بوو، چەند کتێبی جوان و باشم هەبوو، پێم گوت ئەو کتێبانە لەگەڵ ئەو دیوانە شیعرەم بۆ بپارێزە بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست حکوومەت، ئەویش چووبوو لەناو کەپری باخچەکەی نابوون، پووش و پەڵاش و شتی بەسەردادابوون، حکوومەتیش کە هاتبوو چووبووە ناو باخچەکەوە، یەکەم شت ئاگری لە کەپرەکە بەردابوو، بۆیە هیچم بەدەست نەکەوتەوە، دوایی هەندێک شیعرم لەولا و لەولا لەلای خەڵکی پەیداکردەوە، هەندێکی دیکەم نووسی و دوایی ئەوانەم کردە کتێبێک و لێرە زانکۆی کۆیە بۆی چاپ کردم.

ڕامان: بێجگە لە شیعرنووسین بیرت لەوە نەکردووەتەوە پەل بۆ نووسینی چیرۆک و بابەتی دیکە بهاوێیت؟

جەلال جۆبار: کە ڕەفیق چالاک لەسەر ئێزگە بوو، ئەو وەختە بابەتم دەنووسی و لە ئێزگە دەخوێنرایەوە.

ڕامان: مەبەستت ئێزگەی کوردی بەغدایە؟

جەلال جۆبار: بەڵێ، بابەتم بۆیان دەنووسی و ڕەفیق چالاک لەو ئێزگەیەدا بڵاوی دەکردەوە.

ڕامان: دیارە برادەرایەتیت لەگەڵ ڕەفیق چالاک هەبووە؟

جەلال جۆبار: دوور بەدوور یەکترمان دەناسی، ئەوجا حکوومەت و شۆڕشی کورد ڕێککەوتن، من باوەڕم بەو ڕێکەوتنە نەبوو، گەلێک کەسیش خۆی تەسلیم دەکردەوە، منیش چوومە بەغدا، ئەوکاتەبوو شیعرێکم نووسی، ڕەفیق چالاک لەوێ بوو، لەوێ چوومە ڕۆژنامەی برایەتی، سەلامم کرد و لەگەڵ ڕەفیق چالاک تەوقەمان کرد، گوتم من فلان کەسم، هەستایەوە سەر پێ و جارێکی دی تەوقەی لەگەڵ کردمەوە، دەستی خستە دۆڵابەکەیەوە و ڕۆژنامەیەکی دەرهێنا و گوتی شیعرێکت ناردبوو، ئەوەتا لێرە بڵاومان کردووەتەوە، دانەیەکی لە ڕۆژنامەکە دامێ، ئیتر بەو جۆرە لەگەڵ ڕەفیق چالاک یەکترمان ناسی.

ڕامان: ئەوە یەکەم جار و دواجار بوو، یان جاری دیکەش بینیتەوە؟

جەلال جۆبار: هەر ئەو جارە بوو دیم کە چوومە بەغدا.

ڕامان: بێجگە لە شیعر نووسین، هیچ ڕێکەوتووە لە هونەری شانۆدا کارت کردبێت؟

جەلال جۆبار: بەڵێ لە شاری کۆیە کردوومە، لە چایخانە سینی و زولفانێ دەکرا، ئێمە هەموو سینی و زولفانێمان دەکرد. ڕەمەزانان گۆرانیبێژەکانیش مەلا ئەسعەد و سێوە و فەقێ ئەحمەد و ئەوانە تا پارشێو گۆرانییان بۆ دەگوتین، لەدوای ئەوە ئینجا دەستمان بە تەمسیلی دەکرد، هەر جارەی تەمسیلێکمان دەکرد، ئیدی تا گەیشتینە قۆناغی پیری بەو جۆرە بەڕێمان کرد.

ڕامان: تۆ لە چ تەمسیلێکدا بەشدار بوویت و ناوی چییە؟ کێ بوون ئەوانەی لەگەڵت ئیشیان دەکرد؟

جەلال جۆبار: کۆمەڵە کەسێکم لەگەڵ بوون، وەک عەبدولڕەزاق حەکیم و واحید نەشئەت.

ڕامان: ناوی شانۆگەرییەکە چی بوو؟

جەلال جۆبار: ناوی شانۆگەرییەکە (فێڵ کردنی عەرەب لە کورد بەناوی دینەوە) بوو، کە من ڕۆڵی عەرەبێکم تێدا دەبینی و چەفیە و عەگالم لەسەر نابوو.

ڕامان: ساڵی چەند بوو خەریکی تەمسیل کردن بوویت؟

جەلال جۆبار: ساڵی ١٩٤٨ و دواتر.

ڕامان: واتە تەمەنت هەژدە نۆزدە ساڵ بووە... باشە تەمسیلی دیکەشت کردووە؟

جەلال جۆبار: بەڵێ لە دانیشتنەکانماندا تەمسیلمان دەکرد.

ڕامان: ئەی کێ شانۆنامەکانی بۆتان دەنووسی؟

جەلال جۆبار: هەر ئێمە بەخۆمان دەماننووسین.

ڕامان: ئەی بینەرتان کێ بوون؟

جەلال جۆبار: ئەوەی لە چایخانە دادەنیشتن هەموویان بینەرمان بوون.

ڕامان: تەنیا ئەوانەی سینی و زەرفانێیان دەکرد؟

جەلال جۆبار: ئەوانی دیکەش دەهاتنە پێشێ و تەماشایان دەکرد.

ڕامان: تۆ زۆر تێکەڵاوی هونەرمەندانیش بوویت، لەگەڵ مەلا ئەسعەد و سێوە و فەقێ ئەحمەد و...تاد، ئەی خۆت دەنگت خۆش نەبوو؟

جەلال جۆبار: کەمێک دەنگم خۆش بوو.

ڕامان: شارەزاییت لە مەقام و بەستە هەبوو؟

جەلال جۆبار: بەڵێ شارەزاییم هەبوو.

ڕامان: ئەو شارەزاییەت لە کوێ پەیدا کرد؟

جەلال جۆبار: هەر لە خۆمەوە فێری بووم.

ڕامان: واتە بەگوێ گرتن و بە سەلیقە فێر بووبت؟

جەلال جۆبار: بەڵێ.

ڕامان: گوتت جارێک چوویتە بەغدا و لەوێ ڕەفیق چالاکت بینی، هیچ جاری دیکە نەچوویتەوە شاری بەغدا؟

جەلال جۆبار: جارێکی دی مەلا ئەسعەدم بردە بەغدا، مەلا ئەسعەد نەیدەویست بچێ دەنگی خۆی لە ئێزگەی کوردی تۆمار بکات، مەلا ئەسعەد زۆر برادەرم بوو، زۆر دەهاتە لام بۆ دوکان، گوتی ئەو جارە کە چوویتە بەغدا، چاوم خراپە دەبێ بمبەیتە لای دکتۆرێکی چاو، کە چووم لەگەڵ خۆم بردم، لەوێ پاش چوونە لای دکتۆر هاتینەوە پیاسە بکەین، وردە وردە بە فێڵ بردمە سالحیە، ئێزگەش لە سالحیە بوو، لە چایخانەی تەنیشت ئێزگەکە دانیشتین، ئەوەندەی پێ نەچوو حاجی سەعیدی حاجی ئەحمەد و عومەری بەقاڵ ئەو دووانە هاتن، بەخێرهاتنم کردن و سەرم لەبن گوێیان نا کە مەلا ئەسعەد تێنەگا، گوتم بە نیازم مەلا ئەسعەد ببەمە ئێزگە، ئێوەش یارمەتیم بدەن، چونکە ئینکارە و نایەتە ئێزگەوە، گوتیان باشە. ئەوەبوو بە هەموومان خەریکی بووین و مەلا ئەسعەدمان ئیقناع کرد، هاتینە دەرگەی ئێزگە هەر من و مەلا ئەسعەد بووین، پۆلیسی لێ بوو نەیانهێشت بچینە ژووری، برادەرێکم لەوێ هەبوو ناوی حوسێن قەرەداغی بوو، لە بەشی کوردی بێژەر بوو، منیش شتێکم بۆ نووسی کە لەبەر دەرگای ئێزگەین و ڕێگەمان نادەن، هەر ئەوەندەم زانی بەخۆی هاتە دەرێ، حوسێن قەرەداغی پیاوێکی خڕیڵە بوو، گوتی کوڕە ڕێگایان بدەن، ڕێگایان داین و چووینە ژووری، کە چووینە ئەوێ قادر دیلان بە ڕەحمەت بێ برادەرم بوو، بەخێرهاتنی کردین، پێم گوت ئەوە مەلا ئەسعەدم هێناوە، هەندێک گۆرانی لێ وەرگرن، با ئەو دەنگە بزر نەبێ، ئەویش گوتی بابە ئەوە (ملک الطرب)ـە، ئەو بە باشی شارەزای دەنگی مەلا ئەسعەد بوو.

ڕامان: سالێ چەند مەلا ئەسعەدت بردە ئێزگەی بەغدا؟

جەلال جۆبار: سالێ ۱۹۵۵ بوو.

ڕامان: بەڕێوەبەری ئێزگەی کوردی کامیل کاکەمین-تان دی؟

جەلال جۆبار: کامیل کاکەمین-مان دیت، بەڵام بەڕێوەبەر گوتی عەریزەیەک بۆ بەڕێوەبەری گشتی بنووسە، کە عەریزەکەم نووسی، هێندەی پێ نەچوو بەڕێوەبەری گشتی هات کە سیدارەیەکی لەسەر بوو، عەرەب بوو، تەنیا عەرەبی دەزانی، چاوی بە مەلا ئەسعەد کەوت و تەوقەی لەگەڵ کرد، مەلا ئەسعەدیش بە عومری درێژ تووڕە دەبوو، بەڕێوەبەری گشتی گوتی لێی بپرسە بڵێ چەند ساڵە گۆرانی دەڵێ؟ مەلا ئەسعەد گوتی پێی بڵێ سی ساڵە، منیش بە عەرەبی پێم گوت دەڵێ سی ساڵە، بەڵام شێست ساڵیش زیاترە گۆرانی دەڵێ.

ڕامان: ئەوکاتەی کە بردت عومری مەلا ئەسعەد چەند بوو؟

جەلال جۆبار: عومری نەوەد ساڵ دەبوو، دەنگیشی هەر مابوو. بەڕێوەبەری گشتی گوتی بابچینە ژووری تاقیکردنەوە، چووین، مەقامێک و بەستەیەکیان لێ وەرگرت، ناردیان بۆ لیژنەی مۆسیقا، ئەوانیش گوێیان لێ ڕاگرت و گوتیان ئەوە لە هەموو ژیانی خۆی لەگەڵ مۆسیقا گۆرانی نەگوتووە، بۆیە لەگەڵ مۆسیقا نەشازە، دەبێ حەفتەیەک پرۆژەکە بکات ئەوجا دەتوانین گۆرانی لێ وەرگرین، لەگەڵ ئەوەی پلەی نایابیان بۆ دانابوو، مەلا ئەسعەد کە گۆرانی گوت بەڕێوەبەرەکە چوار چاو بوو، مەلا ئەسعەد دەنگێکی شازی هەبوو، تۆ نەتدیوە؟

ڕامان: بە داخەوە نەمدیوە، بەڵام بە نەوار گوێم لە دەنگی بووە.

جەلال جۆبار: مەلا ئەسعەد گوتی من لێرە نامێنمەوە، هێنامەوە کۆیە و گۆرانییەکەشیان لای خۆیان ڕەش کردەوە، ئەوجا کە هاتینەوە، بە ڕەحمەت بێ حەمە گەمحان هاتە لام، وتی دەبێ مەلا ئەسعەد ئیقناع بکەین بە تەسجیل هەندێ گۆرانی لێ وەربگرین. ئیقناعم کرد و شەوێک لە مالی سۆفی محەمەدی قەساب دانیشتین کە سەرەخۆرەیان پێ دەگوت، لە مالی ئەوان دانیشتین، باکووری دوو ئامێری مۆسیقای هێنابوو، کەمانچە و عودی پێ بوو، ئەو هات، فەتحوڵڵای کشتەکان،

حەمەدەمینە گۆجە، سێوە بووین، گۆرانییەکانیان گوت، چەند گۆرانییەک سێوە و مەلا ئەسعەد پێکەوە گوتوویانە و تۆماریان کرد.

ڕامان: ئەوەی کە ئێستا هەیە و بڵاوبووەتەوە هەر ئەوەیە؟

جەلال جۆبار: بەڵێ ئەوەیە.

ڕامان: ئەوە چەند گۆرانی بوو؟

جەلال جۆبار: وابزانم پێنج، شەش گۆرانی بوو، بە تەواوی لەبیرم نەماوە.

ڕامان: کەواتە هەموو ئەو گۆرانییانەی لەپاشی بەجێ ماون هەر ئەوەندەن کە بەهیمەتی تۆ تۆمار کراون؟

جەلال جۆبار: ئەرێوەڵڵا هەر ئەوەندەیە.

ڕامان: لە دانیشتنی دی و شوێنی دیکە هیچ گۆرانی دیکەی هەیە لەگەڵ سێوە تۆماری کردبێ؟

جەلال جۆبار: هەر لەو تۆمارکراوەدا هەیە کە ناو بەناو حەمەدەمین عەباس و فەتحوڵڵا بە دەنگی بەرز دەیانگوت بژی مەلا ئەسعەد و سێوە، ئەو دەنگەش تۆمار بووە، ئەوجا بۆ سبەینێ حەمەگەمحان هاتەوە لام پێنج دیناری دامێ گوتی بیدە مەلا ئەسعەد، ئەوکاتە پێنج دینار زۆر بوو، مەلا ئەسعەدیش کەسێکی هەژار و دەست کورت بوو.

ڕامان: مەلا ئەسعەد ئیشوکار و کاسبییەکەی چ بوو، بە چ دەژیا؟

جەلال جۆبار: ئیشی نەبوو، لە مەولوودان دەچوو گۆرانی دەگوت، من کە پێنج دینارەکەم دایێ لەخۆشییان خەنی بوو، ئیتر ئەو گۆرانیانە تا ئەمڕۆکەش ماون.

ڕامان: ئایا پێدانی ئەو ئەو بڕە پارەیە نەبووە هۆی ئەوەی پتر هان بدرێ تا جاری دیش گۆرانی بڵێ و پارەی دەست بکەوێ؟

جەلال جۆبار: دوای ئەوە نەخۆش کەوت، کە نەخۆشیش کەوت کەسی نەبوو، بەزۆری من دەچووم خزمەتم دەکرد و ئاگام لێی دەبوو.

ڕامان: کەس نییە وێنەی گرتبێ و وێنەکەی مابێ؟

جەلال جۆبار: من ئەو هەڵەیەم کرد وێنەیەکم لەگەڵ نەگرت، نەخۆش کەوت زانی دەمرێ، لەلای من وەسیەتی کرد و گوتی لەپشت سەری سەید جامی، پشت قشلە لەوێ جێیەکی لێیە، ئەوە وەختی خۆی جێی دانیشتنی ئێوارانم بووە، کە بەرانبەر تاتووتی قەڵاتێیە، گوتی تۆ لەوێ بمنێژە. ئیتر کە مرد عالەمێکی زۆرم خڕ کردەوە و بردمانە سەر قەبران، لەو جێیەی کە گوتبووی لەوێ ناشتمان.

ڕامان: بێجگە لە تۆ برادەرە نزیکەکانی کێ بوون؟

جەلال جۆبار: گەلێک زۆر بوون. هەموو کۆیە برادەری بوون.

ڕامان: قەیناکە هەیە سەد برادەری هەیە، بەڵام لەگەڵ پێنجیان هەڵسوکەوت دەکات.

جەلال جۆبار: بە زۆری لەگەڵ من بوو.

ڕامان: لەگەڵ تاهیر تۆفیق-یش برادەر بوو؟

جەلال جۆبار: مەلا ئەسعەد تاهیر تۆفیق-ی خۆش نەدەویست.

ڕامان: هۆیەکەی چی بوو؟

جەلال جۆبار:نەیدەویست تاهیر تۆفیق مەقامەکانی وەربگرێ، شەوێک لە مالّی خزمێکی من کە ناوی مەجید بەگ بوو ئەمری خوای کرد، مەجید بەگ بە بۆنەی دامەزراندنییەوە مەولوودی کرد، تاهیر تۆفیق-یشی بانگ کردبوو، کە دانیشتبووین مەولوودەکە دەخوێندرا، شوێنەکە دوو هۆدەی لە تەنیشت یەک بوون، دەرگایەکیش لەنێوان هەردوو هۆدەکان هەبوو.. تاهیر تۆفیق لە ژوورەکەی دیکەوە هاتە ژوورەوە نەبادا مەلا ئەسعەد ببینێ، کە هاتە ژوورێ بە ئیشارەت دەستی لەسەر دەمی دانا تا کەس قسان نەکات کە ئەو هاتووە، دانیشت، بانگی مەجیدی خزمی منی کرد و پێی گوت کە تەنزیلە خوێندرایەوە ئیدی نۆرەی گۆرانی گوتنە، گوتی پێی بڵێ مەقامی (نیوەشەو)ەکەی بڵێ. مەجید داوای ئەو مەقامەی لێ کرد، ئەویش گوتی باشە، مەلا ئەسعەد دەستی پێکرد، تاهیر تۆفیق دەفتەر و قەڵەمێکی دەرهێناو دەستی بە نووسین کرد، ئەو شەوە چوار مەقامی لێ وەرگرت، ئینجا مەلا ئەسعەد کە گوێی لە مەقامەکان دەبوو تاهیر تۆفیق دەیانی گوت، دەیگوت نازانم ئەوەی لە کێ وەرگرتووە؟

ڕامان: هەموو ئەو بەستەو مەقامانە کۆن بوون و هی ناوچەی کۆیە بوون، وەنییە؟

جەلال جۆبار: بەڵێ، خۆی مەقامی نیوەشەو، مەقامی حیجازە.

ڕامان: شیعرەکە هی کێ بوو؟

جەلال جۆبار: زۆر شیعری پێوە دەگوترێ.

ڕامان: بەهۆی ئەوەی برادەرایەتیت لەگەڵ هونەرمەندانی کۆیە زۆر بووە، بۆیە شیعرەکانی تۆ کراونەتە گۆرانی؟

جەلال جۆبار: ئا بەڵێ نزیکەی بیست شیعرم کراونەتە

گۆرانی.

ڕامان: ئاوازەکانت بەدڵ بوون؟ ئایا شیعرەکانت حەقی خۆیان دراوەتێ؟

جەلال جۆبار: ڕام لێیانە، گلەییم نییە، شیعری سیاسیشم هەبوو، ساڵی ١٩٥٨ کە عەبدولکەریم قاسم کودەتای کرد، ئەوکاتیش شیعرێکم لەژێر ناوی (شۆڕشی چواردەی تەمووز هێزی لە ئیستعمار بڕی) نووسی، ئەو شیعرە دەنگێکی زۆری دایەوە. نوێنەرانی عەبدولکەریم قاسم هاتبوونە کۆیە، کە هاتن شیعرەکەم گوت، زۆر هانیان دام و چەپڵەیان بۆم لێ دا، دوایی هەستام چوومەوە دوکانەکەم، ئەو نوێنەرانەی عەبدولکەریم قاسم لەگەڵ ڕەفیقی برای عەبدولحەمیدی حاجی تۆفیق، ڕەفیق کۆنە ئەفسەر بوو، هاتنە دوکانەکەم داوایان کرد نوسخەیەک لەو شیعرەیان بدەمێ، شیعرەکەیان برد، ئەوکاتە تازە عەبدولکەریم قاسم شۆڕشی کردبوو، جەماوەرێکی زۆر لەبەر دەرکی سەرای کۆن بوون.

ڕامان: دەڵێن تۆ بووی، دڵزار بوو، عەونی بوو، شیعرتان لەوێ خوێندووەتەوە؟

جەلال جۆبار: دڵزار بوو، کەریم شارەزا بوو، فریشتەخان بوو، جەباری مەلا کەریم بوو، مەدحەت بێخەو بوو کە لە کۆیە برینپێچ بوو.

ڕامان: تۆ لە کاتی شیعر خوێندنەوەدا ئیلقات چۆنە، یان ئەو وەختی پێت باش بوو؟

جەلال جۆبار: خەڵکی ڕایان لێ بوو، کە خەڵک ئەوەندە هانیان دەدام، دیارە ڕایان لێ بووە.

ڕامان: ئەی خۆت لێی ڕازی بوویت؟

جەلال جۆبار: من مەرج نیم، خەڵک مەرجە ڕای لێ بێ.

ڕامان: پێش خوێندنەوەی شیعرەکانت مەشقت لەسەر خوێندنەوەیان دەکرد؟

جەلال جۆبار: بەڵێ، من ئەو شتانەم دەزانی، بەڵام دڵزار فەقیرە ئیلقای باش نەبوو، کە شیعرەکەی دەخوێندەوە، بەخۆی لەخۆی ڕازی نەبوو.

ڕامان: ئەی ئەوانی دیکە چۆن بوون؟

جەلال جۆبار: کەریم شارەزا باشتر بوو.

ڕامان: ئەی فریشتەخان؟

جەلال جۆبار: ئەویش باش نەبوو.

ڕامان: عەونی چۆن بوو؟

جەلال جۆبار: عەونی تەقریبەن باش بوو، ئێمە دوایی شیعرمان لە ئێزگەی بەغدا لە بەشی کوردی خوێندەوە، عەونیش شیعرێکی خوێندەوە.

ڕامان: چەند کەس بوون چوونە بەغدا شیعرتان خوێندەوە؟

جەلال جۆبار: هەر کەسەی بە تەنیا چووین، منیش بە تەنیا چووم.

ڕامان: ساڵی چەند بوو کە چوونە بەغدا بۆ شیعر خوێندنەوە؟

جەلال جۆبار: ساڵی ١٩٥٨ چوومە بەغدا، گوتم شیعرێک لە ئێزگەی بەغدا بەشی کوردی دەخوێنمەوە، کە چوومە ژوورەوە یەکێکی لێ بوو، هات تەوقەی لەگەڵ کردم و گوتی ئەمن مەجید سێ گردکانیم. شیعرەکەم دایە ئەو، بردی لەوێ پەسەندیان کرد، گوتیان باشە و سبەینێ لەناو بەرنامە دایاننا، بۆ سبەینێ چووم خوێندمەوە.

ڕامان: ڕاستەوخۆ شیعرەکەت خوێندتەوە؟

جەلال جۆبار: ڕاستەوخۆ خوێندمەوە.

ڕامان: مۆسیقای لەگەڵ بوو؟

جەلال جۆبار: نا مۆسیقای لەگەڵ نەبوو.

ڕامان: دوای ئەوەی خەڵک گوێی لێ بوو، دەنگ و سەدای لەناو خەڵکیدا چۆن بوو.

جەلال جۆبار: زۆر باش بوو.

ڕامان: یەک لەو جارانەی سەردانی بەغدات کردووە، شەوەکەی لەدادگای مەهداوی ئامادە بوویت؟

جەلال جۆبار: ڕاستە شەوێکیان لە دادگای مەهداوی ئامادە بووم، عەرەبەکان هەڵدەستان و هەریەکەیان شیعرێکیان دەخوێندەوە، منیش سەرومشکیم لەسەربوو، جلی کوردیم لەبەر بوو، ڕاست بوومەوە و دەستم بە خوێندنەوەی شیعرێک کرد، ئەلحەقی هەموویان بەپێوە ڕاوەستان، یەک لەوان ماجید ئەمین بوو هەستایە سەر پێ و چەپڵەی لێ دەدا، دوایی ئەو کوردانەی لەوێ بوون هاتنە لام و گوتیان دەبێ شیعرێکی دیکەش بخوێنیتەوە.

ڕامان: باسی ماجید ئەمینم بۆ بکە، ئەوە کێ بوو؟

جەلال جۆبار: لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم لە جەماعەتی شۆڕش بوو، ئەندامی دادگایەکە بوو.

ڕامان: چۆن ڕێگایان دایت بچیتە ناو هۆڵی دادگایەکەوە؟

جەلال جۆبار: بە ئاسانی ڕێگایان دام..

ڕامان: بە ئاشکرا دادگایی پیاوانی سەردەم و ڕۆژگاری حوکمڕانیی مەلیکیان دەکرد؟

جەلال جۆبار: بەڵێ، بە ئاشکرا دادگاییان دەکردن، بە ڕێکەوت ئەو ڕۆژە دادگایی دوو تاوانباریان دەکرد.

ڕامان: ئاسایی بوو لەناو دادگا خەڵک هەڵسنە سەر پێ و شیعر بخوێننەوە؟

جەلال جۆبار: بەڵێ ئاسایی بوو هەر کەس شیعر بخوێنێتەوە، مەهداویش ئیشارەتی دەدایە شاعیرەکە کە هەستێ و شیعرەکەی بخوێنێتەوە.

ڕامان: مەهداوی وەک سەرۆکی دادگایەکە ڕێگەی دەدان؟

جەلال جۆبار: بەڵێ، دیاربوو مەهداوی و ئەوانی دیش کە لەگەڵی دانیشتبوون ڕایان لە شیعرەکەی من بوو.

ڕامان: تێبینی نەدەگەیشتن و ڕاشیان لێ بوو؟

جەلال جۆبار: هەندێ وشەی تێدەگەیشتن، بۆ نموونە دەڵێم:

ڕۆژی ڕەش داهات لەخوێنمژ نۆکەران بوون دەربەدەر
قەسرەکانیان لێ ببوونە قەبری تەنگی بێ مەفەر
باجی نووریش خۆ عەبای مەرگی هەڵساو کردە سەر
وەک سەگی خوێڕی کە ناو دڵ پڕ لە خەمناکی و کەدەر
هەوڵی دەربازی ئەدا بەم حاڵی ناساز و شڕی

پاش خوێندنەوەی شیعرەکە هەموویان هەڵسانە سەر پێ و چەپڵەیان بۆ لێ دام.

ڕامان: لەوانەیە ئەو کوردانەی لەوێ لەگەڵ مەهداوی ئەندامی دادگایی کردنەکە بوون تێبیان گەیاندبێ و بۆیان وەرگێڕابێ، لەوانەش کوردێکی وەک فەتاح شاڵی.. زۆر چاکە هەر ئەوکاتانە کە کاتی کەفوکوڵ و هەڵکشانی سیاسی بووە، لەپاش ۱۹۵۸ کەشوهەوایەکی شۆڕشگێڕانە خوڵقاوە، ئەو کاتە بازاڕی سیاسەت بە هەڕمێن بووە، زیاتر لەوەی داواکاری لەسەر هونەری شیعر و ئەدەبیات و ڕۆشنبیری هەبێ؟

جەلال جۆبار: ئەوکاتانە شیعر و ئەدەبیاتیشیان وەردەگرت.

ڕامان: بەڵام دەبوایە شیعرەکان سیاسی بن، دڵداری و ڕۆمانسی و شیعری هونەریی زۆر باویان نەمابوو.

جەلال جۆبار: ئەوکاتە خەڵکی گەرم ببوون، حەماسەتیان بەرز ببووەوە.

ڕامان: باشە هیچ جار ڕێکەوتووە تۆ دانیشتبێتی، بە تایبەتی شیعرت بۆ گۆرانی نووسیبێ؟

جەلال جۆبار: بەڵێ دەمنووسی و دەمدایە حەمەدەمین عەباس، ئەویش بە مەقام و گۆرانی دەیگوت، دەنگی باش بوو، شیعرێکم هەبوو تیپی باواجی کردیانە گۆرانی..

ڕامان: ئەو شیعرەی کە سەرەتایەکەی دەڵێ: میللەتانی ڕووی زەمین...

جەلال جۆبار:
میللەتانی ڕووی زەمین
ڕوویان بەرەو ڕووناکییە
میللەتی ئێمەش لە تاریکی و...
ڕامان: لە تاریکی و کەساسی تاکییە
جەلال جۆبار: ئا بەڵێ..
غولی ناو دەشت و چیاکان
بوون بە خاوەن عیلم و فەن
دەردی بێهۆشی لەناو کوردان
دەڵێی زگماکییە
هەر خەریکی بوغز و قین و
فیتنەبازی ناوەخۆن
تا وەهابن هەر ژیانیان
ژان و پڕ غەمناکییە
تا دوایی شیعرەکە..

ڕامان: زۆر ناوی حەمەدەمین عەباس دەهێنی، ئەو پیاوە دەنگخۆشە هەر لە منداڵییەوە برادەرت بووە، چۆن لە یەکتر نزیک بوونەوە و بوونە برادەر؟

جەلال جۆبار: یەکەم جار کە دەستی بە گۆرانی گوتن کرد هیچی نەدەزانی، تەنیا مەقامێکی دەزانی بەناوی (دەلال) کە بادینی بوو، دوایی هاتە لای من و لەگەڵ من بووە برادەر، منیش شیعرم دەدایێ، بە شیعرەکان دەوڵەمەند بوو، هەندێ جار ئاوازەکەشم دەدایێ، ئیتر بەوە پێشکەوت و پەرەی ستاند و باقی هونەرمەندەکانیش لەویان وەردەگرت و پێکەوە دەیانگوت، بێجگە لەمن کاریگەریی گۆرانیبێژانی دیکەشی لەسەرە، بە تایبەتی هونەرمەندانی پێش خۆی وەک خاڵە تایەر تۆفیق و ڕەفیق چارچاو و حەمە بیژی و هی دیکە، کە ئەمەی بە دەمی خۆی بە جەواد حەمەد بەگ گوتووە لەو کاتەدا کە لە گەڕەکی قەڵاتی شاری کۆیە دراوسێیان بووە.

ڕامان: زەمانی زوو لەکۆیە ئەختەرمان هەبووە، کە لە دیوەخانەکەی، ئەو ئاواز و مەقامانەی لەلایەن گۆرانیبێژانەوە گوتراون بە بەر نیگای ڕەخنەیی ئەودا تێپەڕیون، بۆ ئەوەی ببڕوڕای خۆی لە بارەیانەوە بدات و پەسەندیان بکات، یان پەسەندی نەکات، چونکە لەوتنی مەقامدا کەسێکی ئوسووڵ شوناس بووە.. لە زەمانی دوای ئەختەر کەس شک دەبەیت هەمان دەوری ئەوی

بینیبێت و وەک ئەو خەڵکی فێری مەقامات کردبێ؟

جەلال جۆبار: ناوەڵڵا، بەشی زۆری ئەو مەقامانە من دەیانمدانێ، هەمووی مەقامی کۆن بوون، خەریک بوو بزر دەبوون، من هەمووپانم دەزانی، من دەمدانێ، بەڵام هەر لەپاش ئەختەر، حاجیە گەورە هەبوو [لەنێوان سالانی (١٨٥٠- ١٩٤٣)دا ژیاوە «ڕامان»] محەمەد گوبانچی بە زاری خۆی دەڵێ حاجیە گەورە مامۆستای بووە، ئەویش دەوری خۆی هەبووە.

ڕامان: تۆ لە کێ فێریان بوویت؟

جەلال جۆبار: من هەروا لە دەمی خەڵکی وەرم دەگرتن، وەختی خۆی گۆرانیبێژێک لە کۆیە هەبووە، زۆر بەناوبانگ بووە و پێیان گوتووە عەبەی چایچی، ئەو پیاوە گۆرانیبێژێکی باش بووە، من نەمدیوە، بەڵام ناویم بیستووە، مەلا ئەسعەد قسەی بۆ دەکردم و دەیگوت وەختی خۆی عەبەی چایچیشم لەگەڵ بوو کە دەنگی زۆر باش بوو، گوتی یەکێکی دیکەش هەبوو پێیان دەگوت ڕەفیقی چار چاو، گوتی بابی ئەو ڕەفیقەی عەینەکی لەچاو بووە پێیان گوتووە چارچاو، گوتی ئەو ڕەفیقە لەگەڵ من بوو، ڕەفیقی گۆرانی گوتنم بوو، گوتی ئەویش زۆر زۆر باش بوو.

ڕامان: هیچ ڕێک نەکەوتووە دەنگیان بمێنێ و لەلای کەسێک مابێتنەوە و پارێزرابن؟

جەلال جۆبار: ئەوکاتە هیچ تەسجیل و ئامێرێک نەبوو، هیچ نەبوو، بۆیە دەنگیان نەما.

ڕامان: تۆ لە عومری خۆت مەلا ئەسعەدت بینیوە و لەگەڵی بڕادەر بوویت، هەروەها هاوڕێی حەمەدەمین عەباس و سێوە و تاهیر تۆفیق بوویت.

جەلال جۆبار: هەروەها باقی حەلاق-یش.

ڕامان: ئەی عەلی سەمەنێ و ئەمین سەمەنێ و حاجی قادری پەڕەکەر کە من لە حەفتایەکاندا بۆ ساغکردنەوە و لەچاپدانی دیوانی ئەختەر زوو زوو دەچوومە لایان و بەشی زۆری گۆرانی و گوتنەکانیان بەشیعری ئەختەر دەگوت؟

جەلال جۆبار: ئەوانە وەختی خۆی گۆرانییان گوتووە، بەڵام من پتر ئەو گۆرانیانەم دەبیست کە باسیان دەکەم و مەلا ئەسعەد بۆی باس دەکردم.

ڕامان: مەلا ئەسعەد لەلای تۆ ناوی عەبەی چایچی هێناوە، ناوی کێی دیکەی دەهێنا؟

جەلال جۆبار: ڕەفیقی چار چاو، فەقێ ئەحمەد، حەمەدەمین عەباس، سمایلە خرە، عەلی سەمەنێ، ئەمینی سەمەنێ، قالە کەچەر، حەمەدەمینە گۆجە، ئەحمەدی حەمە مەلای، جەلالی قالە بزنی، ئەوانە هەموویان لە زەمانی مەلا ئەسعەد گۆرانیان دەگوت.

ڕامان: ئەی دەڵێن ئەوانە لە مەولوودەکانیش دانیشتوون و دوای مەولوود خوێندنەوە کردوویانەتە بۆنەیەک بۆ گۆرانی گوتن؟

جەلال جۆبار: خۆی لە کاتی مەولوود خوێندنەوەدا، هەروەها لەگەڵ بۆنەی ژن گواستنەوە، ئەوانە گۆرانییان دەگوت، کە ژن دەگوازراوە، تاقمێک لەو دەنگخۆشانە دەچوونە سەربانی و لەسەر سواندەکەی کە بووکی پێدا دەهاتە ژووڕێ ڕادەوەستان و یەکێک هەندێک شەکرۆکە و چوکلێت و بەعزێ جار پارەشی تێدا بوو، بەسەر سەری بووکیاندا دەکرد، هەر ئەوانەش گۆرانییان دەگوت.

ڕامان: بە پارە گۆرانییان دەگوت، یان بە دۆستایەتی و برادەرایەتی؟

جەلال جۆبار: هەر بە دۆستایەتی و برادەرایەتی بوو، بەڵام مەلا ئەسعەد لەبەر دەستکورتی و هەژاری بەپارە دەیگوت.

ڕامان: ئەی فەقێ ئەحمەدە کۆرە؟

جەلال جۆبار: ئەویش هەروا بوو بە پارە گۆرانی دەگوت، بەڵام ئەو فێری مەولوود خوێندنەوە ببوو، بەوە ئیشی باش بوو.

ڕامان: ئەی حاجی قادری پەڕەکەر، کە من لە حەفتایەکان دیتبووم، ئەویشی هەندێک شیعری ئەختەری بەدەنگی خۆی بۆ گوتووم؟

جەلال جۆبار: مەلا ئەسعەد گوتی ئەویشمان لەگەڵ بوو، حاجی قادری پەڕەکەر زیاتر گۆرانی لەگەڵ کۆرس دەگوت، بەم دواییە فێربوو بەتەنیایش دەیگوت.

ڕامان: بەدەنگی خۆی بۆ منی گوت، بەڵام دەنگی زۆر خۆش نەبوو، یان باشتر وایە بڵێم لەبەر پیری دەنگی نەمابوو، بێجگە لەو شتانەی کە باست کردن، لەگەڵ مەلا ئەسعەد چ بیرەوەری دیکەتان هەبووە؟

جەلال جۆبار: مەلا ئەسعەد بەردەوام لە دوکانەکەم لەلای من بوو، بە درێژایی ڕۆژ دەهات لە دوکان لەلای من دادەنیشت.

ڕامان: بێجگە لەو ناوانەی باسمان کردن، نەیدەگوت ئەو گۆرانیانەی دەیگوتن لە کێی دی فێریان بووە؟

جەلال جۆبار: جارێکیان گوتی وەختی خۆی (ئەحەی ناسر) هەبوو، لە سلێمانی لەگەڵ ئەویش گۆرانیمان دەگوت، هەروەها دەیگوت یەکێکی دیکەش لە ئێران لە

سابلاغ هەبوو پێیان دەگوت (عەجەم ئۆغلی) گوتی لەگەڵ ئەویش گۆرانیم گوتووە.

ڕامان: ئەم گۆرانبێژە کورد بووە؟ بە کوردی گۆرانی گوتووە؟

جەلال جۆبار: ناوەڵلا بە فارسی گوتوویەتی، مەلا ئەسعەد گۆرانی فارسی زۆری دەزانی.

ڕامان: نەیدەگوت ئەوانە دەهاتنە کۆیە، یان ئەو دەچووە لایان بۆ سلێمانی؟

جەلال جۆبار: تەنیا دەیگوت دۆستایەتیم لەگەڵیان هەبووە.

ڕامان: چونکە هونەرمەند ئەحەی ناسر ساڵی ١٩٢٣ بە گوللەی وێڵ کۆچی دوایی کردووە.

جەلال جۆبار: من خۆم لە دایک بووی ساڵی ١٩٢٩م، مەلا ئەسعەد کە زۆر لەمن گەورەتر بوو باسی (ئەحەی ناسر)ی بۆ کردووم.

ڕامان: منیش ئەوەم پێ گرنگە، تۆ ئەو زانیاریانەت لەدەمی ئەوەوە بیستووە، ئەوەش مێژوویەکی گرنگە، بۆیە چیت لەبیر ماوە کە بۆ تۆی گێڕاوەتەوە، بۆمانی باس بکە؟

جەلال جۆبار: هەموو کات بەیەکەوە بووین، زەکی هەناری لەگەڵ مەلا ئەسعەد زۆر دۆست بوون، مەلا ئەسعەدیش بە عومر گەورەیی تووڕە دەبوو، بیان گوتبایە عومرت گەورەیە، تووڕە دەبوو، زەکی ئەفەندی پێی دەگوت پێش ئەوەی مزگەوتی گەورەی کۆیە دروست بکرێ، لەکوێ نوێژی جومعەت دەکرد؟ لێی تووڕە دەبوو و وەڵامی خراپی دەدایەوە.

ڕامان: مەلا ئەسعەد زۆرتر برادەرایەتی لەگەڵ کێ بوو، کە کەیفی پێی هاتبێ؟ یان بۆ نمونە گوتت لەگەڵ تاهیر تۆفیق نێوانیان خۆش نەبووە، نازانی لەسەرچی بوو؟

جەلال جۆبار: لە سەرەوە لەگەڵ یەکتر قسەیان دەکرد، بەڵام وەک من ئاگادار بووم مەیلەو خۆشی نەدەویست.

ڕامان: ئەی لەگەڵ سێوە نێوانیان چۆن بوو؟

جەلال جۆبار: لەگەڵ سێوە بەینیان خۆش بوو، سێوە گۆرانییەکانی برد لە بەغدا تۆماری کردن، کە هاتەوە مەلا ئەسعەد زۆری پێ ناخۆش بوو، دەیگوت ئەوە بەهیچ تێر ناخوا، سێوە ڕەوەیەک منداڵە دیانی کۆیەی لە کەنیسە خڕکردبووەوە و دەرسی پێدەگوتن، بەوەش تێری نەخوارد، چوو گۆرانیشی تۆمار کرد. (سێوە شەماشە بووە)

ڕامان: باشە بۆچی حەزی نەدەکرد کەس گۆرانی تۆمار بکات؟

جەلال جۆبار: هەر تەبیعەتی ئاوا بوو.

ڕامان: قەینا تەبیعەتی تایبەتی خۆت بۆ خۆت، بەڵام حەقی ئەوەی نییە ڕێ لە خەڵکی دیش بگری تا وەک خۆی بن.

جەلال جۆبار: خۆ ڕێی نەدەگرت، هەروا قسەکەی لەلای من دەدرکاند، وەک مەحرەمێک قسەکەی بۆ دەکردم، منیش ئێستا لەبەر مێژوو ئەو قسەیە دەگێڕمەوە.

ڕامان: مەلا ئەسعەد لەگەڵ سیاسەت سەروساختی هەبوو؟

جەلال جۆبار: بەڵێ، کە مەلا ئەسعەد مرد شیعرێکم بۆ نووسی، ئەو شیعرەم فەوتاوە، لەناو ئەو دەفتەرەدا بوو کە لە باخچەکەدا سووتا، کە مرد بەری بەیانی بوو، هاتن تەق تەق لە دەرگای ئێمەیان دا، حەمەی دەلاڵ هات گوتی کاک جەلال کاکە مەلا مرد، گوتوویانە بێی، ئینجا شیعرەکە لەسەر ئەوە بوو و ئاوا دەست پێدەکات و دەڵێ:

بەیان بوو پێش گزینگی خۆر هەواڵی کۆچی تۆم زانی
پەرۆشم کەوتە دڵ، ئەما پەرۆشی پڕ پەریشانی

ئیتر لەسەر ئەوە دەڕوا، بەڵام شیعرەکەم نەماوە.

ڕامان: دیارە هەر ئەوەندەت لەبیر ماوە؟

جەلال جۆبار: هەر سەرەتاکەیم لەبیرماوە، شیعرێکی دیکەم هەبوو، کە پاییز تەواو دەبوو، زستان دەهات، زستانان خەڵک هەژار بوو، لەبەر ئەوەی هەژار بوون دەیانگوت بەرگی فەقیری درا، ئینجا شیعرێکم لەسەر زستان نووسیبوو:

پاییزە دیسان دەچین بۆ ژێر غەمی تووشی و تەڕی
سارد و سەرمای فەسڵی زستان گەرمی هاوینی بڕی
هاتە ئاسمان هەوری غەم بەرگی فەقیری دادڕی
دەوڵەمەند بە ئاسانی زەخیرەی خۆی کڕی
بەس هەژار ماوە بە بێچارە بە خۆ و جلکی شڕی

ئیتر شیعرەکە بەو جۆرەیە.

ڕامان: ئەوەش هەر ون بووە؟

جەلال جۆبار: ئەو شیعرەشم لێ بزر بووە، من لە ژیانمدا زۆر شیعرم لێ بزر بووە.

ڕامان: لە شارەکانی کوردستان چایخانە هەبووە، حەقایەتی کۆنیان تێدا گێڕاوەتەوە، پاشان کەسێک هاتووە حەکایەتخوانیان پێ گوتووە، هەر شەوەی فەسڵێکی لە حەقایەتەکە گێڕاوەتەوە، خەڵکیش لەوێ چایان خواردووەتەوە و گوێیان بۆ شل کردووە و شەویان

بەو شێوەیە بەڕێ کردووە، بە تایبەتی شەوانی زستانی دوورودرێژ، بێ گومان لەشاری کۆیە ئەو حەقایەتخوانانە هەبوون، کە لە چایخانە، یان لە ماڵان حەقایەتیان بۆ خەڵکی گێڕابێتەوە؟

جەلال جۆبار: لە ماڵان هەبووە، بە گەنجی کە تازە پێ دەگەیشتم، کتێبی فارسیم دەخوێندەوە، حەکایەتەکانی ئەمیر ئەرسەلان و ئەسکەندەرنامە و ئەوانە فێربووم دەمخوێندنەوە، ئینجا دەیانبردم، حەمەد مستەفا ئامۆزای بابم بوو، حەمەد مستەفای ئەسعەدە سووری، بە تۆبزی لەگەڵ خۆی دەیبردم، باوکی ئەحمەد ئاغای باخچەوان بوو، کە دەچووم لەوسەری هەتا ئەوسەری ئەوە هەمووی پیاوی پیر بوون دانیشتبوون، منیش هێشتا بە تەواوی مووم لێ نەهاتبوو، لە هەورازی هەمووانیان دادەنام، من شایانی ئەو جێیە نەبووم کە بمبەنە ئەوێ، بەڵام لەبەر کتێب خوێندنەوەکە لەوێ دایاندەنام و دەمخوێندەوە، ئەوان هەموویان گوێگر بوون، ئینجا پێش منیش هەبووە، هی دیکەش هەبووە.

ڕامان: ناوی ماڵ و دیوەخانەکانم پێ بڵێ کە هی کێ بوون؟

جەلال جۆبار: ماڵی میرزا حەمەدەمینی میرزا قادر، ئەوە هەبووە، ئەو دەمای تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ نەبوو، بە حەکایەت زستانیان بەڕێ دەکرد.

ڕامان: پێش ئێوە، یان لە سەردەمی تۆ خەڵکی دی هەبوون ئەو کارە بکەن و حەقایەتەکان بخوێننەوە؟ ئەوانە ناویان چ بوو؟

جەلال جۆبار: میرزا حەمەدەمین هەبوو، ئەویش دەیزانی بخوێنێتەوە، هەروەها مام حەمەدەمین هەبوو برای حاجیە گەورە، ئەویش حیکایەتخوان بوو، هەروەها مام تەهای ئەحمەد لیلە و سابیری ئەحمەد لیلە هەردووکیان حیکایەتخوان بوون کە لە حەفتاکان مردوون، مام سابیر لە ساڵی (١٩٧٥) مرد کە لاوکبێژبش بوو.

ڕامان: مەبەستت حاجیە گەورەی مەقامزانە؟

جەلال جۆبار: بەڵێ، برایەکەی ناوی مام حەمەدەمین بوو، ئەو لە مەجلیسان حەکایەتی خوێندووەتەوە، ئیتر ئەوانەی هەبوون ئەوانە بوون.

ڕامان: ئەو هەقاتخوانییە تا ساڵی چەند بەردەوام بوو؟

جەلال جۆبار: من مام حەمەدەمینم دیتبوو، بەڵام مام حەمەدەمینم کە بینی لەوانەیە عومرم لە هەشت ساڵان تێنەپەڕی بێت، دوایی مرد.

ڕامان: بێ گومان هەندێک شتت لەخەڵکی پێش خۆت بیستووە، ئەوەی سەردەمی تۆ بێت و بەخۆشت بیزانی ئەوە باشترە، بۆ نموونە زۆر شیعر هەیە نووسراوە، یان زۆر ئاوازی گۆرانی هەیە، ئاوازەکە خاوەنی هەبووە کە دیارە هی کێیە، بەڵام وردە وردە لەبەر ئەوەی ناوی خاوەنەکەی وەک تۆ پێشتر گوتت یەکەم جار شەرمم کردووە بڵێم ئەو شیعرە من نووسیومە، تا بزانم سەرکەوتووە، یان سەرکەوتوو نییە، خۆت لێ نەکردووە بە خاوەن، زۆرجار ڕێدەکەوێ گۆرانییەک زۆر ناوبانگی پەیدا کردووە و بەناوی فۆلکلۆر ڕۆیشتووە، بەڵام خاوەنیشی هەبووە، بۆ نموونە گۆرانی (شلەوخانان) یەکێک لەو شیعرانەیە کە دەڵێن هی ئەختەرە، یان دەڵێن ئاوازەکەی بەخۆی داینناوە، نازانم تۆ بۆ ئەو گۆرانییە دەڵێی چی؟

جەلال جۆبار: وەختی خۆی شاری کۆیە لەگەڵ ئەو عەشیرەتەی خوارێ (شێخ بزێنی) شەڕیان کردووە، دەڵێن شێخ بزێنی دەهاتن گاڕانی کۆیەیان دەبرد، ئێستا لێرە گردێک هەیە، پێی دەڵێن گردی مام جەردیس ئەو گردە هی مام جەردیس گاوان بووە، لەسەر ئەو گردە بووە و چاوی لێ بووە، هەروەختێکی تۆز پەیدا بووە، زانیویەتی سوارن دێن کۆیە تاڵان دەکەن و گاڕانەکەی دەبەن، ئەویش خێرا غاری داوە تاقمێکی ئاگادار کردووە، ئەو تاقمەش هەموو دەمێ چەکیان بەرانبەر خۆیان داناوە، مام جەردیس خێرا هەوالّی داونەتێ، ئەوانیش خێرا چوون ڕێیان پێ گرتوون و بووەتە شەڕیان و نەیانهێشتووە گاڕانەکە ببەن، تەنانەت جارێکیان حەسەن ئاغا چووە لە گوندی شەوگێڕ لەوێ ڕووبەڕووی ئەو شێخ بزێنیانە بووەتەوە و حەسەن ئاغا لەوێ کوژراوە.

ڕامان: تۆ پێت وایە ئەو شیعرە لەسەر ئەو ڕووداوە بێت؟

جەلال جۆبار: شیعرەکە دەڵێ (هەڵاتن بۆ میردان حەیفە)، مەبەستی ئەوەیە کە کەس هەڵنەیەت، ئەوە پێوەندی بەو ڕووداوەوە هەیە.

ڕامان: ئەو ڕووداوە ساڵی چەند ڕووی داوە؟

جەلال جۆبار: ئەوە زۆر کۆنە..

ئاوێ گۆڵانم کەفە
هەڵاتن لۆ میردان حەیفە
ئاوێ گۆڵانم گەرمە
هەڵاتن لۆ میردان شەرمە

ئیتر ئەو شیعرە بۆ ئەو ڕووداوە بووە، ئاوازەکەشی شایی پێ گەڕاوە، شایی ڕۆیینە هەبووە، ئەو شاییەی پێ گەڕاوە.

تەنگژەی شانۆ ڕەنگدانەوەی تەنگژەی شانۆکارە

ئا: فەخرەددین تاهیر
(سوێد)

(٢ - ٢)

* ئەگەر ئەو بزاڤە شانۆییەی بەناوی بزاڤی شانۆی کوردی لە تاراوگەدا هەبوونی هەیە و هەردوو قۆناغەکەش نیشانیانداوە کە بزاڤەکە لەسەر ئەرزی واقیعدا بوونی خۆیان سەلماندووە، لەو حاڵەتەدا دەتوانین بڵێین بزاڤی شانۆیی کوردی لە تاراوگەدا توانیویەتی ڕەوەندی کوردی وەک بینەر بۆ شانۆ لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە.

برایم فەرشی (ئەڵمانیا): باسی بوونی هەر دیاردەیەک بکرێ، دەبێ ڕەنگدانەوەکەی لە شوێنێک ببینرێ و بینرابێ، کاتێک باسی بزاڤی شانۆی کوردی، بینەری شانۆ و کۆکردنەوەی ڕەوەندی کوردی لە دەوری شانۆ دەکەین، دەبێ بڵێین لە کوێ و لە کام شوێن؟ من بە هۆی کار و پیشە و تێکەڵاویی بەربڵاو لەگەڵ کوردەکانی هەر چوارپارچە، دەبێ بەڵانی کەمەوە لە وڵاتێکی وەک ئەڵمان کە نزیکەی یەک ملیۆن کورد (نیوەی کوردی ئەوروپا) تێیدا دەژین، هەستم بەم بزاڤەو بە بینەر و ڕەوەندی کوردییە کردبێ، ئەگەر بڵێین لە هەر شارێکی گەورەی ئەوروپا دەیان کۆڕ و کۆمەڵی کوردی نامۆ بە یەک هەیە، دەڵێم وایە، ئەگەر بڵێین هەر لەو شارە گەورانە یەک گرووپی شانۆ هەیە، ناتوانم ئیسپاتی بکەم. ماوەی زیاتر لە ٢٥ ساڵ لە قوتابخانەکان و لە زۆر شوێنی دیکەی وەک ناوەندی فێرکردنی پیشە، ناوەندی ڕاهێنانی بیانی بۆ ژیان لە ئەڵمان، زیندان (ساڵی ١٩٩٨ لە زیندانی کۆڵن ١٢٠ کورد زیندانی بوون) کاری شانۆی پێداگۆگیم کردووە و لەگەڵ کوردەکانی هەر چوار پارچە لە نزیکەوە ڕووبەڕوو بووم. سەردەمێک وەک بەرپرسی بەشی شانۆی ناونەتەوەیی و ئینتەر کولتورالّ لە دەزگای شانۆی پێداگۆگەکانی ئەڵمان بەشداری فیستیڤاڵەکانی ناوچەیی و ئەوروپی و جیهانیی شانۆم کردووە، لە هیچ شوێنێک ڕەنگدانەوەی بزاڤی شانۆی کوردیم لە ئەڵمان بەرچاو نەکەوتووە. لە هەر قوتابخانەیەک کە دەورەی شانۆی پێداگۆگیم بەڕێوە بردبێ منداڵی کورد لە باشوور و باکوور تێیدا بەشدار بوون و هەمیشە یەکێک لە پرسیارەکانم ئەوە بووە کە ئایا شانۆیان بینیوە؟ هیچ منداڵێکی کورد ئەزموونی بینینی شانۆی بە زمانی کوردی نەبووە. لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٦ تا ٢٠١١ لە شارەکانی فرانکفۆرت، دارمشتاد، مونیخ، نورنبێرگ، هانۆڤەر لە ڕێگای سمینار بۆ منداڵان و دایک و باوکەکان لەمەڕ چۆنیەتی فێربوون و فێرکردن و سیستمی فێربوون لە نزیکەوە لەگەڵ منداڵانی باشووریی قسەم کردووە، بە دەگمەن چاوم بە منداڵێک کەوتووە کە بڵێ شانۆم بە زمانی کوردی لێرە و لەوێ بینیوە. تەنیا لە یەکێک لەو شارانە خانمێک باسی ئەوەی کرد کە لەگەڵ کۆمەڵێک منداڵ بە زمانی کوردی کاری شانۆ دەکات. لەو شارەی کە من لێی دەژیم زیاتر لە



برایم فەرشی

٤٥٠٠٠ کورد هەیە، لەو ئایالەتە نزیکەی ٢٠٠ هەزار کورد دەژین، بە دەگمەن لە نێوان ساڵی ٢٠٠٠ تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ لەو شارە و لەو ئەیالەتە شانۆ بە زمانی کوردی پێشکەش کراوە.

سالانێک یەکێک لە ئەندامانی ڕێداکسیۆنی گۆڤاری ئەڵمانی "کوردستان هۆیتە" بووم و لەسەر هەموو چالاکییەکی فەرهەنگی کوردەکان، لەوانە شانۆ بابەتمان دەنووسی، لەم گۆڤارەدا تەنیا یەک وتار لەسەر شانۆ هەیە، لە گۆڤارەکانی کوردی ئەو سەردەمەی چاپی ئەوروپاش، کەمترین بابەت لەسەر شانۆ نووسراوە. لەو کاتەوە کە ئیمکانی ئینتەرنێت هەیە، بە تایبەت لە ساڵی ٢٠٠٠ بەم لاوە هەر هەواڵێک بە زووترین کات لەسەر شانۆ لە ماڵپەڕەکاندا بڵاو کراوەتەوە، دەبا کەسێک، ناوەندێک ژمارەی ئەو شانۆنامە کوردییانەی کە لە ١٢ ساڵی ڕابردوو لە هەموو ئەوروپا پێشکەش کراون لەگەڵ ژمارەی بینەرانی باس بکات.

لە کۆنفرانسی شانۆکارانی کورد لە ئەوروپا یەکێک لە باسەکان مەسەلەی بینەر لە کوردستان و دەرەوە بوو، ئەو کەسانەی لەو بارەوە لێکۆڵینەوەیان کردبوو، باسیان لە دیاردەیەک بە ناوی بینەری شانۆی کوردی لە دەرەوە نەکردبوو، لێکۆڵینەوەکانی ئەم دوو کۆنفرانسە لە ساڵەکانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ کە خۆی لە نزیک ١٥ سمیناردا دەدیتەوە، هیچیان باسیان لە شتێک بە ناوی بزاڤی شانۆی کوردی لە ئەوروپا نەکرد. ئەوەی لە ئەوروپا لە بواری شانۆدا کرابێ زۆر بەرچاوە، بۆ وێنە لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا گرووپێکی چالاکی شانۆی کوردی چەند جارێک بەشداری فیستیڤاڵی شانۆی ئەو وڵاتەیان کردووە و هەوڵی ئەوەشیان داوە ڕەگەزی کوردی وەک جلوبەرگ و مۆسیقا لە کارەکانیاندا بەکار بێنن، لە سوێد کۆمەڵێک لاو لەسەر شەقام کارێکی لەو چەشنەیان کرد. لە شاری هانۆڤەر گرووپێکی کوردی ناوخۆی باکووری کوردستان بەشداری شانۆی ئایینی ئەو شارەیان کرد. شانۆی مولهایم ئەندەر ڕوهر کە بەرپرسەکەی ڕۆبێرو تۆچوولیە چەند جارێک گرووپ و کەسانی تایبەتی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتەوە بانگ کردووە و لە بەرلین و چەند شارێکی دیکەش کاری وا کراوە. جاربەجار ئەم گرووپ و ئەو گرووپ لەم وڵات و لەم شار شانۆیان بۆ چەند دە کەسێک پێشکەش کردووە، هەموو ئەو کارە نابەردەوامانە نابنە هۆی ئەوەی پێناسەیەک لە بزاڤێک بە ناوی بزاڤی شانۆی کوردی و بینەری ئەو بزاڤە بدەنە دەست.

ئەگەر ئێمەی کورد لە هەموو ئەوروپا بیست گرووپی شانۆییمان هەبووبێ (کە نەمانبووە)، ئەو گرووپانە لە ساڵێکدا دە جار و هەر جارەی پێنج شەو بۆ سەد کەس شانۆیان پێشکەش کردبێ (کە نەکراوە)، سەرجەم ژمارەی ئەم بینەرانە دەبێتە سەد هەزار کەس. بە پێی بەراورد دوو ملیۆن کورد لە ئەوروپا دەژین، ئەگەر ئەو سەدهەزار کەسە بەختی بینینی شانۆی کوردییان بووبێت (کە نەیانبووە)، دەبێتە ٥ ٪ ی کوردی ئەوروپا. ئەگەر شانۆکارانی کورد لە ئەوروپا ساڵانە سەد هەزار بینەریان هەبووبێ و هەر یەکێکیان دە یۆرۆ پارەی بۆ بینینی شانۆ دابێت، دەبێتە یەک ملیۆن یۆرۆ، بێ گومان بیست گرووپی شانۆیی کە ئەگەر هەر کام ٥ کەس ئەندامی بووبێت، ژمارەیان دەبێتە سەد کەس. سەد کەس بۆ ماوەی ساڵێک نە بەو پارەیە بەڕێوە دەچن، نە دەتوانن کاری شانۆیی بکەن. لە حاڵەتێکی خەیاڵی واشدا، "بزاڤی شانۆی کوردی" و بینەری ئەم شانۆیە چێ نەدەبوو.

لە شارەکانی ئەوروپا کە فەرهەنگی چوون بۆ شانۆ هەیە، ژمارەی بینەرانی شانۆیان هەمیشە چەند قاتی ژمارەی دانیشتووانی شارەکانن، کۆڵن کە یەک ملیۆن دانیشتووی هەیە، زیاتر شەست و شەش شانۆی ئەهلی و دەوڵەتیی پرۆفیشنالی هەیە، بێجگە لە شانۆی قوتابخانە و دانیشگاکان. سالانە نزیک سێ سەد هەزار کەس سەردانی شانۆ دەکەن، ئەگەر هەر کام لەو بینەرانە لە ساڵدا پێنج شانۆنامە ببینن زۆر کەس ئابوونەی سالانەی شانۆیان هەیە، ژمارەی بینەران نیوملیۆن زیاتر

هاوڕێ زەنگنە

لە خەڵکی شارەکە دەبێت، لە شارێکی وا دەکرێ باس لە شانۆ و بزاڤی شانۆ و قوتابخانەکانی شانۆ بکرێ. تورکەکان لە شاری کۆڵن خاوەنی شانۆی خۆیانن کە بە دەستی کوردەکانی باکوور سازکراوە، ئەوان هەم لە لایەن دەوڵەتی ئەڵمان و هەم دەوڵەت و قونسڵگەرییەکانی تورکیاوە یارمەتی دەدرێن، ئەوان دەتوانن باس لەوە بکەن کە لە شاری کۆڵن بینەری شانۆیان هەیە، بەڵام ناتوانن ئیدیعای بوونی "بزاڤی شانۆی تورکی" لە ئەڵمان بکەن.

ئەنوەر قادر ڕەشید (ئەڵمانیا): بیوورن ڕەنگە بۆچوونەکانی من هەندێک ڕەشبینی پێوە دیار بێ، بەڵام من بەڵای خۆمەوە لەلایەنێکی تری پرۆسەکەوە گەشبینم، ڕاستە هەندێک گرووپی شانۆکارانی کورد (بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە کوردیان زۆرە، یان ئەوانەی بچووکن و هاتوچۆ تێیاندا ئاسانە) بینەریان هەیە، بەڵام دەبێ بینەر لە وەرگر جیا بکەینەوە، ئەو بینەرەی بۆ پشتگیری گرووپ، یان بینینی برادەرانی تر، یان ساتێک هێنانەوەی بیرەوەرییەکانی، یان و یان و یان...تاد بە وەرگری شانۆ ئەژمار ناکرێن، ئەگەر بڵێین بینەر ڕاستە، بەڵام من لەو بڕوایەدام کاتێک دەتوانین بڵێین شانۆی کوردیمان لە تاراوگە جێگیرە کە بتوانین بینەری بیانی بکەینە وەرگر و کولتووری کوردییان پێ بناسێنین، دەنا کە شانۆیەک بە کوردی بێ و بۆ کورد بێ لە ئەرکە سەرەکییەکەی دادەماڵرێ، دەبێتەوە تەواوکەری بەرهەمەکانی کوردستان (دیارە بە تایبەتمەندێتی خۆیەوە)، چونکە لە ڕاستیدا کۆکردنەوەی ڕەوەندی کوردی لەدەوری خۆی (ئەگەر ئەنجامیشی دابێت) هەر بەشێکی لە ئەرکەکەی بەجێهێناوە.

* گرمیان بزاڤی شانۆی کوردی لە تاراوگە، ڕەوەندی کوردی وەک بینەری شانۆ لەدەوری خۆی کۆکردووەتەوە، ئەی توانیویەتی تارادەیەک کاریگەریی لەسەر بینەری ئەوروپایی دروست بکات بۆ هاتن و بینینی شانۆگەریی کوردی؟ ئەگەر لە هەر دوو حاڵەتەکەدا ئەو دوو بینەرانە چ ڕەوەندی کوردی و چ ئەوروپایی ئامادەییان هەبووبێ، بینەری کوردی و ئەوروپایی چەند توانیویانە زمانێکی هاوبەش بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئاستی ئەو شانۆگەرییانە بدۆزنەوە کە لە ئەوروپا بەکوردی نمایشکراون...؟

هاوڕێ زەنگنە (ئەڵمانیا): پرسیاری بینەر و ڕەوەندی کوردی وەک بینەری شانۆ لەدەرەوەی وڵات، ئەوە بینەر یەکێکە لەکۆڵەکە سەرەکییەکانی شانۆ. ئەم کۆڵەکەیە پێویستی بە ڕۆشنبیرکردن هەیە. ئەو ڕۆشنبیرکردنەش پێویستی بە پێوەندی دروست کردن و پێگەیاندن و پەروەردەکردنی هەیە، بە ڕۆشنبیری و لێکدانەوەیەکی هیرمینیۆتێکی شانۆ هەیە تاکو ئەو بینەرە دروست بێت. من دەڵێم هێشتا ڕەوەندە کوردییەکە تارادەیەکی ئەوتۆ دروست نەبووە، ئەمەش هێشتا ڕەنگدانەوەی کوردستانی پێوە دیارە، بەڵام دەتوانم بڵێم من ئێستا ڕەوەندی کوردی و زیاتر ئەڵمانی و خەڵکی وڵاتانی ترم بە کارەکانم ئاشنا کردووە، بۆیە بینەر هەبووە، کە سێ جار هاتووە تەنیا نمایشەکەی من ببینێت، بەردەوام پرسیارکردنیش هەیە، ئەمەش بەتایبەت لەشارێکی گەورەی بە ناوبانگی کولتووری وەک شاری میونشن بەدی دەکرێ.

بۆ نموونە من کە بەرهەمێکی شانۆییم تەنیا لەگەڵ ئەکتەری ئەسیوپی و ئەڵمانی کردووە، بۆیە جەماوەری ئەسیوپی بۆ کارەکانی تریشم ئامادە دەبن و بە هۆی ناوەندێکی تۆڕی پێوەندییەوە، یان ئەگەر بەرهەمێکم هەبێت جەماوەری ئەڵمانی شانۆ بەحوکمی بەرهەمێکم لەهۆڵی زانکۆی میونشن لە بەشی زانستی شانۆ نمایش کردووە، بەمە توانراوە بەکارەکانم ئاشنا بن و لەگەڵ تۆرەکە نزیکایەتی پەیدا بکەن. لەبەرهەمێکی تردا لە خەڵکی بۆسنە و کۆسۆڤۆ و تۆگۆی ئەفریقیا توانراوە لە تۆرە نزیکایەتی پەیدا بکەن، بۆیە ئەو بینەرە لەشارێکی وەک میونشن و چەند شارێکی تری ئەڵمانیا، بەڵام ڕەوەندی کوردی لەتاراوگە هێشتا پرسیارێکی کراوەیە بۆ من پێویستی بەکارکردنی هۆشمەندی و ڕاگەیاندنی تر هەیە.

من بەدڵنیاییەوە دەڵێم هاتنی بینەری ئەڵمانی بەستراوەتەوە بەوەی کە تۆ نمایشەکەت لەکام هۆڵ نمایش دەکرێ؟ ئایا ئەوە هۆڵە بەرنامەی خۆی هەیە؟ ئایا پێش ئەوە لە ڕۆژنامەکاندا لە بارەیەوە نووسراوە؟ ئایا لە ڕادیۆ، یان لە گۆڤارەکاندا بڵاوکراوەتەوە؟ ئایا پلاکارتەکەت بە زمانی تری ئەو وڵاتە ئەنجام داوە؟ ئایا دەفتەری پرۆگرامت بۆ دروست کردووە؟ بۆ نموونە لە یەکێ لە شانۆگەرییەکانی من بەناوی (گۆرانی دایکانی تر) کە بە زمانی ئەڵمانی پێشکەش کرا، لە ٨٠٪ بینەرەکانی ئەڵمان بوون، لە شاری داخاو لە شاری میونشن لە ٨٥٪ ئەڵمان بوو، لە شاری نوێرنبێرگ لە ١٥٪ ئەڵمان بوو. لە هەمان کاتدا ئەو بەرهەمەی، لە سەمای ژێر دەسماڵ کە لەگەڵ ئەکتەری ئەسیوپی و ئەڵمانی کردم لە ٩٥٪ ئەڵمانی خەڵکی وڵاتانی تر بوو، ئەمە پرۆسەیەکە و پێویستی بە بەردەوامێتی هەیە، بە تایبەتی من کارەکانم هەر لەساڵی ١٩٨٨ـەوە تاکو ئێستا هەمیشە بەبەشداری کەسانی تری ئەوروپایی و جیهانی کردووە. بۆ نموونە : بەرهەمێکم لە دەرهێنانی خۆم لەگەڵ شانۆکارێکی ئەڵمانی بە ناوی گینا گۆنسۆر بوو و بەرهەمێکی دیکەی من و خانمە شانۆکارێک بەناوی سوزانە گریگارێک کە لە هۆڵەندا خوێندنی تەواو کردبوو، بەرهەمێکی تری لە دەرهێنانی من و شانۆکارێکی تری بە ڕەچەڵەک ئیسپانی و ئەڵمانی بەناوی مارتین ئۆرتێگە، بەرهەمێکی تر لەدەرهێنانی من و خانمێکی تر بەناوی ماریۆن ئایش هامەر و بەرهەمێکی تر لەگەڵ ئەکتەری ئەڵمانی دکتۆر زیباستیان شتراوس میشائیلە گۆتیس و ئەکتەری ڤێتنامی ئاگنس ماها و ئەو کەسەی کە کاری دراماتۆرگی بۆ کردم دکتۆر ئانامری فیشەر بوو، کەسانی تریش هاوکار بوون. بەهەمان شێوە لەگەڵ کەسایەتییە کوردەکانیش وەک هونەرمەندان: فاروق میرزا و تەها محەمەد سالح و خاتوو نیگار حەسیب قەرەداغی و شەماڵ عومەر و فرمێسک مستەفا و خۆشی خەفاف و کامەران و ئایتیکین و خاتوو دجلە و ڕەمزی و هەژار زەهاوی و هونەرمەند مستەفا دادار و...تاد). بۆ کارکردن و پێکەوە کاری ئەوروپی و کوردی بەرهەمێکی پووپەی لەلایەن هاوڕێ زەنگنە و خاتوو ئولریکا گایدۆش پێکەوە زیاتر لە ١٢ جار ئەو وۆرک شۆپەمان بۆ هونەرمەند و ئەکتەر و مامۆستایان ئەنجام دا. بەم شێوەیە ٢٢٠ کەسایەتی لەدوای ئەنجامدانی ئەم وۆرک شۆپە شەهادەیان لەلایەن ئێمەوە وەرگرت، بەهەمان شێوە ئەم وۆرک شۆپەمان لەپەیمانگاکانیشدا ئەنجام دا، لەدوای دەنگدانەوەی ئەم کارە بە هاوکاری خاتوو ڕێزان سالح توانرا لە وڵاتی فەڕەنسا و لەوڵاتی نەرویج ئەم وۆرک شۆپەش بەسەرپەرشتی هاوڕێ زەنگنە و ئولریکا گایدۆش ئەنجام بدرێت. لەدوای ئەوەش کتێبێک لەبارەی ئەم کاری پووپەی پێداگۆگی بڵاو کرایەوە، کە بەشێکی لە نووسینی من بوو. لەگەڵ فیلمێکی ٣٠ خولەکی لەسەر کاری ڕاهێنانەکەی من و ئولریکا بڵاو بووەوە، بۆ ئەو پەیمانگا و شۆێنانەی، کە دەخوازن برەو بەکاری هونەری پووپەیی بدەن.ئەم بەڵگانە خۆیان نیشاندەرن، کە ئەو کارانە لە چ ئاستێکدان، بێ گومان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێ.

هەنگاوێکی تری سەرنجڕاکێش بۆ بە یەکتر ناساندنی کولتووری شانۆی کوردی ئەوروپی بە ڕێگایەکی تر، ئەوەش لە ڕێگەی بەڕێز زیاد شینۆ هونەرمەندێکی خۆشنووسی ڕێتمی و هاوڕێ زەنگنەوە بوو. هونەرمەند زیاد شێنۆ وتەکانی شانۆکاری ئەڵمانی فریدریش شیللەری بەزمانی ئەڵمانی و کوردی کردە تابلۆ و ئەم تابلۆیانە لە چەندین شاری ئەڵمانیا بۆ نموونە بەرلین و لودفیگسبۆرگ و ماربـاخ نمایش کران. منیش لەکاتی کردنەوەی ئەو نمایشەدا وتاری پێوەندی نێوان شانۆی ئەڵمانی و کوردیم باس دەکرد. بۆ نموونە لە شاری ماربـاخ بە ئامادە بوونی پارێزگاری شاری ماربـاخ، کە جێگەی لەدایک بوونی فریدریش شیللەرە لە خودی هۆڵی پارێزگار نمایش کرا.

ئەم نمایشە بەهەمان شێوە لە کوردستانیش بە ئامادە بوونی قونسڵی ئەڵمانی و بەڕێوەبەری پەیمانگای گووتێی ئەڵمانی لەهەولێر پێشکەش کرا، بەم شێوەیە چەندین شێوازی تری سیمینارسازکردن لەسەر شانۆی کوردی و فۆرمەکانی شانۆی کوردی بەزمانی ئەڵمانی پیشکەش کراون.

مەهدی جاف (سوێد): بەبڕوای من ئەمە وەک بایەک، باهۆزیک بێت و هەڵبکات، هەر هات باس دەکرێت و بوونی خۆی دەسەپێنێت، ئێمە دەتوانین سبەینێ کۆمەڵێک شانۆکار لە دەوری خۆمان کۆبکەینەوە و گرووپێک دروست بکەین و چەند بەرهەمێکیش پێشکەش بکەین، بەڵام ئەوە دەکەوێتە سەر ئەوەی چ بەرهەمێک پێشکەش دەکەین و چ جۆرە پشتگیرییەک دەکرێین، کەس ئەمڕۆ ناتوانێت بۆ کاری هونەری دەستبەرداری کاری ڕۆژانەی خۆی بێت، ئەوەی هەیە

فرمێسک مستەفا

ئەگەر بتوانرێت لە هەفتەیەکدا ڕۆژێک لە درامایەکدا کار بکەیت، ئەمەش هەم کاتی دەوێت و هەمیش ئارەزوو و خواست.

فرمێسک مستەفا (هەولێر): نەخێر نەیانتوانیوە ئەمەش ناگەڕێتەوە بۆ لاوازیی کارە شانۆییەکە، بەڵکو بۆ ڕادەی هۆشیاری ڕەوەندی کوردی لە دەرەوەی وڵات دەگەڕێتەوە.. من خۆم چەندین کاری شانۆییم کردووە و وەک ئەوە بووە کە ئاهەنگی لەدایک بوون بێت، چونکە تەنیا هاوڕێ و دۆستەکانی خۆمی لێبووە، تاکوتەرا کەسی نەناسراوی تێدا بووە، بگرە بینەرە بێگانەکە زیاتر بووە، بەڵام کاتێک ئاهەنگێک دەبێت پێش مانگێک بلیتی ئاهەنگەکە نامێنێت و لە چەندین شاری دوورەوە خێزانەکان خۆیان دەخەنە میحنەتی سەرماوسۆڵە و بە منالی بچووکەوە خۆیان دەگەیەنن ئاهەنگەکان و تا بەرەبەیان ئامادەن بمێنن‌ەوە. من دژی ئەوە نیم لە ئاهەنگەکاندا بەشداری و خۆشی و شادی نەبینن، بەڵام خۆ دەبێت لەو چوار سەد کەسەی بەشداری ئاهەنگێکی گۆرانی دەکەن، با هیچ نەبێت سەدیان بێنە تەماشاکردنی نمایشێک!

لەبەر ئەوە ڕێژەی بینەری کورد لە نمایشێکی شانۆیی کوردیدا گەلێک کەمە. کاتێک بینەری بێگانە دێت سەیری نمایشی کولتوورێکی تر دەکات، بێ گومان دەیەوێت بە ڕۆشنبیری شانۆیی ئەو میللەتە ئاشنا بێت و دەکەوێتە گفتوگۆ و پرسیاری زۆرەوە. بینەری ئەوروپایی زۆرێک لە فزولی فێربوون و ئاشنان بوونیان هەیە و دەیانەوێت ئەوەی دەیبینن لە سەرچاوەکەیەوە تێی بگەن.بڕۆنەوە بۆ مەعریفەتە فەرهەنگییەکە، ئەمە هەروەک ئەو خواردنەیە کە دەعوەتی دەکەیت و لەسەر مێزەکەت پێشکەشی دەکەیت، سەرەتا پێش ئەوەی دەست بەنان خواردنەکەی بکات دەبێت بۆی باس بکەیت ئەم خواردنە ناوی چییە و چۆن لێت ناوە، ئایا فەنتازی خۆتە، یان خواردنێکی کولتووری وڵاتەکەتە؟ بێگانە کە دێنە نمایشێک لەهەموو لایەنەکانی دەکۆڵنەوە و پرسیارت لێدەکەن، ئەمەش بۆ خۆی ئاشنایەتییەکی تری ڕاستەوخۆیە بە شانۆی کوردی، ئەگەرچی کەمی هەیە لە چۆنیەتی و چەندایەتی کاری شانۆیی لە دەرەوەی وڵات بکۆڵێتەوە، تەنانەت ئێمەی ڕەوەندی شانۆکارانی کورد نەمانتوانیوە کتێبخانەکانی ئەو وڵاتانە بە فەرهەنگی شانۆی کوردی بناسێنین و بەزمانی بێگانە بتوانین لە شانۆکەی خۆمان بدوێین و لە ڕێگای نووسین و لێکۆڵینەوەوە ئاشنای بکەین، ئەگەر هەشبێت تا بڵێی کەمە، هێشتا نەتوانراوە وەک سەرچاوە سوودی لێوەربگیرێت و کاری لەسەر بکرێت، بەپێچەوانەی شانۆی هیندی و ئەفغانی و عەرەبی و شانۆی ئاسیا کە نووسەرانیان توانیویانە شانۆکەی خۆیان بێننە دەرەوەی بازنەی وڵاتەکەی خۆیان و بە جیهانیی بکەن.

میدیای ئەوروپایی، ئەگەر گرنگی دابێتە شانۆنامەیەکی کوردی، ئەوە لە چوارچێوەیەکی تەسک و سنووردارا بووە، نەیتوانیوە بڕواتە گۆڤارێکی شانۆیی ئەوروپایی و بووبێتە بابەتێکی زانستی بۆ لێکۆڵینەوە و ڕەخنەگرتن. لە ئەڵمانیا کە دوو گۆڤاری شانۆیی بەناوبانگی تێدایە، ئەوەندەی من ئاگاداری بووم، لێکۆڵینەوەیەک، یان ڕەخنەیەک نەبووە لەسەر نمایشێکی شانۆیی کوردی.. بەڵێ لە ڕۆژنامە کولتوورییەکان، یان ناوخۆییەکان هەبووە، بەڵام لەوە زیاتر نەبووە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە ئەو جێگایانەی کە نمایشەکەی تێدا دەکرێت، ئەگەر بێتو لە یەکێک لە مالّە بەناوبانگە شانۆییەکاندا بەئەنجام بگەیەنرێت و لە پرۆگرامی سالانەدا بلاوبێتەوە و چەندین سالّ وەک نمایشەکانی خۆیان بەردەوام بێت، یان لە بۆنەی فیستیڤالێکی ئەو وڵاتەدا بەشدار بێت، (نەک فیستیڤالی لۆکالی کوردی کە ڕەوەندی کوردی بۆخۆی ساز دەکات). ڕێژەیەکی زۆر لەبینەر و شانۆکاری ئەوروپایی ببینێت، ئەوساکە میدیاکان دەتوانن ڕۆلّی خۆیان بۆ ناسینی بزاڤی شانۆی کوردی لە ئەوروپادا هەبێت، بەمەرجێک ڕەخنەگرانی ئەوروپایی بەشداری پرۆسە شانۆییەکە بکەن.

ئەنوەر قادر ڕەشید

* گرنگیان بزاڤی شانۆی کوردی لە تاراوگەدا، ڕەوەندی کوردی وەک بینەری شانۆ لە دەوری خۆی کۆکردبێتەوە، ئەی توانیویەتی تاڕادەیەک کاریگەری لەسەر بینەری ئەوروپایی دروست بکات بۆ هاتن و بینینی شانۆگەریی کوردی؟ ئەگەر لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەو دوو بینەرە چ ڕەوەندی کوردی و چ ئەوروپایی ئامادەییان هەبووبێ، چەند توانیویانە بینەری کوردی و ئەوروپایی زمانێکی هاوبەش بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئاستی ئەو شانۆگەرییانە بدۆزنەوە کە لە ئەوروپا بەکوردی نمایش دەکرێن؟

ئەنوەر قادر ڕەشید (ئەڵمانیا): بەڵێ هەندێ گرووپ، هاوڕێ و کۆنتاکتی تایبەتیان لەگەڵ ئەوروپاییدا هەیە و ئامادەی نمایشەکانیان دەبن، بەڵام ئەمە بەڕێژەیەکی سنووردارە و ئەگەر دەزگا پێوەندیدارەکانی ڕۆشنبیری کوردی لە ئەوروپا پشتگیری شانۆکاری کورد بکەن و نمایش ببێتە پیشەیان، ئەوە بە دڵنیاییەوە شانۆکار دەتوانێ بە ئەرکە پیرۆزەکەی ڕابگات کە ناساندنی کولتووری نەتەوەییمانە بە خەڵکانی بیانی، بەڵام ئەمە ئەرکێکی زۆر قورسە و تەنیا بە شانۆکار هەڵناسوڕێ، چونکە لەڕاستیدا ئەو بینەرە ئەوروپاییانەش کە زۆربەی جار بە هەوڵی خودی شانۆکاران پێوەندییان پێوە کراوە و کەم، یان زۆر پەیوەستن بە نمایشەکانەوە و گفتوگۆیان لەسەر دەکەن، بەڵام ئەوە سنووردارە و نەبووەتە دیاردە.

برایم فەرشی (ئەڵمانیا): بینەری ئەوروپایی بە پێی فەرهەنگ و عادەت و ئەو پەروەردەیەی کە هەیەتی ڕۆژانە بۆ شانۆ دەچێ، هەروەها زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتانە، ڕەنگە خۆیان تاقیکردنەوەی بەشدار بوونیان لە شانۆ، یان لە قوتابخانە و زانستگاکان هەبووبێ. بە هۆی تەشەنەکردنی شانۆی پێداگۆگی لە سی ساڵی ڕابردوو لە ئەوروپا، هەموو کەس لە تەمەنی هەشت تا هەشتا ساڵ ئیمکانی تاقیکردنەوە و بەشداری کردن لە شانۆیان بۆ ڕەخساوە. بێ گومان ئەو خەڵکە مەیلی بۆ بینینی شانۆی هەر نەتەوەیەک لەوانەش کورد هەیە. لە ئەڵمان فەرهەنگ و مێژوو و ئەدەبیاتی کورد ناسراوە. مێلۆدی و مۆسیقای کوردی لە سەدەکانی ناوەڕاست گەیشتۆتە ئەڵمان. لە سەدەی ١٨ و ١٩ و ٢٠ زایینی تەرجومەی گۆرانییەکانی کوردی وەک کتێب چاپ کراون. بەشێکی زۆر لە ئەدەبیات و درامای زارەکی کوردی بە تەرجومەی ئەڵمانییەوە لە سەدەی بیست چاپ کراوە. کۆمەڵێک ڕۆمان لە لایەن ڕۆمانووسانی ئەڵمانییەوە لەسەر کورد نووسراون. ژمارەیەکی زۆر کتێب لەسەر کورد و مێژوو و زمان و فەرهەنگەکەی نووسراون. دەیان سەفەرنامەی ئەڵمانییەکان لە سەدەکانی ڕابردوو بۆ کوردستان وەک کتێب بلاو کراونەتەوە، یەک ملیۆن کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان لە ئەڵمان دەژین. بە پێی ئەم زانیارییانە و تاقیکردنەوەکان لێرە باوەش بۆ فەرهەنگ و هونەری کورد لەوانەش شانۆ ئاوالەیە، تەنانەت دوای کارەساتی خۆینناوی نەورۆزی ساڵی ١٩٩٢ی باکووری کوردستان، شانۆکارانی ئەڵمانی پێشنیاری پێشکەش کردنی شانۆیەکیان دەربارەی ئەو کارەساتە کرد. شانۆی "شەڕ لە ماڵی هەژار" کە دە ژنی ئەڵمانی دەوریان تێدا گێڕا، بەرهەمی ویستی ئەڵمانییەکان بوو. تاقیکردنەوەی لەو چەشنە لە وڵاتانی ئەڵمان، سوێد، ئوتریش، بەریتانیا، فەرەنسە و هۆڵەندا هەبووە و ئێستاش هەیە.

نووسینی شانۆنامەی زمانی چیای "هارۆڵد پینتەر" کە باس لە ژیانی کورد و دۆخی زیندانەکانی تورکیا دەکات و لە زۆر شوێنی جیهان، تەنانەت لە لایەن شانۆکارانی تورک و عەرەبەوە پێشکەش کراوە، ئەمە وێنەیەکی بەرچاوە بۆ تێگەیشتن لە خۆمان و حزوورمان وەک سووژە لە درامایەکی جیهانیدا. ساڵی ١٩٩٠ دوو ئەندامی لیوینگ تیئاتری ئەمریکا (Living Theatre) کە مامۆستای میوان بوون، کاتێک زانییان کوردم، باسیان لە شانۆی "قەرەگۆزی" تورکی کرد و لێیان پرسیم ئێمەی کورد شتی وامان هەیە؟ من باسم لە کۆسەگەردی، میرمیرین، حاجی فیروز و چەشنەکانی تری نمایش لە کوردستان و ئێران کرد، دواتر چەند جوولەیەکی ژنانم لە

کاتی ڕۆڕۆکردن و قووڕپێواندا که هاوکات لەگەڵ دەنگ لە ناوچەی کرماشان ئەنجام دەدرێ نیشان دان، فۆرم و دەنگ و شێوەی جوواڵەکەیان هێندە بەلاوە شانۆیی بوو، یەکسەر گوتیان ئەوەمان بۆ ئەنالیز و پیادە کە تا لە سیستمی ڕاهێنانی لەش بۆ مەشقەکانی لیوینگ تیئاتر بە ناوی کوردەوە بەکاری بهێنین. لە بەدواداچووندا چاوم بە کتێبێک کەوت کە نووسەرێکی بەریتانی لەسەر سەما و جوواڵەی سەماکەرانی عەلەوی کورد نووسیبووی، لەم کتێبەدا باس لە سیستمێکی حەوت قۆناغی ڕاهێنانی لەش دەکرێ، کە دەبێ پاشماوەی هونەرێکی کۆنی نواندن لە وڵاتی ئێمە بێ، ئەمەیان بوو بە کەرەستەی ڕاهێنان لە شانۆی پێداگۆگی ناوەندی شانۆی پێداگۆگەکانی ئەڵمان. بە هەمان میتود سەمای دەرونیشەکان و هەڵپەرکێی کوردی ئەنالیز کران. لە کاتی بەکوردی کردنی کتێبی هونەر و تەکنیکی ئاخاڤتن، بۆم دەرکەوت بەشێک لە دەنگەکانی ناو زمانی کوردی بەباشی جێگایان لە سیستمی مەشقەکانی ڕاهێنانی دەنگ بۆ شانۆگێڕ و وێژەر دەبێتەوە، لەو کتێبەدا کە لە هەولێر چاپ کراوە، دەنگەکانی کوردی و ئەڵمانی وەها لەگەڵ سیستمەکە گرێدراوە، بەدەگمەن کەسێک بتوانێ هەست بە جیاوازی نێوانیان بکات. مەبەست لە هێنانە گۆڕێی ئەم باسە لە پێوەندی لەگەڵ پرسیارەکەی ئێوەدا ئەوەیە کە مەیدانی کاری خۆمان لە دەرەوەی وڵات بە قووڵی سەیر بکەین، لەم بەستێنەدا دوو هونەرمەندی شانۆکاری کورد لە ئوتریش ئەو مەیدانەیان بە باشی دۆزیوەتەوە و لە چوارچێوەی کارەکانیاندا دەتوانن هەم باس لە شانۆ و هەم باس لە چەشنێک شانۆی کوردی و بینەری کارەکانیان بکەن. کورد لە دەرەوەی وڵات بینەری ئەوروپایی هەیە، ئەگەر بەرهەمی هەبێ، هەروەک چۆن بەرهەمی هونەرمەندانی پرۆفیشنالی مۆسیقای کورد بینەر و لایەنگری تایبەتی خۆیان لە ناو ئەوروپییەکاندا هەیە.

مەهدی جاف (سوێد): ئەمە لە کاتێکدا ڕوو دەدات کە هەردوو جۆرەکە لە بە یەکتر گەیشتنێکی هونەریدا بە یەکتر بگەن وەک فیستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی، یان لەو وڵاتانەی کە لە بەرنامەیاندا هەیە سااڵنە چەند درامایەک بەزمانەکان پێشکەش بکرێن، بۆ نموونە لە سوێد شانۆی " شار" سااڵنە چەند گرووپێک لە وڵاتانی ترەوە بانگهێشت دەکات و لە یەکێک لە شانۆکانیدا ئەو درامایانە پێشکەش دەکات، بۆ نموونە چەند ساڵێک لەمەوبەر میوانداری شانۆی سالاریان کرد بۆ پێشکەش

مەهدی جاف

کردنی مۆنۆدرامای " پاسەوان" ئەمە گرنگی زۆری لای بینەری کورد و ئەوروپایی هەبوو، هەرچەندە گرووپەکە لە کوردستانەوە هاتبوون، بریا ئێمە لە ئەوروپا گرووپێکی وا باش و بە دیسیپلینمان دەبوو کە لەو فیستیڤاڵانەدا بەشداری بکات، لە ساڵانی کۆتایی ١٩٨٠کاندا تیپی شانۆی کوردی ستۆکهۆڵم لە فیستیڤاڵێکی نێونەتەوەییدا بۆ لاوان درامای "زمانی چیا"ی هاڕۆڵد پینتەری پێشکەش کرد و خەڵاتیش کرا. بەداخەوە سیاسەتی کولتووری سوێدی گرنگی بە زمانەکانی تر نادات و پاڵپشتی ئابووریان ناکات، لەساڵانی هەشتاکاندا باشتر بوو، ئەمڕۆ دەبێت بە زمانی سوێدی کار بکەیت تا کۆمەک بکرێیت. گرووپێکی کوردی واش نییە کە زۆر ناسراو بێت و هەردوو بینەرەکە لە خۆی کۆبکاتەوە.

ئەمڕۆ شانۆ لە هەموو دنیا گرفتی کەمیی بینەریان هەیە، وەلێ ئەوان وەک ئێمە بیرناکەنەوە کە بە سادەیی بڵێن بینەر تۆراوە و ئاشتی دەکەینەوە، ئەمە قسەی هەندێ لە شانۆکارانی کوردە لە کوردستان، ئەوروپاییەکان پلان و بەرنامەکانیان دەگۆڕن و وا دەکەن بینەر هۆڵی شانۆکان چۆڵ نەکەن و بەردەوام لێکۆڵێنەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکەن، ئەمڕۆ فەیس بووک و توێتەر و ئینتەرنێت وای کردووە کە بینەر بە تەواوەتی سەرقاڵ بکەن، ئەمە نەک هەر لە کوردستان، لە هەموو دنیا بووەتە گرفت، بەڵام ئەوانەی کە لەئەوروپا شانۆ بەڕێوە دەبەن بەسەر ئەو گرفتەدا زاڵ بوون.

* پێم وایە مـیـدیای ئەوروپایی لە قـۆناغی دووەمی بزاڤی شـانۆی کـوردی لە تـاراوگـەدا، تـارادەیەکی باش ئـامـادەیی هەبووە، پێـتـانوایە ئامـادەیی مـیـدیا و ڕۆژنامەنووسانی ئەوروپایی ڕۆڵیان لە ناساندنی شانۆی کـوردی لە تاراوگـەدا و بۆ کـۆمـەڵگەی ئەوروپایی هەبووبێ، یان پێچەوانەکەی بووە و کەمـتـر ئەو ڕۆڵەیان بینیوە؟

ئەنوەر قـادر ڕەشـیـد (ئەڵمـانیـا): لە ڕاسـتـیـدا من زانیارییەکی ئەوتۆم لەسەر وڵاتانی ئەسکەندەناڤی نییە، بەڵام کاتێ دەبینین خودی مـیدیای کوردی ئەو لایەنەی فـەرامـۆش کـردووە و بە قـەبارەی هەوالّی تەنیـا گۆرانیبێژێک کە لە یەک گۆرانی زیاتری نییە، هەوالّی نمایشی شـانۆیی و ڕای بینەرانی، تەنانەت ناخـاتـە چوارچێـوەی هەوالّێکیـشـەوە، بۆیە هەندێ جـار بەهۆی پێـوەندی کـەسـایەتیـیـەوە، یان لە خـودی کـوردانی ڕۆژنامەنووسی ئەوروپاییەوە هەوالّەکان ڕومالّ دەکرێن و لە مـیدیای ئەوروپاییدا بڵاودەکرێنەوە. لە ئەڵمـانیـا کە دوو گۆڤاری تایبەت بە شانۆی تێدایە تا ئێستا هەوالّی بەرهەمی کـوردیم بەرچاو نەکەوتووە، کـورد هەن تێـیـاندا نووسـیـوە، بەڵام ڕومـالّی بەرهەمی هونەریـیـان تێـدا نەکـراوە، لە هەندێ ڕۆژنامـەی لۆکـالّی ناوچەکـان وەک هەوالّ بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام ئەوانەش لە مـەودایەکی زۆر تەسکدان.

هاوڕێ زەنگنە (ئەڵمـانیـا): بە دڵنـیـاییـەوە مـیدیای ئەوروپایی لە تاراوگـەدا ڕۆڵی زۆر گـرنگی بۆ ناساندنی شـانۆی کـوردی هەیە، مـیـدیا لە ئەوروپا گـەورەترین قـودرەتی هەیە. کـەسـێک لە ئەوروپا نەڵێت زۆر زۆر زەحـمـەتە ئەوە وێنا بکات، کـە مـیـدیا چەند دەوڕێکی گـرنگی لەناو کـۆمـەڵگادا هەیە، نەک تەنیـا لەهونەردا، بەڵکو لە بڕیارە سـیـاسـیـیـە گـەورەکـانی وڵاتدا، بۆیە گەیشتنە ناو میدیاکانی ئەوروپایی کارێکی ئاسان نییە، بەڵام هەر دێڕێک لەسـەر شـانۆی کـوردی بنووسـرێت، بەتایبـەتی بەزمـانێکی ئەوروپی مـانای گـەیشـتنە بەهەزاران کەسایەتی ڕۆشنبیر و لە ئەرشیڤ و مێژوودا جـێگـەی خـۆی کـردۆتەوە. لەم وڵاتەدا کـولـتـووری خـوێندنەوەی ڕۆژنامـە تێـیـدا کـولـتـووڕێکی ڕۆژانەیە و سـەرچاوەی ڕۆشنبـیـریەکـەیەتی و پێگەیاندنی هزری کەسایەتییـەکان دروست دەکات. یەکێک لەو ڕۆژنامـە بەناوبانگانەی ئەڵمـانیـا ناوی (زوید دوێچـە تسـایتـۆنگە)، ئەم ڕۆژنامـەیە لەسـالّی ١٩٤٥ـەوە تا ئێستا بەبەردەوامی دەردەچێت، لەسالّی ٢٠٠٩ ڕۆژانە ٤٣٧ هەزار نوسخەی لێ بڵاو دەکرێتەوە. لێرەوە مرۆڤ دەتوانێت وێنەیەکی گـرنگی مـیـدیا و ڕاگـەیاندن لەئەوروپادا بکات. ئەم ڕۆژنامـەیە دوو جـار لەبارەی شانۆگەری (گۆرانی دایکانی تر) نووسینی بڵاوکردەوە و جارێکیان یەک لاپەڕەی تەواوی بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو شانۆگەرییە تەرخان کرد، کە لە نووسین و دەرهێنانی من بوو.

لە هەمـان کـاتدا لەدوو ڕۆژنامـەی تر بڵاوکرایەوە، سێ جار نووسینی من لە گۆڤاری تایبەتی شانۆی(تیئاتر دێر تسـایت)، کە زیاتر لە ٦٦ سالّە مـانگانە دەردەچێت و ئەم گـۆڤـارە ٥٠٠٠ هەزار نوسخەی لێ چاپ دەکرێت و دەچێتە هەمـوو کـتـێبـخانەکانی ئەڵمانیـا و سویسـرا و ئوتریش و هۆڵەکـانی شـانۆوە، بۆیە زۆر بە بەیاخـە و لەم ڕێگەیەوە بەڵگە و دۆکـیـومـێنتی ئەرشـیـڤـیـیـەوە دەریدەخات، کە هەوڵێکی زۆر بەنرخ بۆ ناساندنی شانۆی کوردی لەتاراوگە، (بەتایبەت لەئەڵمانیا) دراوە، ئەگەر چەندین هەزار دۆلار بۆ بەرهەمـێک سـەرف بکرێت، کـە نەگاتە میدیا سوودی نییە، بەو مانایە ناساندنی شانۆی کوردی لەمیدیای ئەوروپیدا گرنگی خۆی هەیە.

برایم فەرشی (ئەڵمانیا): بە هۆی ئەوەی من ئاگاداری میدیاکانی ئەوروپاییم، بێجگە لە ئەڵمان لە مەڕ "شانۆی کـوردی" نیم و تەنیـا چەند ڕێپـورتاژی تەلەڤـزیۆنیم سـەبارەت بە شـانۆ بە زمـانی کـوردی لە ئەسـتـانبـوڵ و دیاربەکـر بینیـوە و یەک دوو بابەتم لە گـۆڤـار و ڕۆژنامەکانی ئەڵمانی و کـتـێبێک دەرحەق بە گرووپێکی شـانۆ لە باشووری کـوردسـتـان خـوێندۆتەوە و ئـاگـاداری نووسـینی کـۆمـەڵێک بابەت لە بارەی شـانۆی کـوردی بە زمـانی فەڕەنسی و شـانۆی کـوردەکـانی تفلیس بە زمـانی ڕووسی هەم و چەند نووسراوەیەکیشم لەسـەر شـانۆکار و بالیـزێن، شـازادەی کـورد لەیلا بەدرخان بینیـوە، ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە کە باس لە میدیای ئەوروپا و بزاڤی شانۆی کوردی دەکات.

مـەهدی جاف (سوێد): مـیـدیای ئەوروپایی بەگـشـتـی مـیـدیایەکی ڕاستگۆیە، وەک لای خۆمـان نییـە، سـالّی ڕابردوو لە هەولێر فیستیڤالّێکی نێونەتەوەیی شانۆ ساز کـرا، لە ئاهەنگی کـردنەوەکـەیدا لە ژێر ناوونیـشـانی " هەولێر پایتەختی شانۆ" بوو، من کە ئەوەم لەیەکێک لە کـەنالّە کـوردییـەکـانەوە بینی بە دەنگی بەرز پێکەنیم، پاشان مـاتـیـیـەک دایگرتم، باشە ئەم چەواشەکـارییـەی

میدیای کوردی چییە؟ هەموو لایەک دەزانین کە شانۆ لە هەولێر و لە شارەکانی تر لە تەنگژەدایە و ئەوەی پێی بگوترێت شانۆ لە هەولێر نییە، باشە ئەمڕۆ چۆن لە پرێک بوو پایتەختی شانۆ؟ میدیای ئەوروپایی زۆریان پێ خۆشە ئەو نەتەوانەی بەدەست چەندان گرفتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دەنالێنن چالاکی هونەرییان هەبێت، بۆ نموونە لە درامای پاسەواندا زۆربەیان بە باشی باسی بەرهەمەکەیان کرد، بەڵام هەندێکیشیان ڕەخنەیان هەبوو.

ئەمڕۆ ئێمە لە هەموو نەتەوەیەک زیاتر پێویستمان بە شانۆیە لە تاراوگە، لەبەر ئەوەی زۆرجار هەر لایەنە خراپەکەمان باس دەکرێت، نموونەیەکی ڕوون مەسەلەی کوشتن لەسەر شەرەف و ئازاردانی ژنە کە وەک پێناسەیەکی لێهاتووە بۆ کورد. زۆر بەداخەوە کەسێک، لایەنێک نییە پاڵپشتی گرووپێکی کوردی بێت کە ئەو جۆرە باسانە بکاتە دراما و پێشکەشی بکات.

* ئەگەر میدیای ئەوروپایی زۆرترین ڕۆڵیان بۆ ناساندنی بزاڤی شانۆی کوردی لە تاراوگەدا هەبووبێ، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئەگەر کاریگەریشیان لەسەر کۆمەڵگەی ئەوروپایی خۆیان نەبووە، بزاڤی شانۆی کوردی لە تاراوگەدا، دیارە نەیتوانیوە خۆی بەتەواوی بە کۆمەڵگەی ئەوروپایی بناسێنێت، پێتانوایە هۆکارەکەی ناپرۆفیشنالی شانۆکارانی کورد و بەرهەمەکانیان بووە، یان چی؟

هاوڕێ زەنگنە (ئەڵمانیا): میدیای ئەوروپایی کاریگەری ئاسان نییە، تۆ پێویستیت بەهاوکارییەکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی بتوانیت بچیتە ناو میدیای ئەوروپاییەوە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە دەبێت بەرهەمەکەت لە شوێنێکی پرۆفیشنالْ ئەنجام بدرێت، واتە شوێن ڕۆڵی خۆی دەبینێت. هەندێ شار هەیە، ڕۆژانە زیاتر لە ٤٠ بەرهەمی شانۆیی تێدا نیشان دەدرێت، بۆ نموونە شاری مینۆنشن، کەواتە دەبێت بەرهەمەکەی تۆ لەو ئاستە بەرزتر بێت، یان کارەکەی تۆ دەبێت شتێکی لەوانی تر جیاوازی کردبێت کە سەرنجی میدیا بەلای خۆی ڕابکشێت، بۆیە لەئەنجامدا دەگەڕێتەوە بۆ بوارەکانی هونەری و زانستی بەرهەمەکەت. بێ گومان هەندێ جاریش هاوکاری ماددی ڕۆڵی خۆی دەبینێت. نەک هەموو جارێک. بۆ نموونە هەموو شانۆکاران لە ئەڵمانیا دەزانن بەهۆی پێوەندییەکی تایبەتی نێوان بەڕێوەبەرایەتی هەولێر و چەند کەسایەتییەک لە بەرلین سەرەڕای سەرف کردنی پارەیەکی زۆر لە پار و پێرار و بەستر پێراردا، بەڵام نەیانتوانیوە نە میدیا و نە گۆڤار و نە ڕاگەیاندنەکان کارەکانیان هەڵبسەنگێنن، ئەمەش بۆ پێوەندی حزبی و شەخسی دەگەڕێتەوە.

زۆر جار لە کوردستان پارە بۆ هەندێ پرۆژەی شانۆیی سەرف دەکرێت، کە تا ئەمڕۆش لەلای شانۆکارانی هەندەران وەک پرسیار ماوەتەوە و هەر دەڵێی چیرۆکەکەی (تەلی و وەلی)یە. تەلی لە هەولێرەوە دەچێت بۆ بەرلین و وەلیش لە بەرلینەوە دەچێت بۆ هەولێر. بە هەزاران دۆلاری ئەم وڵاتە بۆ ئەم بەر و ئەو بەرە سەرف دەکرێت، ئەم چیرۆکە تا ئەمڕۆش هەر بەنهێنی ماوەتەوە ؟

ئەنوەر قادر ڕەشید (ئەڵمانیا): بەدڵنیاییەوە میدیای ئەوروپایی درێغی لە هیچ داهێنانێک ناکات و هیچ پاساوێکیشیان نییە بۆ پشتگوێ خستنی چالاکییەکی هونەری، بەڵام کاتێ بەرهەمێکی کوردی نمایش دەکرێ و ڕیکلامیان لە سنووری کوردەکان دەرنەچێ و بۆ کوردیش نمایش بکرێ، میدیای ئەوروپایی لەکوێوە بەو چالاکییە بزانن و چۆن ڕومالّی بکەن؟ بەڕای من ئەوەی وای کردووە نمایشی شانۆی کوردی لە ئەوروپادا جێگیر و کاریگەر نەبێ ئەوەیە کە لە هۆڵە ناسراو و تایبەتەکانی شانۆدا نمایش ناکرێن، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەر هۆڵە و لە سەرەتای ساڵەوە پرۆگرامی نمایشی ساڵانەی خۆی چاپ و دابەش دەکات و ڕەخنەگر و ڕۆژنامەنووسانیش دەزانن چی و لە کەیدا نمایش دەکرێ، بەڵام گرووپەکانی شانۆکارانی کورد لەلایەکەوە بەهۆی ئەوەی شانۆ نەبووەتە پیشەیان و بینەری کوردیش ئەوەندە جێی متمانە نین تا شانۆکار بتوانێ خۆی لەو هۆڵە گرانبەهایانە بدات کە لەسەر بنەمای کاری بازرگانی ئەنجام دراون، لەلایەکی تریشەوە شانۆکاران ناتوانن بڕیاری ئەوە بدەن کەی و بۆ ماوەی چەند کارەکانیان نمایش دەکەن، چونکە ڕۆژانە دەبێ پارەی هۆڵ و پێویستییەکانی دابین بکرێن.

مەهدی جاف (سوێد): هەروەک باسم کرد میدیاکارانی ئەوروپایی زۆریان پێ باشە گەلانی تر شارستانی بن، شانۆش چەمکێکی گرنگی شارستانییەتە، هەر میللەتێک گرنگی بەم هونەرە بدات ڕووی شارستانی خۆی نیشان دەدات.

چەندان کەسی پرۆفیشنالْ لە بواری شانۆدا لە ئەوروپا

هەن، ئەگەر پێدا هەڵدان نەبێت لە ئەورووپاییەکان بە تواناتریشین، بەڵام گرفتەکە نەبوونی گرووپ و پشتگیری ئابووریە بۆ شانۆکاراندا. لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپایی گرووپی شانۆی کوردی هەن، بەڵام لەو ئاستەدا نین کە پیشەیی بن، بە پیشەیی بوون زۆر گرنگە هەم لە کوردستان و هەم لێرەش، تا ئێستا لە کوردستانیش نەبووەتە پیشە و بڕواش ناکەم لە کوردستانیش بیریان لەم مەسەلە گرنگە کردبێتەوە.

برایم فەرشی (ئەڵمانیا): ئەوەی میدیاکان بە تایبەت ڕۆژنامەکانی ناوچەیی هەوالّ و ڕێپۆرتاژ لە مەڕ پێشکەش کردنی شانۆ، یان هەر ڕووداو و کارێکی هونەری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بڵاو دەکەنەوە، کارێکی ڕۆژانەیە و تایبەت بە کورد و بزاڤی شانۆگەریی کوردیی نییە. بە گشتی دەکرێ بگوترێ کە ئەو دوو ملیۆن کوردەی لە ئەورووپا دەژین ڕەنگدانەوەیان بە چاک و خراپ لە میدیای ئەورووپادا هەیە، بەڵام لە هەر دە ساڵدا چەند هەوالّی تایبەت بە شانۆ دەکەوێتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و ناو تەلەڤزیۆن؟ مخابن شانۆی کوردی لەو ئاستەدا نەبووە میدیای ئەورووپایی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، میدیای ئەورووپیش دەورێکی ئەوتۆیان بۆ ناساندنی " شانۆی کوردی" نەگێڕاوە.

هەروەک پێشتر باس کرا تا لە ناوخۆی وڵات شانۆ قورسایی پەیدا نەکات و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی ڕوو نەدات، شانۆ لە دەرەوە هیچ شوێنێک پەیدا ناکات. ساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٥ ناوەندی شانۆی پێداگۆگەکانی ئەڵمان کە زیاتر لە ٦٠٠ دەزگای شانۆیی و زانستگە و ناوەندی شانۆ و شانۆی پێداگۆگی لەخۆ دەگرێ و یارمەتی دەدا بۆ پەروەردەکردنی شانۆگێڕ و شانۆی پێداگۆگ لە دەرەوەی ئەڵمان، پرۆژەیەکی بۆ باشووری کوردستان و ئێران دارشت، بە پێی ئەم پرۆژەیە خوێندکار هەر لە وڵاتەکەی خۆی دەورەیەکی دوو تا سێ ساڵەی دەبینی و چەند مانگی کۆتایی دەهات بۆ ئەڵمان و مەدرەکی شانۆی پێداگۆگی پێدەدرا. بە پێی ئەم پلانە و بە شێوەیەکی سیستماتیک لە ماوەی دە ساڵدا هەموو خوێندنگەکانی کوردستان دەبوونە خاوەنی شانۆی پێداگۆگ و شانۆ. لێرەوە شانۆ ئاوێتەی ژیانی خوێندکار دەکرا و لە ڕێگای بەرهەمی شانۆیی خوێندنگەکانەوە خەڵک بەردەوام دەبوونە بینەری شانۆ و فەرهەنگی چوون بۆ شانۆ گەشەی دەساند. بۆ ئەو مەبەستە من لەگەڵ وەزیری ڕۆشنبیری و وەزیری خوێندنی باڵا و سەرۆکی چەندان زانکۆی کوردستان ڕووبەڕوو قسەم کرد، بەڵام بەرپرسانی باشوور تێگەیشتنێکی شیاویان لەخۆ نیشان نەدا، ئەگەر ئەوەدەم ئەم کارە کرابا، کوردستان ئەمڕۆ نە تەنیا خاوەنی سیستمی فێرکردن و بارهێنان بۆ شانۆ و شانۆگێڕ بوو، بەڵکو لە ڕێگای گەورەترین ڕێکخراوی شانۆیی ئەورووپا ڕاستەوخۆ و بە شێوەیەکی سیستماتیک پێوەندی بە ناوەندەکانی شانۆ و کۆمەڵگای ئەڵمان و ئەورووپا پەیدا دەکرد و ڕەنگە ئەوەدەم لە ئاستی میدیای باڵادەست ئیمکان بۆ باس لە شانۆی کورد ڕەخسابا!

پێشکەش کردنی چەند شانۆییەک لێرەولەوێ دەورێکی گرنگ لە میدیا بۆ ناساندنی شانۆی نەتەوەیەک ناگێڕێ، مەگەر ئەوەی بەرهەمەکە لە ئاستێکی زۆر باندا بێ، ئاستی کارە شانۆییەکانی ئێمەی کورد لە دەرەوی وڵات نە زۆر نزم بوون و نە زۆر بەرزن. هیچ بەرهەمێکی شانۆی کورد ڕێگای نەکەوتۆتە سەر سەکۆ بەناوبانگەکانی ئەورووپا، بێجگە لە سەمفۆنی هەڵەبجە لە شاری فرانکفۆرت کە ئەویش شانۆ نەبوو، مۆسیقا بوو. ئەوەی ئەکتەر و شانۆکاری کورد لەسەر سەکۆ بەناوبانگەکانی شانۆ دەوریان لە شانۆی ئەورووپیدا گێرابێ، ناچێتە خانەی بزاڤی شانۆی کوردییەوە.

* لە دەستپێکدا ئاماژەمان بەوەدا کە لە قۆناغی دووەمی بزاڤی شانۆی کوردی لە تاراوگەدا، بەتایبەتیش لە دوای ڕاپەڕین دەستەبژێرێک لە هونەرمەندانی کورد و هەندێک پسپۆڕی بواری شانۆ لە نێو نووسەران هاتنە ئەورووپا و بزاڤەکە تارادەیەک گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینی، چونکە بێجگە لە شانۆکارانی پیاو کۆمەڵێک ژنە شانۆکاری کوردیش گەیشتنە ئەورووپا و ڕۆڵی دیاری خۆیان بینی، پێتانوایە تا چەند شانۆکارانی ژن و پیاو هاوکێشەکەیان لەگەڵ یەک بۆ بەرەودان بەبزاڤی شانۆی کوردی لە تاراوگەدا، هاوسەنگ ڕاگرتووە..؟

فرمێسک مستەفا (هەولێر): مەودای کارکردن بۆ شانۆکارە پیاوەکان لەوانەیە بڕێک لە شانۆکارە ژنەکان باشتر بووبێت، بێ گومان هۆکارەکەشی دیارە. هەر بەو شێوە کلاسیکییەیە کە ژنان لەبەر پەروەردە و بەخێوکردن و هەلومەرجەکانی دایکایەتی و خێزانییەوە بەشداربیان کەمتر بووە، بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت کە هاوسەنگییان دروست نەکردبێت، چونکە کارە شانۆییەکان بێ ئەکتەری ئافرەت نەبوون. تا ئەوکاتەی هەندێکیان تاکڕەوانە کاری خۆیان بەئەنجام گەیاند، من خۆشم یەکێکم لەوانەی سەرەتا هەوڵێکی زۆرم دا لەگەڵ

چەند شانۆکارێکی پیاودا و توانیمان بەرهەمی شانۆیی بەئەنجام بگەیەنین و گۆڤارێک دەربکەین، بەڵام لەبەر بارودۆخی ئەوکاتەی ژیانی من و ئەوانیش وای لێهات لە یەکتر دوورکەوتینەوە و بەرهەمهێنانی کاری شانۆیی هەرەوەزی و پێکەوەیی هێواش هێواش سەخت بوو، تا وای لێهات خۆم بەتەنیا کارە شانۆییەکانی خۆم بە ئەنجام بگەیەنم. لێرەوە دەتوانم باس لەئەزموونی خۆم بکەم.. کارکردنەکان بەتەنیا هێندە ئاسان نەبوون، بەڵام لە کاتێکی کورتدا لەو شارەی لێی دەژیام توانیم شانۆی کوردی و ئەکتەر و ئافرەتی کورد ببینم و خۆمیان پێ بناسێنم، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەم پێدا نەمتوانی لە ئاستی گەورەیی قەواره و ناوبانگی شانۆکارێکی ئەوروپیدا بم، نەخێر نەمتوانی ئەوە بکەم، پێش گەڕانەوەم بۆ کوردستان لە مانگی شانۆ وەک ئەکتەری بێگانە هەڵیان بژاردم بۆ کارکردن لە تەکیاندا، بەڵام گەڕانەوەم بۆ کوردستان ئەو دەرفەتەی لەدەست کردمەوە، بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت کارێکی زۆر گەورەم کرد بێت و بڵێم توانیومە خۆم وەک پێویست شانۆی کوردی بە میدیاکانی ئەڵمانیا بناسێنم، کەی توانیمان ئەوە بکەین، ئەوسا شانۆی کوردی لە ئەوروپا شوناس و ناسنامەی تایبەتی خۆی دەبێت، بەڵام ئەگەر بەوپەڕی پرۆفیشنالییەوە کارەکانم کردووە، لەبەر ئەوەیە کە لەسەر بناغەیەکی ئەکادیمی و ئەزموونی کەڵەکراوی خۆم بووە و لە سێ کولتووری جیاوازدا کە سەرەتای خوێندنی شانۆییم لە بەغدا بوو، دواجار لە کوردستان، تا گەیشتمە ئەڵمانیا، لێرەوە توانیومە تاڕادەیەک هەوڵبدەم لە کارەکانمدا ئەوەی تێدا ڕەنگبداتەوە و لەو قاڵبە نەچێتە دەرێ، لەو بڕوایەشدام دەستە خوشکە شانۆییە ئەکادیمییەکانم کە لەدەرەوەی وڵات کار دەکەن ئەوەیان کردووە کە من کردوومە. بێ لەوەی کە هەندێکیان توانیویانە بڕوانامەی شانۆیی بەدەست بهێنن، بە شانازییەوە ئەمەیش لەلایەکی دیکەوە هاوکێشەکی تری دروست کردووە، ئەگەرچی هەمیشە ڕێژەی شانۆکارانی پیاو لە ئافرەتان زۆرتر بووە، بەڵام توانایی ژنان و بەردەوام بوونیان کەمە، گرنگ ئەوەیە ئەو ڕێژە کەمە، بە هەمان حەماس و مەعریفەتی شانۆییەوە کاریان کردووە، ئەگەر زیاتر نەبووبێت، لەوان کەمتر نەبووە.

برایم فەرشی (ئەڵمانیا): ئەوەی چەند کەسێک چ ژن چ پیاو لە کوردستانەوە بێن و چەند ڕۆژ و چەند هەفتەیەک لە یەک شوێن و یەک شانۆی ئەم شار و شاری ئەوروپا ببێننەوە و بەشداری کار و وۆرکشۆپ بکەن، نابێتە هۆی گەشەسەندنی بزاڤی شانۆی کوردی، یان بە پێچەوانەوە، ئەگەر چەند کەس و گرووپێک لە هەندەرانەوە بچنە کوردستان و بە هەمان شێوە وۆرکشۆپ بکەن و هەستان و دانیشتنیان لەگەڵ شانۆکاران هەبێ، نابێتە شانۆی ئەوروپا، بەڵام بە نیسبەتی دەوری ژنان لە شانۆی باشووری کوردستان، کاتێک ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ بەرپرسی ئیدارەی فێرکردن و بارهێنانی شاری سلێمانی کاک محەممەد ڕەزا سەردانی باخچەی ساوایانی سلێمانی-مان کرد، چاوم بە شانۆی منداڵانی ئەو باخچەیە کەوت لە ژێر سەرپەرشتیی شانۆکار بەیان خانم و خانمێکی پیانۆژەن، ئەو هەستەی لە منداپێکهات کە شانۆی باشووری کوردستان، ئەگەر ئەوە ڕێگاکەی بێت وەجاخی کوێر نابێ. هەمان هەست لە شاری دهۆک دڵگەرمی بە من بەخشی، بەڵام دوای دانیشتن لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری شانۆکارانی سلێمانی و هەولێر و گفتوگۆکردن لەگەڵ کۆمەڵێک لە ژنانی شانۆکار بە تایبەت یەک لەوان، شەرم دایگرتم. ئەوان باسی فەرهەنگێکی دواکەوتوانەی هاوکارانی پیاوی شانۆکاریان دەرحەق بە خۆیان دەکرد. چەند ساڵ دواتر لە یەکەم فیستیڤاڵی شانۆی کوردی لە شاری بەرلین لەگەڵ چەند ژنە شانۆکاری کوردی باشوور ئاشنا بووم، کەسانێکی ئازاد، پشت ئەستوور بە خۆ و تەژی لە هونەری ئاخاftن و شانۆ. دواتر لە دوو کۆنفرانسی شانۆکارانی کورد لە مونیخ لەگەڵ چەند ژنە شانۆکاری تری باشوور ئاشنا بووم کە جیددیترین و نوێخوازترین شانۆکارانی بەشدار لەو دوو کۆنفرانسە بوون. مخابن من تاقیکردنەوەی کاری ڕاستەوخۆم لەگەڵ ژنە شانۆکارانی باشوور نەبووە، بەڵام لەگەڵ ژنە شانۆکارەکانی باکوور و ڕۆژهەڵات و کوردانی تفلیس کارم کردووە، کاری ئەوانم لەلایەنی پرەنسیپ و جیددی بوون و وردبینی و زۆرجار هونەرییەوە بالاتر لە پیاوەکان بینیوە.

هەموو دەزانن سەدەی بیست و یەک بە زانستی بیۆلۆژی و دەوری ژنان پێناسە دەکرێ، پێم وایە ژنانی کورد لە هەموو بوارەکاندا لەوانە شانۆ سەرئەنجام دەسەلاتی شانۆ دەگرنە دەستیان. هەرچەند ژنانی شانۆکار لە ئەوروپا ژمارەیان یەکجار کەمە و یەکێک لە هۆیەکانیشی ڕێگری پیاوەکانە، بەڵام لە ناوخۆی وڵات بەتایبەت لە باکوور و ڕۆژهەڵات و لە پایتەختەکانی ئێران و تورکیا و شاری ئەستەنبوڵ بە شێوەی پرۆفیشنالێ

چالاکن، مخابن له کێشەکاندا هاوسەنگی نییە و هێشتا بە زیانی ژنان و سوودی پیاوان شانۆ لینگ دەدات، چ لە ناوخۆی ولاّت لە هەموو بەشەکان و چ لە ئەوروپا.

ئەنوەر قادر ڕەشید (ئەڵمانیا): من هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم بوترێ شانۆکاری ئافرەت و شانۆکاری پیاو، ڕەنگە ئەم دەستەواژەیە هەر لای ئێمە لە بڕەودا بێت، کەس بە ئاریان منوشکین نالێ شانۆکاری ئافرەت، نەبیستراوە بە هێلینا ڤایگل بلێین شانۆکاری ئافرەت، شانۆ یەک شانۆیە و نیگار و میدیا و تەلار و فرمێسک و گەزیزە و نازەنین و خەرمان و...تاد سنووری پیاویان داگیر نەکردووە، بەڵکو وەک شانۆکار خۆیان سەلماندووە، گرنگ ئەوەیە کێ زیاتر کەڵکی وەرگرتووە و کێ دیدی تایبەت و خوێندنەوەی تایبەتی خۆی بۆ ئەو هونەرە هەیە و توانایی داهێنانی چەندە.

مەهدی جاف (سوێد): لە ڕاستیدا یەکێک لە گرفتەکانی شانۆکارانی کورد لە تاراوگە، کەمیی ژنانە لەم بوارەدا، بەڵام چەند خانمێکی خاوەن توانست کە ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕێت هاوشانی شانۆکارانی پیاو لە کار و چالاکیدا بوون، زۆر لەو خانمانە ئێستا زیاتر پێوەندییان بە کوردستانەوە هەیە و لە کوردستان کار دەکەن.

هاورێ زەنگنە (ئەڵمانیا): ستراکتوری کۆمەڵگای کوردی بەشێوەیەکە، کە کچی کورد، یان ژنی کورد، یان بەگشتی ئافرەتی کورد نەیتوانیوە وەک پیاو بەئاسانی بتوانێ بێتە دەرەوەی ولاّت، یان ئەکسیل. لەسەردەمێکدا کە ئێمە لە کۆتایی هەشتاکاندا بەرەو ئەوروپا هاتین لەئەنجامی ناڕەزاییەکی توند بەرانبەر بە ڕژێمی دیکتاتۆری و نەفرەت کردن لەو ڕژێمە، تەنانەت لەدەرەوەی ولاّتیش ئەو نەفرەت کردنەمان بەهەموو شێوازێک دەردەبڕی، تەنانەت چوونە سەر سەفارەتەکانی ڕژێم بە هەموو شێوازێکی ناڕەزایی، بۆیە نووسینەکانمان و کارە هونەرییەکانمان و سیمینارەکانمان و کارە شانۆییەکانمان خۆی لەو ئینێرژییە دەبینییەوە، بەڵام ئەم دەرەفەتە بۆ ژنی کورد بەتەواوی نەڕەخسابوو، تا لە سەرەتای نەوەتەکاندا بەزۆری ژنی کورد چ وەک ئۆپۆزیسیۆن، یان وەک هاوسەرگیری، یان بە هەر هۆیەکی تر هاتوونەتە دەرەوە. ژنی کوردی شانۆکاریش دەرکەوتن، بەڵام بەهۆی ئەم دەرکەوتنە کاری زۆر بەنرخ لەلایەن ئەوانیشەوە ئەنجام درا، بۆیە ئەو هاوسەنگییە زەحمەتی زۆری هەبوو. بە تێڕوانینی من هاوسەنگی لە ژمارەدا نییە، بەڵکو لە زانستیدایە، بۆیە پێویستیمان بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی هەیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستیمان بە وەڵامێکی وردی ستێتستیکی سەرژمێری هەیە.

* ڕۆڵی ژنە شانۆکاری کورد لە ئەوروپا تا چەند توانیویانە یەکلایەنانە کاری شانۆیی ئەنجام بدەن، ئەگەر ئەو کارەیان کرد، لە ئاستی پێویست دابووە، یان نا؟

ئەنوەر قادر ڕەشید (ئەڵمانیا): من دیسانەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە شانۆکار شانۆکارە و بە هیچ شێوەیەک ژن و پیاو لە یەکتر جیا ناکرێنەوە، تەنیا جیاکردنەوە لەوەدایە کێ داهێنەرە و کێ توانایی لە کێ زیاترە؟ لە ڕاستیدا ئەوەش هەر مەسەلەیەکی ڕێژەییە بەدەر لەوەی کە چەند تایبەتمەندییەکی هونەری و ئەکادیمی چوونەتە قاڵبی بەدیهی و کەس ناتوانێ نکوڵییان لێ بکات.

هاورێ زەنگنە (ئەڵمانیا): خۆم سەرنجی تایبەتیم بەرانبەر بەکاری یەکلایەنانە هەیە، بەرهەمی شانۆیی زۆر سەختە بەیەکلایەنانە ئەنجام بدرێت. هەوڵێک هەبوو، کە ئەم کارە ببێتە چاولێکەری و هەر کەسێ چاو لەویتر بکات، بۆ بەرهەمێکی شانۆی، بەڵام سەختە، لەبەر ئەوەی هەر بەشێکی شانۆ دەگریت، بۆ نموونە جلوبەرگ بۆ خۆی زانستێکی تەواوە، ئەگەر بەزانستی و پڕۆفیشنالّ کاربکەیت، بەهەمان شێوە بۆ بواری شێوەی سەکۆ، ڕۆشنایی، نووسین، دەرهێنان، دراماتۆرگ و...تاد، بۆیە من ئەم جۆرە کارە یەکلاییانە بەکارێکی چاولێکەری و زۆر ناپڕۆفیشنالّ دەبینم، بەڵام ئەگەر هونەرمەندێک بخوازێت نمایشێکی پیرفۆرمانس بکات، ئەوە دەتوانێت ئەم کارەش بەباشی بکات، هەر هەمان نمایشە بە چەند گۆڕانێکی کەم لەسەر ستایلی خۆی دووبارەی دەکاتەوە.

برایم فەرشی (ئەڵمانیا): بەر لەوەی زۆر لە شانۆکارانی کوردی ئەمڕۆ لە دایک بن لەیلا بەدرخان سەماکار و شانۆگێڕ، لە شانۆ و بالەی ئەوروپا کەسێکی ناسراو بوو، بە تایبەت لە ولاّتەکانی ئوتریش، سویس و ئەڵمان، ئەمڕۆش چەند ژنە شانۆکاری کورد لە سێ ولاّتی ئەوروپایی هەن کە لە کارەکانیاندا سەرکەوتوون، من هیچ هۆ و پاساوێک بۆ ئەوە نابینم کە ژنی شانۆکاری کورد سەرکەوتوو نەبێ، ئەگەر پیاوەکان پێیان وابێ بۆ کاری شانۆ و هەر کارێکی دیکەی هونەریی، کۆمەڵایەتی، زانستی و...تاد ژنان پێویستیان بە پیاوێکی بالاّدەست هەیە، ئەوە ئەو پیاوانە خۆیان گرفتی خۆیان لە هەڵلا

داوە. لەو شوێنانەی کە من کاری شانۆییم کردووە لە بۆکان و تەورێز و کرماشان و تاران و ئەڵمان ژن هەمیشە بەشێکی جیا نەکراوە لە شانۆ بووە و لە زۆر شوێنیش بەشی هەرە گرنگ، شانۆی کورد بە بێ ژن زیندانی پیاوەکانە و کۆمەڵگا بە لاڕێدا دەبات.

مەهدی جاف (سوێد): مەگەر تەنیا ئاماژە بە مۆنۆدراما بێت، یان بەشدارییان لە فیلم، یان شانۆی بێگانەدا بێت، ئەمەش زۆر بە دەگمەن و زۆر خۆبەختانە بووە. زۆر مایەی شانازی و ڕێزە کە چەند خانمێکی نموونەیی هەم لە کوردستان و هەم لە تاراوگە ناوبەناو کاری دراما دەکەن، هیوادارم پلە و پایەی حزبی و کار لە دەزگاکاندا لە هونەر دووریان نەخاتەوە، ئەوان سەرەڕای سەختیی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری، زۆر قوربانیان داوە، ئەوەی پێیان کرابێت دریغییان نەکردووە و جێگای ڕێزن.

* لەنێو بزاڤی شانۆی کوردی لە تاراوگەدا، کار و ڕۆڵی ژنە شانۆکاری کورد چەندە پرۆفیشنالی بەخۆیەوە بینیوە؟ ئەگەر لە کارە شانۆیەکانیاندا ئەو پرۆفیشنالییە بەدی نەکراوە، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

برایم فەرشی (ئەڵمانیا): پرۆڤیشنالێتێت لە شانۆ و هەر هونەرێکی دیکەدا بە باڵای پیاوان نەبڕاوە، کۆمەڵگا و چەشنی فەرهەنگ و ئاستی تێگەیشتن و تێنەگەیشتنی کەس و کەسەکان دەتوانێ بە زیانی ژن، یان پیاو تەواو بێت. شانۆ خۆی باشترین تاقیگەیە بۆ تێڕوانین لەسەر ژن و پیاو، شانۆ دەتوانێ کۆمەڵگایەکی ئازاد بێ بۆ ژن و پیاو، بۆ نواندنی بیر و هزر و تێگەیشتن لە یەکتر، بۆ خوڵقاندنی هونەر، دەتوانێ واش نەبێ و مەیدانێکی فراوان بێ بۆ یەکیان و مەیدانێکی بەرتەسک بۆ ئەوی تر. ساڵی ١٩٧٧ لە شاری بۆکان پرۆژەی شانۆنامەیەکمان دەکرد بە ناوی "سەگێک لە جێ خەرمان" نووسەری ئەو شانۆنامەیە زیندەیاد شانۆکار و دەرهێنەر و دراماتۆڕ "نووسەرەتوولا سەیافی" بوو. ئەو خانمەی کە دەبوو دەوری ئەو سەگە بگێڕێ و نەهێڵێ بازاڕی و سەلەمخۆر نانی مندااڵکانی برفێنن، دەورەکەی باش نەدەگێڕا، ڕەنگە شەرم، هاوکێشەبوون لەگەڵ دوازدە شانۆگێڕی پیاو، ئەو ئازادییەی بەو نەدەدا خۆی ڕەها بکات. دوو ڕۆژ بەر لە پێشکەش کردنی شانۆکە، بە تووڕەییەوە لە شانۆ وەدەرم نا و پێم گوت نابێ بگەڕێتەوە. بە چاوی پڕ لە گریان ڕۆیشت و دوای سەعاتێک دایکی وەک تکاکار لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ ئەوەی" جەنابی دەرهێنەر؟!" ڕایگرێتەوە. ئێستاش کە ئەو دیمەنم وەبیر دەکەوێتەوە هەم شەرم دامدەگرێ و هەمیش شانازی بەو دایکە بێ سەواد کرێکارە و کچەکەی دەکەم. ڕۆژی پێشکەش کردنی شانۆکە ئەو خانمە لە دەورگێڕانی ڕۆڵەکەیدا، نەک من، بگرە زیاتر لە ٥٠٠ بینەری ناو هۆڵەکەی دووچاری سەرسامی کرد. گەورەترین نیازی یەک ژن ئازادییە، چ شانۆکار بێ، یان نەبێ! کە ئازاد بوو شاکار دەخوڵقێنێ، دیارە ئەوە نیازی هەر مرۆڤێکە، هەر بۆیە پرۆفیشنالێتێت ژن و پیاو ناناسێ.

ئەنوەر قادر ڕەشید (ئەڵمانیا): کاری پرۆفیشنالی شانۆکاری کورد لە تاراوگە ڕوونتر لەوانەدا خۆی دەبینێتەوە کە لەگەڵ گرووپە شانۆییە پرۆفیشنالەکاندا کار دەکەن و ئەزموونی نوێ و دنیایەکی جیاوازتر لە نمایشەکانی خۆیان دەبینن و لە نزیکەوە تایبەتمەندییەکانی ڕێکخستن و پلاندانان و دەسپێکی چالاکی هونەری دەبینن و مومارەسەی دەکەن و نمایش وەک یەکەیەکی لێک دانەبڕاوی هەموو لایەنە هونەرییەکان دەبینن و دیدی هونەرییان فراوانتر دەبێ و چاکتر دەتوانن داهێنان ئەنجام بدەن و دید و خوێندنەوەیان بۆ کاری هونەری ڕوونتر و کاریگەرتر دەبێ.

مەهدی جاف (سوێد): بەداخەوە ئەوە زۆر کەمە و هۆکارەکەشی بۆ خۆ تەرخان کردن و پیشەیی دەگەڕێتەوە، بەبوونی گرووپی پرۆفیشنالْ، یان گرووپێکی شانۆیی لە لایەکەوە هاوکاری دارایی بکرێت کە خانمان بتوانن کار بکەن و گرفتیان بۆ دروست نەبێت، ئەگینا چەندان خانمی بە سەلیقە کە خاوەنی بڕوانامە و ئەزموونی شانۆیین لە تاراوگە دەژین و پێیان خۆشە درێژە بە ئەزموونی ڕابردوویان بدەن.

هاورێ زەنگنە (ئەڵمانیا): لەنێو ئەو خانمە کوردانەی، کە لە شانۆی کوردی تاراوگەدا ڕۆڵیان هەبووە، من دەتوانم تەنیا باسی ئەو شانۆکارانە بکەم، کە لە وڵاتی ئەڵمانیا و ئوتریش دا ڕۆڵیان هەبووە، ئەوەش بەحوکمی ئەوەی زمانی ئەڵمانی لەهەردوو وڵاتەکەدا زمانی ڕەسمییە، من ئەمە دەکەمە دوو بەشەوە.

بەشی یەکەم (خوێندنی ئەکادیمی و زانکۆیەکی ئەوروپی) ئەو خانمانەی کە لەدەرەوەی وڵات هەوڵیان داوە خوێندنی ئەکادیمی و زانکۆیەکی ئەوروپی بخوێنن، چەند خانمێکی هونەرمەندی ژمارە کەمن، چونکە کارێکی زۆر سەختە، بەتایبەت لە زانکۆیەکی ئەڵمانی بتوانن

خوێندن تەواو بکەن، بۆیە زۆر کەس هەوڵیاندا، بەڵام سەرنەکەوتن و نەیانتوانی. زۆر لەو هونەرمەندانە خۆیان وتیان، کە ناتوانن بخوێنن، چونکە لەم وڵاتە سەختە، بەڵام چەند خانمی بەڕێزیش وەکو خاتوو هێرۆ سەباح و خاتوو خەرمان هیرانی توانییان لە شاری هانۆڤەر خوێندنی هونەری ئویریتمی تەواو بکەن. خانمێکی تریش خاتوو نیگار حەسیب قەرەداغی توانی خوێندن لەدانشگای ڤییەنا تەواو بکات.

بەشی دووەمیش ئەو کەسانەیە، کە نەیانخوێند، بەڵام لە دوای سالانێک هاتنەوە ناو کاری شانۆیی و توانییان لەچەندین بەرهەمی شانۆییدا ڕۆڵی گەورەی خۆیان ببینن. بۆ نموونە خاتوو فرمێسک مستەفا و ئاڤان مەریوانی، ڕەنگە کەسی تریش هەبن، بەڵام من ئاگاداریان نیم، من تەنیا باسی ئەڵمانیا و نەمسا دەکەم. لەهەمان کاتدا خانمێکی زۆری تریش هەن، بەڵام هەر بەڵای شانۆدا نایەن.

* پێتانوایە شانۆکارانی کورد بەگشتی چەندە کاریگەری شانۆی ئەوروپاییان لەسەر دروست بووە، بەواتایەکی دیکە توانیویانە پردێکی هونەری شانۆیی لە نێو خۆیان و شانۆکارانی ئەوروپایی دروست بکەن، ئەگەر دروستیان نەکردووە لەبەرچی بووە؟

ئەنوەر قادر ڕەشید (ئەڵمانیا): بەدڵنیاییەوە شانۆکاری کورد کاریگەریی شانۆی ئەوروپایی لەسەرە، بەو مانایەی کە مانای سەرەکی و دید و تێڕوانین بۆ شانۆ لە چ ئاستێکدایە و مەیدانی شانۆ چەند بەرینە و چۆن دەکرێ بینەر بە نمایشەوە گرێ بدەیت و بیکەیتە ئەو وەرگرەی کە شانۆ دەبێتە تەواوکەری پێداویستییەکانی تری ژیان، لەلایەکی ترەوە کاری پرۆفیشنالی لە هەموو لایەنەکانی هونەری نمایشەوە، ئەمە بێجگە لەو هەموو ڕێباز و میتودە شانۆییانەی کە هەر یەکەو لە مەجالی خۆیدا بینەری هەیە و ئەگەر تەواوکەری یەکتریش نەبن، ئەوە بەدڵنیاییەوە نابنە ڕێگر بۆ یەکتر، ئەمە لە کاریگەری شانۆکار بۆ شانۆکار، بەڵام شانۆ هەر یەک شانۆیە (بە تایبەتمەندێتی لۆکاڵییەوە)، شانۆ لە بنەڕەتدا هونەرێکی مرۆڤایەتییە و بەهەموو ڕێباز و میتودەکانیشییەوە هەر لەو مەودایەدا دەخولێتەوە، تەنیا جیاوازیش لە دید و خوێندنەوە و جددییەتی کار و ڕادەی ڕاستگۆییدایە.

هاوڕێ زەنگنە (ئەڵمانیا): جیهانی شانۆ بۆ خۆی جیهانێکی زۆر بەرفراوانە، بەتایبەتی لەم ساڵانی دواییدا زانایانی شانۆکار هەنگاوی زانستی زۆر پێشکەوتووتریان ناوە بۆ دۆزینەوەی لایەنی تری نهێنییەکانی شانۆ، بەتایبەتی لە بواری هونەری شانۆ و ئیستێتیکای شانۆ و زانستی شانۆ. بەستنەوەی هەموو ئەم بوارانە بەیەکەوە دەوڵەمەندییەکی بەرفراوانی جیهانی شانۆیە. بۆ نموونە خوێندنی شانۆ وەک زانست و وەک هونەر لەم ساڵانەی دواییدا توانی بە جیهانی بناسێ و لە زانستگەکاندا بخوێندرێت. ئەم بوارە لە چەند زانکۆیەکی کەمی جیهاندا لە ئەوروپا دەتواندرێت بخوێنرێت، بۆیە لەزۆربەی وڵاتانی جیهانی تردەوە ڕوو دەکەنە ئەو زانکۆیانە بۆ خوێندنی زانستی شانۆ، بۆیە جیهانی شانۆ بەگشتی و بە بەردەوامی ڕەنگدانەوەیان لەسەر یەکتر هەیە. بۆ نموونە ئەگەر باسی پیتەر برووک بکەین کاریگەری ڕیتوالی گوندێکی ئەفریقی و حیکایەتخوانیی هیندیی بەسەردەیە بۆ داهێنانەکانی شانۆ و ستایلی خۆی. بەهەمان شێوە پیتەر برووکیش کاریگەری لەسەر شانۆکارانی کورد و جیهانی هەیە و دەتوانم بڵێم هەموو شانۆکارانی جیهان کاریگەری یەکتریان لەسەر یەک هەیە، بەڵام ئەم کاریگەرییە جۆراوجۆرە. بەدڵنیاییەوە شانۆکاری ئەوروپایی کاریگەری لەسەر شانۆکاری کورد هەیە، بەتایبەت کاتێک لە زانکۆیەکی ئەوروپایی لە شانۆدا دەخوێنێت و بەتیوری و پراکتیکی شانۆکارانی جیهانی ئاشنا دەبێت، ئەمە هەنگاوی یەکەمی کاریگەرییە، بەڵام هەنگاوێکی گرنگیتر تا چ ڕادەیەک دەتوانرێت لە ئاستێکدا پێکەوە کار بکەن و ئەو کاریگەرییە لەسەر یەکتر بەجێ بمێنێت، بۆ نموونە دوو شێواز هەیە بۆ ئەم کاریگەرییە.

(١) کارکردنی شانۆکاری کورد لەگەڵ کەسایەتی ئەوروپی و ڕەنگدانەوەی ئەو کاریگەرییە بەسەر شانۆکارانی تر لە ڕێگەی وۆرک شۆپ و وتنەوەی وانە و کاری پراکتیکی شانۆیی، بۆ نموونە من خودی خۆم لەگەڵ شەخسی هونەرمەندی جیهانی ئەوگوستۆ بوال (داهێنەری شانۆی فۆرم تیئاتر و شانۆی چەوساوەکان) دە ڕۆژ کارم کردووە و بەرهەمێکیشم نمایش کرا. ئێستا لە هەموو جیهاندا کارەکانی هەر لە ئەمەریکای لاتینەوە تاکو هیندستان وەک وانە و وۆرک شۆپ دەوترێنەوە، بێ گومان کاتێک من ئەو وۆرک شۆپە بۆ ئەکتەرانی ئەوروپی و کورد دەڵێمەوە بەدڵنیاییەوە کاریگەری ئەوم لەسەرە و ئەم کاریگەرییە بۆ کەسانی تر شۆڕ دەبێتەوە. ئەوگوستۆ بوال خۆی پێش چەند ساڵێک کۆچی دوایی

کرد، ئێستاش کتێبێک لەبارەی ئەو ئەزموونە لەگەڵ ئەوگوستۆ بوال ئامادەیە، هەروەها لەسەر ئەوگوستۆ بوال بۆ چاپ کردن.

شێوازی دووەم ئەوەیە کە هونەرمەندانی ئەوروپی، کە کار لەگەڵ ئێمەدا دەکەن، یان پێکەوە کاردەکەین، ئەوە بەکۆمەڵگای کوردی و جیهانی شانۆی کوردی و ئەدەبیاتی کوردی ئاشنا دەبن، بەڵام ئەم ئاشنابوونە زیاترە و ڕاستەوخۆتر و کاریگەرترە، ئەگەر کارەکە کارێکی شانۆی کوردی بێت، مەبەست لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر بەرهەمێکی کوردی پێکەوە کار بکرێت. لەو بەرهەمەشدا ئیلیمینتەکانی کوردیش ڕەنگبداتەوە، مەبەست کولتووری کوردی خۆت بەهەمان شێوە بەنرخ و بە بەرز بزانی لەسەر ئاستی کولتوورەکانی تر لەڕووی نرخی کولتووری و دەوڵەمەندییەوە. لە یەکێک لەکارە شانۆییەکاندا بەرهەمی شانۆگەری سەرگوزەشتەی دەفێک، لەکاری دەرهێنانەکەیدا تابلۆیەک، کە وێنەی ژنێکی کورد، کە پشتی لە خەڵکە و دەڕوانێتە دووری چاوەڕوانی، بەڵام ئەم ژنە بە هونەرێکی زۆر بەرز ئەم تابلۆیە لەلایەن شێوەکارێکی کوردەوە دروست کراوە، لەم شێوازی دەرهێنانە ئەم ژنە ناوی هەیە بە ناوی ئامینە و ناسنامەی هەیە، لەسەرەتا تابلۆکە دەردەکەوێت و ئامینە بە بینەران ئاشنا دەبێت و دوای ئەوە وەک ئەکتەرێک لەسەر سەکۆ دەردەکەوێت. هونەرمەندی موزیکژەن و شانۆکاری ئەڵمانی بەناوی شتێفان لانیۆس هاتبوو بۆ سەیری ئەم شانۆگەرییە، لەدوای تەواوبوونی ئەم نمایشە باسی خۆی کرد و ئەم شێوازە زۆر سەرنجی ئەوی ڕاکێشا، داخوازی ئەوەی کرد، ئایا من وەک دەرهێنەری ئەو شانۆگەرییە ڕازیم، کە ئەو ئەم ستایلە لە بەرهەمێکی شانۆیی خۆیدا بەکار بهێنێت. منیش ڕەزامەندی خۆم نیشاندا و بەبەڵگەش لەسەر کاغەز بۆم واژۆ کرد.

بێجگە لەوەش بۆ نموونە یەکێک لەو ئەکتەرانەی کە دوانزە ساڵە وەک ئەکتەرێک و سوپەرانستێکی ئەڵمانی خاتوو میشایلە گۆتس کارم لەگەڵ دەکات و بەخۆشی لەکارە شانۆییەکانمدا بەشداری دەکا و ئەکتەرێکی زۆر بەوەفایە و شانۆی کوردی زۆر خۆش دەوێت و بەردەوام پێکەوە تا ئەمڕۆش کار دەکەین. میشایلە گۆتس وەک مامۆستایەک لە ئەکادیمی موزیک و نواندن وانە دەڵێتەوە، بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت، کە کاریگەری هەردوولا لەسەر یەکترییە. لە پرۆژەیەکی تری ئەوروپی، کە بە هاوکاری هونەرمەند خاتوو ڕێزان ساڵح هاتە کایەوە، لە نێوان بەڵجیکا و سویسرا و فەڕەنسا و نەرویج. لەئەڵمانیاوە هاوڕێ زەنگنە و ئولریکا گایدۆش و بەشدار بوون.

برایم فەڕشی (ئەڵمانیا): هەرچەند شانۆ لە ئەوروپا بەیەس و بنەمای فەلسەفی یەکسانی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا میژووی شانۆ و جۆرەکانی شانۆ لە وڵاتانی ئەوروپا وەک یەک نییە، هەر بەو پێیە کاریگەری شانۆی ئەوروپا لەسەر شانۆکاری کورد جیاوازە. ئەو کەس و کەسانەی لە شانۆی ڕووسیا و لە هیندستان نزیک بوون، یان سەروکاریان لەگەڵ شانۆی وڵاتانی وەک سوێد و دانیمارک، ئەڵمان، فەڕەنسە، ئیتاڵیا، یۆنان، بەریتانیا هەبووە، یان لەم گرووپ و ئەو گرووپ لەم فۆرم و میتود نزیک بوون، کارتێکەریی و تاقیکردنەوەکانیان جیاوازە، بە گشتی ئەگەر ئەوروپا وەک جوگرافیا مەبەست بێ، بەڵێ ئەو کاریگەرییە هەبووە و هەیە.

ئینکاری ئەوە ناکرێ کە کەس و کەسانێک دەوری پردیان لە نێوان خۆیان وەک تاکی کورد و گرووپ لێرە و لەوێ گێڕاوە، بەڵام ئەوە بەمانای بەستنی پردی نێوان شانۆی کورد و ئەوروپا نییە. لە نێوان وڵاتانی ئەوروپا، ئەم شار و ئەو شار، ئەم شانۆ و ئەو شانۆ، لایەنگرانی ئەم ڕێچکە و ئەم فۆرمی شانۆ، ئاڵوگۆڕ هەیە و هەر دەم هەبووە، ئەوەش بەشێک لە ژیانی شانۆیە. جاروبار نەک بەردەوام گرووپی شانۆ لە ناوخۆی وڵاتەوە لە باشوور، ڕۆژهەڵات و باکووروەوە هاتوونە ئەوروپا و شانۆیان پێشکەش کردووە، یان بە پێچەوانەوە لێرەوە گرووپ چوون بۆ بەشداری فیستیڤاڵ، بەتایبەت لە دوو وڵاتی ئێران و تورکیا، بەڵام پردێکی شانۆیی بەردەوام لە نێوان ئەوروپا و کوردستان بەگشتی و باشوور بە تایبەتی نەبووە و ئەوەی چەند جارێک شانۆکارانی نیشتەجێ لە ئەوروپا بوونەتە واسیتە بۆ چوون و هاتنی ئەم کەس و ئەو کەس، ئەم گرووپ و ئەو گرووپ کاتی بووە، ئەوەش نابێتە پرد، کە خەڵک بتوانن بەردەوام لەم سەر و ئەو سەرییەوە بپەڕنەوە.

مەهدی جاف (سوێد): ئەو شانۆکارانەی کە بەردەوام سەردانی شانۆ ئەوروپییەکان دەکەن، تاڕادەیەکی باش سوودیان لە ئەزموون و بەرنامەی ئەوروپییەکان بۆ شانۆ وەرگرتووە، ئەوروپییەکان لەسەر بەرنامەی تاڕادەیەک هەمیشەیی دەڕۆن، وەک لای خۆمان نییە هەر کاتێک ڕێژیسۆرێک کەی ویستی کار بکات، شانۆ لای ئەمان وەک هەر دەزگایەک لە دەزگاکانی دەوڵەت دەبێت هەمیشە لە کارکردندا بێت، زۆربەی شانۆکان خاوەنی

داهات و بودجه و شانۆی خۆیانن، وەک لای ئێمە نییە کە شوێنێک نەبێت بۆ پرۆژە، یان بۆ پێشکەش کردن، مرۆڤ ئەم هەموو جیاوازیانە دەبینێت لە خەم زیاتر هیچی دیکەی بۆ نامێنێتەوە. زۆر بەداخەوە ئەوانەی دەڕۆنەوە و لە کوردستان کار دەکەن زیاتر بیریان لای بەرژەوەندی خۆیانە و ئەو ئەزموونە باشە ناگوێزنەوە.

ئەو شانۆکارانەی کە لە شانۆکانی ئەوروپا کار دەکەن تاڕادەیەک پێوەندییەکی باشیان وەک پردێک لەنێوان کوردستان و ئەوروپا دروست کردووە، بەتایبەتی لەکاتی فیستیڤاڵە شانۆییەکانی ئەوروپا، بەڵام زۆر بە کەمییەوە یارمەتی گرووپە شانۆییەکانی تاراوگەیان داوە. لە مانگی ١١ی ئەمساڵدا لە ٢٠١٢ شانۆی باشوور " سوێدرا تیئاتر" لە ستۆکهۆڵم بانگهێشتی گرووپێکی شانۆی کوردی لە شاری دیاربەکر کرد بۆ پێشکەش کردنی شانۆگەری هاملێت بە کوردی، دەقەکە بۆ کوردی ئامادە کرابوو، بۆ یەکەمین جاریش بوو کە هاملێت وەک تێکستێکی کوردی پێشکەش بکرێت، ئەمە دیارە کە لە رێگەی شانۆکارانی کوردەوە ئەوانەی باکوور کە پێوەندییان بەو شانۆیەوە هەیە هاوکارییان کردوون. لە ئەڵمانیا و نەرویج و هۆڵندا ئەو جۆرە هاوکاریانە هەیە.

فرمێسک مستەفا (هەولێر): شانۆکارانی کورد هەندێکیان توانییان بەشداری لە بەرهەمە شانۆییە ئەوروپییەکاندا بکەن و بەپێچەوانەشەوە، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا، کە بۆ خۆی گەشبینییەکی لێ بەدی دەکرێت و دەتوانیت بڵێیت لە قۆناغی داهاتوودا کورد وەک شانۆکاری بێگانە، یان شانبەشانی شانۆکارە ئەوروپییەکان کار دەکەن، ئەمەیش بۆ خۆی ئاڵۆگۆڕە کولتوورییەکە پێکدەهێنێت و پتەوتری دەکات.

* ئەی شانۆکارانی ئەوروپایی چەندە بەکارە شانۆییەکانی شانۆکارانی کوردی تاراوگە ئاشنایەتییان پەیدا کردووە، ئەگەر ئاشنایەتییان پەیدا کردووە، ئەی توانیویانە پێکەوە کاری شانۆیی ئەنجام بدەن؟

برایم فەرشی (ئەڵمانیا): ئێمە لێرە و لەوێ شانۆکاری کوردمان هەبووە و هەیە کە لەگەڵ گرووپی بیانی و شانۆی ئەم شار و ئەو شار کار دەکەن، ئەوەش وەک هەر پیشەیەکی دیکە پێوەندی بە کوردبوون و کوردنەبوونی کەسەکەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بە پیشەی کەسەکەوە هەیە.

مەهدی جاف (سوێد): زۆر بەکەمی، نموونەی لەو بابەتەمان زۆر کەمە، لە هەندێک وڵات بە تایبەتی لە ئەڵمانیا و هۆڵندا پێوەندییەکی باش هەیە، ئەوەندەی من ئاگادارم لەو دوو وڵاتەدا، بەتایبەتی کاری هاوبەشیان ئەنجام داوە، زۆر لە گرووپەکان لەکۆمەڵێک نەتەوەی جیاواز پێکهاتوون و بەرهەمەکان بە کوردی و چەند زمانێکی تر پێشکەش کردووە.

هاورێ زەنگنە (ئەڵمانیا): من پێم وایە شانۆکارانی ئەوروپی تا چ ڕادەیەک بەکاری شانۆیی شانۆکارانی تاراوگە نشین ئاشنایەتییان پەیدا کردووە، ئەمە بەستراوە بەشانۆکارانی ئەو وڵاتەوە، کە شانۆکارانی کوردی تێدا نیشتەجێ بووە، بۆیە لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، بێ گومان خاڵی یەکەم ئەنجامدانی سێ فیستیڤاڵی شانۆیی لە ئەڵمانیا کارێکی زۆر بەنرخ بوو بۆ میژووی شانۆ لە تاراوگەدا، بۆ شانۆکارانی کورد لەنێوان خۆیان و شانۆکارانی ئەوروپیشدا گرنگی خۆی هەبوو. چەند شانۆکارێکی ئیتاڵی و هۆڵەندی و ئەڵمانی لەو فیستیڤاڵەدا بەشداربیان کرد. هەرچەندە فیستیڤاڵەکان نەچوونە ناو میدیای ئەڵمانییەوە، بەڵام کارێکی زۆر بەنرخ بوون بۆ بزاڤی شانۆی کوردی. ئەم فیستیڤاڵە لەلایەن ئینستیتووی کوردی لە بەرلین ئەنجام درا و کەسایەتی بەرچاوی ئەو فیستیڤاڵەش فەهمی باڵایی و مەکی قەساب و چەند کەسایەتییەکی تری شانۆکار بوون. ئەنجامدانی دوو کۆنفرانس بۆ شانۆکارانی پسپۆڕی کورد لەتاراوگە لەشاری میونشن. لەکۆنفرانسی دووەمی شانۆکارانی کورد لە شاری میونشن کەسایەتی بەناوبانگی پسپۆڕی شانۆی ئەوروپی بەشداربیان تێدا کردبوو، لەوانە پرۆفیسۆر دکتۆر کرستۆفەر بالمە، بەڕێوەبەری بەشی زانستی شانۆی دانشگای میونشن، کە پسپۆڕی شانۆی ڕۆژهەڵاتە و سیمینارێکی گێڕا و ڕستەی یەکەمی بەوە دەست پێکرد، کە جێگەی شانازییە بۆ ئەو کە لەنێو شانۆکارانی کوردە و بەشانۆکاران و شانۆی کوردی ئاشنا بووە، لەهەمان کۆنفرانسدا خانمە شانۆکاری کۆلۆمبی سیسیلیە و موزیکژەنی ئەفریقی بەشداربیان تێدا کردبوو. بە بەشداری دوو شانۆکاری کورد لەکوردستانەوە بەتەلەفۆن (بەڕێز سەباح عبدولرحمان و خاتوو سروە حسێن) چەندین پسپۆڕی شانۆی کوردی لە وڵاتانی ئەوروپییەوە. بۆ نموونە (بەڕێزان برایم فەرشی لە کۆلن، د. شوان جافر لە پاریس، شوان کەریم لە هانۆڤەر، دانا ڕەئووف لە ستۆکهۆڵم، هێرۆ سەباح لە هانۆڤەر. زاهیری عەبەڕەش لە ستوکهۆڵم، شەماڵ باخچەیی لە شتوتگارت، شڤابن، ڕێزان سالح لە برۆکسل، مەهدی جاف لە ستوکهۆڵم، خەرمان هیرانی لە هانۆڤەر، ئیسماعیل هەورامی لە دورتمۆند، تەها سالح لە میونشن، هاورێ زەنگنە لە میونشن، بێ گومان دوای دوو ساڵ پاش ئەم کۆنفرانسە بە شێوەیەکی زۆر بەرفراوان

خەڵکی ئەوروپی و ئەمریکای لاتین و ئەفریقی بەشداری کۆنفرانسەکەیان کرد و نمایش و شانۆ و سیمینار پێشکەش کرا.هەوڵ و ئەرکی مادی لە لایەن شانۆکاران خۆیان ئەنجام درا.لەلایەن چەند شانۆکارێکی کوردەوە کاری ڕێکخستنیان بۆ کرد و ئەنجامیان دا، تا ئێستاش زیاتر لەپێنج نامەمان بۆ هاتووە و داخوازی کۆنفرانسی سێیەم لەسەر هەمان ستایل دەکەن. گۆڤاری زانستی شانۆ لە ئەڵمانیا دوو ژمارەی لێ دەرچوو، ژمارەی سفر و ژمارەی یەک.

ئەنوەر قادر ڕەشید (ئەڵمانیا): بەڵێ دەتوانین بڵێین لە هەندێ وڵات و لە بازنەیەکی تەسکدا بە هۆی پێوەندی شەخسییەوە هەندێ شانۆکاری ئەوروپی بە شانۆی کوردی و شانۆکاری کورد ئاشنا کراون، بەڵام دیسانەوە ئەگەر بە گشتی تێڕوانین شانۆکاری ئەوروپایی ئەوەندەی ئاشنایەتی لەگەڵ شانۆکاری کورددا هەیە، ئەوەندە ئاشنایەتی لەگەڵ شانۆی کوردی نییە، کاری شانۆییش هەر لەهەمان بازنەی تەنگدا ئەنجام دراون.

* پێتانوایە بزاڤی شانۆی کوردی لە تاراوگەدا، لە نێوان ئارەزوومەندی و پرۆفیشنالێدا بووە، یان قۆناغی ئارەزوومەندی تێپەڕاندووە و ئێستاکە لە قۆناغی پرۆفیشنالێدایە، ئێوە لەو بارەیەوە بۆچوونتان چییە..؟

مەهدی جاف (سوێد): بە بڕوای من زۆر لەو دڵسۆزانەی کە خۆبەختانە و بەبێ هیچ پشتگیرییەکی ئابووری دڕێژەیان بە ئەزموونەکانی خۆیان داوە، ناو بە ناو کار دەکرێت و زۆر جار ناچار دەبین پەنا بۆ کەسانێک دەبەین بێن کار بکەن کە هیچ پرۆفیشنالێ نین، بەڵکو ئارەزوومەند، یان کەسانی نیشتمانپەروەر و دەیانەوێت لە ڕێگەی شانۆوە پەیامێکی سیاسی بگەیەنن، یان دەیانەوێت خزمەتێک بە کولتووری نەتەوەکەیان بگەیەنن. لەبەر ئەوە لە پرۆژەیەکی هونەریدا زۆر جار کەسانی پرۆفیشنالێ و نا پرۆفس لە پرۆژەیەکی هونەریدا بەیەکتر دەگەن، ئەمەش بۆ ڕیژیسۆر زۆر سەخت دەبێت کە بارسەنگییەک لەم دۆخەدا دروست بکات.

ئەنوەر قادر ڕەشید (ئەڵمانیا): بەڵێ دەتوانین بڵێین چەند گرووپێک قۆناغی ئارەزوومەندییان بڕیوە و کاری پرۆفیشنالێ ئەنجام دەدەن، بەڵام ئەوانەش بەجددی تێبیان بڕوانین، ئەگەر ناوەکانیشیان کوردی بێت، ئەوە چالاکییەکانیان لە شانۆی جیهانییەوە نزیکترە هەروەک نموونەی گرووپی لالش لە ڤییەنا، ئەمەش زیاتر نزیک بوونەوەیە لە شانۆی جیهانی، نەک دوور کەوتنەوە لە شانۆی کوردی، لە کاتێکدا کە ئێمە ئەم هونەرە بە هونەری مرۆڤایەتی دەزانین، نەک لۆکاڵییەکی دابڕاو لە بنەمای خودی هونەرەکە.

برایم فەرشی (ئەڵمانیا): کەس و کەسەکان دەکرێ لە جیهانی ئارەزوومەندیدا مابێتنەوە، یان کەوتبێتنە جیهانی پرۆفیشنالێ و پیشەیی شانۆوە، بەڵام شانۆی کوردەکان لە ئاستی ئارەزوومەندیدا ماوەتەوە.

فرمێسک مستەفا (هەولێر): ئەوانەی ئێستا لە کارە شانۆییەکانی ئەوروپا کاردەکەن، ئەو کەسانەن کە لەدەرەوەی وڵات مامۆستای شانۆیی بوون، یان قوتابی شانۆ بوون، ئەوانە پرۆفیشنالانە کار دەکەن، بێ گومان هۆیەکی سەرەکی هەیە ئەویش ئەو پەیوەستی و عیشقەیە کە هەیان بووە و هەیانە بۆ شانۆ و توانایی و بەهرەکەی خۆیانە کە لە ناوەوەی وڵات مێژوویەکیان بۆ خۆیان دروست کردبوو، ناتوانن وا بەئاسانی دەست لە شانۆ هەڵبگرن، لەبەر ئەوە دەبینین کەم تا زۆر بەشدارن و کاری شانۆیی ئەنجام دەدەن.

هاوڕێ زەنگنە (ئەڵمانیا): کاتێ دێنە سەر باسی ئارەزوومەندی و پرۆفیشنالێ، لە ڕاستیدا ئارەزوومەندی یەکێکە لەقۆناغەکانی هەنگاونان بەرەو ڕۆیشتن بۆ پرۆفیشنالێ، بەڵام کەی و چۆن ؟ یان بە پێچەوانەوە بەرەو ئیفلیج کردن و لەناودان و تەپاندنی ئەو ئارەزوومەندییە دەڕوات، بەتایبەت لە لایەن هونەرمەندانی شانۆی تاراوگەدا چۆنە؟ کاتێک هونەرمەندێکی ئارەزوومەندی شانۆ دێتە ناو جیهانی شانۆوە ئەگەر خاڵی:

(١) بەردەوامبوون لەکاری شانۆیی، واتە خۆی لە خۆیدا بەردەوام بوونی ئارەزووەکەیەتی، واتە دانەبڕان لەجیهانی شانۆ و بزاڤی شانۆ لە هەموو کوردستان و جیهاندا.

(٢) بەردەوام بوون لە خوێندنی بابەتی شانۆ بە زمانی ئەو وڵاتە. لەم حاڵەتدا مەبەستم ئەڵمانیا بەزمانی ئەڵمانی. لەبەر ئەوەی ڕۆژانە بابەتی هەڵسەنگاندن لە ڕۆژنامەکاندا هەیە و بەشێکی بۆ تەرخان کراوە، یان لە خوێندنەوەی بابەتی شانۆیی، کە جار بە جار لە سایتەکان و ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا هەیە.

(٣) چوون بۆ سەیری شانۆی جۆراوجۆر لە ئەڵمانیادا، خۆی بۆ خۆی بەمەعریفەکردنی هزری شانۆییە، بە مەعریفەکردنی هزری شانۆیی پێداویستییەکی زۆر گرنگە بۆ شانۆکار و مانەوەی بەبەردەوامی.

(٤) ئەم جۆرە مەعریفە شانۆییە زیاتر لەبواری شانۆییدا بەرەو سەرکەوتن و بەرەو پێشەوەچوونی هەموو بوارەکانی کاری شانۆیی دەتبات.

(٥) شارەزابوون لە کولتووری ئەوروپی و

ڕۆشنبیرییەکەی وا لە مرۆڤی شانۆکار دەکات، کە بەشێکی ناسنامەکەی شانۆکاری کورد لە بزاڤی شانۆشدا دەتوانێت بیبینێتەوە. مەبەستم بەنموونەیەک ڕوون دەکەمەوە. هەر چوار ساڵ جارێک لە جیهاندا شارێک دەبێتە پایتەختی ڕۆشنبیری جیهان، واتە بەم شێوەیە نرخ بەهەموو شارێکی جیهان دەدرێت و هانی هەموو شارێک دەدرێت بەرەو ڕۆشنبیری بڕوات. پێش چەند ساڵێک شاری هانۆڤەر بووە ئەو پایتەختە تەنیا بۆ ئەو ساڵە. هەموو نەتەوەکان لەو ساڵەدا لە ماوەیەکی دیاری کراودا کولتوورەکانی بە هەموو شێوەیەکی جۆراوجۆر نمایش دەکەن. ئەڵمانیا هەموو کولتوور و ناسنامەکەی ولاتەکەی خۆی لەڕێگەی نمایشێکی شانۆییەوە نیشان دا. ئەو نمایشەش نمایشی شانۆی (فاوست)ی شانۆکاری ئەڵمانی گوتێ بوو، لەدەرهێنانی پیتەر شتاین، کە نمایشەکە بیست و سێ کاتژمێری خایاند.

لە کولتووری ئەوروپی بە پلەی یەکەم پرسیار لەناسنامەی کولتووریت دەکەن، ناسنامە کولتوورییەکەت بۆ ئەوان پێوانەیە بۆ تێگەیشتن لە هزر و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکەت، بۆیە بواری کولتوور زیاتر بەلاتەوە بەنرخ و سەنگینتر دەبێت.

لە سەرەتای نەوەتەکاندا ئارەزوومەندانی شانۆ لەدەرەوەی ولات بەشێوەیەکی بەرچاو زۆر بوون، بۆیە گرووپێکی زۆری شانۆ لەدەرەوەی ولاتدا هەبوون. لە فیستیڤاڵی شانۆی یەکەم و دووەم و سێیەمی شانۆ لەئەڵمانیا بەدەیان گرووپی شانۆکارەکانیان و بەرهەمەکانیان نمایش دەکرد.

کارکردن لە بواری شانۆ لە تاراوگە، کارێکی زۆر زۆر سەختە، بەڵام بە ئەندازەی سەختییەکەی کارێکی زۆر بەنرخ و بەهێز و دەوڵەمەند و هەمیشە لە ژیانێکی پڕ لە خەونی ڕەنگاوڕەنگدا دەژیت. ئەم سەختییە وای لە زۆر شانۆکارانی کورد کرد، کە بەداخەوە زۆریان لەبواری شانۆ دووربکەونەوە. ئەمە زیانێکی گەورە بوو بۆ بزاڤی شانۆکاران. حکوومەتی کوردستان، ئەگەر ئەم شانۆکارانەی بەگەنجینەی خۆی بزانیبایە، ئەو دەمە دەتوانرا ئەو ئارەزوومەندانە پەروەردە بکات و پشتیوانیانی بکردایە، دەگونجا وا بەرەو لەناوچوون و وێرانی نەڕۆن.ئەوەی ماوەتەوە قوربانی بەزۆر شتی خۆی دا و دەوڵەمەندی و بەختەوەرییەکی گەورەی بەدەست هێنا، ڕەنگە ئەوانەی ماونەتەوە نەیانتوانیبێت لەبواری پارەدا خۆیان دەوڵەمەند بکەن، بەڵام لەبواری کەسایەتی و دەوڵەمەندیی ڕۆشنبیری و خزمەت بەناسنامەی کوردستان سەربەرزین. بەشێکیش لەشانۆکاران توانییان بەردەوام بن و زمانەکە چاکتر فێربن و بەرەو خوێندن بڕۆن.

بواری خوێندن بە تایبەت لە ولاتی ئەڵمانیا لەو هەموو شانۆکارانەی لە ئەڵمانیا دەژین و دەژیان تەنیا من سێ کەس دەناسم کە توانیویانە سەرکەوتن بەدەست بهێنن. بۆ مێژوو ئەو سێ کەسە هونەرمەندان (هیرۆ سەباح و خەرمان هیرانی و هاوڕێ زەنگنە)ن، ئەم سێ کەسە توانییان سەرەڕای گرفتێکی زۆر لەسەر ئەرک و ماندووبوونی خۆیان بەردەوامی بەخوێندن بدەن. ئەم سێ کەسە لە جیاتی مالّی دنیا ڕوویان لەبواری خوێندن کرد، زۆر لەوانی تر ئەگەرچی زیاتر لە پازدە ساڵ لێرە ژیان، بەڵام نەیانتوانی بخوێنن و خۆشیان دەڵێن خوێندن لێرە سەختە. خوێندنی زانستی ئەم ولاتانە فێری خوێندنی سیستەمی دەبیت و فێری داهێنان و تێگەیشتن و سیستەمی ڕەنگاوڕەنگی و تۆڵەرانس دەبیت، بۆیە من دەتوانم بڵێم ئەو گرووپانەی ئەمڕۆ لە نێو بزاڤی شانۆی کوردی لەتاراوگەدا جێگەی کارە هونەرییەکانیان دیارە، زۆربەی لە پرۆسەی کارە پرۆفیشنالّەکانیاندان. بزاڤی شانۆ کوردی لەدیدی منەوە گەیشتۆتە ڕادەیەک، کە خاکی کوردستان و نەوەی ئایینده دەتوانێت بە شانازییەوە باسی بکات، بەڕێوەبەرایەتی شانۆی شاری پریشتینا بەڕێز ئاگرۆن و پرۆفیسۆری دانشگای پرێشتینە ئەگیم سەلیمی ناوبانگی شانۆی (گۆرانی دایکانی تر)ی بیستووە و داخوازییان کردووە و بە شێوەیەکی ڕەسمی دەعوەتیان کردووم، کە ئەو شانۆگەرییە بکرێتە زمانی ئەلبانی و باشترین ئەکتەر و هونەرمەندانی خۆیان بخەنە خزمەتی ئەو شانۆگەرییەوە. لە پلاندایە دوای ئەوەش ئەو بەرهەمە بەرەو شاری تیرانە بڕوات و لە پایتەختی ئەلبانیا و دوای ئەویش لەمەسەدونیا نمایش بکرێت، ئەمە یەکێکە لەو هەنگاوانەی کە بزاڤی شانۆی کوردی بەرزتر و نرخدارتر دەکات.

ئاسۆکانی ڕۆمان

«پوختەی کتێبی (پیشەی ڕۆمان)ی کۆڵن ویلسن»

فازڵ قەرەداغی
(سلێمانی)

(١ - ٢)

پێشەکی بۆ پوختەی کتێبی پیشەی ڕۆمان

ئەو ڕۆمانانەی لە کوردستان دەنووسرێن چەند لەگەڵ هونەری ڕۆمان یەک دەگرنەوە؟ هەرچەندە چیتر وەکو جاران ناتوانرێت مەرجە کۆنەکانی ڕۆمان دەستنیشان بکرێن، چونکە دەکرێت ڕۆمان بەشێکی ئەو مەرجانەیان تێدا نەبێت، بەڵام مەرجی زۆرتر ماون بۆ ئەوەی ڕۆمان لە جۆرەکانی تری نووسین جیابکەنەوە. دەشتوانین دوو شێوازی سەرەکی ڕۆمانی زمانی کوردی بناسینەوە: جۆرێک گێڕانەوەیەکی ڕووتە، جۆرێکیش پەخشان و درێژدادڕیی وەسفە، ئەوانەش کە بەشێوەی دووەم دەنووسن، لە دنیای شیعرەوە چوونەتە ناو دنیای ڕۆمان، بۆیە پەخشان لایان زاڵە و ڕووداو کەمە، گرێش، هەرچەندە دەوترێت گرێ وەکو مەرجێکی ڕۆمان نەماوە، یان ئەوەیە وجوودی نییە، یان لاوازە، سەرباری ئەوەش ڕۆمانەنووسەکە دیلی شێوازی خۆیەتی، ڕۆمانێکیش پێویستی بە شێوازێکی تر بێت، ئەو ناتوانێت بەو شێوازەی خووی پێوە گرتووە، نەینووسێت.

کێشەیەکی گەورەی تریش بابەتی نووسینەکەیە. خۆ دووبارەکردنەوە یەکێکە لە عەیبەکان، هۆیەکەشی بۆ هەژاریی پاشخانی ڕۆشنبیریی نووسەرەکە دەگەڕێتەوە، هەروەها بۆ هەژاریی ئەزموونی ژیانی ئەو نووسەرە. ئەگەر لە ڕوانگەی ئەو ڕۆمانانەوە حوکم لەسەر کوردستان بدەین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کوردستان بەو هەموو دەوڵەمەندییەیەوە لە ڕووی سروشت و مێژوو و کولتوور و بیروباوەڕی میللی و کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و سیاسی و ئاواتی نەتەوەیی و ژیانی قەرەبالغی لاوان...تاد کوردستانێکی هەژارە و لە هەموو ئەو شتانە بێ بەشە. نووسەری زۆریشمان هەن وەک کۆڵن ویلسن لەسەر زمانی (ولیەم فۆکنەر) دەڵێت «بەباشی دەنووسن، بەڵام هیچیان نییە بیڵێن» ئەوانەش، هەروەها زۆرن کە نە بەباشی دەنووسن و نە هیچیان هەیە بیڵێن.

هەژاریی کتێبخانەی کوردی هۆیەکە بۆ ئەوەی نەوەی نوێ لە ڕوانگەی «ڕۆمانی کوردی»یەوە تەماشای دنیای ڕۆمان بکەن، ئەو بڕە ڕۆمانە وەرگێڕدراوانەش بەس نییە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو تێڕوانینە بۆ ڕۆمان.

ئەو هەژارییەش لە هەردوو بواردە: ڕۆمان و لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕۆمانەوە. نەوەی نوێ تەنیا کوردی دەزانن و ئەو کەمەی زمانی تر کە دەیزانن، بەشی ئەوە ناکات ڕۆمان و لێکۆڵینەوە بەو زمانانە بخوێننەوە، بۆیە بەشێکی ئەو نەوەیە، با نەڵێین هەمووی، وا دەزانێت پێویستە وەک فلان و فیساری کورد بنووسین، یان بەلای کەمەوە ڕۆمانی سەرکەوتوو پێویستە بەشێوازی ئەو فلانانە بێت،

کۆڵن ویڵسن

بەڵام داماوییەکە لەوە گەورەترە، چونکە تەنیا بەس نییە ڕۆمان و لێکۆڵینەوە بخوێنینەوە، بەڵکو ڕۆمانناووس پێویستی بە خوێندنەوەی زۆر بواری تر، ڕۆمانناووس پێویستە خوێنەرێکی مەوسووعی بێت، ئەوەش هەمووی لەلایەک و مومارەسەی ژیان و تەجروبەکانی ژیان لەلاکەی تر، ئەگەر داوای پێناسەیەکی ڕۆمانیشم لێ بکرێت، دەڵێم ڕۆمان باسکردنی ژیانە بەشێوازێکی تایبەت کە لە گێڕانەوەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە شێوازی ئاڵۆزتر، لەبەرئەوە کەسێک بە تەجروبەیەکی کەموکورت و لاوازی ژیانەوە، بێجگە لە ڕۆمانی سادە و دوور لە ژیان، شتی ترمان پێنابەخشێت.

ئەم بابەتە خوێندنەوەی کتێب نییە، بەڵکو کورتەیەکی ئەو کتێبەیە، نووسەرەکەشی بیرمەند و ئەدیبی بەریتانیی ناوداراە (کۆڵن ویڵسن). کتێبەکە کۆنە (چاپی یەکەمی ئینگلیزیش ساڵی ١٩٧٥ دەرچووە) و ئەم ناوەی هەڵگرتووە: پیشەی ڕۆمان (یاخود لێزانی لە ڕۆمان) و بە ناوی(هونەری ڕۆمان) بۆ عەرەبی وەرگێڕدراوە(وەرگێڕانی محمد درویش، دار المأمون، بەغدا، ١٩٨٦، چاپی نوێتریشی هەیە). ئەوەش ئاشکرایە کە شت لەو کاتەوە گۆڕاون، بەڵام ئەو گۆڕانە جەوهەرییە نین، لەوەش ناچێت مرۆڤایەتی گەیشتبێتە ئەو دواقۆناغەی ڕۆمان کە (ویڵسن) بە گەشبینییە ناسراوەکەیەوە باسی کردبوو و ناوی نابوو (قۆناغی خۆسەلماندن)، یان ڕۆمان توانبێتی ئەو ئامانجە بە مرۆڤایەتی ببەخشێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕۆمان ڕێگەی هەڵدێری بەرنەداوە کە بەر لە کتێبەکەی ویڵسن باسی کرابوو، لەلایەکی ترەوە دیارە نووسەری زیاتر، پتر لە کاتەکەی ویڵسن، گەڕاونەتەوە سەر شێوازی کۆنتر.

بەر لەوەش ئەو کتێبە بخوێنمەوە، چەند لێکۆڵێنەوەیەکم لەسەر ڕۆمان خوێندبووەوە کە دەتوانم بڵێم ئەو بیرۆکەیەی پێیان بەخشیم لە سوودەکەیان زیاتر بوو. لە ڕاستیشدا خوێندنەوەی زۆرێک لەو کتێبانەی لە ڕۆمان دەدوێن، کتێبە سادەکانیان لێ دەرچێت، بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ ڕقی لە ڕۆمان ببێتەوە، کاتێکیش ناوونیشانەکەی کۆڵن ویڵسنم بینی، ماوەیەکی زۆر لەوە دوودڵ بووم بیخوێنمەوە، چونکە ویڵسنم وەک بیرمەندێک ناسیبوو، دەشمزانی چەند ڕۆمانێکی نووسیوە و ئەو ڕۆمانانەم بینیبوو، بەڵام هیچیانم نەخوێندبووەوە، لەبەرئەوەش کە ویڵسن بیرمەندە وای بۆ چووبووم ڕۆمانەکانی بێ تام بن و دوور بن لە زەوقی هونەری، هەروەک ئەو کورتە چیرۆکانەی فەیلەسووفی بەریتانی بێترتراند ڕەسل کە خوێندبوومنەوە، کەواتە کتێبەکەی لەبارەی هونەری ڕۆمان کتێبێکی وشک و بێ تام و بێ سوود دەبێت، هەرچەندە دەمزانی ویڵسن ئاڵۆزترین فیکرە بە سادەترین تەعبیر دەنووسێت، بۆیە هیچ ئاڵۆزییەک لە نووسینەکانی نییە.

بەهەر حاڵ کتێبەکەیم خوێندەوە و بۆم دەرکەوت کە سەرەتاکانی ویڵسن بریتی بوون لە ڕۆمان خوێندنەوە و ڕۆمانناووسین. بڕیارێشم دا کە ئەمە باشترین کتێبە، بەڵکو بەتامترین کتێبیشە، لەبارەی ڕۆمان تا ئەو کاتە خوێندبێتمەوە. کتێبەکە فیکرەی زۆر بەهێز و جوانی تێدایە، خوێندنەوەش دەبێتە بەڵگەیەکی تر کە «ڕۆمانی کوردی» چەند داماوە.

وەک وتم ئەمەی خوارەوە پوختە و کورتکراوەی کتێبەکەیە، چەندیش دووردرێژ بێت، هێشتا مافی تەواوم نەداوەتێ، بەتایبەتی کە ویڵسن نموونەی زۆری ڕۆمان دەهێنێتەوە و لەبەر درێژە نەدان بە ئەم کورتەیە، ناچار بووم زۆر کەم لەو نموونانە وەربگرم، بێجگە لەوەش خوێنەری کورد ئاگای لە بەشی هەرە زۆری ئەو ڕۆمانانە نییە، بەتایبەت کە بەشێکیان لەم سەردەمەمان و لای خوێنەری ئەوروپیش ناسراو نین. بێ گومان نووسەری زۆرمان هەن ڕۆمانی زۆرێک لەو ڕۆمانناووسە ناودارانەشیان نەخوێندۆتەوە کە ناویان لەکتێبەکەدا هاتووە، بەڵکو ناویشیان نەبیستوون، ئیتر چ جای ئەوەی خوێنەرەکانمان بیاننناسن.

بەپێچەوانەی وەسف و سەنا کە بە ڕۆمانناووسی ناودار

دەبەخشرێت، ویلسن حوکمی قورس بەسەر ئەو ڕۆمانەنووسانەدا دەدات و وەسفی گەورەی ڕۆمانەنووسی تریش دەکات کە کەمتر ناسراون، یان هەر نەناسراون، بۆ نموونە کاتی خۆی (یولیسێس)ی جێمس جۆیس کاریگەریی گەورەی بەسەر هەبوو، بەڵام دەبینین لەم کتێبە ڕەخنەی ئەوەی لێ دەگرێت کە جۆیس ڕۆمانی بە کۆیرەڕێیەک برد، نموونەی پێچەوانەش (لینداسەی) کە ژیانە ئەدەبییەکەی فەشەلێکی تەواو بوو، بەڵام ویلسن، تەکنیکە سەقەتەکەی لێ دەرچێت، زۆر بەرز دەینرخێنێت.

* * *

ویلسن ماوەی ژیانی زۆر لە نووسەرانی تۆمار نەکردووە و بەپێویستم زانی بۆ ئەم کورتەیە زیادیان بکەم، هەمان شتیش بۆ ساڵی بڵاوبوونەوەی بەشێک لە بەرهەمەکان، وەرگێڕە عەرەبییەکەش ناوی نووسەران و کتێبەکانی بە پیتی لاتینی نەنووسیوە، بۆیە بەپێویستم زانی ئەوەش زیاد بکەم، هەروەها بەپێویستم زانی وێنەی هەموو ئەو نووسەرانە وەربگرم، چەندیش بڵاوکردنەوە بواری دا دابنرێن.

* * *

ویلسن لە بەشی یەکەم بەناوی (پیشەی داهێنان) دەڵێت: پرسیاری یەکەم کە پێویستە هەر کەسێک نیازێتی ببێتە نووسەر وەڵامی بداتەوە ئەوە نییە (من کێم) هێنەدەی ئەم پرسیارەیە: (دەمەوێ کێ بم)(ل٢٧). ساڵی (١٩٧٤)یش کە وانەی نووسینی داهێنەرانەی لە زانکۆیەکی ئەمەریکی دەوتەوە، تێبینیی کرد کە ئەوەی قوتابییەکانی خوێندبوویانەوە نووسینی داهێنەرانە بوو، نەک بیرکردنەوەی داهێنەرانە(ل١٤). ئەوانە بەشێوەیەکی باش دەیاننووسی، بەڵام نەیاندەزانی ئەو شتە چییە کە دەینووسن، ئینجا باسی نەوەی (نۆرمان مەیلەر) دەکات کە فۆکنەر، وەک پێشتر باسمان کرد، لەبارەیانەوە وتبووی «بە باشی دەنووسن، بەڵام هیچیان نییە بیلێین».

ویلسن پیشەی ڕۆمان بەرز دەنرخێنێت، ئەوەتا لە کۆتایی بەشی یەکەم دەڵێت کاری ڕۆمان لەسەر کولتووری ڕۆژئاوایی گەورەتر بوو لە کاری داروین و مارکس و فرۆید(ل٢٨).

لە بەشی دووەم (داڕێژەرانی فیکرەکان) باسی ڕۆمانی (پامێلا، یان پاداشتی فەزیلەت) Pamela or Virtue Rewarded سامۆێل ڕیچاردسن Samuel Richard-son (1689-1761) دەکات، کە ساڵی ١٧٤٠ بڵاوی کردەوە و ناوی خۆی لەسەر نەنووسیبوو. ڕۆمانەکە بەشێوازی نامە نووسرابوو و دوو بەرگ بوو کە ئەمە قەبارەیەکی ئاسایی بوو بۆ ڕۆمانی ئەو سەردەمە. ویلسن ڕۆمانی پامێلا بە یەکێک لە شۆڕشگێڕترین کارەکانی سەردەم ناو دەبات. ئەو ڕۆمانەش جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوو وەک (دۆن کیخوتە) و (ڕۆبنسن کروزۆ) هەبوو. ئەوەش کە ڕیچاردسنی کردە ئەو مرۆڤە مەزنە، ئەوە بوو خەیاڵی مرۆڤی تاوداا(ل٣٤). دۆزینەوە گەورەکە ئەوە بوو ڕیچاردسن عەقڵی ئەوروویی فێرکرد لە خەونی ئاگایی نوقم ببێت(٣٧). ویلسن تەئکید لەسەر دەوری خەونی ئاگایی لە ڕۆمان دەکات.

پامێلا ئەو کچە ئیشکەرەیە کە ئاغا دەوڵەمەندە لاوەکەی ماڵەکە ویستبووی لە خشتەی بەرێت، بەڵام کچەکە خۆڕاگر بوو و پاکی خۆی پاراستبوو، لەدوای دوو بەرگی موعاناتی ناو ڕۆمانەکەش، ئەنجامەکە ئاغا کچە پاکەکە دەکاتە هاوسەری خۆی، هەر لەبەر ئەوەش ناوونیشانی لاوەکیی ڕۆمانەکە پاداشتی فەزیلەت (یان ڕاستتر: فەزیلەت کە پاداشت کراوە/ف.ق) بوو (ئەو کاتەش باو بوو بە دوو ناوونیشان ئەو کتێبانە بڵاوبکرێنەوە وەک ئەمەیان: پامێلا، یان پاداشتی فەزیلەت/ف.ق).

پێش پامێلا تەنیا باسی ئەو شتانە دەکرا کە مرۆڤ دەیانکات، دوای پامێلاش نووسین پڕ بوو لە بیرکردنەوە و هەستەکانی کەسایەتییەکان(ل٣٧-٣٨). هەرچەندە دوای ڕیچاردسن ڕۆمانی سەرکەوتوو و گەورە نووسران، بەڵام تەنیا ڕیچاردسن، کە ڕۆمانی تری دوای پامێلای نووسی، ئەو هەستەی بە خوێنەر بەخشی کە لە کاتی خوێندنەوە لەناو ڕووداوەکان دەژی(٤١). پاش ئەوە باسی جان جاک ڕوسۆ Jean-Jacques Rousseau (1712-1778) دەکات و کاری هەرە گەورەی ڕۆمانەکەی (جوولی، یان ئێلوازی نوێ) Julie, ou la nouvelle Héloïse (ساڵی ١٧٦٠) (ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئێلواز؛ زانا و نووسەر و ڕەبەنێکی ئافرەتی فەرەنسیی ناوداری سەدەی ١٢ بوو و قوتابی یەکێک لە ناودارترین مامۆستا و فەیلەسووفانی پاریس پیێر ئابێلار بوو و پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵی هەبوو/ف.ق) لەسەر میژووی ڕۆشنبیریی ئەوروپا کە ئەوەندە ناوی دەرکرد و خوێنەرانی هەژاند و هێندە داوای لەسەر بوو بۆ خوێندنەوە بە سەعات بەکرێ دەدرا. گرێی ڕۆمانەکە تەنانەت لەوەی پامێلاش سادەترە. ڕۆمانەکە باسی (سان پرو) Saint-Preux، مامۆستای تایبەتی جوولی دەکات

سرڤانتس

که باوکی بۆی بەکرێ گرتبوو و قبوولّ نەکردنی ئەو باوکە کـە کـچـەکـەی بداتە ئەو مـامـۆسـتـایە، ئەویان دووردەکەوێتەوە و دوای شووکردنی کچەکە مێردەکەی بانگهێشتی سان پرو دەکات، بەلاّم ئەو و جوولی بڕیار دەدەن خیانەت لەو مێردە نەکەن، لە کۆتاییشدا جوولی دەمرێت و سان پرو دەبێتە مامۆستای منداڵەکانی(ل٤٢ بەدواوە) ویلّسن بەراوردی ئەم ڕۆمانە لەگەلّ ڕۆمانی دووەمی ڕیچاردسن (کلاریسا هارلۆ) (کلاریسا)، یان مێژووی خانمێکی لاو Clarissa, or, the History of a Young Lady/ ف.ق) (ساڵی ١٧٤٨) دەکات کە لە پامێلا سەرکەوتووتر بوو، هەرچەندە دوو ئەوەندەی ئەو دڕێژ بوو و ڕووداوی وای تێ نەبوو و باسەکەی تەنیا ئەوەیە کەسێکی ناپاک کچێکی پاک بێهۆش دەکات و دەستدرێژی سێکسیی لێدەکات، ئەویش بەهۆی شووڕەییەوە دەمرێت(٣٩). تراژیدیای کلاریسا هی کەسێکە لە کاتێکدا ڕوسۆ بە ناڕاستەوخۆیی چەند پرسیارێکی خستبووە ڕوو لەبارەی هەموو گەردوون و ژیانی مرۆڤ و واتای بوون. ویلّسن دەلّێت: ڕیچاردسن ئەوروپای فێرکرد خەون ببینێت، بەلاّم ڕوسۆ فێری کرد چۆن بیر بکاتەوە (ل٤٤).

ویلّسن پاش ئەوە باسی دوو بەرهەمی گرنگی تر دەکات: (خەفەتەکانی ڤێرتەر- ساڵی ١٧٧٤) Die Leiden des jungen Werthersی گۆتە Johann Wolfgang von Goethe (1749-1832) کە وەک کەسایەتی ڕۆمانەکەی ڕوسۆ کەسێکی کۆمەلاّیەتی نییە، بەلّکو کەسێکی تەنیایە و خۆشەویستییەکەی جیابوو لە جۆری خۆشەویستییەکەی پاڵەوانەکەی ڕوسۆ، چونکە وەک دەسەلاّتی ئایینە بەسەر مرۆڤ، ئەو ئافرەتەش کە خۆشی دەوێت تەنیا ئافرەت نەبوو، بەلّکو هێمایەک بوو بۆ هەموو تامەزرۆییەکانی مرۆڤ؛ مێینەی نەمر بوو(٤٥).

دواتر شیلەر Friedrich Schiller (1759-1805) لە تەمەنی هەژدە ساڵی شانۆنامەی (چەتەکان) Die Räuberی نووسی (وەرگێڕی عەرەبی دەیکاتە: دزەکان). دواتر بێ ئەوەی ناوی خۆی بخاتە سەر، بلاّوی کردەوە (ساڵی ١٧٨١) و دوای ئەوە لەسەر شانۆ نمایش کرا (ساڵی ١٧٨٢). شانۆنامەکە ناڕەزایی بوو دژی ستەمکاریی ژیان و نەبوونی ئازادیی ڕوحیی مرۆڤ(٤٦). شانۆنامەکە باسی دوو برا دەکات، یەکەمیان ساختەکار و ئەوەی تر میساللییەکی تۆندوتیژ و هەردووکیان حەز لە هەمان کچ دەکەن. یەکەمیان قەناعەت بە باوکی دەکات براکەی لە میراتی بێ بەش بکات، ئەوەی تریش دەوروژێت و قوتابییە هاوڕێکانی خۆی کۆدەکاتەوە و دەبنە باندێکی کوشتن و ڕاوڕووت کردن، بەلاّم پاڵنەرەکەیان لەو کردارانە لە کوشتن و ڕاوڕووت کردن گەورەتر بوو. لە شانۆنامەکە پاڵەوانەکە دەلّێت: یاسا هەرگیز مرۆڤێکی مەزنی دروست نەکردووە، بەلّکو ئەوە ئازادییە کە پاڵەوانەکان دروست دەکات (...) بۆیە پێویستە یاساکانی کۆمەلّگەی ستەمکار تێک بشکێنرێن، تۆندوتیژیی تاوانکاریش پاساوی هەیە. ویلّسن دەلّێت: ئێمە چیتر بۆ مردنی جوولی و ڤێرتەر ناگرین، زمانە سەرشێتەکەی (چەتەکان) دەربارەی ئازادی بووە ئیلهام بۆ خاوەن ڕۆئیاکان و خەونبینەکان و شۆڕشگێڕەکان. شانۆنامەکە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم نووسرابوو بۆ سەدەی بیستەم کاریگەرترین کتێب بوو(٤٧).

ماوەی تەنیا چل ساڵ نێوان پامێلا و چەتەکان لە ناماقوولّ دەچێت، چونکە جیاوازیی فیکر لەنێوانیان لە هی چەند سەدەیەک نەک چل ساڵ دەچێت، دوای کەمتریش لە دە ساڵ شۆڕشی فەڕەنسی ڕووی دا (ساڵی ١٧٨٩)، فیکرەی شانۆنامەکەش لە لایەن فەوزەوییە سیاسییە پەڕگیرەکانی نەوەدەکانی سەدەی نۆزدە دەوترایەوە. ویلّسن باسی کاریگەری گەورەی چوار کتێبەکەش: (پامێلا) و (جوولی) و (خەفەتەکانی ڤێرتەر) و (چەتەکان) لەسەر ڕێڕەوی مێژوو

دەکات(ل٤٧).

ویلّسن لە کۆتایی بەشەکەدا باسی کاری گەورەی ڕۆمان دەکات کە چۆن دەسەلاتەکەی لە سەدەی هەژدەم لە ئیمپراتۆرییەکەی ئەسکەندەر و قەیسەر فراوانتر بوو(ل٤٨)، پاشان پوختەی قسەکانی بەوە دەکات کە ڕۆمان پەیوەست بوو بە مەسەلەی ئازادی، زۆربەی ڕەخنەگرانیش ڕێکن لەسەر ئەوەی ڕۆمان لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەرەو هەرەس چوو. هینری جێمس (١٨٤٣-١٩١٦) و هەکسلّی Aldous Huxley (1894-1963) و لۆرێنس D. H. R. Lawrence (1885-1930)... شتێکی نوێیان پێشکەش نەکرد، ئەزموونگەرییەکانیش وەک مارسێل پرۆست Marcel Proust(1871-1922) و جێمس جۆیس James Joyce (1882-1941) و ساموێل بێکێت Samuel Beckett (1906-1989) دەریان خست مرۆڤ شتی نوێی زۆری نییە زیادی بکات، واش دیارە کەس هەوڵی نەداوە ئاشکرای بکات بۆچی ڕۆمان گەیشتۆتەوە کۆتایی(٤٩).

ویلّسن لە بەشی سێیەمدا (داڕمان و کەوتن) هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی سەبارەت بە «کەوتنی ڕۆمان» دەدات، ویلّسن شیعرێکی یەیتس William Butler Yeats (1865-1939) دەهێنێتەوە و شی دەکاتەوە: سەرەتا هونەری شکسپیری هەبوو کە بابەتییە (ماسییەکان لەناو دەریا مەلە دەکەن و دوورن لە وشکایی)، پاشان هونەری ڕۆمانسی هات کە زاتی و شەخسییە (ماسییەکان لەناو تۆڕدان و بەرەو وشکایی دێن، ماسی بچووکن نەک جڕوجانەوەرە ئازادەکانی ناو قوواڵاییەکان)، بەڵام زیادەڕەوی لەو زاتییەتە کرا بوو بەو ماسییانەی لەسەر کەنار کەوتوون، بوونە ئەو ڕۆمانانەی گرێیان تێدا نییە و لەبارەی هەستەکانی پاڵەوانەکەوە دەدوێن(ل٥٥)، بەڵام هێشتا کەس لەو سەردەمە بیری لە کێشەی لەو جۆرە نەکردبووەوە، چونکە جیهانی خەیاڵ هێشتا نوێ بوو(ل٥٥)، ڕۆمانەکانی ڕۆمانسییە ئەڵمانەکان پڕن لە دیمەنی هێمنی سروشت: گردی سەوز و گوندی بچووک و قەڵای بەرزی ناو درەختەکان...تاد بەڵام زیاتر و زیاتر دەرکەوت کە ئەو دیمەنانە وجوودیان نییە. ڕۆمانسییەت گەیشتە ئەو کۆتاییەی کە ناکرێت جیهانی واقیع و جیهانی میسال بۆ یەک بگونجێنرێن(ل٥٥-٥٨). لە فەرەنسا ڕۆمان ڕەوتێکی تری گرتبووەبەر، ئەویش واقیعییەتی دەروونی(ل٥٨)، پاش هەرەسی ڕۆمانسییەتیش واقیعییەت (یان سروشتی) هێزی بۆ گەڕایەوە و کەم کەم دەستی بەسەر مێژووی ڕۆماندا گرت(٦٠).

پاش باسی (ئۆنۆرێ دو بالزاک) Honoré de Balzac (1799-1850) وەک ڕۆمانnووسێک، کە سەرەتا ڕۆمانسی بوو، پاشان بووە واقیعی، ویلّسن باسی فیکرەیەکی مەرکەزی خۆی دەکات ئەویش کە مرۆڤی ڕەشبین چەکی مانەوەی پێ نییە، ڕەشبینی بووە هۆی وێران کردنی ڕۆمانسییەت و لەوەوە ڕۆمان لەسەر ڕێگە دوورودرێژە خاوەکەی دارمان ڕۆیشت(٦١).

کاتی خۆی ڕەخنە لە ڕۆمانە ناوداڕەکەی (مەدام بۆڤاری) (1857) Madame Bovaryی (گوستاف فلۆبێر) (1821-1880) Gustave Flaubert، گیرابوو کە سەر بە ڕەوتی واقیعییە، بەوەی بوختان بۆ ئافرەتی فەرەنسی دروست دەکات(چونکە پاڵەوانە ئافرەتەکە ناپاکی هاوسەریی کردبوو). ویلّسن ستایشی ڕۆمانەکە دەکات، بەڵام دەشڵێت ڕاستگۆ نییە و باوەڕی بە قسەکەی (فلۆبێر) نییە کە ئەو هەروەک وێنەگرتن وێنەی ڕاستەوخۆی واقیع پیشان دەدات، چونکە ڕاست نییە نووسەر بێ لایەنە لەبەر ئەوەی تەنانەت وێنەگریش بێ لایەن نییە و وێنەگر ئەو بابەتە هەڵدەبژێرێت کە بەلایەوە گرنگە(٦٣). لەگەڵ ئەوەش (مەدام بۆڤاری) بووە ئینجیل بۆ نووسەرانی لاوی دواتر: ئێمیل زۆلا Émile Zola (1840-1902)، مۆپاسان Guy de Maupassant (1850-1893)...تاد و دەرکەوت شێوازی بەڵگەنامەیی (دۆکیومێنتاری) چارەسەری تەواوی ڕۆمانسییەتە. ویلّسن ڕەخنەی ئەوەیان لێ ناگرێت، وەک چۆن ئەو کاتە ئەو ڕەخنەیەیان لێ گیرابوو، کە ڕۆمانەکانی ئەو نووسەرانە بەتایبەت زۆلا و مۆپاسان پڕن لە سێکس، بەڵکو ڕەخنەکەی ئەوەیە ئەوان ئیددیعا دەکەن کە چاودێرێکی بێ لایەنی ژیانن لەکاتێکدا ئەوان تەنیا یەک لای مەسەلەکە دەخەنە ڕوو، پاشان دەڵێن ژیان بریتییە لەمە(٦٤-٦٦).

ویلّسن لە چەند لاپەڕەیەکی کەم (٦٦-٦٨) ڕەوت و کۆتایی ژیانی مۆپاسان باس دەکات. مۆپاسان کامێراکەی دەخاتە سەر لایەکی بچووکی ژیان، سەرەتا ڕۆمان و چیرۆکەکانی دەدرەوشانەوە، دواتریش مۆپاسان دەچێتە نێو وردەکارییەکانی خەڵەتاندنی ئافرەت لەلایەن پیاوەوە (چونکە بەرهەمەکانی باسی پێوەندییە سێکسییەکانی پیاو لەگەڵ ئافرەت دەکەن و کە تێیاندا ئافرەت لایەنە لاوازەکەیە) و (ساددییەت)ی پێوە دیار دەبێت، پاشان تەواو سەرقاڵی دڵڕەقی و لاوازی و

خودپەرستی دەبێت. مۆپاسان پاش کۆتایی هاتنی دیمەنی ژووری نووستن، نازانێت چی لە پاڵەوانەکەی بکات، کێشەی مۆپاسان ئەوە بوو پاش ڕۆمانی (ژیانی ئافرەتێک) چیتر بەدوای چارەسەری ئەو کێشەیە نەدەگەڕا کە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ وجوودی مرۆڤایەتی هەیبووە.

لێرەدا ویلسن فیکرەکەی دەخاتە ڕوو: ڕۆمان هێزەکەی لە ململانەی ڕۆمانووسەکە لەگەڵ کێشەکە وەردەگرێت و هەر کاتێک ئەو ململانەیە بوەستێت، ڕۆمانووس لە ڕووی هونەرییەوە بەرەو مردن دەچێت. یەکسەر دوای ئەوەش دەڵێت: ئێستا دەتوانین بزانین بۆچی ڕۆمان بەرەو هەرەس ڕۆیشت: ڕۆمان سەرەتا ڕەهەندێکی نوێی بۆ ئازادیی ئینسانی بەخشی، بەڵام کێشەی ئازادی هەروەها ئەو کێشەیەش دەوروژێنێت کە ئایا دەمانەوێت چ شتێک بەو ئازادییە ئەنجام بدەین، پاش ئەوە «واقیعییەکان» هاتن کە بەرهەمەکانیان هێندە قوڵ بوون و توانایی قەناعەت کردنیان بە خوێنەر هەبوو کە وا دیاربوو ئەوان سەرکەوتوو دەبن لەو کاتەی دیاربوو ڕۆمانسییەکان سەرکەوتوو نەبوون، واقیعییەت بەردەوام بوو لە داگیرکردنی جیهانی ئەدەب، بەڵام کە ساڵی ١٩٠٠ هات واقیعییەت بووە تاڵاو، چونکە چ سوودێک هەیە ئاوێنەکە دابنێین بۆ نیشاندانی سروشت، ئەگەر ئەو سروشتە پڕ بێت لە فەوزا و بێ مانایی؟(٦٨-٦٩).

دارمانی ڕۆمان لە ئینگلتەرا کەمتر دیاربوو، چونکە ئاواتی ڕۆمانووسە ئینگلیزەکان و ئەزموونگەرییەکەیان کەمتر بوو، دارمانەکەش خاو بوو، هەرچەندیشە بەهۆی ڕۆمانووسە ئەزموونگەرە لاوەکان؛ جۆیس و هەکسلی و لۆرێنس وا دەرکەوت ڕۆمان شتێک لە بزێوییە کۆنەکەی دەست کەوتەوە، بەڵام کە ١٩٤٠ هات، دەرکەوت ئەو ئاواتە پێشوەخت بوو و کەس گومانی لەوە نەما کە ڕۆمان گەیشتە کۆتایی ڕێگە وەک شێوازێکی ئەدەبی(٦٩-٧٠). ویلسن کۆتایی ئەو بەشە بۆ ڕۆمانی ڕووسی تەرخان دەکات (٧٠-٧٤) و دەڵێت هەردوو دروستبوونی و کەوتنی گەورە بوون.

لە بەشی چوارەم (سەبارەت بە ژیان...) لە ٧٧ بەدواوە، باسی خەیاڵ و دروست کردنی ئەزموونێکی بەدیلی واقیع دەکات، ئەوەش وەک خەونی ئاگایی وایە. ڕیچاردسن نووسەری فێر کرد ڕۆمان وەکو ئاوێنەیەک بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی دەموچاوی خۆی ببینێت، ئەوەش واتای ئەوە نییە ڕۆمانووس وێنەیەکی خۆی پیشان بدات کە بریتی بێت لە مێژووی ژیانی خۆی، چونکە ئەمە کارێکی ئاسانە و زۆریش گرنگ نییە. ئامانجی ڕاستەقینە ئەوەیە ڕۆمانووس وێنەی ئەو شتە بخاتەڕوو کە خۆی دەیەوێت، ئەمەش وەک چەمکی تاقیکردنەوەی فیکرییە لە فەلسەفە ئەویش بەکارهێنانی خەیاڵە بۆ ئەوەی فیکرەیەکت هەبێت لەکاتی ڕوودانی شتێک، وەکو بۆ نموونە وێنەی جیهان بکێشێت کاتێک هەموو کتێبەکان لەناوببرێن، دەشتوانین بڵێین کە ڕیچاردسن تاقیکردنەوەیەکی فیکریی کردبوو بۆ دەستدرێژی سێکسی لە (کلاریسا) و لە ئەنجامەکەی کۆڵییەوە، ئەنجامەکەشی ئەوەبوو کە دەستدرێژی بۆ هەردوو لاکە کارەسات دەبێت(٧٨).

مرۆڤ تاکە ئاژەڵە خەونی ئاگایی دەبینێت، خەونی ئاگاییش جۆرێک لە ئازادیی فیکریت پێ دەبەخشێت، تەنانەت ئەگەر کوشتنی کەسێکیش بێت کە ڕقت لێیەتی. لەسەرەتاش ئامانجی سەرەکی ڕۆمان پەیوەست بوو بە هەست کردن بە ئازادی، کێشەی ئازادیش بووە یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی ڕۆمان(٧٩).

کاری ڕۆمان وەکو کاری تلیاکە، بەڵام تلیاک کۆئەندامی دەمار هێمن دەکاتەوە و دەیکاتە شتێکی بێ جوولە، بەجۆرێک دەهێڵێت عەقڵ دوور بڕوات. لەکاتێکدا کاری ڕۆمان وەک فراوان کردنی مەجالی بینینە، هۆشی ئێمە تەسکە وەکو کامێرایەکە زەڕەبینەکەی گۆشەیەکی تیژی هەیە کە وێنەیەکی جوانی نزیک دەگرێت، بەڵام بواری ئەو وێنەیە سنووداوە، لە کاتێکدا وێنەگری پسپۆڕ دەتوانێت زەڕەبینێک دابنێت کە گۆشەیەکی فراوان بگرێت، ڕۆمانیش زەڕەبینێکی گۆشەفراوان دەخاتە ناو مێشک و وەکو کامێرایەکمان لێ دێت بەهەوا بەرز دەبێتەوە و لەپڕ ڕێگەکانی لادێ دەردەخات. ئێمە دەمانزانی ئەو ڕێگایانە هەبوون، بەڵام زەڕەبینە گۆشەتەسکەکەی هۆشی ڕۆژانە نەیدەهێشت بیانبینین(٨٠).

کەواتە دەتوانین بزانین بۆچی ڕۆمانی سروشتی ئەو پێشکەوتنە شۆڕشگێڕانە نەبوو وەک چۆن (فلۆبێر)و (زۆلا) وایان باوەڕ بوو، فلۆبێر لە (مەدام بۆڤاری) هەنگاوێک، بەڵکو دوو هەنگاویش چووە دواوە، چونکە زەڕەبینە گۆشەفراوانەکەی گۆڕی بە زەڕەبینێکی گۆشەتەسک، هەروەها بۆ دەورە مەرکەزییەکەی ڕۆمانەکە کەسێکی گەمەبازی دەبەنگی هەڵبژارد کە ناتوانین بە وێنەیەکی زاتیی فلۆبێری بزانین. ڕاستە ڕۆمانەکە دەربارەی (ئازادی)یە؛ هەوڵی کەیبانوویەک شتێک ئازادی بەدی بهێنێت، بەڵام ئەمە قوولبونەوە نییە لە

ئازادی، چونکه (شارل) و (ئیما) هەر لەسەرتاوە لەژێر چنگی قەدەر بوون(٨١).

ئەگەریش زۆلا و فلۆبێر بەش بەحاڵی خۆیان نووسەری مەزن بوونایە، دەبوایە هەردوو زەرەبینەکەیان لە کامێراکەیان ببەستایە: هەردوو گۆشە تەسکەکە و گۆشە فراوانەکە، تۆلستۆی (١٨٢٨-١٩١٠) تاکە ڕۆمانnووس بوو لەو ڕاستییە (ئەویش بە غەریزەت) تێگەیشبوو، چونکە ڕۆمانی (جەنگ و ئاشتی) بینینەکە بە هەردوو زەرەبینەکە کۆدەکاتەوە(٨١). ویلسن لە کۆتایی بەشەکە (ل٩٦-٩٧) پوختەی ئەنجامەکانی تا ئەو لاپەڕانە دەڵێت:

١- ئامانجی ڕۆمان ئەوەیە هۆشی گۆشەفراوان پێشکەش بکات، هۆشی ڕۆژانەش تەسک و سنووردارە.

٢- ڕۆمان هاوتای ئەزموونە. زۆربەشمان ئەزموونێکی فراوانترمان دەوێت، فراوانتر لەو ئەزموونەی ژیانەکەمان پێمان دەبەخشێت، ڕۆمانیش دەتوانێت تا ڕادەیەک ئەمەمان پێ بدات، بەڵکو دەشتوانێت چەند شێوەیەکی ئەزموونمان پێ ببەخشێت کە لە واقیع مەحاڵە.

٣- ڕۆمان شێوازێکی تاقیکردنەوەی فیکرییە و ئامانجەکەی ئەوەیە شێکمان فێر بکات لەبارەی جیهانی واقیعییەوە.

٤- ئامانجی ڕۆمان تەنیا ئەوە نییە هۆشی گۆشە فراوانمان پێ ببەخشێت، بەڵکو هۆشێک کە سێ ڕەهەندەکەی هەبێت، شتێک وەکو ئەزموونی تلیاک کێشان (خاوبوونەوە و کرانەوە)، بەڵام لەگەڵ هەبوونی هەست کردنێکی دروست بە واقیع، بەڵکو لەوەش زیاتر درک کردن بە ئاڵۆزییە گەورە و وروژێنەرەکەی جیهان.

٥- ڕۆمانە فاشلەکان تاقیکردنەوەی فیکرین کە بەشێوەیەکی دروست نەهاتوونەتە بوون و وەکو کارێکی ماتماتیکن کە ئەنجامێکی دروستی نەبووە.

٦- ئامانجی هەموو ئەو تاقیکردنەوە فیکرییانە قوولبونەوەیە لە ئازادی.

ویلسن بەشی پێنجەم (ڕەچەتەیەک بۆ سەرکەوتن)

تەرخان دەکات بۆ بەخشینی باوەڕ بەخۆ بە هەر کەسێک لە دواڕۆژ دەبێتە ڕۆمانnووس و وا هەست دەکات کارێکی نزیکە مەحاڵە، ئەگەر ڕۆمانێک بنووسێت لە ڕووی هونەرییەوە سەرکەوتوو بێت. ویلسن دەڵێت ئەوە مەحاڵ نییە، بەڵکو تا ڕادەیەک ئاسانە و هەزاران جار ئەنجام دراوە.

ویلسن باسی بنەمای سەرەکی دەکات کە بریتییە لە یەکێک لە یاساکانی ژیان. ئازادی بریتییە لە بەتاڵکردنەوەی گرژی، بۆیە ڕۆمانی سەرکەوتوو ئەوەیە کە گرژی دروست دەکات، پاشان ڕێگەی پێدەدات وەکو هەورەگرمە دەربچێت. نموونەی میلۆدرامای سەردەمی ڤیکتۆری و فیلمە کۆنەکانی هۆلیوود دەهێنێتەوە کە بەمە دەست پێدەکەن: چەپەڵێک سمێڵی خۆی بادەدات لەو کاتەی نەخشە بۆ تاوانێک دەکێشێت، ئەم دیمەنە یەکسەر گرژی دروست دەکات، ئەویش خواستی جەماوەرە، تەنانەت ئەوانەش کە شارەزاترن، ئەو چەپەڵە ببینن بە سزای خۆی گەیشتبێت(١٠١).

ویلسن نموونەی ڕۆمانی (خۆویست-TheEgoist)ی جۆرج میریدث George Mere-dith (1828-1909) دەهێنێتەوە(ل١٠١ بەدواوە) کە نووسەر لە دوو لاپەڕەو نیوی سەرەتای ڕۆمانەکە خوێنەر وا لێدەکات کەسە خۆپەرستەکە وەکو قێزەونێک ببینێت و حەز بکات کەسی چەپەڵ بەسزای خۆی بگات، هەروەها نووسەرەکە ناهێڵێت خوێنەر چاوەڕێ بکات (بیرتان دێت چەند بێزار دەبوون بەو پێشەکییە دوورودرێژانە کە نازانن بەرەو کوێتان دەبەن؟/ف.ق). پاش باسی پوختەی ڕۆمانەکەش ویلسن دەڵێت کە پڕە لە ڕووداوی ناماقوول، بەڵام ئێمە نارازی نابین، چونکە خۆشی دەبینین کاتێک دەهێڵێن نووسەرەکە یاری بە سۆزەکانمان بکات(١٠٤)، ئەمەشە فێڵەکە؛ (گرژی و بەرەڵلاکردنی گرژی)، ئەمەشە وات لێدەکات هەست بە ئازادی بکەی.

دەشتوانرێت ئەمە لەسەر چەند ئاستێک بکرێت، بۆ نموونە زۆربەی ڕۆمانەکانی خاتوو (جەین ئۆستن) Jane Austen (1775-1817) دەربارەی ئافرەتێکی لاوی جوانە کە بەدوای میردێک دەگەڕێت. سیحری ئەو ڕۆمانانەش ئەوەیە گرێکەیان سادەیە(١٠٤)، بەڵام ئەو ئازادییەی کە بەلای ئۆستنەوە گرنگە لە چوارچێوەیەکی تەسکتر لەچاو ئەو ئازادییەی بەلای (سارتر)ەوە (١٩٠٥-١٩٨٠) گرنگە، چونکە پاڵەوانی سەرەکی (ڕێگەکانی ئازادی)ی سارتر کەوتۆتە ژێر کاریگەری شێوازی تری ئازادی: ئەخلاقی، سیاسی، وجوودی(١٠٥).

باسی بەرگی یەکەمی ئەو ڕۆمانەش دەکات کە سارتر تێیدا لە یاسای دروست کردنی گرژی و بەرەڵلاکردنی ئەو گرژییە سەرکەوتوو بوو. کە ئەو بەشەش تەواو دەکەی حەز دەکەی بەرگی دووەم بخوێنیتەوە، بەڵام سارتر لێرە سەرکەوتوو نابێت و وا پێدەچێت بە گەشتێک دەتبات بێ ئەوەی خۆی بزانێت کۆتاییەکەی کوێیە، دواییش و لەبەرگی سێیەم و زۆر پێش تەواوبوونی بەرگەکە

ڕۆمانەکە پەرشوبلاو دەبێت. لەدوای ئەوە سارتر بەرگی چوارەمی تەواو نەکرد(١٠٥-١٠٧).

ویلسن باسی دوو جۆرە ڕۆماننووس دەکات: ئەوانەی بە بەرزی دەفڕن و ئەوانەی بە نزمی دەفڕن. سارتر و ڕۆمان ڕۆلان (Romain Rolland (1866 -1944و دەستۆیڤسکی (Dostoevsky (1821-1881 و لۆرێنس لە جۆری یەکەمن، خاتوو جەین ئۆستن و خاتوو چارلۆت برۆنتی (Charlotte Brontë (1816-1855 کە ڕۆماننووسی باش بوون لە جۆری دووەمن.

نووسینی ڕۆمانێکی سەرکەوتووش لەجۆری دووەم زۆر ئاسانترە، هەموشیان بە دەستکەوتێک کۆتاییان پێدێت کە جێگەی ڕەزامەندییە، لە کاتێکدا کەم ڕۆمانی دەستۆیڤسکی و لۆرێنس (کە ئەمانە بەرز دەفڕن) خوێنەر وا لێدەکەن هەست بە دەستکەوتێکی هێمن بکات، چونکە ڕۆمانی سەرکەوتوو بە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی دروستی کردووە کۆتایی پێدێت، لە کاتێکدا ئەو کێشانەی کە بەرزفڕەکان دەیخەنە ڕوو هێندە گەورەن ناتوانرێت بەوردی چارەسەر بکرێن(١٠٨-١٠٩).

پاش باسی دوو نموونەی ڕۆمانی سەدەی بیستەمیش کە لەو جۆرەن کە بە بەرزی دەفڕن(١٠٩-١١١) دەڵێت: لێرە گەیشتینە کرۆکی کێشەی ڕۆمانی سەدەی بیستەم کە ڕۆماننووس تەنیا دەتوانێت وێنەیەکی زاتی ڕوونی خۆی دابەزێنێت، ئەویش ئەگەر زانی خۆی چی دەوێت. ڕیچاردسن و ئۆستن و دوو بڕۆنتییەکە دەیانتوانی ڕۆمانی وا بنووسن کە جێگەی ڕەزامەندی بن، چونکە ئەوەی دەیانویست ڕوون و دیاربوو، بەڵام چاوەڕێ دەکرێت ئەوەی ڕۆمانێکی سەدەی بیست بنووسێت، نەزانێت خۆی چی دەوێت(١١١).

ویلسن لە بەشی شەشەم (جۆرەکانی بەجێهێنانی حەز) دەڵێت: چیرۆک لە فانتازیایەک دەچێت، فانتازیایەکی بەجێهێنانی حەز(١١٨). ویلسن (لاپەڕە ١١٧ بەدواوە) نموونەی ڕۆمانی (شەقامی پان -سالّی ١٩١٠)ی جێفری فارنۆل (Jeffery Farnol (1878-1952 دەهێنێتەوە کە چیرۆکێکە مەحاڵە ڕووبدات و پشت بە زنجیرەیەک ڕێکەوت دەبەستێت، لەگەڵ ئەوەش هی ئەوەیە بخوێنرێتەوە، چونکە خوێنەر دەخاتە حاڵەتی خەونی ئاگایی، خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی فارنۆلیش بریتییە لە درک کردن بەوەی کە خەونی ئاگایی بناغەی دروستی هەموو جۆرەکانی ئەدەبە(١٢٠)، دەشڵێت: سروشتی و واقیعیەت و سۆشیالیزم و شیکاریی دەروونی و ئەزموونی زمانەوانی هەموو ڕێگەی خۆشن بۆ ڕۆمان، بەڵام هیچیان ماددە و کرۆکی ڕۆمان نین. پاڵنەری سەرەکی ڕۆمان بریتییە لە زەروورەتی دروست کردنی واقیعێک (واقیعێک مرۆڤ حەزی پێ بکات)، واتە دابەزاندنی وێنەیەکی ئەو ژیانەی کە حەز دەکەی ببیبەیتە سەر و شێوازی ئەو مرۆڤەی کە دەتەوێت ببی بەو(١٢١).

ویلسن تیوری دەروونناس (ئەبراهام ماسلۆ) -Abra ham Maslow (ساڵی ١٩٤٣) سەبارەت بە پەیکەری هەرەمیی پێداویستییەکان بەسەر ڕۆمان دەچەسپێنێت، پێداویستیی سەرەکی بوونەوەرەکان خواردن و خواردنەوەیە (هەروەها نووستن و سێکس...تاد بەکورتی پێداویستییە فسیۆلۆژییەکان/ف.ق)، کە ئەمەش دابین کرا پێداویستی تر دێنە پێشەوە: ئەمینی (ئەمینی لەش و خێزان و تەندروستی و مۆڵک/ف.ق)، پاشان دۆستایەتی سێکسی (خێزان، هاوڕێتی/ف.ق)، لەسەرووی ئەویشەوە پێداویستی ڕێزگرتن لە خۆ وەک ئەوەی دراوسێیەک ڕێز و سەرسامی هەبێ بۆت، یان پلەوپایەت هەبێت، ئاستێکی بەرزتری ئەو پەیکەرەش ئاستی خۆسەلماندنی خوڵقێنەرە، ئەویش پێویستی مرۆڤە کە شتێک بەجێ بهێنێت تەنیا بۆ خودی ئەو شتە، تەنانەت ئەگەر شتەکە تەنیا چاندنی گوڵ بێت. بەهەمان شێوە و بەپێی ویلسن لە مێژووی ئەدەب ئاستی یەکەم وجوودی نییە، چونکە خەڵک ئەدەب بەرهەم ناهێنێت کاتێک پێویستی بە خواردن بێت(١٢٢)، بەڵام کە تەماشای ئاستی سەروو ئەو دەکەین، دەبینین ئەدەبی کۆن (ئیلیادە...تاد) ململانە بوو لەسەر زەوی، پاشانیش لە سەدەی چواردەم، نموونەکە (ئافرەتی نەمر) بوو، دوای پێنج سەد ساڵیش سەرهەڵدانی ڕۆمان مرۆڤی گەیاندە ئاستی دوای ئەو، واتە ڕێزگرتن لەخۆ، ئینجا وا دیارە قۆناغی دوای ئەمە (وەک کتێبەکەی ویلسن ساڵی ١٩٧٥ بڵاوبووەوە) بریتی بێت لە قۆناغی خۆسەلماندن، (بەدیهێنانی خود)(١٢٣).

ویلسن دەگەڕێتەوە سەر بەجێهێنانی حەز و نموونەی (ئارنۆڵد بینێت) (Arnold Bennett (1867-1931 دەهێنێتەوە کە ڕۆمانێکی نووسی و تێیدا سەرکەوتوو بوو، لەبەر ئەوەی تێیدا وێنەی خودی خۆی نیشان دا، بەڵام دوای ئەو ڕۆمانە لە ڕووی هونەرییەوە مرد، چونکە هەمان ئەو شتەی نەکرد، نووسەریش ناتوانێت گەشە بسەنێت، ئەگەر نەزانێت خۆی چی دەوێت و نەزانێت حەز دەکات ببێتە چی(١٢٣-١٢٦).

ئێچ. جی. وێلز (Herbert George Wells (1866-

(1946 خەیاڵێکی فراوانتری هەبوو و باوەڕی وابوو هەموو کێشەکانی جیهان بە زانست و فیترەت چارەسەر دەکرێن. وێڵز وێنەیەکی خودی خۆی کێشاوە، بەڵام بەشێوەیەکی بچووک، دواتریش بەرەو نشێو ڕۆشت، ئینجا ڕەشبین بوو بەرانبەر دوارۆژی مرۆڤ(١٢٦-١٢٨). ژیانی تایبەتی وێڵز پڕ بووە لە پێوەندی سێکسی لەگەڵ ئافرەتان. وێڵسن ئەم کێشەیەی داهێنەران دەوروژێنێت و دەڵێت هۆکاری سەرەکی کە داهێنەران هەوڵ دەدەن پێوەندی سێکسی نەکەن، ئەوەیە ئەم کارە وێنەی خود تێک دەدات، هەڵوەشانیش لە فیکری ئەو فەیلەسووفە هەیە کە ڕۆژانی خۆی لە گەڕان بەدوای ڕەگەزەکەی تر بەسەر دەبات، لای (جۆرج بێرنارد شۆ)ش (١٨٥٦-١٩٥٠) تەکنیکی وێنەی خود لە حاڵەتێکی زۆر باش بوو، ئەو لە سەرەتای گەشەکردنی پێوەندی زۆری هەبوو، بەڵام کە گەیشتە چل ساڵ وازی لێهێنان(١٢٩-١٣٠).

کەواتە بەدی هێنانی حەز (خواست) بناغەی دروستی تێکڕای داهێنانە(١٣٢) کە بێ گومان ئەو بەدی هێنانی حەزە لە ڕێگەی دابەزاندنێکی سەرکەوتووی وێنەی خودە.

لە بەشی حەوتەم (ئەزموونگەل) باسی چەند ئەزموونێک دەکات؛ باسی جۆیس دەکات کە وێنەی خود زۆر بەسەریدا زاڵ بوو و هێندە تووند بوو کە هەندێ جار وەکو شێتێک دەردەکەوت(١٤١)، ئەو هەستەشمان بۆ دروست دەبێت کە ئەگەر حەزکردن بە ئیعجاب و ناوداری و ڕێزگرتن لەخود بەو ئەندازەیە گەورە بێت، نووسەرەکە ڕێگای شێتی دەگرێتە بەر(١٤٢).

کاتێکیش (یولیسێس)ی جۆیس ساڵی ١٩٢٢ بڵاوبووەوە دانی پێدانرا کە یەکێکە لە گرنگترین ڕۆمان لە ڕۆژگاری ڕۆمانی (پامێلا)وە، بەڵام نووسینی چارەکە ملیۆنێک وشە لەبارەی یەک ڕۆژی کەسەکان و بیرکردنەوەی ئەو کەسانەوە (وەک چۆن کاری بەڵگەنامەیی بێت) دەبێتە هۆی نەهێشتنی ڕووداو لەو ڕۆمانەدا، کە ڕووداویش نەبێت پێویستە شتێکی تر لەو قەبارە گەورەیە جێگەی بگرێتەوە ئەویش زمان (تێبینیی زاڵبوونی زمانیش بەسەر ڕووداو بکە لە زۆر ڕۆمانی کوردی، بەڵام بەشێوەیەکی تر/ ف.ق). بێ گومان ڕووداوی زۆر لە یولیسێسدا هەن، بەڵام وێڵسن وشەی «ڕووداون» دەخاتە کەوانەوە و دەڵێت شتێک لەو ڕۆمانەدا نییە کە خوێنەر لاپەڕە لەدوای لاپەڕە پەلکێش بکات ئەویش بەپێچەوانەی پامێلا و کلاریسا.

ئەو کاری بەڵگەنامەییەش ژەمێکی گەورەتری واقیعییەتە، کێشەش لای وێڵسن ئەوە نییە واقیعییەتێکی زیاتر بخرێتە ڕوو، هەر ئەمەش بوو (پامێلا)ی کردبووە ڕۆمانێکی خۆش، بەڵام پێویستە ڕۆمانەکە بگاتە خاڵێک. ئەو شتەش کە خوێنەرە یەکەمەکانی یولیسێسی بێ تاقەت کردبوو، ئەوە بوو کە نەگەیشتە هیچ خاڵێک.

جۆیس ویستی لە جیاتی زەڕەبینی ئاسایی زەڕەبینێک دابنێت کە شت گەورە بکات و ڕاستی بە وردەکاریی زۆرەوە پێشکەش بکات (٧٥٠ لاپەڕەی دۆکیومێنتاری دەربارەی یەک ڕۆژ) کە پێش ئەو کەس نەیکردبوو، خەڵەلیش لەوەیە کە ڕۆمان مەبەستێتی هۆشێکی گۆشەفراوان دروست بکات، بەڵام جۆیس زەڕەبینێکی پێشکەش کردین کە لەوانەی پێشووش تەسکتر بوو(١٤٢-١٤٤).

زۆریش لە ڕۆماننووسەکان قەناعەتیان بۆ دروست بوو کە گرێ لە ڕۆمان شتێکی کۆنە، بەڵام وێڵسن باوەڕ بەوە ناکات و دەڵێت یولیسێس گرێی تێدایە، هەروەک گرێی ڕۆمانی (کلاریسا)، ئەوەندە هەیە گرێکە تایبەتە بە ستێفن دێدالوس Stephen Dedalus و بڕیارەکەی کە ببێتە هونەرمەند(١٤٤).

یولیسێس پارچەیەکی خۆ مەزن کردنە(١٤٨). وێڵسن نموونەیەک لەسەر خۆ بە گرنگ زانینی جۆیس دەهێنێتەوە کە بە (یەیتس)ی شاعیری ناوداری وتبوو پاش ئەوەی پێیان ناساند: دڕەنگ یەکترمان بینی، چونکە تەمەنت هێندە زۆربووە ناتوانی بکەویتە ژێر کاریگەریمەوە(١٤٩).

ڕەنگە یولیسێس ڕۆمانێکی مەزن بێت لەگەڵ ئەوەش زۆرترین زیانی بۆ ئەدەبی سەدەی بیستەم هەبوو، چونکە هەر یولیسێس بوو وای لە ڕەخنەگران کرد بڵێن ڕۆمان گەیشتە پایان(٤٩). جۆیس کاردانەوەی تووندی دەنواند وەک قسەکەی کە گوایە فیکرەکان پێوەندییان بە ئەدەبەوە نییە. ئەم ڕەقەش لە فیکر، کە لەگەڵ تەوژمی وجوودییەت کۆک بوو، گەورەترین زیانی بە ئەدەب گەیاند(١٤٩)، نووسەرێکیش کە فیکرەکان بە گرنگ نەزانێت، خۆی بە ڕەشبینییەوە پەیوەست دەکات(١٥٠) لەگەڵ ئەوەش نەک تەنیا جۆیس خۆی پیاوی فیکرەکانە، بەڵکو لەوەش زیاتر یولیسێس کتێبێکی گەشبینە کە ئەمە ناڕێکییەکە بۆ خۆی(١٥٠).

بەپێچەوانەی باوەڕی باویشەوە یولیسێس هەوڵێک نەبوو بۆ نووسینی ڕۆمانی مەوزووعیی مەزن لەسەدەی

بیستەمدا، بەڵکو ڕۆمانێکی خودی (زاتی) بوو تا دوورترین سنووری زاتییەت و هەڵقوڵاوی سۆزەکانی جۆیس بوو(١٥٠-١٥١) .

دوای جۆیس ویلسن باسی نووسەری ئەزموونگەری تر دەکات(١٥٤ بەدواوە). لە ڕۆمانی ئەزموونگەر، نووسەر تەکنیکی نوێ بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی دیدی زاتی خۆی بۆ واقیع باس بکات. ڕۆمانی ئەزموونگەری نەدۆزینەوەی وێنەی خودە، یان نەدۆزینەوەی ئامانجە، هەر کاتێکیش نووسەرێک وێنەیەکی خود، یان ئامانجێک بدۆزێتەوە ئیتر ڕۆمانی ئەزموونگەری نانووسێت(١٥٨). شێوازی هەڕەبەرزی ڕۆمان (گرژی و بەرەللاکردنی گرژی)یە، ڕۆمانە ئەزموونگەرییەکانیش ناتوانن ئەو خولە تەواو بکەن، بۆیە زۆربەیان ڕەشبینن. بە کورتیش ڕۆمانی ئەزموونگەری ئەزموونێکی فیکریی سەرنەکەوتووە(١٥٨) لە باسی (هەمینگوای)ش دەڵێت ئەو ڕەشبینییە نەیهێشت هەمینگوای گەشە بکات وەکو چۆن نەیهێشت جۆیس و پرۆست و موسیل گەشە بکەن(١٦١).

لە بەشی هەشتەم کە ناوی (فیکرگەل)ی داوەتێ، باسی تیوری پیاوی خۆ بە ڕاستزان، یان پیاوی تووندوتیژی دەکات کە (ڤان ڤۆگت) Alfred Elton van Vogt (1912-2000) باسی کردبوو، ئەویش ئەو پیاوەیە کە هەرگیز ددان بەوە دانانێت کە هەڵە بووە و زیاد لە هەموو مرۆڤێک حەزی بە دەسەڵاتی ڕەهایە و (من)ـەکەی بە فانتازیای دەسەڵاتی نادیار تێرئاو دەکات.

سوودی ئەم تیورە وەک سوودی هاوکێشەیە بۆ ماتماتیک زانەکان. هەر ئەوەندەش بەس نییە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ تێبینی بکەین، بەڵکو پێویستە ئەو تایبەتمەندییانە پۆلێن بکەین و لە یاسا گشتییەکانیان تێبگەین. ویلسن پاش نموونە هێنانەوە لەسەر مۆپاسان و چەند چیرۆکێکی دەڵێت کە مۆپاسان ناڕێکییەکانی دەروونی نێرینەی بە وردی تێبینی کردبوو، بەڵام هەرگیز بیری لێنەدەکردنەوە (واتە هەوڵی نەدا یاسا گشتییەکانی بدۆزێتەوە)، بۆیە قەت نەبووە نووسەرێکی مەزن(١٦٧-١٦٩).

یەکێکیش لە یاسا سەرەکییەکانی داهێنان بریتییە لە خۆخەریک کردنێکی زۆر لەگەڵ فیکرەیەک تا سەرجەم ناوەرۆکەکەی ببینی. نووسەری باش وەک کامێرا ڕەفتار دەکات و هەڵوێستی دروست وەردەگرێت، بەڵام نووسەری جددی ئەوەیە کە بایەخ بە ناوەرۆک دەدات و وەکو زانای ماتماتیک بایەخ بە هاوکێشە گشتییەکان دەدات، تیوری پیاوی تووندوتیژیش نموونەیەکە لەسەر هاوکێشەی گشتی(١٧٠).

هاوکێشە گشتییەکان بریتیین لە فیکرەکان، ئەوانیش بناغەی هەموو نووسینێکی جددین. ماوەیەکی زۆریشە نووسەران بۆچوونێکی هەڵەیان هەیە کە فیکرەکان جێگەیان لە ئەدەب نابێتەوە، چونکە بە قسەی خۆیان ئەدەب تایبەتە بە ژیان، بەڵام ئەوانەش هەروەها هەڵە بوون کە باوەڕیان بە فیکر هەبوو وەک (هەکسلّی). هەکسلّی ڕەخنەی لە هەمینگوای دەگرت کە هەوڵی دەدا دەبەنگی و تەمومژی بپەرستێن، بەڵام بۆ خۆشی هەڵە بوو، چونکە ڕۆمانەکانی واقیعی نەبوون و کەسایەتییەکانی لە مێشکییەوە دەچوونە سەر کاغەز، هەمینگوای (١٨٩٩-١٩٦١) Ernest Miller Hem-ingway هەقی بووە ئەمە قبووڵ نەکات، بەڵام ئەمیش هەڵە بوو کە دەیوت نووسەری باش هەوڵ دەدات ڕاستیی واقیعی بڵێت و کاری بە هەستی جوان و فیکرەی تەجریدی نییە(١٧٠ -١٧١).

کە باسی فیکریش دەکەین مەبەست لەو جۆرەی ڕۆمانەکانی هەکسلّی نییە کە تێیاندا ڕۆشنبیرەکان لە دەوری مێزێک دادەنیشن و بەڵگەی خۆیان لەسەر مەسەلەیەکی فەلسەفە دەهێننەوە، مەبەست لە (فیکر) ئەوەیە هەموو کتێبەکە چی دەڵێت. هەموو نووسینێکیش فیکرەیەکی تێدایە، خۆ ئەگەر نووسەرەکە دەبەنگ بێت، یان بەهرەی نەبێت فیکرەکەشی سواو دەبێت. لەبەرئەوە کاتێک باسی فیکرەی ناو ڕۆمانێک دەکەین، مەبەستمان لە هەوڵی نووسەرەکەیە کە دیدی خۆی بۆ بوون، یان بەلای کەمەوە دیدی خۆی بۆ ژیانی ڕۆژانە، کورت بکاتەوە(١٧٢-١٧٣).

بەر لەهەموو شتێکیش ئایا ئەو نووسەرە ڕووکەشی بوونی مرۆڤ تۆمار دەکات هەر بەو شێوەیەی هەموومان دەیبینین، یان هەوڵ دەدات بچێتە قوواڵییەوە؟ ئایا نووسەرەکە وەسفی ئەو بوونە دەکات، یان تەفسیری دەکات؟(١٧٤).

نووسەران باسی یەک جیهان ناکەن، بەڵکو هەر یەکێکیان باسی جیهانێک دەکات کە لەناو سەری خۆی هەیە و دەکرێت پێی بوترێت (جیهانی ژیانە تاکەکە)ی ئەو نووسەرە. چیرۆکەکانی قوتابییەکانی ویلسن ئەو جیاوازییەی (ژیانە تاکە)کانیان تێدا نییە، بۆیە دەکرێت زاراوەی «جیهانێکی کۆژیان» بۆ نووسینەکانیان بەکاربێت، لەمەشەوە دەتوانین حوکم بدەین لەسەر

بەرهەمە ئەدەبییەکان لە ڕوانگەی ئەوەی چەند لە (جیهانە کۆژیان)ـەکە بەشدارن.

ویلّسن ڕاستەیەکی دوازدە ئینجی دەکاتە پێوانە. نووسەران دەخاتە سەر ئەو ڕاستەیە بەپێی جیهانی ڕۆمانەکانیان کە چەند فەردییە و چەند ئەو ڕۆمانانە بەشداریی کۆژیان دەکەن. کە دەشگەینە نووسەرە مەزنەکانی وەک گووتێ و دەستۆیڤسکی و تۆلستۆی و بێرنارد شۆ لە جیهانەکانی ژیانی فەردی دەردەچین و بەرەو شتی گشتی تر دەچین. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە هێشتا زۆر فەردین، بەڵام لە بەندیخانەی جیهانەکانی ژیانی فەردی دەرچووبوون و بەرەو مەوزووعیتر دەچوون. ئەوانە لای ئینجی حەوتەم، یان هەشتەمی ڕاستەکەن، بەڵام هێشتا چوار، یان پێنج ئینجی ڕاستەکە ماون و پڕ نەکراونەتەوە، لەبەرئەوە ئەو ڕەخنەگرانەی دەڵێن ڕۆمان گەیشتە کۆتایی، زۆر بە هەڵەدا چووبوون(١٧٤-١٧٦). ئەو ڕاستەیە «فیکرەکان» دەپێوێت، بە واتا فراوانەکەی وشەی «فیکرەکان»، ئەو نووسەرەش کە تەنیا شتەکانی بەردەمی خۆی تۆمار دەکات شتێک لە کامێرا گەورەترە، بە ئەندازەی ئەوەش لە فیکرە بەتاڵە، ئەو پێوانەیەشە کە (جەین ئۆستن) لە (بالزاک) و چارڵز دیکنز Charles Dickens (1812-1870) لە تۆلستۆی جیا دەکاتەوە(١٧٦).

بینینی ڕۆژانە کەموکورتە و درۆمان لەگەڵ دەکات، زۆربەی ئەوانەش کە دواڕۆژ دەبنە نووسەر لەبارەی ئەو جیهانەوە دەنووسن کە ئاستی سەرەتایی ئەزموونە، بەڵام نزیکی ئەم جیهانە لێمانەوە وای لێدەکات واتادار نەبێت وەک چۆن تەماشای زەبەلاحترین تابلۆی جیهان بکەی ئەویش لە نزیکی چەند سانتیمەترێکەوە، ئەزموونی ڕۆژانەش وەکو کامێرایەکە زۆر لە نزیکەوە وێنەی شتەکە دەگرێت، کێشەی نووسەریش ئەوەیە بچێتە دواوە و کامێراکە لە شوێنێک دابنێت کە بتوانێت هەموو شتەکانی لێوە ببینێت.

بەر لە دوو سەد ساڵ کێشەی وا نەبوو، ڕۆمانەکانی ئەو سەردەمە ماسییە شکسپیرییەکە بوون کە لەناو دەریا مەلەیان دەکرد، دواتر ماسییە ڕۆمانسییەکان هاتن و نووسەرەکان سۆز و کێشەکانی خۆیانیان هەڵڕشت، پاشان ماسییەکانی سەر کەنار دەریا هاتن و ئەمان نەیانتوانی بگەڕێنەوە دەریا، کێشەی یەکەمی ڕۆمانnووسی نوێش تەنیا ئەوەیە بگەڕێتەوە دەریا.

ویلّسن بۆچوونێکی پێشووی بەمەوە دەبەستێتەوە و دەڵێت: هەوڵم دابوو ڕوونی بکەمەوە کە هەنگاوی یەکەم بریتییە لە هەوڵدان بۆ دروست کردنی وێنەیەکی خود، هەنگاوی دوای ئەوەش ئەوەیە بزانین کە ئامانجی ئەدەب تۆمارکردنی جیهانی ڕاستەوخۆ (ئاستی سەرەتایی ئەزموون) نییە، بەڵکو پەڕینەوە بۆ پشتەوەی و جیابوونەوە لێی(١٧٧-١٧٩).

لە کۆتایی بەشەکەدا ویلّسن پوختەی مەبەستەکەی لەو کتێبە دەخاتە ڕوو: هۆشی مرۆڤ سنووردارە و بە ئاسانی کاری خەولێخستنی موگناتیسی لەگەڵ دەکرێت، ژیانی ڕۆژانەش ئەو کارە لە هۆشی مرۆڤ دەکات، ژیانیش دەبێتە زنجیرەیەک زەروورەتی خەفەت بەخش، ساتەکانی ئازادیی هۆشیش هەن، بەڵام زۆر کورتن، تەنگژەکانیش کاریان لەسەرمان هەیە لەو ڕووەی کە درک بەوە دەکەین ئاسۆکانی ئازادی فراوانن، وەک پاڵەوانەکەی تۆلستۆی لە (جەنگ و ئاشتی) کە لەو کاتەی بەرانبەر تیمی لە سێدارەدان دەوەستێت لەپڕ هەست دەکات ئازادییەکەمان چەند فراوانە. هۆشی مرۆڤیش هەزار جار لەوە ئازادترە کە مێشکمان بۆی دەچێت. بێ گومان ئەوانە ڕاوچییەکانی چاخی بەردینی نوێ بوون، ئەوانەی لە دەوری کامپەکەیان دادەنیشتن و گوێیان لە چیرۆک دەگرت، کە ئەو ڕاستییەیان دۆزییەوە کە چۆن چیرۆکێک دەتوانێت «هەست بە ئازادی» بەدی بهێنێت. کاتێکیش موغامەرەکان شێوەی ڕۆمانیان وەرگرت، خەیاڵی مرۆڤ بەرز فڕی، بەڵام دوای ئەوە ڕۆمان بەشێوەیەکی ناماقوڵ بووە قوربانی کەموکورتی هۆش، ئەو کەموکورتییەی کە ڕۆمان بۆ چارەسەرکردنی هات، ڕۆمانnووسیش لووتی خۆی توند بەسەر زەوی واقیع چەسپاند و هەست کردنی بە ئازادی نەما، هەروەک مریشک کاتێک دەنووکی لەسەر زەوی بچەقێنی و بە دەباشیر لە دەنووکییەوە خەتێک لەسەر زەوی بکێشیت ئیتر مریشکەکە بەو شێوەیە دەمێنێتەوە و لە شوێنی خۆی ناجوولێت، چونکە خەولێخستنی موگناتیسیت لەگەڵ کردووە.

کێشەکە ئەوەیە کە ئەگەر تووشی ئەو خەولێخستنە بووی (هۆشی دوولایی) هۆشەکەت دەتگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە مردن کۆتایی هەموو شتێکە و ئازادی یەکێکە لە وەهمەکان، بۆیە پێویستە ڕۆمانnووس بزانێت کە ئامانجەکەی و مەرجی پێشوەختی بریتییە لە بەجێ هێنانی هۆشی سێ لایی، ئەگەر ئەمەش کرا ڕۆمانnووس لە ڕێگە داخراوەکان ڕزگاری دەبێت؛ ڕێگە داخراوەکانی فلۆبێر و هەمینگوای و جۆیس و سارتر. ئەرکی ڕۆمانnووس ئەرکێکی ڕوحییە، ئەویش ڕزگارکردنی خۆی لەو سنووردارییە و بینینێکی گۆشەفراوان بەجێ بهێنێت ئەمە بۆ خوێنەر بگوێزێتەوە(١٨٧-١٩١).

پێشەکییەک لەبارەی ڕۆمانی تورکییەوە

لە فارسییەوە: حەمەکەریم عارف
(سلێمانی)

ڕۆمان جۆرە لێکۆڵینەوەیەکە، شێوەیەکی تایبەتی گوزارشت و دەربڕینە، لە ڕاستیدا جۆرە تاقیگەیەکە، نەک تەنیا خوڵقاندن و داهێنان، بەڵکو خوێندنەوە و موتالاشی وەکو خەونێک وایە کە لە بێداریدا بەرۆکی بنیادەم دەگرێت. بەم پێودانگە دەشێت ڕۆمان لە پێناسەیەکی دەڵبدا بە جۆرە شیکارێکی دەروونی بزانرێت. هەندێ ڕۆمانێن سادە و سایکۆلۆژی هەن کە ماندوویەتی دەحەسێننەوە، خوێنەر سەرگەرم دەکەن و دەبنە مایەی وەختکوژی. هەموو بەرهەمێکی گەورەش لە جددیترین و کارامەترینیانەوە بیگرە تا دەگاتە سادەترینیان کەم و زۆر سەروکاریان دەگەڵ ئەو جۆرە دانوستان و مامەڵە و سەودایەدا هەیە، بەڵام بەرهەمێن مەزن کاریگەرییەکی تەواو جیاوازیان هەیە: جۆری نۆڕین و شێوەی بەیان و گوزارشتمان دەگۆڕن و لە دوا ئەنجامدا جیهان دەگۆڕن. ئەفراندنی بوبەرێن خەیاڵی خۆی لە خۆیدا زادەی جۆرە زەروورەت و پێویستییەکە و لە ڕاستیدا بەجێ هێنانی ئەرکە. کارەکتەرانی خەیاڵی شوێنی چۆڵی حەقیقەت و ڕاستی پڕ دەکەنەوە و دەبنە مایەی ئاگایی زیاتر لەبارەیانەوە.

(میشیل بوتور)

ڕۆمان ئاوێنەیەکە کە دەشێت هەموو ژیان و سروشتی تێدا ببینی.

(هیپولیت تاینە)

ڕۆمان بە بەرهەمێکی ئەدەبی دەگوترێ کە بوبەرەکانی ڕابردووی ژیانی مرۆڤان، یان ئەو بوبەرانەی کە لەگینە ڕووبدەن وێنە دەگرێت و بەرجەستە دەکات و هەندێ تایبەتمەندی وەکو درێژی و دیاریکردنی شوێنکاتی خۆی هەیە. لە ڕۆماندا ئەو بوبەرانەی کە ڕوویان داوە، یان ئەوانەی کە خراونەتە ڕوو بە شێوەیەکی بەردەوام و تێروتەسەل بەدەوری یەک بیرۆکەی دیاریکراودا دەسووڕێنەوە و بەرجەستەی دەکەن. بە گوتە و دەربڕینێکی دیکە ڕۆمان چیرۆکێکی درێژە کە سەروکاری دەگەڵ نیشاندانی ڕێڕەوی ئاسایی بوبەرەکاندا هەیەو دەبێتە مایەی ئەوەی مرۆڤ بەرەو ڕووناکی بەرێت. ئێمە کە ڕۆمان دەخوێنینەوە، دەچینە هاماج و فەزا و ئۆتۆسفیرێکی تازەوە، ڕووبە ڕووی کارەکتەرانی جیاواز دەبینەوە و بەم جۆرە لە خۆمان دووردەکەوینەوە و سوودێکی فرە و فراوان لە ئەزموونی کارەکتەرانی چیرۆکەکە دەبینین.

ڕۆژ بە ڕۆژ پتر ئەوە ساغ دەبێتەوە کە ڕۆمان



ئەندرێ ژید

یاساورێسا و قالبێکی دیاریکراوی نییە. ڕۆمان لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو قالب و چوارچێوانە لا بدات و بشکێنێ کە ڕەخنەگرانی ئەدەبی دایان ناوە.واتە پابەند نەبوون بە ڕێسایەکی تایبەتییەوە لە ڕۆماندا بەرە بەرە ئاشکراتر دەبێت. ڕۆمان ژانرێک لە ژانرە ئەدەبییەکان نییە. هەر ژانرێکی ئەدەبی بگری ڕووی دەمی لە جەماوەر و خەڵکییە، خەڵکانێک دەدوێنێ و لە دوا ئەنجامدا کۆمەڵە ڕێسایەکی هەیە، بەڵام ڕۆمان سەروساختی دەگەڵ تاکدایە و هیچ پابەندییەکی بە یاساورێسایانەوە نییە، بۆیە بە ژانرێکی ئەدەبی نایەتە ژماردن: ئاندرێ ژید. قارەمانانی ڕۆمان بە ڕادە و ئەندازەی زندوو بوون و زندوویەتی خۆیان لە نووسەر دوور دەکەونەوە: مایورباک، ئەگەر دەتانەوێ کارەکتەرانی چیرۆکەکانتان زندوو بن، ئازادیی تەواویان بدەنێ: سارتر. قارەمانانی شەڕ و ئاشتی و برایانی کارامازۆف ئەوەندە حەقیقین کە زەحمەتە دڵنیا بیت خەڵکانی ئاسایی و گووراو خەڵقەندەی بە گۆشت و ئێسقان نین:فرانچوبیس مایورباک. ڕۆمان، یانی ڕۆمانی ڕاستی سەروساختی دەگەڵ هەڵسوکەوتی مرۆڤان و پێوەندییە مرۆڤانییەکان هەیە. بە گوتەیەکی دی ڕۆمان جۆرە نووسینێکە کە ئاوێتەی بەها مرۆڤانییەکانە: ئیریس ماردوخ. ڕۆمان بۆ سەلماندنی شتێک نانووسرێت، ڕۆمان ئاوێنەی ژیانە. ئاراستەی ڕۆمان دەقاودەق بەو سەمتەدایە کە دڵ و ژیانی ئێوە ڕووی لێیەتی. ئەو سەمتەی کە ئێوە بە گوێرەی حەزی خۆتان شێوە و قاڵبی دەدەنێ و دەینوێننەوە: یەعقووب قەدری کارا عوسمان ئوغلۆ.

زانست و زانیاری، دیتن و هەست و سۆزێن هونەرمەند، کاریگەرییەکی قوواڵی بەسەر تایبەتمەندی ئەو ڕۆمانەوە هەیە کە دەینووسێت. ڕۆمان شێواز و ستایلێکی ئەدەبییە کە بە شێوەیەکی چیرۆکانی و بە دوورودرێژی ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کە ڕێڕەوی ژیان دەگۆڕن. لە ڕاستیدا ڕۆمان ژیانێکە کە بە زەبری خەیاڵ و هونەر و زانستی نووسەر دەخوڵقێنرێ. ڕۆمان ڕووبەر و پانتاییەکی ئەوەندە بەرینی هەیە، جێگەی سەربەوردی مرۆڤان، دابونەریتان، کارەکتەر و کەسایەتییان، ڕووداوێن مەزنی مێژوویی و هەر شتێک پێوەندی بە مرۆڤ و تیرەی بەشەرەوە هەبێ، تێدا دەبێتەوە. مرۆڤ جیهان و گشت بوون دەشێت بکرێن بە بابەت و نێوەرۆکی ڕۆمان.

ئەگەر بە وردی سەرنجی جۆرە جیاوازەکانی ڕۆمانی تازە بدەین و بۆ حەقیقەت بگەڕێین، دەبینین سێ لایەنی لە خۆ گرتووە: کە بریتییە لە ئاشکرا سازی، هەڵسەنگاندن و هەماهەنگسازی، هەر ڕۆماننووسێک ئەو کارە نەکات، دابونەریتان و قاڵبە باوەکان ناشکێنێ، بە هیچ جۆرێک خوێنەر ناوروژێنێ و ئەزیەتی نادات، خوێنەر ناچار ناکات بیربکاتەوە و لە خەمی ئەوەدا نابێت وەزع و حاڵە ڕیشەدارەکانی ڕابردوو بپشکنێ و کەشفی بکاتەوە، بێ گومان لەم حاڵەدا ئاسانتر سەرکەوتن بەدەست دێنێ، بەڵام دەبێ ئەوە بزانێت لە مەیدانی خەبات دژی ئەو شەوە تاریک و گوشارانەی کە دەکەونە سەر ڕۆمان، یەکێکە لە تاوانبارەکان.ڕۆماننووس دەبێ بتوانێت بەو شتەی کە دەینووسێت حەقیقەت بخوڵقێنێت، ئینجا بەم پێودانگە مەیدانی ڕۆمان، مەیدانێکی فینۆمۆنۆلۆژی تەواوە. مەیدانێکە کە ئێمە حەقیقەتی، وەکو چۆن هەیە، یان دەبێ چۆن هەبێ بەو ئاوایە تێدا دەبینین، ئینجا بەم پێودانگە ڕۆمان تاقیگەی گوزارشت و دەربڕینە. جیاوازی ئەو ڕووداوانەی کە لە ڕۆماندا ڕووەدەن لەگەڵ ئەوانەدا کە لە مەیدانی ژیاندا دەیبینن تەنیا ئەمە نییە کە دەتوانین دروستی، یان نادروستی یەکێکیان هەڵسەنگێنین و دەربارەی ئەوەی تریان، چونکە پەخشانە ئەو جۆرە ئیمکانە نییە. ئەوەی لە ڕۆماندا بە وەرگر و دوێنراو دەگوترێ، هەمیشە جوانتر

و سەرنجڕاکێشترە: مایکل بوتر. سینەما تا ئێستا نەیتوانیوە چیرۆکانی تایبەتی بۆ ئامادە کردنی فیلم بخولقێنێ، ئەم ئەرکە هێشتا لە ئەستۆی ڕۆماندایە: ئەرسکین کالدوێل. ڕۆمان شانبەشانی تاکگەرایی گەشە دەکات. داهێنەرانی ڕۆمان و ئەو میللەتانەی کە زۆریان حەز لە ڕۆمانە، زیاتر ئەوانەن کە زۆرترین بایەخ بە تاک دەدەن. لەبەر ئەمەیە کە ڕۆمان لە بەریتانیادا لە دایک بوو، هەر لەوێش گەشەکردنێکی زۆری بە خۆوە بینی: ئاندرێ ژید. هەستی ژیان لە ڕۆماندا قسە دەکات، لەم ژیانەدا هەموو شتێک ویستراوە: دابونەریت، خووخدە، هەڵە و خەتایان و تەنانەت نەگبەتی و بەدبەختیش، بۆیە ڕۆمانی ڕاستەقینە، هەر شتێک مایەی بەخشش، هیوا و ئومێد و هەستی ڤیان و دۆستایەتی بێت، دەبەزێنێ و دەکەوێتە سەرووی ئەوانەوە: ئالن، چونکە ڕۆمان نایابترین هونەری سەردەم و ڕۆژگاری ئێمەیە، بۆیە سەرنجدانی وردتری کاروانی گۆڕانکاریی ڕۆمان، کارێکی بە سوود و پێویستە: ئا. ل. مورتون.

لەو ژانرە ئەدەبیانەی کە خوێنەر لەزەت لە خوێندنەوەیان دەبینێ، ڕۆمان لە هەموویان بە لەزەتترە. ڕۆمان، لەو ساتەوە مرۆڤ هەستی بە زەرووەتی دەرک کردنی ڕووداوەکان و گێڕانەوەی ڕووداوەکان بۆ خەڵکانی دی کردووە، پەیدا بووە. واتە ژیان و ڕووداو و بوبەرە سەرەکییەکانی ژیان، بابەتی سەرەکی و بنەڕەتی ڕۆمان پێکدێنێ، یانی ڕەگی ڕۆمان لە ژیان و ڕووداوە سەرەکییەکانی ناو ژیاندایە. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ڕۆمان بریتین لە: درێژی، ژمارەی کارەکتەر و قارەمانەکانی، دەربڕینی ورد و تێروتەسەلی واریقاتەکانی ژیان. جیاوازی سەرەکی ڕۆمان دەگەڵ چیرۆکدا ئەمەیە کە ژمارەی کارەکتەر و قارەمان لە ڕۆماندا زۆرە، سەربەخۆرد و بەسەرهاتەکانیان بە تێروتەسەلی دێتە دەربڕین. بە هەرحاڵ ڕەگەزە سەرەکییەکانی چیرۆک، یان ڕۆمان بریتین لە: ڕووداو، کارەکتەر، ئایدیا و هزران و ژینگە و دەوروبەر.

هونەری ڕۆمان زادەی کاریگەرییەکی قوواڵی جیهانبینییەکی ڕوحانییە. ڕۆمان، مرۆڤ و مەتەڵی ناسینی مرۆڤ نەک بە نۆڕینێکی ئەقڵانی، بەڵکو بە میتودێکی باڵاتر لە ئەقڵ تاووتو دەکات: جیمز جۆیس. چیرۆکێک کە لە زمانی یەکەم کەسەوە بێتە دەربڕین و گێڕانەوە، دەتوانێ هەستی کونجکاوی خوێنەر دابمرکێنێتەوە و وەهم و خەیاڵەکانی نووسەر پەردەپۆش بکات. ئەم جۆرە چیرۆکە هەم ڕێزی خوێنەر دەگرێت و هەم دڕدۆنگی و گومانی خوێنەر دەڕەوێنێتەوە، ئینجا بۆ ئەم مەبەستە ئەزموون و تەجروبەی نووسەر و بەسەرهاتەکانی پێویست و زەروورییە: ناتالی سارۆت. ڕۆمانی ڕاستەقینە لە تایبەتمەندییانی وەکو بەخشین، ئومێد پێدان و جۆشدانی هەستی مەحەبەت و دۆستایەتی هێوەتر دەڕوات و دەکەوێتە ئەو دیوی یاد و بیرەوەرییەکانەوە... ڕۆمان پشت بە گەواهی و گەواهان نابەستێ، لە خەمی لایەنداری و لایەنگریشدا نییە، بە پێچەوانەی ڕێبازانی مێژوویی، لە ڕەفتاراندا منەی واقیعگەرایی دەکات و بە گوتەیەکی دی واقیعییەت و بابەتگەرایی بە کار و کردەوەی مرۆڤان دەدات: ئالن. دەشێت لە ڕێگەی هەڤپەیڤین، گوتار و لێکۆڵینەوەوە ئاشنای وڵاتێک ببێ، وڵاتێک بناسیت، بەڵام لە ڕێگەی ڕۆمانەوە زیندووبوونی خەڵکی ئەو وڵاتەمان بۆ دەردەکەوێ: موزەفەر بویروکچو. ڕۆمان سەربەخۆترین ژانری ئەدەبییە و هەندێ جار لە بەرگ و قاڵبێکی ناباو و جیاوازدا دەردەکەوێ و خۆی دەنوێنێ: کلبرهدنس. ڕۆمانان، بە گوێرەی تایبەتی نووسەرەکانیان ناگۆڕێن، ڕۆمان هەر ڕۆمانە، ڕۆمان لە هەموو شوێنێ هەر ڕۆمانە و لە ڕۆژئاوا سەری هەڵداوە. ڕۆمانێووسێکی ژاپۆنی دەکاریت سوود لە سەرچاوە ئەدەبییە میللی و فۆلکلۆرییەکانی وڵاتی خۆی وەربگرێت و ڕۆمانێووسێکی تورکیش دەتوانێ بە هەمان شێوە سوود لە ئەولیا چەلەبی و نەعیمی خۆی وەربگرێت، ئەمە گرینگ نییە، گرینگ ئەمەیە کە ئەوەی دەینووسێت ڕۆمان بێت. بۆ نموونە هاووڵاتییەکی ڕووس زۆر جیاوازە لە هاووڵاتییەکی فەرەنسی، بەڵام ئێمە هەم بە نووسینەکانی فلوبێر و هەم بە کارەکانی دەستۆیڤسکی- ش دەڵێین ڕۆمان: مرادبلگە.

ئەگەر ڕۆمانێک سۆز و گوداز و خەیاڵی تێدا بەسەر ئەزموون و لێکدانەوەدا زاڵ بێ، پێی دەڵێن ڕۆمانتیک، بە پێچەوانەوە ئەگەر لێکدانەوە و ئەزموون بەسەر سۆز و خەیاڵدا زاڵتر بێ، ئەوە پێی دەڵێن ڕۆمانی ڕیالیستی، یان واقیعی. بە شێوەی پێشکەوتووی ڕۆمانی ڕیالیستی دەگوترێ ڕۆمانی ناتورالیستی. هەڵبەتە ڕۆمان جۆر و شێوەی جیاوازی دیکەشی هەن کە هەندێکیان ئەمانەن: ڕۆمانێن پەروەردەیی، ڕۆمانێن ناوچەیی، ڕۆمانێن پیکارسک، ڕۆمانێن نامەیی، ڕۆمانێن گوندی، ڕۆمانێن

ئیرس ماردۆخ

شوانکارەیی، ڕۆمانێن بیوگرافیایی، ڕۆمانێن پۆلیسی، ڕۆمانێن میللی...تاد.

ڕۆمان، نۆزاوێکە درەنگ هاتە دنیاوە، بەڵام ئەمڕۆکە بایەخێکی زۆری دەدرێتێ: ئاندرێ ژید، ئامانجی بنەڕەتی ڕۆمان سەرگەرمییە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە خەمی ئەوەدایە ڕەوش و بارودۆخەکان بە شێوەیەکی وردتر لەوەی لە واقیعدا هەیە، پیشان بدات و بەرجەستە بکات: هرمان ملفیل. هیچ شتێک نییە لە ژیاندا هەبێ و لە ڕۆماندا نەبێ، یان جێی نەبێتەوە. ڕۆمان سنوور و کەوشەنی نییە. تیمە و ڕەگەزەکانی ناو واقیع وەردەگرێت و بە زەبری خەیاڵ و هێزی زەین شێوەیەکی تازەی پێدەبەخشێت و وەکو واقیعێک خۆی دەنوێنێ: سوئاد کەمال یەتکین.

ڕۆمان بەر لە هەر شتێک چیرۆکە. ڕۆماننووسی ڕاستی کەسێکە کە حیکایەتبێژێکی چاک بێ، جۆری دەربڕین و گێڕانەوە دەتوانێ بە دۆزینەوەی ڕووداوێن جوان، پڕ هەڵچوون و دراماتیک بۆ بەرهەمێک کە لە خەمی بەرجەستەکردن و نووسینی خۆشبەختیدایە، کارێکی وابکات کە چیرۆکەکە پەسند و دڵگیر بکات: ئالان ڕوب گرێ. ڕۆمان هونەرێکی بە شێوازێکی تایبەتی دەربڕین و گێڕانەوە، دەربڕینێکی تەژی حەقیقەت و ژیان ڕازێنراوەتەوە: گرین.

ڕۆمان ڕەوت و ڕەوەندێکە خۆی خۆی دەپاڵێوێ: تیبودە. ڕۆمان ئاوێنەیەکە کە لە بەردەم ڕێیەکی گەورەدا دانراوە: ستاندال. ڕۆمان، چەند خۆی بەسەر نووسەردا سەپاندبێت، لەلای خوێنەریش بە هەمان ئەندازە زندوو و گەش دەنوێنێ: ڕوژێ کایوا.

ڕۆماننووس

ڕۆماننووس ئازادە لەوەی چی دەنووسێت، بەڵام وێڕای ئەوەش دەزانین کە هیچ ڕۆماننووسێکی گەورە لە کاریگەریی ڕووداو و دیاردەکانی ژینگە و دەوروبەری خۆی بەدەر نەبووە. ڕۆماننووسی ئەمڕۆ دەکارێت هەر هەموو بیر، ئارەزوو، دیتن و دیدوبۆچوونەکانی خۆی بێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەکیان تێدا بکات و بێ ئەوەی فۆرم و شێوەی چیرۆکفانیان پێ ببەخشێت لە کارە ڕۆمانەوانییەکەی خۆیدا جێگە بکاتەوە. یەکەمین ئەرکی ڕۆماننووس ئەمەیە کە قارەمانانی چیرۆکەکەی ون نەکات و ئاگای لە سنوور و کەوشەنەکان بێت. ئیدی سەرچاوەی نووسەران خۆیانن و مەسەلەی قاڵبڕێژی کارەکەیان لە ئەستۆی خۆیانە و هەر خۆیان سوود لە قاڵبی ناڤبری دەبینن، بۆیە ڕۆماننووس دەبێ ڕێچکە و ڕێبازێ هەڵبژێرێ کە بتوانێ باشتر خۆی بناسێنێ و خۆی پێوە بنوێنێ. دیارە پێوەندییەکی یەجگار نزیک لە نێوان ئەو شتە تازەیەدا کە نووسەر نیشانی دەدات و لە نێوان تایبەتمەندییە ڕۆشنبیرییەکانی نووسەردا هەیە. هەڵبەتە ڕەوش و ڕێبازێک کە لە هی خەڵکانی دی بچێت، کارێکی باش و لە بار نابێت و کارەکە نەفەسی تایبەتی خودی نووسەرەکە وەرناگرێت.

باشترین مامۆستا و ئامۆژگاری ڕۆماننووس، تەبیعەتی مرۆڤە. کاتێ کە نووسەر دیاردە جۆراوجۆرەکانی تەبیعەتی مرۆڤ دەکات بە کەرەستە و بابەتی کارەکەی خۆی، پێویستە ئەوەی لە بیر بێت کە خوێنەر حەزدەکات ڕووداوەکان بە شێوەیەکی هونەرمەندانە و ئەدیبانە بەرجەستە بکرێن و پیشان بدرێن:ئانتونی ترولوپ. ڕۆماننووس ڕەفتاری واقیعی بە جۆرێ دەگێڕێتەوە وەکو چۆن خۆی دیتوویەتی، واتە بە گوێرەی دیتنی خۆی دەیگێڕێتەوە، بۆیە ڕۆماننووس هیچ کاتێ ناتوانێ ببێت بە مێژوونووس: ئالن ..نووسەر چەند قارەمانانی چیرۆکەکەی باوەڕکەردەنی و زندووبن و چەند لە

ناوجەرگەی ڕۆمانەکەدا بوونیان هەبێ و بەشداربن، ئەوەندە سەرکەوتن بە دەست دێنێ: ناتالی سارۆت. وەکو چۆن هەر کەسێک بە جۆرێ ماست دەخوات، هەر ڕۆمانووسەش شێوازی تایبەتی خۆی هەیە. هەڵبەتە هەر هونەرمەندێکی داهێنەر بگری، شێوازێکی تازەی بۆ نووسینی خۆی کەشف کردووە و شێوازێکی تایبەتی بەکار دێنێ. لە سەرانسەری دنیای ئەدەبیاتدا ناتوانی دوو نووسەر بدۆزیتەوە کە بە تەواوەتی لە یەکدی بچن، یان دوو ڕۆمانی دەقاودەق چوونیەک بدۆزیتەوە:عەبدولحەق شناسی حەسار. کاتێ یەکێک لە قارەمانانی چیرۆکێکم، کڕ و کپ و گوێرایەڵ بە هەمان ئاراستەدا دەڕوات کە من بۆم داناوە و بێ چەندوچوون ڕێگەی خۆی دەبڕێ و لە ئەنجامدا هەر هەموو ئەو کارانە ئەنجام دەدات کە من داوام لێکردووە، قەڵس و نارەحەت دەبم. کە بێ چەندوچوون، گوێرایەڵانە مل بۆ هەموو نەخشەکانی من دەدات، ئەوە دەسەلمێنێ و نیشان دەدات کە لە ژیانی تایبەتی خۆی بێ بەشە، ژیانی تایبەتی خۆی نییە، هێشتا لە من جیا نەبووەتەوە و هێشتا سیمایەکی خەیاڵییە، بەڵام کاتێ قارەمانی چیرۆکەکەم دژم دەوەستێتەوە، بە گوێم ناکات و بە گوێرەی داواکارییەکانی من ناجوڵێتەوە خۆشحاڵ دەبم: فرانسوا مۆریاک. ڕۆمانی باشمان هەیە و ڕۆمانی خراپ، ڕۆمانی خراپ ئەو ڕۆمانەیە کە هەوڵ دەدات بە مەتح و ستایشی نابەجێ ڕەزامەندی خوێنەر بە دەست بێنێ، بەڵام ڕۆمانی باش ئەو ڕۆمانەیە کە سەروکاری دەگەڵ باوەڕدا هەیە و خوێنەر بە ئاسانی قەبووڵی دەکات، ئەگەر بکرابا من ڕێگای ئازادی لە نوێ بنووسمەوە، هەوڵم دەدا بێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک، بەدەر لە هەر سۆزوگودازێکی شەخسی قارەمانانی چیرۆکەکە بخوڵقێنم: سارتر.

نووسینی ڕۆمان

لە نووسینی ڕۆماندا، ئەو مەسەلانەی پێوەندییان بە کارەکتەر و قارەمانەکانەوە هەیە لە سەرەتادا زۆر ڕوون و ئاشکرا نین، بەرە بەرەو دەگەڵ پێشڤەچوونی بابەتەکەدا، قارەمانە نەناسراوەکان، گەشە دەکەن و بایەخ پەیدا دەکەن.

دەتوانرێ بگوترێ لە ڕاستیدا ئەمە خودی نووسەرە کە لە قاڵب و هەلومەرجی جیاوازدا، سیمای گووراوێکی تری وەرگرتووە، چووەتە پێستی کەسایەتییەکی ترەوە، ڕۆماننووس کەسێکە کە دەتوانێ بچێتە هەر کڵێشە و قاڵبێکەوە، ئەگەر نووسەرێک تەنیا یەک خووی تایبەتی و یەک هەست و سۆزی هەبێ، تەنانەت لە دنیای خەیاڵیشدا نەتوانێت دەگەڵ خووخدە، هەست و سۆز و باوەڕێن پێچەوانەدا هەڵبکات و بسازێت ناشێت بە ڕۆماننووسێکی ڕاستی و واقیعی دابنرێت. نووسەرێک کە مرۆڤ بەسەر دوو بەشدا پۆلێن بکات: باش و خراپ، یان ستەمکار و ستەم لێکراو و بە ئاشکرا لایەنداری بکات، واتە ئەو خەڵکانەی هاوباوەڕی خۆین بە باش بزانێ و ئەوانەی کە هاوباوەڕی ئەو نەبن بە خراپ بزانێ و بە خراپ نیشانیان بدات و بەرجەستەیان بکات، ناتوانێ بەرهەمی باش دابهێنێ.

بە بۆچوونی نورۆڵلا ئاتاچ: "ڕۆماننووس، یان چیرۆکنووس، هونەرمەندێکە کە ناچارە زەینی کۆمەڵگە بدات و سەروساختی دەگەڵ خەڵکیدا هەبێت. ئەرکی نووسەر ئەوەیە کۆمەڵگەمان پێ بناسێنێ، بۆیە لەسەریەتی خەڵکی و هەست و سۆز و هزر و بیری خەڵکیمان تێبگەیەنێ". بە گوێرەی هەندێ بۆچوونی دیکە: ڕۆماننووس، ئەو ڕووداوانەمان بۆ دەگێڕنەوە کە لە بوبەر و ڕۆژانە ڕووداوەکان دەچن. ئیدی هەوڵ دەدات بە گوێرەی توانایی ڕووداوانی ناڤبری بە شێوەیەکی واقیعی باوەڕکەردەنی پیشانی ئێمە بدات، ئینجا ئەم کارە تا سنووری پەرجووش دەڕوات: دیفو. ڕۆماننووس دەبێ باوەڕی بە مرۆڤ بێت، چونکە ژیان لەم باوەڕەوە دروست دەبێت. لە هەر شوێنێ ژیان هەبێت جموجووڵ و چالاکیش دەبێت کە هەرا و هەنگامەی ڕەنگ و ڕۆشنایی ئیمان و باوەڕە: تانپینار. ڕۆمان بە گوێرەی چۆنیەتی چارەنووسی ڕۆماننووس دەگۆڕێت. لەم حاڵەتەدا نووسەر لە ژیانی شەخسی خۆی جیا نابێتەوە: ئیلیسا تریولە. هەر ئەمە بەس نییە کە بزانین ڕۆماننووس چ دید و بۆچوونێکی پوختە و جوانی دەربارەی ژیانی مرۆڤ هەیە و لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەرهەمەکەیەوە بتوانین لە دید و بۆچوونەکانی ئاگادار ببین. کاتێ دەمانەوێ حوکم لەسەر نووسەرێک بدەین، دەبێ ئەوە ڕەچاو بکەین کە چۆن لە کارە هونەرییەکەیدا، هونەریانە بۆچوونەکانی خۆی بەرجەستە کردووە: ئایریس مورداک. ئەرکی ڕۆماننووس ئەوەیە کە هاوئاهەنگییەک بە مۆتەکەکانی ژیان ببەخشێت و ڕێکیان بخات: فرانسوا مۆریاک. ئەرکی سەرەکی ڕۆماننووس بریتییە لە خوڵقاندنی کەسایەتی

ڕاستەقینەی مرۆڤ. نموونەی باش و پەسند لە ڕۆماندا ئەوانەن کە لادان و کەچڕەوییەکانی کاروانی ژیانی مرۆڤانی نیشان دەدەن و بەرجەستە دەکەن: حیلمی یاوز.

بە باوەڕ و بۆچوونی گۆستاف فلوبێر، ڕۆماننووس لەسەریەتی بە کۆمەک و پاڵپشتی ئەو حەقیقەتانەی کە لە ئەنجامی دیتن و دۆزینەوە و لێکدانەوەوە لەلای کۆدەبنەوە، نموونەیەکی چکۆلەی ژیان نیشان بدات. یەعقووب قەدری-ش باوەڕی وایە کە: هەرچەندە نووسەر کەرەستە خاوەکانی کارەکتەرانی ڕۆمان لە ژینگەوە هەڵدەهێنجێ و وەردەگرێت، بەڵام دەبێ لێیهاتووانە هەموو ئەو کەرەستە خاوانە بخاتە ژێر وردبینی شیکردنەوە و وردکردنەوە و باشترین گەوهەریان لێ دەربێنێ. جیمز فاریل دەڵێت: سادەترین نمرە دانان بۆ ڕۆماننووسێک ئەمەیە کە بزانین ئایا ئەو کارەکتەرانەی دروستی کردوون زیندوون، یان مردوون.

ئینسان ناتوانێ لە هەموو تەمەنێکدا ببێ بە ڕۆماننووس، ڕۆماننووسین تەمەنێکی دەوێ. نووسەرانی گەنج تەنیا دەتوانن بیرەوەری و یادگارییەکانی قۆناغی منداڵی و جەوانی خۆیان سەرکەوتووانە لە قاڵب و شێوەی ڕۆماندا دابڕێژن. ڕۆماننووسین تەمەنێکی دەوێ. گۆڕینی مرۆڤی واقیعی بۆ ڕەمزێکی حەقیقی و ڕاستەقینە، دەکاتە هونەری ڕۆماننووسی.

بۆ ئەوەی ببی بە ڕۆماننووسێکی باش پێویستت بە ٩٨٪ بەهرە و توانایی، لە ٩٨٪ بەرنامەداری و ٩٨٪ هەوڵ و تێکۆشانە:ویلیام فۆکنەر. نووسەر کاتێ کە نموونە جۆراوجۆرەکانی تەبیعەتی مرۆڤ دەکات بە تیمە و بابەتی کارەکانی خۆی دەبێ ئەوە ڕەچاو بکات کە خوێنەر خوازیاری ئەتۆسفیر و هاماجی هونەری و ئەدەبیشە: ئەنتۆنی ترولوپ.

ڕۆماننووسیش وەکو شاعیر بەشێکە لەو زەمان و ڕۆژگارەی تێیدا دەژی، بۆیە ئەگەر خوازیاری ئەمە بێ کە کۆمەڵگە پێشوازی لە بۆچوونەکانی بکات و دان بە هونەرمەندایەتی ئەودا بنێت، ئەوە لەسەریەتی دابونەریت و بیروباوەڕێن سەردەمی خۆی بهونەرێنێ و ئاوێنەی مەسەلە و پرس و دۆزەکانی ڕۆژگاری خۆی بێت: ئۆرهان عەزیز ئۆغلۆ. هەر نووسەرێکی ڕاستەقینە شێواز و ستایلی تایبەتی خۆی هەیە، بێجگە لە خۆی بە کەڵکی هیچ کەسێکی تر نایەت: فرانسوا مۆریاک. گەورە ڕۆماننووس و چیرۆکنووسان هیچ کاتێک لە خەمی ئەوەدا نین کە شتێک بسەلمێنن. تەنیا لە خەمی ئەوەدان ئەوەی دەیڵێن باشی بڵێن: سەعید فایەق. بۆ نووسینی ڕۆمان، پێش هەموو شتێک وردبینی و سەرنج تیژی پێویستە. دەبێ بە وردی زەینی مرۆڤ و تەبیعەتی بدەیت: مەحمود یەساری. ڕۆمان لە یەکانگیری بیرەوەری و حاڵەتەکان پێکدێت: جین لویس کورتیس. چیرۆک و ڕۆمان هیچ پێوەندی و هەڤبەندییەکی ڕاستەوخۆیان نییە. هۆی ئەوەی کە خەڵکانێک وا دەزانن پێوەندییەک لە نێوان ئەم دوو ژانرەدا هەیە ئەمەیە کە هەندێ لە نووسەران بە نەفەسی ڕۆمانەوە مامەڵە لە تەک بابەتێن چیرۆکڤانی دەکەن. ڕۆماننووس لە گۆشەنیگا و ڕوانگەی ڕۆمانەوە مامەڵە دەگەڵ مرۆڤ و دنیای دەرەوەدا دەکەن و چیرۆکنووسان ئەم کارە لە گۆشەنیگا و ڕوانگەی چیرۆکەوە دەکەن: کەمال تاهیر. ڕۆمان و شانۆ، ئەمڕۆکە دەشوبهێتە تەلارکاری. سوودمەندی بینایانی ئەمڕۆ، ناشیرینییەکانیان دەشارێتەوە. ئەوەی بینا دەکرێ ئەگەر خانووی ئاسایی بێ، دەبێ بە شێوەیەکی گشتی تێیدا ئاسوودەبین، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی بابەتەکە بە تەواوەتی نا پەسندە، چونکە هەرکەسێک بە دەر لەوەی کێیە دەبێ بتوانێ لەوێدا ئاکنجی ببێت و بحەوێتەوە، بەڵام سەبارەت بە ڕۆژنامە دەبێ ئەوەی بگوترێ کە وەکو یەکێک لە ژوورەکانی هوتێل وایە: ئاندرێ ژید. هەر بیرێک کە زیاتر بایەخ بە ڕێگەی ڕزگاری بدات تا بە ئینسان، لەوانەیە بۆ شانۆنامە دەست بدات و لە قاڵبی شانۆنامەدا جێی ببێتەوە، بەڵام هەرگیز بۆ ڕۆمان نابێت. ڕۆماننووس هەقی بەسەر ئەوەوە نییە کە دەبێ چ بکەین، یان چۆن بیربکەینەوە، بەڵکو تەنیا چاودێری کاروکردەوەکانی ئێمەیە: ئایریس مورداک. ڕۆماننووس لە هەر ئینسانێک پتر دەشوبهێتە سەر خودا. لاسایی خودا دەکاتەوە. مەخلووقاتی زندوو دەئافەرێنێ، چارەنووس و قەدەر ئیجاد دەکات و قەدەر ئاوێتەی بویەر و ڕوداوو بەڵاو نسیبەتان دەکات. ئەو شتانە ڕووبەڕووی یەکتر دادەنێ و دەیانگەیەنێ بە ئامانجی خۆیان: فرانسوا مۆریاک.

ئامانجی نووسینی ڕۆمان دەبێ فێرکردنی حەقیقەت بێ. ڕۆمانێک کە هەوێن و ئامیانەکەی حەقیقەت نەبێ، دەکاتە کۆمەڵێک قسەی بێهودە. ڕۆمان دەبێ ژیان بکات بە بابەتی خۆی، دەبێ هیچ لایەنێکی مرۆڤ و ئادەمێزاد فەرامۆش نەکات. گەورەترین ڕۆمان ئەو ڕۆمانانەن کە

بەجوانترین شێوە ڕازە پەنهانەکانی ڕوحی مرۆڤیان ئاشکرا کردووە، یانی بەم پێودانگە ئامانجی ڕۆمان دەبێ کەشف، نیشاندان و ناساندنی ئەو کەسە بێت کە لە ناخی دڵ و دەروونی مرۆڤدا پەنهانە.

شێوازی ڕۆمان دەبێ زیاتر ڕاستی و دروستی مەبەست بێ تا کاریگەری. ئەمە بەردی بناغە و یەکەمین ڕێسایە. شێواز لە ڕۆماندا دەبێ هەمیشە نەرم و ناسک بێت و دەق و مەتن دەبێ شوێن ڕێتم و ئاهەنگی ڕووداوەکان، ئەتمۆسفیری پێویستی کارە ئەدەبییەکە بکەوێ. لەگەڵ سەرەتا و دەستپێکی چاکدا ئیدی نووسەر پێوەندی دەگەڵ جیهانی دەرەوەدا دەبڕێت و دەچێتە قەپێلک و قاوغی خۆیەوە. لە ناوەوە بابەتەکەی گەڵاڵە دەکات و لەگەڵ نەشونما و گەشەکردنی زیاتری قارەمانانی چیرۆکەکەدا دەبێت بە شایەد و گەواهی پەیدا بوونی دنیایەکی تازە: جاک دلاکروتە. نووسەر ئەگەر بیەوێ ڕۆمانێکی باش بنووسێت، پێویستە ئاگای لەوە بێ کە ئامادە بوون و حوزووری لە دەقەکەدا زەق نەبێ، هەستی پێنەکرێ: جان پۆل سارتر. ڕۆمانnووسانی ڕۆژگاری ئێستا بابەتەکانیان لە ناو جەرگەی کۆمەڵگەوە وەردەگرن و قارەمانانی ڕۆمانەکانیان وەکو خەڵکانی ڕاستەقینەی ناو کۆمەڵگە بەرجەستە دەکەن و نیشان دەدەن و لە قۆناغێکی زەمانی دیاریکراودا، لە شوێنێکی مەعلووم و دیاردا بە خوێنەران دەناسێنن. نووسەر، قارەمانانی ڕۆمان، لە هەلومەرجی ژینگەیی، بارودۆخی خانەوادەیی، چۆنیەتی ژیان، ڕەفتار و هەڵسوکەوت و بەسەرهات و تایبەتمەندییەکانیانەوە دەخاتە بەرچاوی خوێنەر. کە ئەو جۆرە ڕۆمانانە دەخوێنینەوە هەست دەکەین پێشتر قارەمانانی ئەو چیرۆکەمان دیتوون و ناسیومانن. لە ڕاستیدا خۆمان لە ڕۆمانەکەدا دەبینینەوە. خوێنەر چاوەڕوانی ئەوەیە لە نووسەر کە حەقیقەتەکان وەک خۆیان، وەک چۆن هەن بەرجەستە بکات نەک شتی نا ئاسایی پێشکەش بکات: ئاگاسری لوونز. ڕێگەی نووسەرایەتی یەک ڕێگە نییە، بەڵکو هەزاران ڕێگەی هەیە. زۆر ڕێگای هەیە ئێمە هێشتا نایزانین: کلبەر هدنز.

مەبەستی زۆربەی ڕۆمانان، دەربڕین و نیشاندانی ژیانێکە، یان هەندێ بەشی هەرە گرینگی ئەو ژیانەیە نەک گێڕانەوەی ڕووداوێک، هەربۆیە نموونە و قارەمانان لە ڕۆماندا یەجگار زۆر و هەمەجۆرە. لە ڕۆماندا دەکرێت بە دوورودرێژی و بە تێروتەسەلی مامەڵە دەگەڵ کارەکتەران و حاڵەتە ڕوحییەکاندا بکرێت. ڕۆمان دەبێت ئەم تایبەتمەندی و خەسڵەتە سەرەکیانەی خوارەوەی تێدا بێت.

ئەلف: ڕووداوەکان دەبێ دەگەڵ واقیعدا تێک بکەنەوە و واقیعی بن. وێنەگرتن و دەربڕین و گێڕانەوەی حاڵەتە ڕوحی و دەروونییەکان دەبێ سنوور و کەوشەنی دیاریکراویان هەبێ و نەبنە کۆسپ لە بەردەم ڕەوتی ڕووداوەکان.

بێ: ڕۆمان، وەکو یەکەیەکی یەکپارچە پێویستە زیندوویەتی و جووڵەی تێدا بێت، پەڕینەوە لە ڕووداوێک بۆ سەر ڕووداوێکی تر دەبێ زۆر بە ئاسانی ڕوو بدات.

جیم: ڕۆماننووس دەبێ لە سەرانسەری ڕۆمانەکەیدا هەوڵ بدات لە ڕێگەی هەمەجۆری، سادەیی، ڕەوانی و ڕوونی زمانەوە سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت. یانی ڕۆماننووس لەسەریەتی شێوازی تایبەتی خۆی پەیدا بکات و بدۆزێتەوە.

ڕۆماننووسین، ڕێک لەوە دەچێت بە پێیان بە بیابانێکی قاقڕی کاکی بە کاکی بەریندا تێ بپەڕیت، ئینجا تۆ بۆ بڕینی دەیان فەرسەخ و کیلۆمەتران لە سارا و بیاباندا پێویستت بە سەبر و حەوسەڵە، هیوا و ئومێدەواری، وزە و زانست و شارەزایی هەیە: گیورکی کاراسلاوف. ڕۆمان دەبێ یەکەم ناوونیشانێکی جوان و سەرنجڕاکێشی هەبێت. دووەم دەبێ بابەتەکە بە جۆرێ بهونەرێنرێ و بەکار ببرێت کە خوێنەر باوەڕی پێ بکات. خوێنەر نابێت وا هەست بکات کە ڕووداوەکان نا واقیعی و باوەڕنەکردەنییە و تەنیا لەبەر خاتری درێژ کردنەوەی بابەتەکە شاخ و باڵی دەستکرد و نا واقیعی لێنراوە. ڕووداوەکان دەبێ پێش بابەتەکە بکەون و یارمەتی دەوڵەمەند بوون و گەشەسەندنی بابەتەکە بدەن و سێیەم دەبێ هەر قارەمانێکی ڕۆمان، کەسایەتی تایبەتی خۆیان هەبێت: سۆمەرست مۆم. هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی ناتوانێت ئەوەندەی ڕۆمانێکی فەلسەفی ، کە ئەگەر باش نووسرابێ و باش بخوێنرێتەوە، ڕووناکی بە ژیان ببەخشێت. ڕۆمانی میتافیزیکی باڵاترین و جوانترین جۆری ڕۆمانە، چونکە ئەم جۆرە ڕۆمانە لە خەمی کەشفکردنی پێوەندییەکانی مرۆڤ، یان ڕووداوە مرۆڤانییەکاندایە، بە جیهانەوە. ئەوەی کە خودی

فەلسەفە و ئەدەبیات لە ئاستیدا دەستەوەستانن و پێیان ناکرێت، ڕۆمان دەرەقەتی دێت و دەیکات. لەوە دەچێ زۆربەی خەڵکیش بە تەمای ئەمە بن لە ڕۆمان: سیمۆن دوبوڤوار. هونەری ڕۆمانnووسین پێش هەموو شتێک توانایی داهێنانە، داهێنانی شتێک ڕاستیتر لەو شتانەی دەیبینین، داهێنانی نموونەیەکی زندووتر لە ئاشناکانمان: یەعقووب قەدری کارا عوسمان ئۆغلۆ.

نەخشە و سکێچی ڕۆمان

لە نووسینی ڕۆماندا، دەبێ بایەخ بە زمان بدرێت کە سەرەکیترین ڕەگەزی هونەری نووسینە. ڕۆمانnووس دەبێ ئەوە نیشان بدات کە لە هەڵبژاردنی پەیڤێن بەجێ، دروست، جوان و بێ هەڵەدا لێزان و بەهرەمەندە. ڕۆمانnووسی ڕاستەقینە، کاتێ دەست دەداتە نووسین کە سروش و سەرۆ (ئیلهام) دەروونییەکان کە ڕەگیان لە ناخی ناخدایە، بەرۆکی دەگرن.

تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی نەخشە و سکێچی ڕۆمان کە بە زۆری لە فۆرم و شێوە جۆراوجۆرەکانی ڕۆماندا بەکار دەبرێ، بە کورتی بەم جۆرەیە:

۱- وەسف: لەم بەشەدا ڕووداو، هۆیەکانی ڕووداوی ڕووداو و قارەمان و کارەکتەرەکانی پێناسە دەکرێن.

۲- گەشەکردن، یان گۆنگکاری(ابهام): لەم بەشەدا تایبەتمەندی قارەمانەکان، ڕەوتی ڕووداوەکان، شوێنی ڕووداوەکان، شوێنکات ڕوون دەکرێتەوە. لێرەدا بۆ ڕاکێشانی خوێنەر پەنا وەبەر ڕێباز و ڕێچکەی هەمەجۆر و جیاواز دەبرێ.

۳- ئەنجام: لەم بەشەدا ڕووداوەکان لە خاڵێکدا کۆدەبنەوە و گرێ دەخۆن و لە کۆتاییدا گرێیەکە لە ناکاودا ڤەدەبێت و چیرۆکەکە دەگاتە کۆتایی.

ڕۆمان خەزنەی ڕووداوێن بچووکە، بەڵام نووسەر هەوڵ دەدات لە ڕێگەی هەست و سۆزەوە، لە ڕێگەی دابونەریتانەوە، لە ڕێگەی ئەندێشە و خەیاڵ و پێشداوەرییانەوە، بکەوێتە گێڕانەوە و دەربڕینی ژیانی نەسل و نەوەی پێشینەوە: پیرگاکسوت. ڕۆمانی سەرکەوتوو هونەریترین ژانری ئەدەبییە، چونکە پێوەندییە ئیستێتیکییەکان لە ڕۆماندا زۆر دەروونییە و پابەند و وابەستەی هیچ ڕێسایەکی وشک و دیاریکراو نییە: ڕامون فرناندز. من تا ئەوزار و ئامێر و کەرەسەکانم تاقی نەکەمەوە دەست بەکار ناکەم، ئەقڵیشم تا گشت زاراوەو ڕێسا پەسند و باوەکان هەرس نەکات، قبووڵیان ناکات. هونەر زادەی گوشارە، ئەگەر پێمان وابێ کە هونەر بە گوێرەی ئازاد بوون تەرەقی دەکات وەکو ئەوە وایە کە بڵێین تەناف (پەت) ڕێگرە لەبەردەم هاتنە سەرێی بیر(چاڵ): ئاندرێ ژید. تاقە ڕێگەی گەیشتن بە عالەمییەت ڕێگەی تایبەتی و فەردییە: یونسکۆ. هەر جۆرە گۆڕینێک، یان توێژینەوەیەکی بەسوود لە فۆرم و شێوەی ڕۆماندا بکرێت دەبێ هەمیشە گۆڕانێکی ناچاری و هێمنی بەگەڵ بکەوێ کە ببێتە مایەی هاتنە دی چەمکێکی نوێ لەمەڕ شیعری داستانی، پەروەردەیی لە قاڵبی ڕۆماندا. بەم جۆرە ڕۆمان لە قاڵبی کاڵایەکی ئامادە و سەرگەرمکەر دەردەچێت و وەکو ئەزموونێکی کارێن کۆمەڵایەتی لە دەقی ئەدەبیاتدا جێی خۆی دەکاتەوە. ڕۆمان شێوەیەکی تایبەتی دەربڕین و گێڕانەوەیە. دەربڕین و بەیان، دیاردەیەکە لەسەرانسەری مەیدانی ئەدەبیاتدا دێ و دەچێت. لە ڕاستیدا دەربڕین و گێڕانەوە یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی دەرکی حەقیقەت لە نێو مرۆڤاندا. لە خوێندنەوە و سەرنجدانی بچووکترین ڕووداوی ڕۆمانێکدا هەمیشە ڕووبەڕووی سێ کەس دەبینەوە: نووسەر، خوێنەر، قارەمانی چیرۆک. قارەمانی چیرۆک کە زیاتر لە شێوە و قاڵبی سێیەم کەسدا دەردەکەوێت، ئەو کەسەیە کە باس دەکرێت و بەسەرهات و حیکایەتەکەی دەگێڕنەوە. ڕۆمان تاقیگەی گێڕانەوەیە. کارکردن لەسەر فۆرمی ڕۆمان بایەخێکی تایبەتی هەیە. ڕووداوێن واقیعی بە حوکمی گشتایەتی و مێژوویی بوونی خۆیان بە ئارامی لەسەر بناغەی هەندێ ڕێسا و دەستووران دەگیرسێنەوە و جێگیر دەبن و بە نەزم و تەرتیب ئاشکرا دەبن: میشیل بۆتۆر. ئەو گفتوگۆ و گەنگەشانەی کە لە سەدەی نۆزدەدا دەربارەی هونەری ڕۆمان هاتنە ئاراوە، ئەگەرچی هەندێ مەرجی ڕواڵەتیان لە سنووردێکی تەنگ، یان فراواندا بەسەر ڕۆمانnووساندا سەپاند، بەڵام نەیانتوانی لەم زەمینەیەدا یاسا و دەستووردێک دابنەن، بنەماو بناغەی یاسا و دەستووردێک دابڕێژن. ڕۆمان بە دەوری بابەتێکی پێشوەختە ئامادەکراودا دەسووڕێتەوە: جان ڕمینیا. ئێمە لە ڕێگەی فۆرمە جۆراوجۆرەکانی ڕۆمانەوە دەتوانین بزانین کە کام فۆرم و شێوەی باو وەکو خۆی و بەبێ گۆڕان ماوەتەوە. قاڵبێن تازە، پەردە لە ڕووی فۆرمە کۆنەکانی ڕۆمان لا دەبەن و لە داوی یادەوەرییان ڕزگارمان دەکەن و دەبنە

مایەی کەشف بوونی نهێنی ئەو تیمەو نێوەرۆکانەی کە لە قاڵبێکی جێگیردا هاتوونەتە نیشاندان و دەربڕین. دەربڕینێکی حەقیقی ئەوتۆ کە سەرانسەری ژیانمانی لە خۆ گرتووە: میشیل بۆتۆر.

ڕەخنە و شیکردنەوەی ڕۆمان

لە ڕەخنە و توێژینەوەی ڕۆماندا نابێ پەنا وەبەر پێوەر و پێوانەی ئامادە و دیاریکراو ببرێت. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دەبێ ئەم خاڵ و لایەنانە ڕەچاو بکرێت:

١- پاژ، بنیاد و چنینی ڕۆمان:

ناوی ڕۆمانەکە، ناوی نووسەرەکەی، ناوی وەشانکارەکەی، مێژووی نووسینی ڕۆمانەکە، مێژووی بڵاوبوونەوەی، چەندەمین ڕۆمانی نووسەرە؟ ئەم ڕۆمانە لە نێو بەرهەمەکانی دیکەی نووسەردا چ پێگە و پایەیەکی هەیە؟

٢- جۆری ڕۆمانەکە:

٣- بۆچوونی نووسەر دەربارەی ڕۆمانەکەی خۆی، یان بۆچوونی نووسەر دەربارەی ڕۆمان بە گشتی.

٤- بیرۆکەی سەرەکی و بنەڕەتی ڕۆمانەکە: بیرۆکەی سەرەکی لەیەک ڕستەدا دێتە دەربڕین.

٥- کورتەیەکی بابەتەکە و وێنەیەک لەمەڕ ئەو نموونانەی نیشان دراون بە چەند وشەیەکی کلیلی و ژمارەی ئەو لاپەڕانەی کە پەیوەستن بە بابەتەکەوە.

٦- هەڵسەنگاندنێکی عەلاحدەی قارەمانەکان و داوەرییەکی گشتی.

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێ کە قارەمانەکان چ تایبەتمەندی و خەسڵەتێکیان هەیە. ئایا بەڕاستی قارەمانن، یان بۆ نموونە خەڵکانی شەیدای پارە و پوولن. دەبێ لەوە بکۆڵرێتەوە کە نووسەر لە ژێر کاریگەریی چ شتگەلێکدا ئەم کارەکتەرانەی خوڵقاندووە.

٧- دەبێ لایەنی سایکۆلۆژیی نووسەر بخرێتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوە. حاڵەتی ڕوحی و دەروونی قارەمانانی چیرۆکەکە دیاری بکرێت و جەخت لەسەر خاڵە گرینگەکان بکرێتەوە. لێرەدا ئەو ڕستانە وەک نموونە دەهێنرێتەوە کە ڕۆڵی سەرەکیان هەیە.

٨- ژینگە و شوێن: کارەکتەرانی ڕۆمان لە ژینگە و شوێنێکی تایبەتیدا دەژین. دەبێ بزانرێ کە نووسەر چۆن ئەو ژینگە و شوێنەی بەکار بردووە.

٩- ئەو هزر و جیهانبینییەی کە نووسەر لە ڕۆمانەکەدا نیشانی داوە و خستوویەتییە ڕوو.

١٠-ئامانجی نووسەر لە نووسینی ڕۆمانەکە و ڕادەی نزیکبوونەوەی لە ئامانجی ناڤبری، باندۆر و کاریگەریی ڕابردوو، کەسایەتی، جیهانبینی و شێوازی نووسەر لە وەدیهێنانی ئامانجی ناڤبری.

١١-ڕۆمان دوو شێواز و ستایلی هەیە: ئەلف: شێوازی نووسەر، بێ: شێوازی قارەمانەکان. دەبێ ئەو دوو شێوازە لە یەکدی جیابکرێنەوە. هەڵبەتە لێرەدا دەبێ ڕەوشی شیکردنەوە و وردکردنەوەی دەقەکەش بخرێتە کار. بۆ ڕاگەیاندنی بۆچوونی خۆت دەربارەی شێوازی نووسەر و قارەمانانی چیرۆکەکە پێویستە هەندێ بەشی ڕۆمانەکە، لەو بەشانەی کە دەشێت لە پۆلدا بخوێنرێتەوە بە نموونە بێتە هەڵبژاردن.

١٢-لە کۆتاییدا دەبێ ئەنجامی شیکردنەوەکە بەکورتی بهێنرێتەوە و دوابۆچوونی ڕەخنەگرەکە ئاشکرا بکرێت، هەروەها دەبێ لەم بەشەدا چەند نموونەیەک لە دەقی ڕۆمانەکە، بەمەبەستی پشتیوانی بۆچوونی ڕەخنەگرەکە بهێنرێتەوە.

هەر ڕۆمانێک بگری لە ناوەوە جۆرە یەکێتی و یەکپارچەییەکی خۆی هەیە. دنیای ڕۆمان سەرباری ئەوەی کۆمەڵێک لێکچوونی دەگەڵ دنیای واقیعیدا هەیە، بەڵام لە دنیای واقیع جیاوازە. ڕەگەزە سەرەکییەکانی ڕۆمان بریتین لە: (١) زمان، (٢) هەست، (٣) کات، (٤) شوێن، (٥)کارەکتەر، (٦) گۆشەنیگا، (٧) شێواز، (٨) هزر، (٩) قۆناغی مێژوویی، (١٠) تێپەڕاندن لە خۆ.

١- زمان: بەردی بناغەی ئەدەبیاتە.

٢- هەست: مەبەست لە هەست ئەو شتانەیە کە بە هەر پێنج ئەندامە هەستەوەرەکانی خۆمان هەستی پێدەکەین. بەرهەمی هونەری هەستەکان دەدوێنی. ئەو ڕەگەزانەی لە پێنج هەستەکەوە پەلوپۆ دەهاون، دەبنە مایەی وەدیهاتنی ڕۆمان. واتە ڕۆمانnووس بە کۆمەکی ئەم هەستانە بەرهەمەکەی خۆی دەخوڵقێنێ.

٣- کات: ژیان لە زەماندا دەگوزەرێ. یانی ژیان ڕەوتی بەردەوامی کاتە، کات لە ڕۆماندا ڕەگەزێکی گرینگە. هەندێ لە ڕەخنەگران پێیان وایە نووسەر چەند بە دروستی لە زەمان بگات و چەند دەرکی لەمەڕ زەمان دروست بێ، ئەوەندە لە کارەکەیدا سەرکەوتوو دەبێت.

٤- شوێن: بەشەر و تیرەی بەشەر هەمیشە لەناو

شۆێندان. یانی پێوەندییەکی توند لە نێوان بەشەر و شۆێندا هەیە.

٥- کارەکتەر و قارەمانان.

٦- گۆشەنیگا: لە هەر ڕۆمانێکدا یەک، یان دوو جۆرە نۆڕین و گۆشەنیگا هەیە. پرسپکتیڤ، کە لە گۆشەنیگادا لە خاڵێکی دیاریکراوەوە تەماشای دیمەنێک دەکرێت. هەندێ نووسەر بە خۆیان ڕووداوەکان نیشان دەدەن و دەگێڕنەوە. ڕیالیستەکان بە گشتی لە هەنبەر پێشهات و بوبەرەکاندا تەماشاڤانن. جێ پێی نووسەر لە هەر دێڕێکی ڕۆمانەکەدا دەبینرێ. ئەم جۆرە نووسەرانە زیاتر لە زمانی سێیەم کەسەوە قسە دەکەن. هەندێ نووسەریش بیرەوەری و یادگارییەکانی خۆیان دەگێڕنەوە. دەشێت ئەو جۆرە ڕۆمانە ناو بنرێ (ڕۆمانی من). لە ڕۆمانی ئەمڕۆدا وێنەکان دەروونییە و نووسەر لە ئارادا نامێنێ. لەو ڕۆمانانەدا کە بەشێوەی نامە دەنووسرێن جۆری دووەمی گۆشەنیگا بەکار دەبرێ.

٧- شێواز: واتە لێکچوون، شێوەی ڕستەکان و نیشانەکان.

٨- هزر و بیر (ئایدیۆلۆژی): تورکگەرایی، تۆرانچیەتی، کۆمەلایەتی و...تاد

٩- قۆناغی مێژوویی: هەر ڕۆمانێک بگرێت سەر بەو سەردەم و قۆناغەیە کە تێیدا دەنووسرێت. بۆ نموونە ڕۆمانی سەردەمی تەنزیمات سەر بە هەمان قۆناغ و کولتوور و شارستانیەتی ئەو قۆناغەیە. ڕۆمانی قۆناغی سەروەتی فنون(١) و ڕۆمانی قۆناغی جەمهوریەت(٢) هی ئەو دوو سەردەمن و سەر بەو دوو قۆناغ و سەردەمەن.

١٠-تێپەڕاندن لە خۆ: گەلێک ڕەگەزی جۆراوجۆر هەن کە لە ڕۆماندا دەبنە مایەی تێپەڕین لە خۆ. بۆ نموونە مزگەوت تەنیا شوێنەواریکی تەلارەوانی نییە. ئەم بینایە بە چەمک و مانایەکی زۆر گەورەتر لە خۆی بارگاوییە و نەک هەر خۆی تێدەپەڕێنێ، بەڵکو ئاسمانانیش تێدەپەڕێنێ. هەندێ بەرهەمی هونەری ئەم تایبەتمەندییەیان تێدا نییە.

ڕۆمانێن تورکی

لەنێو تورکاندا کۆمەڵێک مەسنەوی شیعری هەن کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەم و قۆناغی ئەدەبیاتی دیوانی کە دەشێت بۆ سەردەمی خۆیان بە هاوواتای ڕۆمان دابنرێن. مەسنەویانی وەک: یووسف و زوڵەیخا، لەیلاو مەجنوون، خوسرەو و شیرین، وامیق و عەزرا، گوڵ و بلبل، چاکی و ڤیان، چاکی و دڵ و...تاد ئەم جۆرە بەرهەمانە بەزمانی تورکی نووسراون، زمانێک کە تێکەڵەیەک بوو لە تورکی، عەرەبی و فارسی، بۆیە ئەوانەی کە خوێنەواریی باشیان نەبێت، ناتوانن سوودیان لێوەربگرن.

هەندێ لەو بەرهەمە کلاسیکییە تورکیانەی کە بە درێژایی سەدان ساڵ بە زمانێکی ڕەوان و مەفهووم نووسران، بریتیین لە: تووتی نامە، سەیفول مولک، خەیاڵاتی عەزیزەفەندی، نوکتەنامە، کەرەم و ئەسڵی، تاهیر و زەهرا و ئارەزوو و قەنبەر، شا ئیسماعیل و گوڵعوزارخانم، مەولوود نامان، ئەحمەدیان و محەمەدیان و بەرهەمێن دیکەی مینا (وەک) قەڵای خەیبەر، قەڵای خوێن و بەتاڵ غازی کە دەربارەی حەزرەتی عەلی سەلامی خوای لێ بێ نووسراون.

لە ئەدەبیاتی کۆنی تورکاندا بە چیرۆک دەگوترا (حیکایەت). (چیرۆک)یش هەمان مانا و چەمکی دەدا. لە نیوەی سەدەی نۆزدەمەوە وشەی ڕۆمان کەوتە سەر زاران و بە مانای "حیکایەت" بەکار براو ڕەواجی پەیدا کرد. لەگەڵ هاتنی وشەی ڕۆماندا بۆ ناو زمانی تورکی، وشەییێن میناکی (وەکو) چیرۆک، چیرۆکی کورت و چیرۆکی درێژیش کەوتنە سەرزار و باویان پەیدا کرد. ئەوەی لەلایەن شایەران و ئاشقانەوە و بەدەم سازلێدانەوە بە گۆرانی و ئاواز دەگوترا (حیکایەت و بەیتی میللییان) پێ دەگوترا. بابەتی سەرەکی ئەم جۆرە حیکایەتانە کە نووسەرەکانیانیش دیار نین وەکو بەیتی کەرەم و ئەسڵی، تاهیر و زەهرا و ئاشقی غەریب، ئەشق و ڤیانە. بەیتی داستانی وەکو کوێر ئۆغلۆش هەن. بەشە پەخشانییەکانی حیکایەت و بەیتی فولکلۆری بە حەرەکەی سەر و دەست و ئەداو ئەتواری جۆراوجۆر ئەدا دەکرێت و بەشە شیعری و هۆنراوەییەکانی حیکایەت و بەیتی فولکلۆریش بەدەم سازلێدانەوە ئەدا دەکرێت. لە بەیت و حیکایەتێن فولکلۆریدا بایەخێکی زۆر بە ڕووداو و واریقاتی نا ئاسایی دەدرێ. لەگەڵ بەسەرچوونی سەردەمێن داستانی (مەلحەمی) و کۆتایی هاتنی ئەو سەردەمەدا، ئیدی حیکایەتێن میللی و فۆلکلۆری جێگەی داستانی کۆنی گرتەوە.

بابەتی مەسنەوی کە لە نێو تورکاندا دەوری ڕۆمانی دیتووە، کۆمەلێک مەسەلەی واقیعی و کۆمەلایەتی

بووه. له مەسنەویانی تورکیدا بابەتێن وەکو ئایین، سۆفیگەریی، ئاکار و ئەخلاق، جوامێری و پیاوەتی و دڵاوایی و ڤیان و خۆشەویستی، کە لە جۆرە شیعر و هۆنراوەکانی دیکەی ئەدەبیاتی دیوانیدا نەدەبینران، شێوێکی تایبەتیان هەیە. ئەمەش نموونەیەکە لە مەسنەوی لەیلا و مەجنوونەکەی فزوولّی (٤):

بینی ڕاوچییەک کە داوی ناوەتەوە
ڕەوە ئاسکێک بەرەو داوەکە دەچن
ئاسکێک بە داوەکەوە بوو
فرمێسکی خوێنین لە چاوەڕەش و گەشەکانیدا قەتیس ما
ملکەچ و پێ لە بەندا
چاوانی ڕەش و درشتی بە فرمێسک، گیانی داغدار
مەجنوون دڵی بە حاڵی ئەو بەستەزمانە سووتا
فرمێسکی خوێنین لە چاوانی هاتە خوار
باری قورسی ئەم بێدادییە دای لە دڵی
ڕوو لە یارۆی ڕاوچی بە ئارامی گوتی
ڕەحم بەم ئاسکی مسک بۆیەدا بکە
چما پیاو هەیە بەزەیی بە حاڵیدا نەیەتەوە
ئەی ڕاوچی ستەم لەم داماوە مەکە
بیبەخشە و ئازادی بکە
ئەی ڕاوچی ئامان کە جەفا ناپەسندە
ئایا نازانی خوێن جەوابی خوێنە
ڕاوچی، خوێنی ئەو بەمن بیبەخشە و
گیانی خۆت بە ئاگری جەفا مەسووتێنە
ڕاوچی گوتی ئەمە کاری منە
ئەگەر سەرم داناوە، پێی ناکەمەوە
ئەگەر درێغی لە کوشتنەوەی ئەم حەیوانە بکەم
مەگەر خوا بزانێ وەزعی مانّ و منداڵم چ دەبێ
مەجنوون جلەکانی دا بە یارۆی ڕاوچی
و دەرەختی بوونی خۆی پاک کرد
ڕاوچی پێی ئاسکە جوانەکەی کردەوە
و گیانی ئازارمەندی شاد کرد
کەوتە ڕێ و بەدەم فیغانەوە
چاوی بڕییە چاوی حەیوانەکە و گریا
بە ئاسکەکەی گوت چەند ڕۆژێک لەگەڵ من بە و
لە ئینسان بوونم مەترسە
من چاوی لەیلام وەبیر هاتوونەوە
ئێستا تۆ دڵخۆشیی منی بیمار بدەوە.

ڕۆمانی تازەی تورکی

لە ڕۆمانی تازەدا کە پاش سەردەمی تەنزیمات لە تورکیادا سەری هەڵدا و هاتە ناو ناوانەوە، واقیعگەرایی دەبێ بە خەمی سەرەکی ڕۆمان. لە مەسنەوییەکانی کۆنیشدا یەک ڕووداو و کۆمەڵێک قارەمان و کارەکتەر هەبوو. دەشێت ئەو مەسنەویانە بە ڕۆمانی شیعری دابنرێن. بە هەرحاڵ مەسنەوی، یان بەیت و حیکایەتی فولکلۆری لە واقیعەوە دووربوون. لەم جۆرە بەرهەمانەدا بواری خەیاڵ زۆر بەرینە. پێدەچێت لە ئەدەبیاتی کۆنی تورکیدا مرۆڤ و جیهان بە شێوەیەکی واقیعیانە وێنە نەگیرابن. لە ئەدەبیاتی کۆنی تورکاندا، شێواز، دنیای دەرەوە دەگۆڕێت، بەڵام لە ئەدەبیاتی مودێرندا بوونەوەران و دیاردەکان وەکو خۆیان و بە خەسڵەت و سیفەتەکانی خۆیانەوە، وەکو هەن نیشان دەدرێن و بەرجەستە دەکرێن.

ڕۆمان بە چەمک و مانا ڕۆژئاواییەکەی، لە تورکیادا بەو پاچڤانە دەست پێدەکات کە پاش سەردەمی تەنزیمات هاتنە ئاراوە. یەکەمین بەرهەمی پاچڤەکراو (تیلماک)ی نووسینی (فینلون)ـە کە لە ساڵی ١٨٥٩دا لەلایەن یووسف کامیل پاشاوە پاچڤەی تورکی کراوە، پاشان بێنەوایانی ڤیکتۆر هۆگۆ، ڕۆبنسن کرۆزی دانیال ڕیڤو، زیندانەکانی من، ئاتالا، مونت کریستۆ، سەفەرەکانی گولیڤەر و پرد و فرجینی، پاچڤەی تورکی کران. یەکەمین ڕۆمانی خۆمالّی تورکی چیرۆکێکی دڵداریە بەنێوی چیرۆکی ئەڤیندارییی تەڵعەت و فیتنە ، کە لەلایەن شەمسەددین سامییەوە لە ساڵی ١٨٧٢دا بڵاوبووەتەوە. پاش ئەوە دەریاوان، نووسینی ئەحمەد مەدحەت (١٨٧٤) و بێداری، نووسینی نامیق کەمال (١٨٧٦) چاپ و بڵاوکرانەوە.

ڕۆمانیش وەکو چیرۆک لەگەڵ سەردەمی تەنزیماتدا هاتە ناو ئەدەبیاتی تورکییەوە. یەکەمین ڕۆماننووسانی تورک بریتین لە: ئەحمەد مەدحەت، نامیق کەمال، ڕەجایی زادە، مەحموود ئەکرەم و سامی پاشا زادە سزایی. چنینی ڕۆمانێن باش ئەوەندە سفتە کە ناتوانرێ تاقە داوێکی لە دەقەکە دەربهێنرێ. لە هەندێ ڕۆماندا واقیع و لە هەندێکی دیدا کارەکتەر و قارەمان گرینگە. یەکەمین نموونەی ڕۆمانی سەرکەوتوو لە تورکیادا، خالید زیبا ئوشاکلی گیل، لە ژێر کاریگەریی ڕۆمانانی فەرەنسیدا نووسیویەتی. ڕۆمانەکانی ئەو بوونە مایەی گەشەکردن و پەرەسەندنی پەخشانی نوێ و ئیجادی ئەمۆسفیر و

هاماجێکی تازە بۆ ئەندێشە و هەستان. ڕۆمانەکانی خالید زیبا زیاتر بایەخ بە ڕێنوێنی کۆمەڵگە و هۆشیار کردنەوەی خوێنەر و بەرز کردنەوەی ئاستی خوێنەر دەدەن. بابەت و گۆشەنیگا و جیهانبینی لە بەرهەمەکانی خالید زیبادا لە ڕۆمانتیزمەوە تا ناتورالیزم لە خۆ دەگرن. نامیق کەمال، ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی و شەمسەددین سامی بە زۆری بابەتی ڕۆمانتیکیان هەڵدەبژارد و سەر بە ڕێبازی ڕۆمانتیک بوون و سامی پاشازادە سزایی، ڕەجایی زادە، مەحموود ئەکرەم و محەمەد مراد، زیاتر ڕوو لە نووسینی ڕۆمانێن ڕیالیستی بوون. بەرهەمەکانی (نابی زادە نازم)ش خەسڵەتی ناتورالیستیان بەسەردا زاڵە. لە پاش نووسەرانی ناڤبری ئەوسا قۆناغ و سەردەمی ڕۆمانووسی مۆدێرنی تورکی دەست پێدەکات.

لە ڕۆمانانی کارابیبیک، پاشای بچووک و بێگانەدا، بایەخ بە هەژاری و بێ ئاگایی گوندییانی تورک و ئاکامەکانی ئەو دیاردانە دراوە و خەمساردی و بێ موبالاتی حوکمڕانان و ڕۆشنبیران وێنە کێشراون: گوندوز ئاکینجی. مەبەست و ئامانج لە ڕۆمانووسین بەرجەستە کردنی ڕووداوێکە کە لەگینە لە ژیانی واقیعیدا ڕووی نەدابێت، بەڵام ئەگەری ڕوودانی هەیە. ئەم کارە هەموو لایەنەکانی وەک ئاکار، دابونەریت، هەست و سۆز و ئەگەرە ورد و درشتەکان لە خۆ دەگرێت: نامیق کەمال. ئەوەی ڕۆمانی پێ دەگوترێ بریتییە لە تۆمارکردنی بەشێک، یان چەند بەشێکی بارودۆخی کۆمەڵگەی مرۆڤانی: ئەحمەد مەدحەت. ڕۆمان ئاوێنەی ئەخلاقە. ئەو دیمەنانە نیشان دەدات کە شایستەی دیتنن: حسەین ڕەحمی. ڕۆمان سەرباری ئەوەی ڕەنگدانەوەی واقیع و ڕووداوەکانی کۆمەڵگەیە، هەندێ جاریش لە ژێر فەرمانی ئەو هزر و بیرە زاڵ و باوەدایە کە حوکمڕانی کۆمەڵگە دەکات. بەم پێودانگە دەکرێ بگوترێ کۆمەڵگە هەرچۆنێک بێ، ڕۆمانیش هەمان شێوە و فۆرم وەردەگرێت: پەیام سەفا. ڕۆمانووس ئەو شتەمان فێر دەکات کە لە ڕۆمانەکەیدا نەیگوتووە، چونکە ژیانی قارەمانانی ڕۆمان لە ڕابردووەوە تا ئایندە درێژ دەبێتەوە: ئاتاج

پەراوێز:

١- سەروەتی فنون: بڵاوکراوەیەکە کە بووە مایەی هاتنە ئارای ڕێبازێکی ئەدەبی و کاریگەر لە میژووی ئەدەبیاتی تورکیدا.

٢- ڕۆمانی سەردەمی کۆماری: مەبەست لە قۆناغی پاش هەرەسی خەلافەتی عوسمانی و دامەزراندنی ڕژێمی کۆمارییە لە تورکیادا.

٣- ئەدەبیاتی دیوانی، زاراوە و تێرم و ناوێکە کە لە ئەدەبیاتی باوی دەرباری عوسمانی نراوە. لە ئەدەبیاتی دیوانیدا شیعر بە زۆری بە کێش و قافیە بوون و پڕ بوون لە پەیڤێن عەرەبی و فارسی.

٤- فزوولی شاعیرێکی موسوڵمانی شیعە مەزهەب بووە، لە ساڵی ١٤٢٠ لە کەربەلا لە دایک بووە و لە ساڵی ١٥٥٦دا لە هەمان شوێن کۆچی دوایی کردووە. (حدیقە السعدا) یەکێکە لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی ئەو. فزوولی بە هەر سێ زمانێن فارسی، عەرەبی و تورکی شیعری گوتووە.

سەرچاوە:

سەید کەمال کاراعلی اوغلو، صد سال رمان نویسی در ترکیە، برگردان: داوود وفایی، نشر میترا /تهران ١٣٨٧.

ڕۆڵی میدیای نوێ
لە بەهێزکردنی زمان بۆ چێکردنی ناسنامەی نەتەوەیی

د. جەعفەر شێخولیسلامی
(زانکۆی کارلتۆن – کەنەدا)

پێشەکی و پوختە

ئەم وتارە باسی زمان، ناسنامەی نەتەوەیی و میدیا دەکات. دوایی، باسی ئەو پێوەندییەی نێوان زمان و ناسنامە و میدیا لە ناو کوردان دەکات. پوختەی وتارەکە ئەمەیە: گرینگترین پێکهاتەی ناسنامەی نەتەوەیی زمانە، چونکە هەموو، یان زۆربەی پێکهاتەکانی گوتاری ناسنامەی نەتەوەیی، وەکو مێژوو، لە ڕێگای زمان ساز دەکرێن. لە گەڵ ئەوەشدا، ڕۆڵی زمان لە ژیانی هەموو نەتەوەکاندا بە ڕادەی یەک گرینگ نییە. زمان بۆ سازکردنی ناسنامە گرینگە تا ئەو ڕادەیە کە ئێمە خۆمانی پێ دەناسێنین، لە هەمان کاتیشدا، خۆمانی پێ لە خەڵکی دیکە نزیک، یان دوور دەکەینەوە. گرینگی زمان لە پڕۆسەی خۆ ناسنامە کردندا هەرچی بێ، بە دەستی میدیا و بە هاریکاری میدیا بەهێزتر دەبێ. لە دوو لاوە، ئامرازەکانی پێوەندیگرتن ڕۆڵی زمان لە چێکردنی ناسنامەی نەتەوەییدا دەتوانێ بەهێزتر بکەن:

(١) دەتوانن هاریکاری بکەن بۆ ناساندن، مەحفووزکردن و پێشکەوتنی زمان؛

(٢) دەتوانن هێزی زمان بۆ دەربڕین و دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی زێدەتر بکەن. بە لەبەرچاوگرتنی دەوروبەر، لێکۆڵینەوە نیشان دەدا کە کوردەکان بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک باش میدیای نوێ دەکار دەکەن بە تایبەت لە پڕۆسەی چێکردنی ناسنامە دا و لە پڕۆسەی گەشەکردنی شێوەزارەکانی کوردیدا، بەڵام لێکۆڵینەوەی زێدەتر پێویستە بۆ ئەوە کە بەڕاستی کاریگەری ئامرازە گشتییە نوێیەکان لە سەر ناسنامە و زمانی کوردی ببینین.

زمان چییە؟

زمان سیستمی دەنگ، پەیڤ (یان وشە)، نیشانە، ڕێزمان و یاساکانە بۆ سێ مەبەستە:

(١) پێوەندیگرتن لە جڤاتێکی زمانیدا بە قسەکردن، نووسین و پێوەندی گرتن بە ئیشارە؛

(٢) پاشەکەوت کردن، دەربڕین و بەرەوپێشبردنی زانیاری و نرخی کولتووری؛

(٣) نیشاندان، شی کردنەوە و چێکردنی دنیا و ناسنامەی تاکەکەسی و گشتی. واتە، زمان تەنیا ئامرازی دەربڕین نییە، بەڵکو ئامرازی خۆ سازکردنەوە و دنیا دروست کردنە. زمان بەس ڕەنگدانەوەی کولتوور نییە، بەڵکو کولتوور لە زماندا دەژی. لە نێوان زمان و کۆمەڵگەکەدا پێوەندییەکی دیالەکتیک هەیە: زمان نە تەنیا دەتوانێ ڕەنگدانەوەی دنیا بێ، بەڵکو دەتوانێ ئامرازی سازکردنەوەی دنیا بێ؛ زمان نە تەنیا دەتوانێ ڕەنگدانەوەی ناسنامە بێ، بەڵکو دەتوانێ ئامرازی چێکردن و دووبارە دروستکردنەوەی ناسنامە بێ.

ناسنامە چییە؟

ناسنامە کۆمەڵەیەک لە ئەو فاکتۆرانەیە کە کەسێک، یان گرووپێک، یان نەتەوەیەک خۆیان پێ دەناسێنێ، یان هەبوونی خۆی لە ئەواندا دەبینێ. بۆ نموونە، بۆ زۆر کەسان، بە تایبەت بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەکان و کەمینەکان، زمان ئامرازێکی سەرەکی ناساندنە. ناسنامە تەنیا خۆ ناساندن و خۆناسین نییە، بەڵکو هەروەها ناساندنی "ئەوی دی" و "ئەوانی دی"شە. ناسنامە پێکهاتەیەکە لە وێکچوونەکان و جیاوازییەکان. ستراتیژی گوتاری ناسنامەی نەتەوەیی وێکچوونەکان لە ناو کۆمەڵە خەڵکێکدا چڕ و مەزن دەکاتەوە. ناسنامە نەگۆڕ نییە. ناسنامەکان چێ دەکرێن و دەگۆڕدرێن.

زمان و ناسنامە

سێ بۆچوونی سەرەکی لە سەر پێوەندی نێوان زمان و ناسنامەدا هەیە. لە کۆنەوە، هەندێک لە سەر ئەو بڕوایە بوون و هەن کە زمان دەوری سەرەکی لە دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی ناگێڕێ. بۆ نموونە، (ئیرنست ڕێنان)ی فەرانسەیی ساڵی ١٨٤٨ دەڵێ: زمان خەڵک بانگ دەکا بۆ یەکگرتن، بەڵام ناچاریان ناکا کە ئەو کارە بکەن. لە ڕوانگەی ڕێنانەوە، "ئیرادە"ی خەڵک بۆ بە یەکەوە ژیان گرینگترە لە زمان. بۆچوونی دووەم پێی وایە کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ دە نێوان زمان و پیناسەی نەتەوەییدا هەیە. بۆ نموونە، فیختەی ئەڵمانی، هێندێک بەر لە ئیرنست ڕێنانی فەرانسەیی، دەبێژێ: هەر نەتەوەیەک دەبێ یەک زمانی تایبەت بە خۆی هەبێ، چونکە ئاوا دەتوانێ خەڵکی هاوزمان بکات بە نەتەوەیەک؛ لە هەمان کاتیشدا، نەتەوەیەک لە نەتەوەکانی دیکە جیا بکاتەوە. ئەم فیکرەیە دوو کێشەی هەیە. یەک: چەندین نەتەوە و وڵات لە دنیادا هەن کە زمانی تایبەت بە خۆیان نییە، وەکو ئەمریکا، کانادا، ئوستڕالیا. ئینگلیسی زمانی سەرەکی ئەم وڵات و نەتەوانەیە، کەچی خۆیان بە نەتەوەی جیاواز دەزانن. دوو: گرفتی دووەم ئەمەیە کە دەوڵەت-نەتەوە، یان تەنانەت نەتەوە هەن کە زۆرتر لە یەک زمانیان هەیە: بۆ وێنە: نۆرویژ، ئەفریقای باشوور و تاد. ئەمانەش خۆیان وەکو نەتەوە دەبینن.

بە پێچەوانەی ئەو دوو بۆچوونە کە زۆر دژ بە یەکن، بۆچوونی سێیەم زێدەتر سەردەمییە. ئەم بۆچوونە ناخوازێ پێوەندی نێوان زمان و نەتەوە، یان زمان و ناسنامەی نەتەوەیی موتلەق بکاتەوە. بۆ نموونە، "ستیڤن مەی" دەبێژێ: زمان بۆ ناسنامەکردنمان گرینگە تا ئەو ڕادەیە کە ئێمە خۆمانی پێ دەناسێنین. واتە، ئەگەر کەسێک، یان خەڵکێک پێی وا بێ کە زمانەکەی ناسنامەی وییە، کەس ناتوانێ بێژێ وا نییە. ئەگەر کەسێک، یان خەڵکێکیش گوتی فلانە زمان ناسنامەی من نییە، کەس نەشێ لە سەریان فەرز بکا. ئەوە مافی ڕەوای خۆیانە. زۆر جاران ئەو کەسانەی کە دەبێژن زمان بۆ ناسنامە گرینگ نییە، یان بە ئاشکرا، یان ناڕاستەوخۆ ئیدیۆلۆژی و فیکری نەتەوە و گرووپی باڵادەست دەردەبڕن. زۆربە یان هەموو کەمینە ژێردەستەکان لە سەر ئەم بڕوایەن کە زمانی زگماکی، زمانی ئیتنیکی، یان نەتەوەییان ناسنامەیانە. واتە، خۆیان بە زمانەکەیانەوە ناسنامە دەکەن.

ڕۆڵی میدیا چییە لە سازکردنی ناسنامەی نەتەوەییدا؟

لە میژووی هەموو نەتەوەکاندا، میدیا ڕۆڵی کاریگەری هەبووە بۆ چێکردنی ناسنامەی نەتەوەیی. بەنەدیکت

ئەندرسن و زۆر کەسی دی پێیان وایە کە پەیدابوونی نەتەوە مۆدێرنەکانی ئەوروپا هاوکات بوو لەگەڵ پەیدا بوونی ڕۆژنامە و ڕۆمان/ناڤل. مارشل مەکلووهن دەبێژێ: ناسیۆنالیزم زارۆکی چاپەمەنی بوو. بۆ؟ چونکە، ناسنامە لە زماندا چێ دەبێ؛ ناسنامەی نەتەوەیی پێویستە لە ناو خاکێک و خەڵکێکدا بلاو بێتەوە. ئەم کارەش چاپەمەنی کردی لە ڕۆژئاوا دا. جێگای سەرنجە کە لە ناو کوردانیشدا دەرکەوتنی هزری نەتەوەیی هاوکات بوو لە گەڵ چاپ بوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، واتە کوردستان، لە لایەن بەدرخانەکانەوە، بەڵام بە چەند هۆ، نووسراوە، چاپەمەنی، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی کەیبڵ لە ناو کورداندا نەبوون بە ئامرازی گشتی پێوەندیکردن؛ نەبوون بە ماس میدیا. هێندێک لەو هۆیانە ئەمانەن:

۱- بەرهەمهێنان و وەشان و بلاو کردنەوەی چاپەمەنی هەمیشە گران و زەحمەت بووە. بۆ کوردان گرانتریش بووە.

۲- لە باری سیاسییەوە، ئەو سەربەستییە نەبووە کە بە زمانی کوردیی میدیا هەبێ، هەروەکی ئێستاش لە زۆر شوێن ئەو ئازادییە نییە.

۳- زۆربەی ئەو میدیا کلاسیکانە وەکو ڕۆژنامە، کتێب و گۆڤار پێویستیان بە خوێندەوار هەیە. زمانی کوردی لە سەردەمی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمدا قەدەغە بوو. کەوابوو خوێندەواری کورد، یان نەبوو، یان زۆر کەم بوو. ئێستاش لە پایتەختی هەرێمی کوردستان کە زۆرتر لە یەک میلیۆنی نفووسە، هەرچەند کوردی زمانی خوێندنە لە هەموو پلەکانی فێرگە و زانکۆ و زمانی دەزگا دەوڵەتییەکانە، ژمارەی چاپی کتێب لە ۱۰۰۰ دانە تێناپەڕێ. ڕەنگە هەڵە نەبێ ئەگەر بێژم، چاپەمەنی قەت نەیتوانیوە جەماوەریی و گشتی بێ لە کوردستان. چاپەمەنی کوردیی ئامرازی پێوەندیی گرتنی ئەو کەسانە بووە کە خوێندەواریی کوردییان هەبووە. کە وابوو، سەیر نابێ ئەگەر بلێین، میدیای بەڕاستی جەماوەریی و گشتی (ماس میدیا) لە ناو زۆربەی کورداندا نەبوون هەتا دامەزرانی سەتەلایت تی.ڤی و ئینتەرنێت، هەرچەند ئەوانیش گرفتی خۆیان هەیە.

تەلەڤزیۆنی سەتەلایت و ئینتەرنێت سنوورەکانیان دەرباز دەکرد. گوێیان نەدا گوشاری سیاسی. کاتێ یەکەم تەلەڤزیۆنی سەتەلایتی کوردی کەوتە کار کردن، خوێندەوار و نەخوێندەوار، ژن و پیاو، هەژار و زەنگین، لە مەهاباد و ئامێد و سلێمانی و قامیشلی چاویان لە یەک پرۆگرامی مەد-تی ڤی کرد؛ بۆ جاری هەوەڵ، ئامرازێکی گشتی و جەماوەریی و نەتەوەیی کوردیی پەیدا بوو. ناسنامەی گشتیی نەتەوەیی کوردی و کوردستانی دەستی بە گەشەکردن کرد. پێشدا ئەگەر هەستێکی نەتەوەیی هەبوو، زۆرتر لە ناو ژمارەیەکی کەمی خوێندەوار، شاعیر و سیاسیکار دا بوو. تەلەڤزیۆنی سەتەلایت هاریکاری کردووە کە زۆربەی گوتارەکانی ناسنامەی نەتەوەیی لە ناو هەموو توێژ و چینەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریدا چێ بکرێن، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ئەو گوتارانە ڕەنگی حزبەکانیان لە سەر دیارە. زۆربەی هەرە زۆری خاوەنەکانی تەلەڤزیۆنە سەتەلایتەکان حزبەکانن. حزبەکانیش ڕەنگ و بۆنی ئایدیۆلۆژی حزبی خۆیان دەدەن بە ناسنامەی نەتەوەیی. هەموو تەلەڤزیۆنێک لە دنیا دا ئەمە دەکا. لە گەڵ ئەمەشدا، ئەم تەلەڤزیۆنانە ئیعتیباریان داوە بە زمانی کوردی. کوردەکان شانازی دەکەن کە زمانەکەیان زمانی مۆدێرنیتەیە؛ زمانی تەکنۆلۆژی سەردەمە. هەڵبەت، ڕەخنەگری ئاواش هەیە کە دەبێژێ تەلەڤزیۆنەکان زمانی کوردییان وێران کردووە. ئەوەش بەشێکی ڕاستە. ئەم ڕەخنەیە لە چاپەمەنییەکانی کوردی لە باشووریش دەگیرێ، بەڵام تەلەڤزیۆن تەنیا زمان نییە. تەلەڤزیۆن هەروەها لە ڕێگای موزیک، وێنە و پێوەندی دەگرێ، بۆیە دەتوانێ زۆر بینەر و گوێهدار بۆ لای خۆی بێنێ، تەنانەت ئەگەر ئەو بینەرانە زمانەکەش بە تەواوی تێنەگەن. لە بەر ئەوە زۆر سۆرانی ئاخێو چەندین سالّە پرۆگرامی کورمانجی و هەورامی و زازاکی دەبینن، ئەوانی دیکەش هەروەها. بەم جۆرە، لە ناو کورداندا ئەو گوتەی سۆسیۆلینگویستیکە تا ڕادەیەک چێ بووە کە پێی دەبێژن: (میووچووالّ ئینتەلەجیبیلیتی) واتە، لە یەک تێگەیشتنی دوو لایەنە چێ بووە و هەر دێ زێدەتریش دەبێ. ئەمەش بۆ بە هاوبەشکردنی گوتارەکانی ناسنامەی نەتەوەیی زۆر گرینگە.

ئینتەرنێت لە زۆر بارانەوە لە تەلەڤزیۆن جیاوازە:

۱- لە دنیای ئینگلیسیدا دەڵێن کە ئینتەرنێت

میدیاکانی دیکەی وەکو چاپ و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی کز کردووە. لە ناو کوردا ئەوە بە پێچەوانەیە. بە هۆی ئینتەرنێتەوە ئێستا چاپەمەنی کوردی بە سەربەستی بلاو دەبێتەوە. ڕادیۆی کوردی سنوورەکان دەرباز دەکا. کەنالە تەلەڤزیۆنییەکان هەروەسا.

٢- لە کاتێکدا کە کەنالەکانی تەلەڤزیۆنی سەتەلایت دەنگی حزبەکانن، ئینتەرنێت بووە بە دەنگی تاکەکان و گرووپە بچووکە کولتووری، سیاسی و کۆمەلایەتییەکان. ئینتەرنێت بووە بە مەیدانێکی جەماوەریی بۆ ئالۆگۆڕکردنی گوتاری جۆراوجۆر، وەکو گوتاری ناسنامەی نەتەوەیی.

٣- بە پێچەوانەی میدیای دیکە، بەکارهێنەری ئینتەرنێت دەتوانێ هەروەها نووسەر، داهێنەر و پێکهێنەری ناوەرۆک بێ. بۆ نموونە زۆر کورد چیدیکە ناچار نین کە تەنیا خوێنەر، یان بینەری گوتاری پارتەکان لە سەر تەلەڤزیۆن، یان لە ناو کتێبدا بن؛ دەتوانن گوتاری تایبەتی نەتەوەیی، چینی، تاکەکەسی خۆیان هەبێ. دەتوانن تەعبیری نوێ چێ بکەن.

٤- دە گەڵ ئەم خاڵە باشانە، ئینتەرنێت خاڵی لاوازیشی هەیە. بۆ نموونە، ئێستاش خەڵک ناچارن کە بتوانن بخوێننەوە و بنووسن ئەگەر بخوازن بە شێوەیەکی کاریگەر کەڵک لە بەشێکی زۆری ئینتەرنێت وەربگرن. واتە، ئینتەرنێت تا ڕادەیەکی زۆر ئێستاش بە نووسین گرێ دراوە. زاراوە جیاوازەکان مافی خۆیانە بە زمانی خۆیان بنووسن و بخوێننەوە، بەڵام ئەو ئەگەرەش هەیە کە ئەو وێنا و خەیاڵی گوتاری نەتەوەیی پارچە پارچە بکا. لە بەر ئەوە، دەکرێ بێژین کە بۆ کۆکردنەوە و یەککردنی وێنە خەیاڵییەکانی ناسنامەی نەتەوەیی، تەلەڤزیۆن ئامرازێکی کاریگەرتر بێ.

٥- هەروەها، ئینتەرنێت لە لایەن حکوومەتەکانەوە سانسۆر و کۆنترۆڵ دەکرێ. تەلەڤزیۆنی سەتەلایت سەربەستترە.

٦- لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئینتەرنێت یارمەتی پێشکەوتن و زەنگین بوونی زمانی کوردی و لە ئەنجامدا ناسنامەی نەتەوەیی کوردی دەدا، چونکە چاپ لە سەر ئینتەرنێت هەرزانتر و خێراترە. هەڵبەت، لایەنێکی نەگەتیڤ ڕەنگە ئەمە بێ کە نووسراوەکانی سەر ئینتەرنێت ڕەنگە کۆنترۆڵ نەکرێن و بە هەڵە و پەڵەوە بلاو بکرێنەوە. ئەمە گلەییەکە لە ناو زمانەکانی دیکە وەکو ئینگلیسی دەکرێ. کوردی نووسین لە چاپەمەنییەکانیشدا تا ڕادەیەکی زۆر بێ کۆنترۆڵ و بێ سەرەوبەرەیە. کەوابوو ڕەنگە لە ئەم بارەوە ئینتەرنێت لایەنی پۆزەتیڤی زۆرتر بێ.

سەردەمانێک کتێبی کوردی قەدەغە بوو؛ ئێستاش وەشاندن لە ژێر گوشار دایە. ئەو کتێبانەش کە چاپ دەکرێن، یان زۆر کەمن، یان بە زەحمەت بلاو دەکرێنەوە. ئینتەرنێت بووە بە دەزگای بلاوکردنەوە و کتێبخانە. ئێستاش هەبوونی ڕۆژنامەیەکی بەڕاستی ڕۆژانە تەنیا بە حزبە زەنگینەکان لە باشووری کوردستان دەکرێ، بەڵام لە سەر ئینتەرنێت ئەوە زۆر ئاسانترە. لە سەر "یوتووب" وانەی کوردی هەیە و هەموو کەس دەتوانێ کورمانجی فێر بێ. ئینتەرنێت مەیدان و دەرەتانێکی گرینگی بۆ کورد ڕەخساندووە کە بتوانێ بڵێ کێیە، چی دەخوازێ.

ئەنجام

لە ئەنجامدا من وا فیکر دەکەمەوە کە لە سەرەتای سالەکانی ١٩٩٠ەوە زمانی کوردی و گوتاری ناسنامەی کوردی کەوتۆتە قۆناغێکی زێدە نوێوە. چەند هۆکار هەبوون بۆ ئەم گۆڕانە (وەکو لێکهەلوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤییەت، داننان بە زمانی کوردیی لە تورکیا، شەڕی کەندراو و چێکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باشوور، پەیدابوونی ڕیفۆرمخوازەکانی ئێران و...تاد). میدیا بە تایبەت پەیدابوونی تی.ڤی سەتەلایت و ئینتەرنێت هاریکاری ئەو گۆڕانەیان کردووە بە بەرژەوەندی و بووژانەوە و بەقیمەتبوون و پەرەپێدانی زمان و کولتووری کوردی. ناسنامەی نەتەوەیی کورد و کوردستان بە هێزتر بووە، بەڵام ئەم ناسنامەیە جیاوازە لە ناسنامەی نەتەوەیی ٢٠٠ ساڵی بەر لە ئێستای ئەوروپا و ١٠٠ ساڵ لە مەوبەری ولاتانی دیکە. ئەم ناسنامە نەتەوەییە لەوانەیە بە یەک زمان و یەک کولتوور ناسنامە نەکرێ. ئەمە ئەو ناسنامە نەتەوەییەیە کە تایبەتمەندی سەردەمی دوای مۆدێرنیزمە کە یەک ئیرادەیی و یەک ئامانج هەبوون لە یەکبوونی زمان و کولتووردا نابینێ، بەڵکو یەکێتی لە جیاوازیدا ساز دەکا. ئەوەش پڕ بە پێستی میدیای نوێیە. میدیای نوێ، وەکو ناسنامەی ئەم سەردەمە، هەمە ڕەنگ و هەمە زاراوە و هەمە کولتوورە.

ئەوەش هیچ لە نەتەوەبوونی خەڵکێک کەم ناکاتەوە، بەڵکو دەیگونجێنێ بۆ ئێستا و بۆ داهاتوویەکی ڕوون.

ئەو دیتنانەی من کـــورتەیەک بوون لە ئەنجـــامی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی چەند ساڵە کە هەتا نهـا لە یەک کـتێب و چەند گـوتاری ئینگلیـسـیـدا پێشکەش کراوە، بەڵام هێشتا زۆر ماوە بکرێ لە پێوەندی لە دوو شتدا: ڕۆڵی میدیا لە نەتەوە دامەزراندنا بە گشتی و ڕۆڵی میدیا لە بەرەو پێشەوە چوون و گەشەکردنی زمانی کوردیدا.

مایکڵ هاڵیدەی دەبێژێ: زمان سیستمێکی هێمایی کـۆمـەڵایەتیـیـە و زمـان هەرچی هەیە لە بەر کـەڵک وەرگـرتنەکـان، یان کـەڵک وەرنەگـرتنەکـانی ئێـمـە مـرۆڤەکـانە. واتە زمـانەکان لە خۆڕا لە دایک نابن و لە خۆڕاش نامـرن، لە خـۆڕا ڕەسـمی و نا ڕەسـمی نـابن، لە خۆڕا ستاندارد نابن، لە خۆڕا یاسامەند نابن، لە خۆڕاش گەشە ناکەن و پێش ناکەون. ئەمڕۆ زمانی کوردی هەرچی بێ لەبەر ئەو چەشنە کـەڵک لێـوەرگـرتنانە، یان کـەڵک لێـوەرنەگـرتنانەیە کـە تەجـرەبەی کـردووە. گـرینگتـرین بـوارەکـانی کـــەڵک وەرگـــرتن لە زمـــان بریتین لە: خاووخێزان، دەوروبەر، فێرگە، بازاڕ و شوێنەکانی تری کـۆمـەڵایەتی و کـولتـووری وەکـو شـوێنی دوعـا کـردن، کـاروبـاری دەوڵەتی و هەروەها مـیـدیـا. واتە، هەبوونی ئێستـای زمـانەکـەمـان، هەبوونی خۆمـان، تەئسـیـری لە مـیـدیـا وەرگـرتووە و وەردەگـرێ. گـەلێک لێکۆڵینەوەی مەیدانی، ڕەخنەگرانە و هەمەلایەنەی دیکە پێـویسـتە بۆ ئەوە کە باشتر لە ڕۆڵی میدیا لە پێوەندی دەگەڵ زمان و ناسنامە لە چوارچێوەی کوردان و کوردستاندا تێبگەین، بەڵکو ئاوا بتـوانین کـەڵک لە ئەزمـوون و تەجـرەبەکـان وەربگرین بۆ گـەشـەکـردنی زمـانی کـوردی، بۆ باشـتـر تێگەیشتن لە گوتارەکانی ناسنامەی کوردی. هەروەها بە لێکۆڵینەوەی زانیستییانە و ئەکادیمییانە لە ڕۆڵی میدیا لە پێـوەندی دە گەڵ زمـان و ناسنامـەی کوردیدا لەوانەیە بتـوانین تیـوریی و مـیـتـۆدۆلۆژیی لێکۆڵینەوە لە زمـان و ناسنامە و مـیـدیا لە ڕادەیەکی جیـهـانیدا زەنگینتر و بە پێزتر بکەین.

سەرچاوەکان:

Anderson, B. (1991 [1983]). Imagined communities: Reflections on the origin and spread of nationalism (Rev. ed.). London: Verso.

Fichte, J. G. (1986). Addresses to the German Nation. (R. F. Jones and G. H. Turnbull trans., G. A. Kelly Ed.). New York: Harper Torch Books.

Halliday, M. A. K. (1994): Introduction to functional grammar. London: Edward Arnold.

Hassanpour, A. (1998). Satellite footprints as national borders: MED-TV and the extraterritoriality of state sovereignty. Journal of Muslim Minority Affairs 18 (1), 53-72.

May, S. (2008). Language and minority rights: Ethnicity, nationalism and the politics of language. New York: Routledge.

McLuhan, M. (1964). Understanding media: The extensions of man. New York: Mentor Books.

Renan, E. (1990 [1882]). What is a nation? In H. K. Bhabha (Ed.), Nation and narration (pp. 8-22). London: Routledge.

Sheyholislami, J. (2012). Linguistic Minorities on the Internet. 2012. In KirkÅSt.Amant & Kelsey Sigrid (Eds.), Computer-Mediated Communication across Cultures: International Interactions in Online Environments (pp. 235-250).ÅIGI Global publication.

Sheyholislami, J. (2011). Kurdish Identity, Discourse, and New Media. New York: Palgrave Macmillan.

Sheyholislami, J. (2011). Kurdistan. In George Barnett & Geoffrey J. Golson (Eds.), Encyclopedia of Social Networks, Vol. 1, pp. 473-4. London: Sage Publications.

Sheyholislami, J. (2010). Identity, language, and new media: The Kurdish case. Language Policy, 9(4), 289-312.

Sheyholislami, J. (2009). Minority Language Media: Concepts, Critiques and Case Studies. [Review of the book with the same title, edited by Mike Cormack and Niamh Hourigan (2007). Clevedon: Multilingual Matters.]. Canadian Journal of Communication, 34(4), 757-759.

لودڤیگ فۆیەرباخ: ناچاریی گۆڕانکاریییەک ١٨٤٢ - ١٨٤٣

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

لەنێوان فەلسەفەیەکی نوێ کە لەگەڵ فەلسەفەکانی پێشتردا دەکەوێتە نێو قۆناغێکی هاوبەشەوە و فەلسەفەیەکی دیکە کە دەکەوێتە نێو چوارچێوەیەکی نوێی مرۆڤایەتی، ئەوپەڕی جیاوازی هەیە، واتە ئەو فەلسەفەیەی هەبوونەکەی مایەی پێداویستییەکی فەلسەفەییە ئەوپەڕی جیایە، بۆ نموونە: هی فیختە لەو پێوەندییەی بەهی کانتەوە هەیەتی لەو فەلسەفەیەی لەگەڵ پێداویستی مرۆڤایەتیدا دێتەوە، یان دەگونجێ، ئەو فەلسەفەیەی سەر بە میژووی مرۆڤایەتییە و تەنیا هەر ناڕاستەوخۆ بەهۆی ئەوەوە لەگەڵ میژووی مرۆڤایەتیدا پێوەندی هەیە، لەو فەلسەفەیەی ڕاستەوخۆ لەنێو میژووی مرۆڤایەتیدا هەیە ئەوپەڕی جیایە و شتێکی دیکەیە، بۆیە ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە:

ئایا گۆڕانکارییەک، چاکسازییەک، نوێ کردنەوەیەکی فەلسەفە داواکراو و پێویستە؟!

ئەگەر وابوو چۆن دەکرێ و دەبێ چۆن بێ؟ ئایا ئەو گۆڕانکارییە بەگیان و واتای فەلسەفەی تا ئێستا لەئارادایە دەبێت، یان بەواتایەکی دیکەی نوێ بێت؟! ئایا فەلسەفەکە وەک ئەوە بێ کە ئێستا کە هەیە، یان بە تەواوەتی لە گەوهەردا جیاواز و هی دیکە بێت؟ ئایا بابەتەکە پێوەندی بە فەلسەفەیەکی نوێوە هەیە؟ یان بە کاتێکی نوێوە؟

هەردوو پرسیارەکە: ئایا گۆڕانکارییەکی فەلسەفە و ناچارییەکە چۆن بن تواند بەو پرسیارەوە بەندن:

ئایا ئێمە لەبەردەم دەروازەی قۆناغێکی نوێدا وەستاوین، قۆناغێکی نوێی مرۆڤایەتی، یان هەر لەسەر ڕێگا کۆنەکە بەرەوپێش دەڕۆین، یان دەستبەرداری وێنەی کۆنی مرۆڤ نابین و تەنیا هەر چەند گۆڕانکارییەک کە ناکرێ نەکرێت، لەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کاتدا

لودڤیگ فۆیەرباخ

دەکرێن؟ ئەگەر ئێمە پرسیاری ناچاری گۆڕانکارییەک تەنیا لە سۆنگەی فەلسەفەوە قسەی لێبکەین، ئەوە بە سنووردار دیاری کراودا لێی دەگەین، بەو پێیە ئێمە لە کایە و دەڤەری عەنە عەبەشی قوتابخانەدا نمایش دەکەین بەو لاوە نابین.

قۆناغەکانی مرۆڤایەتی تەنیا خۆیان بە هۆی گۆڕانکارییە ئایینییەکان لە یەکدی جیا دەکەنەوە. تەنیا ئەو گۆڕانەی فەلسەفە کە لەگەڵ پێداویستی کات و مرۆڤایەتی دێتەوە، دەکرێ ناچاریی و ڕاستەقینە بێت. لەسەردەمەکانی ئاوابوونی جیهاندیدێکی مێژوویی جیهانیدا پێداویستییەکان دەبن بە پێچەوانەی یەکدی- بۆ یەکێکیان، وادەردەکەوێ، بەلایەوە پێداویستی بریتییە لەوەی کۆنەکە بپارێزرێ، نوێیەکە دووربخاتەوە، بەلای هەندێکی دیکەوە پێداویستییەکە ئەوەیە نوێیەکە کە بکرێت بە ڕاستەقینە. کەوابوو پێداویستی ڕاست لە چ لایەکە؟! لەو لایەیە کە پێداویستی دوا ڕۆژە- ئەو دواڕۆژەی پێشبینی دەکرێت، لەو لایەی بزووتنەوەی بەرەو پێش چوو هەیە. پێداویستی پاراستن و ڕاگیرکردنەکە تەنیا هەر کاردانەوەیەکی دەسکردی کەوتووەوەیە. ئەو گۆڕانانەی تا ئێستا لە فەلسەفەدا کراون چەند کاردانەوەیەکی گچکەن، چەند پاشەڕۆکێکی بۆچوون و جیهاندیدێکن فەلسەفەی هیگڵ ئەنجامێکی ناچاریی زانستییانەیان بووە، بەیەکەوە بەستنەوەی هەڕەمەکییانەی چەند سیستمێکی لە ئارادابووی نیوەچڵن، بەبێ هێزێکی پۆزەتیڤ، چونکە بەبێ توانایی ڕەهای نێگەتیڤ شتێکی نوێ بەرهەم بهێنن.

کاتێک بزووتنەوەیەکی مێژوویی دەچێتە سەرنج و بناوانەکە ئەگەر ڕوو لە دڵی مرۆڤایەتی بکات. دڵی مرۆڤایەتی ئایینە. دڵ فۆرمی ئایین نییە. ئەگەر ئەو پێوبست بێت لە دڵێشدا بێت، ئەو گەوهەری ئایینە. تەنیا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە:

ئایا لە ئێمەدا شۆڕشێک پێوەندی بە ئایینەوە هەبێ، ڕووی داوە؟! بەڵێ. ئێمە هیچ دڵێکمان نییە، پتر هیچ ئایینمان نییە. مەسیحییەت ناکراوە Negiert. خۆی لەلایەن ئەوانەوە ناکراوە کە دەستیان پێوە گرتووە و دەستبەرداری نەبوون، بەڵام ناویستریێ دان بەوەدا بنرێت، دەویستریێ ئەوە بکرێت بە نهێنییەک، بۆیە بە مەبەست و بێ مەبەست لەو بارەیەوە مرۆڤ خۆی تەفرە دەدات- بەڵێ، بۆ مەسیحییەت ناکردنی مەسیحییەت دەردەبڕدرێ و مەسیحییەک کراوە بە تەنیا ناوێک، بەڵێ، لە ناکردنی مەسیحیدا هەنگاوی دوور هاوێژراوە بەو ڕادەیەی هەموو ڕێسا و پێودانگێک بەلانراوە، هیچ پێویست بە کتێبە سیمبۆلی و هی باوکانی کڵێسە و ئینجیل ناکات، وەک ئەوەی ئایا هەر ئایینێک تەنیا ئەوەندە ئایین دەبێت پێوەرێکی دیاریکراوی ئایینی خاڵێکی ناوەندی دیاریکراو، بنەمایەکی دیاریکراوی هەبێت. ئەوە فۆرمەکەی پاراستنەکەیە لەنێو ناکردنەکەدا. نەک چی لە تەورات و ئینجیلدا هەیە، نەک ئەوەی لە سیمبۆلەکانی کڵێسەدایە، مەسیحییەت شتێکی پۆزەتیڤ نییە، کەوابوو چییە؟!

ئەگەر ئێمە تەورات و ئینجیلمان نەبێت، چۆن ئێمە خواست و گیانی دامەزرێنەرەکەی دەزانین؟ هەموو ئایینێک لەگەڵ ئەوەدا دامەزرێنەری هەیە- چەند قەبالەیەکی هەیە، کە تەنیا لەلای ئەوەوە خۆی شایستەی ئەوەن بڕوایان پێ بهێنرێت، ئەمەش لەوە بەولاوە شتێکی تر ناگەیەنێ کە هیچی تر مەسیحییەت لە ئارادا نییە، هەمان دیاردەکان لە بەدەرکەوتنی هەرەسهێنانی ناوەوە و ئاوابوونی مەسیحییەت بەولاوە نەبوون. دەرکەوتنی ناکردنەکانی مەسیحییەت کە هیچی تر نەیتوانیوە

قایلمان بکات که هەیەو لە ئارادایە.

مەسیحییەت هیچی تر لەگەڵ پێداویستییە تیوری و کردەکییە (پراکتیکییەکانی) مرۆڤدا نایەتەوە. ئەو هیچی تر لە تواناییدا نەماوە گیان و هیچی تر پتر دڵ قایل و ڕازی بکات، چونکە ئێمە لە دڵدا مراز و ئارەزووی تری جیا لە هی خێر و خۆشیی هەتا هەتایی ئاسمانیی و قیامەتمان هەیە.

فەلسەفە تاوەکو ئەو سەردەمە دابەش دەکرێ بە قۆناغی ئاوابوونی مەسیحییەت، بەناکردنی ئەو خۆی کە لە هەمان کاتدا ویستبووی جێگا و مەڵبەندی ئەو خۆی بێت. فەلسەفەی هیگڵ لەژێر پەردەی ناکۆکی نێوان بۆچوون و بیرۆکەکان ناکردنی مەسیحییەتی داپۆشیوە و شاردوویەتییەوە- واتە هەمان شت خۆی دادەپۆشی کاتێک دەیکات بە پێشەنگ و لە ژێر پەردەی ناکۆکی نێوان دەست پێکردن و کامڵ بوون و بە تەواوەتی پێگەیشتنی مەسیحییەتدا. لە سەرەتای دەستپێکیدا بەناچاریی ڕووت و پەتیی (ئەبستراکت) بووە- هەموو چوارچێوەکان فڕێ دراون. تەنیا کاتێک ئایینێک دەتوانێ خۆی بپارێزێ و ڕاگیربێ ئەگەر واتا بنەڕەتی و دەستپێکەکەی بپارێزێ. لە سەرەتادا ئایین، ئاگر، وزە، ڕاستییە، چونکە ساکار نەکراوە، ڕێزی لێنراوە- هەموو ئایینێک لە سەرەتای دەستپێکیدا وردە، بێ قەیدو مەرجە، سەرکێشە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات لاواز دەبێ و کاریگەرییەکەی لەدەست دەدات، بێ بنەما دەبێ، پشتگوێ دەخرێ، لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆ نامێنێ، کەمتەرخەم دەبێ، دەبێت بە قوربانی دەستی چارەنووسی دابونەریت. بۆ ئەوەی ئەو ناکۆکییەی پراکسیس، هی هەرەسهێنانەکەی ئایین، بە ئایین بخرێتە بەرچاو، دابپۆشرێت، پەنا دەبردرێتە بەر دابونەریت، یان هانا بۆ دەسکاریی کردنە نوێخوازییەکانی کتێبی کۆنی قانوون بەرێت. جوولەکەکان وایان کردووە. مەسیحییەکان بەوە یارمەتی خۆیان دەدەن لەنێو قەبالّە و دۆکیومێنتە پیرۆزەکانیاندا واتای ناگونجاو و ناکۆک بە قەبالّەکان دەبەخشن.

تایبەتمەندی فەلسەفەی هیگڵ بەوە لابراوە و هەڵگیراوە کە دەستپێکی مەسیحییەت هەمیشە دەستخەڕۆیی و شکستهێنانی مەسیحییەتی بە نموونەیەک بە نیشانەیەک لەمێشکدا وێنا کردووە، بەوەی هەلومەرج و بنەما دەرکەوتووەکانی بەدەسەلاتی خۆی پشتڕاست کردۆتەوە و پاساو داوە و دامەزراندووە. بۆ ئەو مەبەستە ناکرێ تەورات و ئینجیل بە دواترین و تاکە پێوەر دابنرێن، لەوەدا کە بیروبۆچوونە ناڕوون و گۆڕاوەکان، بۆ نموونە، بۆچوونی سەحابەکانی عیسا لە بارەی سرووش «وەحی»ـەوە دەربارەی لۆگۆس لە مەسیحییەتی دواتردا زۆر شت سروشتی ناچارەکییان پێ بڕاوە، بەڵام ئەو بنەمایانە بەپێی ڕێساکان دەبێ لە تەورات و ئینجیلدا هەبن. ڕەبەنی پیاوە ئایینییەکان وایە. لە سەرەتادا هیچ قانوونێک ناچاریی نەبووە. ئایا چەند کەس ئەو ڕەوشەی ژن نەهێنان و ڕەبەنییان پەسند کردووە، کاتێک مەسیحییەکان بوون بە نامەسیحی ، کاتێک ئامۆژگارییەک سوودی نەبێ و یارمەتی نەدات، بۆچی دەبێ لەپێشەوە ڕوحانییەکان، ڕەبەنایەتی بکەن بە قانوون؟

مەسیحییەت ناکراوە- لە ژیر و لە دڵدا، لە زانست و لە ژیاندا لە هونەر و لە سەنعاتدا بنەڕەتییانە، بەبێ ئەوەی بتوانێ لێی دەرباز بێ و بەربەرەکانی بکات ناکراوە، چونکە مرۆڤ، ڕاستی، ئەوەی پۆزەتیڤ مرۆڤانەیە، ئەوی پیرۆز نییە لەخۆیدا پەسند کردووە، بەو پێیە هەموو هێزێکی بەربەرەکانی و دژایەتی کردن لە مەسیحییەت ستێندراوەتەوە. ناکردنەکە تاوەکو ئەم سەردەمە ناکردنی هۆشیارییانە نەبووە، بەڵام ئێستا هۆشیارییانەیە، خوازراوە و ڕاستەوخۆیە و هەوڵی بۆ دراوە، بۆیە مەسیحییەت پتر خۆی ئاوێتەی ئەو هۆکارە سەرەکییانە کردووە کە مرۆڤایەتی سەردەم لە ئازادی سیاسی بێ بەش دەکەن. ناکردنە هۆشیارەکە قۆناغێکی نوێی دامەزراندووە، فەلسەفەیەکی ناچاریی ئەوپەڕی پێویست، کراوە و بە دڵ و دەست، کە هیچی تر مەسیحی نەبێت و بەڕاستیش مەسیحی نییە.

فەلسەفە جێگای ئایینی گرتۆتەوە، بەڵام فەلسەفەیەکی ئەوپەڕی جیا جێگای ئەوی پێشووی گرتۆتەوە. ئەو فەلسەفەیەی تاوەکو ئێستا لە ئارادابووە، ناتوانێ جێگای ئایین بگرێتەوە، ئەو فەلسەفەیە ئایین نییە، بەبێ ئایین بووە، بۆتە مایەی ئەوەی گەوهەری تایبەتی ئایین لە دەرەوەیدا بێ، پارێزگاری فۆرمی بیری کردووە، ئەگەر پێویست بێ بە ناچاری فەلسەفە جێگای ئایین بگرێتەوە، ئەوە دەبێ فەلسەفە وەک فەلسەفە ببێ بە ئایین، بەو پێیە دەبێ بەشێوازی ئاسوودەیی و ڕەزامەندییەوە ئەو شتە پەسند بکات کە پوختە و گەوهەری ئایین پێکدەهێنێ و

ئەوی کـە لە پێش فـەلسـەفـەوە هەیبـووە و لێی جیـا دەکاتەوە.

بە چیـدا فـەلسـەفـە و ئایین خـۆیان لە یەکـتـری جیـا دەکـەنەوە؟! ئەمـە گـەوهەرییـە بیـرۆکـە بەو ببـەخشێ. بەناچاریی هەبوونی فـەلسـەفـەیەکی بە گـەوهەر جیـاواز لەوەوە دەکەوێتەوە کە جۆری ئەو فەلسـەفەیەی تا ئێستا هەبووە بە تەواو و کاملّی لەبەردەمانداید. ئەوی لەو بچێ زیادە و پێویست نییە، با هەر شتێکیش لەگیان و ژیربدا هەبێ، ئیتر ئەگەر لە خەسلّەتە تایبەتییەکانیدا جیاوازبێ و لابدات. ئەمانە تەنیا هەر چەند جیاوازییەکی خودی و فۆرم گۆڕین.

چەمکە لۆژیکییە- میتافیزیکییەکان، هەروەک هیگلّ ئەوانی نیـشـان داوە: دەکرێ بە جۆرێکی دیکە پێناسـە بکرێن، لەسـەرەتادا دەتوانن بگونجـێن. ئەوە هیچ بۆ بابەتەکـە ناکـات: ڕەبی کـەسـیی بەو جـۆرە، یان بە جۆرێکی تر تێی دەگەیشترێ، پشـترِاست بکرێتەوە: ئێمە لەو بارەیەوە بە تەواوەتی شتمان بیستووە، نامانەوێ لە بارەیەوە پتـر شت بزانین، هیـچی تر لاهووتمان ناوێ، فـەلسـەفـە بەواتای لاهووت و وشکایی هاتووە، بەسەرچووە.

جیـاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان فـەلسـەفە بریتین لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤایەتی.

لە جێگای ئیمان بێ ئیمانی دەرکەوتووە، لە جێگای تەوڕات و ئینجیـل ژیر، لە جێگای ئایین و کـلّـێـسـا سـیـاسـەت دەرکـەوتووە، لە جێگای ئاسـمـان، زەوی دەرکەوتووە، لە جێگای پەرستن کار دەرکەوتووە، لە هی دۆزەخ هەژاری و دەست کورتی، لە جێگای مەسیحییەت مرۆڤ دەرکەوتووە، خەڵکێک کە هیچی تر دوو پارچەیی ئاغـای بەهەشت و ئاغـای سەر زەوییـان تێدا نییـە، لەم دنیا و لەو دنیای تردا کەسانێکن بە دەروونێکی پارچە نەبووەوە سـەرگـەرمی هەڵکەوتی لەئارادابوودان و کـەسـانێکی جیـاوازن لەوانەی بەو دوو پارچەییـەوە بەدەردەکـەون. ئەوەی هیـگلّ لە پەتی کـردندا (ئەبستراکت) بەسەریدا زاڵ بوو، ئەوەی ئەو ناڕاستەوخۆ بەهۆی هزر و بیـرکـردنەوە لای برد، بۆ ئێـمـە لابراوە و نەماوە، ئەوەی بۆ ئەو ئەنجامی بیرکردنەوەیە، بۆ ئێمـە دڵنیـاییـەکی ڕاستەوخۆیە. بەپێی پرەنسیپەکان ئێمە پێداویستیمان بەو ڕاستەوخۆیە هەیە. پێویستە ئێمە هەر لەسەرەتاوە ئەوەمان هەبێ. ئەگەر بە کردەوە (پراکتیک) مرۆڤ جێگای مەسیحییەکانی گرتبێتەوە، ئەوە دەبێ تیـوریـیـانە گـەوهەری مـرۆڤ جێگای ڕەب بگرێتـەوە. مەسیح کە خەسلّەتێکی تایبەتی جیاواز لە مرۆڤی هەیە بە ڕەبێکی تایبەتی جیاواز لە مرۆڤ پشت ئەستوورە. بە کورتی: پێویستە ئێمە، ئێستا ئێمە چین و دەمانەوێ لە دواڕۆژدا چۆن بین لە بنەمـایەکی ئەوپەڕی گـرینگ، لە پەیڤێکی ئەوپەڕی بەرزدا پوخت بکرێتەوە. ئێمـە تەنیـا بەوە ژیانمان پیـرۆز ڕادەگـرین، ئاراستـەکـەمـان پاسـاو دەدەینەوە کە ئەگەر لە پراکسیسدا ئەوە کارا بکەین کە لە بیرۆکەکاندا هەمان بنەمای وەک ئەو بەرز جێگیر بکەین و بەکـاربهـێنین. بەو جـۆرە دەتوانین ئێـمـە خـۆمـان لەو ناکـۆکـیـیـە دەرباز بکەین کە سـوود و قـازانجی سـەردەمان ژەهراوی دەکـات- لەناکـۆکی نێـوان ژیان و بیـرمـان ڕزگـاربین، لەو ئایینە ڕزگـار بین کـە لەگـەڵ ژیان و بیرکردنەوەکاندا لە بنەڕەتەوە پێچەوانەو ناکۆکە. دەبێ ئێمـە ببین بە دژی ئایین- دەبێ سیاسـەت ببێ بە ئایینی ئێمـە، ئەو کاتێک دەتوانێ ئەوە بکات ئەگەر بێتو ئێمە بنەمـایەکی ئەوپەڕی گرینگمان لە جیـهـاندیدەکـەمـاندا هەبێ کـە سـیـاسـەتمان بۆ دەکـات بە ئایین. دەکـرێ بە پاڵنەری زگـمـاکی سـروشـتی، بە وزە، سـەر ڕاسـتـیی سیاسـەت بکرێت بە ئایین، بەڵام بابەتەکە پێویستی بە دوا بنەمـایەکی فـەرمی، هۆکـارێکی تەواوەتی هەیە. ئەو بنەمـایە- ئەگـەر نێگەتیڤ دەربـڕدرێ- لەبێ ئیـمـانی بەولاوە شـتـێکی دیکە نییـە، ئەرکی ڕەبێکی لەمـرۆڤ جیـاوازە. ئایین بەواتا ئاسـاییـەکـەی بە کـەمی مـایەی یەکگرتنی دەوڵەتە، پتر ئەو هەڵدەوەشێنێتەوە. بەواتای ئایین ڕەب باوکـە، پارێزەرە، مـشـوور خـۆرە، پاسـەوانە، فـەرماندارە و پشتیوان و ئاغای دەوڵەتی دنیایە، مرۆڤ لە هەمـوو شتێکدا پێویستی بەمرۆڤ نییـە، ئەو شتانەی کە پێـویستـە لەخۆیەوە، یان لە کـەسانێکن بە دەروونێکی پارچە بهێنێ، ڕاستەوخۆ لە خواوە دەستی دەکەوێ، ئەو پشت بەخوا دەبەستێ نەک بە مرۆڤ، سوپاسی خوا دەکات نەک هی مـرۆڤ لەوەدا کـە بە ڕێککەوت لە خـەڵکەوە دەسـتی دەکـەوێ، وەزیفـە، نان، بوون، بۆیە مـرۆڤ بەڕێککەوت پێـوەندی بە مرۆڤـەوە هەیە. ئایین پێـوەندی نێـوان مرۆڤ (خـەڵک) هەڵدەوەشێنێ. ئایین مـامـۆسـتـاکـەی خـوایە، هەڤـاڵیـەتی، براو باوکـیـیـەتی.. بە کـورتی: هەمـوو لە هەمـوو شـتـێکدا. ئەگـەر ئێـمـە لە ڕوانگەی خـودییـەوە دەوڵەت شـرۆڤە بکەین و لێکی بدەینەوە، ئەوکـاتە ڕوون

دەبێتەوە بۆچی خەڵک دەبن بەیەک، بۆیە ئەوان بەبێ ئاگا، هەرەمەکی لە کردەوە- پراکسیس-دا باوەڕی ئایینی خۆیان نا دەکەن. نەک باوەڕ (ئیمان) بوون بە خوا- بەڵکو گومان کردن لە خوا خۆی دەوڵەتی دروست کردووە- لە سۆنگەی خودەوە بنجوبناوانی دەوڵەت وا ڕوون دەکرێتەوە: باوەڕ بوون بەمرۆڤ وەک ڕەبی مرۆڤ. لە دەوڵەتدا هێزەکانی مرۆڤ تایبەتمەند دەبن و دەکرێنەوە، بە سایەی ئەو تایبەتمەندی بوونە و جارێکی دیکە یەکگرتنەوە، مرۆڤێکی (گەوهەرێکی) بێ ڕادە و سنووری لێدەرچێ- فرە مرۆڤ و فرە هێز یەک هێزن- دەوڵەت کۆی چەمکی هەموو هەڵکەوتە ڕاستەقینە (واقیعییە)کانە، دەوڵەت خەمخۆری مرۆڤە. لە دەوڵەتاندا یەکێک نوێنەرایەتی ئەوانی تر دەکات، ئەوانی تر تەواو دەکات- ئەوەی من ناتوانم بیکەم و بیزانم، ئەوانی تر دەتوانن و لە دەستیان دێت- من بە تەنیا خۆم بۆ خۆم نەداوەتە دەست هێزی سروشت، ئەوانی تر لەگەڵمن، من لەلایەن بوونەوەرێک (گەوهەرێک)ی هەمەکی گشتییەوە دەورە دراوم، من ئەندامی کۆیەکم کە لە من وەک تاک گەوهەرێکی ئەوپەڕی جیاوازە. دەوڵەت مرۆڤێکی ڕەبانی بێ سنوور، بێ کۆتایی، ڕاست و ڕاستەقینە و کامڵ و تەواوەتییە. دەوڵەت لە پێشدا مرۆڤە- ئەو دەوڵەتە خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی دەدات، بە خواستی خۆی کارا دەبێ- مرۆڤی ڕەهایە. لە دەوڵەتدا هیچی تر بوونی من پەیوەستی سروشت نابێ- بەڵای کەمەوە بە تەنیایی، بەڵکو پەیوەستی مرۆڤ دەبێ- دەوڵەت مافی هەیە، بۆیە سزای مردن هەیە.

ئایین ئەوەندە ڕێکخەری یەکتری مرۆڤە خۆیان کە ئایین نەبێ- کە باوەڕ بوون بێ بە یەکێتی مرۆڤایەتی، یان بە مرۆڤێکی دیار و دەستنیشان کراو، ئەو پیرۆزییەی ئەوە بێ کە بۆ خۆی و لەخۆیدا مرۆڤەکان پێکەوە دەکات بەیەک، وەک دەربڕی ویژدانی کۆی مرۆڤ بێ. لەگەڵ پەیدابوونی شانشینی دەسەڵاتی ئایینی سیاسی بێ هۆڤا کۆتایی هاتووە، لەگەڵ دەرکەوتی کڵێسەی مەسیحی ئایینی مەسیحی کۆتایی هاتووە. پاپ جێگای مەسیحی (عیسای) گرتۆتەوە، فەرماندارێتی مرۆڤی سەرزەوی جێگای فەرماندارێتی ئاسمانی گرتۆتەوە. ئایین نوێنەری دەوڵەتە، نوێنەرایەتی دەوڵەتیش هی ئایینی کردووە. ئایین دەوڵەتێکی نمونەییە، دەوڵەتیش ئایینی ڕاستەقینەیە، یان بەڕاستەقینە بووە. ئایین وەک بابەتێکی دیار و دەستنیشانکراو بۆچوونی مرۆڤایەتی دیاریکراوە لە بارەی گەوهەری خۆیەوە کە تێیدا دەوڵەت خۆی بە ڕاستەقینە دەکات. (بنەمای چارەنووسی لە یۆنان بۆچوونێک بووە لە بارەی یەکەڕەنگی گشتی مرۆڤایەتی کە بەناچاریی بەرانبەر بە خوداوەندەکان ناڕێ (نێگەتیڤ) بووە، کە بلیمەتی ئەو میللەتە خاوەن چەند دەوڵەتییە بووە) ئایین لەگەڵ دەوڵەت یەکە، ئەوەی لە ئایینداو وێناو بۆچوونە لە دەوڵەتدا ڕاستی و ڕاستەقینەیە، چونکە ئەو لە بنەڕەتدا سیاسەتە ئەو بەندێکی- وەک بابەتێکی دیاریکراو- دەوڵەتێکی دیار و دەستنیشان کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئایین نییە- ئایین بەواتای ئایین و لاهووت- چونکە گەوهەرەکەی گەوهەرێکی سیاسییە، ئایین ئەوەیە کە بابەتی هاوبەشی مرۆڤایەتییە- یان هی مرۆڤایەتییەکی دەستنیشان کراوە کە بۆ مەبەستی یەکگرتن و بوون بەیەک بەکاردێت. پیرۆز و پاک، ئەو بابەتە هاوبەشەیە، ئەو ئایینە گشتی- هەمەکییە کە لەگەڵ ئاکاردا یەکە، یەک بووە لە ڕابووردووی مەسیحی ئۆرتۆدوکسی مودێرنی جیهان. ئەو بیروبۆچوونەیە کە ئاکار لەم سەردەمەشدا هەر ئایینی ئافرەتانە. هەموو قانوونەکانی ئاکار و سیاسەت ئایینین، ئایینن. ئەوی بڕ بکات، جێبەجێ بکرێت، قانوون بێ ئەوە ئایینە. ڕۆشنبیری ڕاستەقینە لە بەرانبەر تایبەتمەندی ئەوانی تردا سڵ و شەرم و پارێزی ئایینی هەیە. مەسیحییەت هیچ دەوڵەتێکی دانەمەزراندووە، بەڵکو کڵێسای دروست کردووە. کڵێسا ئەوەیە لە هەڵکەوتدا کە مەسیحییەت لە بۆچوونداهەیەتی.

کڵێسا ڕوونکردنەوە و شرۆڤە کردنی مەسیحە، کڵێسا بەوە لە دەوڵەت جیایە: بەهەشت لەسەر زەوی. مەسیح نەیویستووە هیچ مەملەکەتێکی دنیایی دروست بکات، ئەو ویستوویەتی بۆ هەموو کەسێک بێ بەبێ جیاوازی نەتەوایەتی، ئەو ویستوویەتی مرۆڤ لە ئێشوئازاری گوناه ڕزگار بکات، ئەو زۆر بە ڕەحم و بەزەیی بووە، بەڵام کلیلی لێ بوردن و بەخشین لە دەستی کڵێسادا بووە. شتنی سوننەتی Taufe ترسی کێشەی گوناه لەلای مرۆڤ لادەبات. مەسیح نموونەی شوناسی مرۆڤە، لەودا دەبێ ئەوان بەپێی مەرجی باوەڕهێنان لەودا ببن بەیەک. کڵێسا مەسیحییەکانی کردووە بەیەک، لە مەسیحییەتدا خەڵک لە سیاسەت پاشەکشە دەکەن، ئەوە بە حەزی خۆیان دەچنە نێو ڕێکخراوێک کە هەردووک لا یەکتری

بپارێزن. ئەوان مولّک و مالّی هاوبەشیان هەبووە، بەکۆمەڵ پێکەوە خواردوویانە و خواردوویانەتەوە. لە جێگای ڕێکخراوی سیاسیدا «کۆمەڵەی برایان خۆشەویستن» دەرکەوتووە. بەکورتی: مەسیحییەت ڕێکخراوێکی ناسیاسی- سیاسی بووە لە پێناو خێروبێر و خۆشی ناوەکی و دەرەکی مرۆڤ. مرۆڤ ناوەرۆک بووە، بەڵام مەسیح وەک مرۆڤ، وەک مرۆڤێکی خۆشەویست، نوێنەری خەڵکی دیکە، مرۆڤێکی گشتی- هەمەکی، بابەت بووە. ئەو خۆشەویستی مرۆڤی کردووە بە ئایدیال و نموونە. بە کورتی: کلّێسە بە ڕاستەقینەکردنی ئەوە بووە کە مەسیح بۆچوونێکی پێشبینی کراوی بووە. ئایین تەنیا هەر وێناو بۆچوونی ئەوەیە: مرۆڤ دەیەوێ و دەبێ لە ژیاندا چی بکات - نیاز و ڕاز و بنەمای سەرەکی ژیانی سیاسی هاوبەش، یان: ڕەب تەنیا ئیدیال- نموونەیە، بیرۆکەیەکە مرۆڤ دەبێ، دەیەوێ بیکات بە ڕاستەقینە. ئەوەی دەبێتە بابەتێکی هاوبەش، بەڕێکوپێکی مرۆڤەکان بەیەکەوە یەک دەخات و کۆیان دەکاتەوە، ئەگەر لە هەمان کاتدا هەمیشە لە هەموو شتێکیدا، ئەوەی پابەندی کاتە، خواست و هۆشیاریی لەگەڵیدا چالاک و دەستبەکار بن، دەبێ بەهێزێک، کە مرۆڤ خۆی لێ دەپارێزێ، دەبێ بە بوونەرێکی زیندوو کە مرۆڤ وەک کەسێک هەستی پێ دەکات. پێوەندییەکە لەو سەردەمە تێنەپەڕدا بەو جۆرەیە لەگەڵ بێ ئیماناندا. بێ ئیمان دەبێ بەهێزێکی گشتی، دەبێ بە دەسەلاتێکی ئایینی.

مرۆڤ ئایینی بۆ ئەوە دروست کردووە ئیمان بهێنێ، ئیمانێک بە واتای دروست و پەسند و پیرۆزی ئیمانهێنان. ئەوەی مرۆڤ دەیکات، گیانی بە بەردا دەکات، دیار و دەستنیشانی دەکات، ئەڵقەکانیان بەیەکەوە گرێ دەدات. ئیتر لەبەرخاتری خۆی بەهادار و گرانبەهایان دەکات، ئەوەش بنەماکانی ئایین و ڕەببەکەیەتی، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ، هەر چۆنێک بێت، چونکە هەردووکیان لە یەک کاتدان- ڕەب مەسیحی لە کۆمەڵەی مەسیحییەت بخاتەوە، تەنانەت بەو کۆمەڵەیە وێناو بۆچوونی مەسیح دەنەخشێ. مەسیح بۆچوونی کۆمەڵەیە لە بارەی گەوهەرەکەیەوە. ئایین لەوە پێکهاتووە خەڵک بکات بەیەک، خۆشی یەکگرتوویەکی گشتییە. بوونەکەشی لەوەوە هاتووە، وەک بوونی هاوولاتیان کە لەسەر بنەمای ڕێزلێنان دامەزراوە. چەمکی سارد و سووکی پێ کردنی ئایینی لە ناخی پوختە و گەوهەری ئایینداید. ڕەب بەواتا ژیرەکییەکەی ناکرێ کوفری پێ بکرێت، ناکرێ سارد و سووکی بخرێتە پارسەنگییەوە، بەڵام سارد و سووکی و بێ ڕێزی بە ئایین دەکرێ ئەگەر بێ ڕێزی بە بابەتەکەی کرا. ڕەبی دیاریکراو ئایینی دەستنیشان کراو یەکن، بۆیە ئایینێک لەناوچووە، یان خەریکی لەناوچوونە، چونکە تەنیا بەهۆی ئامرازی نادروست و ناڕەوا ویستوویەتی خۆی ساغ و پشتڕاست بکاتەوە، هەروەک ئەوەی ئێستا لەلای مەسیحییەت بەو جۆرەیە، هەتا ئێستا هەر گوشار دەکات، بەهۆی لووت بەرزییەوە و بە ئامرازی تۆبزی لێکردن و شێوازی بەدەوە دەیەوێ نیشانی بدات کە هەر هەیە و لە ئارادایە، بەهۆی ئامرازی نا شایستە و دوور لە ئاکارەوە بەرپەرچی هێرشی بێ ئیمانان دەداتەوە. ئایا دەوڵەت خۆی دەرباز دەکات، کاتێک بڕوا بە دادپەروەری سزادان، یان پاداشتی ڕەببانی دەکرێ؟! ئایا ئایین خۆی لەخۆیدا بەواتا ئایینەکە ئامرازی یەکگرتن نییە؟ تەنیا هەر لە چەند ڕەوشێکدا کە نەدەبوو لە ئارادا بن و ڕوو بدەن، ئەوەندەی دەوڵەت لە ئاستی پیشەو ئەرکەکەیدا نەبێ، لە ڕەوشی بێ دادیدا بێ تاوان هاوار لە بیرۆکەی پاک و پیرۆزی دادپەروەریی دەکات فریای بکەوێ، پەنا بۆ هۆشیارییەکەی دەبات کە بێ گوناهە و هیوای ئەوە دەکات کە ڕۆژێک ئەو بێ گوناهییەی بەدەردەکەوێ و ڕوون دەبێتەوە، ڕۆژێکیان لەو سارد و سووکی پێ کردنە خاوێن و پاک دەبێتەوە. ئەگەر مرۆڤ تەنیا هەر پشت بە دادپەروەریی ڕەب ببەستێ، ئەوە هیچ سکالاّیەک، هیچ پرۆسەیەکی دادگایی، هیچ دادگاییەک نامێنێ.

مرۆڤ پێویستی بەوە نابێ داوای ماف بکات، ئەگەر لە دەرەوە و لەسەرەوەی مرۆڤ گەوهەر و بوونەوەرێکی دادوەر بێ. مرۆڤ کاتێک مافی دەبێ ئەگەر مرۆڤ، خەڵک ئاراستە بکات، تەنیا ئەوکاتەی مرۆڤ خەڵک دەناسێ، واتە: مرۆڤ خودی خۆی ئاکارییانە بەهۆی خۆیەوە ئاراستە دەکات، بەهۆی ویژدانییەوە، بەڵام سیاسییانە بەهۆی کەسی سێیەمەوە. لەوەدا ئاکارەکی پێکدێت، یەکێکی تر لە دەرەوەی من، کە هۆشیاریی ماف و قانوونی هەیە نوێنەرایەتی مرۆڤایەتی دەکات، ئەویش دادگا لە بارەی منەوە پێی سپاردووە. ئەمە قوولاّیی مەسیحییەتە کە نەک خوا، بەڵکو مەسیحی مرۆڤ دادگای بۆ مرۆڤ داناوە. خوا دەتوانێ تەنیا بە

لەعنەت بکات- بە وردی بیری لێ بکرێتەوە- گەوهەری فامێکی پەتی، نارێ، لە هەموو دەستنیشانکراوێکی مرۆڤ پاک کراوەتەوە دەردەبڕدرێ. مرۆڤ دەیەوێ نەک هەر لەبەردەم خـۆی، بەڵکو لەبەردەم خـەڵکی تریش بەخـاوێنی بوەسـتێ. لە ڕووداوی لێـقـەومـاندا دەبێ هۆشیـاریی دادپەروەریمان، بێ گوناهیـمـان تەواو و بەس بێ- دەبێ مرۆڤ چاکی بکات بەبێ ئەوەی گوێی لەوەبێ ئایا ئەم، یان ئەو، یـان خـەڵک پێـدەزانن... مـرۆڤ بێ باک نیـیـە، بەڵکو ئەو لە گـەوهەردا مـرۆڤ نەک هەر بۆ خۆی، بەڵکو بۆ خەڵکی دیکەیش. ئەو نایەوێ پشـتگوێ بخرێ ئەو دەیەوێ بناسرێ و دانی پێدا بنرێت. ئەو تەنیا دادپەروەری خوای بەلاوە بەس نییە. ئێمە ئەوەمان لەنێو مەسیحییەتدا، لەنێو ئایینداً هەیە. ڕەب شت بە نهـێنی ناکـات. دادگـا ئاشکرایە لەبەردەم کـۆمـەڵانی خـەڵکدا کـاراو چالاکـە، واتە لە چاوی مـرۆڤـەوە. دوای بڕیاری ئایین خۆی ئێمە دەخاتە نێو بازاڕی ژیانی مرۆڤەوە.

لە دەوڵەتدا مرۆڤ دادگـایی دەکرێت کـە لەگـەڵ بووندا وەک یەکـە کە وەک دادوەر لەسـەرووبەوبەتی، بەڵام ئەو نەک وەک گەوهەرێک (بوونەوەرێکی) مرۆڤی سوود پێ گـەیشـتـوو کـە لەسـەروو هەمـوو هەڵچـوون و حـەز و ئارەزوویەکەوە بێت بەو ئاراستەیەدا دەتوانێ بڕیارەکانی بشـارێتـەوە. ئێـمـە لێـرەدا ئەوەمـان هەیە کـە لە بابەتی ئایینداً لە مرۆڤی تاک جیاوازە، پەتییە لەگـەڵ ئەوەشدا لە پوختەی گەوهەری مرۆڤە واتە: ئێمە لێرەدا هەمانە لە مرۆڤ جیایە و لە هەمان کاتدا لەگەڵ مرۆڤ وەک یەکە. قازی بایەخە مرۆڤییە گشتییەکەی، هەڵوێست و ئەرکی سەرشانی لە ڕەهەندی خودی مرۆڤییەکەی جیا دەکاتەوە، ئەو نوێنەرایەتی قـانوون دەکـات. ئێـمـە هەمـان کـاری جـیـاوازی مـرۆڤـمـان لە خـۆیدا هەیە، ئایینیش بەوەوە پشـتڕاستە. ڕەب وەک گەوهەرێکی تاک، واتە لە مرۆڤ جـیـاواز، لەو جـێگایەی مـرۆڤ خـۆی لەخـۆی جـیـاواز دەکات، گەوهەرە گشتییەکەی لە تایبەتمەند و تاکییەکەوە دەکـەوێتەوە. تەنیا هەر لە کـۆمـەڵەدا چەمکی گـەوهەری گشـتی پێکدێت، تەنیا هەر لە گەوهەری گشتی ئاکاریدا چەمکی ئاکـاری خـۆشـەویسـتنی ڕەب دروست دەبێت. بۆچوونی گـەوهەری گـشـتی وەک گەوهەرێک کە بۆخـۆی هـەبـووە- بـەڵام هەر لـە بـۆچـووندا- بـۆچـوونـە لە بـارەی ڕەبـبـەوە. هەمـوو گـەلان بەپێی تایبەتمەندی و خـەسـڵـەتی ژیانی شارستانی- دەوڵەتی خواوەندەکانیان وێنا دەکەن، بێ گـومـان مـەملەکـەتی ئاسـمـانی ئایین تەنیا کـۆپـیـیـەکی نمـوونـەیی (ئیـدیاڵی) مـەملەکـەتی سـەر زەوییـە. ڕەب گەوهەری دەوڵەتە کە وەک گەوهەر وێنا دەکرێ. دەوڵەت هەڵکەوتە ڕاستەقینەکەیە، بەڵام لەهەمان کات بەکردەوە پووچەڵ کردنەوەی ئیمانی ئایینە. ئیماندار لە لێقەوماندا دەبێ خـۆی لەو ڕۆژگـارەدا لەلای مـرۆڤ بەدوای یـارمـەتیـدا دەگەڕێ. ئەو بە بەرەکەتی ڕەببانی یارمەتی خۆی دەدات کـە دەبێ لە هەمـوو جێگایەکـدا هەبێ، لەگـەڵ ئەوەشدا پەیوەستی چالاکی مرۆڤی نییە، بەڵکو بەڕەوشە گونجاوە دروسـتـەکـان و پتـر بەڕێککەوتەکـان و بەسـەرکـەوتنەوە بەندە، بەڵام بەرەکەتی ڕەببانی تەنیـا هەر تەمـومـژێکی سەوزە کـە ئیـمـانداری بێ باوەڕ کـافـری پراکـتیـکی خۆی پێدەشارێتەوە.

کافریی کردەکی مایەی یەکگرتوویی دەوڵەتانە، خەڵک لەژێر سـێـبـەری دەوڵەتدا دەژین، چونکە ئەوان بەبێ دەوڵەت بێ خوان، دەوڵەتی خەڵک خوایە، بۆیە ئەو خۆی لافی شـایسـتـەیی مـافـی خـەسـڵـەتی ڕەببـانـی لێـدەدات، یان ئەگـەر ئێـمـە ئەو دەربڕینە بەزبر دابنێین، ئایین بەشێکە لە دەوڵەتان، بەڵام تەنیا بەو پێیە کە خۆی ئەو دژە ڕاستـەوخـۆیەی ئەوەیە کـە مرۆڤ لەودا دەبـیـنێ، هەروەها هیچ ناوەرۆک و بابەتی تری نیـیـە لەوە بەولاوە کـە دەوڵەت هەیەتی، بەڵام ئەوەی بەبێ ئاگـایی بنەمـاو بەشی دەوڵەتە، کافری پراکـتیـکی- بۆتە بەشێکی ئاگا و هۆشاریمان. خەڵک لەم سەردەمەدا لە سیاسەتدا گازندەی یەکـتـری دەکـەن، چونکە ئەوان ئایینەکـەیان نا دەکـەن، چونکە ئەوان مەسیحییەت وەک ئایینێک کە هێز و وزەی سیاسی لە مرۆڤ زەوت دەکات، دەناسن، یان بەشداری کردن لە سیاسەتدا، کە تێکڕای مرۆڤ و خەڵک بەهێز و توانست دەکـات بەڵگە و سـەڵمێنەیە کـە ئایین کـۆتایی هاتووە، ئەو ناکراوە، یان وەک ئەوەی دەکرێ مرۆڤ بڵێ: ئەو خۆی بەڕاستەقینە کردووە، مەسیحییەت خۆی لە سیاسەت دوور خسـتـۆتەوە، بگرە ئایینی مـەسـیـحی، هەروەها دەبێ وەک بـۆچـوونـێـکـی ئـایـیـنـی نـمـوونـەیـی پێشبینی کراوی سیاسەت کە خۆی کردووە بە گەوهەری کـۆمـەڵێکی بەڕاسـتـەقـینە کـراو بـبـینرێ و دابنرێ. مەسیحییەت کۆت و پێوەندی نەتەوەییەکان و سیاسەتی جیـهـانی کـۆنی پچڕاندووە، بۆتە مـایەی ئەوەی خـەڵک بەبێ جـیـاوازی ڕەوش و نەتەوە و چینایەتیـیـان لەبەردەم خـوادا وەک یەک بن، ڕوونی کـردۆتەوە کـە مـرۆڤ وەک

مرۆڤ شایستەی مافی ڕوحانییەتی ئاسمانییە. هەموو کەسێک هاوواڵاتی (ئاسمان) بە هەشتە. هەرێەکە بەپێی توانایی بەبێ هەڵاواردن، ئەوەندەی ئەو تەنیا هەر باوەڕی بەبابەتی مەسیحییەت هەبێت. ئیتر مەسیحییەت بۆچوونێکی گەوهەرێک (بوونەوەرێکی) گشتییە، کە هەموو بەشێکی وەک یەک تێیدا هەمان مافی هەیە، هیچ جۆرە لادانێک لە قانوونی گەوهەرە گشتییەکە، هیچ جۆرە پلەو پایەیەک بەهۆی خانەوادە و بنەماڵە و لەدایک بوونەوە پەسند ناکرێت، بەڵام ڕاستی و ڕاستەقینەیی هەڵگەوتی ئایینەکە سیاسەتە. نهێنی و مەتەڵی ئایینی مەسیحی بەوپێیە پەردەی لەسەر لادراو هەڵهێنرا، شاردراوەییەکەی ئاشکرا کرا ئامانجەکەی بەدی هات، بە کۆتاییەکەی گەیشت، لەوەدا کە ئایدیا و بیرۆکەی ئایین و بەگەرمی پێشوازی لێ کردنەکەی بوو بەوەی بەگەرمی پێشوازی لە سیاسەت بکرێت. بەرجەستەبوونی مەسیح لە مرۆڤدا، توانەوەی ئایینی مەسیحی خۆیەتی لەنێو دەوڵەتدا. ئەوەندەی مەسیح گەوهەرێکی لەمرۆڤ جیاواز بووە مەسیح مەسیحییەکانی خستۆتە سەروو مرۆڤەوە، کە تایبەتمەندییەکی سەروو مرۆڤیان هەیە و خوا پێی بەخشیون، مەسیحییەکان لە مرۆڤ جیان، مەسیحییەت، بە سرووشێکی (وەحییەکی) لە دەرەوەی مرۆڤ خۆی قایم کردووە و پاراستووە. ئەوەندەی بیرۆکەی ئایینی مەسیحیەت توانیبێتی نیشانەی گەوهەرێکی سیاسی بێت، بەڵام لە ڕەوشێکی تایبەتدا لەجیهانی مرۆڤدا کە لە مەملەکەتی دەوڵەت جیاواز بێ- کلێسای کردووە بە هەڵگەوتێکی ڕاستەقینە. ئەوەی هزرمەند لە زانینیدا بەر لە هۆشیاربی هەیەتی، ئەوەیە.. کە مرۆڤی کردەکی لەهۆکاری پاڵنەری زگماکی پراکتیکیدا هەیەتی. ئەو هۆکارەی مرۆڤایەتی تاکە هۆکاری زگماکی سیاسییە، ئەو هۆکارە پاڵنەرە زگماکییە بەپێی بەشداربیەکی چالاک و کارا لە بۆنەو کاروباری لە دەزگاکانی دەوڵەتدا، مایەی لابردنی پلەو ئاستی جیاجیای سیاسییە هی نوێنەرایەتی کردنی گەل (بەناهەق)، هی ناکردنی کاتۆلیکی سیاسییە. چاکسازی کاتولیتزمی ئایینی لەبەر یەک بردووە، لە جێگاکەیدا، لەو سەردەمەدا، کاتۆلیکی سیاسی داناوە. ئەوەی چاکسازی (ڕیفۆرم) لەکایەی ئایینداا ویستوویەتی بیکات و ئامانجی بووە، ئەو شتە مرۆڤ دەیەوێ لەکایە و دەڤەری سیاسەتدا بیکات. ئێمە لێرەدا بەڵگەی سەلماندنمان هەیە: بیرۆکەی ئایین تەنیا پێشوەخت پێشبینی کردنی ئیدیێیەکی سیاسی و بزووتنەوەیە.

بەڵای ئێمەوە مەسیح (عیسا) مردووە پێویست ناکات ئێمە بمرین، حاشا لەخۆمان بکەین و شت بکەین بۆ ئەوەی گوناهمان لەکۆڵ بێتەوە و ڕزگاربین، ئێمە هی عیساین، چونکە ئەو بۆ ئێمە بووە، دەوڵەت بۆ ئێمەیە، نەک ئێمە بۆ ئەوین، ئێمە بۆ ئەو دەبین کە ئەو بۆ ئێمە بوو. پاپ سەرۆکی گشتی کلێسا هەروەک من مرۆڤێکی چاکە کارە. شا هەروەک ئێمە چاکەکارە، ئەو ناتوانێ ئەوەی بە بیروناخیدا بێت، بەبێ دەستنیشانکردن و بێ سنوور جێبەجێ بکات، ئەو لە سەروو دەوڵەتەوە نییە، لەسەروو گەوهەری گشتییەوە نییە، ئەوی سەر بە مەزهەبی پرۆتستانت بێ، لایەنگیری ئایینی کۆماریە. پرۆتستانتییەت خۆی بەرەو خەڵوەشاندنەوە دەبات، کاتێک ناوەرۆکە ئایینییەکەی لەبەرچاو ون و برز دەبێت، واتە: پەردەی لەسەر لادەدرێ و ئاشکرا دەبێ، دەبێ بەکۆماری سیاسی. کاتێک دوو ڕەنگی پرۆتستانتییەت لە بەهەشت (ئاسمان) لادەبرێ، لەو جێگایەی ئێمە ئاغاین، لەسەر زەویش کە ئێمە نۆکەرین. کاتێک ئیمە سەر زەوی بە جێگە ڕاستەقینەی خۆمان دادەنێین و پەسندی دەکەین، ئەوە پرۆتستانتییەت بەرەو کۆماری دەچێت. ئەگەر سەردەمی پێشووتر پرۆتستانییەت لەگەڵ کۆماردا یەکی گرتبێ، ئەوە ڕێککەوت بووە- بەڵام بێ دەلالەت نەبووە- چونکە پرۆتستانتییەت تەنیا ئایین ئازاد دەکات و ناکۆکی دەخاتەوە، ئەوەندەی مرۆڤ پابەندی ئیمانی پرۆتستانتییەت بێت، بەڵام ئەگەر مرۆڤ دەستبەرداری ئایینی مەسیحی بوو، ئەو کاتە مافی ئەوەت دەبێ ببی، بەلایەنگیری کۆماری، لە ئایینی مەسیحیدا. کۆمار لە ئاسمان (بەهەشت) دایە، تۆ لێرە پێویستیت بەو نییە. بە پێچەوانەوە پێویستە تۆ لێرە لەسەر زەوی بەند و کۆیلە بی. ئەگینا ئاسمان (بەهەشت) هیچ بەهاو بایەخێکی نامێنێ.

گیان و سروشتی سەردەم، یان دواڕۆژ، ڕیالیزمییە، ئایینی نوێ، ئایینی دواڕۆژ، سیاسەتە.

سەرچاوە:

- Ludwig Feuer bach: Kleine Schriften. Theorie. I. Suhrkamp. Frankfurt am Mein 1966. S. 220-235.

لەعنەتی جۆرجیا

خوسرەو جاف
(ئەڵمانیا)

«کاکە لێمگەڕێ نایەم..»
– لەبەر من بووە، هەر دەبێ بێی!..
– مەگەر نەتدی لە گەشتەکەی پاریسدا چەند بێ حیسابییان لەگەڵماندا کرد..؟
– با.. بەڵام ئەمەیان جیاوازە، دینۆیش دێت.. بڕێک برادەری باشی دیکەشی تیادایە.. دە دڵم مەشکێنە بڵێ دێم...؟
– کوڕە «حەمە» هەزار جار وتراوە دەست بۆ کونێک مەبە، جارێک مار پێوەی داوی..
– سەختی لێ مەنوە، دە بڵێ دێم.. مار و کونی مار بەلاوە بخە..!
– باشە، ئەم گەشتە چۆن چۆنییە؟
– چل پەنجا کەسێ دەبن.. بە پاسە گەورەکان لە ئیبراهیم خەلیلەوە بۆ ناو تورکیا و لەوێڕا بۆ جۆرجیا..
– وەڵا ئەمە بەمن ناکرێت، نە توانایيم هەیە و نە دەتوانم...
– بڕێک لە هەولێرەوە بەفڕۆکە تا ئەستەمبۆل دەڕۆن، لەوێڕا بۆ «تەبلیسی» پایتەختی جۆرجیا..
– ئاگاداری چۆنیەتی گەیشتنەکە هەی؟..
– کاتژمێر دووی بەیانی لە هەولێر دەفڕین و چوار و پێنجی بەیانی دەگەین.. بەڵام هەشت کاتژمێر لە فڕۆکەخانەی ئەستەمبۆل دەبێ چاوەڕوان بین..
– جا خۆ لە ماندوویەتیدا دەتۆپین.. دەزانی هەشت کاتژمێر چاوەڕوانی یانی چی؟
– ئوهو.. لە حاڵەتی بێ مەعنای ئروستوگراتیانە گەڕێ، شەوورۆژێکە بەسەری دەبەین.. ئاگریش ببارێ بەرگە دەگرین..
– کوڕە کابرا، تۆ بۆ خۆت ناناسیت؟ من و تۆ تەمەنمان

خوسرەو جاف

بەرەو حەفتا هەڵکشاوە و بەرگەی زۆر شت هەیە ناگرین.. گەر تۆ خۆت ناناسیت، من خۆم دەناسم بەسەر ئەمەشدا ئەلحوکم لیللا چیت پێ بڵێم.. باشە دێم...موکری دوو لای ڕوخسارمی ماچ کرد و دوای دوو شەو هەردوو لەناو فڕۆکەیدا لە تەنیشت یەکەوە دانیشتبووین بەرەو ئەستەمبوڵ دەچووین.. هەشت کاتژمێر دانیشتن لەسەر کورسییەکی ڕەق و تەق، یان هاتوچۆ لەنێو ڕاڕەوی ترانزێتدا، شەویش تا بەیان نەنووستبووبیت، بە کابرایەکی وەک من ئەگەر بکرێ.. زۆر دژوارە.. بۆیە بە «موکری»م وت:

– لە زۆربەی زۆری فڕۆکەخانە گەورەکاندا هۆتێل لەنێو ترانزێتدا هەیە بۆ ئەوانەی کاتی هەڵفڕینی فڕۆکەکانیان زۆر دەخایەنێت.. من دەڕۆم ئەو هۆتێلە دەدۆزمەوە تا چەند سەعاتێک هەنۆز بکەم..

دوای پرس و جۆ هۆتێلەکەم دۆزییەوە و دیارە چەند کەسێکی کەی برادەران، ئەوانیش وەک من نیازیان بە ڕاکشان پەیدا کردبوو، وە چەند کاتژمێرێک لەوێڕا ڕاکشاین و بوو بە مایەی ئەوەی گورۆتینێکی تازەمان وەبەردا بێتەوە..

سەری کات فڕۆکەکەمان بەرەو «تەبلیس» هەڵفڕی و دوای دوو کاتژمێر و نەختێک گەیشتین، باڵیۆزی ئێراق، کوردی لای خۆمان بوو، هاتبووە پشتی پشکنینی گوزەرنامەوە و تەوقەی لەگەڵا کردین، دیاربوو گەرموگوڕییەکی بۆ برادەرانی سەوز زۆرتر بوو لە میوانەکانی تر..

لەوێڕا ئێمەیان بردە نێو گەڕەکێکی کۆنی داهەڕووژاو، هۆتێلێکی لەگەڕەکەکە پەڕپووتتر و بێ دەر و پەیکەر.. کە ژانتام بردە ناو ژووری تەرخانکراو ڕوانیم نەک پێنج ڕۆژ ناتوانم پێنج چرکەی تێدا بمێنمەوە.. بە ژانتاوە هاتمە خوارەوە.. موکری بەرەو ڕووم هات،

– ها.. بۆ کوێ!؟

– وەڵڵا من ناتوانم لەم هوتێلەدا بم و ئەوەسا دەڕۆم...

– باشە، بەم درەنگانە ڕەنگە هۆتێلی دڵخوازت وەچنگ نەکەوێت...

لەم کاتەیدا «ئیسماعیل گەیلانی» ئەویش لە ئۆکراینەوە گەیشت و لە کێشەکە ئاگادار بوو، بەچاوی کڕیارەوە بە هوتێلەکەیدا ڕوانی، وتی:

– فلانی، منیش لەگەڵتا دێم...

کوردێکی برادەرانی ئێزیدی بۆ دیتنمان هاتبوو.. بە ماشینی خۆی بۆ ناو شاری بردین و چەندین هۆتێلی پێنج ئەستێرەی نیشاندایین.. سەرئەنجام یەکێک لە هوتێلەکان، دوو ژووریان پێ دایین..

موکری وتی:

– با سەرپەرشتکەری گەشتەکە بێت و قسەی لەگەڵ بکەم.. ئەو دەم بڕیارێک دەدەین.. من ئەمشەو لێرە دەمێنمەوە، با ئەو برادەرەمان لێ زوێر نەبێت..

بە سبەینێدا بڕیارمان دا ئەپارتمانێک بەکرێ بگرین، برادەرێکی دیکەی ئێزیدی بوو بە چاوساقمان و چەند جێگەیەکی نیشاندایین.. دیاربوو کابرا زۆرتر لە بیری پشکی خۆیدا بوو، تا گیرفان و ئاسایشی ئێمەوە، پێوەندیمان بە ئاشنایەکی ئێزیدی دیکەوە کرد، کاری ڕاست بێت، هاتە هانامانەوە و ئازا ئەپارتمانێکی خاوێنی سێ ژووڕەی دیوەخانداری جێ بڵاوی بۆ دۆزینەوە، هەموو جۆرە پێداویستییەکانی ژیانی تێدا بوو، هەتاوەکو پیانۆیەکیش...

هەر ئەو نیوەڕۆیە، من و موکری و گەیلانی گوێزامانەوە و هەریەکەمان ژووڕێکمان داگیرکرد... کۆبوونەوەیەکی بچکۆڵانەمان کرد و وتم:

محەمەد موکری

– هەفتەیەک پێکەوە ژیان، ئەگەر کار و کردەوەکانمان دەستنیشان نەکەین، ڕەنگە ببێتە مایەی ئاشوفتەگی.. بڕیارمان دا کارەکان بە سێ بەشەوە بکەین.. کڕینی پێداویستییەکانی ڕۆژانەمان، هەموو جۆرە ئازووقەیەک، چێشت کردن، دەفر و قازان شۆردن، ژنەی خاوەن مااڵیش دوو ڕۆژ جارێک ژووڕەکانی خاوێن دەکردەوە... بەندە کڕینی ئازووقە و پێداویستییەکانم لە ئەستۆ گرت، گەیلانی بۆ خۆی چێشت لێنەڕێکی چاک و خواردن و چێشتی دەکرد، موکریش وتی «دەفر و قاپ و قاچاغ شۆردنیش لەسەر من.. بەو شێوە دەستمان پێکرد.. لە مێژوودا بۆ جارێک دەست و پوختی چێشت لێنانی «دینۆ»م چێژ کردبوو، خۆمان گەیاندە گەورەترین سوپەر مارکێتی شار و ئەوی بە چاکمان زانی کڕیمان، لە خواردنەوە بگرە تا ئیسفەنجی دەفر شۆردن...

بەیانییەکەی لە هۆڵی تەرخانکراودا ئامادەبووین، تا ئەو دەمە نەمدەزانی هاوسەفەری کێم.. کە ڕوانیم زۆربەنم نەدەناسی و زۆربەیان هیچ جۆرە تۆ و پێوەندییەکیان بە ئەدەبیات و بواری ڕۆشنبیرییەوە نەبوو، لە موکریم پرسی:

– من زۆر لەمانە ناناسم، تۆ چی؟

– کوڕە بەهەرچی ئایین هەیە منیش نە دەیانناسم و نە دیومن.. نازانم ئەم «حەمید»ـە چۆن چۆنی ئەمانەی کۆکردووەتەوە، ئیتر ئەوە حەمیدە هەوەسی هەبێت سبەی بڕێک لەبەر دەدا و دەیانبات بۆ ناو ئەمازیق و سۆمەترە و تەنجانیقا...

– حەمە، من لە هاتنەکەم پەشیمانم..

– دەی چیمانە بە خەڵکەوە، خەڵکیش وەک ئێمە هاتووە و سەیر دەکەن و ئێمەش سەیر دەکەین.. خۆی سەفەر بە ترحێویەکانییەوە خۆشە...

– کاک خوسرەو موکری ڕاست دەکات، چیمانە لە خەڵکی، ئەم دوو کاتژمێرە لەم هۆڵەداین و تەواو، ئیدی دەتوانین دوور بکەوینەوە..

– بە پێچەوانەوە.. من لام خۆشە تێکەڵی خەڵکی بم.. بەڵام وشە و واژەیەکی هاوبەش لەنێواندا نابینم، لەگەڵ زۆربەیاندا، خەفەتەکەم لەوەیدایە..

کابرای بوڵەندگۆ بەدەستی سەر شانۆی دەبڕی و دەیدووری، تەنیا شتێک بیری لێ نەدەکردەوە پێکەوە کار و کردەوەی ڕۆشنبیری دانیشتوان بوو.. غەمزەی کچکۆڵەیەکی بەهەزار داهێنان نەدەگۆڕییەوە، سی و دووهەمین کەس ناوی «موکری»یان خوێندەوە، تا پسوولەی ڕێزلێنانی بدەنێ.. موکری نەڕۆیشتە سەر شانۆکە، بەدواییدا منیان بانگ کرد، خەریک بووم نەڕۆم، لێکم دایەوە، دەیخەنە خانەی لووت بەرزی و خۆ بەزل زانین.. لە دواییدا دەرکەوت قەرار نەبووە ئەو ئەفەندییانە ناوی من لە ڕیزی ناوەکاندا بێت، تا مستەفا سااڵح کەریم یەخەی گرتبوون، ئەوە چ ناوێکی لێ دەنێن و لە چی خانەیەکدا دایدەنێن؟! بۆیە پسوولەی ڕێزلێنانەکەی بەندە بەدەست نووسرابوو.. من لەو بابەتە ڕەفتارانەم لە زۆر جێگەیدا دەرحەق بەخۆم دیبوو، هیچ نرخ و بایی و ئەرزشێکم بۆ ئەو کاربەدەستە دڵ ڕەشانەم دانەنابوو، بەدڵنیاییەوە دەمزانی هیچ لە پێگە و جێگەی ڕۆشنبیری بەندە کەم ناکاتەوە.. منێک شەست و چوار کتاوی جۆراوجۆرم پێشکەشی کتاوخانەی کوردی کردووە، بڕێکیان بیست و سێ بەرگە، بڕێکی دیکەیان هەشت بەرگە، پێنج بەرگە، چی لە من کەم دەکرێتەوە؟!.. یەک دڵ ڕەشی هەوەس باز، یان ناوی من دوای کچۆڵەیەک بانگهێشت بکات، کە تەنیا شیعرێکی تا ئێستا نووسیوە... بەهەرحاڵ تاوانەکەم خستە سەر بە

ئیسماعیل گەیلانی

هەڵە هاتنم و بەشداربوونم لەو گەشتەیدا ئەویش بە زۆری تووڕک ئاسای موکری بوو کە لێم نەدەبووەوە.. لە هۆڵەکە وەدەرهاتین، ئیدی ئێمەی سێ کەس هیچ کام لەو برادەرانەمان نەدەدی، مەگەر لە شەقامدا.. جارە و بار یەک دوو برادەرێکمان بانگهێشت دەکرد بۆ ئەپارتمانەکەمان، ئەو خەڵکە هاتووە، پیاو چاک و قەڵەم بەدەستی باشیشی تێدابوو، بەندە بەبێ مەعریفەتیم دەزانی لەو کەسانە دابڕێم، بۆیە بە موکری و گەیلانیم وت:

- دەمەوێ شەوێک لە دەرەوە چەند کەسێک لەو برادەرانە داوەت بکەم بۆ دەرەوە، با وا نەزانن ئێمە خۆمان شاردووەتەوە.. سەرەتا هەردووکیان پێشنیارەکەمیان ڕەتکردەوە، تا توانیم ڕازییان بکەم و وتم:

- ئێوە ناوەکانم بۆ هەڵبژێرن و ئەو دوای کارەکە بەمن بسپێرن..

لە یەکێک لە ڕێستۆرانە بەناوبانگەکانی ئەو شارەیدا شازدە کەس کۆبووینەوە، برادەرێکی ئێزیدی بەناوی «وەزیر» ئەویشم داوەت کردبوو.. زۆری نەخایاند گۆرانیبێژێکی گەلێک ناسراوی جۆرجیا کە بۆ خۆی کوردێکی ئێزیدی بوو لەگەڵ موزیکژەنێکدا لەگەڵماندا دانیشتن، ئیتر بەزم دەستی پێکرد، لە جۆرجیادا شەرابێکی یەکجار ناسراویان هەیە و گەلێک گران و خۆش مەزەیە و یەکێک لە هەناردەکانی ئەم وڵاتەیە بۆ دەرەوە و کرپاری یەکجار زۆرە، ئەو شەوە پازدە بوتڵی شەراو خوراوە، کەللە گەرم بوو، یەکێک لە دانیشتوان بەشێوەیەکی تووند و بێ جێگە یەخەی موکری گرت، کە بۆچی نەهاتووی پسوولەی ڕێزلێنانت وەرنەگرت.. تا دەبوو کابرا بە پێگەی خۆیدا دەینازی، گەرچی میوانی من بوو تا دەبوو دەنگی بەرز دەکردەوە، قەت ئەوەندە «موکری»م لەسەر خۆ نەدیبوو.. سەرئەنجام خۆم پێ ڕانەگیراو هاتمە جواو:

- کاکە بە تۆ چی؟.. وای پێ باش بووە کە وەری نەگرێت..

کابرا بە لەپی تا توانی بەسەر مێزەکەیدا دا، ئاوڕی خەڵکە دوورەکەی بەلای ئێمەوە کێشا.. لێکم دایەوە ئەم کابرایە فرە خۆی بە گونده دەزانێ، بۆیە وتم:

- پێم ناڵێی بەچ حەقێک ڕەفتاری وا ناشیرین و نەشیاو دەکەی؟! ئەوە لە نیو سەعات زیاترە تۆ دەنەڕێنی.. من ئەمەت لێ قەبووڵ ناکەم

کابرا وتی «من دەڕۆم.. ها..؟»

- فەرموو دەی تەشریف ببە.. بەخێر...

کابرا هەستاو ڕۆیشت، موکری لە دانیشتوانی پرسی:

- ئەرێ برادەرینە، ئەم کابرایە بۆ خۆی بە باوە پیارەی ئێمە دەزانێت؟.

مستەفا سالح کەریم، جامێک ئاوی ساردی بەسەر دۆخەکەدا کرد و تۆزەکێک هاتینەوە سەر حاڵ..

ئێمە زۆرتر هەر لە ئەپارتمانەکەدا دادەنیشتین، گەیلانی لەچێشت لێنانداو وەستابوو.. هەر جۆرە ئازووقە و دەرخواستێکی هەبوایە بۆم ئامادە دەکرد، هەوای عەلەشیشی کرد- قەل- ئەویشمان پەیدا کرد، بەڵام دوای گەڕان و پرس و جۆی زۆروزەبەنە و ناچاربوونی لاسایی کردنەوەی دەنگی قەل، ئەوەی کاری خۆی بە باشی ئەنجام نەدەدا موکری بوو.. بەیانە بەرچاوت چەند کەسێک شەوێ نان بخۆن و بخۆنەوە، دەبێ چەند دەفر و لیوان و کەوچک و چەتاڵ و قازان و قابلەمە کۆمەڵ بکرێت.. من لەو کەسانەم هەرچەندە درەنگ بنووم، دەبێ کاتژمێر هەشتی بەیانی نانی بەیانیم خواردبێت.. کاتێک

هەستام و ئەو خەرمانە دەفر و ئامانەم بینی، دەمزانی موکری بۆ دوازدەی نیوەڕۆش لە خەو هەڵناسێت.. بەناچاری، قۆڵم لێ هەڵدەمالّی و تەواوی حاجەتەکانم خاوێن دەکردەوە، گەیلانی هەستا، سەیری کرد وا نیشتمەتە ملی ئەو هەموو دەفرەوە، بە تووڕە بوونەوە:

– نابێ ئەوە بکەی، ئەوە پشکی موکرییە، لێی گەڕێ، بەگوێم نەکرد، کارەکەم ئەنجام داو دوا دەفرم داناو ئەو دەم بەرچایم خوارد..

مەبەست لە نووسینی ئەم چیرۆکە ئەوانەی وا خوێندنەوە نییە.. لە ڕۆژی یەکەمی نەورۆزی ٢٠١٢دا تا ڕۆژی یەکەمی نەورۆزی ئەمساڵ، موکری کۆچی کردووە، گەیلانی مردووە، ئەوەسا منیش تووشی شێرپەنجە هاتووم، لە شاری «میونیخ»ی ئەڵمانیادا لەژێر تیشکی زەڕی و ئەتۆمدام.. با بگەڕێینەوە بۆ ئەو شەوە.. هەر سێ، من و موکری و گەیلانی پێکەوە لەو ئەپارتمانە نەگبەتەیدا دانیشتبووین توزەکێک سەرمان گەرم کردبوو، شەو نیوەی گوزەرابوو، تەواوی دەر و پەنجەرە سەرتاسەر لەناو ئەپارتمانەکەیدا گیرابوو.. من بۆچوونە ئاودەست هەستام، ئاودەستەکە لە بنی پیادەڕەوێکی شەش مەتریدا بوو.. سێ ژوور و ئاشپەزخانەی بەسەرەوە بوو.. ڕاڕەوەکە دەچووە سەر میوانخانەکە، موکری و گەیلانی لە میوانخانەکەدا بوون، لە ئاودەست وەدەرهاتم، سەرم داخستبوو، بەرەو لای هاوالآنم ملم نا، لەپڕ هەستم بە شنەی بایەکی گەلێک سارد کرد، ڕایچەڵەکانم، سەرم بەرز کردەوە دوا دوایی تیشکێکم بەراسەرمەوە دی.. بەرەو میوانخانە بەشێوەی شەپۆلێکی ئارام دەجووڵایەوە، بۆ تاوێک وەستام، لام وابوو، ئەوە خەیاڵە، چوزانم.. هۆی ئەلکولە، یان لە ڕاستیدا من هیچم نەدیوە، لەسەرخۆ هاتمەوە لای موکری و گەیلانی، کە دانیشتم هەردووکیان وتیان:

– ئەرێ تۆبش دیت!!؟

– چیم دی؟!

– ئەو تیشکە سپییەی بەراسەرمانەوە دەسووڕایەوە.؟

– باشە لەکوێوە هات و بۆ کوێ ڕۆیی؟!

دینۆ، زۆری نەدەخواردەوە، هەمیشە خۆی نەدەگەیاندە هێڵە هەڵەتەکە وتی:

– موکری ڕاست دەکات، منیش ئەو تیشکە سپییەم دی و یەشتا سەرمامە، هێندە ساردبوو.. من نازانم لە کوێنەوە هات..!

گەیلانی لیوانەکەی پێشی هەڵگرت و وتی:

– چۆن دەزانم ئەمە گڵاسە و پڕە لە سەهۆڵ وئەلکول وا ئەو تیشکەم دی... لەو پەنجەرەوە ڕۆیشتە دەرەوە..

– کام پەنجەرە؟!

دینۆ هەڵساو بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیشت و وتی:

– ئا، لەم پەنجەرەیەوە..

– گیراوە؟

– گیراوە و شووشەشی پێوەیە، یان من کوێرم، یان ئەو تیشکە لەم پەنجەرەوە ڕۆیشتە دەرەوە..

موکری، هەستایە سەرپا، ڕوو بە دینۆ:

– منیش ئەو تیشکە حیزەم دی، هەرچی بوو ملی شکاند و چوو.. خۆتان بەم قسە قۆڕانەوە خەریک مەکەن، ئەوەسا بۆ تواڵێت دەڕۆم و ئەو تیشکە لە هەر کوێ بێت میزی پێدا دەکەم...

ئەو ڕووداوە لە شەوی دووەمی نەورۆزی دوو هەزار و دوازدەدا لە پایتەختی جۆرجیادا ڕووی داوە، ئەمشەو من ئەم داستانەی دەنووسم، دووەمی جەژنی نەورۆزی دوو هەزار و سێزدەیە و من لە شاری میونیخی ئەلمانیادام، تووشی دەردی شێرپەنجە هاتووم و لەژێر تیشکە جۆراوجۆرەکاندام.. ئیتر ئەمە تیشکی کیمیاوییە، زەڕەیە، نەوەوییە و دەواو دەرمانی جۆراوجۆر.. لەو ماوەیەیدا موکری وەک زۆربەی شەوان لەگەڵ هاوڕێی شاعیرماندا قوبادی جەلی زادە پێکەوە دەبن..تووشی کۆکە دەبێت ئێمە هاوالآنی موکری لەگەڵ ئەو کۆکانەیدا ئاشنابووین، بەڵام قوباد نەیزانی ئەوە دوا کۆکەکانی موکرییە دەیگەیەنێتە مالّ و دوای دە چرکە پێوەندی پێوە دەکەن.. موکری تەواو...

– چی تەواو؟!

– موکری مرد!!

قوباد خۆی دەگەیەنێتە مالّی موکری بێ موکری.. تا سبەی دەیهێڵنەوە.. شەوی درەنگانێک موبایلەکەم زرنگایەوە.. دڵم داخورپا.. یا ئەڵڵا.. یاڵڵا خێر بێ.. بەم درەنگانە..! کە هەڵمگرت حەمە ڕەئووف کەرکووکی بوو.. باوەڕ بکەن لەپێش ئەوەی هەواڵی مەرگی موکریم بداتێ زانیم وا دەڵێت!!..

زار زار گریام.. هەر بەیانی زوو لە هەولێرەوە وەڕێکەوتم بۆ سلێمانی.. تازە تەرمەکەی موکرییان

بردبووه مزگەوت، خۆم پێ ڕانەگیرا، بانگم هەڵدا بەسەر تەرمەکەیدا «بانگ هەڵدان لەناو عەشیرەتی جافدا بۆ گەورە پیاوانە». بەڵای منەوە موکری یەکێک بوو لەگەورە پیاوانی میللەتێک، نەک عەشیرەتێک.. کۆسکەوتوانە کەوتینە دوای تەرمەکەی، خەڵکانێکی زۆر لە تۆپژی خوێندەواران بەدوای تەرمەکەیەوە بوون، با ئەویشە بڵێم دوای پێوەندییەکەی حەمە ڕەئووف کەرکووکی پێوەندیم بە ئیسماعیل گەیلانییەوە کرد و ئەویش خۆی گەیاندە ڕێوڕەسمەکەیدا..

دوای چەند مانگێک ئیسماعیل گەیلانی تەلیفۆنی بۆ کردم وتی:

– لێم قەوماوە، بڕێک لە لەشم سووتاوە...

– کەی؟! بۆ؟ چۆن؟.

– لە لبنان ئەپارتمانێکم گرت تا زیاتر بحەوێمەوە ویستم ئاوێک بە خۆمدا بکەم، بە تەڕی لەسەر شورگە وەدەرهاتم و ڕۆیشتمە ئاشپەزخانەوە تەز گاز بەڕەڵڵایە و شقارتەم لێدا ئاشپەزخانەکە تەقییەوە لەشم سووتا..

وتم:

– خۆ جێی مەترسی نییە؟.

– نەء، باشم، لە بیمارستانی یەکەی پزیشکی باکوور تیمار کراوم..

– من ئێستا دکتۆری باشت بۆ دەنێرم..

لەبەر ئەوەی بەندە سەرۆکی ئەنجوومەنی دۆستایەتی کوردستان و لبنانم، دۆستان و ناسراوانی زۆرم لەو وڵاتەیدا هەیە، پێوەندیم بە یەکێک دووان لەو برادەرانەی کرد و ڕووداوەکەم بۆ گێڕانەوە.. ئەوانیش پیاوانە، دەکەونە گەڕان بە دوای گەیلانیدا، بیمارستان نەماوە لە بەیرووتدا نەگەڕێن..

سەرئەنجام تەلیفۆنیان بۆ کردم و کەوا ئاوا ناوێک لە هیچ بیمارستانێکی بەیرووتدا نییە...

سەرم سڕما.. هەمووی دە سەعات لەمەوبەر گەیلانی تەلیفۆنی بۆ کردووم، داخۆ بۆ کوێ ڕۆیشتبێت.. پێوەندیم پێوە کرد وتم:

– ئەرێ نالێی لە کوێی؟

– وەڵڵا خۆ لە مالەوەم..

– کوڕە خانەخراپ، ئەوەسا لە بەیرووتدا بیمارستان نەماوە بەدواتا نەگەڕێن!!.

– دوای دوو ڕۆژ لە سووتانم گەڕامەوە..

هەستام، چوومە سەردانی، گەیلانی هی مەرگ نەبوو، بەسەر ئەوەشدا سوور بووم لەسەر ئەوەی بڕوات بۆ بیمارستان.. نەڕۆیشتە ژێر ئەوەی و دەیگوت: تاقەتی ئەو بەزمەم نییە و هەرچۆنێ بێت مالەوە باشترە.

وتم:

– من لەگەڵ چەند برادەرێکدا داوەتم، بۆ قیرغزستان و کازاخستان دەڕۆم، بۆ ناو کوردانی ئەو دوو وڵاتە، جا کە نەیەم بۆڵات، لەبەر ئەوەیە لێرە نیم.. من گەشتەکەم دەست پێکرد و گەیلانیش لە هەولێرەوە گوێزایەوە بۆ سۆران و لەوێڕا خۆی خستبووە ژێر دەواو دەرمانی کوردەواریەوە.. ئیدی وەک خزمانی بۆیان گێڕامەوە.. سمایل زامەکانی وشکی کردبوو، بەرەو چاکبوونەوە دەڕۆیشت.. بەیانییەک لە جێگە هەستاوە و گەیشتووەتە نێو دەرگای ژوورەکە و دەکەوێت، بە پەلە بەرەو بیمارستان دەیبەن.. بە داخەوە لەناو ئوتۆمۆبێلەکەیدا گیانی دەردەچێت...

دوو ڕۆژ پێش ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ وڵات، تەلەفۆنم بۆ مالەوە کرد، هەوالّی مەرگی گەیلانییان پێدام.. وا کاس بووم ئەو دوو ڕۆژە لە ژوورەکەم وەدەرنەهاتم.. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام و بووە بەهۆی نووسینی ئەم داستانەی پێم سەیرە ئێمەی سێ کەس: موکری و گەیلانی و بەندە.. سێ هاوڕێی ئازیزی یەکتر، موکری لە پێشدا و گەیلانی بەدوایدا لەماوەی یەک ساڵدا هەردووکیان لەژێر خاکدان، بەندەش تووشی دەردی شێرپەنجە هاتووم، ئەوەسا بەسەر تەختی یەکێک لە بیمارستانەکانی شاری «میونیخ»ی وڵاتی ئەڵمانیادا ڕاکشاوم، لە تەقەللادام و وێڵم بەدوای خۆمدا.. پرسیارێک لەخولیامدا هەر ساتێک دەخولێتەوە، وەکو شێرپەنجەکەی ناو لەشم لە پەسا دەکولێتەوە.. تۆ بڵێی بەسەرهاتی ئێمە سێ کەس لە ئاکامی ئەو تیشکە ڕازدارەی ناو ئەپارتمانەکەی پایتەختی جۆرجیا بێت؟! یان تەنیا ڕێکەوت وابووە؟.

من نازانم، تۆ چی دەڵێی؟

۲۰۱۳/۳/۲۳

بیمارستانی بوگن هاوزن

میونیخ- ئەڵمانیا

بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم

کەریم شارەزا

هەوڵ و کۆشش بۆ دامەزراندنی لقی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە هەولێر

بۆ پێکهێنانی میکانیزمێکی لەبار بۆ هەوڵدان لەپێناوی کردنەوەی لقی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە هەولێر، دکتۆر مارف خەزنەدار ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی سەردانی هەولێری کرد و لە ئێوارەی ١٩٧٠/٨/١٥دا لە هۆڵی کتێبخانەی گشتیی هەولێر لەگەڵ دەستەیەک لە نووسەرانی پارێزگاکەدا کۆبوونەوە و ئەم بەڕێزانەی خوارەوە ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون:

١- محەمەد مەولوود (مەم)
٢- مەجید ئاسنگەر
٣- کەریم شارەزا
٤- مەلا شەریفی ڕەنگەڕێژانی
٥- عومەر ساقی
٦- پیربالّ مەحموود
٧- مەدحەت بێخەو
٨- بەدرخان سندی
٩- جەواد ڕەسوولّ ناجی
١٠- عەبدولّلا پەشێو
١١- جەمال عەلی خدر
١٢- یووسف دەرگەلّەیی
١٣- حەوێز وەهاب
١٤- مەجید عەبدولڕەحمان
١٥- عومەر خەزنەدار
١٦- عەبدولّلا حەداد - پەیامنێری ڕۆژنامەی (التآخي)

١٧- مەحمود زامدار- پەیامنێری ڕۆژنامەی (هاوکاری)

دکتۆر مارف خەزنەدار دوای دەرخستنی دەوری سلێمانی و هەولێر و کەرکووک و دهۆک لە بزووتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی، وای بە باش زانی کە لیژنەیەکی بەدواداچوون بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی ئیشکردنی فەرمیی لقی هەولێری یەکێتیی نووسەران پێکبێت و لە ئەنجامی وتووێژی نێوان ئامادەبووان ئەم زاتانەی خوارەوە بۆ ئەو کارە دەستنیشان کران:

١- محەمەد مەولوود (مەم)
٢- کەریم شارەزا
٣- مەجید ئاسنگەر
٤- عەبدوڵڵا پەشێو
٥- مەدحەت بێخەو
٦- جەمال عەلی خدر

لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوەیەدا، ئەم دەستەیەی سەرەوە و چەند ئەندامێکی دیکەی یەکێتیی نووسەران لە ڕۆژی ١٩٧٠/٨/٣١ داوایەکیان پێشکەش بە پارێزگاری هەولێر کرد بۆ کردنەوەی لقی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە هەولێر و ئەمانەی خوارەوە داواکەیان ئیمزا کرد و بوونە دەستەی دامەزرێنەر:

١- محەمەد مەولوود (مەم)
٢- کەریم شارەزا
٣- مەجید ئاسنگەر
٤- حەمە کەریم هەورامی
٥- بەدرخان سندی
٦- کەمال غەمبار
٧- مەدحەت بێخەو
٨- پیربااڵ مەحمود
٩- مەلا شەریفی ڕەنگەڕێژانی
١٠- عەبدوڵڵا پەشێو
١١- جەمال عەلی خدر.

خوالێخۆشبووان محەمەد مەولوود (مەم) و مەجید ئاسنگەر داواکەیان پێشکەش بە پارێزگاری هەولێر کرد، بەاڵم ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو، پارێزگاری ئەوسای هەولێر خوالێخۆشبوو عەبدولوەهاب ئەتروشی ڕێگەی کردنەوەی ئەم لقەی یەکێتیی نووسەرانی نەدا، بەو بیانووەی کە ئەو داواکارانە کەسێکی ناو شۆڕشیان تێدا نییە.

کاتێک کە داواکە ئەو گرفتەی تێکەوت، دەستەی دامەزرێنەر، مەڵبەندی گشتی ئاگادار کردەوە، ئەوانیش مامۆستای خوالێخۆشبوو هەژاری موکریانی سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەریان نارد هەولێر و چووە لای جەنابی پارێزگار و تێی گەیاند کە ئەو داواکارانە جێگەی متمانەی ئێمەن و بمانەوێ و نەمانەوێ ئەوانە باشترین نووسەر و شاعیری کوردن لە هەولێر. ئەگەر حەزیش دەکەن نووسەری شاخیان تێدا بێت، با بێن داوا بکەن تا بین بە ئەندام، بە مەرجێک نووسەری ڕاستەقینە بن و خاوەن بەرهەمی ئەدەبی بن و دەستەی دامەزرێنەری لق باوەڕیان پێ بکات، ئێمەش لە مەڵبەندی گشتی بڕیار لەسەر وەرگرتنیان دەدەین. بەم جۆرە سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد و جەنابی پارێزگار ڕێککەوتن و دەستەی دامەزرێنەری لقیش بەمە ڕازی بوو. من و سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەر خوالێخۆشبوو محەمەد مەولوود (مەم) چووینە لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر و لەگەڵ مامۆستا محەمەدی مەلا قادر، کە ئەوسا بەرپرسی لقەکە بوو، کەوتینە وتووێژ و ئەویش لیستێکی بەناوی حەوت نووسەری شاخی پێشکەش کردین تاکو بە ئەندام وەریان بگرین کە ئەمانەی خوارەوە بوون:

١- محەمەدی مەلا قادر
٢- شێخ محەمەد هەرسینی
٣- خوالێخۆشبوو عەلی هەژار
٤- بیلال عەزیز
٥- سەعید یەحیا خەتات
٦- خوالێخۆشبوو شێخ عەبدولخالق سەرسام.
٧- خوالێخۆشبوو عەبدولخالق سەرسام.

دەستەی دامەزرێنەری لق داواکانیانی پەسند کرد و دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتیش بە ئەندامی وەرگرتن، ئینجا داوایەکی نوێ بۆ مۆڵەت وەرگرتن بەدەستی من (کەریم شارەزا) پێشکەش بە پارێزگار کراو ئەم جارە بەبێ سێ و دوو لێ کردن ڕەزامەندی خۆی بە نووسراوی ژمارە (٢١٤٦٧)ی ڕۆژی ١٩٧١/١٢/٣ لەسەر کردنەوەی لقی هەولێر نیشان دا و دەستەی دامەزرێنەری لقی هەولێریش کۆبوونەوە و زۆربەی

ئەندامانی کردە دەستەی ئامادەکاری کۆنفرانسی دامەزراندنی لقی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە هەولێر و لە ڕۆژی (١٩٧٠/١٢/٥)دا بەم جۆرەی خوارەوە کاروباریان لەنێوان خۆیاندا دابەش کرد:

١- خوالێخۆشبوو محەمەد مەولوود (مەم)- سەرۆک.
٢- حەمەکەریم هەورامی - جێگری سەرۆک
٣- کەریم شارەزا - سکرتێر
٤- جەمال عەلی خدر - ژمێریار
٥- مەدحەت بێخەو - ئەندام
٦- خوالێخۆشبوو مەلا شەریفی ڕەنگەڕێژانی - ئەندام
٧- بەدرخان سندی - ئەندام
٨- عەبدوڵڵا پەشێو - ئەندام
٩- کەمال غەمبار - ئەندام
١٠- خوالێخۆشبوو پیربالّ مەحموود - ئەندام

ئەم دەستەیەی ئامادەکار کەوتنەخۆ بۆ بەستنی کۆنفرانسی دامەزراندنی لقی یەکێتیی نووسەران لە هەولێر و ژمارەیەکی نوێیان لە ئەندامی تازە پاڵاوت و مەڵبەندی گشتی بڕیاری لەسەر ئەندامیەتییان دا وەک ئەمانەی خوارەوە:

١- خوالێخۆشبوو عیزەددین فەیزی
٢- خوالێخۆشبوو عومەر ساقی
٣- عەزیز گەردی
٤- سەعدوڵڵا پەرۆش
٥- خوالێخۆشبوو جەمیل ڕەنجبەر
٦- فەرید زامدار
٧- جەوهەر کرمانج
٨- مومتاز حەیدەر-یش - لە بەغدا بە ئەندام وەرگیرابوو، بووە ئەندامی هەولێر.

دەستەی ئامادەکار ڕۆژی ١٩٧١/١/١٥ی دەستنیشان کرد بە بەستنی کۆنفرانسەکە و لە کاتی خۆیدا بە چاودێری پارێزگاری هەولێر لە هۆڵی گەل ببەسترێت.

بەستنی کۆنفرانسی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی هەولێر

لە کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٩٧١/١/١٥دا کۆنفرانسەکە بە چاودێری پارێزگاری هەولێر و ئامادەبوونی جێگری پارێزگار کانەبی عەزیز دزەیی و سەرۆک و نوێنەرانی دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی کە بریتی بوون لە مامۆستایان خوالێخۆشبووان هەژاری موکریانی و سەعید ناکام و دکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ و خوالێخۆشبوو دکتۆر مارف خەزنەدار، ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی کۆنفرانسەکەیان کرد، بێجگە لەوانەش خەڵکێکی زۆر لە میوانان و نوێنەرانی نووسەرانی کەرکووک و دهۆک و سلێمانی و کۆیە و چۆمان ئامادەبوون و پرۆگرامی ئاهەنگی کردنەوەی کۆنفرانسەکە بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

١- کردنەوەی ئاهەنگ بەسروودی (کوردستان) لەلایەن تیپی سروودی قوتابیانی کۆڕەکی سەرەتایی کۆڕانەوە کە من بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بووم.
٢- وتاری جێگری پارێزگاری هەولێر بەڕێز کانەبی عەزیز دزەیی.
٣- وتاری ڕێکخراوە کوردستانییەکان لەلایەن مامۆستا ئیسماعیل عومەر سنجاوییەوە.
٤- وتاری یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی هەولێر لەلایەن سەرۆکی دەستەی ئامادەکاری کۆنفراس خوالێخۆشبوو محەمەد مەولوود (مەم)ـەوە.
٥- وتاری دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی یەکێتیی نووسەرانی کورد لەلایەن سەرۆکی یەکێتی خوالێخۆشبوو هەژاری موکریانییەوە.
٦- پارچە شیعرێک لەلایەن شاعیر مەدحەت بێخەوەوە.
٧- وتارێک لەلایەن بەدرخان سندییەوە.
٨- شیعرێک لەلایەن عەبدوڵڵا پەشێوەوە.
٩- وتاری نووسەرانی کەرکووک لەلایەن عوسمان مستەفا خۆشناوەوە.
١٠- شیعرێک لەلایەن نوێنەری نووسەرانی کۆیە خوالێخۆشبوو مەجید ئاسنگەرەوە.
١١- کۆتایی هاتنی ئاهەنگ بە سروودی (ئەی ڕەقیب) لەلایەن تیپی سروودی قوتابخانەی کۆڕەک بەسەرپەرشتی مامۆستا سەردار ئەحمەد.

ئەوەی شیاوی باسیشە سکرتێری دەستەی ئامادەکاری کۆنفراسەکە کەریم شارەزا بەرنامەی (ئاهەنگەکەی بەڕێوە دەبرد و لەدوای کۆتایی هاتنی ئاهەنگەکە هەڵبژاردنی یەکەمین دەستەی بەڕێوەبەری لقی هەولێر بە چاودێری

دادوەر و نوێنەری پارێزگـــا و ســـەرۆک و نوێنەرانی دەســتــەی بەڕێوەبەری گـشـتی ئەنجـام درا و ئەم زاتانە بەپێی ئەو دەنگانەی بەدەستیان هێنا دەرچوون و بوون بە دەستـەی یەکـەمی بەڕێوەبردنی لقی هەولێری یەکێـتـیی نووسەرانی کورد:

١- بەدرخان سندی - ٢٥ دەنگ.
٢- محەمەد مەولوود (مەم) - ٢١ دەنگ.
٣- حەمە کەریم هەورامی - ٢١ دەنگ.
٤- کەریم شارەزا - ١٩ دەنگ.
٥- عەزیز گەردی - ١٨ دەنگ.
٦- عەبدوڵڵا پەشێو - ١٨ دەنگ.
٧- کەمال حوسێن غەمبار - ١٦ دەنگ.
٨- مەدحەت بێخەو - ١٦ دەنگ.
٩- محەمەد حەسەن مەنگوڕی - ١٦ دەنگ.
١٠- جەلال مەدحەت خۆشناو - ١٤ دەنگ.
١١- حوسێن عەزیز ڕەشوانی - ١٤ دەنگ.

لەدواییـدا ئەم دەســتــە هەڵبـژێردراوە کـۆبوونەوە و بەدەنگدانی نهێنی کاروباریان لەنێوان خۆیاندا دابەش کرد و ئەنجامەکەشی بەم جۆرە بوو:

١- بەدرخان سندی - سەرۆک
٢- حەمەکەریم هەورامی - جێگری سەرۆک
٣- کەریم شارەزا - سکرتێر
٤- خوالێخۆشبوو حوسێن ڕەشوانی - ژمێریار
٥- خوالێخۆشبوو محەمەد مەولوود (مەم) و عەزیز گەردی و عەبدوڵڵا پەشێو و مەدحەت بێخەو و محەمەد حەسەن مەنگوڕی و کەمال غەمبار و جەلال مەدحەت خـۆشناو، بوون بە ئەندامی دەســتــەی بەڕێوەبەری لقی هەولێری یەکێتیی نووسەران.

ئەوەی شایانی باسیشە ئەو ساڵە ژمارەی ئەندامانی لـقی هـەولێـــــر ٤٠ ئـەندام بـوو، لـەوانـە ٢٩ ئـەنـدام بەشـداریـیـان لەدەنگدانی هەڵبـژاردنەکـەی دەســتــەی بەڕێوەبەر کرد و بەم جۆرە لقی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە پارێزگـای هەولێر دامەزرا و دەستی بەچالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری نواندن کرد.

کاروچالاکییەکانی دەستەی یەکەمی بەڕێوەبردنی لقی هەولێر

دەســتــەی بەڕێوەبـەری هەڵبـژێردراو گـەورەترین گـرفـتـی هاتە پێش ئەویش نەبوونی بارەگـــا بوو، تا چالاکی خۆیانی تێـدا بنوێنن، بۆیە دەمێـک لە ژووری دەســتــەی بەڕێوەبەری یانەی فەرمانبەرانی هەولێر و دەمێکیش لە بارەگـای یەکـەی سـەرپەرشـتـیی پەروەردەی هەولێـر کـۆ دەبوونەوە. تاکـو لە دواییـدا یەکـێـتـیی مـامـۆسـتـایانی کـوردسـتـان- لقی هەولێـر هۆڵی بارەگـاکـەی خـۆی لە گەڕەکی (سەیداوە)ی بۆ تەرخان کرد بۆ کۆبوونەوەکـانی دەســتــەی بەڕێوەبەر و پێشکەش کردنی چالاکـیـیـەکـانی ئەدەبی لقی یەکێتیی نووسەران.

گرنگترین چالاکی ئەو دەورەیە پێشکەش کردنی زنجیرە کۆڕێکی ئەدەبی بوو لە هۆڵی کـتـێبخانەی گشتی هەولێر لەگـەڵ سـازدانی مـیـهـرەجـانێکی شـیـعـری لەبەهاری ١٩٧١دا بە بۆنەی جـەژنەکـانی ئادار و نەورۆزەوە، لە هۆڵی گەل پێشکەش کراو شاعیرانی هەولێر و سلێمانی و کۆیە و بادینان بەشداریان تێدا کرد.

لە شاعیرانی هەولێر: عەبدوڵڵا پەشێو، کەریم شارەزا، مـەدحـەت بێـخـەو، جـەلال مـەدحـەت خـۆشناو، بورهان جـاهیـد، سـامـیـە شـاکـر چاوشلی، سـەعـدوڵڵا پەرۆش، محەمەد حەسەن مەنگوڕی، عەبدولخالق سەرسام، مەجید هێرش، عـەبدوڵڵا مارینیسی، پیربالّ مـەحمود، محەمەد مەلا قـادر، عەبدوڵڵا خدر مەولوود، ئەنوەر سەید ئەحمەد بەرزنجی، بەشداریان تێدا کرد و سەرو هۆنراوەیەکی پڕ سۆزیان پێشکەش کرد و لە شـاعـیـرانی کـۆیەش سـامی عەودالّ و ڕۆستەم حەوێزی شیعریان خوێندەوە.

لە مـیـوانەکانی پارێزگای سلێـمـانی: ئەحـمـەد هەردی، کامەران موکری، کاکەی فەللاح، ع.ع. شەونم هۆنراوەی بەپێـزیان خـوێندەوە و ئەو مـیـهـرەجـانە چوار کـاتژمـێـری خایاند و باشـتـرین خـۆپـێـشـاندانی ئەدەبی بوو لە شـاری هەولێر سازدرا.

کۆنگرەی دووەمی گشتی یەکێتیی نووسەرانی کورد

لە ڕۆژانی ١٤-١٧ی تەمـووزی ١٩٧١دا کـــۆنـگـرەی دووەمی گشـتی یەکێـتـیی نووسەرانی کورد لە هۆڵی گەل بەسترا و ئەندامانی مەڵبەندی گشتی و هەموو لقەکانی یەکێـتـی بەشداریـیان تێـدا کـردو دروشمی کـۆنگرەکـەش [ئەدیـبـێکی شـۆڕشگێـڕ و ئەدەبێکی دڵسـۆزی گـەلمان دەوێت] بوو.

لە کـاتژمـێـر ٦ی ئێـوارەی ١٤ی تەمـووزدا، مـسـتـەفـا

سالّح کەریم سکرتێری لقی سلێمانی کە لەگەڵ من (کەریم شارەزا) سکرتێری لقی هەولێردا هەڵسووڕاندنی ئاهەنگەکەمان پێ سپێردرابوو، ئاهەنگەکەیش بەپێی ئەم بەرنامەیە بەڕێوەچوو:

١- وەستان بۆ ماوەی دەقیقەیەک بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان.

٢- وتاری سەرۆک کۆمار لەلایەن وەزیری دەوڵەت سەیدا سالّح یووسفییەوە.

٣- وتاری بارزانی نەمر لەلایەن (دارا تۆفیق)ەوە.

٤- وتاری پارێزگاری هەولێر لەلایەن خوالێخۆشبوو عەبدولوهاب ئەتروشییەوە.

٥- وتاری سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد خوالێخۆشبوو هەژاری موکریانی.

٦- وتاری غانم دەباغ نوێنەری یەکێتیی ئەدیبانی عیراق.

٧- وتاری عەبدوللەتیف بەندەر ئۆغلۆ نوێنەری نووسەرانی تورکمان.

٨- وتاری شێخ محەمەد خاقانی، نوێنەری کۆمەڵەی ئەدەبیی نەجەف.

٩- وتاری ئیسماعیل عارف، نوێنەری کۆمەڵەی هونەری کوردی لە سلێمانی.

١٠- وتاری خوالێخۆشبوو عەزیز ئیسماعیل شوان، نوێنەری ڕێکخراوە کوردستانییەکان.

لێرەدا کۆتایی بە ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەکە هات، بەو ئومێدەی بەیانی ڕۆژی ١٥ی تەممووز لەهەمان هۆڵدا دەستەی گشتی کۆبێتەوە و لە ماوەی دیاریکراودا دەستەی گشتی یەکەم کۆبوونەوەی کاری ئەنجام دا و حەوت کەسی بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروباری کۆنگرەکە هەڵبژارد، کە ئەمانەی خوارەوە بوون.

١- خوالێخۆشبوو عیزەددین فەیزی سەرۆکی لیژنە
٢- مستەفا سالّح کەریم - سکرتێر.
٣- من (کەریم شارەزا) - ئەندام.
٤- خوالێخۆشبوو تاهیر سادق - ئەندام.
٥- خوالێخۆشبوو سەبری بۆتانی - ئەندام.
٦- ع. ع. شەونم - ئەندام.
٧- عەبدوڵلا پەشێو - ئەندام.

ئینجا سکرتێری دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی ڕاپۆرتی دەستەی خوێندەوە و لە کاروباری سالّی ئیشکردنی یەکێتی دوا و وتووێژی لەسەر کراو لە دواییشدا مامۆستا (عەبدولڕەزاق بیمار)ی ژمێریاری یەکێتی ڕاپۆرتی حساباتی یەکێتی بە تێروتەسەلی پێشکەش کرد و کەمێک قسە لەسەر ڕاپۆرتەکە کراو بڕیاری لەسەر درا، دوای ئەویش من و مامۆستا مستەفا سالّح کەریم ڕاپۆرتی سکرتاریەتی لقەکانی هەولێر و سلێمانیمان پێشکەش کرد.

بۆ ئێوارە دەستەی گشتی چەند لیژنەیەکی لە ئەندامان پێکهێنا وەک لیژنەکانی زمان و سامانی نەتەوایەتی و گۆڤار و پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و لیژنەی دانان و وەرگێڕان و بلاّوکردنەوە، من سەرۆکی لیژنەی دوایی بووم.

لیژنەکان کەوتنە کار و پێشنیار و ڕاسپاردەی باشیان پێشکەش بە دەستەی گشتی کرد و بۆ شەو ئەدیبانی سلێمانی کۆڕێکی ئەدەبییان سازدا و شاعیرانیان سەر و هۆنراوەیەکی پڕ سۆزیان خوێندەوە، وەک ئەمانەی خوارەوە:

ڕەمزی مەلا مارف، خورشیدە بابان، ئەحمەد هەردی، شێرکۆ بێکەس، ئەژی گۆران، کاکەی فەللاح، عەلی شەونم، میرزا مەنگوڕی، ئەحمەد شوکری. کۆمەڵی هونەری کوردی سلێمانیش شانۆگەرییەکیان بەناوی (چاڵی جەرگی پیرێژن) لە نووسینی حوسێن عارف پێشکەش کرد.

بۆ بەیانی ڕۆژی ٧/١٦ دەستەی گشتی بۆ وتووێژ کردن لەسەر بڕیار و پێشنیارەکانی لیژنەکان کۆبوونەوە و زۆربەی خاڵەکانیان پەسند کرد و بۆ دوای نیوەڕۆش هەر لەسەر گفتوگۆکردن لەسەر بڕیار و ڕاسپاردەکانی لیژنەکان بەردەوام بوو.

بۆ شەویش کۆڕی ئەدەبی لقی هەولێر و کەرکووک سازدرا و لە پارێزگای هەولێر، شاعیران ڕەشاد موفتی و پیربالّ مەحموود و مەدحەت بێخەو و جەلال مەدحەت خۆشناو و عەبدولخالق سەرسام و جەمیل ڕەنجبەر و مەجید هێرش هۆنراوەی پڕ سۆزی کوردایەتییان پێشکەش کرد، لە ئەدیبانی کەرکووکیش شاعیران لەتیف هەڵمەت و ئەنوەر شاکەلی و سدیق زەنگەنە هۆنراوەی پتەویان خوێندەوە و شانۆگەرییەکیش پێشکەش کرا.

بەیانی ڕۆژی ٧/١٧ دەستەی گشتی کۆنگرە بۆ هەڵبژاردنی دەستەیەکی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی

کۆبوونەوە، بەپێی زۆریی ئەو دەنگانەی بەدەستیان هێنا ئەم زاتانەی خوارەوە بوون بەدەستەی بەڕێوەبەری نوێی یەکێتیی نووسەران:

١- خوالێخۆشبوو سەیدا سالّح یووسفی.
٢- خوالێخۆشبوو مامۆستا عەزیز عەقراوی.
٣- خوالێخۆشبوو فەرەیدوون عەلی ئەمین.
٤- خوالێخۆشبوو مامۆستا ئەحمەد غەفوور.
٥- خوالێخۆشبوو مامۆستا محەمەد ئەمین ئۆسمان.
٦- خوالێخۆشبوو مامۆستا سەعید ناکام.
٧- خوالێخۆشبوو مامۆستا هەژاری موکریانی.
٨- دکتۆر نەسرین فەخری.
٩- خوالێخۆشبوو دکتۆر ئیحسان فوئاد.

مامۆستایانی خوالێخۆشبوو (دوکتۆر مارف خەزنەدار) و (سادق بەهائەددین)یش بوونە ئەندامی ئیحتیاتی دەستەکە.

هەر دوای ئەو هەلّبژاردنە بە چاودێری دادوەر و لیژنەیەکی سەرپەرشتیار، ئەم دەستە تازەیە کۆبوونەوە و کاروباریان بەم جۆرەی خوارەوە دابەش کرد:

١- خوالێخۆشبوو صالّح یووسفی - سەرۆک.
٢- خوالێخۆشبوو عەزیز عەقراوی - جێگری سەرۆک.
٣- خوالێخۆشبوو ئەحمەد غەفوور - سکرتێری کارگێڕی.
٤- خوالێخۆشبوو فەرەیدوون عەلی ئەمین - سکرتێری ڕۆشنبیری.
٥- خوالێخۆشبوو محەمەد ئەمین ئۆسمان - ژمێریار

ئەندامەکانی دیکەش بوون بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەران.

بڕیارە گشتییەکانی کۆنگرە

دەستەی گشتی کۆنگرە چەندین پێشنیاری بە نرخ و ڕاسپاردەی بە کەلّکی بۆ پێشخستنی باری ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی لە کوردستان بە تێکڕای دەنگ پەسند کرد لەوانە:

١- کۆنگرە داوا دەکات حکوومەت یاسایەک بۆ خانەنشینی ئەدیبان دابنێ.
٢- کۆنگرە داوا دەکات ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد کە ڕێککەوتی ١٠ی شوبات دەکات، بکرێ بە ڕۆژی ئەدیبی کوردی و هەموو سالّێک یادی بکرێتەوە و ئاهەنگی شیاوی بۆ بگێڕدرێ.
٣- کۆنگرە داوا دەکات سەرپەرشتی کردنی چاپەمەنی کوردی بە یەکێتیی نووسەرانی کورد بسپێردرێ، بۆ ئەوەی نووسینی لاواز و بێ سوود بلاّونەبێتەوە و پەرە نەستێنێ.
٤- کۆنگرە پێشنیار دەکات کارێکی وا بکرێت بۆ ناردنی ئەدیبە لاوەکان بۆ خوێندن لە دەرەوەی عیراق.
٥- کۆنگرە پێشنیار دەکات زانا و ئەدیبە کوردەکانی دەرەوەی عیراق لە کۆنگرەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد بەشداری بکەن.
٦- کۆنگرە داوا دەکات بلاّوکراوە و خانەیەکی چاپ و بلاّوکردنەوە لە کوردستان دابمەزرێ، بۆ ئەوەی ببێتە دەزگایەکی کارا و دەستگر بۆ نووسەر و ئەدیبانی کورد بۆ چاپ کردن و بلاّوکردنەوەی بەرهەمەکانیان و خولّقاندنی هەستی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی بەرفراوان لە ناو خەلّکی خوێندەواردا.
٧- کۆنگرە داوا دەکات، ئێستگەی ڕادیۆی بەغدا و کەناڵەکان تەلەڤزیۆنی کەرکووک و مووسڵ بەشێکی تایبەتی بۆ ئەدەبی کوردی و چالاکییەکانی ئەدیبانی کورد تەرخان بکەن.

ڕاگوزارێک
سەبارەت بە دۆکیومێنت و مێژوو و تێگەی مێژوو

ئەحمەد باوەڕ
(زانکۆی گەرمیان - کۆلێژی پەروەردە کەلار)

بەرلەوەی ڕاو لێکدانەوەمـــان ســـەبارەت بە تێگە (مفهوم)، یان چەمکی مێژوو ڕوون بکەینەوە. لەپێشدا پێویستمان بەوە هەیە کە بزانین بەشێک لە پسپۆڕان و شارەزایانی ئەم بوارە، یان ئەوانەی بەزۆری بایەخیان بە (ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوو) داوە چۆن و چیـیـان لە بارەوە وتووە، هەرچەندە بۆ ئەم مـەبەسـتـە گـەلێک سەرچاوەی جۆر بەجۆر لە بەردەستدان، بەڵام وەکیـتـر ئەوانەی کە بە پێویستمان زانی بە زۆری بریتین لەوانەی کە لە ماوەی ئەم چەند لاپەڕەیەدا لێکمان داوەتەوە. وەک ئەوەی دکتـۆر حەسەن عوسمان لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویـیـدا وا چۆتە بناوانی ئەم بابەتەوە و بەم شێوەیە دەنووسێ: مەبەست لە لێکۆڵینەوەی مێژوو چیـیـە؟ ئایا لێکۆڵینەوەی مـــێـــژوو ئەوە دەهێنێ کـــە زۆرێک لەلێکۆڵیـارانی نەتەوە خـاوەن ژیاریـیـەکـان، هەوڵی بۆ دەدەن و لە پێناویدا توانایی و کـاتی خـۆیانی بۆ دەخـەنە گـەڕ؟ چ سـوودێک لە لێکۆڵینەوەو نووسـینەوەی مـێـژوو وەردەگرین؟ ئینجا بۆ ئەوەی بگەینە ڕایەکی بابەتیـیـانەی گونجاو سەبارەت بەم پرسیارگەلە، واباشە یەکەم جار ئەوە دەسـتنیـشـان بکەین کـە تێگە، یان چەمکی مـێـژوو چی دەگـــەیەنێ(١). هەرلەم بارەیەوە و بەپێی ڕای زۆرێک لەشـــــارەزایان و لـێـکـۆڵـیـــــارانی ئەم بـوارە، وایان لێکداوەتەوە کـە مـێـژوو ئەو زانیـاریـیـانە دەگـرێتـەوە کـە لەکاتی گەشەکردنی بوونەوەرەوە، پێمان گەیشتوون.هەر لە بوونی دیاردەی تـاوان و ئەو ئەسـتـێـرانەی بەرچاو دەکەون، لە نێوانیـاندا زەوی و ئەو ڕووداوانەی کە لەسەر زەوی ڕووددەدەن، بۆ ئەمـەش مـێـژوونووسـانی دێرین نووسـینەکـانیـان بە قـسـەکـردن لە سـەر دروست بوونی بوونەوەرەوە دەست پێـدەکـات، هەروەها ڕۆژهەلاتناسی

بەناوبانگ سێر ھ.ئارگب (١٨٨٥- ١٩٧١) لە بارەی بنەمای مێژووەوە نووسیویەتی زاراوە، یان: «وشەی مێژوو (History) بنەماو ڕەسەنایەتییەکی گشتی سامی هەیە، وەک وشەی: (ورخ) بۆ نموونە هەردوو وشەگەلی (یاریح)ی عیبری کە بەمانای (مانگ) واتە (قەمەر) دێ و (یرح) کە بەمانای (شەهر)، یان هەر مانگ هاتووە، بەپێی ئەم پێوەرەش بێ واتای وشەی مێژوو کات، یان دیاریکردنی مانگ دەگەیەنێ»(٢)، بەڵام مێژوونووسێکی وەک (ھ ج ولز) لەو کتێبەیدا کە بەناوی (کورتەیەک لە مێژووی جیهان)ـەوە بڵاوی کردۆتەوە بەوە دەست پێدەکات کە ئەمەیان لێکۆڵینەوە بێ، سەبارەت بە دروستبوونی بوونەوەر و زەوی و هەموو ئەوانەی لە سەری دەژین. لە بەشێکی دیکەی بۆچوونەکەشیدا (ھ ج ولز) مێژووی گەلان و نەتەوەو ژیارییە جۆر بەجۆرەکان هەر لەگەڵ سەرهەڵدانیاندا باس دەکات تا دەگاتە سەردەمی نوێ و تێیدا یەکێتی مرۆڤایەتی دەستەبەرکردووە، سەرەڕای درێژەو وردەکارییەکانی(٣)، هەروەها بێجگە لەو بۆچوونانەی پێشوو مێژوونووسی میسری (شمس الدين سخاوي) لە کتێبی:(الاعلان بالتوبيخ لمن ذم التاريخ)دا وای دەگێڕێتەوە کە لە زمانی عەرەبیدا مێژوو و بە مێژوو کردن بە واتای ڕاگەیاندنی کات هاتووە(٤)، کە ئەمەش بۆ خۆی هونەرێکە لە ڕووداوەکانی زەمەن دەکۆڵێتەوە، لە ڕووی دەستنیشانکردن و کاتەوە.خۆ هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی مرۆڤی سەرەتایی و لە بەرەبەیانی مەدەنییەتەوە (civil) مرۆڤ ئەو سەربردەو چیرۆک و حیکایەتانەی بۆ نەوەکانی دوای خۆی گێڕاوەتەوە کە ئەویش دەماودەم بۆی باس کراوە و لەگەڵ گێڕانەوەی ئەفسانەو بۆچوونی جۆر بەجۆردا تێکەڵ بووە و بەم شێوەیە مێژوو سەری هەڵداوە و هاتۆتە بوون، بەڵام لە وێنەیەکی سەرەتایی و سادەدا، دەکرێ بوترێ مێژوو لەم قۆناغەدا و لەم ماوەیەشەوە لە سەردەستی ئادەمیزاد ڕێڕەوی خۆی گرتووە و بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ، لە بارودۆخ و ڕەوشێکی دیاریکراو و دەستنیشانکراودا کە تێیدا مرۆڤ وەک نەوە و وەچەی ڕابردوو دێتەوە بەرچاو نە وەک ئەوەی کە بڵێین: تەنیا لە دایک و باوکێک بووە، بەڵکو هەموو ئەوە بۆ خۆی بەرهەمی کۆمەڵانی خەڵک بووە لە ماوەو زەمەنێکی یەکجار کۆنەوە. بەوانەشدا وامان بۆ دەردەکەوێت کە پێوەندییەکی یەکانگیر لە نێوان ژیانی تاکەکەس و ژیانی ئەو نەوانەدا هەیە کە لە سەدەو چاخە مێژوویییەکانی پێشوو، یان ڕابردوو ژیاون. وەک ئەوەی بیریارێکی وەک: (بندتو کروتشی) وای بۆچووە کە مێژوو هەر هەمووی مێژوویەکی هاوچەرخ بێ(٥)، بێجگە لەوەش مرۆڤ نەیتوانیوە لە خۆی و لە ئێستای خۆی بگات، ئەو تێگەیشتن و قوڵ بوونەوەیەش لە ڕابردوو و لە ماوەی چەند سااڵێکی دوور و درێژدا ئەزموونێکی بێ شوماری تێدا بەرجەستەکردووە، لە هەموو ئەو ڕووداو و سەربردەو گێڕانەوەو وێنەو هەڵکۆڵین و دیاردانەی کە لەسەرگۆی ئەم زەمینە بەرچاو کەوتوون، یان ئەو پاشماوانەی کە بۆ ئێمەومانان ماونەتەوە، بەمانەشدا و بەبێ زانیاری و شارەزاییمان لەوانەی ڕابردوو هاوکات بەخۆداچوونەوە و بیرکردنەوەی ورد لێیان و سوود لێوەرگرتنیان، لەخۆشی و ناخۆشییەکانی، لە باشی و خراپییەکانی، لەڕاستی و ناڕاستییەکانی، هەوڵی شارەزابوون و زانیارییان بۆ نەدا، ئەوە هیچ گومانێکی ئەوتۆی تێدا نامێنێتەوە کە بەگەل و نەتەوەیەک نایەینە بەرچاو و ئەژمار کە خاوەنی ژیاری و شارستانییەتێکی زیندوو بین.

دوکیومێنت (Document):

بەڵگەنامەکان (الوثائق) کە زۆرجار بەزانستی دیبلۆماتیک (Diplomatics) ناوبراوەو شیکردنەوەی بۆ کراوە، بەڵام وەک زانستێک یارمەتیدەرێکی پێویست بوون بۆ مێژوونووس و هاوکات وەک سەرچاوەیەک لەکاری نووسین و بە دواداچوونی مێژووی هاوچەرخدا کەرەستەیەکی خاوی یەکجار گرنگن بۆ لێکدانەوە و ڕەخنەگرتن و دیاریکردنی کات و ساتی مێژوویی کە زۆر ڕاستیی شاراوەو زۆر لایەنی ئاڵۆزمان بۆ ڕاست و ڕوونتر دەکاتەوە، هەروەها دەبێتە دینامیکییەت و پاڵپشتییەکی گەورە و گرنگ بۆ ئەو بۆچوونە مێژووییانەی کە مێژوونووس تۆماریان دەکات و لێکدانەوەیان بۆ دەکات. ئەم زانستەش بۆخۆی لەنێوەندی مێژووی ئیسلامی و مێژووناسانی موسڵمانداندا بەشیکردنەوەی مەرجەکان، واتە (تفسير الشروط) هاتووە و لێکدراوەتەوە، لەم بوارەشدا گەلێک سەرچاوەی جۆربەجۆر بەرهەم هاتوون و ناوبەناو بڵاوکراونەتەوە(٦).

لەلایەکی دیکەوە و هەرلەبارەی بەڵگەنامـــــەوە، مێژووناس و لێکۆڵیاری عێراقی دکتۆر مورتەزا حەسەن ئەلنەقـــیب لەم بارەیەوە دەنووسێ: بەکـــارهێنان و دەستنیشانکردنی بەڵگەنامەی فەرمی دەوڵەت وەک پەیماننامە و نووسراو و یاساکان بەمانای دیاریکردنی بەڵگەنامە (Document) هاتووە، کە ئەمەش بۆ خۆی لەکاری نووسین و لێکۆڵینەوەی مێژوویدا) بەپرۆسەیەکی تایبـــــەت دادەنرێت(۷)، هەروەها ســـــەلماندن و ڕێنیشاندەرێکی پێویستن بۆ ئەوەی هەر مێژوونووسێک پەنایان بۆ ببـــات و وەک ســـەرچاوە و بەڵگەنامـــەی پێویست بۆیان بگەڕێتەوە. بەمانەشدا وامان بۆ ڕوون دەبێتـــەوە کـــە: «بەڵگەنامـــە بە هاوواتای ســـەرچاوە هاتووە»(۸)، کە ئەمەش دەڵێین مەبەستمان ئەوە نییە کە تەنیا بۆ قۆناغی هاوچەرخ بەگرنگی بزانین، بەڵکو لە قـۆناغـەکانی دیکەشدا هەمـان گـرنگی و تایبـەتمەندی خـۆیان دەبێت، بەڵام کـۆسپ و تەگـەرە لەمـەیاندا زیاتر لەوەدا ڕەنگ دەداتەوە کـــە زۆرێک لەمـــانە یەکـــلایی کردنەوەو سەلماندنی ناوەرۆک و ڕاستی و دروستییان بۆ مێژوونووس تا ڕادەیەکی زۆر قورسە، بەڵام وەک وتمان لە قۆناغی هاوچەرخدا ڕەنگە تۆزێک ئاسانتر و ساناتر بێتە دەستەوە بۆ بەکارهێنان و گەڕانەوە بۆی لە کاری نووسین و لێکدانەوەی ڕووداوە مێژووییەکاندا.

ئەم جۆرە بەڵگەنامانەش بەزۆری لەو خانە و دەزگا و ناوەندە بەڵگەنامـــەیی و ئەرشـــیـــڤی، هەروەها لە: (موزەخانە و کلێسە)کاندا بە زۆری بەرچاو دەکەون(۹). کە هەریەک لێیان لە دەروازەی خۆیداو بە پێی پێویست پێڕست و (فهرسة) ژمارەو زۆرجاریش بە وردی پۆلێن و بەرگی تایبـەتیـان بۆ ئامـادە کـراوە و لە چوارچێـوەی بەڵگەنامـە پارێزراوەکـان و لە شـوێنی خـۆیاندا دانراون. ڕەنگە زۆرجـــار ئەو تێکەڵوپێکەڵێـــیـــەی کـــە لە ڕێکخـــســـتنەوەی ئەو بەڵگەنامـــانەدا هەیە لەکـــاتی دانانیـاندا لێکۆڵیار بە ئاسانی و لە مـاوەیەکی کەمـدا نەتوانێ پێـیـان بگات، یان بیـاندۆزێتـەوە. هەر بۆ ئەم مەبەستەو لە زۆربەی ولاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا، دەزگای بەڵگەنامەیی و ئەرشیڤی گرنگ بۆ ئەو مەبەستە دانراون و بەزۆری سەرگەرمی ئەوەن کە هەموو بەڵگەنامە و دەستنووس و وێنەو نەخشەی بەڵگەنامەیی گرنگ لە چوارچێوەی ئەو دەزگایانەدا کۆ بکەنەوە و هەر یەکەو لە دەروازەو قـۆناغ و شـوێنی تایبـەتی گـونجـاوی خـۆیاندا دابنرێن، بۆ کـاری لێکۆڵینەوەکردن و جێـبـەجێ کـردنی پرۆژەی زانستی مێژوویی، وەک ئەوەی کاتێک ڤاتیکان ناوەندی: (ئەرشـیڤی ڤـاتیکانی بۆ لێکۆڵیـاران کـردەوە زۆر ولاّت پەیمانگەی تایبـەتی خـۆیان لە شـاری ڕۆمـا پێکهـێنا) بۆ ئەوەی ئەندامـانی، یان کـارمـەندانی ئەو پەیمانگەیانە بکەونە گەڕان و بەدواداچوون و پشکنین لەو بەڵگەنامـەو بابەت و نووسـراوانەی کـە پێـوەندییـان بە ولاّتەکـانیـانەوە هەیە. سـەرەڕای کۆپیکردنیـان و دانان و ڕێکخستنەوەی پێڕستی پێویست بۆیان، هەروەها دەبینی لە دوای ڤـاتیکانیـــشـــەوە گـــەلێک ولاّتی دی وەک: ئینگلتەرە، فـەرەنسـا، ئەڵمـانیـا، بەلژیکا و دانیـمـارک، لەم بوارەدا هەمان ڕێڕەوی ئەویان گرتە بەر(۱۰).

بۆ هەمـــان مـــەبەست لە ولاّتی ئێـــمـــە، هەرچەندە تاڕادەیەکی زۆر کـەم نەبێ، هەنگاوێکی ئەوتۆ نـەنراوە بۆ کردنەوە و دامەزراندنی دەزگای ئەرشیڤی و بەڵگەنامەیی دەوڵەمەند، ئەوەشی کە هەبێ هێشتا زۆر سادە و هەژارە و لە قـۆناغـێکی زۆر سـەرەتاییـدایە، بەبەراورد لەگـەڵ نەتەوە و ولاّتە پێشکەوتووەکاندا. بۆ ئەم مەبەستەش بریا لە ڕێگای حکـوومـــــەت و زانکۆ و وەزارەت و ناوەندە زانستی و پێـوەندیدارەکـانی کـوردسـتـانەوە، کـار بۆ ئەوە دەکرا کە ئەو نووسراو و نەخشە و وێنە و بابەتی کۆنینەو بەڵگەنامانەی کـە پێـوەندییـان بەکـورد و مێـژووی کـوردو هەر لایەنێکی ولاّتی کـوردەواریـیـەوە هەیە، لە دەزگـا ئەرشیڤییەکانی جیهانداو بە زمانە جۆربەجۆرەکان، کۆپی دەکرانەوەو بەپێی (دیسپلینێک)ی یاسایی و ئیداری بۆ کاری لێکۆڵینەوە و نووسینەوەی مێژوو کاری جیددییان لەسـەر دەکراو دەخرانە خزمەتی لێکۆڵیـارانەوە. لەوانە: دەزگا ئەرشیڤییە دەوڵەمەندەکانی دەوڵەتی عـوسمانی، ڕووسـیـای قـەیسـەری، ئێـرانی سـەفـەوی، ئەفـشـاری، زەندی، قـــاجـــاری و پەهلەوی، هەروەها ولاّتانی: بەریتـانیـا، فـەرەنسـا، مـیـسـر، شـام و بگرە ولاّتانی دیکـەیش بـەزۆری لـەوانـەن کـــــە لەم بـارەیـەوە زۆر دەوڵەمەندن، لە بەڵگەنامەو دوکیومێنت و وێنەو دراو و دەستنووس و بابەتی کۆنینەو ئەو نەخشانەی کە لەکاتی خـــۆیداو لەلایەن ڕۆژهەلاّتناس و گـــەڕیدەو دەزگـــا جـــۆربەجـــۆرەکـــانی ئەو ولاّتانەوەو بەپێی قـــۆناغـــە جیـاجیـاکانی مـێژوو لە بـارەی کوردو ولاّتی کـوردیانەوە

نووسیوە، یان کۆیان کردۆتەوە.

واتای مێژوو لەسالانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا:

لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم، تەنانەت لە سالانی سەدەی بیستەمی ڕابردووشدا، زۆرێک لەزانایانی بواری زانست و مێژوو، تەنانەت ئەدەبیش زۆر کۆک نەبوون لەسەر ئەوەی کە مێژوو وەک زانست پێناسە بکەن، یان لێکدییان جودا بکەنەوە. هەندێک لە زانایان و بەتایبەتی کەسێکی وەک ولیام ئیستانلی جیڤونز (١٨٣٥-١٨٨٢) کە شارەزایەکی بەرچاوی بواری ژیربێژیی ئابووری بووە، وای لێکداوەتەوە کە: «ناکرێ مێژوو ببێتە زانست، لەبەر ئەوەی توانایەکی ئەوتۆی نییە بۆ ملکەچ پێکردن لە ڕووداوەکانی مێژوودا، وەک ئەوەی ملکەچی دەبێ هەر لەبایەخدان و تێڕوانین و پشکنین تا دەگاتە تەجروبەکردنی لە تاقیگەدا» (١١). بەوەشدا توانایی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیەکی زانستی ئەوتۆی نابێ وەک ئەوەی لە هەر زانستێکی تری وەک زانستی سروشت، یان زانستی کیمیا و بابەتە زانستییەکانی دیکەدا هەیە، بێجگە لەوەی هەندێک لە ئەدیبان، وای دەبینن کە مێژوو زانست بێ، یان نەبێ ئەوە بۆ خۆی: «هونەرێکە لە هونەرەکان» (١٢) و زانستیش توانایی ئەوەی نییە کە لەسەر ڕابردوو لە ئێستانێکی ڕەقوتەق زیاترت بداتێ، بەڵام بۆ ئەوەی دووبارە گیان و ژیانی بەبەردا بکەینەوە دەبێ پەنا بەرینەوە بەرخەیاڵ، ئەمەش لە کاتێکدا دێتە دی کە تا چ ڕادەیەک ئەو ئەدیبە توانایی ئەوەی هەیەو ئەو هونەر و لێزانییەی تێدا بەرجەستە دەبێ، بەپێی ئەو بۆچوونەش کە (ف.هرنشو) سەبارەت بە مێژوو لێکی داوەتەوە و دکتۆر حەسەن عوسمان لە زمانی ئەوەوە دەنووسێ: (مێژوو زانست نییە، بەڵکو ئەزموون و هەڵسەنگاندنە، بەڵام زانستی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەکردنە) و نزیکترین زانستی سروشتی لێیەوە بریتییە لەجیۆلۆجیا (زەمین ناسی- علم الارض) بەوەی هەریەک لە مێژوونووس و زەمین ناسیش لە شوێنەواری ڕابردوو و پاشەڕۆکەکە (مخلفاتە)ی دەکۆڵنەوە، واتە بەوانەشدا دەتوانین وا قسە لەمێژوونووس بکەین و بڵێین: مێژوونووس هەر ئەوە نییە هەر کەسە و قەڵەمی گرتەدەست و بابەتێک، یان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی نووسی و بڵاوکردەوە، ئەوە ئێمە بە مێژوونووسی دەستنیشان و ئەژماربکەین، بەڵکو دەبێ مێژوونووس کۆمەڵێک خەسڵەت و ئەدگاری پێویست و هەستیار هەن لەکاری لێکدانەوەو بە دواداچوونیدا، لە بەرچاویان بگرێ. لەسەرووی هەموو ئەوانەشەوە مێژووناسێکی وەک دکتۆر کەمال مەزهەر، بێجگە لەوەی مێژووی بە زانستی زانستەکان ناوبردووە و بەخوێی چێشتی لێک داوەتەوە بۆیان، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدایە و بەپێویستییەکی گرنگی دەزانێ و بەردەوام جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەویش پاراستنی گیانی: ئەمانەت و باسخوازی و مەوزوعییەتە لە کاری نووسین و تۆمارکردندا کە دەبێ پارێزگاری لێ بکرێ(١٣)، بێجگە لە هەندێ سیفات و تایبەتمەندی وەک: ئارەزوومەندی بۆ بابەتەکە و پشوودرێژی لە کاری نووسین و لێکدانەوەدا، هەروەها ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە دێنە ڕێی لە کاری نووسین و ئیشکردنی ڕۆژانەیدا نەبنە هۆی وەستان و دەست هەڵگرتنی و کەمی و نەبوونی سەرچاوەش لەکاری نەخات، سەرەڕای گەڕان و پشکنین و پرسیارکردن ئەگەر بۆ ماوەیەکی دوورودرێژیش بێ.

هەر لەم قۆناغەداو لە سالانی سەدەی نۆزدەمدا ناوی گەلێک لەو مێژوونووسانە دێت، کە بۆ خۆیان واتا، یان تێگە و چەمکی مێژوویان لەسەر بنەمایەکی سۆشیالیزمی یوتۆپی (الاشتراکیة الطوباویة) لێکداوەتەوە و ڕاڤەیان کردووە لەوانە: سانسیمۆن SainSimon (1760 - 1825)، شارل فۆرێ Fourier (1772-1837)، ڕۆبەرت ئۆین (١٧٧١-١٨٥٨)، پییر پرودۆن Prudhon (1809-1865)، لویس بلان Blanc (1811 -1882) و زۆری دیکە(١٤). بۆ نموونە مێژوونوناسێکی وەک ئۆگۆستین تیری Thierry(1795- 1856) کە خۆی بەکوڕی هەڵبژاردەی سانسیمۆن دادەنێ و ماوەیەکیش سکرتێری بووە، وای دەگێڕێتەوە کە پێویستە: (مێژوو ژیاننامەی کۆمەڵانی خەڵک نەک ژیاننامەی میری بێت)(١٥). جەختی لەسەر ئەوەش کردۆتەوە کە گەل هەوێنی ڕووداوی مێژوویی و ئەو بایەخدانەشی کە بەخەباتی چینایەتی دابووی وای لە کەسایەتییەکی وەک کارل مارکس Kar Marx(1818 -1883) کرد کە ناوی بنێت:

(باوکی خەباتی چینایەتی لە زانستی مێژووی فەرەنسی)دا.

بەپێی لێکدانەوەشمان، لەم بوارەدا و سەبارەت بە تێگە و چەمکی مێژوو دەکرێ بڵێین: میتودو لێکدانەوەو شەنوکەوکردنی ڕاستی و حەقیقەتەکانە، بەڵام بە شێوازێکی زانستی، هاوکات هونەرێکە کە دەبێ هەموو مێژوونووسێک بتوانێ بابەتیانەو زیرەکانە ئەو لایەن و بابەتە شاراوانە بۆ خوێنەر و بۆ ڕاستی و بۆ مێژوو یەکلایی بکاتەوە، کە هەر کەسێک لە ئێمە لەمەراقی ئەوەدایە بگاتە کرۆنۆلۆجیا (تحديد التواريخ بامعان او بدقه)یەکی ڕاستودروست و لە سەرووی هەموو ئەوانەشەوە، دەبێ مێژوونووس بۆ پیشەکەی کەسێکی بابەتی و لێوەشاوە، نەترس، ئەمین و دڵسۆز بێ، ئینجا بەپێی ئەو میتودەی، کە مێژوونووس دەیەوێ کاری لەسەر بکات و نەبێتە بڵندگۆی ئەم و ئەو و بەهاندان و هەڵنانی هیچ کەسێک، هیچ لایەنێک و هیچ کاریگەرییەکی دروستکراو، قەڵەمی نەخاتە سەر کاغەز، بیرو فیکری کەسیش بەناهەق و بێ بەڵگە، زامدار و لەکەدار نەکات.

پەراوێزەکان:

١- حسن عثمان، منهج البحث التاريخي، دار المعارف، (القاهرة: ١٩٦٩)، ص١٢.

٢- طب، علم التاريخ، ترجمة: ابراهيم خورشيد وآخرون، ط١، (بيروت: ١٩٨١)، ص٢٧.

٣- حسن عثمان، المصدر السابق، ص١٢.

٤- شمس الدين محمد بن عبدالرحمن سخاوي، الاعلان بالتوبيخ لمن ذم التاريخ، (القاهرة: ١٣٤٩)، ص١٧.

٥- حسن عثمان، المصدر السابق، ص١٣.

٦ -انظر: عبدالواحد ذنون طه، اصول البحث التاريخي، (الموصل: ١٩٩٠)، ص٢٨.

٧ - مرتضى حسن النقيب، محاضرات (منهج البحث التاريخي)، قسم التاريخ- كلية الاداب، جامعة بغداد ،المرحلة الثانية، ١٩٨٩-١٩٩٠.

٨ - نفس المصدر.

٩ - حسن عثمان، المصدر السابق، ص ٦٩.

١٠ - نفس المصدر، ص ٦٩.

١١ -نفس المصدر، ص ١٦.

١٢ - نفس المصدر، ص١٦.

١٣ - حميد المطبعي، افكار في اسئلة، مقابلة مع الدكتور كمال مظهر احمد، جريدة الثورة، العدد، (٧٢٦٣)، ١٩/٤/ ١٩٩٠، الصفحة الاخيرة. کەمال مەزهەر ئەحمەد، میژوو، کورتە باسێکی زانستی میژوو و کورد و میژوو، (بەغدا: ١٩٨٣)، ل٧.

١٤ - فاضل حسين وكاظم هاشم نعمة، التاريخ الاوربي الحديث ١٨١٥- ١٩٣٩، ط١، (الموصل: ١٩٨٢)، ص١٠-١١٠؛ کەمال مەزهەر ئەحمەد، س. ث، ل٧١-٧٢.

١٥ - کەمال مەزهەر ئەحمەد، میژوو، ل٧٢.

شانۆی کوردی بەرەو کوێ

خەلیل یابە کەریم

شانۆ و شانۆگەری چالاکییەکی مرۆڤایەتییە، کێشەکانی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی جوان دەخاتە سەر تەختەی شانۆ و بەر دیدی جەماوەر بەشێوەیەکی زندی، ئینجا ئەم کێشانە بەشێوەی کۆمەڵ و گرووپ پێشکەش بکرێ، یان بە تاکەکەسی کە پێی دەڵێن مۆنۆدراما، ئەم شانۆگەرییەش بەشێوەی مەرگەسات بێ، یان کۆمیدی، ئەم چالاکییە کە پێی دەڵێن شانۆ. سەرەتا چەند سەدەیەک لەپێش زایین لە گریک سەری هەڵدا، ئەوکاتەی تسپس لە جووقە جیا بۆوە، کە بە بۆنەکان ئاهەنگ ساز دەکرا، پاشان ئەو چالاکییە پەرەی سەند، بوو بە دوو ئەکتەر و سێ ئەکتەر، بێجگە لە ئەکتەر، نووسەر و دەرهێنەری لەخۆ گرت. ئەم چالاکییە پەیتا پەیتا هەموو ئەوروپای گرتەوە، پاشان هەموو جیهان. چەندین نووسەر و تیوری بۆ پەیدا بوو، چەندین ڕێباز و بۆچوون سەری هەڵدا، شانۆی گریکی ڕۆمانی کلاسیکی سروشتی، واقیعی، ڕیالیزمی، بڕێختی، توندو تیژی، شانۆی پێشڕەو و شانۆی سەر شەقام و برۆ دوای، ئازادی...تاد.

وڵاتە عەرەبییەکانیش بەهۆی پێوەندی زانستی و خوێندنەوە، چەندین خوێندکار کە لە ئەوروپا دەیانخوێند، ئەم چالاکییەیان بۆ وڵاتەکانیان گواستەوە، لەوانە ڕۆژئاوای عەرەبی و میسر، پاشان سووریا و عیراق، کوردستانیش لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو بەهۆی پێوەندی ئابووری و بازرگانی و خوێندن لە نێوان کوردستان و بەغدا ئەم شانۆیە گوێزرایەوە کوردستان، هەروەها بەهۆی هاتنی چەندین تیپی عەرەبی بۆ کوردستان، شانۆ سەری هەڵدا، ئەگەرچی ئەوکات شانۆگەری بە سیستم و ڕێکوپێکیان نەبوو، ماوە ماوە لە

بۆنەکاندا لە قوتابخانەکان شانۆگەری پێشکەش دەکران، چونکە لە هەموو کوردستاندا تا ساڵی ١٩٥٨ هیچ هۆڵێکی شانۆیی، یان تایبەت بە شانۆ نەبوو کە یەکەم هۆڵ لە هەولێر بەناوی هۆڵی گەل دروست کرا، سەرەتا ئەم هۆڵە کەموکوڕی زۆر بوو. زەوییەکەی ڕاست بوو ئەوەی لە پشتەوە دانیشتبا پێشەوەی نەدەبینی، هەروەها شوێنی دانیشتن و کورسی تێدانەبوو، ساڵی ١٩٧٢ کە کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی- مەڵبەندی گشتی سلێمانی شانۆگەری (پیسکەی تەڕپیر)یان هێنایە هەولێر، بەندە خۆم لە یاریگای شەهید فەرەنسۆ هەریری کورسی ئاسنینم گواستەوە ناو هۆڵی گەل، کە نمایشەکە تەواو بوو هەمدیس بردمەوە هەمان شوێن، کە دەڵێم لە شارەکانی دیکەش هۆڵ نەبوو، ساڵی ١٩٧٣ (خاڵۆی ڕێبوار)مان بردە سلێمانی، لە ئامادەیی سلێمانی هۆڵێکی دووسەد کەسیی تێدا بوو، لەوێ بۆ ماوەی هەفتەیەک نمایشمان کرد، چالاکی شانۆیی لە کوردستان پێش حەفتاکان زۆر سنووردار بوو، زۆرجاریش بە زمانی عەرەبی پێشکەش کراوە. لەم شانۆگەرییانەی کە ئەوکات پێشکەش کراون (صلاح الدين الأيوبي) و (فی سبیل التاج) و زۆری دیکەش لەوانەیە ساڵێ دوو سێ شانۆگەری پێشکەش کرابێ، تا ساڵی ١٩٧٠ و پاش مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی ١١ی ئادار کە ئازادییەکی تەواو بەرپابوو، چەندین تیپ و گرووپ لە کوردستان لە دایک بوون، ئەم تیپانە بە حەماسێکی زۆرەوە کاری شانۆییان ئەنجام دەدا، بە تایبەتی پاش ئەوەی چەندین مامۆستا و خوێندکاری هونەری لە بەشی هونەری بڕوانامەی هونەرییان وەدەست هێنا، لەوانە هونەرمەندان ئەحمەد سالار لە سلێمانی، سەباح عەبدولڕەحمان و تەڵعەت سامان و فەرهاد شەریف و زوهێر عەبدولمەسیح و لەپێش ئەوانیشدا سەفوەت جەڕاح، بەڵام ئەو ماوەیەک لە بەغدا چالاکی نواند پاشان گەڕایەوە هەولێر، هەروەها هونەرمەند سەعدوون یوونس لەناوەڕاستی حەفتاکان کە گەڕایەوە هەولێر لەم بوارەدا زۆر چالاک بوو و گەرموگوڕیەکی تەواوی خستە ناو بزاڤی شانۆییەوە، هەروەها هاشم زەینەل و لەتیف نوعمان، لە کەرکووک جەلیل زەنگنە، سەلمان فایق و مەهدی ئومێد و پشدەرییەکان (عەبدوڵڵا پشدەری و براکانی)، جیهاد دڵپاک و عەلی کەریم و چەندانی دیکە، هەروەها لە سلێمانی حاجی مەکی و ئیسماعیل بەرزنجی و سمکۆ عەزیز و عومەر عەلی ئەمین و پێشتر نووری وەشتی و ڕەفیق چالاک، لەو هونەرمەندانەی کە ڕۆڵێکی باڵایان هەبوو عوسمان چێوار و زۆرانی دیکەش، ئەوکات کێبڕکێ و مونافەسەیەکی تەواو لەنێوان تیپە شانۆییەکان و شانۆکاراندا هەبوو بۆ پێشکەش کردنی کاری پرۆفیشنالّ و شاکاری شانۆیی، ئەگەرچی لە سەرەتای ئەم قۆناغەدا زۆربەی زۆری ئەکتەرەکان بڕوانامەی هونەرییان نەبوو و شانۆکاری خۆڕسک بوون، بەڵام بە پەرۆش بوون بۆ بەشداری کردن، خۆشەویستی بۆ کاری شانۆیی هەبوو و خۆشەویستی لەنێوان هونەرمەندان هەبوو، زۆربەی زۆری ئەوانە بە حەماسێکی زۆرەوە خزابوونە بوارەکەوە، ئیلتزامیان بە شانۆ و بۆ دەرهێنەر زۆر بوو، پاش ئەو قۆناغە کۆمەڵێک دەرهێنەری دیکە پەیدا بوون، لەپاش ئەوەی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی دەرچوون، ئەوکات ئەو پەیمانگەیە ڕۆڵێکی باڵای لە پێگەیاندنی چەندین هونەرمەندی شانۆیی هەبوو، لەوانە هیوا سوعاد، ئەرسەلان دەرویش، یوونس حەمە کاکە، دانا ڕەئووف، هەروەها لەپێش ئەوان شەمالّ عومەر، شەمالّی عەبە ڕەش، فرمێسک مستەفا، کەریم عوسمان، حەمە عەلی خان، دڵشاد ئەحمەد، ئازاد جەلال، گەزیزە عومەر عەلی ئەمین، نیگار حەسیب قەرەداغی، میدیا ڕەووف بێگەرد و چەندانی دیکە. لە سلێمانی و هەولێر، چالاکی شانۆیی بەردەوام بوو زۆرجار ڕەخنەگر و خوازیارانی شانۆ قۆناغی حەفتاکان و هەشتاکان بە سەردەمی زێڕینی شانۆ دادەنێن، لەبەر بەردەوامی نمایشەکان و جۆری ئەم شانۆگەرییانە، یان بینەری

شانۆیی، کە بەردەوام شانۆ پڕ دەبوو لە بینەر و زۆرجار دەرگا و پەنجەرەکان دەشکان، ئەوە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە ئالۆگۆڕی ئەزموونی چالاکی شانۆیی لەنێوان شارەکان هەبوو، بە تایبەتی هەولێر و سلێمانی، هونەرمەند جەلیل زەنگنە چەندین شانۆیی هێنایە هەولێر، هەروەها وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، هەولێریش شانۆییەکانی خۆی دەبردە سلێمانی، سەرەڕای ئەو ئازادییە، بە تایبەتی پاش پاشگەز بوونەوەی ڕژێمی سەدام لە بەندەکانی ١١ی ئادار، کە دەبوایە کەرکووکیش لەگەڵ ئۆتۆنۆمی بێ، جۆرە سانسۆرێک پەیدا بوو، ئەویش پیاوانی ڕژێم و ئەمنەکان بە وردی چاودێری بزاڤی شانۆییان دەکرد و خۆیان لە هەموو نمایشەکان ئامادە دەبوون، یان پیاوەکانی خۆیان ڕادەسپارد، کە زۆر لە زۆڵە کوردەکان بوون، زۆرجار هونەرمەندان بە تایبەتی دەرهێنەرەکان، یان دەرگای هۆڵیان بەسەردا دادەخستن، یان بانگی دائیرەی ئەمنیان دەکردن بۆ لێپێچینەوە، لە ساڵی ١٩٧٨ کە ئەوکات سەرۆکی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لقی هەولێر بووم، شانۆگەری (قەل و ڕووتە)مان پێشکەش کرد، بۆ ماوەی (٥) ڕۆژ دوو کەس هاتنە لام گوتیان چۆن دەبێ بوار بدەیت ئەم شانۆگەرییە نمایش بکرێ، تۆ بەرپرسیاری! نازانی ئەوە باسی چ دەکا، گوتم شانۆگەرییەکی ئاساییە تانە و تەشەر لە هیچ لایەنێک نادات، گوتیان تۆ چاک دەزانی، بەڵام خۆت وا نیشان نادەیت، هەردووکیان کوردیش بوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە هیچ کاردانەوەیەکی نەرێنی نەبوو، بە پێچەوانەوە هونەرمەندان زیاتر موکوڕ بوون لەسەر کاری شانۆیی خۆیان کە شتی پوخت و بەپێز پێشکەش بکەن. خۆیان بەرانبەر مەیللەتەکەیان بە بەرپرسیار دەزانی کە داگیرکەر ئەگەر لە دەستی بێ، بوار نادا کورد پڕە سینگی خۆی هەناسە بداو هەوا هەڵمژێ، خۆیان بە پێشمەرگە دەزانی و شانۆیان بەپرس و قەزیبەک دەزانی. لەپاش ڕاپەڕین و ئەو ئازادییە بێ سنوورە، بەداخەوە بزاڤی شانۆیی ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو سستی دەچوو، هونەرمەندانی کورد لایان وایە ئیتر تەواو کورد بە مافی خۆی گەیشت و بزاڤی شانۆییش بۆ ڕزگاربوونی کورد بووە. لە نەوەدەکان هیچ کارێکی شانۆیی ئەوتۆ نییە کە ئێستا جێگای باس و لێکۆڵینەوە بێ، ئەگەرچی بەڕێوەبەرایەتی شانۆکان جارێکی دیکە دامەزرانەوە، سینەما و شانۆ لێک جیا کرانەوە، دەبوایە شانۆ چالاک بوایە، ئەم ڕەوشە بەردەوام بوو تا ساڵی ٢٠٠٣ و ئازادبوونی عیراق لەژێر چەپۆکی دیکتاتۆریەتی بەعس و سەدام حسێن، لەو کاتەوە هەتا ئێستا ئەگەر بێو سەیری ئەو کارە شانۆییانەی ئەم دە ساڵە بکەین، سەبارەت بە هەولێر ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی لێ دەرکەین، تیپەکان چالاکییەکی شانۆیی ئەوتۆیان نییە، مامۆستا و ڕێبەرەکان لێی پاڵ کەوتوونە و دار لەسەر بەرد دانانێن، ئەگەر کاریشیان کردبێ چەند کارێکی شەرمنانەو نایەتە باس کردن. بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ بە کەس و بەڕێوەبەرەکەی دەگۆڕێ، بەڕێوەبەر هەبووە بۆ ماوەی ساڵێک داری لەسەر بەرد دانەناوە، کەچی ئەو هەموو هونەرمەند و ئەکتەرە چاکە لەوێنە، هونەرمەند هیوا سوعاد دووجار بەڕێوەبەری ئەم شوێنە بووە، جارێکیان لە ساڵی ١٩٩٩ دەست بەکاربوو بۆ سێ چوار ساڵ، پاشان گۆڕا، ئەم جارەشیان ئەوە چەند ساڵێکە هەمدیس گەڕاوەتەوە ئەم شوێنە، ئەلحەق لە کاتی هاتنی ئەو، چالاکی شانۆیی و وەرزی شانۆیی بەردەوامە، دوو فیستیڤاڵی منداڵانی ساز کردووە، دوو فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی لە ٢٠١١/٩/١٨ و ٢٠١٢/٩/١٨ ساز کردووە، کە چەندین تیپی نێو دەوڵەتی بەشداریان تێیاندا کردووە، ئەگەرچی ئەو تیپانە جێگای سەرنج و موناقەشەن، لەم دوو فیستیڤاڵەدا من تەنیا (دایکە ئازاکەی بریخت)م پێ پرۆفیشینالّ بوو لە ڕووی دیکۆر و نواندن و دەق و هەموو کارە هونەرییەکان، ئەوانی دیکە زۆر خاکەرایی بوون، دەتوانم بڵێم زۆریش ئاسایی بوون و جێی سەرنج نەبوون، هەرچەندە تۆ تیپێک بانگهێشت

دەکەیت ئەم تیپە زۆر بەناوبانگە، کەچی کارێکی ئاسایی پێشکەش دەکا، سەرنجێکی بنەڕەتی لەم فیستیڤالانەدا هەیە ئەویش، تیپە شانۆییەکانی کوردستان ئەو ئامادەییەیان لەم فیستیڤالانەدا نییە، لەم دوو فیستیڤالەدا هەرچەندە ئەوەی دوایی بەپێی ئەوەی لێرە نەبووم و هەموویم نەبینیوە، بەڵام وەک بیستوومە نمایشەکان ئەو ئاستەیان نەبووە، هەروەها تیپەکانی خۆمان دەبوایە بەشداریییەکی بەرچاویان هەبێ و هەموو کەسایەتییە شانۆییەکان تێیدا بەشدار بن، ئەوە لەلایەک، لەلایەکی دی بۆ هاندانی تیپەکان دەبوایە چاکترین کاری شانۆیی تیپەکان ئەگەر هەبێ، ببرێتە دەرەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش شارەزای ئەزموونی شانۆیی ئێمە بن، لەبەرچی تیپە مۆسیقییەکان ناوە ناوە بانگهێشت دەکرێن، دەبا دەرفەتێکیش بۆ تیپە شانۆییەکان هەبێ، ڕاستە تیپەکان ئێستا خامۆشن و کار ناکەن، بەڵام ئەوانیش قسەی خۆیان هەیە، ئەم سەردەمە، سەردەمی حەفتاکان و هەشتاکان نییە، ژیان زەحمەت بووە، کەس بە ڕوحیەتی جاران بەشداری لە شانۆگەری ناکات، چونکە ئێستا پارە و بودجەیەکی یەکجار زۆر هەیە، کەس وەک جاری جاران بە دەرویشی و نانە ڕەقە کار ناکات، ئەکتەرێک دوو مانگ پرۆڤە دەکا، پاداشتەکەی بڕوا ناکەم لە (٥٠٠) هەزار دینار تێپەڕ بکا، ئەم پارەیە بداتە هاتوچوون، خواردن، یان چەندین کێشەی دیکە سەبارەت بە بینەر، تەماشا دەکەی ئامادەیی بینەر لە هەموو شانۆگەرییەک وەک یەک نییە، شانۆگەری پێشکەش کراوە (٥٠) کەس ئامادە بووە، شانۆگەرییەکی دی زیاتر لە هەزار کەس ئامادە بووە، واتە لەسەر جۆری ئەم شانۆگەرییە وەستاوە، دەرهێنان و ناورۆک و ئەکتەر ڕۆڵ لە هاتنی بینەر دەبینن، بۆیە دەرهێنەر کە نیازی هەیە شانۆگەرییەک پێشکەش بکات، پێویستە خواستی بینەر لەبەر چاو بگرێ و بزانێ چی گەرەکە، کۆمیدی، تراژیدی، یان تراژیکۆمیدی، کە دەڵێن کۆمیدی، مەبەستمان کۆمیدی پەیامدارە نەک فشەوگاڵتە و نوکتە گێڕانەوە، بەڵام لە کۆتاییدا پێویستە بەدواداچوونێکی جددی هەبێ بۆ ئەوەی کە چۆن بزاڤی شانۆیی وەک جاری جاران چالاک بکەین. ئێستا تەنانەت بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ ماوەیەک دەوەستێ تا بودجە پەسەند دەکرێ، ئەوە لەلایەک، لەلایەکی دی پێویستە هۆڵەکان بەردەوام لەسەر پشت بن، نەک بە بۆنەکان دەرگایان بکرێتەوە، ئەوەی من ئاگادارم ئەوە ماوەیەکە پرۆژەی شانۆیی هەیە بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ڕۆژی جیهانیی شانۆ، ئایا شانۆ تەنیا بۆ ئەم ڕۆژەیە، یان بۆ بۆنەی ڕزگارکردنی هەولێرە لە ١١ی ئادار، یان تەنیا بۆ فیستیڤالە؟ پێویستە بزاڤی شانۆیی بەردەوام بێ، لام وایە ئەم ڕەوشە هەروا دەبێ تاکو ئەم سیستمە بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێ، چونکە چەندین کۆنفراس و دانیشتن و کۆبوونەوە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک کراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە تەنگژە، یان کێشەکانی شانۆ و بڕیارەکان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە و خراونەتە بەردەم بەرپرس و لایەنی پێوەندیدار، بەڵام بەداخەوە هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی نەبووە، پێویستە بەجددی بیر لەم تەنگژەیە بکرێتەوە، یەکێک لەو چارەسەرییانە، کەرتی تایبەتی بێتە ناو بوارەکە و کاری پرۆفیشینالْ بە پارە و بلیت پێشکەش بکرێ، واتە ئەم کارە ببێتە پیشەمەندی، هونەرمەند خۆی پشکی لە مایە و قازانج هەبێ، کە چۆن تیپی ڕەنگاڵە لە سلێمانی ئەو ئەزموونەیان تاقی کردەوە و سەرکەوتنیان بەدەست هێنا بەڕیری و زیرەکی کارەکەیان کرد، پێویستە ئاوا شانۆکاران بیر لەو تاقە ڕێگایە بکەنەوە، ئەگینا کەس نازانێ دواڕۆژی شانۆ چییە و بەرەو کوێ دەڕوات.

خۆشەویستێکی ترسناک و دەقێکی نیگەران

هاشم سەڕاج

«خۆشەویستێکی ترسناک» ڕۆمانێکی نووسەری ژاپۆنی «هاروکی مۆراکامی»یە، «ئەردەلان عەبدوڵڵا» لە ئەڵمانییەوە کردوویەتی بە کوردی، بەر لەوەی لە چەند ڕەهەندێکی ڕۆمانەکە بدوێم، سەرەتا هەوڵ دەدەم، لە پێشەکییەکەی وەرگێڕی کوردییەوە هەندێک داتا و زانیاری لە بارەی ژیانی نووسەر بخەمە ڕوو.

هاروکی مۆراکامی ساڵی ١٩٤٩ لە شاری کیۆتۆ لە دایک بووە، لە دەورانی منداڵییەوە حەزی لە موزیکی جازی ئەمریکی بووە، لەنێوان ساڵانی ١٩٧٤ هەتا ١٩٨٢ خاوەن «بار» بووە، زۆرجار لە بارەکەیدا موزیکی جاز ژەنراوە، هەڵبەتە ئەم کەشوهەوایەش دواتر لەم ڕۆمانەدا ڕەنگ دەداتەوە.

وەرگێڕی کوردی سەبارەت بەم ڕۆمانە دەڵێت: ساڵی ١٩٩٢ لە ژاپۆن چاپ کراوە و ساڵی ١٩٩٨ لەنیویۆرک کراوە بە ئینگلیزی و ساڵی ٢٠٠٠ کراوە بە ئەڵمانی. هاوکات جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە «ئەم ڕۆمانە گەشتێکی ژیانی کەسێکە کە خۆشەویستی و نۆستالۆژیا، تووشی کێشەی گەورەی دەکات». هەروەها دەڵێت: «لەم ڕۆمانەدا موزیک، پانتاییەکی باشی داگیر کردووە، شارەزاییەکی باشی لە بارەی موزیک و موزیکژەنانی جیهانەوە تێدایە خاڵێکی گرینگی تر لەم ڕۆمانەدا، پرسی خۆشەویستی و ئێرۆتیکە...» مارسیل ڕایش ڕانیسکی دەڵێت «ئەم ڕۆمانە بەرزترین لووتکەی ئێرۆتیکە» لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدەم لە گێڕانەوەکانی «هاجیما»ی پاڵەوانی ڕۆمانەکە بەدوای خودی ئەو نیگەرانییەدا بگەڕێم کە بەشێوەی تەزوویەکی کارەبایی لە بنیادی گشتی دەقدا دەگەڕێت و دواتر تێکەڵ بە هزر و زەین و بیرکردنەوەی خوێنەر- وەرگر- دەبێت، نیگەرانییەکی سپییە لە «عیشق و پۆرنۆ»وە سەرچاوە دەگرێت، دواتر لە ژیان و پێوەندییەکی ئاساییدا دەگیرسێتەوە، چونکە دەق لە دەسپێکی نووسینەوە بەهێزێکی سێکسی «لیبیدۆ - Libido»ی حەز و ویست و ئارەزوو و دنیابینی

و حاڵەتە نائەقڵانییەکانی دەخاتە ڕوو، نووسین وێڕای درکاندنی بابەتە ئێرۆتیکییەکان، بەشێوەیەکی لاوەکیش کاری لەسەر مەینەتی جەنگ و کێشەی چۆنیەتی ژیانی کچ و کوڕە تاقانەکانی خانەوادەی ژاپۆنی کردووە، [لەبەختی خۆمدا، من یەکێک لەو خێزانە دەگمەنانە بووم، کە تەنیا یەک منداڵیان هەبوو،.. من زۆر قێزم لە وشەی «منداڵی تاقانە» دەبووەوە، کاتێک گوێم لەم وشەیە دەبوو، یەکسەر وام هەست دەکرد، کە من نوقسانم...] بەڵام هاجیمای کوڕە تاقانە و پاڵەوانی ڕۆمانەکە لە دەورانی منداڵییەوە، یان ڕاستتر لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە هۆگری شیمامۆتۆی کچە تاقانە دەبێت و وەک دوو قوتابی قۆناغی سەرەتایی بەیەکەوە هاتوچۆ دەکەن و هاجیما لە ماڵی شیمامۆتۆ گوێ بۆ موزیک هەڵدەخات، دوای ئەوەی دەکەونە دوو قوتابخانەی جیاوازەوە لێکدی دادەبڕێن. ئەمە وەک سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی ئەڤینێکی ترسناک، هەڵبەتە شیمامۆتۆ تۆزێک دەشەلێت، یان ڕاستتر قاچی چەپی کەمێک بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا، لەلایەکی دیکەوە دەکرێت بڵێم، ڕەنگە گێرانەوەکانی هاجیما تاڕادەیەکی زۆر بکەوێتە خانەی «بیۆگرافیا»وە، چونکە لە ڕووداوەکانی یەکە یەکەی قۆناغی ژیانی دەدوێ، دەورانی منداڵی، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و زانکۆ و کارکردنی لە چاپخانەیەک و دواتر چۆن دەبێتە خاوەن دوو مەیخانەی مۆدێرن و لە باڕەکانیدا هەم کتێب دەخوێنێتەوە هەم موزیکی ناوازە دەژەنرێت و کۆکتێلی دەگمەن ئامادە دەکرێت، هەڵبەتە هاجیما خۆی سەرپەرشتی سەرجەم کار و چالاکییەکانی باڕەکانی دەکات و ساڵانە دیکۆری ناوەوەیان دەگۆڕێت و تێیدا خواردنی نوێ و کۆکتێلی ناوازە پێشکەش بە موشتەرییەکان دەکرێت، هەڵبەتە دەوڵەمەند بوونی هاجیما دوای ناسینی یوکیکۆ دێت کە بەڕێکەوت لە ڕۆژێکی باراناویدا لەژێر کەپری دوکانێک یەکتر دەناسن و دواتر هاوسەرگیری دەکەن و باوکی یوکیکۆ بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیایەکی نیمچە گەورەی بەڵێندەری بوو، بەڵام هیچ کاتێک قوتابخانەی نەبینیبوو، دەق بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕاستەوخۆ لە چرکە و پێوەندییە سێکسییەکانی هاجیما دەدوێت، کەم جار لەم پێوەندییانەدا سێکس ئاوێزانی عیشق دەبێت، هاجیما، لە ناخڕا لەگەڵ عیشقی شیمامۆتۆ سەندا دەژیت و هەمیشە نوقمی نۆستالیژیا و دەورانی چرکەکانی منداڵییە، بەڵام دواتر دەردەکەوێت کە «شیمامۆتۆ سەن»یش ئافرەتێکی هۆشمەند و سەیرە، وێڕای چرکە تراژیدییەکانی وەک ئافرەتێکی ژیاندۆست خۆی دەردەرخات و بەشێوەیەکی سەیر چێژ لە کردەی سێکسی وەردەگرێت، بەڵام هاجیما بەر لە هاوسەرگیرییەکەی لەگەڵ یوکیکۆ لەگەڵ چەندین ئافرەت سێکس دەکات، بە تایبەتی لەگەڵ ئیتسۆمی و پۆرزاکەی ئیتسۆمی.. لەگەڵ ئیتسۆمیدا زۆرجار کردەی سێکس لە ئێرۆتیک تێدەپەڕێت و دەگاتە حاڵەتەکانی پۆرنۆ، ئەوان بە ڕووت و قووتی سیکس دەکەن و ئیتسۆمی شاوەتی چووکی هاجیما هەڵدەمژێت، لەکۆبیدا هەمان حاڵەتی پۆرنۆ لەگەڵ شیمامۆتۆ سەن ئەنجام دەدات، بەڵام لە کردەی سێکسییەکەی لەگەڵ شیمامۆتۆ سەندا، دەکرێت بیڵێم تێیدا عیشق و مەرگ ئاوێتەی یەکدی دەبن، چونکە هاجیما بە ڕادەی پەرستن شیمامۆتۆی خۆشدەویت، ئەو دەمانەی هاموشۆی باڕەکەی دەکات و کۆکتێلێک دەخواتەوە، هاجیما چێژ لە زەردەخەنەکانی وەردەگرێت، شیمامۆتۆ سەن لە شەبەنگێکی سپی دەکات، جار جارە دەردەکەوێت و هەندێک جاریش بە تەواوی ون دەبێت، بەڵام دوای ئەوەی گەشت دەکەن بۆ ناوچەی ئیشیکاوا و لەوێ لە ڕۆخ ڕووبارەکە شیمامۆتۆ سەن خۆڵەمێشی منداڵە مردووەکەی پرشی ڕووبارەکە دەکات هەتا لەگەڵ دەربا تێکەڵ بێت، ئەم دیمەنە و قیرەقیرێ قەڵەڕەشەکانی ناوچەی ئیشیکاوا، کۆمەڵێک نیشانەن و دەلالەت لە تراژیدیا و مەینەتێکی شاراوە دەکەن، کە هەمیشە لەژێر خودی بوونداپەردەپۆش کراون، بە تایبەتی دوای گەشتەکەی هاجیما لەگەڵ شیمامۆتۆ سەن بۆ ماڵە هاوینییەکەی هاجیما لە هاکۆنە، لەوێ دواین شەوی سووڕی سێکسی ئەنجام دەدرێت، شیمامۆتۆ و هاجیما لە سروونێکی سێکسی پۆرنۆئامێزدا دەگەنە دواین چرکەکانی ئۆرگازم، لەوێوە ئەمە دواین دەرکەوتنی شیمامۆتۆ سەنە و ئیتر دیار نامێنێت، ڕەنگە کردەی خۆکوژی

ئەنجـــام دابێت، چونکە زۆربەی کـەسـایەتیـیـەکـانی ڕۆمـانی «خـۆشـەویسـتـێکی ترسناک»ی هاوڕێکی مـــۆزاکـــامی چەشنی کـــارەکـــتـــەری ڕۆمـــانەکـــانی دەسـتـۆیڤسکی مـرۆڤی شەکـەت و شکسـتـخـواردوو و پەراوێز خـراو و کـەم ئەندامن، ئیـتـسـۆمی دوای دوورکەوتنەوەی لە هاجیما شـێوەی بەشـــێـــوەیەک دەگـــۆڕێت منداڵی بچـووک لە ڕوخـســاری دەترسن، شیمامۆتۆ سەن قاچی چەپی بەدوای خـۆیدا ڕادەکـێـشـێت، ئەو کـچـەی کـۆلێژی دەرمـانسـازی کە هاجیـمـا دەیویست بیـخـوازێت، لە کـاتی ڕۆیشـتندا قـاچی ڕاسـتی کـەمـێک بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا، یوکیکۆی هاوسـەری هاجـیـــمـــا بەر لەوەی هاوسـەرگـیـری بکات یەکێکی تری خۆش دەویست، کاتێک کوڕە وازی لێ هێنا، یوکیکۆ مـشـتـێک حـەبی قووت دا و هەوڵی خۆکوشتنی دا، لە ڕوویـەکـی دیـکـەوە دەق وێـڕای بەکاربردنی گێڕانەوەکانی هاجیـمـا، کـــۆمـــەڵێک تەکنیککگەلی تری پراکـتـیـزە کـردووە، لەوانە، دایەلۆگ کە زۆرجار لە ڕێگەی پرسیارێکەوە بوونی خـۆی دەسـەپێنێت، هەروەها، نۆسـتـالێژیا و گـەڕاندنەوەی دێمەن و ڕووداوەکـانی دەورانی قـۆناغـەکـانی ژیان لە ڕێگەی «فـلاش باک»ـەوە، لە هەمـــان کـــاتدا وەســفـگـەرایی و زمـانی شیـعری و گـرتـەی سینەمـایی، بایەخـدان بە جـۆرەکـانی مـوزیک، لەوانە مـوزیکی کـلاسیکی و جـاز و ڕۆک و ئامـاژەدان بە فـیـلمگـەلێکی سینەمایی، ئەو چرکەیەی کە هاجیما لە بازاڕەکەدا بەدوای شیمامۆتۆ سەن دەکـەوێت و دوای سی سـاڵ دابڕانی لەو ئافرەتە کە نازانێ ئەمە خۆیەتی، یان جوانترین گرتەی سینەمایی تێدا ئەنجـــام دەدرێت بە تـایـبـــەتی لە قـــاوەخـــانەکـــە، یان ئەو دەمـــەی کـابرایەکی نەناس ڕایدەکـێـشـێت و هـەنـدێـک پـارەی پـێ دەدات تـا واز لەو ئـافـــرەتە بـێـنـێت، دەق لە زۆر شوێندا کۆمەڵێک سیمبول بۆ خوێنەر جێ دەهێـڵـێت، هەتا بەپێی بۆچوون و لێکدانەوەی خـۆی بەشـداری لە زەمـاوەندی نووسین بکات و چرکـە نەگـوتـراوەکـان بدوێنێت و شـیـیـان بکاتەوە، بەڵام ئەم تێکسـتـــە لە بنەڕەتدا دەقـــێکی شـــڵـــەژاو و نیگەرانە، هەمیشە لەنێوان عیشق و ســـــێـــکس و تـرس و بوێـریدا دەخـولێـتـــەوە، واتە بنیـادێکی گـومـانئـامـێـز یاری بەسـەرجـەم ڕووداوەکـان دەکـات، گـومـانێک لەنێـوان عـیـشق و پۆرنۆدا کـایە ئاڵۆزکاوەکانی ئەنجام دەدا، هاجیما لە ناخـڕا مـرۆڤـێکی خـۆپارێز و دەسـپـاک و ژیان دۆسـتـە بڕوای بە پارەی ڕەش نییە، خەزووڕەکەی وەک کـابرایەکی دەسـەڵاتدار چەندین جار هەوڵی لەگەڵ دەدات کۆمـپـانیایەکی ســـێـــبـــەر و وەهمی بەناوی ئەو دامـەزرێنێت کـەچی هاجـیـمـا ڕەتی دەکاتەوە لە هەمان کـاتدا ئەوەندە بە جوانی بارەکانی خۆی بەڕێوە دەبات، بەردەوام گـۆڕانکارییـان تێدا ئەنجـام دەدات، دەکرێت بڵێم مـەیخانەکانی هاجیما لە ڕووی دیکۆر و مۆسیقا و کۆکـتـێل و هاموشۆی خەڵکانێکەوە لە تێکسـتـێک دەچێت و دەکـرێت تـوێژینەوەیەکی ئێسـتـێـتـیکی لەسـەر پێـشـکەش بکرێت، هەتا لەوێ لە بارەکانی هاجیمادا- هۆمۆ- کانیش بەخـتـەوەرن و دێن و کـۆکـتـێلی جۆراوجۆر دەنۆشن و بارمانە گەنجەکە خـواردن و خـواردنەوەیان پێـشـکەش دەکـات، بەڵام هاجـیـمـا لە هەمـان کـاتدا مـرۆڤـێکی نیگەرانە، ئەو وێڕای ســـۆز و هۆگـــری بۆ هەردوو کـچـەکـەی و یوکیکۆی هاوسـەری، کچەکانی دەباتە باخچەی ساوایان و جـۆرەها شـتـومـەکـیـان بۆ دەکـڕێت، کـەچی لە ناخـڕا هەمـیـشـە لە چاوەڕوانی دەرکەوتنی شـیـمـامـۆتۆ سـەندایە، کـەی دێت و سـەردانی بارەکەی دەکات و بەیەکەوە دەخۆنەوە و لە یادەوەریـیـەکـانی سـەردەمی منداڵی و مـوزیک دەدوێن، هاجیـما هاوکات کە سەیری گۆڕسـتـانەکەی بەرانبەری ماڵەکەی دەکات جار جارە هەسـتـێکی نیـهـیلستی دایدەگـرێت، بەڵام هەمـان بۆیری «شـیـمـامـۆتۆ ســـەن»ی تێـــدا بەدی ناکـــرێت، شیمامۆتۆ سەن، ئەگەرچی قاچێکی تۆزێک دەشـەلی، بەڵام هەمـیـشـە کـتـێـبی جـۆراوجـۆر دەخـوێندەوە و باکگراوندێکی دەوڵەمەندی موزیکی هەیە و لە ڕێگەی قـــەوانەکـــانی باوکـیـیـەوە ئاشنای مـوزیک بووە، لە دوازدە سـاڵـیـیـەوە هاجیـمـای خـۆش دەویست و حـەزی دەکـرد بەیەکـەوە سێکس بکەن، ئەوەتا لە سروودێکی پۆرنۆگـرافـیـدا سـەرجـەم حـەز و ئارەزووەکانی هەڵدەڕێژێت و دواتر تا هەتایە دیار نامـێنێ، بەڵام هاجیـمـا بە پێـچـەوانەوە دەگـەڕێتـەوە ژیانی ئاسـایی خـۆی و لەگـەڵ یوکـیـکۆی هاوسـەری و دوو کـچـە چکۆلەکـەی بەردەوامی بە ژیانی خـانەوادەیی دا، کـــەچی هاجـــیـــمـــا لە دەورانی

هەرزەکارییەوە شەیدای بۆنی عەتری لەشی شیمامۆتۆ سەن بوو، عەترێک موگناتیس ئاسا بۆ لای خۆی کێشی دەکرد، سەرەتا هاجیما چەشنی مرۆڤێکی بوونگەرا تەنیا بیری لەچرکە هەنوکەییەکان دەکردەوە و بڕوای بە داهاتوویەک نەبوو کە لە چرکەکانی ئێستادا بوونی نییە، چوار ساڵی خوێندنی زانکۆشی بەهەدەرچوونی زەمەن لە قەڵەم دەدا، هەروەها ئەو چەند ساڵەی کارکردنیشی لەو چاپخانەیەی کە کتێبی قوتابخانەکانی چاپ دەکرد، هاوکات هاجیما چەشنی شیمامۆتۆ، هەڵوەدای موزیک و کتێب خوێندنەوە بوو، بەڵام زۆرتر ڕۆمانەکانی سەدەی نۆزدەی دەخوێندەوە و لە بارەی ڕۆمانە نوێکانەوە زانیارییەکی ئەوتۆی نەبوو، لە هەمان کاتدا کۆکتێلی بەتامی دروست دەکرد، پێیوابوو، کۆکتێلی تایبەت پێویستی بە بەهرە و شارەزایی هەیە، ئەم یاسایە، پیانیست و وێنەکێش و هەموو کارەکانی تر دەگرێتەوە. هاجیما لە سەرەتاوە بەشێوەیەک ئالوودەی عیشقی شیمامۆتۆ ببوو، شەوان کە لەگەڵ یوکیکۆی هاوسەری دەخەوت، چاوەکانی دادەخست وای هەست دەکرد شیمامۆتۆی لە ئامێزە، دەتوانم بڵێم، هاجیما لە دەسپێکی ڕۆمانەکەوە چەشنی دەقەکە، مرۆڤێکی ڕاڕا و نیگەرانە و حەز دەکا لەنێو ڕوحی شیمامۆتۆ سەندا تەفروتونا بێت، نەک بگەڕێتەوە ژیانی هاوسەرگیرییە ئاسایی و تەقلیدییەکەی خۆی، بەڵام زۆرتر مەحەببەتی بۆ دوو کێژۆڵە چکۆلەکانی وای لێ دەکات ئەم بڕیارە نەدات و پاشگەز بێتەوە و جار جارەش ئاوڕ لە قەبرستانەکەی ئاویاما دەداتەوە و خەمۆکییەکی قووڵ دایدەگرێت، بڕوایەکی تەواویشی بەم گوفتارە میتافیزیکییە هەیە کە لە زۆربەی کتێبە ئایینیەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە. واتە ژیانێکی زۆر، مردنێکی زۆر، بەڵام ئەوەی کە لە کۆتاییدا بە تەنیا دەمێنێتەوە، بیابانە. هەروەها دەقی خۆشەویستێکی ترسناک بۆچوونێکی گرنگ لە بارەی هونەر دەدرکێنێت و دەڵێت: [دالّی سەرکەچەڵ لەسەر هونەر دەژی، بەڵام دالّی ئاسایی لەسەر لاشەی گیانداران. پیاو ناتوانێت هەروا بە ئاسانی لەیەکتریان جیا بکاتەوە] ئیتر من لێرەدا کۆتایی بەم خوێندنەوەیە دەهێنم، ڕەنگە خوێنەرێکی تر بێ و بەشێوە و شێوازێکی جیاواز کار لەسەر ئەم دەقە ناوازەیە بکات و کۆمەڵێک دەلالەتی تری لێ هەڵێنجێنێت، چونکە ڕۆمانی خۆشەویستێکی ترسناک دەقێکە شیاوی چەندین ڕاڤە و خوێندنەوە و لێکدانەوەی جیاجیایە، بە تایبەتی لە ڕووی عیشق و ئێرۆتیک و تراژیدیا و زەمەن و نۆستالیژیاوە، یان چەمکی خەیاڵی سێکسی کە هاجیما ئەوکاتانەی بە خەیاڵی شیمامۆتۆ سەن سێکسی لەگەڵ یوکیکۆی هاوسەری دەکرد، بۆیە دەتوانم بڵێم دەقی خۆشەویستێکی ترسناک کە ئاماژەیە بۆ کەسایەتی شیمامۆتۆ سەن، هەڵگری کۆمەڵێک نیشانەی زمانییە و لە ڕێگەی دەلالەتی تەقسەکانی پۆرنۆ و تراژیدیا شاراوەکانەوە گوزارە لە چرکەکانی چێژ و خۆشی و جوانی و مەینەتە نادیارەکانی بوون دەکەن، بوونێک چەشنی دەقی ڕۆمانەکە لێوان لێوە لە عیشق و جوانی و چێژ و مەینەت و دڵەڕاوکێی سپی!

سەرچاوە:

ناوی کتێب: خۆشەویستێکی ترسناک

نووسینی: هاروکی مۆراکامی

بابەت: ڕۆمان

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٢ کوردستان - سلێمانی.

چێژ وەرگرتن لە سەفەری فیکر، بۆ سەرەتای شیعر
«(حركة الحداثة في الشعر الكردي)ی وەک موسافیرێکی ئەو سەفەرە»

بڵند باجەلان

(ئەبیکۆر): چێژی ڕاستەقینە ئەو چێــژەیە کــە بۆ مــودەتێکی زۆر بەردەوام دەبێت.

(حـرکـة الحـداثة في الشـعـر الكردي)ی کـتـێـبـێکی تازەی (د.سـەروەر عـەبدوڵڵا)یە کـە لـێـکـۆڵـیـنـەوەیـە لـە ڕەوتـی تازەکردنەوەی شیعری کوردی. ئەو لێکۆڵینەوەیە ڕووبەڕووی ڕەوتێکی ناتەقلیـدی و فـەزایەکی کـراوەی شـیـعـری و هەناسـەیەکی درێژی بڕیاردانمان دەکـاتەوە، چونکە ئیش لەسـەر عـاتیـفـە نەکراوە، ئیشکردن لەسـەر عـاتیـفـە لە جـەوهەردا دوورکەوتنەوەیە لە شوناس:

(مەبەست لە عاتیفەیەکی خاڵییە لە عـەقـڵانیـیـەت، چونکە بەگشتی پێم وایە عـاتیفە بەشێکی دانەبڕاوە لە عەقڵ).

ئەو لێکۆڵینەوەیە دانانی خاڵێکە لە کۆتایی ئەو ڕستـەیەی کـە دەکرێ لە وشـەیەکـدا کـورتی بکەینەوە، ئەویش وشەی (دانپیانانە).

ئەوەی گـــرنگە بۆ لێکۆڵەرەوە هەڵسـەنگاندنی بابەت نیـیـە بەو جۆرەی خۆی دەیبینێ، بەڵکو بینینی بابەتەکـەیە بەو جـۆرەی هەیە، ئەو کـردارەش کـاملّ نابێت تا بە چاوی وشـەی نێـو دەقـەکـان، سـەیری دەقەکان خۆیان نەکەین.

ئەوەی دەبێتە سەنتەر وشەگەلی نێـو تێکسـتـە، دواجـار یەکگرتنی وشەکان ڕستەگەلی لێدەکەوێتەوە:

(هەڵبـەت مـامـەڵەی لێکۆڵەرەوە لەگەڵ وشە و ڕستە، دوو مـامـەڵەی جیاوازە).

دەرەنجامی یەکگرتنی ڕستەکان، هاتنە کـایەی تێکسـتـە بە ژانرە جـیـاوازەکـانیـیـەوە، هەمـوو تێکسـتـێـک ڕووبەڕووی چەند ڕێگایەکی بێ کۆتایی دەبێتەوە، لە دیـارتـریـنـی ئـەو ڕێـگـایـانـەش لێکۆڵینەوەیە وەک ڕێگایەک بۆ گـــەڕانـەوە بـۆ ناخ و دڵـی دەق: (لێـرەدا لێکۆڵینەوەمـان بە ڕێگا چـووانـد، ئـەگـــیـنـا خـــودی لێکۆڵینەوەش تێکستە).

بەگـشـتـی (حـرکـة الحـداثة في الشـعـر الكردي)ی قـسـەکـردن و لێکۆڵینەوەیە بە زمـانی عـەرەبی لە بارەی کۆمەڵێک دەقی شیعرییەوە کـە بە زمـانی کـوردی نووسـراون، ئەمەش دووبارە وێناکردنەوەی زمان و جیـاکردنەوەی وەزیفەی زمـانە لە وەزیفـە تەقلیـدییـەکـە، هاوکـات جیـهـانبـینیـیـەکی فـراوانیـشـە بەو

مانایەی ڕۆشنبیرە عەرەبەکانیش دەتوانن لە ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی ئاگاداربن، ئەو ئاگادارییەش چەند سوودێکی هەیە کە دەکرێ لەو دەربڕینانەی خوارەوە کورتیان بکەینەوە:

١- بەرێەککەوتنی زیاتری دەقەکان.

٢- کۆنتاکت.

٣- کوورتکردنەوەی ڕێگا بە ئامانجی گەیشتن بە ڕێگایەکی فراوان.

ئەو کتێبە پێمان دەڵێ:

دەشێ لەنێوان (زمانی دەق) و ئەو زمانەی قسە لەسەر زمانی دەق دەکا، جۆرێک لە بەرێەککەوتنی زمانەوانی هەبێت لە فەزا گەورەکەی زماندا.

دواجار ئەو فەزا گەورەیەی زمان لە پاڵ فەزای مانا و جوانی و چەند فەزای تردا، دەبێتە پاشکۆی شتێکی گرنگتر کە خودی ئەدەبە.

ئەو لێکۆڵینەوەیە گرنگی خۆی هەیە بۆ نووسەرێک کە بە زمانی کوردی شیعر دەنووسێ و لە ڕێگەی ئەو زمانەوە مەبەستە زمانەوانییەکانی خۆی ئاراستە کردووە.

ئەو نووسەرە وێنای گشتی خۆی و شیعرەکانی لە دووتوێی کتێبێکدا دەدۆزێتەوە کە بە زمانی عەرەبی نووسراوە و مەعریفەیەکی کوردی کە لە شیعردا چڕ بۆتەوە، بۆ فەزایەکی تری زمانەوانی گوێزراوەتەوە کە فەزای (زمانی دووەم)ـە، ئەگەر دەربڕینی (زمانی یەکەم) بۆ زمانی کوردی کە زمانی شیعرە نووسراوەکانە، دروست بێت.

(د. سەروەر عەبدوڵڵا) بە زمانی عەرەبی لە دووتوێی کتێبەکەیدا پۆلێنکارییەکی تازە بۆ شیعری کوردی دەکا، پۆلێنکارییەکی جیاواز لەو پۆلێنکارییانەی تر کە بۆ شیعری کوردی کراون.

واتە:

(گۆڕانی زمان ڕێگر نەبووە لە بەردەم نیشاندانی فۆرمێکی تری لێکۆڵینەوە و بڕیاردان)، ئەمە سەرەڕای دیاریکردنێکی وردی قۆناغەکان و هۆکار و پاڵنەرەکانی هەریەکە لەو قۆناغانە.

نووسین بەو زمانە جیاوازە (زمانی دووەم)، ڕێگر نەبووە لە بەردەم بینینی شاعیرە جیاوازەکان و شوێنە جیاوازەکان، واتە ئەم لێکۆڵینەوەیە قسەکردن نییە لەسەر بازنەیەکی تەسک و دیاریکراو، بەڵکو ئیش لەسەر خودی تێکست کراوە، جا ئەگەر لە هەر شوێنێکی کوردستاندا نووسرابێت.

من لێرەدا نامەوێ بە وردی قسە لەسەر ئەو قۆناغانە بکەم کە لە لێکۆڵینەوەکەدا هاتوون، هاوکات قسە لەسەر پاڵنەر و هۆکار و شێوازەکانیش ناکەم، ئەمانە هەمووی بۆ خوێنەر جێ دێڵم کە بە خوێندنەوەی کتێبەکە دەتوانێ بەشێک لە وەڵامەکانی دەست بکەوێ.

دەمەوێ لە دەرەوەی دەق قسە لەسەر دەق بکەم، ئێستا من تێکستەکەم خوێندۆتەوە (خوێندنەوە تەنیا مانای خوێندنەوەی وشەکان ناگەیەنێ)، بۆیە ئاساییە بێمە دەرەوەی و لە دەرەوەی دەقەکەوە قسە لەسەر هەمان دەق بکەم، دەقێک لە لەحزەیەکدا لە سەنتەرەکەیدا گیرساومەتەوە.

لە ڕوانگەیەکی فیکرییەوە قسە لەسەر ئەو تێکستە ئەدەبییە دەکەم،چونکە ئەو لێکۆڵینەوەیە ناڕاستەوخۆ و بەبێ ئاگایی نووسەرەکەی، هەوڵی بەخشینی وەزیفەیەکی تازە بە فیکر دەدات لە ئاست دەقی ئەدەبیدا، واتە هەندێ لەو پنتانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا هەن و لە دەرەوەش هەستیان پێدەکرێ، قابیلی ئەوەن لە ڕوانگەیەکی فیکرییەوە قسەیان لەسەر بکەین، من لێرەدا بە تەنیا باسی یەکێک لەو پنتە فیکرییانە دەکەم کە ئەویش (ئاکار)ـە:

ئاکاری دەق (ئاکاری شاعیران لە شیعر)دا و ئاکاری نووسەر (ئاکاری نووسەری کتێب لە بەرانبەر دەقەکان)، لە فەزایەکی ئاکاریی ئەدەبیدا (لێکۆڵینەوە)

قسەکردن لەسەر ئاکار دوو جۆر لە ئاکار دێنێتە پێشەوە:

١- ئاکاری کردەکی تایبەت.

٢- ئاکاری تیوریانە.

ئەو دوو جۆرەی ئاکار کە دوو جۆری ئاکارن لە ڕوانگەیەکی ڕووتی فیکرییەوە، دەبەستینەوە بە ئەدەبەوە کە مەبەست لە ئەدەب لێکۆڵینەوەکەی (د.سەروەر عەبدوڵڵا)یە.

دەرەنجامی ئەو بەیەک بەستنەوەیە، کەوتنەوەی دوو جۆری تری ئاکارە، قسەکردن لەسەر ئەو ئاکارانەش قسەکردنە لەسەر دەقی ئەدەبی، دوو جۆرەکەی ئاکاریش ئەمانەن:

١- ئاکاری (فیکری- ئەدەبی)ی لێکۆڵەرەوە لە بەرانبەر کۆمەڵێک دەقی شیعریدا.

٢- ئاکاری (فەیکری - شیعری)ی لێکۆڵەرەوە لە بەرانبەر کێشێیەک کە قسە لەسەر کۆمەڵێک تێکستی شیعری دەکا.

واتە:

ئێستا کە من قسە لەسەر ئاکاری (د.سەروەر عەبدوڵڵا) دەکەم، وەک ئەوە وایە قسەم لەسەر لێکۆڵینەوەکەی کردبێت، ئەگینا ئیشی منی ئەدیب نییە لە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبیدا قسە لەسەر ئاکاری مرۆڤێکی تر بکەم، مەگەر لە ڕەوتی دەقێکی وەک (ڕۆمان و چیرۆک و شانۆنامە و....تاد)دا نەک لە بازنەی (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی) و (خوێندنەوەی ئەدەبی)دا.

تا ئێستا پۆلێنبەندییەکی دیاریکراو بۆ (ئاکاری ئەدیب) نەکراوە، قسەکردن لەسەر ئاکاری ئەدیب هەمان ئەو قسەکردنەیە کە پێشتر لەسەر ئاکاری مرۆڤ بەگشتی کراوە، بەستنەوەی ئەدیب بە گشتاندنەوە، خنکاندنی ئەدیبە، ئەوەتا دەبینین هەندێک لەو پۆلێنبەندییانە لەسەر بنەمای سەردەمەکان بوونە:

١- سەردەمی کۆن.

٢- سەردەمی ناوەڕاست.

٣- سەردەمی نوێ.

٤- سەردەمی هاوچەرخ.

تەنانەت هەندێ لە بیرمەندان، ڕاستەوخۆ ئاکاریان بەستۆتەوە بە ڕێبازە فەلسەفییەکانەوە:

- ئاکاری بوونگەرایی
- ئاکاری مارکسیزم
- ئاکاری پراگماتیزم.

لێرەدا لە بەرانبەر دەقێکی ئەدەبیدا قسە لەسەر ئاکارێک ناکەم کە بۆ پۆلێنکردنی، پشت بە سەردەمەکان بەستراوە، ناشمەوێ نزیکی ئاکارێک بکەومەوە کە ڕووت ڕووت بە فەیکرە فەلسەفییەکانەوە بەستراوەتەوە، بە پێویستیشی نازانم ئەو دوو جۆرە تازەیەی ئاکاری ئەدەبی کە لە دیدی خۆمەوە خستمنە ڕوو زیاتر شی بکەمەوە، ئەمەش پێوەندی بە سادەیی ئەو ئاکارە ئەدەبییانەوە هەیە کە هەر لە یەکەم لەحزەوە هەست بە جیاوازی نێوان (ئاکاری ئەدیب) و (ئاکاری فەیلەسووف) دەکەین.

هەڵبەت دەکرێ لەنێو دەقی ئەدەبیشدا فەلسەفە وجوودی هەبێت،تێکستەکانی (کافکا) نموونەیەکن لەو بوارەدا کە هەڵگری فەلسەفەیەکی بەئەدەبی کراون، لە ڕۆژهەڵاتیش (سادقی هیدایەت) نموونەیەکی زەقەو ناکرێ نکوڵی لێ بکرێ.

لە ڕێگەی ئەو پۆلێنبەندییەی خوارەوە کە بۆ ئاکار کراوە، قسە لەسەر لێکۆڵینەوەکەمان دەکەم:

١- ئاکاری هەستەکی.

٢- ئاکاری سۆز.

٣- ئاکاری ژیری.

ئەم پۆلێنکردنە ڕێگاکەمان بۆ کورت دەکاتەوە و وامان لێدەکا باشتر دەستمان بە شتەکان ڕابگا، چونکە (د. سەروەر عەبدوڵڵا) لەو لێکۆڵینەوەیەدا هەستی کردووە دەبێت بە جۆرێکی تر لێکۆڵینەوە لەسەر شیعر بکا و سۆزی جووڵاوە بۆ شیعری کوردی و لە ڕوانگەی ئەو سۆزەشەوە کە سۆزێکە لە پنتی عەقڵانییەت خاڵی نییە، عەقڵی خۆی دەکاتە کەرستەیەک و بۆیرانە ڕووبەڕووی عەقڵەکانی تر دەبێتەوە کە بە جۆرێکی تر لە قۆناغەکانی شیعر گەیشتوون، ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەش ئاساییە و لە چوارچێوە سروشتییەکەی ئەدەب بەدەر نییە.

١- ئاکاری هەستەکی:

(ئەبیکۆر)ی فەیلەسووفی یۆنانی پێش زایین، نموونەیەکە دەکرێ وەک ڕەمزێکی دیار و ئاشکرای ئاکاری هەستەکی وەری بگرین و تێی ڕامێنین.

ئەو تێڕامانەمان لە (ئەبیکۆر)، تێڕامانە بەئاراستەی جیاواز لە چەند گۆشەنیگایەکی لێکۆڵینەوەکەی (د. سەروەر عەبدوڵڵا). سەرەڕای جیاوازییان، ئاراستەکان لە دووڕەوە سەلام لە یەکتری دەکەن و بە یەکتری ئاشنان.

سێ گۆشە نیگا دەخەینە ڕوو:

گۆشەنیگای یەکەم:

لای (ئەبیکۆر)، فەرد بەهۆی پاڵنەری غەریزەییەوەیە کە شوێنی چێژ دەکەوێت، یان بۆ پێویستی بایۆلۆژی خۆرسک.

لە لێکۆڵینەوەکەشماندا،فەرد کە ئەم جارە فەردێکی تایبەتمەندە بەوەی شیعر دەنووسێ و تایبەتمەندییەکەی لە وشەی (شاعیر)دا گیرساوەتەوە، شوێنی چێژ دەکەوێ.

ئەوەتا (گۆران) لە لێکۆڵینەوەکەدا کراوە بە سەرەتای تازەگەری لە شیعری کوردیدا، (گۆران) شوێنی چێژ دەکەوێ بەوەی گۆڕانکاری لە کێش و سەروادا دەکا، دواجار (گۆران) سەرەڕای گەڕانی بەدوای چێژدا، بۆ خۆشی دەبێتە وەسیلەیەک بۆ چێژ وەرگرتن، بێ سۆ چێژ وەرگرتنیش لە (گۆران)، چێژ وەرگرتنە لە تێکستە شیعرییە

نوێخوازەکانی نەک لە (گۆران)ێک کە یەکسانە بە (خوێن + گۆشت + ئێسقان)، قسەی ئێمە لەسەر (گۆران)ێکە کەیەکسانە بە (تێکست).

گۆشەنیگای دووەم:

(ئەبیکۆر) چێژ پۆلێن دەکا بۆ:

- چێژە سروشتییە پێویستەکان
- چێژە سروشتییە ناپێویستەکان
- چێژە ناسروشتی و ناپێویستەکان.

لە لێکۆڵینەوەکەشماندا چێژ کە ئەم جارە چێژێکی ئەدەبی و شیعرییە و بە شیعر خۆیەوە بەستراوەتەوە، بۆ چوار جۆر لە چێژ پۆلێن دەکرێ، هەر جۆرێکی چێژیش تایبەتە بە قۆناغێک.

واتە:

چێژ لە قۆناغی یەکەمدا (١٩٣٢- ١٩٦٨) کە دەکرێ بە قۆناغی (گۆران) ناوزەدی بکەین، جۆرێکە و لە قۆناغی دووەمدا (١٩٦٩- ١٩٨٣) کە دەکرێ بە قۆناغی گرووپی (ڕوانگە و کەفری) و (عەبدوڵڵا پەشێو) ناوزەدی بکەین، جۆرێکی تر، جۆری چێژەکانیش بە جۆری دەقەکانەوە بەستراونەتەوە.

چێژ لە قۆناغی سێیەمدا (١٩٨٤-٢٠٠٠) کە (شاعیرانی پێشڕەو) لە هەولێر لە دیارترینەکانن، جیایە لە قۆناغی کۆتایی کە ساڵی (٢٠٠١) تا ئێستا دەگرێتەوە.

جیاوازی پۆلێن کردنی چێژی ئەدەبی (چێژی لێکۆڵینەوەکەمان) و چێژی فەلسەفی (چێژی ئەبیکۆر) لە دوو خاڵدایە:

- چێژی فەلسەفی بە پۆلێن کردنێکی سەربەخۆ پۆلێن دەکرێ، وەک ئەوەی (ئەبیکۆر) بۆ سێ لق دابەشی کردووە، چێژی ئەدەبی بە پۆلێنکردنێکی پەیوەست و بەستراوە پۆلێن دەکرێ (بەستنەوە بە قۆناغەکان)...
- دەکرێ چێژی فەلسەفی بە دیاریکراوی لەسەر کاغەز بنووسرێتەوە، وەلێ چێژی ئەدەبی چێژێکە لە تێکست جیاناکرێتەوە و دەبێت لەنێو تێکستەکاندا بەدوایدا بگەڕێین.

گۆشەنیگای سێیەم:

لای (ئەبیکۆر) چێژی ڕاستەقینە ئەو چێژەیە کە بۆ مودەتێکی زۆر بەردەوام بێت و ترس و بیمی تێدا نەبێت و ئارامی ڕوحی تێدابێت و لە ئازار دوور بێت.

لە لێکۆڵینەوەکەشماندا (د. سەروەر عەبدوڵڵا)، (ئەبیکۆر) ئاسا ڕەفتار دەکا، ئەوەتا پێگەیەکی بەهێزی داوەتە (وریا مەزهەر) بەهۆی ئەو چێژە بەردەوامەی (وریا) تا ئێستاش و دوای مردنیشی پێمان دەبەخشێ، یان ئەو چێژە بەردەوامەی (گۆران) تا ئێستا پێمان دەبەخشێ، سەرەڕای گۆڕانی ئەدەبیات و فۆرمەکانی نووسینی شیعر.

٢- ئاکاری سۆز:

بۆ قسەکردن لەسەر (ئاکاری سۆز)، (بیرگسۆن)ی بیرمەندی فەڕەنسی دەکەمە نموونە، چونکە:

١- (بیرگسۆن) بۆچوونێکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ چێژ، ئەو پێی وایە کە دیرۆکی مرۆڤایەتی دەرکەوتنی کۆمەڵە کەسێکی تایبەتی بەخۆوە بینیوە لە وێنەی پاڵەوانەکان کە سۆزیان جۆشی خواردووە، لە بانگهێشت بۆ ئەخلاقی تازە و بەهاگەلی ئەخلاقی تازە، گوزارشتی لە خودی خۆی کردووە.

٢- (بیرگسۆن) پێغەمبەرەکان و (سوقرات)یش بە پاڵەوان دادەنێت کە ئەوان ئەگەرچی مردووشن، بەڵام بازنە تێکدەشکێنن (ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو چێژە بەردەوامە ئەدەبییەی لە سەرەوە باسمان کرد و (وریا مەزهەر) و (گۆران)یشمان کردن بە نموونە.

لە لێکۆڵینەوەکەی د. سەروەر عەبدوڵڵادا، چێژ چێژێکی دەستەجەمعی نییە و بە دەرکەوتە تازەکانەوە بەستراوەتەوە و چەند شاعیرێکی دیاریکراو کە دواجار بە بەراورد لەگەڵ شاعیرانی تری سەردەمی خۆیان وەک پاڵەوان دەردەکەون.

بۆ نموونە:

لە سەردەمی (گۆران) و (شێخ نووری شێخ سالح) و (کامەران موکری)دا، دەیان و سەدان شاعیر هەبوونە بوونە بە کەفی سەر دەریا.

ئەگەر دوورتر بڕۆین:

لە سەردەمی (نالی) و (سالم) و (کوردی)دا، دەیان شاعیر هەبوونە کەس ناویان نابا و پەراوێز خراون لە لایەن خودی شیعرەوە، ئەوەی ماوەتەوە ئەو سێکوچکەیەی شیعرە کە بەردەوام باس دەکرێ...

ئیتر ئەو دیدە بۆ هەموو قۆناغ و سەردەمێکی شیعر ڕاستە، تەنانەت بۆ ڕۆژئاواش.

لە فەڕەنسا ئەوەندەی باس لە (ڕامبۆ) و (بۆدلێر) و (تی ئیس

ئیلیەت) دەکرێ، باسی ئەو دەیان و سەدان شاعیرە ناکرێ کە لەسەردەمی ئەواندا شیعریان نووسیوە.

لە ئێـــــران ئەوەندەی باسی (سوهراب) و (فرووغ) و (شاملۆ) دەکرێ، باسی شاعیرۆکەکانی تر ناکرێت.

(هەڵبـــەت من ئەو چەند ناوەم تەنیا وەک نموونە هێناوەتەوە، ئەگینا شـــاعـــیـــری باشی تریشـــمـــان لە سەردەمی ئەو شاعیرانەدا هەن).

٣- ئاکاری ژیری:

ئەو کـــاتەی لە لێکۆڵینەوەکـــەدا (عـــەبدولڕەحیم هەکـــاری) دەکرێتـــە سەردەستەی یەکێک لە قۆناغەکانی شیعری سەدەی بیستەم، ڕاستەوخۆ پاساوێکی عەقڵانی بۆ دەهێنرێتەوە ئەویش ئەوەیە کە:

(عەبدولڕەحیم هەکاری لە بنیادی کۆنی زمانەوانی دەرچووە)

بوونی پاســـاوێکی عـــەقـــڵانی ئامـــاژەیە بۆ بوونی عـــەقـــڵێک کـــە عـــەقڵی (د. سەروەر عـــەبدوڵڵا)یە، ئەو عـــەقـــڵەش دەبێتـــە ســـەرچاوەی کـــرداری ئاکـــاری، ئەمـــەش هەمـــان ڕوانگەی (ئاکاری عەقڵانییە).

بەگـــوێرەی ئەو ئاکـــارە، مـــرۆڤ کـــائینێکی ژیرە، عـــەقـــڵیش تاکـــە هۆکـــاری تێگەیشتن و زانین نـــیـــیـــە، بەڵکو بنەمای فەزیلەتیشە و ئەگەر بارودۆخ بە ئاقـــارێکی جـــیـــا لەوەی مـــرۆڤ دەیەوێ، بڕوا، ئەوە دەکـــرێ مرۆ ویستی خۆی بەهۆی مەعریفەی عەقڵییەوە بگونجێنێ.

(زینۆن ئەلاکتیومی)ی فەیلەسوفی یۆنانی دامـەزرێنەری (قـوتابخـانەی ڕیواقـییـەت)، دەکەینە نموونەیەک بۆ ئەم پۆلە ڕێبازە ئاکارییە، چونکە:

(زینۆن) و ڕیـواقـــیـــیـــەکـــانی شـوێنکەوتووی، لەســەر بنەمـــایەک کۆک بوون:

(عەقڵ ڕێکخەرە)...

لێرەوە خاڵێک دادەنێم لە بەرانبەر (ئاکاری عەقڵانیدا) و چیتر تێیدا قـــووڵ نابینەوە، چونکە لە بازنەی بابەتەکە دەردەچین و خودا دەکرێتە باس و ئەوەی ئاکار بریتـــیـــیـــە لەوەی مرۆڤ لە تەبابووندا لەگەڵ سروشتدا بژی و دەکرێ تەبایی هەبێت لەنێوان ئەوەی عـــەقـــڵی مـــرۆڤ دەیەوێ و ئەوەی خودا بڕیاری داوە لە مـــیـــانەی مومارەسەی فەزیلەی عەقڵییەوە کە لە زاڵبـــوون بەســـەر نەفس و پاک کـــردنەوەی ڕوح و...تـاد، خـــۆی دەنوێنێت.

ئەنجامەکان:

١- ئەم لێکۆڵینەوەیەی (دکـتـۆر سەروەر عـەبدوڵڵا) هەڵگری هێزی دانپیانانی ئەدەبییە ...

٢- بەسـەنتـەرکـردنی عـاتـیـفـە نامانگەیەنێتە حەقیقەتی ئەدەبی، بەڵکو ئەو حەقیقەتانەشی هەن کاڵ دەبنەوە.

٣- چێژ و گـەمـە چێژبەخشـەکـان دەکرێ بۆ نێو هەموو ژانرێکی ئەدەبی بە (لێکۆڵینەوە)شەوە بگوازرێنەوە.

٤- ئاکـــاری ئەدیب لە ئاکـــاری مرۆڤەکان بەگشتی جیایە، واتە ئەو کاتەی قسە لەسەر ئەدیب دەکرێ لە بـــازنـــەی ئـــەدەبـــدا، دەبـێ ڕەچـاوی (چێژی ئەدیببوون)ـەکەی بکرێ.

٥- ئەو لێکۆڵینەوەیە کـردنەوەی دەرگـــایەکی جـــیـــاوازی جـــۆری لێکـۆڵینەوەیە و داخـــســـتنی پـەنجـــەرەیـەکی تـەقـلـیـــدی لێکۆڵینەوەیە..

سەرچاوەکان:

١- حركة الحداثة في الشعر الكردي/ د. سرور عبدالله/ من مطبوعات: مركز چاودير / ٢٠١٢.

2- Mi mostra lo spor-etello dei telegrammi , ra-chele formica, Italia,1994.

3- voglio vedere il dis-tributore della posta , Mar-ko di maio, Italia , 1975

4- La ringrazio di tutto il cuore , Mirea corto, Italia , 2000.

٥- ادبیـــات و اندیشـــه، مـــصطفی رحیمی، نشر: کتاب به زمان.

٦- مـــاهیـــة الفلسـفـــة، جـیـل دولوز، فلیکس غیـتاری، ترجمة: مطاع صفدي وفريق مركز الانماء القومي.

ئەم کـتـێـبـە ئیـتـالـیـیـە زۆر گـرنگە بۆ دیاریکردنی چێژ و جـۆرەکانی و پێـوەندی (ئەبیکتۆر) بە چێژەوە:

(Lo pren do questo/ ra-chele formica / Italia/1991)

ئەم کـتـێـبـەش باشـتـر حالـیـمان دەکـا لە زمـــان و ئەو فـــەزایانەی زمـــان کـــالـیـــان دەکاتەوە و دروستیان دەکاتەوە:

(posso pre n ta re/ An-tonino torre / Italia/1992)

بە بۆنەی داگیرساندنی مۆمی حەڤدە ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

ڕامان لە ڕامانەکانی کولتووریی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

ئازاد کەریمی

بە بیرم دێ لە ژووری کارەکەم لە نووسینگەی یەکەمین فیستیڤاڵی شانۆگەری کوردی سەقز لە ئەیلوولی ١٩٩٩دا سەرقاڵی ئامادەکردنی بڵاڤۆکی ناوخۆی میهرەجانەکە بووم، دوو گەنج هاتنە ژوورەوە و پاش ناساندنی خۆیان، چەند کتێبی کوردی و چەند ژمارەیەک گۆڤاری «ڕامان»یان دایە دەستم و گوتیان پێمان خۆشە وەک بەرپرسی بەشی کوردی بڵاڤۆکەکەی ئەم میهرەجانە شانۆبیە، چاوت بەم کتێب و گۆڤارانە بکەوێت و کەڵکیان لێ وەربگریت. زۆر پێی شاد و خەنی بووم، بەتایبەتی دیزاینی بەرگ و ناوەرۆکی ڕامان سەرنجی ڕاکێشام، هەروەها کاغەزی بەکارهاتووی ڕامان لەگەڵ ئەو کتێب و گۆڤارانەی وا پێشتر لە سالانی هەشتادا بینیبوومن جیاوازی زۆریان هەبوو، بۆ وێنە «لاوک و پەیام»ی ڕەوانشاد مامۆستا گۆران کە بەرگێکی ناسک و لاپەڕەکانیشی کاغەزێکی زەرد و پەڕە مێشی و بابردەڵە بوون، هەرچەندە ناوی گۆران و هەڵبەستەکانی بە قورسایی چەرخی گەردوونە!.. دیارە ڕامان بەرهەمی پاش ڕاپەڕینی باشووری کوردستان بوو، کورد لەم بەشەی وڵاتەکەماندا بە ئازادی دەژیا و بارودۆخ گۆڕابوو، جیهانی ئازاد بە چاوێکی تردە سەیری کوردستان و کوردی دەکرد، بە پێچەوانەی حەفتاکانەوە کە بە کۆشش و لێبووردەیی نووسەران و شاعیران و ڕووناکبیرانی کورد لە بەغدا، یان سلێمانی، یان هەولێر و دهۆک بە ئەوپەڕی نەدارایی، هەروەها لەژێر چاودێری و سانسۆری فاشیزمی بەعسدا بەرهەمە وێژەییەکان چاپ و بڵاو دەکرانەوە، هەرچەندە بێ من ئەو ڕۆژە ڕۆژم بوو. بیرم لە کارەکەم بڕاو بە بزەو شادمانییەوە لاپەڕەکانم لادەدا و چاوم بە گۆڤارەکەدا دەخشاند، من بەهۆی ئەوەوە کە لە شوێنی دووری ڕۆژهەڵات ژیابووم، ئاگام لە وەرچەرخانە ئەدەبییەکانی هەرێمی کوردستان نەبوو وەک ڕامان کە هەتا ئەو ڕۆژە کە بینیم سێ ساڵ بوو درێژەی بە ژیانی پڕ پیتی خۆی دەدا.. باش بەبیرم دێ خانمێکی تارانی هاتوچۆی لای ئێمەی دەکرد، لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا، زۆر پرسیاری جوانی سەبارەت بە کوردستان لێ دەکردم، بە هەڵکەوت هات بۆ ژووری کارەکەم و من گۆڤارەکانم پێ نیشان داو گوتم لە کوێوە هاتوون؟ بینیم زۆر خۆشحاڵ بوو، هەروەها پێی سەیر بوو، هەستم کرد ڕوانینی هەندێ گۆڕا... لەبەر ئەوەی شتێک، یان بەرهەمێکی زیندووی بەچاوی خۆی بینی، هەرچەندە منی بە درۆزن نەزانیبوو، بەڵام چارەنووس لەولای لابەلاوە بەڵگەنامەی بۆ پشت ڕاستکردنەوەی وەڵامەکانم هێنایە کایەوە..

ڕامان هەم لە قەبارە و فۆرمدا و هەم لە ناوەرۆکدا تازە و مۆدێرن بوو.. بە ڕاستی لە ئاستێکی وا بەرزدابوو کە لە بەرانبەر هەر ڕەخنەیەکی ڕەخنەگرانەدا بەرگری لێ بکەی... دواتر بینیم زۆر کەس لەو کەسانەی کە خەریکی کاری ئەدەبین، ڕامان دەناسن و بایەخی تایبەتی بۆ دادەنێن. ڕامان وەک «سروە» کە لە ورمێ ساڵانێکی زۆر بوو بڵاو دەکرایەوە، کەوتبووە ناو کتێبخانەکانی خوێنەری بابەتە کوردییەکانەوە. هێمای کولتووریکی

شارییانەی کوردی بوو، دیارە سروە خزمەتێکی شایانی بە وێژە و کەلەپووری کورد لە ڕۆژهەلاتی نیشتمانەکەمان کردبوو، بەڵام ڕامان لە دایک بووی بارودۆخێکی جیاواز بوو، مـۆدێرن بوو.. ئەمـڕۆ ژیانە بوو... بابەتەکـانی لێکۆڵینەوە بوون لە نەریتە سەردەمییەکان... سروە خەریکی پاراستنی نەریتە کلاسیکەکان بوو، سروە وەک فەرهەنگۆک، یان قاموسێکی کەلەپووری خزمەتی خۆی بەجێ دەهێنا و خـۆشـەویست بوو، بەڵام ڕامـان قاموسێکی ڕۆشنبیرانەی سەردەم بوو کە باسی ئێستای دەکـرد، بواری بە گـەنجـەکـان دابوو بێنە پێـشـەوە... دەرکـەون... ئامـانجی من لە هێنانی ناوی سروە تەنیا ڕوون کـردنەوەی چۆنیـەتی بینین لە ڕەهەندێکی نوێ بەناوی ڕامان بوو کە لە هەولێری ئازادی پاش ١٩٩١دا بڵاو دەکرایەوە. ڕامان لە دوای گڕوکفەکانی سالانێکی دوورودرێژی شەڕ لە باشووری کوردستان لەدایک ببوو. کـوردسـتـان لە چەند سالانێکی گـرانی و قـاتوقـڕی و ئابلـوقـەی ئابووریدا تازە خـەریک بوو دەردەچوو، ئەم گۆڤارەش دەیویست لە پاش نیشتنەوەی تەپوتۆزی شەڕ و ڕەو و برسیەتی و ئابلـوقە خۆی بناسێنێت تاکو خەڵک خۆیان و یەکتری بناسن و سەرکەوتوو بوو، لەبەر ئەوەی خۆی ناساند، بەڕای من هەر کەس، یان کەسایەتییەک بە باشی خۆی ناساند، پەیامەکە ئەوەیە خەڵکی فێر کردووە شتە باشەکان بناسن و ناسینەوەی شتی باش لە بیر و ڕامـان و تێگەیشـتنی سـاغ و ڕاست و ڕەواوە دێت... ئەگـەر بەوێ ئەرکی گـۆڤاری ڕامان پێناسە بکەم، هەر ئەوەندە دەڵێم توانی کەشوهەوایەکی تەندروست و هێمن بخـولقـێنێ تا کـەسـانی خاوەن بیـر لە ڕێگەی شـیـعـر و چیـرۆک و وتـارەکـانەوە بە ڕوانگەی سەردەمـیـانە باسی ڕووداوەکانی دەوری خۆیان بکەن، کە دیارە کەسانی زۆر بەهرەداری بە کـۆمەڵگەی کوردەواری ناساند، ئەوەش بە واتای سـەرکـەوتوویی دێ.. خـانمێکی شـاعـیـری زۆر بەناوبانگی فارسی لە شیـعـرێکیدا دەڵێ: سەرکەوتوو بووم! خـۆم تۆمار کرد... ئەم شیعـرە گـۆڤاری ڕامـانیش دەگـڕێتـەوە لەبەر ئەوەی ناوی خـۆی تۆمـار کـرد و سـەرکـەوتوو بوو، ڕاشکاوانە بڵـێم قـوتابخـانەیەکی ئامـادەیی بوو بۆ ئەو کـەسـانەی وا تازە هاتبـوون و دەیانویست بە جـددی کـاربکەن، ئینجـا کـە ناویان دەرچوو، بەهۆی بابەتە پوخت و تۆکـمـەکـانیـانـەوە سەهۆڵەکانی دیواری بەربەست توانەوە، ئینجا ڕێگەیان بۆ کرایەوە کە کتێب بڵاوبکەنەوە.

پاش سـالانێکی زۆر بیـسـتـمـەوە کـە کـاک ئەمین گەردیگلانی چیرۆکێکی منی لە نووسینگەی فیستیڤاڵی چیـرۆکی بانە بینیـوە و پێی باش بووە لە ڕامـاندا بڵاو بکرێتـەوە بەڕاستی نە ئەو منی بینیبـوو، نە منیش بە خزمەتی ئەو گەیشتبووم.

خـۆشـتـر ئەوە بوو بەڕێز کـاک ئازاد عـەبدولواحـیدیش قـەت ناوی منی نەبیـسـتـبـوو، ئەو چیـرۆکـە کـە دەگـاتە دەسـتی کـاک ئازاد عـەبدولواحید چاپی دەکات.. دیارە بەڕێزیان لە ڕەخنەگـرتنی ئەدەبیـدا زۆر هەسـتـیـار و سەختگرە و لە ڕووی کەس دانامێنێ... بەخـۆشـییـەوە کـاک ئازاد چیرۆکەکەی پێ باش بوو کە چاپ بکرێت.. چـاپ کـــــراو دواتـر بـەم ڕووداوەم زانـی و هـەروەک هەولێـرییـەکـان دەڵێن زۆر پێی خـــەنی بووم و سـوپاسگوزاری چارەنووسم کـە بابەتی من لە گـۆڤـاری ڕامـاندا بڵاو دەکـرێتـەوە. دیارە تەنیـا دوو بابەتم لە ڕامـاندا بڵاوبوونەتەوە، بەڵام بە مـافی خـۆمی دەزانم سەبارەت بە ڕامان بنووسم، لەبەر ئەوەی تەنیا گۆڤارێکی باشووری کوردستانە کە بابەتم تێیدا بڵاوکردووەتەوە و وەک مالێ من وایە، ئەگەرچی چوار پێنج کتێبی ئەدەبیم بڵاوکـردووەتەوە، بەڵام ڕامـان ئەزمـوونیکی قـورسی لەژیانی وێژەیی مندا هەیە کە بەڕاستی بەبێ گلەیی ئەم شتە دەڵێم کاک ئازاد عەبدولواحید ئەوەندە هەستیار و وردبینە لە کـارەکـەی خـۆیدا کـە مـرۆڤ تووشی ترس و ڕاڕایی دەکات، بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە بە تەمبەڵی شت دەنووسن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو وردبینییە پیرۆزە و باخـەوان هەتا لقـوپۆپی زیادەی درەخت بکات، بەهرە و بەری دارەکـە جـوانتـر و ڕەسـەنتـر دەبێت. لە کـۆتاییـدا دووبارەی دەکەمەوە گۆڤاری ڕامان ناوبانگێکی جوان و ناوازەی بۆ خـۆی دروست کردووە، کـەسـانی نەناسراو لە دالانی ڕامـانـەوە چوونە حـەوشـەی وێژەی سـەردەمی کوردییەوە و توانیویانە بەرهەمی خۆیان پێشکەش بکەن، هەروەک گـفـتـێکی کـوردی هەیە: باخـمـان بە بەرە... نەوەکـانی داهاتوو پێـدەگـەن و ئەوانیش دێنە ناو بەرەی وێژە و کولتووری کوردییەوە، هیوادارم ڕامان تەمەن درێژ بێت و دەیان ڕامـانی تر بێن بە دالانێک بۆ چوونە ناو باخچەی کولتوور و وێژەی کوردییەوە.

* ماوەی چەندین ساڵە لەم لاو ئەولای بەشە کوردییەکان و ئەکادیمیای کوردی گەلێ تۆێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسی و کولتووری ئەنجام دراوە و بڵاویش کراونەتەوە بەنیازی بەرزبوونەوەی پلەی زانستی مامۆستایان وەک بوون بە [پرۆفیسۆری یاریدەر، یان بوونە پرۆفیسۆر...) ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە زۆربەی زۆری ئەو بەناو لێکۆڵینەوانە هیچ مەرجێکی ئەکادیمی بوون لەخۆ ناگرن، بەڵکو لە وتارێک دەچن کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو کرابنەوە، ئامانجی ئەم مامۆستایانەش هێندەی بەرزبوونەوەی پلەی زانستی و مووچە زیادکردنە، هێندە ناساندن و گەشەسەندنی ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسی نییە.

* جێگەی داخە زۆربەی مامۆستایان ناخوێنەوە، هەندێکیان پاش نیوەڕۆان سەرقاڵی کاری حزبین و زۆرێکیشیان لە ڕێگەی وانە وتنەوەی (زیادە) خەریکی پارە کۆکردنەوەن... ئەوەتا مامۆستای وا هەیە لە بەیانییەوە تا دوای نیوەڕۆ وانە دەڵێتەوە، پاشانیش لە بەشەکانی کۆلێژی (ئێواران)یش هەر وانە دەڵێنەوە، یان مامۆستای وا هەیە لە زانکۆکانی ناو هەرێم هاتوچۆ دەکەن و وانە دەڵێنەوە. نازانم ئەم جۆرە مامۆستایانە کەی دەخوێننەوە؟ چی دەخوێننەوە و بەرهەمیان چییە؟ کامەیە کۆڕ و سیمیناریان؟ چۆن ئاگاداری ڕەوشی ئەدەبی و ڕۆشنبیری دەبن.

* ئەوەی تێبینی دەکرێت زۆرێک لەو مامۆستایانەی قۆناغی ماستەر تەواو دەکەن، یەکسەر هەوڵی قۆناغی خوێندنی دکتۆرا دەدەن، کە ئەمە پێشتر وا باو بوو دەبوایە دوای چەند ساڵێک و پاش خوێندنەوە و شارەزایی لە پسپۆڕیی وردی خۆی، ئینجا لەو قۆناغە وەربگیرایە.. ئەوەی سەرنج بدات، نەوەی ئەمڕۆ نەوەی دوێنێ نییە، دوێنێ ئەدیبان و نووسەران و مامۆستایان خۆیان زۆر ماندوو دەکرد، بەهەست بە لێپرسینەوە و بەدواداچوونی پێشکەوتنەکانی ئەدەب و ژانرەکانی، ماندووبوونێکی زۆر بە بەرهەمەکانیانەوە دیار بوو، ئەوەتا بەرهەمی نووسەران و ئەدیبانی دوێنییە، بوونەتە سەرچاوەی بنەڕەتی و تۆێژینەوەی زۆرێک لە نامەی ماستەر و دکتۆرا.. چی بەو قوتابی و دکتۆراو مامۆستایانە دەڵێیت کە تۆێژینەوەیان لەسەر دیوانی (نووری شێخ سالح) کردووە و دەبینی زۆربەی بۆچوونەکان و سەرچاوەی بنەڕەتییان (دیوانی شێخ نووری)یە کە ئازاد عەبدولواحیدی ئەدیب و نووسەر نووسیویەتی و ئەم تەنیا بە جووینەوەی ڕاوبۆچوونی ئەو سەرچاوەیە قەناعەتی کردووە، بێ ئەوەی سەرپەرشتیار ئاگاداری ئەمە بێ.. چی بە مامۆستایەکی زانکۆ دەڵێیت (بابەتی دەرچوون) کە لەدوایین قۆناغدا قوتابیان دەینووسن، ئەو مامۆستایە (بابەتەکەی) وەرگرتووە و بۆتە بەشێک لە نامەکەی، یان ماوەیەک لەمەوبەر تاووتوی نامەی ماستەری قوتابییەک کرا، مامۆستای ئەندامی لیژنە شیعرەکەی گۆران (قژکاڵی لێو ئاڵی) لێ ببووە (قرژاڵی لێو ئاڵی...) و قوتابییەکە بۆی ڕاست کردبۆوە.

* بە نیازی هەڵسەنگاندن ئێستا تۆێژینەوەی وامان بۆ دێت زۆربەیان لە کتێبەکانی پێش خۆیان، یان لە ئینتەرنێت وەرگیراون، تۆێژینەوەیەکم بۆ هات (٢٤٠) سەرچاوە بوو، (١٨٠) سەرچاوەی لە ئینتەرنێت دەرهێنرابوو.. دوو سەرچاوەشی هەر لە دووتوێی باسەکەی ناو ئینتەرنێت و دوو گۆڤاری کوردی، یەکی سێ دێڕ وەرگیرابوون، ئەمانە پاشاگەردانی نەبن دەبێ چی بن، کە ڕەخنە لە نامەیەکی ئەکادیمی، یان لە تۆێژینەوەیەک دەگریت، مامۆستای خاوەن بابەت پێی بزانێ دەکەوێتە ململانێ و خانەی فەرامۆش کردنەوە.. هیچ بەشێک بەدواداچوون ناکات، مامۆستای بەشەکان بەپێی ڕێکەوتن مامۆستای لیژنە هەڵدەبژێرن و بەشیش پەسەندی دەکات، هەربۆیە جارێکی تر دەڵێم پاشاگەردانییە.. پاشاگەردانی.

پاشاگەردانی...

د. شوکریە ڕەسوڵ